

# باخچەی
# هۆنراوەکانم

## لەدیدی هاوڕێیانەوە

## کامیل ژیر

دیزایینی بەرگو ناوەوە: ئارا ژیر
چاپی ئەلەکترۆنی: ٢٠٢٠

# ناوەرۆک


وشەیەکی پێویست ........................................................ 1
توێژینەوەیەکی وێژەیی سەبارەت هۆنراوە.................................. 2
بەشی دوەمی توێژینەوەکەمان سەبارەت هۆنراوە ..................... 19
چەن وشەیەکی رەوانشاد د.جەمال نەبەز بۆ دیوانی کوردایەتیی ...... 35
کوردایەتی................................................................. 51
سامانێکی کوتوپڕ ....................................................... 60
ئیتر ناچم بۆمزگەوت.......................................................... 62
دائشرەفتار................................................................. 63
پیتگەلی نامۆ ............................................................... 65
جمەیدێ لەدز ............................................................... 69
دیلان ........................................................................ 72
شیفا ......................................................................... 79
بۆپێکەنین................................................................... 82
سێ خانمی بێتاوان!!......................................................... 88
گۆنای ئاگرو ئاگرو روخساری بەفر............................................. 89
کراسێکو لاگیرەیەک.......................................................... 91
کۆچ ......................................................................... 94
لاوێتی...................................................................... 96
ئفرین ...................................................................... 98
زێڕی دەگمەن .............................................................. 104
خورپە....................................................................... 106
دەسی چارێ ................................................................ 108
خەو......................................................................... 112
خاڵۆی خاڵ................................................................. 115
جاشبەلاش!................................................................. 123
نازی خۆشەویست .......................................................... 127
خۆری کوردستان........................................................... 132
خۆشترین ماچ.............................................................. 137
قارەمان ................................................................... 147
ئەوینی زێڕو جوانێکی هەژار.................................................. 157
شاکارێکی سروشت ......................................................... 159
دوڕو یاقوت................................................................. 162
ئەگەڕێمەوە بۆناو مەردستان.................................................. 166

رۆژی هەستان ........ 169
ئاوی زیندەگی ........ 172
رو وەرمەگێڕە ........ 174
لەچکی دیلی ........ 178
کیژە کوردێکو شەکراوی سەربەخۆیی ........ 181
دو چەپکە گوڵ بۆسەر گڵکۆی باوکو دایکل ........ 187
کێن لەقەندیلن؟ ........ 194
جۆشی کورەی بۆچیە؟ ........ 199
بونو چونم ........ 201
ئۆپەرێتی نازە ........ 204
کەڵ و دەغەڵ ........ 216
گوندەکانو هەڵەبجەو راپەڕین ........ 219
نەورۆز ........ 229
هەمو رەسەنێ ........ 232
خۆزگە ........ 235
درەختی کوردایەتی ........ 238
سۆزێکی دەروێشی بۆپیری موغانم ........ 243
من خاوەنی پۆلێ یارم: ........ 245
ئۆڵۆمپیاتی خۆمان! ........ 261
پاڵەپەستۆ ........ 270
بیرێکی ئاڵۆز! ........ 271
رازی مەڕی شار بۆمەڕی کێوی ........ 274
چەپکێ گوڵ ........ 280
ڕازێکی کلاسیکیانە بۆجوانێکی سەردەم ........ 291
دو دەردەدڵ لەدورکەوتنەوەی دو ئازیزما ........ 293
بەهاری کوردستان ........ 297
هەمو رەسەنێ ........ 305
بۆ کچە کوردێ ........ 307
مەتەڵۆک ........ 311
پێنوسو ویژدان ........ 322
ئامۆژگارییەک بۆپێنوسە چەواشەکارەکان ........ 324
دۆزەخی ئەوین ........ 327
هەنجیر ........ 329
کوردستانی من ........ 331

شەشی ئەیلول، یا ئەولە سیسەی قارەمان.............................. 334
پەرچدانەوەی عبدالباری عطوان........................................ 343
جاشپێنوسو بلوێری مرۆڤایەتی ........................................ 347
خۆسوتاندن لەپێناوی ئەوینێکا! ....................................... 352
کوردو ئەردۆگانو ترەمپە شێت ٢٠١٩/١٠/١١................................ 355
ئاسۆی هیواو رازێکی بەپەلە!.......................................... 358
پێشبینیمان بۆئایندەی گورگەسورو گورگەبۆر ٢٠١٩/١٠/٢٥....... 361
چەک ..................................................................... 363
هەنێ راستی............................................................. 368
لەمەزادێکی ئاشکرادا :.................................................. 369
سۆزێ بۆ سێ هاوبیرمان:............................................... 370
ساڵیادی کۆچی دوایی پۆلێ هاوبیران.................................. 374
سۆزێ بۆ هیوا ......................................................... 379
مەیدە بەڕوما تاکی دەروازە.............................................. 385
داستانی ئەوینی کوردستان ............................................. 388
شانۆی ژیان............................................................... 396
دو ئاهەنگی جەژنی لەدایکبونم......................................... 399
بۆفریوی ئاشقان.......................................................... 415
لەبیرەوەرییەکانی ساڵانی دێرین ...................................... 421
شایی تەڕەماش ......................................................... 425
تاسەی گەبینی ........................................................... 433
بێبازاڕیو داشکانن ...................................................... 440
کێشەی کورد لەگۆشەنیگای یەزدانەوە.................................. 444
هەلی لەدەسچو.......................................................... 449
هەنگوینی تاڵ........................................................... 454
گورگانە شەوێ........................................................... 455
لەشاری شاران بۆگوڵی بابان............................................ 466
خڕەی تەلار ............................................................. 469
لایلایەی دایکی کۆرۆنا.................................................. 472
پایز: ...................................................................... 477
کڵاوسور: ................................................................. 481
دو ئەوین ................................................................. 485
بۆجوانێکی هەنگاری .................................................... 488
چەپکێ گوڵ لەئینجانەی دڵ............................................. 496

جوانی ........................................................ 496
هێزی ڕاکێشان ............................................ 496
کامیان؟ زمان یا لێو؟...................................... 497
بەڵێنو گەشبینی .......................................... 498
تەلیسمی چاو................................................ 498
نیگا ............................................................ 499
شۆڕشی پێکەنین .......................................... 500
ڕوخساری تۆراو ............................................ 501
کێ تاوانبارە!؟............................................... 501
بەستەی ئاشتبونەوە ....................................... 502
چەپکێ گوڵ، لەشوێنەوارەکانی چاوەڕوانی: ............................ 504
چرکەکانی چاوەڕوانی ..................................... 504
لەچاوەڕوانیا ................................................ 505
وەستان لەڕێگەی............................................ 506
ئەندێشەی چاوەڕوانی ..................................... 507
ژوانو چاوەڕوانی............................................ 509
دوا تیر ........................................................ 509
چەپکێ چڵ لەڕێگەی دڵ............................................ 512
دڵێکی شکاو ................................................ 512
چەن دڵێکی شکاو.......................................... 515
دەسی چارێ بۆدڵێکی شکاو!............................. 516
چەن دڵێکی شکان! ........................................ 517
ساڵیادی دڵێکی شکاو...................................... 517
ئەبێ وابێ دڵی پێشەنگ ................................... 519
چەپکێ گوڵ لەباخچەی سرودەکانم...................................... 521
سرودی لاوان ................................................ 521
سرودی سلێمانی ............................................ 523
سرودی ئاشتی................................................ 524
سرودی گەشمردان ......................................... 526
سرودی کوردایەتی.......................................... 526
سرودی بەرەو سەربەخۆیی................................ 528

# وشەیەکی پێویست

لەسەرەتای ساڵی ٢٠١٣ەوە، ناوبەناو، دەستمکرد بەبڵاوکردنەوەی هەڵبژاردەیەک لەهۆنراوەکانم لەفەیسبوک. روانیم پێشوازییەکی گەرمی لێئەکرێ. چ وەک سەرنجی بینەرانو چ وەک داواکارییان بۆبونە هاوڕێ بەجۆرێ کە ئێستا شانازی بەوەوەئەکەم ژمارەیان لەپێنج هەزار هاوڕێ نزیکبۆتەوە. ئەم پێشوازییە هانیدام لەساڵی ٢٠١٦ەوە، هەر هەفتەی جارێ هۆنراوەیەک بکەم بەدیاری بۆهاوڕێیانی خۆشەویستم.. ئەوەی زیاتریش هاندەرمبو بۆئەومەبەستە، باری سەرنجیانە بۆهۆنراوەکان، وەک پەسنکردن یا وەک رەخنە لەو هۆنراوانە. بۆیە لەم پەرتوکەدا بەپێویستمزانی هەمو ئەو هۆنراوانەو سەرنجەکانیش بڵاوبکەمەوە بۆئەوەی ببنە وانەیەک بۆخونچە تازەپشکوتوەکانی باخچەی هۆنراوە. هاوکات ئەوەشم بەپێویستزانی، توێژینەوەیەکم سەبارەت هۆنراوە، لێرەدا جێبکەمەوە بۆهەمان مەبەستو لەپێناوی بەرزڕاگرتنی ئاستی وێژەی نەتەوەکامانو هێشتنەوەی بەزینوێتی شانبەشانی وێژەی گەلانی پێشکەوتو. ئەو هۆنراوانەش کە پێش ساڵی ٢٠١٦ بڵاومکردبونەوە، جارێکیتر ئەیانخەمەوە بەر دیدی هاوڕێیانی خۆشەویستم بۆپیشاندانی باری سەرنجیان.

لێدوانەکانی هاوڕێیان، وەکخۆیان بەوێنەکانیانەوە، بڵاوئەکەمەوە. سوپاسیشم بۆئەو هاوڕێیانەی کە لێدوانەکانیان چەن وشەیەکی کورتی وەک: دەسخۆش، یا جوانە، یا بەدڵمەو.. هتد. داوای لێبوردنیان لێئەکەم لەبڵاونەکردنەوەیان بۆئەوەی ژمارەی لاپەڕەکانی ئەم پەرتوکە زۆرنەبێ. لەگەڵ رێزم.

# توێژینەوەیەکی وێژەیی سەبارەت هۆنراوە

دیارییە بۆهاوڕێیانی خۆشەویستمان بەتایبەتیو بۆهۆنیارانو هۆنراوەدۆستان بەگشتی، لەپێناوی بەرزڕاگرتنی ئاستی وێژەی نەتەوەکەمانو هێشتنەوەی بەزینوێتی شانبەشانی وێژەی گەلانی زیندو، وەک ئەرکێکی نەتەوەیی.

نەک هەر ئەمڕۆ، بەڵکو لەدێرزەمانەوە، هۆنراوە(شێعر) وەک هەر کارو هونەرێکی رەسەن، دەستوری خۆیهەیە. هۆنراوەی سەنگینی هۆنیارە بەهرەمەنەکان، ئەوانەن کە بەپێی دەستورو زانستی هۆنراوەنو نەمرنو پشتاوپشت بەسەر زمانەوەن. ئەوانیتر، هۆنراوەی هەڕەمەکی، مەرگیان لەگەڵ بونیانایە. زۆرن ئەوانەی بەهەڕەمەکی وشە ریزئەکەنو ناوی هۆنراوە، یا هۆنراوەی ئازادی لێئەنێن! ئەوانە، چاک وایە ناوێکیکە بۆنوسینەکانیان بۆبدۆزنەوە.

ئەم توێژینەوەیەم بەمەبەستی زیادبونی زانیارییە لەبارەی هۆنراوەوە، بەتایبەتی لەم بوارانەدا: هۆنراوەو: (کێش، سەروا، واتا، تەکنەلۆجیا).

بەڵگەنەویستە کە بازاڕی هۆنراوە لەم سەردەمەدا، روی لەنوشوستییە، هۆکاری ئەوەش ئەگەڕێتەوە بۆچەن خاڵێ. لەوانە:

1-پاڵەپەستۆی تەکنەلۆجیا- ئێستا هەرلەتەمەنی سێ ساڵییەوە، یارییە ئەلەکترۆنییەکان ئەخرێنە بەردەم منالْ. لەگەڵ گەورەبونیا: مۆبایل، ئایفۆن، ئایپاد، کۆمپیوتەر، تی ڤیو داهێنراوەکانیتر ئەبنە خولیای مرۆڤ لەمناڵییەوە تا پیری، بەجۆرێ کە کاتی نەمێنی بۆتوخمە وێژەییەکان، بەهۆنراوەشەوە. خۆ یارییەکانی تۆپێن، ملیاران خەڵک بەلای خۆیانا رائەکێشنو کاتیان ئەبەن.

2-باری ئابوریو فەنتازیاکان- کە تائەبێ سەختترو زیاترئەبن بەجۆرێ خەڵکی لەکۆششی دابینکردنیانانو نایانپەرژێتە سەر بابەتە وێژەییەکان.

3-خراپبونی جۆرێتیی هۆنراوە خۆی: بەرامبەر شاڵاوی ئەو دو هۆکارەی سەرەوە، ئەبو جۆرێتی هۆنراوە باشتربکرایە تا بیتوانیایە بەرەنگاری ئەو شاڵاوەببێتەوە، کەچی بەپێچەوانەوە، زوربەی جۆری هۆنراوەی ئەم سەردەمە، لەخراپەوە بەرەو خراپترئەچێ! وەک لەم بابەتانەی خوارەوەدا تیشکیان ئەخەینەسەر:

هۆنراوەو کێش (وزن)

یەکێ لەو هۆیانەی هۆنراوە بەرەو نوشوستی ئەبا، وازهێنانە لەکێش. کێش لەهۆنراوەدا ترازوە. بەهۆی ئەو ترازوەوە، هۆنراوە لەلەنگی رزگاریئەبێ. ئەشتوانین کێش بەدەستور ناوبنێین بۆهۆنراوە. بەبێ ئەو دەستورە، هۆنراوە ئەبێتە ئاژاوەو ئاوازی خۆشی تیانامێنێو ناساز دێتە گوێو لەجیاتی خۆشیو هەژاندن، گرژیو بێزاریمان تیا دروستئەکا!.

جۆرەکانی کێش لەهۆنراوەی کوردیا: کێشی پەنجە، بڕگە، ئەروز(عروض)ە. بەڵام ئەمڕۆ هەنێ لەوانەی هۆنراوە ئەنوسن، بەناوی گۆڕانکارییەوە، وازیان لەکێشهێناوە! کە لەڕاستیا ئەوە گۆڕانکاریو بۆپێشەوەچوننیە. وازهێنان لەکێشی هۆنراوە وەک وازهێنانە لە ترپە (ایقاع) لەمۆزیکا کە بەوە ئەبێتە مۆزیکێکی ناخۆشو ناساز دێتە بەرگوێ. هۆنراوەش هەروایە.

هەنێ ئەڵێن، کێشو سەروا، کۆتو زنجیرن بۆهۆنراوە! ئەگەر لابران، هۆنیار(شاعیر) ئازادئەبێو دەستی کراوەترئەبێو هۆنراوە زیاتر ئەڵێو هۆنراوە پێشترئەکەوێ!. کەچی ئێمە تائێستا هۆنراوەی کام هۆنیارەی ئەڵێن باڵادەستە لەهۆنراوەی بێکێشا، نەماندیوە کەبەپەرێزی هۆنراوەیەکی کێشداری ئەو هۆنیارە خۆی، یا هۆنیارێکیتری هاوشانی خۆیا بڕوا ئەگەر بەهرەمەندبن لەهۆنراوەدا.

کێشو سەروا (وەزنو قافیە) کۆتو زنجیرنین. دو پێویستین هۆنراوە خۆشو جوانئەکەن. بازنو پاوانەی زێڕن بۆ هۆنراوە. بەڵام ئایا کێشو سەرواش وەک هەر بوەیەکیتر لەگۆڕانکاری (تطور)دا نابن؟ بێگۆمان با. بەڵام گۆڕانکاری هەرگیز ئەوەنیە واز لەو دو رەگەزە رەسەنەی هۆنراوە بێنین. ئەگەر دەستورێ بۆ وڵات کۆنو خراپبو، چار ئەوەنیە واز لەدەستور بهێنرێو ئاژاوەو پاشاگەردانی بەرپاببێ! چار ئەوەیە ئەو دەستورە هەمواربکرێ یا بگۆڕرێ بەدەستورێکی باشتر. وازهێنان لەو دو رەگەزە، وەک وازهێنانی ئەندیازارە لەراستەو پەرگاڵو مەترەو ئامێری ئەلەکترۆنیو تەنیا بەهەڵسەنگاندنی چاو نەخشەبکێشێ! راستە ئەگەر هۆنیار وازی لەکێشو سەروا هێنا، ئەتوانێ هۆنراوەی زیاتربڵێ. بەڵام ئەوسا وەک ئەو بەنایەی لێدێ کە بەبێ تەنافو شاوڵو ترازو، لەجیاتی 2 مەتر دیوار، 4 مەتر هەڵئەسێنێ، بەڵام دیوارێکی لارو خواروخێچ!

کەواتە گرنگ چەندێتینیە، گرنگ چونێتییە. ئێمەش هۆنیاری ئەوتۆمان هەبوە، لەجیاتی دیوانێ، دە دوازدە دیوانی بێکێشو سەروای رەشکردۆتەوە، وەک شێرکۆ بێ کەس، بەڵام کە لەتەلەفیزیۆن دەرئەکەوت، ئەوانەی چێژ لەهۆنراوە وەرئەگرن، کەناڵی تەلەفیزیۆنەکەیان ئەگۆڕی!. مەبەستم ناوەرۆکی بابەتەکانینیە. مەبەستم نەبونی سازوئاوازە لەو هۆنراوانەیا کە کێشو سەروایان نەبو!.

یەکەم مەرجێ کە (کۆلڕچ 1771-1834) دایئەنێ بۆبڵیمەتیی ئەو کەسەی بەهۆنیارێتی لەدایکئەبێ، (هەستکردن بەخۆشیی مۆزیکی هۆنراوەکەیەتی[١] هەروەها مۆزیکی هۆنراوە بریتییە لەکێشو رێکخستنی دەنگەکانو مۆزیکی هۆنراوە ئەبێتە فراوانکردنی واتاکەی[٢]. رەخنەگرانیش گەیشتونەتە ئەوەی ئاوازو مۆزیک رۆڵێکی گەورەو کاریگەر ئەگێڕن بۆفراوانبونی واتای هۆنراوە[٣]).

ئەی گۆڕانکاریی کێش؟ ئەبێ دان بەوەدابنێین کە ئەوانەی وازیان لەکێش هێناوە، هەمویان لەبێدەسەڵاتییانەوە نیە لەکێشا. تیایانا هەبوە خەڵەتاوی

چەمکی گۆڕانکاری (تطور)ەکەیەو وائەزانێ گۆڕانکاری لەهۆنراوەدا وازهێنانە لەکێش! تیایشیانا هەیە، توشی گرێی ئەو دەستەواژەیەبون کە کێشو سەروا بەکۆتوزنجیر ناوئەبەن! هەشبو وەڕسبو لەو کێشە دەقگرتوانەی ساڵەهای ساڵبو هۆنراوەی لەسەرئەوترا. ئا لێرەدا پێویستیی گۆڕانکارییەکە دروستبو. ژمارەیە لەهۆنیارانی کورد وازیان لەکێشی ئەروز هێناو پەنایان بۆکێشی بڕگەبرد. ئەم کێشەش بەشێوە ساکارەکەیەوە نەوەستا، ئەوەبو سەرەتا هۆنراوەکانی شێوەزاری هەورامانو هۆنراوەکانی یەکەم قۆناغی گواستنەوە لەئەروزەوە بۆبڕگە، سەرتاسەری هۆنراوەکە لەسەر یەک کێشی بڕگە ئەهاتەخوارێ. واتا ئەگەر کێشی دێڕی یەکەم دە بڕگەییبوایە، هەمو هۆنراوەکە بە دە بڕگەیی ئەهاتەخوارێ وەک هۆنراوەکانی مەولەوی. دوایی وایلێهات کە دروستە کێشی دێڕێ بۆنمونە 4 بڕگەبێ، دێڕەکەی دوای ئەو چەندجارەی 4 بڕگەبێ وەک:

| | |
|---|---|
| من هەمیشە | 4 بڕگە |
| وەکو لێمبوبێتە پیشە | 8 بڕگە |
| لەناو کاتا، لەناو شوێنا | 8 بڕگە |
| نەتەوەکەم | 4 بڕگە |
| رەچاو ئەکەم؛ | 4 بڕگە |

نمونەیەکیتر:

| | |
|---|---|
| ئێستا ئەوان، بەهەرجا، بێگانەن | 11 بڕگە |
| ئەمانەی خۆمان کە مشتۆی هەمانەن | 11 بڕگە |
| بەڵێ مەڕە لاتەکان | 7بڕگە |
| لێناگەڕێن، رێنمان [5] | 7بڕگە |

5

ئیتر بەوجۆرە ئەگونجێ هەر دو دێڕەو لەسەر کێشێبێ. ئنجا ئەوە من نەک هەر لەکێشی بڕگەدا کردومە، بەڵکو لەکێشی ئەروزیشا ئەو گۆڕانکارییەم کردوە. لەهۆنراوەی نیگای دیلا، بۆنمونە وتومە:

لەشەرمی ئەفسونی لێوی پڕو پڕخوێنو پاراوی

لەترسی ونبونی کێوی دڵی نامۆ لەدو چاوی

ب-ب-        -ب-ب    ب ب - -   ب - - -

مەفاعلون    فاعیلاتو  فەعەلاتون  مەفاعیلون

نیگای دیلی  پەشۆکاو

لەسەر هێڵی قژی خاو

ب - - ب        ب--

مفاعیلو        فەعولان

لەبەرزەوە  راما خزا بۆڕانی

بەلەرزەوە  داما رژا  دۆڕانی[6]

ب – ب ب     - - ب -       - - -

مەفاعلە      موستەفعلن   مەفعولن

ئەم دەرچونو خۆڕزگارکردنانە لەکێشە دەقگرتوە کۆنەکان، یا بڵێین ئەم تازەکارییانە لەکێشا، مەیدانێکی فراوان بۆهۆنیار دروستئەکا کەبەئارەزوی خۆی یاریو ئاڵوگۆڕ بەکێشەکان بکا بەبێ ئەوەی مۆزیکی هۆنراوەکە تێکبچێ. ئەمەش ئەبێتە هۆی ئەوەی هۆنیار دانەمێنێ بۆ واتا لەپێناوی کێشا. ئیتر دوای ئەمانە ئەگەر هۆنیارێ هەر دەسەڵاتی بەسەر

هۆنراوەی کێشدارا نەبێ، ئەوا با واز لەهۆنراوە بێنێو روبکاتە بوارێکیتر کە لەگەڵ تواناو بەهرەیا بگونجێ. چونکە ئەو کەسە بەهرەی هۆنراوەی نییە.

هەنێ ئەڵێن ئێمە هەرچەن هۆنراوەکانمان کێشی تیانییە، بەڵام ترپە (ایقاع)ی تیایە! هەشە وشەی کێشو وشەی ترپە وەک دو وشەی هاو واتا بەکارناهێنێ، کە لەڕاستیا کێشو ترپە، هەر یەک ئەنجام ئەدەن لەهۆنراوەدا. کێش زاراوەیەکی هۆنراوانەیە، ترپە زاراوەیەکی مۆزیکانەیە.

فارابی (874-950ز) لە پەرتوکی مۆزیکی گەورەدا، ژمارەیەکی زۆر زاراوەی ئەروزی بەکارئەهێنێ بۆپێناسەی جۆرەها ترپەی مۆزیکی سەردەمی خۆی.

خەلیلی فەراهیدی718-786 زانستی ئەروزی لەسەر ترپە داناوە. کاتێ بەبازاڕی مزگەرەکانا هاتوچۆی ئەکرد، گوێی لە چەکوشکاریی مزگەرەکانبو بەرێکوپێکیو لەسەر ترپەیەکی یەکسان: (تەتە تم، تەتە تم، تەتە تم) ئەوێش لەبەرخۆیەوە بەهەمان ترپە ئەیوتەوە: (فەعەلەن، فەعەلەن، فەعەلەن) ئنجا زەردەخەنەیە گرتیو وتی کەواتە وشەی (فەعەلە) ئەگونجێ ببێتە بنچینەی هەمو ئاوازەکانی هۆنراوەو لەسەر ئەم بنەمایە کێشەکانی هۆنراوەی داناو هەر ئاوازیکی بەدەریایەک دانا [٧]

خەلیلی فەراهیدی (تەتەتم)ی گۆڕی بۆ (فەعەلەن) بۆئەوەی یارمەتیی قوتابیانبدا کە لەترپە بگەن. هەروەها زانای فەرەنسی (ئیم پاری) دەستورێکی وەک ئەوەی خەلیلی دانا لەبابەت گۆڕینی ترپەی مۆزیکەوە بۆبڕگەدەنگی زمان. خەلیل هەنگاوەکانی لەسەر فەعەلە پیشاندا، باری فەرەنسی (یەکە)ی دەنگەکانی بە (تا-پا-تا-تی) پیشاندا. بەوجۆرە ئەتوانرێ هەر نۆتەیەکی مۆزیکی بگۆڕری بۆدەنگیی زمان لەناو ئەو یەکەیەدا. بەوپێیە، بۆنمونە نۆتەکە بەپێی ڕێبازەکەی باری ئەبێ بە (Taa – tii) و

نۆتەیەکیتر  ئەبێ بە (Ta – pa – tii) و نۆتەیەکیش ئەبێ بە ( Ta- ti – pi) و... هتد. ئنجا بەهەمان رێگە ئەتوانین نۆتەی مۆزیک بگۆڕین بۆ هەنگاو (تفعیلە) کانی خەلیل. بۆ نمونە نۆتەیەک ئەبێ بە (فاعل)و نۆتەیەک  ئەبێ بە (مفعول)و نۆتەیەک ئەبێ بە (فعلن)و... هتد. ئیتر بەو جۆرە ئەتوانرێ دەریاکانی هۆنراوە بەنۆتەی مۆزیک بنوسرێ[8].

کەواتە ترپەو کێش لەهۆنراوەدا، دو توخمی جیاوازنین. هۆنراوە، کە کێشی نەبو، واتا ترپەشی نیە، کە ترپەی نەبو، واتا کێشی نیە.

هۆنراوەو سەروا (قافیە)

پێشتر وتمان یەکێ لەهۆکانی نوشوستیی هۆنراوە، وازهێنانە لەکێش. دێینە سەر رەگەزێکیتری هۆنراوەو ئەڵێین: وازهێنان لە سەرواش، هۆیەکیترە بۆ هەمان نوشوستی. دان بەوەشائەنێین کە دەقگرتنی سەرواش لەهۆنراوەی ستونیا، ساڵەهای ساڵ وەک

خۆی مایەوەو گۆڕانکاریی بەسەرا نەهات، بەتایبەتی لەهۆنراوەی ئەرەبیو هۆنراوەی دەقگرتوی کوردیا. ئەمە وایکرد کە ژمارەیە لەهۆنیارانو هۆنراوە دۆستانیش بێزارببن لەو جۆرە هۆنراوەیە. ئنجا وەکو هەمو کارێ کاردانەوەی خۆی هەیە، کاردانەوەی ئەو دەقگرتنە دورودرێژەو ئەو بێزاربونە، ئەوەنە بەهێزبو، دەنگی وازهێنان لەسەروا، بەرزبوەوە!.

لەئێراک، بۆیەکەمجار، جەمیل سدقی زەهاوی (1863-1936) رۆژی 1925/5/25 باسێکی بەناونیشانی (هۆنراوەی ئازاد-مورسەل) لەرۆژنامەی السیاسەدا نوسی. هەنێ رەخنەیانلێگرتو ئەویش لەرۆژنامەی العالم العربیا 1925/6/11 وەڵامیدانەوە. کورتەی راکانی زەهاوی بریتیبو لەوەی سەروا کۆتێکی قورسە لەدەستو ملی هۆنراوەی ئەرەبیداو بەدەستییەوە ئەناڵێنێو ناتوانێ بەسەربەستییەوە هۆنراوەکەی بڵێ، سەروا تەرخانناکرێ بۆواتا، بەڵکو واتا ئەکرێتە قوربانی سەروا. سەروا بوە

هۆی دەرنەکەوتنی هۆنراوەچیرۆک لەناو ئەرەباو بوە هۆیئەوەی هۆنراوەی ئەرەبی دوابکەوێ لەچاو هۆنراوەی رۆژئاواییاو وایکردوە داهێنان کەمبێتەوە. ئەگەر سەروامان پشتگوێخستو، گوێ بەهۆنراوەی ئازاد ئاشنابو، کەئەمەیان زیاتر بایەخ بەجوانیگەیاننی واتاکانئەدا، ئەوا ئەوسا هۆنراوە ئەکەوێتە جموجوڵو چالاکئەبێو وەکو هەربەشێکیتری هونەرە جوانەکان پێشئەکەوێ. هەروەها زەهاوە لەبارەی سەرواخوازییەوە ئەڵێ: کارێکە بەئاسانی نایەتەدەس، تەنیا بۆئەو کەسانە نەبێ کە فەرهەنگەکانی وشەیان ئەمسەر تا ئەوسەر پشکنیبێ تا بتوانن ئەو وشەیەی ئەیانەوێ، دەستیان بکەوێو مرازی خۆیانی پێ جیبەجێبکەن. لەم کارەشا پەنا ئەبەنەبەر وشەی پشتگوێخراویش!.

بەرامبەر ئەم رایانەی زەهاوی، هەر لەکاتی خۆیا گەلێ رەخنە نوسرا. لەوانە مهەممەد بەهجەت ئەسەری (1904-1996)رای وابو کەسەروا یەکێکە لەکۆڵەکەکانی هۆنراوەو بەنەمانی ئەو کۆڵەکەیە زۆر کەسی بێدەسەڵات زەفەر بەهۆنراوەئەبەنو هەرکەس بێو وشە ریزکا ئەبێتە هۆنیار! بەلایەوە وابو ئەوکەسانەی بەسەر سەروادا زاڵنین، بە هۆنیاری لاوازو بێدەسەڵات دائەنرێن. چونکە (ئەگەر واتا گیانی هۆنراوەبێ، ئەوا سەروا جەستەکەیەتی). پەیوەندیی نێوان ئەم دوانەش وکو پەیوەندیی گیانو جەستەیە کە هیچیان بەبێ ئەوەکەیتر هەڵناکا. ئەوانە بۆیە سەروایان لاگرانە، چونکە وشە بەدەستیانەوە نایەتو واتاش لێیان گیرو یاخییە[9].

ئێستا دوای تێپەڕبونی ئەم هەمو ساڵە بەسەر ئەو مشتومڕەدا، ئەگەر بەچاوێکی لانەگیرەوە سەیری ئەو رایانە بکەین، ئەبینین هەردولایان تاڕادەیە راستی لەڕاکانیانا هەیە. زەهاوی سکاڵای لەدەس سەروابو بەو سیستمەی ئەوسایەوە کە ئەوەنە کۆنو دەقگرتوبو، لەبەرچاو کەوتبو. هۆنیاری زۆر سەرکەوتوش نەبوایە، واتای ئەکرد بەقوربانی سەروا. ئەو جۆرە سەروایەی هۆنراوەی ستونی، کۆتێبو لە ملی هۆنراوەدا.

رەخنەگران لەراكانی زەهاویش، لەسەر رەوابونو ئێستە بەچاوی خۆمان ئەبینین كەچۆن بەنەمانی كۆڵەكەی سەروا لای هەنێ، زۆركەسی بێدەسەڵات زەفەریان بەهۆنراوە بردوەو هەركەس دێو وشە ریزئەكاو ناویئەنێ هۆنراوەو هۆنراوەی پێلەكەدارئەكا!

زەهاوی دەردەكەی دۆزیبوەوە. راستە هۆنراوەیەكی سەد سەدو پەنجا دێڕی كەهەمو سەرواكانی وەكیەكبن، هۆنیار شپرزەئەكا. ئەو جۆرە هۆنراوەیەش لەبەرچاوكەوتبو. خۆی ژیان هەروایە. هەر شتێ زۆر مایەوە لەقاڵبێكا یا لەسەر یەك سیستەم، لەبەرچاوئەكەوێو مرۆڤ ئارەزوی گۆڕینیئەكا. بەڵام چارەسەرییەكەی زەهاوی كەبریتیبو لەوازهێنان لەسەروا، لەجێگەی خۆیانەبو. سەروا خۆیلەخۆیا توخمێكی ناشیریننیە لەهۆنراوەدا. سەروا وەك د. ئەنیس ئەڵێ: (توخمێكە لە توخمەكانی بینای هۆنراوە. سەروا نرخێكی مۆزیكیی هەیە كە ژمارەیەك دەنگ دوبارەئەبنەوە لەكۆتایی دێڕەكانی هۆنراوەدا. ئەو دوبارەبونەوەیەش بەشێكی گرنگ دروستئەكا لەمۆزیكی هۆنراوە. سەروا وەك نێوەندە مۆزیكییەكانە كە گوێگر چاوەڕوانی دوبارەبونەوەیان ئەكاو چێژێ لەو دوبارەبونەوانە وەرئەگرێ كە لەپەردەی گوێ ئەدەن لەماوە كاتییە رێكوپێكەكانا[١٠])

چارەسەركردنی ئەو دەردەی زەهاوی هەستپێكردبو، بەوە ناكرێ واز لەسەروا بهێنرێ بەجارێ. چارەسەری راست ئەوەیە كە گۆڕانكاری لە سەروا خۆیا بكرێ. كۆڵەكەی خانویەك ئەگەر كۆنبوو شكستی هێنا، بەوە چارەسەرناكرێ كە كۆڵەكەكە فڕێدەیتو خانوەكە بێكۆڵەكە بمێنێتەوە! چار ئەوەیە بیگۆڕی بەجۆرێكی باشتر.

لەم بۆچونەوە، چارەسەرەكە بەوەكرا كە برەو بەهۆنراوەی جوت سەروا دراو دواییش سەروای جۆراوجۆر هاتەئاراوە كەپاشتر رونیئەكەینەوە.

هۆنیارانی کورد، پێش زەهاوی، هەستیان بەو بارە خراپەی سەروا کردبو کە هۆنراوەی ستونیی پێکئەهێناو پەنایانبردبوە بەر هۆنراوەی جوت سەروا.

بێسارانی 1702-1641 و ئەحمەدی خانی 1706-1650 و مەولەوی 1882-1806 و مەلای جەباری 1876-1806 و حاجی قادری کۆیی 1892-1815 و گەلێکیتر، هۆنراوەی جوت سەروایان وتوە[11]و بەوە گۆڕانکارییەکیان بەسەروا داوەو وایانکردوە کە یەک توخم سەروا نەبێتە هۆی چاوتێربونو گوێپڕبونو وەڕسبون. وایانکرد کە واتا نەبێتە قوربانی سەروا. هۆنیار هەرچەن دەسکورتو لاوازبێ، ئەتوانێ لەناو هەزاران وشەی زمانەکەیا، دو دێڕ بەیەک سەروا بڵێ بەبێئەوەی پەنابەرێتە بەر وشەی سواو. خۆئەگەر کەسێ ئەوەشی لەبارانەبێ ، ئەوا بێگومان هەر هۆنیارنیە.

بنەمایەکی گشتیی یاسایی هەیە ئەڵێ: ئەگەر قەدەغەکەر نەما قەدەغەکراو ئەگەڕێتەوە. کەسەرواش بەوجۆرە ئاسانکراو نەبوە هۆی ئەو گیروگرفتانەی زەهاویو لایەنگرانی لێیئەترسان، ئیتر بۆچی ئەبێ گوێچکە لەو ئاهەنگە خۆشەی سەروا بێبەشبێ!؟

ئێمە لەهۆنراوەی کۆنی یەک سەروای ستونیو لەهۆنراوەی تازەی جوت سەروای ناستونیا، هەزاران شاکارە هۆنراوە بەدیئەکەین، کەچی لەهۆنراوەی بێ سەرواو بێ کێشا، وێنەی ئەو جۆرە شاکارانە بەدیناکەین.

لێرەدا چەن پرسیارێ هەیە:

ئایا هۆنیار هۆنراوە بۆخۆی ئەڵێ یا بۆجەماوەر؟

ئایا جەماوەری هۆنراوەدۆست، هۆنراوەی چاکو جوانو خۆشی ئەوێ، یا هۆنراوەی زۆرو بۆر؟

ئایا ئەو جەماوەرە دەربەستی ئەوەیە هۆنیار بۆسەروا، یا کێش دائەمێنێ یا نا؟

وەڵامی ئەم پرسیارانە رونو ئاشکران. فەردریک ئەڵێ: (چاکترین تیۆری هونەر مێژوەکەیەتی)[١٢] هەروەها ئۆگست فیلهیلم شلیگڵ ئەڵێ: (روانگەی مێژویی، رابەری رەخنەی وێژەییە.. هەمو بەرهەمێکی وێژەیی، هەرچەن سەربەخۆو یەکگرتوبێ، ئەبێ لەرێگای پەیوەندیی بەو بەرهەمانەی لەپێش خۆیو لەدوای خۆیا هاتون، سەیر بکرێ)[١٣]. دە ئێمە ئەگەر سەیری ئەو هۆنراوانە بکەین کە سەروایاننیە لەدوای وتارەکەی زەهاوییەوە هەتا ئەمرۆ، نابینین کە واتای ئەو هۆنراوانە زیاترو بەرزتربن لەواتای هۆنراوە سەروادارەکانی یەک سەرواو جوت سەروا. هۆنراوەچیرۆکیش پەیدانەبو لەناویانا وەک زەهاوی ئەیویست! ئەو هۆنراوانەش نەک پێش هۆنراوەی رۆژئاوایی نەکەوتن، بەڵکو هۆنراوە کۆنەکانی خۆشمانیان نەگرتەوە، داهێنانیش زیاترنەبو!.

لەلایەکیتریشەوە پێشبینییەکانی رەخنەگران لەزەهاوی، هاتنەدیو زۆر کەسی بێدەسەڵات ئەمرۆ زەفەریان بەهۆنراوە بردوەو لاپەرەی گۆڤارو رۆژنامەکانی ئەم رۆژانە، بەڵگەی ئەم راستییەن. بەپێچەوانەوە، ئەوانەی گۆرانکارییاندا بەسەروا، هەر لەبێسارانییەوە تا هاجی کۆیی، هەر لەپیرەمێردەوە تا گۆرانو ژمارەیە لەهۆنیارانی ئەمرۆ، گەشەو پێشکەوتنێکی زۆریانداوە بەهۆنراوەو واتایان بەرزکردۆتەوەو داهێنانیان بەدیهێناوە.

بەلای منەوە هۆی دیاردەی وازهێنان لە سەروا بەگشتیو لە کێشو واتای رون بەتایبەتی، ئەگەرێتەوە بۆئەم خاڵانە:

1-چاولێکردنێکی درەنگوەختەی کوێرانەی قوتابخانەکانی رۆژئاوای وەک مۆدێرنیزمو سریالیزمو ئایندەنیزمو...هتد

2-کاردانەوەی هۆنراوەی ستونی.

3-ناوبردنی کێشو سەروا بەکۆتو زنجیر بەهەڵە، یا بۆمەبەستێ لەلایەن هەندێکەوە! کەلەڕاستیا ئەو دو توخمە دو کۆڵەکەی هۆنراوەن.

4-پەیدابونی ژمارەیە نیمچە خوێنەواری نەشارەزا لەهونەری هۆنراوەدا کە سواری هۆنراوەبون!

5-بەخشینی پاداشتو خۆخۆیەتیو هۆکاری سیاسیو پارتایەتی! وەک بینیمان چۆن وڕێنەکارێکیان لێکردین بەبلیمەتو هۆنیاری گەورە!!.

6-نەبونی رەخنەسازی نەترسو بێلایەن، یا دەگمەن. ئەوەش، مەیدانەکەی چۆڵکردوە بۆرمبازێنی وشتر لەجێی ئەسپی رەسەن!

تازەکاری، ئەگەر نەبونی کێشو سەروابێ، ئەوا لەدێرزەمانەوە ئاوێستاو لاوکو حەیرانمان هەیە! یا ئەگەر ئەوەبێ کە حسەین عارف ئەڵێ (کامەرانو وەشتیو ژێر هەندێ هەوڵدانیانهەیە لەوبارەیەوە)[14]ئەوا من بەشبەهاڵی خۆم ئەوانەی ئەو مەبەستێتی کە وازهێنانبون لەکێشو سەروا، هەر زو وازم لێهێنانو بەپەخشان ئەژمارم کردن. کامەرانیش لێی پاشگەزبوەوەو وەشتیش لەمەیدانی هۆنراوە کشایەوە.

نمونەکانی سەروا:

1-نمونەی هۆنراوەی جوت سەروا کەهەر دو دێڕەو سەروایەکیان هەیەو دو دێڕەکەش هاوتەریبن بۆیەکتری. واتا لەژمارەی بڕگەدا یەکسانن کە ئەوەش ئەبێتە هۆی ئەوەی ئاهەنگی سەروا لەماوە کاتییەکی یەکسانا ببیسترێ بەوەی ژمارەی بڕگەی هەمو دێڕەکان ئەوەندەی یەکبن وەک:

کوردستانم فراوانە

بوکی رازاوەی جیهانە

پەیمانە دوا تنۆکی خوێن

لێرەبێ یاخو لە هەر شوێن

بە قوربانی ئەوی ئەکەم

بۆ ئەو ئەژیم، سامانەکەم

لەگەڵ گۆشتو ئێسکی لەشم

بۆ ئەوەو خۆم لێی بێبەشم

2-مەرجنیە لەماوە کاتییەکی یەکسانا، سەرواکە دوبارە ببێتەوە، واتا ژمارەی بڕگەی دێڕەکان ئەوەندەی یەکنین:

ئێمە رۆڵەی بیری تازەی رابەرین

ئێمە کوردی جەربەزەی تێکۆشەرین

بۆ وڵاتو سەربەخۆییو ژینی شاد

خوێن ئەڕێژین

لەش ئەنێژین

ئەفسەرین

نیشتمان، نیشتمان ئێمە بۆتۆ سوپەرین

لەم نمونەیەدا ئەگەر سەرنج بدەین ئەبینین سەروای (ە رین) لەدێڕی یەکەمو دوەمدا دوای 11 بڕگە دوبارەبۆتەوە. لە دێڕی 3تا6 دوای 13 بڕگە. لە دێڕەکانی یەک تا پێنج دوای 22 بڕگە دوبارەبۆتەوە. دو دێڕی چوارەمو پێجەم، سەروای سەربەخۆی خۆیان هەیە .

3-جۆرێکیتر، هەر چەندێڕێکی هۆنراوەکەو یەک سەروا:

نەرێتی ئەم چەرخە وایە

هەر هێزە خەڵکی لەدوای

هێز شکۆیە، هێز پەنایە

هێز تەختو تاجی پاشایە

*

کە بازوی هێز ئێسکی رزا

پێ، لەبەرزی هەڵنوت، خزا

لای برای خۆت، لای برازا

ئەبی بەجرجی بێ رەزا

جێگەی پلار، جێگەی نزا ...

یا:

وێرانەشارێ دەسی نەیارێ

ستونی شکان، بو بە کەلاوە

دڵی من، یارێ هێنایەخوارێ

دیواری ڕمان، نایە پەناوە

یەکەمو سێیەم هاوسەروان، دوەمو چوارەم هاوسەروان ...

نمونەیەکیتر:

کچۆڵەیەک سێوچوارساڵە

ئەمداتە بەر نیگای چاوی

زەردەی خونچەی لێوی تادێ

ئەکرێتەوەو گەشتر ئەبێ

سەرەتا ئەموت منالّە

نەمئەپرسی چیە ناوی

گەلێ نمونەیتری سەروا هەیە کە من لەهۆنراوەکانما لەسەریان رۆیشتوم، جگە لەو نمونانەی سەرەوە. جا نەک هەر من، زۆرێ لە هۆنیارە بەڕێزەکانیتریش بەوجۆرە گۆڕانیان لەسەروادا کردوە.

ئەوەشمان لەیادنەچێ کە سەروا دەوری رێکخستن (تنظیم)یش ئەبینێ. واتا سەروا کاتێ کۆتایی بەدێڕە هۆنراوە، یا پارچە هۆنراوە ئەهێنێ، ئەم مەبەستانەش ئەنجامئەدا:

١-پشویەک بەگوێگر، یا خوێنەرەوە ئەدا.

٢-ئاوازی هۆنراوە لەدێڕێکەوە بۆدێڕێکیتر ئەگۆڕێ.

٣-نیمچە سەربەخۆییەک ئەدا بەدێڕەهۆنراوە، یا بەپارچەهۆنراوە لەناو سەرجەمی هۆنراوەکەدا.

لە هۆنراوەی کلاسیکیا، دێڕەهۆنراوە، یا بڵێین بەیت، سەربەخۆییەکی هەیە.

لە هۆنراوەی جوتسەروادا، دێڕە هۆنراوە، نیمچە سەربەخۆییەکی هەیە. لەهۆنراوەی سەروا هەمەڕەنگا، پارچەهۆنراوە، یا بڵێین کۆپلە هۆنراوە، نیمچە سەربەخۆییەکی هەیە. جیاکەرەوەی ئەم قەوارە سەربەخۆو نیمچە

سەربەخۆیانە، سەروایە. راستە ئەشێ بێسەرواش، ئەو قەوارانە هەبن، بەڵام ئەبنە قەوارەی بێنیشانو بێئاڵا!.

رەخنەسازی بەناوبانگی فەرەنسی (مالارمیە) لەپەرچدانەوەی راکانی (رامبۆ)ی رابەری رێبازی هێمایی (رمزی)دا ئەڵێ: (وشە بەهۆی ئاوازی کێشو سەروای هۆنراوەوە، ئەتوانێ زیاتر ئەرکی کارتێکردنو شوێنەوارجێهێشتن بگرێ)[١٥]. لەم روانینەوە ئەپرسین: ئایا ئەو دەقانەی ناوی هۆنراوەیان لێنراوەو بێکێشو سەروان، تا چ رادەیە کارئەکەنە جەماوەری هۆنراوەو شوێنەوار بەجێئەهێڵن لایان؟ وەڵامدانەوەی ئەم پرسیارە، ئەوەنیە بوترێ: ژمارەیەکی زۆری هۆنراوەنوسانی ئەم سەردەمە، لایەنگری هۆنراوەی بێکێشو سەروان!. ئەوە گرنگنیە، گرنگ ئەوەیە ژمارەیەکی زۆری هۆنراوەخوازان لایەنگری ئەو جۆرە هۆنراوەیەبن کە تائەمڕۆ جەماوەرێکی لەوجۆرە دروستنەبوە لەبەرئەوەی ئەو جۆرە دەقانە کاریانتێناکەنو نایانهەژێنن. من کەسێک نابینم یەکێ لەو دەقانەی هاتبێتەبەر. کارتێکردنو هەژاندن، هۆکارێکی سەرەکییە بۆلەبەرکردنی هەر دەقێ. من خۆم نوسینی نەتەوەییانەو هۆنراوەی نەتەوەییانەم زۆرە. ئاستی نوسینەکانم کەمترنیە لەئاستی هۆنراوەکانم، بەڵام کەسێکم نەدیوە یەکێک لەو نوسینانەی هاتبێتە بەر، بەپێچەوانەی هۆنراوەکانمەوە کە زۆرکەس لەبەریانە. با بەبەڵگەوە بدوێین: لەپێش هەر هۆنراوەیەکەوە لەهۆنراوەکانی دیوانی کوردایەتیەکم (چاپی ١٩٦٠) پێشەکییەکی کورتو چڕوپڕم نوسیوە کە لەڕوی شێوەو ناوەرۆکەوە لەهۆنراوەکان کەمترنین، بەڵام کەس پێینەوتوم یەکێ لەو پێشەکییانەی لەبەرە، کەچی دەیان کەس پێیانوتوم هەمو هۆنراوەکانی ئەو دیوانەیان لەبەرە. رەخنەسازی بەتوانە (زایر رۆژبەیانی) یەکێکە لەو کەسانە. بۆیە ناوی ئەو بەڕێزەم هێنا، چونکە هەرئەو بۆیگێڕاماوە، شەوێ لەکەرکوک لەماڵی دۆستێکیئەبێ بەبۆنەی ناونانی منداڵێکیانەوە، بەڕێکەوت گۆڤاری بەیانی ژمارە 152 ساڵی 1989 لەبەردەسیانائەبێ کەهۆنراوەی (لەبیرەوەرییەکانی ساڵانی دێرین)ی منی تیائەخوێننەوە، هەمویان

بڕیارئەدەن ناوی ئەو منالّە بنێن ژیر. دیارە هۆی ئەوەش ئەگەڕێتەوە بۆکاریگەریی هۆنراوەکە. ئەگینا کەسانی ئەو منالّە منیان نەناسێوەو نەدیوە.

هەندێ لەوانەی وازیان لەکێشو سەروا هێناوە، واتا مۆزیکی دەرەوە، ئەلێن ئێمە بەمۆزیکی ناوەوە هۆنراوەکانمان بنیاتئەنێین. لەوەڵامی ئەوانەدا ئەڵێم: مۆزیکی ناوەوە بەبێ مۆزیکی دەرەوە، بایەخێکی هۆنراوانەی نیە. تەنیا بەمۆزیکی ناوەوە هۆنراوە دەستەبەرناکرێ. چونکە پەخشانی هونەریش، مۆزیکی ناوەوەی هەیەو پێیشی ناوترێ هۆنراوە. جگەلەوە، مۆزیکی ناوەوە دەسکردو داهێنانی ئەو جۆرەکەسانەنیە. مۆزیکی ناوەوەی هۆنراوە هەرهەبوە. تەنیا ئەوەنەهەیە جاران بەمۆزیکی دەرەوەی هۆنراوەیان ئەوت کێشو سەروا، بەمۆزیکی ناوەوەش: رەگەزدۆزی (جناس)، دژیەکی (مقابلە یا طباق)، رەوانبێژی (فصاحە) و بەجۆرێکی گشتی لەشێوەی دارِشتنو پەیوەندیی نێوان وشەو واتاکانیو جوانکاریی واتایی لەهۆنراوەدا خۆی ئەنوان. کەواتە هیچکام لەو دو مۆزیکە بری ئەویتر ناکەوێ.

نوسەرێ لەبارەی دەوری سەرواوە لەهەڵسەنگاننی رۆشنبیریی هۆنیارا ئەڵێ: (سەروا ئەو دەنگی دواییە لەبەیتی هۆنراوەدا چاودێرێکی هەڵسەنگاندنە بۆلایەنێ، یا چەن لایەنێکی ژیانی رۆشنبیریی هۆنیار، بۆئەوەی هاوکێشەیی مۆزیکیو واتایی لەبەیتو لەچامەکەدابکا. ئەگەر وابو، ئەوا ئەو هۆنیارە سامانێکی زمانەوانیو شارەزاییەکی دەرونیو شارەزاییەکی مۆزیکیی هەیە کە ئەزانێ لەرینەوەی سەروا لەگوێچکەدا، زیاتر لەوشەکانیتری هۆنراوە، گوێ پڕئەکا، توانایەکی هەیە بۆمامەڵەکردن لەگەڵ هەستا بەو وشانەی هەڵیانئەبژێرێ. هۆنیاری رۆشنبیر، سەروا بۆی ملکەچە. ئەوانەی نهێنیی سەروائەزانن ئەوانەن کە ئێمە هۆنراوەکانیان ئەڵێینەوە. سەروازانی نیشانەی زیرەکییە. بەکورتی هەنێ هۆنیاری هاوچەرخ، ئەوانەی رکیان لەسەروایەو پێشێلیئەکەنو

بەکارەکەی خۆشیان ئەزانن، بەوە پەردە لەسەر ئاستی رۆشنبیریی خۆیان لائەبەن بەشێوەیەکی ناڕاستەوخۆ کە ئەم پەردەلابردنە ناڕاستەوخۆیە ئەچێتە سەرباری ئەو پەردەی راستەوخۆلابردنە کەخۆی ئەنوێنێ لەواتالێگیرانو وێنەلەرزینو دەربڕینی پەشۆکاوانەدا)[١٦]. هەروەها (بەدر شاکر سەیاب)لەنامەیەکیا بۆئەبدولکەریم نائیم ئەڵێ: (من دژی واز هێنانم لەسەروا. پشتگوێخستنی سەروا، واتا راوەستانی وێنەکانو سۆزو بیر لەئاستێکی دیاریکراوا. ئەتوانرا کاریگەریی وێنەکانتو بیرەکانتو سۆزەکانت لەسەر دەرون زیاتربکەی ئەگەر هۆنراوەکەت سەرواداربوایە)[١٧] (کۆلڕچ)یش ئەڵێ: (هۆنراوە ئەو هۆنراوەیەنیە کەزیاترین چێژت ئەداتێ، بەڵکو ئەو هۆنراوەیەیە کە زیاترین چێژمان ئەداتێ کاتێ جاریتر ئەیخوێنینەوە)[١٨] دە هۆنراوەی بێسەروا، نایەتەبەر تا جاریتر بیخوێنینەوە یا بیڵێینەوە.

هەرچۆنێبێ، مرۆڤ ئازادە لەشێوەی نوسینو دەربڕینی خۆیا. بەڵام من داوا لە خونچە تازە کراوەکانی هۆنراوەی کوردی ئەکەم کە دوربن لەچاولێکەریو لاساییکردنەوەی کوێرانە. بۆپاڵپشتی هەر رایەک، داوای بەڵگەی سەلمێنەربکەن.

**بەشی دوەمی توێژینەوەکەمان سەبارەت هۆنراوە**

هۆنراوەو واتا:

هەمو ئەوانەی بەرەنگاری کێشو سەروابونەتەوە لەهۆنراوەداو بەکۆتو زنجیر ناویانئەبەنو داوای نەهێشتنیان ئەکەن، بیانویان (واتا - مەعنا)یە. بەناوی بەرگری لەواتاوە، لەکێشو سەروا یاخین. گوایە بە گرێو کۆسپیان ئەزانن لەڕێگەی واتادا. کەچی لەڕاستیا مەبەستی سەرەکیی هۆنراوە، واتا یا راگەیاننی واتانیە. تەنانەت ئەو هۆنراوانەی کە (واتا)ش تیایانا ئامانجبێ، دەوری هۆنراوەکە رازاندنەوەی ئەو واتایەیە. ئامڕازەکانی ئەو

رازاننەوەیەش، مۆزیکی هۆنراوەیە بەگشتیو کێشو سەروایە لەپلەی یەکەما. هەر لەبەرئەوەشە هۆنراوەی وەرگێڕراو بەنوسینی سادە، ئەو چێژو خۆشیو هەژاندنەی نامێنێ. چونکە وەرگێڕ تەنیا وەک واتا هۆنراوەکە وەرئەگێڕێ. ئەمە بێجگە لەو هۆنراوانەی گیانیان بەبەردائەکرێتەوە بەوەی وەرگێڕ وەک هۆنیارێ واتای هۆنراوەکە وەرئەگێڕێو بەکێشو سەرواو ئەندێشەی خۆیەوە دائەڕێژێتەوە کە

راستە هۆنیاریش وەک هەر بیریار (مفکر)ێکیتر بیرئەکاتەوەو بیرۆکەی خۆی هەیەو لەئەنجاما چێژو خۆشیو هەژاننی نوێی تیادروستئەبێتەوە بەپێی توانای هۆنیاری وەرگێڕ، وەک وەرگێڕانی هۆنراوەکانی خیام بۆکوردی لەلایەن هۆنیاری گەورە (سەلام)ەوە[٣٠] و(کرتی ما احلاها)ی محمەد بەهجەت ئەسەریو (یا وطنی) جەمیل سدقی زەهاوی لەلایەن هۆنیاری بەتوانا بەختیار زێوەرەوە[٣١]و (رۆهی مەولەوی) لەلایەن پیرەمێردی مەزنەوە[٣٢].ئەشێ هۆنراوەکانی جۆرە بیرو فەلسەفەیەکی تازە بێننە ئاراوە، بەڵام لەهەمان کاتا، تایبەتمەنیەکانی هۆنراوە، وەک کێشو سەرواو ئەندێشەو جوانکارییەکانیتری وەک وێنەو زمانو داڕشتنو..هتد بەڕازاوەیی بەرهەم ئەهێنێ، بۆیە کۆڵرج ئەڵێ: (جوانی بۆبیرۆکە وەک رۆشنایی وایە بۆچاو)[٣٣]کە دیارە مەبەستی لەو بیرۆکانەیە بەهۆنراوە رائەگەیەنرێن.

ئەگەر مەبەستی هۆنراوە تەنیا گەیاننی واتابێ، ئەوا ئەم کارە بەهۆی وتارەوە چاکتر ئەنجامئەدرێ. هەرگیز ناتوانرێ واتایەکی سیاسی یا کۆمەڵایەتی بەو تێروتەسەلیەی وتار، بەهۆنراوە رابگەیەنرێ. چونکە مەودای هۆنراوە وەک مەودای وتار فراواننیە. بگرە مەودای هۆنراوە ناگاتە مەودای پەخشانو چیرۆکیش بۆگەیاننو رونکردنەوەی واتا. بەڵام وەک کاریگەرێتی، ئەو واتایەی بەهۆنراوە ئەگەیەنرێ، زیاترو زوتر کارئەکاتە سەر وەرگری هۆنراوە، ئەویش بەهۆی رازاننیەوە

بەتایبەتمەندییەکانی هۆنراوە.

ئەو واتایانەی هۆنراوە ئەیانڕازێنێتەوە دو جۆرن: یەکەمیان هەڵقوڵاوی هۆنیار خۆیەتی. دوەمیان ئەوانەیە کە بەسادەیی وەریئەگرێو بەڕازاوەیی ئەیداتەوە بەوەرگری هۆنراوە. بەوەش ئەو رازاننەوەیە ئەبێتە شیرینکردنو خۆشەویستکردنی واتاکە هەتا رادەی هەژانن لەچەن وتەیەکی چڕوپڕ لەسۆزی ئاوازو ترپەی سەرواو دیمەنی وێنەکانا. بۆنمونە، لەبواری بازرگانیا زۆر نوسراوە لەسەر پێویستیی بایەخدان بەو جێگەیەی کەلوپەلی تیا پیشانئەدرێ بۆفرۆشتن، هەمو ئەیزانین بایەخی دوکانێکی بازرگانی لەشەقامێکی ئاوەدانی گشتیا، زیاترە وەک لەلاکۆلانێ. جلوبەرگێ لەبەر جوانێکا جوانتر ئەنوێنێ وەک لەبەری ناشیرینێکا، کوردیش وتوێتی بەرد لەجێگەی خۆیا سەنگینە، بۆیە هۆنیارێک هەمو ئەو چەمکانە سەبارەت بایەخی جێگە، لە چەن وشەیەکی کورتو رازاوەو کاریگەرا چڕئەکاتەوەو ئەڵێ:

بازاڕی دەهرە، قیمەتی ئەشیا بەجێگەیە

مێشێ گەییە روی نیگارێ، بەخاڵ ئەچێ

پێشئەوەی (بێ کەس) بلێ :

داری ئازادی بەخوێن ئاونەدرێ قەت بەرناگرێ

سەربەخۆیی، بێ فیداکاری، ئەبەد سەرناگرێ

خەڵکی زانیوێتی کەئەبێ لەپێناوی ئازادیا خوێنبڕێژنو فیداکارییکەنو کردوشیانە. چەندین چیرۆکو پەرتوک هەبوە لەوبارەیەوە. واتە، بێ کەس، واتایەکی تازەی نەهێناوەتە بەرهەم، بەڵکو واتایەکی هەبوی رازانۆتەوە.

بەوجۆرە ئەبینین کاری سەرەکیی هۆنراوە، رازاننەوەی واتایە، تەنانەت ئەو واتایەی هۆنیار خۆشی خاوەنییێ هەرئەبێ بیڕازێنێتەوە. جا کەکاری سەرەکیی هۆنراوە رازاننەوەی واتابێ، دیارە ئەو رازاننەوەیە هەتا زیاترو چاکتربێ، شیرینترو کاریگەرترئەبێو زیاتر خەڵکی ئەهەژێنێ.

هەرلەبەرئەوەشە هۆنیارەکان لەکۆنەوە هەوڵیانداوە کە نەک تەنیا هۆنراوەکانیان پڕواتابێ، بەڵکو واتاکان بەڕازەوەترین پۆشاکەوە پێشکەش وەرگری هۆنراوە بکەن. لەم پێناوەشا پەنایان بردۆتە بەر هەمو هۆکارەکانی رازاننەوەی هۆنراوە.

هۆنراوە خۆراکێکی مادینیە کە پێویستبی ئەوەنە درێژبێ بەشی زیاترین کەس بکا. هۆنراوە خۆراکێکی گیانییەو هۆنراوەیەکی چڕوپڕ ئەشێ بەشی هەمو نەتەوەبکا. ئەم ئەنجامەش ئەمانبا بۆئەوەی لەپێناوی واتادا دەسبەرداری جوانکاریو رازاننەوە نەبین لەهۆنراوەداو هۆنراوە بەرەو هەڵدێری پەخشانو وتارو قسەی ئاسایی بەرینو هۆنراوە داماڵین لەمۆزیکی کێشو سەرواو وێنەو رەوانبێژیو جوانکاری!! یا چاومان لەچەندێتیی هۆنراوەبێو چونێتی وازلێبێنین!

ئەگەر ئامانجی سەرەکیی هۆنراوە تەنیا واتابێ، ئەوا تەنیا کێشو سەروا گرێنین لەڕێگەی واتادا. ئەندێشە (خەیاڵ) گرێیەکی کوێرترە بۆواتا. بگرە ئەندێشە هەر بایەخ بۆ واتا ناهێڵێو هۆنراوە تەواو دورئەخاتەوە لەواتاکانی ژیرێتیو سروشتیو راستیو زانستی. بۆنمونە، ئەگەر هۆنراوە جوانو بەرزەکەی مەولەوی:

هەندە ناسکبو بەبای باوەشێن

سەرکوڵمی ئاڵی پڕئەبو لەخوێن

بدەین لە بێژنگی ژیرێتی، ئەگەینە ئەنجامێکی سەیر! ئافرەتێ ئەگەر تەنیا بەبای باوەشێنێ سەرکوڵمەکانی پڕبێ لەخوێن ، دیارە بەڕەشەبایەک توشی خوێنبەربون(نزیف)ی دەموچاوئەبێ! خۆئەگەر پەنجەیەک یالێویکی بەرکەوێ، ئەوا ئەو کوڵمە هەڵئەوەرێو لەئەنجاما خۆمان لەبەردەم دەموچاوێکی خوێناویو زامدارو چاڵوچۆڵا ئەبینینەوەو بێزمان لەو دەموچاوە ئەبێتەوە!!

جائەگەر خەیاڵ ئەو کارە بەواتابکا، ئایا خەیاڵ زیانبەخشترە یا کێشو سەروا بەڕای ئەو کەسانە!؟ ئایا چاوەڕواننەکرێ سبەی داوای نەهێشتنی کەلەپچەی خەیاڵیش بکەن لەهۆنراوەدا بەبیانوی ئەوەی خەیاڵ واتا ئاوەژوئەکا!؟ بەوەش توشی گەڕانەوەیەک ئەبین بۆڕاو بۆچونەکانی ئەفلاتون لەبارەی هۆنراوەوە کە گوایە هۆنراوە لەسەر بنچینەی درۆ دروستئەبێ! بێگومان خەیالیش سوارچاکی خۆی هەیە. مەولەوی ئەو ئەنجامەی نەویستوە. تەنیا ویستوێتی لەبەرزترین شێوەدا گوزارە (تعبیر) لە ناسکیی دەموچاوی دڵخوازەکەیبکا. ئەندێشە، هەروەکو لەزانستو هونەری رەخنەسازیی هاوچەرخا چەسپاوە ، رەگەزێکی ئێجگار گرنگە لەرەگەزەکانی وێژە. چونکە بەهۆیەوە ئەم چالاکییە مرۆڤانەیە، لەزانست جیائەکرێتەوە. هەروەها شوێنەوارەکانی کەسایەتیو ژینگەی وێژەر دەرئەبڕێو رێگەیەکە بۆ هەستو نەستی خوێنەران[٣٤].

بابەتی وروژاندنی واتاکان، بریتیە لەلێکچواندنو خوازەو خواستەو درکە، کە بەرهەمو هێزی ئەندێشەن)[٣٥]

(هۆراس)ی رەخنەگرو هۆنیاری بەناوبانگی لاتین، پێش 2 هەزار ساڵ وتوێتی: (ئامانجی هۆنراوە فێرکردن یا خۆشیگەیانن یا هەردوکیانە)[٣٦] ئەم بۆچونە بو بەبنەمایەک تا ئێستاش جێگەباوەڕی رەخنە سازانو هۆنیارانە. کەواتە هۆنراوە تەنیا گەیاننی واتانیە، بەڵکو خۆشیگەیاننیشە. ئەمە لەکاتێکا کە کێشو سەروا ئەبنە هۆی بایەخدانێکی زیاتر بەواتا.
لەمبارەیەوە بەهجەت ئەسەری ئەڵێ: (موزیکی هۆنراوە بریتییە لەکێشو رێکخستنی دەنگەکانو ئەبێتە هۆی رونکردنەوەو فراوانکردنی واتاکەی)[٣٧] هەروەها رەخنەگران گەیشتونەتە ئەوەی ئاوازو مۆزیک رۆڵێکی گەورەو کاریگەر ئەگێڕن بۆفراوانبونی واتای هۆنراوە[٣٨] .

ئەمانە هەموی ئەوە ئەگەیەنن کەکاری سەرەکی هۆنراوە، رازاندنەوەی واتایە، تەنانەت ئەگەر هۆنراوەیەک بۆفێرکردنیشبێ، ئەبێ لەشێوەیەکی رازاوەدابێ بۆئەوەی جیاوازی لەگەڵ وانەی قوتابخانەدا هەبێو زیاتر

کاریگەربێ تا زیاتر فێرخوازەکە بهەژێنێ. لەمبارەیەوە دەڵێن ئەڵێ: (هونەرمەند هەوڵئەدا شتێیەک بەرهەمبێنێ کە لەژیان جوانتربێ)[٣٩] ئنجا ئەڵێ: ( خۆشیگەیانن ئامانجی سەرەکیی هۆنراوەیە ئەگەر نەڵێین تاکە ئامانجێتی. ئەگونجێ دانبنرێ بەفێرکردنا وەک ئامانجێکی ناوندی، چونکە هۆنراوە فێرناکا ئەگەر خۆشی نەگەیەنێ)[٤٠] هەروەها درایدن بەئاشکرا دان بەئامانجە تایبەتییەکەیا ئەنێ وەک هۆنیارێکو ئەڵێ: (هەوڵدانە سەرەکییەکانم ئەوەیە کەخۆشی بگەیەنمە رۆڵەکانی ئەو سەردەمەی تیایا ئەژیم)[٤١] دیارە ئەو خۆشیگەیاننە بەدەسنایەت ئەگەر هۆنراوە رازاوە نەبێ بەمۆزیکەکەی.

ئێمە تائێرە مەبەستمان ئەو هۆنراوانەیە کە واتا تیایانا مەبەستێکە. ئەگینا ئەو هۆنراوانەی کە واتا تیایانا مەبەستنیە، گوایە هونەر بۆ هونەرە، ئەوە بێگومان زیاتر پێویستیان بەرازاندنەوە هەیە بەمۆزیکی دەرەوەو ناوەوە. هەرچەن من لەو باوەڕەدانیم کە لەم جیهانەدا شتێک هەبێ پێیبوترێ هونەر بۆهونەر، یا هۆنراوە بۆهۆنراوە! چونکە ئەگەر هۆنراوەیەک هیچ واتایەکیش ئەنجام نەداو تەنیا بۆگەیاننی خۆشیی روتیشبێ، ئەوا ئەو خۆشیگەیاننەش هەر لەخزمەتی مرۆڤو ژیانائەبێ. مرۆڤ تەنیا پیویستیی بەخوراکی مادینیە، پێویستیی بەخۆراکی گیانیشهەیە وەک: گوێگرتن لەئاوازێکی خۆش، سەیرکردنی دیمەنێکی جوان، بینینی هەڵوێستێکی مەردانە، بیستنی نوکتەیەک، هەروەها هۆنراوەیەکی هەژێنەر. ئنجا ئەگەر هۆنراوەیەک واتاو خۆشییەک نەبەخشێ، ئەوە هەر هۆنراوەنیە!

مالارمێ 3 رەگەزی بۆهۆنراوە داناوە:

1-وشەو دێڕی هۆنراوە خۆیلەخۆیا پێویستە ئاکامێکی ئاوازی مۆزیک ببەخشێ.

2- هۆنراوە هەرچەن ئەبێ پارچەیەکی مۆزیکیبێ، لەهەمان کاتا پێویستە مەبەستێکی واتاییشی هەبێ.

3-ناوەرۆکی هۆنراوە ئەبێ بیرۆکەیەکی پەتیبێ[42] .

د. کامیل بەسیر ئەڵێ: (ئەم 3 رەگەزە پێکەوە ناگونجێن. چونکە ئەگەر هۆنیار هەمو کۆششی سازکردنی ئاوازو مۆزیکبێو لەسەرچاوەی بیری پەتییەوە هۆنراوە بهۆنێتەوە، چۆن ئەتوانێ بەهۆنراوەکانی مەبەستێک بهێنێتەدی؟[43]

من لەگەڵ بۆچونەکەی د.بەسیر نیمو ئەڵێم: گۆنجاننی ئەو 3 رەگەزە کاری نەکردەنیەو ئەکرێو کراویشە. چونکە مەبەستی هۆنراوە لەناوەرۆکەکەیایە، ئاوازو مۆزیکەکەشی لەروخسارەکەیایە. هیچیان رێ لەویترناگرێ. تەنیا سەرنجێکم لەرەگەزی سێیەم هەیەو ئەڵێم: راستە ئەگونجێ هۆنراوە ناوەرۆکی بیرۆکەیەکی پەتیی ببێ ، بەڵام مەرجنیە هەمو کاتێ وابێ.

رازاننەوە وەک پێویستییەک بۆهۆنراوە، هەمو جۆرە هۆنراوەیەک ئەگرێتەوە. بەڵام پشتبەستن بەکەرەستەی رازاندنەوەکە، لەهۆنراوەیەکەوە بۆهۆنراوەیەکیتر ئەگۆڕرێ. لەهۆنراوەی کلاسیکیا، زیاتر پەنائەبرێتە بەر بەرزیی زمانی هۆنراوەو ژیرێتیو چڕیی واتا بەکەمترین وشەو رونکاریو رەچاوکردنی یاسا دەقگرتوەکانی هۆنراوە. بەڵام لەهۆنراوەی رۆمانسیا زیاتر پەنائەبرێتە بەر ئەندێشەو سۆزو نیمچە تەمومژێکو هەڵچونو گێنگڵو هێماکاری. لەهۆنراوەی ریالیزما زیاتر پەنائەبرێتە بەر شێوەکاری روبەروبونەوە وەک خۆیو وەک راستیو راستەوخۆییو نەترسانو جەربەزەیەتی. بەدەربڕینێکیتر لەهۆنراوەی ریالیزما ئازایەتیو بەزاتیو نەترسانو روبەروبونەوەی بارودۆخە راستییەکەو جەسورێتی، جوانکاریو رازاننەوە ئەدا بەهۆنراوەکە . ئەوانە هەموی هۆکارو کەرەسەی رازاننەوەی هۆنراوەن لەپلەی دوەما. پلەی یەکەم : مۆزیکی دەرەوەی هۆنراوەیە. چونکە مۆزیکەکە تایبەتە بەهۆنراوە، ئەوانیتر کەرەسەی هاوبەشی رازاننەوەی هەمو لقەکانیتری هونەرو وێژەن لەپاڵ هۆنراوەدا.

لێرەدا لەبەرئەوەی ئاماژەمان بۆ هەنێ لەڕێبازە وێژەییەکانکرد، بەپێویستی ئەزانم ئەو راستییە بدرکێنم کە مەرجنیە هۆنیاری ئەمڕۆ خۆی ببەستێتەوە بەتەنیا یەک رێبازەوە. هەرچەن لەئەنجاما یەکێک لەرێبازەکان زاڵئەبی بەسەریا.

هۆنراوەو تەکنەلۆجیا.

ئیمە با راستگۆیانە بپرسین: ئایا وێژەو تەکنەلۆجیا لەپێشبڕکێدا لە چ ئاستێکدان؟ ئایا ئەو سەردەمانەی ئەفلاتون (427-347پ.ز)، ئەرەستۆتالیس (384-322پ.ز)، هوراس (65-8پ،ز) بیردۆزە وێژەییەکانیان دائەنا، بیردۆزەیەکی زانستیی ئەوتۆ لەئارادا هەبو؟ ئایا ئەو رۆژانەی هۆمیرۆس (چەرخی 9 پێش زایین)، ئەرەستۆ فانیس (445-386)، دانتێ (1265-1321ز)، شکسپیر (1564-1616ز) شاکارە وێژەییەکانیان بەرهەم ئەهێنا، زانستو تەکنەلۆژیا بەپەرێزی ئەو شاکارانەدا ئەڕۆیشتن؟

بێگومان نەء . دەی ئەمڕۆی سەردەمی کارەباو تی ڤی و گەشتی ئاسمانو کۆمپیوتەرو مۆبایلو ئایفۆنو ئایپادو چەندین داهێنانیتر، وێژە بەپەرێزی زانستو تەکنەلۆجیادا ئەڕوا؟ بێگومان ئەمیش هەر نەء . کەواتە لەپێشبڕکێکەدا وێژە دواکەوتوە، زۆریش دواکەوتوە. بەڵای گەورەش ئەوەیە کە کێشەکە هەر بریتینیە لەپێشبڕکێ، بریتییە لەپاڵەپەستۆو تەنگپێهەڵچنین! تەکنەلۆجیا رۆژ لەدوای رۆژ زیاتر خۆیئەسەپێنێ بەسەر مرۆڤاو کاتەکانی بەلای خۆیا رائەکێشێ بەجۆرێ مرۆڤ نەیپەرژێتە سەر وێژە، بەهۆنراوەشەوە. دیاردەی ئەم پاڵەپەستۆیەش پێشکەوتنەکەی تەکنەلۆجیایە لەلایەک، لەلایەکیترەوە سستوسۆڵیەکەی وێژەیە! مرۆڤ هەمیشە باشو باشترو باشترینی ئەوێ.

تەکنەلۆجیا بەجۆرێکی گشتی پاڵەپەستۆ لەگەڵ وێژەدا ئەکا، بەڵام بەتایبەتی تەنگی بەهۆنراوە هەڵچنیوە! ئەوەتا هێشتا تەکنەلۆجیا نەیتوانیوە

دەسبەرداری پەخشانو چیرۆکببێ بۆچالاکییەکانی سینەماو شانۆو تەلەفیزیۆنو ڤیدیۆ، بەڵام بەدەگمەن نەبێ بەلای هۆنراوەدا ناچێ، مەگەر هۆنراوەی گۆرانی کەبۆئەمیش مۆزیکو سەماو بزوانن، هاوکاری گۆرانیەکەنو زاڵن بەسەریا!.

جگەلەوانە، ئەو کاتە زۆرانەی جاران خەڵکی تەرخانیانکردبو بۆ وێژە، بەتایبەتی هۆنراوە، کە لەبەرئەکراو هۆکارێکی سەرەکی رۆشنبیریو بابەتی دیوەخانەکانبو، ئێستا ئەو کاتانە دەسناکەونو دیوەخانیش نەماوە! خەڵکی خەریکی دابینکردنی بژێوییاننو چاویان لەفەنتازییە نوێکانەوەیە!

ئنجا لەئاستی ئەم بارودۆخەدا تەگبیر چیە؟ تەگبیر هۆنراوەی چاکە. لەبارەی هۆنراوەی چاکیشەوە کۆڵرچ هەوڵی دۆزینەوەی ئەو تایبەتمەندییانەی هۆنراوە ئەدا کەئەگەرێتەوە بۆبلیمەتیی تەواوی هۆنیارو لەم خاڵانەدا دەسنیشانیان ئەکا:

1-شیرینییەکی تەواوی هۆنراوە، یاهەستکردن بەچێژی مۆزیکیو توانای هۆنیار لەبەرهەمهێنانیا. ئەم توانایەش زگماکییە لەمرۆڤاو بەهەوڵدان بەدەسنایەت.

2-هەڵبژاردنی باسو ناوەرۆکی دور لە بارودۆخو کێشە تایبەتییەکانی هۆنیار خۆی. لەمبارەیەوە گۆتە (1749-1832ز)ش گەیشتۆتە هەمان ئەنجامو ئەڵێ: ئەگەر هۆنیار تەنیا گوزارە لەخەمە تایبەتییەکانی خۆی بکا، شایانی ئەوەنیە نازناوی هۆنیاری بدرێتێ.

3-قوڵیی وزەی بیر. مرۆڤ هۆنیارێکی مەزن نابێ لەهیچ کاتێکا ئەگەر لەهەمان کاتا فەیلەسوفێکی قوڵ نەبێ. هۆنراوە خونچەو گوڵاوی هەمو زانینو بیرو هەستو سۆزو زمانی مرۆڤانەیەکە.

4-وێنەکان نابنە بەڵگەی بلیمەتییەکی رەسەن ئەگەر لەهەستو نەستێکی کارتێکراوەوە نەبێ. یا لەگۆڕینی کۆیەکی بڵاوەوە بۆیەکەیەک نەبێ.

گۆته ئەم مەبەستە بەدەربڕینێکی رۆشنبیرانە دەرئەبڕێو ئەڵێ: (هێزی راستینەی هۆنراوە، یا داستان یا شانۆنامە لەکەسێتییەکانو بیرۆکەو پێناسەو بۆچونەکانا نیە، بەڵکو لەهەڵوێست یا لەو هاندەرەدایە کە هەمو ئەوانە ئەگرێتەوەو ئەویش پێشترە لەوان بەپێی ئەو قسەیەی کەئەڵێ گشت پێش بەش ئەکەوێ)[٤٤]

گومانیش لەوەدانیە کە هۆنراوەی چاک، هۆنیاری چاک ئەیڵێ. ئەی هۆنیاری چاک کامەیە؟ یا مرۆڤی هۆنیار چۆن ئەبێتە هۆنیارێکی چاک؟

لەمبارەیەوە بن جۆنسن ئەم مەرجانە دائەنێ:

1-بەهرەی سروشتی، مەرجی یەکەمو بنچینەییە.

2-هەر تەنیا بەهرە سروشتییەکە بەسنیە، بەڵکو پێویستە هەمیشە مەشق بەو بەهرەیە بکەین. ئەڵێن ڤەرجیل(71-19پ،ز) کە مەزنترین هۆنیاری رۆمابوە، وەک ورچ، ژان ئەیگرت بۆلەدایکبونی هۆنراوەکانی. دواییش بەلستنەوە پەرداخی ئەکردن!.

3-مەرجی سێیەم بۆهۆنیار، لاساییکردنەوەیە. واتە هۆنیار بتوانێ سامانی هۆنیارێکیتر بگۆڕێ بۆبەکارهێنانە تایبەتییەکانی خۆی. وەک: (بە پێنجخشتەکیکردنی هۆنراوەی هۆنیارێکیتر، یاتێکەڵکردنی هۆنراوەی یەکدیو..هتد-ژێر).

4-مەرجی چوارەم، خوێننی وردو خوێننەوەی جۆراوجۆرە.

لەگەڵ ئەوانەشا، جۆنسن زیاتر پێ لەسەر مەرجی یەکەم دائەگرێو ئەڵێ من لەهەڵگرانی ئەو رایە نیم کە سەربەستیی هۆنیار بخەمە سنورێکی یاسایی تەسکەوە کە پەیکەرتاشو فەیلەسوفەکان ئەیسەپێنن. دا

کەواتە ئەگەر هۆنراوەی پێش شۆڕشی تەکنەلۆجیا پێویستبوبێ چاکبێ، ئەوا هۆنراوەی دوای ئەو شۆڕشە، پێویستە چاکتربێ. داوەر (حکم)

لەسەر هۆنیاران تەنیا بەهرەکەیانە، ئەویش بەهرەی هەمو هۆنیارەکاننا، بەڵکو چاکترینیان[٤٥] . دوای ئەو شۆڕشە، بەتایبەتی هی ئێستەو داهاتو، ئەبێ زۆر چاکتربێ. کەچی بەداخەوە وانییە! بگرە بەتەواوی پێچەوانەیە لەزوربەی ئەو بەناو هۆنراوانەی کە هۆکارەکانی راگەیاننی پێ پڕئەکرێتەوە. ئەوەش هیچ بیانویەکنیە کەبوترێ مەبەست لەو بڵاوکردنەوانە، هاندانی نەوەی نوێو تازە هۆنیارانە. ئێمە پەرچدانەوەی ئەو بیانوە لەم خاڵانەدا ئەبینین:

1-هۆکارەکانی راگەیاندن، کێڵگەی تاقیکردنەوەنین بۆرێکخەری ئەو جۆرە هۆنراوانە. هۆنیاری خاوەن بەهرەی چاک، لەیەکەم هۆنراوەیەوە دەستی رەنگینی خۆی پیشانئەداو هونەری خۆی ئەنوێنێو جێگەی خۆی لەدڵی وەرگری هۆنراوەدا ئەکاتەوە. هۆنیارە دێرینەکان بەبێ هیچ هۆکارێکی راگەیاننو هیچ هاندەرێ، بون بەو کەڵە هۆنیارانە.

2-ئەمڕۆ کاتی مرۆڤ بەشی خوێندنەوەی بەرهەمە وێژەییە چاکەکانیش ناکا، چجای ئەو جۆرە بەرهەمانە. لەڕاستیشا خوێنەرەوە: بەرهەمی چاکی ئەوێو هیچ گوێ بەوەنادا خاوەنی بەرهەمەکە لاوە یا پیاوە، تازە کارە یا قاڵبوی پیشەکەیەتی. ئەو لەناخیا ئەڵێ کەی بەرهەمەکەت کامڵبو، ئەوسا لێتوەرئەگرم. جگەلەوە، با ئەو بەرهەمانە جێگە لەبەرهەمی چاک نەگرن.

3-هەمو رەخنەسازان لەسەرئەوە کۆکن کە هۆنیارێتی، بەرلەهەمو شتێ، بەهرەیە. ئەگەر بەهرەکە نەبو، بەهاندان کەس نابێتە هۆنیاری چاک ئەگەرچی ئەو کەسە چەندین دیوانی رەشکردبێتەوە بەپیتچنین (نظم).

هۆراس پێش 2 هەزار سال وتوێتی: ( قیزتان لەو چامەیەبێتەوە کە رۆژگارو چاککردنی یەکلەدواییەک دەیانجار مشتومالْیان نەکردبێو وەک نینۆکی لەبناکراو خاوێننەکرابێتەوە (بۆئەم مەبەستە، دروستە: هۆنیار هۆنراوە کۆنەکانی خۆی نۆژەنو خاوێنبکاتەوە-ژیر) هۆ ئەوانەی ئەنوسن، بابەتێ هەڵبژێرن کە هاوتای تواناتانبێ. ئەگەر ویستت فرمێسکم پێبڕێژی،

ئەبێ لەپێشا خۆت هەست بەئازاری گەزین بکەی. ئەوە کە هۆنیار پلەی دوەمی هەبێ، ئیمتیازێکە کە خەڵکو خواوەندو ڕێبازەکانیش بەکەسی نابەخشن. هۆنراوە، پێویستە خەڵک رازیبکا)[٤٦] .

4-هیچ نەتەوەیەک پێویستی بەهۆنیارو هۆنراوەی زۆر نیە. بەتایبەتی لەم سەردەمی زانستو تەکنەلۆجیایەدا. بەڵکو هۆنیاری زۆرو هۆنراوەی زۆر، نیشانەی نەگبەتیو دواکەوتوێتی نەتەوەیە. راستە پێویستیمان بەهۆنراوەشهەیە، هۆنراوە بەشێکە لەپێویستییەکانو لەجوانییەکانی ژیان، بەڵام وەک پێشتر وتمان: هۆنراوەیەکی چاک لەبوارێکا بەشی هەمو نەتەوە ئەکا لەوبوارەیخۆیا. با هۆنراوە بسپێرین بەخاوەن بەهرەکانی هۆنراوە. با نەوەی نوێمان وزەکانی خۆیان زیاتر بخەنە بواری زانستو تەکنەلۆجیاوە.

سەرچاوەو پەراوێزەکان:


١-ر.ا سکۆت جیمس. صناعه الادب. ترجمه هاشم الهنداوی. من مطبوعات دار الشون الثقافیه العامه. بغداد. ێ199.

٢-مجید محمود مطلب . شعر و فلسفه . گۆڕینی فواد میسری. چاپخانەی علا. ل35.

٣-هەمان سەرچاوە. ل 35.

٤- هۆنراوەی من خاوەنی پۆلێ یارم ل 259 دیوانی هەڵبەستەکانی ژیر.

٥-هۆنراوەی رازی مەڕی شار بۆ مەڕی کێوی.ل98 هەمان سەرچاوە.

٦-هۆنراوەی نیگای دیل. ل 384 هەمان سەرچاوە.

٧-الدکتورممدوح حقی- العروض الواضح. دار الیقضه العربیه. بیروت ێ59.

٨-طلال عبدالرحمن.الايقاع بين الشعر والموسيقى.جريده العراق 3905 فى1988/11/21

٩-ئازاد عبدالواحد. شوكرى فەزڵى.گۆڤارى بەيان.ژ145 ساڵى1988 ل24.

١٠-عبدالكريم راضى جعفر. القافيه.جريده العراق1989/3/25

١١-عەلائەدين سوجادى. مێژوى ئەدەبى كوردى1952بۆمێژوى لەدايكبونو كۆچى هۆنيارەكان.

١٢-گۆڤارى بەيان ژ145 ساڵى 1988 14.

١٣-هەمان سەرچاوە ل14.

١٤-حسەين عارف. ورشەى رەخنەيەكى ئەدەبى. رۆژنامەى هاوكارى1988/7/31ل٦.

١٥-د. كاميل بەسير. رەخنەسازى 1983 ل156.

١٦-عدنان عبدالنبى البلداوى.حول دورالثقافه فى تقدير ثقافه الشاعر.جريدەالعراق1989/5/31ل٤

١٧،١٨-هەمان سەرچاوە ل26.

١٩-سەلام. خيام بەكوردى

٢٠-ديوانى بەختيار زێوەر ل118،119.

٢١-پيرەمێرد، رۆحى مەولەوى.

٢٢-هەمان سەرچاوەى ژمارە 1.

٢٣-سەچاوەى ژ ١5 ل156.

٢٤-سەرچاوەی ژ 25 ل157.

٢٥-سەرچاوەی ژ 1 ل7.

٢٦-سەرچاوەی ژ 2 ل35.

٢٧-سەرچاوەی ژ 2 ل36.

٢٨-سەرچاوەی ژ 1 ل124.

٢٩-سەرچاوەی ژ 1 ل123.

٣٠-سەرچاوەی ژ 1 ل123.

٣١-سەرچاوەی ژ ١5 ل97.

٣٢-سەرچاوەی ژ ١5 ل97.

٣٣-سەرچاوەی ژ25 ل197تا207.

٣٤-سەرچاوەی ژ25 ل110،109.

٣٥-حەمید عەزیز. هۆراس. هونەری هەڵبەست چاپخانەی زەمان. بەغدا.

---

١٠٨ بەدڵبون ٤٧ لێدوان لەو توێژینەوەیە لەوانە:

**Awat Sahebqran** گەلێک سوپاس بۆ بەڕێزتان مامۆستا کامیل ژیر، بەڕاستی ژیریت،هیوای تەمەندرێژی و لەشساغیت بۆ دەخوازم، دیارییەکەی ئەم هەفتەیەک زۆر بەپێز و سودبەخشبو، ڕەنگە بۆ هەندێ لە هاوڕێیان نامۆبێت،یاخود شارەزایان لەو بوارەدا کەمبێت، هەر چۆنێک بێت بەلای منەوە زۆر بەسودە،چونکە خەسڵەتی هونراوە، کەلە بەخشانودارشتن،یاخود هەر دەقێکی زانستی و مێژوویی جیادەکاتەوە،لەوەدا ڕەنگدەداتەوە،کە هونراوە،کێشوسەرەوای هەیە،تا بەزیندوی بمێنێتەوە،لێرەدا لێهاتوی هونیار ڕۆڵێکی گرنگ دەبینێت،لە دارشتنی هونراوەکەیدا،وەک هەمو وەستایەکی دەستڕەنگین،کە لە یەکێکەوە بۆ کەسێکی تر جیاوازە، بەلای منەوە ئەوانەی کە ئەو تواناییەیان نیە،خولادانە لەم ڕێچکەیە ،بەزۆر شانیان کردوە بەناو ئەم جیهانەی هونراوەدا،بەناوی ئازادی نوسینوسەربەخۆی بەکەیفی خۆیان وەک فیلێک لەناو دوکانی فەخفوری فرۆشێکدا،بزانە دەرئەنجامەکەی بۆ کوێ ئەڕوات،زۆرن ئەوانەی ئێنتەلای دەماخیان توشبوە،قەڵەموکاغەز بەرگەیان ناگرێت،بگرە خۆشی نوسینەکانی خۆی لەبەر نیە،جارجاریش حونجەی دەکات،من تەنها ڕادەی هزروئێهاتویی ئەمجورە کوڵکە بەناو نوسەرانە،بگرەوەی ئیز عاجم دەکەن،هیچ جورە ئێگەیشتنم بوی نیە بگرە ئەساکی گەر پێی بڵێت: مزگەربو قونبادانیان ئەوتوەبەکوردیوبەکورتی(
ئەوە نیت،کە خوتی پێ پۆلیندەکەیت) جوان بۆی چویت سەروا دەکرێت گۆرانکاری تیابێت هەموی لەیەک فورمدا نەبێت،وەکو بەڕێزتان ئاماژەتان پێکردوە،هونراوەش لەخۆیدا ریتمێکی موسیقی لەخۆ دەگرێت،خوێنەر یاخود بیسەران چاوەڕوانی ئەو جورە شەپۆلانە دەکەن کە بیروهزریان لەگەڵ خۆیدا بەرێت،بۆ قوڵبونەوەی مانای هونراوەکەیان هونیار جارجار پەنادەباتە بەر ترجیع بەند،بۆ سەلماندنی بۆچونەکانی،دوبارە لەگەڵ ڕێزی بێ سنورم بۆ جەنابتان

**Kamil Zheer** مامۆستای بەڕێز کاکە ئاوات، لێدوانەکەتان ئەواوکەری بابەتەکەیە، نیشانەی شارەزاییتانە لەوبوارەدا. منیش ئەزانم ئەم بابەتە بابەتێکی گشتی نیە، تایبەتە بۆ هونیارانو دۆستانی هونراوە. دەستان خۆشو سوپاس بۆ سەرنجە وردەکانتان. لەگەڵ ڕێزی زۆرم.

**Awat Sahebqran**

سوپاس مامۆستا گیان بۆ ماندوبونتان،لەپێناوی وێژەی کوردی و **Kamil Zheer** پاراستنی زمان،کەکوڵەکەی بونی نەتەوەیمانە،ئەوەی ئێستا بەبیرماهات هونراوەی ئازاد سەنگی نیە،وەک زەرکەفتی ئاڵتونە،وەگەرنا ئاڵتونی ساغ نیە،هەردەم شادوبەختەوەربیت

**Kamil Zheer**

**Awat Sahebqran** کێشەکە ئەوەیە ئێمە تا ئێستا، بەدەگمەن نەبێ، ڕەخنەسازمان نیە. بۆیە هەرکەس بەکەیفی خۆی وشە ریزئەکاو ناوی هونراوەی لێئەنێ! . لەوەش کوێرەوەریتر ئەوەیە هیزبایەتی وەک ڤایرۆسێک داویبیەتە ئەم بوارەشو دەهۆڵ بۆ شایەرەکانی خۆی ئەکوتێو بەرزیانئەکاتەوەو ناوی گەورەیان لێئەنێو خەڵکی نەزانیش باوەڕیان پێئەکەن

**Awat Sahebqran**
**Kamil Zheer** کوا لەناو قەومی بەسیتدا،نرخی سینعەتکار
وەکو عەکسی قەسەر وایە لەنێو حەوزێکی لیخندا،
ڕاستە مامۆستاگیان،جاش قەڵەمو، پێنوس فرۆشی زۆرمان هەیە،کەخۆیان داڕوتانوە
لەهەمو خەسڵەتی نوسەروڕەخنەگر،کوڵکە شاعیریش لەولا بوەستێ،کەژان
دەیگرێ،بۆ لەدایکبونی ڕستەیەک،یەک قەڕابە مەشروبودوکەڵ،هیچی لێ بەرهەم
نایەت،خوا تۆمان بۆ بهێڵێت مامۆستاگیان

**Mohammad Barzy** کاکە گیان دەستەکانت خۆشبێت بۆ ئەو بابەتە گرنگ و زۆر بە سودە .. بە دڵ هیوای تەمەنی درێژ و شادیتان بۆ ئەخوازم .

**Abdulla Rashed** بێ گومان هونەر یاخوت شاعر هە میشە لە ناخو ملشکی دا شتە کان لە چە ند وشە یە کی جوان دا نە بکات بە ڕستە و لە شێوە ی هە ڵبەستا کۆی نە کاتە وە و نە ید دابە گوێی خوێنە رو بیستە را هە ستو مانایە کی پڕ چە ژوو واتای جوانی نە دا بە گوێمانا

**MamTaha Pasok** دەستتان خۆش بێ ڕونکردنەوەیەکی زۆر جوانو بەپێزە بەرامبەر هۆنراوە کێش سەرواو وبڕگەکانی دەست خۆش مامۆستا

**Shex Yousif** م بە ریز هوزراوە کاني بە ریزتان بیویستە بە کە وهە ر یان شتیکي وە ك الظاس بنوسریتە وە بە راستي برن لە جواني خواي کە ورە تومان بو بهیلي بە لە شي ساغ بو او بە رهە مە بە بیزانە

12

**Fausy Ramsy** دەستەکانت خۆش و سوپاسی ئەو ڕوونکردنەوە سەنگینەت دەکەین.
خەرمان بەرەکەت.

**عثمان ساوجی** مامۆستای خۆشەویست هەربی بۆ هەربی چاوڕێی بەرهەمە بەپێزەکانتین،هەرساغ و سەلامەت بن.

**Barsan Slemany** دەستخۆش مامۆستا گیان بە کوردی و بە کوردی من چێژ لە هۆنراوەیەك ئەبینم کە وەزن. و قافیەی یەك بێت سوپاس و دەستخۆش

**Jawad Mella** دەستتان خۆش بێت هاوبیر و برای گەورەی هەموو هاوبیرانی کوردایەتی مامۆستا هێژا و دەلال کامیل گیان، خوا تەمەندرێژتان بکات و تەندروست بن.

## چەن وشەیەکی رەوانشاد د.جەمال نەبەز بۆ دیوانی کوردایەتیی

کامیل ژیر چاپی ١٩٦٠

 

---

ئەم کۆمەڵە هۆنراوەیەی ژیر، بەلای منەوە نمونەی هۆنراوەی دواڕۆژمانە. جا کە ئەڵێم نمونەی هۆنراوەی دواڕۆژمانە، وەنەبێ بتوانم بڵێم هۆنراوەکانی لەهەمو رویەکەوە لە چ پلەیەکی هونەردان، یا زاتبکەمو رای خۆم دەربڕم بەرامبەر رادەی بەرزیو نزمیی ئەم هۆنراوانە لەبارەی وردەکاریی بیرو خەیاڵەوە، یا رێکیو ناڕێکی کێشو لەنگەرەوە تابەپێی ئەوە نەخشەیەکی سنور دیار بۆدواڕۆژی هۆنراوەکانی ژیر لەم لایەنەوە بکێشم. چونکە ئەوەی راستیبێ من بەشبەحاڵی خۆم شاعیر نیمو بەهرەی هۆنراوەڕێکخستنیشم نیە، لەبەرئەوە هەر لەئێستاوە ئەم لایەنەی هەڵبەستەکانی ئەسپێرم بەو شۆڕە سوارانەی ئەسپی خۆیان لەم مەیدانەدا تاوئەدەن، با ئەوان هەستو ویژدانی خۆیان بخەنە کارو بەچاوێکی بێ کینەو لانەگیرەوە لێیبکۆڵنەوەو فەرمانی بەسەردابدەن. ئەی جا بۆچی ئەبێ ئەم هۆنراوانە لەچاوی منا نمونەی هۆنراوەی دواڕۆژبن؟.

ئەوەی من بیزانم لەبارەی هۆنراوەنوسینەوە ئەوەیە هیچ شاعیرێکی راستقینە، بگرە هیچ نوسەرێکی تەواو نە لەبەربورە نە لەژێر باری زۆرەملێدا هۆنراوی بۆڕێکئەخرێ یا بەرهەمی نوسینی باشی ئەبێ، بەڵکو ئەبێ هۆیەک هەر هەبێ کاربکاتە سەر هەستو هۆشی ئەو شاعیرەو کورەی دەرونی جۆشبدا، ئەو حەلە هاڵاوی ئەو گڕەی

لەدەرونیدا پەنی خوادۆتەوە، لەشێوەی چەن سازێکو ئاوازێکی رێکوپێکی رستکراوی خۆشا خۆی راپسکێنێتە دەرەوە کە ئێمە بەو ئاوازە خۆشە نەشئە بەخشانە ئەڵێین هۆنراوە. جا لەبەرئەوەی شاعیریش یەکێکە لەم خەڵکەو خەڵکیش هەمو یەکبیرو یەکگیانو یەکدڵ نین، بەڵکو جۆرجۆرو دەستەدەستەو چینچینو هەر دەستەیەش سەر بەبیروباوەڕێکی تایبەتیو شەیدای خەیاڵو کەڵکەڵەیەکی جیان، دیارە هۆنراوەیەکی هەر شاعیرێکیش بگریت، تەنیا کارئەکەنە سەر ئەو کۆمەڵە خەڵکە کە بەهەمان تیری ئەو شاعیرە گرفتارن یا کەمەنکێشی ئەو باوەڕەن کە شاعیرەکە لەسەریەتی، چونکە ئەوانیش هەر مەبەستیان دەربڕینی ئەو هەستەیە کە شاعیرەکە دەریبڕیوە ئەگەرچی ئەوەشیان لەباردانەبێ کە بەو شێوە رەنگینە دڵگیرە دەریبڕن. ئا لەبەرئەوە هەر شاعیرە بەپێی لێکدانەوەو باری سەرنجی خۆی بەرامبەر ژیان، شێعرەکانی بۆ تاقمێ خەڵکی ئەڵێو هەر ئەو تاقمەش بەزۆری تامو چێژ لەهەڵبەستەکانی ئەبینو بەخوێندنەوەی تینوێتییان ئەشکێ، کەواتە ئەو شاعیرانەی هۆنراوەکانیان لەناخی دەرونێکی سورەوەبوی جۆشخواردوەوە نەهاتبێتە دەرەوەو خزمەتی بەبیروباوەڕێکی تایبەتی، یاباری سەرنجێکی ئاشکرای سنوربۆدانراو نەکا، ئەوەندە ناویان لەناوانا نیە، شێعرەکانیشیان هەر تەنیا بایەکی سەرزمینیان لێبدا، جوانەمەرگیانئەکا.

جا کە ئێستە ئەمەیان سروشتی بنچینەیی هۆنراوەبێو ئەوەشیان سروشتی شاعیری راستەقینەبێ، بابزانین ژیر لە چ پلەیەکدایە لەم روەوەو هۆنراوەکانیشی خزمەتی کام بیروباوەڕو رێگە ئەکەن؟

ئێمەی کورد وەنەبێ شاعیری نیشتمانپەرەوەرمان کەمبێ، نەخێر لەچاوخۆماندا نامەخوا شاعیرمان زۆرە، بەڕادەیەک ئەتوانم بڵێم شاعیری وامان بوەو هەیە جێی سەربەرزیو مایەی سانازیی نەتەوەکەمانن وەک خانیو کۆییو بێکەسو..هتد. بەڵام ئەوەی بەچاوێکی بێ لایەوەنەوە بڕوانێتە سامانی هۆنراوەمان، ئەبینێ بەزۆری ئەو هۆنراوە نیشتمانیانەی وتراون،

تەنیا لەتەلی عاتیفەی روتیاداوە، بێ ئەوەی کاریانکردبێتە سەر هەستی ڕاستەقینەو بەناخی بیرو هۆشدا چوبنە خوارەوە، واتا تەنیا دەردەکانی کوردەوارییان بەشیوەیەکی بەسۆز دەرخستوە، ئیتر بەدەگمەننەبێ بۆدەرمان نەگەڕاون پیشانی نەتەوەکەمانی بدەن. ڕاستییەکەی کوردایەتی گەلێ لەوە قوڵترە کە تەنیا زمانێکبێو چەن ملیۆن پێیبدوێن یا تەنیا میراتێکی ڕەگەزایەتییێو پشتاوپشت بۆمان بەجێمابێ، یا کەفوکوڵێکی وەختییێو لەپلەیەکی تایبەتیدا هەڵبچێو هەر لەخۆشیەوە بنیشێتەوەو دابمرکێتەوە، نەخێر کوردایەتی ڕاستییەکی مێژوییە کە خۆی لەشێوەی بیروباوەڕو ڕێگەو رژێمدا ئەنوێنێ، نەک تەنیا جۆشوخرۆشو هەواو هەوەسو بنەچەو ڕەچەڵەک. کوردایەتی بزوتنەوەیەکی مرۆڤایەتی خواناسیی سەرومڕی بێ وچانی هەتاهەتایی نەمرە، نەک پلەیەکی مێژوییو قۆناغەڕێیەکی تەسکوتروسکی بێ ئامانجبێو بەزویەکی زو ببڕێتەوەو بەجێبهێڵرێو بچێتە ریزی نەبوان. بێگومان ئەم بیرە بەرزە وەنەبێ هەروازو چلورە ببەستێ لەمێشکی هەمو خاوەن هۆشێکا بەئاسانی جێبیێتەوە، بەڵکو ماوەیەکی زۆری ئەوێ، ماوەیەکی تاقیکردنەوەو بەهەڵچونو ڕێهەڵەکردنو لادان.، هەتا ڕێی ڕاست دەرئەکەوێ بۆهەموان. دە هونەری ژیری شاعیر لەوەدایە کە هەر لەئێستاوە هەتا ڕادەیەکی زۆر هەستی بەم ڕاستییە کردوە، بۆیە کوڵی دڵی تێکەڵ بەشەپۆلی بیری کردوەو لەشێوەی بیروباوەڕێکی پۆڵایینی پتەودا یەکیگرتوە. هەر لەبەرئەوەشە کە خەڵکی بانگئەکا بۆئەم ڕێگە پیرۆزە. شێوەی هاوارو لاوانەوەو ئاخوئۆف ناگرێتەبەر، بەڵکو وەکو هەمو خاوەن بیروباوەڕێکی بەزات، زۆر بێ باکانەو پڕ بڕوایانە بەجۆشێکی پڕ لەهۆشەوە بانگیانئەکاو پێیانئەڵێ: مەترسن هەرگیز مەترسن ئێوە بۆشتێکی وەختی هەوڵنادەن، بۆشتێکی نەمرو بەرزو پیرۆز هەوڵئەدەن، بەرەو ئامانجێ ئەڕۆن کە تیشکی مەشخەڵە بەتینەکەی هەمیشە سەرەوژورە، هەتاهەتا لەکوژاننەوە بەدورەو ئەڵی:

ئەڵی کردەم جێی داخنیە

کوردایەتیم قۆناغنیە

ئامانجێکە نەمر، پیرۆز

مەشخەڵێکە بۆگەلو هۆز

فەلسەفەو باوەڕو بیرە

رێگەی پیاوی داناو ژیرە

بێگومان بیروباوەڕێ کە لەسەر راستییەکی مێژویی وا بنجبەستو پتەو دامەزرابێو ششتێکی لەروخاننەهاتوی لەنەمان بەدورینەمربێ، دیارە ئەو بیروباوەڕە زۆر سەربەرزو پیرۆزە، هەرکردەو کۆششێکیش بکەی لەپێناویدا هێشتا هەر کەمەو نابێ دەربەستبی، بەڵکو هەمو جۆرە فیداکارییەک لەو رێگەیەدا هەرزانە، جا بۆیە ژیر مانو نەمانی خۆی ئەبەستێ بەو ئامانجەوەو نەمریی خۆی لەو خەباتەدا ئەبینێ کە بۆئەو ئامانجە نەمرە ئەیکا. هەروەها پاشەڕۆژو ژیانی خۆشی ئەبەستێ بەو پاشەڕۆژو بەو ئامانجەوە، چونکە ئەوەیە ژیانی راستەقینە، ئەوەیە مانەوەی ئەبەدی. هەر لەبەرئەوەشە ئەیەوێ بمرێ لەپێناوی ئەو ئامانجەدا بۆئەوەی گیانی هەرگیز نەمرێ، جا بەدەنگێکی زوڵاڵەوە ئەڵێ:

ببین بەتۆزی خۆڵەمێش

چاوی دوژمن بێنینە ئێش

تا کوردستانی بەرینمان

نەکەین بەبەهشتی ژینمان

نەچێژین تامی خۆشی خەو

ملکەچ نەکەین بۆئەمو ئەو

بۆئەم خواستە هەڵسین بچین

تەنها بۆئەو بژین بمرین

چەندە خۆشە وەک مەشخەڵێ

پیاو بسوتێ بۆڕێی گەلێ

چەن شادییە باوەڕکردن

بەژیانی بۆژین مردن

ژیر ئەو رێیەی گرتوێتی بەهیچ کلۆجێ بەریناداا، بەڵکو ئەیەوێ هەمو هەڵسوکەوتی خۆیو کۆمەڵو هەمو مرۆڤایەتیو سەراپا ژیان، بەپێی توانستی خۆی لەگۆشەی باری سەرنجی ئەو رێگەیەوە تەماشا بکاو لەئاوێنەی ئەو بیروباوەڕەشدا ببینێ، چونکە پاکترینو بێگەردترین ئاوێنەیەکە بۆدیتنی هەموجۆرە هەڵسوکەوتێ، چ تایبەت چ گشتی.

لەبەئەوە هەندێ سروشتەکانی ئەو بیروباوەڕە پیشانئەدا وەک بێ زیانیو دەسنەوەشاندنو پەلامارنەدانی ناڕەواو رێزگرتنی گشت گەلانو دۆستایەتیکردنی لەگەڵ دۆستەکانیان. بۆوێنە کە دێتە سەر باسی ئاشتی، بەهەمو دڵێکەوە ئاوات بۆئەو رۆژە ئەخوازێ کە فریشتەی ئاشتی باڵ بەسەر هەمو جیهاندا ئەکێشێو ئەڵێ:

ئێمەی کورد، ئێمەیگورد

گەلێکین بێ زیان

دۆستی گشت میللەتان

بۆئاشتیو ئاسایش

گۆرانیو ستایش

ئەبێژین هەمومان

بەڵام ئایا ژیری هەڵگری ئەم بیروباوەڕە، ئاشتیێ بەهەمو نرخێ ئەوێ؟ ئایا پێیوایە ئەگەر شەپازلەیەکیان سرەواندە لای راستی، خێرا لەخۆیەوە لای چەپی رائەگرێ بۆشەپازلەیەکیتر؟ نەخێر ژیر ئاشتیی بەسەرزەرزییەوە ئەوێ، ئاشتیی بۆیەکئەوێ تاموچێژ لەژیان وەرگرێ، ژیانیش هەرئەوەنیە بخواو بنوێو رۆژیلێهەڵبێو ئاوابێ. ژیان ئەوەیە پیاو ئازادو سەربەخۆو خاوەنی خۆیبێ، نەک دیلو ژێردەستەو نۆکەربێ، دەدیارە ئاشتیی ناوێ هەتا بەئاوات نەگاو هەست بەئابڕومەندیی خۆی نەکا، بۆیە ئەڵێ:

ئاشتی لای ئێمە ژێردەستی نیە

ژیانی دیلی سەربەستی نیە

کاتێ کوردستان گەیشت بەهیوا

بەسەربەرزی تیا هەڵکرا ئاڵا

ئەوساکە ئاشتی پێمانڕەوایە

بۆ کوردایەتی کالای بلایە

بەکورتی ژیری خاوەن بیروباوەڕ، ئاشتیی لەترسانا ناوێ، ئاشتی لەلای ئەو سەرشۆڕیو سەلامەتی نیە، بەڵکو هەستی مرۆڤایەتی وایلێکردوە کە هەمو دەم ئاشتیخوازێکی راستەقینەبێ، ئەگینا بۆخۆبەختکردنو فیداکاری ئامادەیەو کۆڵنادا هەتا هەمو لایەکی وڵاتەکەی بەمافیخۆی نەگا:

ئێمە رۆڵەی بیری تازەی رابەرین

ئێمە کوردی جەربەزەی تێکۆشەرین

بۆ وڵاتو سەربەخۆییو ژینی شاد

خوێن ئەڕێژین

لەش ئەنێژین ئەفسەرین

بۆکوشتار بۆکوشتار

ئێمە رۆڵەی پێشڕەوین

پەیڕەوی رێگەمان

خەباتەو تێکۆشان

نابەزین ئەجەنگین

تاکو ماف ئەسەنین

بۆ هەمو کوردستان

کەواتەژێر ئەم ئاشتییەی بۆیە ئەوێ کە مرۆڤایەتیو نەتەوەی کورد، کە ئەویش بەشێکە لەمرۆڤایەتی، تامو چێژ لەژیان وەرگرێو لەوڵاتی خۆیاندا سەربەرز رابوێرن وەک کوڕی باوکی خۆیان، ئەگینا مردنی پێ باشترە لەژیانی ژێرچەپۆکی:

ئاشتی پەروەرین

دوژمنی شەڕین

بۆکوردایەتی

گونجاوە ئاشتی

ئاشتیمانئەوێ

کە کورد بسرەوێ

راستییەکەی ئاشتی لەپیرۆزترینو بەرزترین ئاواتەکانی هەمو کوردێکی بەشەرەفە کە خاوەنی بیروباوەڕی کوردایەتیی راستەقینەبێ، بەڵام بەسەربەرزییەوە نەک بەسەرشۆڕی، چونکە هیچ کاتێ نەبوە مەڕو گورگ لەیەک کانی پێکەوە ئاوبخۆنەوە، یا زۆردارو زۆرلێکراو قۆڵبکەن بەقۆڵی یەکدا، هیچ کاتێکیش پیاوی بەشەرەف ئاشتیی ناوێ بەدیلی، ئاشتیش بەرپا نابێ هەتا هەمو گەلانی جیهان، وردو درشتیان، پێشکەوتوو پاشکەوتویان بەتەواوی ئازادو سەربەخۆ نەبنو بۆئامانجی بەرزو پیرۆزیان هەوڵنەدەن دور لەچەوساننەوەو مادەپەرستی. بۆیە پێویستە لوتی زۆرداران بشکێنرێو سەریان بنەوێنرێ. دیارە ئەوەش بەخۆبەهێزکردنو چاکبەلاداکردنو دەسەڵات پەیداکردنو شوێن کەوتنی بیروباوەڕی راستو بێ خەوش ئەبێ، بیروباوەڕێ کە بۆبەرزیو گەشەپێدانو پێشخستنی نەتەوە هەوڵبدا بێ ئەوەی بەقەد مویەک لەسنوری مرۆڤایەتی دەربچێ. بیروباوەڕێ کە گیانی یەکسانیو دادپەروەری بڵاوئەکاتەوە بێ دروستکردنی دوبەرەکیو ناکۆکی، هەتا پاڵ بەخەڵکەوە بنێو بۆپێشەوە بیباو نەیەڵێ مۆتەکەی نائومێدی سواری کۆڵەی سنگی بێو پشتی ساردبکاتەوە، بیروباوەڕێ کەتەنیا لەسەر بنچینەی مادەپەرستی، یا لەسەر خەیاڵخوازیی روت دانەمەزرابێ، بەڵکو چاکەو باشەی هەردو لای لەیەک بۆتەدا توانبێتەوەو کردبێتی بەبناغەی خۆی، جا دیارە بیروباوەڕی وا بەرز، دوژمنانی مرۆڤایەتی ئەوروژێنێو راستیانئەکاتەوە لەخۆی، بۆیە ژیر پەنا ئەباتە بەر هێز، چونکە پێیوایە بەمافی خۆی ناگا بە زویەکی زو تا گۆشتخۆرە دو پێکان دەرسدانەدرێنو چاوترسێن نەکرێن، ئامانجی لەم هێزەش تەنیا مافوەرگرتنو پاراستنیەتی، ئەگینا هیچ نیازێکی پیسی پێینیە:

ئەبێ بەهێزبین بۆئەوە ئاشتی

ببێ بەکاڵا بۆکوردایەتی

ئەبێ تەقەلای بێوچان بدەین

ئاشتی خەڵاتی کوردستان بکەین

کاتێ میللەتان ئەژین وەک برا

هەریەک بەهیواو ئامانجی بگا

ژێر وردەوردە دەستئەخاتە سەر هەندێ لقو پۆپی ئەم بیرە بەرزەو دەریئەخا کە چۆن پیاو ئەبێ لەپێناوی گەیشتن بەئامانجی خۆی تێکۆشێ، بی پشتساردبونەوەو هیوابڕانو نائومێدبون، کە ئەمیش یەکێکە لەسروشتە بەرزەکانی ئەو رێگەیە، بۆیە هەرگیز پشتی ساردنابێتەوەو بەچاوی بەدبینانەوە ناڕوانێتە جیهان سەرەڕای پەشۆکاویی ئێستای نەتەوەکەی، بەڵکو هەموکاتێ پێیوایە مەبەستەکەی وا لەدەستیایەتی وەک ئەڵێ:

زەنگی ئەمجارە زوڵاڵە

نە ئاخەو نەئای

چریکەو بانگەو هەڵاڵە

بەسۆزە هەوای

چریکەی کوردی دلێرە

بۆ کوردستان

لەکۆڕایە، نەڕەی نێرە

ئەڵێ ژیان

ئەڵێ داڕژاوین، پڕین

بەبیری نوێ

چالاکو نەبەردو دڕین

بیگرنە گوێ

ئەزانینو دامان ناوە

قۆناغی رێ

ئەگەرچی رێگە تەنراوە

بەڵام لەکێ؟

لەگەڵێ چاوی خەواڵوی

هەڵهێنابێ

پەڵاسی کۆنی ئاوەژوی

فڕێدابێ

گەلێ بانگەوازی بڵێ

ئەبێ بژین

ئەبێ بۆ بۆنی هەر گوڵێ

خوێن برێژین

ئەبێ تێزی جەنگو شۆڕش

قوربانی بێ

سوپای راپەڕینو هێرش

یەکسانی بێ

گەلێ ئەمانەو نەبەزین

پێرەوی بێ

کام رێگرو دێوی زەمین

لەوێزەیدێ!!

ئەو گەلە ئەبێ کاروانی

لەگەڵ ئاوات

بگاتە مەنزڵ، سامانی

بۆ خۆی ببات

ئەبێ بژیو کامەرانبێ

هێمنو مەنگ

دور لەدیلیو لەزیانبێ

وائەڵێ زەنگ!

ئەوی راستیبێ ئەم هەستە بەسۆزەی ژیر کە بەبیروباوەڕی نەتەوایەتی گۆشکراوە، تێکڕا لە هەمو هەڵبەستەکانیدا ئاشکرا دەرئەکەوێ. بۆوێنە کاتێ ئەیەوێ لاپەڕەیەکی رۆشن لەخەباتی رابوردوی نەتەوەکەی بخاتە پێش چاو، هیچ ناکەوێتە گریانو ئاخو ئۆفو سکاڵا بۆبەرنەگرتنی یەکجاری خەباتی رابوردوی، بەڵکو پەیمان ئەدا کە رێگەی کوردایەتی بەرنەداو بەڵێن ئەدا کە هەتا دوا دڵۆپی خوێنی لەو پێناوەدا بڕژێنێ تا ئەگاتە ئەنجام، بۆیە لەیادی عەولە سیسەی قارەمانی شەشی ئەیلولدا ئەڵێ:

ئێمە کوردین، بۆکورد ئەژین

کوردستانی جوانی بەرین

هی خۆمانەو بۆخۆمانە

بەدەربێ نێروی بێگانە

-----------------

ئەی شارەکەی عەولە سیسە

بەڵێنبێ ئەو دەستە پیسە

کە هەروا بەدەستی ئانقەست

جۆگەلەی خوێناوی هەڵبەست

ئەبێ ئێمەی دڵسۆزی تۆ

ئێمەی کوردی نەوەی ئەمڕۆ

بۆتۆڵەی خوێنی رژاوت

کوردستانی زەوتکراوت

پشتێنی تۆڵە ببەستین

نەیکەینەوەو رانەوەستین

تا تێکڕا ئەم خاکە پاکە

خاکی ئەم کوردە چالاکە

ئەخەین بەدیار، یەک تەنوپۆ

بەدەوڵەتێکی سەربەخۆ

هەروەها لەهەڵبەستی کوردستانی مندا ئەڵێ:

چەندە خۆشە بۆقەومو خوێش

بم بەئاگر بەخۆڵەمێش

پەیمانە دوا تنۆکی خوێن

لێرەبێ یاخود لەهەر شوێن

بەقوربانی ئەوی ئەکەم

بۆئەو ئەژیم، سامانەکەم

لەگەڵ گۆشتو ئێسکی لەشم

بۆئەوەو خۆم لێی بێبەشم

لەهەڵبەستی ئامانجی مندا ئەڵێ:

من کە دیم لەرەی شنەی شەپۆلی ئاڵای کوردستان

تێکەڵاو ئەبێ لەگەڵ جریوەی ئەستێرەی بەیان

ئەو کاتە هیواو ئامانجی دورم هەردو پێکەوە

ئەبن بەپرشنگ، گوڵاڵەی سورم ئەگەشێتەوە

لە هەڵبەستی کاروانو نەورۆزدا ئەڵێ:

کەخۆری گەش لەئاسۆی سڕ گزنگیدا

شۆڕشێکی واگەرموگەڕ بەرپا ئەکا

کوردستانەکەی بەشکراو، فەرامۆش

وەک ئاگرو ئاوی کوڵاو دێنێتە جۆش

لە هەڵبەستی، تۆئازادی ئەی برای کورد، بەزمانی داگیکەرانەوە ئەڵێ:

من تۆمئەوێ تۆی خۆشەویست

بەمەرجێ هەرچیم لەتۆ ویست

ملکەچو کوڕنوشبەرمبی

هەتاهەتا نۆکەرمبی

-----

کاتێکیش دنیا خۆشیبو

بەرگی ئاشتیمان پۆشیبو

بۆم هەڵپەڕە لەسەر شانۆ

خواستم چیبو پێم مەڵێ بۆ

-----

ئیتر منو تۆ هەریەکین

ئەمڕۆش نەبێ سبەی ئەبین

بەیەک لەشو بەیەک زمان

برام ئائەمەیە ژیان

هەروەها لەهەڵبەستی چەپکێ گولدا ئەڵێ

ئەمڕۆ ئەبینم نیشتمان

وەک گوڵاڵەی بەهاری جوان

کەڵمی سورو چاوی گەشە

تومەز بیرێکی بێ خەشە

تیا بڵاوەو ئەڵێ دەی زو

بۆکوردستانی یەکگرتو

لاموایە ئەم لێکۆڵینەوە سەرپێیە، رێبازی هۆنراوەکانی ژیری بۆدەرخستین، لەهەمان کاتدا، تا ڕادەیەک، سەنگوسوکیی ئەو بیروباوەڕەشی پیشاندایین کە بۆتە ترازو بۆئەم هۆنراوانە. دە بەلای منەوە ئەم بیروباوەڕە ئەوەندە بەرزو بەکێشو نەمرە، هەرئەبێ رۆژێ لەڕۆژان جێی خۆی بکاتەوە لەدڵودەرونی ملیۆنەها کوردی خاوەن هەستو هۆشی بەشەرەفداو لەخەوی کەساسیو کوێرەوەری رایانچڵەکێنێ. ئەم بیروباوەڕەش نە روخانی بۆهەیە، نە نەمان، نە بەزینو نە کۆڵدان بەرامبەر بەگشت دوژمنان، چونکە لەسەر بناغەیەکی داڕێژراوی جۆشخواردو دامەزراوە، ئەگەرچی بەڕواڵەتیش سەروفەساڵی زۆر جواننەبێو نەچێتە دڵی هەمو کەسێکی ئەمڕۆوە، بەڵام دڵنیام هەمو بیروباوەڕێکیتری پڕ لەمادەپەرستیو بێگانەپەرستیو خەیاڵیخاو، هەرچەندە بەرگەکەی جوانو دورکوژو هەڵخەڵەتێنەربێ، هەرچەندە سەر بەبەرەیەکی بەهێزی بەدەسەڵاتی بەسامبێ، بەلای منەوە وەک تەنافی جاڵجاڵۆکەیەک وایە کەچەند ساڵێ جاڵجاڵۆکەی بەسەزمان هەوڵی لەگەڵئەداتو تانوپۆی ئەتەنێ، کەچی پیرێژنێ بەسەرە گسکێ رایئەماڵێو فڕێی ئەداتە ریزی نەبونەوە.

دە کە ژیر شاعیرێبێ هۆنراوەکانی لەچواچێوەی بیروباوەڕی کوردایەتیدا ئاوێزە کرابن، بێگومان هەتابێ رۆژلەدوای رۆژ، هۆنراوەکانی بەتامترو

لەبارترو بەدڵی ژمارەیەکی زیاتر لەخەڵکی ئەبن. واتە ئەبنە نمونەی هۆنراوەی پاشەڕۆژمان.

ئنجا ئیتر ناهەقمە بڵێم هۆنراوەکانی ژێر نمونەی هۆنراوەی پاشەڕۆژمانن؟

بێگومان من وا بەبیری خۆم ئەم چەند وشەیەم نوسی، جا رەنگە ئێستا ژمارەیەکی زۆریش پێی پەستببن، لەگەڵئەوەشدا من هیچ دڵم لەخۆم دانامێنێ، چونکە پێموایە راستیودروستی بەزۆرو کەمینیە، بیری راستیش هەرجێیخۆی ئەکاتەوە لەناوناوانا، ئەگەرچی چەن کەسێکی کەمیش لەدەوروپشتیبن، بیری چەوتو چەوێڵیش ئەڕوخێ ئەگەرچی هەمو جیهانیش پشتی بگرێ. لێرەداقسەی ئەو زانایەم دێتەوەبیر کە بۆیەکەمجار وتبوی ئەرز خڕەو لەسەرئەوە بردیان بیخنکێنن، لەکاتی خنکانندا وتی باشە ئێوە من بخنکێنن، قەیناکە بابمرم، بەڵام ئەوە نازانن کە بەخنکاننی من، ئەرز لەخڕێتیی خۆی ناکەوێ.

راستیەکەی ئەو زانایە نەیتوانی بەڵگەی بنجبڕ پیشانی خەڵکی ئەو دەمەبدا بۆخڕێتی ئەرز، چونکە پێشەکی بریاریاندابو باوەڕی پێنەکەن. لەبەرئەوە ئەوەی پێشەکی بڕیاریداوە کە ئەم چەند دێڕەو ئەم دیوانە، ئەبێ خراپ بدرێتە قەڵەم، من هیچ بەڵگەیەکی لەمە زیاتری بۆناهێنمەوەو تەنیا رەوانەی پاشەڕۆژی ئەکەم، چونکە پاشەڕۆژ بەڵگەی چاکچاکی ئەداتە دەس. هەرچیش بژی ئەبینێ.

ئیتر هەر ئەمەندەو پشت بەخواو نەتەوەی کوردی قارەمان.

جەمال نەبەز. بەغدا. پێنج شەمە ١٩٦٠/٤/٧

شیاوی وتنە ئەم چەند وشەیەی پرۆفیسۆر دوکتۆرجەمال نەبەز، وەک پێشەکییەکبو بۆدیوانی (کوردایەتی بیروبوەڕمانە، ئامانجی نزیکو دورمانە) کەساڵی١٩٦٠ بە ٣ هەزار دانە چاپکراو کتێبخانەی سیدیانیش

لەسنە ٤ جار چاپیکردۆتەوەو هاوبیرمان فوئاد سەراجیش، جارێک خۆیو جارێکیش لەڕێگەی گروپی رۆشنبیریی گوڵیارەوە، چاپیکردۆتەوە لەناو پەرتوکی (کوردایەتی بیری زیندوە).

هۆنراوەکانم 4 بەشن. 1-نەتەوەو نیشتمانم 2-سرودەکان 3-لانەی دڵان 4-کۆچی ئازیزان

بەشی یەکەم: نەتەوەو نیشتمان:

## کوردایەتی

لەدوای کودەتاکەی قاسم 1958 شەپۆلێکی چەپ، بەجۆرێ خۆی کشان بەسەر ئاسمانی باشوری کوردستاندا کە ئیراکچێتیی کردە نامەیەکی پیرۆزو هێڵی سورو بەزاندنی ئەو هێڵە بوبە بڤە! ناوهێنانی (کوردستان) بەتاوان ئەژمارئەکرا، (کوردایەتی) وەک دیاردەیەکی کۆنەپەرستیو شۆڤێنی سەیرئەکرا! بەلای هەندێکیانەوە کەکەمتر توندئاژوبون، ئەیانوت کوردایەتی ئەگەر دروستیشبێ، ئەوا قۆناغێکە پێیدا تێئەپەڕین بۆجیهانی مرۆڤایەتی! لای ئەوانەش ئەگەر ئەم قۆناغە پەرێندرا چاکتر! چونکە پەڕاندن یابڕینی ئەم قۆناغەیان بەڕێگەیەک ئەزانی بۆمەبەستی گەیشتن بەسۆشیالستیو بازدان بۆجیهانی کۆمۆنستی!

منیش لای خۆمەوە، بەکورتە نوسینێکو ئەم هۆنراوەیەی خوارەوە، لەدیوانی: (کوردایەتی بیرو باوەڕمانە ئامانجی نزیکو دورمانە – چاپی ۱۹٦۰) ئەوەم درکان کە کوردایەتی قۆناغنیە، بەڵکو راستییەکی مێژوییە، خۆی لەشێوەی بیروباوەڕێکی نەمری پێشکەوتودا پیشانئەدا. بیروباوەڕی بەرزو پاکو نەمر کە هۆیەکبێ بۆپاراستنی نیشتمانو بەختیاریی گەل، کوردایەتیش هۆیەکە بۆپاراستنی کوردستانو بەختیاریی کوردو کورد خستنە سەر رێی راست. کوردستانو کوردیش بەشێکن لەجیهانو لەمرۆڤایەتی. کەواتە کوردایەتی وەک لەمرۆڤایەتی جیانابێتەوە، قۆناغیشنیە، بەڵکو هەمیشە بوەو هەیەو هەرئەمێنێو کوردایەتی شانبەشانی مرۆڤایەتی ئەڕوابەڕێوە.

لەوەڵامی بابەتەکانی ئەو دیوانەدا، نوسەرێک بەناوی مهەمەدی مەلا کەریمەوە، بەفەرمانی هیزبی شیوئی، بەناميلکەیەک: (کوردایەتی کامل ژیر لەژێر نەشتەری یەکالاکردنەوەدا – چاپی ١٩٦٠) بەرپەرچی دیوانەکەیدایەوە. نوسەرێکیش بەناوی زەردەشتەوە، بەڕاسپاردەی سەرکردایەتیی کاژیک، بەناميلکەیەک: (کوردایەتی بزوتنەوەو بڕواو رژێمە- نەشتەرە کولەکەی هەمەی مەلا کەریم لەژێر زەبری فەلسەفەی کوردایەتیدا – چاپی ١٩٦٠) وەڵامیدایەوە.

خۆشبەختی ئەوەیە ئیستە (هاورێیانی هیزبی شیوئیی کوردستان) دروشمی سەربەخۆیی کوردستانیان هەلگرتوە، بەدبەختیش ئەوەیە (هەڤالان) و (هەڤاڵانزا)کان دروشمی ئیراکچێتیان هەلگرتوەو فڕکوهوڕیانە بۆدەرباری بەغدا!! ئەمەش هۆنراوەکە:

کاکی برا، هۆ خوشکی کورد

لەهەرکوێ هەی، شەنی یاگرد

وەرە تۆزێ گوێی پیاوەتی

شلکە بۆلای کوردایەتی

بزانە سۆزی ئەم سازە

بۆ کام شوێنەو کام رێبازە

بزانە کوردی کورد پەروەر

بەرەی تۆیە، یابەرەی شەڕ

بزانە ناوی کوردستان

دڵسۆزییە، یاخود تاوان

کوردستانی بەشبەشکراو

چنگ لەگۆشتو خوێنینراو

ئازادبوونو یەکخستنی

دوژمن لەناودەرکردنی

ئەمە لاقرتیو هەلاتە

یاتینو جۆشی خەباتە!؟

کاکی برا، هۆ خوشکی کورد

لەهەر کوێ هەی، شەنی یاگرد

من پێت بڵێم راستو پەتی

بیری پوختی کوردایەتی

بیرێکە پاکو بێگەردە

هەڵگری ئاڵای: نەبەردە

کوردایەتی، واتا ژیان

واتا خەباتو تێکۆشان

کوردایەتی شانازییە

بۆخۆشبەختیو ئازادییە

بۆ ڕۆژێکە کەکوردستان

سەربەخۆبێو گەلی یەکسان

نۆتەی سروودی ئەم سازە

هەواو سۆزی ئەم ئاوازە

هەتا بڵێی دڵگیرە، خۆش

دەماری لەش دێنێتە جۆش

ئەڵێ کردەم جێی داخنیە

کوردایەتیم (قۆناغ)نیە

ئامانجێکە نەمر، پیرۆز

مەشخەڵێکە بۆگەلو هۆز

فەلسەفەو باوەڕو بیرە

ڕێگەی پیاوی داناو ژیرە

کوردستانم خەیاڵنیە

گڕو گاڵی مناڵنیە

ئەگەر کوردستانی بەرین

نەبێ، ئەی کورد لەکوێ بژین

چۆن ژیاون تاکو ئێستا؟

دڵو خوێنیان بۆئەوەستا

یاخود بڵێین کوردی دێرین

ئەگەر نەبێ، ئەی ئێمە چین؟

کاکی برا، هۆ خوشکی کورد

لەهەر کوێ هەی، شەنی یا گرد

وەرە بۆ ئەم بیرو ڕێیە

بۆ ئەم گەلو خاکو جێیە

ببین بەتۆزی خۆڵەمێش

چاوی دوژمن بێنینە ئێش

تا کوردستانی بەرینمان

نەکەین بەبەهەشتی ژینمان

نەچێژین تامی خۆشی خەو

ملکەچ نەکەین بۆئەموئەو

بۆئەم خواستە هەڵسین، بچین

تەنها بۆئەو بژین، بمرین

چەندە خۆشە وەک مەشخەڵێ

پیاو بسووتێ بۆڕێی گەلێ

چەند شادییە باوەڕکردن

بەژیانی بۆژین مردن

١١٣ بینین ٥٣ لێدوان لەوانە:


Sadeq Hamagharib Kader ده ست خوش به ریزم دیته وه یادم نه و کاته له
راوندوز بوین نه وه ی باسی کوردو کوردستانی بکردایه وه ک شه یتان ره جمیان نه کرد.
وه نه م کاره له ولاته سوشیالیسته کان په یره و نه کرا تا وه کو دارمانی یه کیه تی سوفیه
ت وه هه لوه شانه وه ی ولاته سوشیالیسته کان له نه ورویا وه هه ر نه ته وه یه ک بونه
خاوه ن ولاتی سه ربه خوی خویان وه ئاوه کو ئیستاش دوژمنه کوشته ی ده سه لاته کونه
که ن که چی براده ره کانی ئیمه دانی پیا نانین.

Jemal Nebez کاکە کامیل گیان ، بیرتە کاتی خۆی پێشەکییەکم بۆ چاپی ئەم کۆمەڵە
هۆنراوانەت نووسیی و گوتم ئەم هۆنراوانە دەستنیشانکەری دوارۆژمانن......... ،
بەڕاستیی سەردەمێکی زۆر سەیر و سەمەرە بوو لە مێژووی کورددا ، هیوام وایە
کۆمەڵگەی کوررد وانەیەکی لێوە وەرگرتبێ ، دەڵێم (هیوام وایە)، چونکە لەوکاتەوە تا ئێستە
هەر لە (پیرقال و برازاکە ) تێپەڕنەبووە

**Sadeq Hamagharib Kader** دكتورى به ريز له بيرمه له هه ولير ئه و كاته ى به ريزتان له هه ولير ماموستا بويت منيش قوتابى بووم به ريزتان كاتى دواى نيوه روتان ته رخان كردبو بو فيركردنى قوتابيان نوسينى كوردى به زمانى لاتينى وه زور له شوعيه هه ره مه كيه كان به رهه لستى ئه م كوششه ى به ريزتانيان ئه كرد له به ر ئه وه ى كوردايه تى قه ده غه بو (مد الاحمر)به لام به بازوي قوتابياني ده ره وه ي شاري هه ولير توانرا له هه لبژاردنى يه كيه تى قوتابيان يه كيه تى قوتابيانى كوردستان سه ركه ويت وه ئه م ئازايه تيه ئه گه ريته وه بو دكتورى به ريز.

**Kamil Zheer** کاکە جەمال گیان، ئەو پێشەکییەی تۆو هۆنراوەکان،کاریگەرێتییەکی زۆری لەسەر خەڵکبوە. ئێستاش زۆرکەس ئەبینم ئاماژە بۆ ئەو پێشەکییە ئەکەن و ئەشڵێن هەمو ئەو هۆنراوانەمان لەبەرەو لەوانەوە فێری کوردایەتیبوین ( سەیری کۆمێنتەکانی سەیران سەفین و دوکتۆر ئازادو مهەمەد بەرزی بکە لەسەرەوە بۆ نمونە) ئەو قسەیەشت هاتۆتەدی کە وتوتە ( ئەم هۆنراوانە نمونەی دوارۆژمانە) ئەوەتا ئێستا هەزاران نوسەرو هۆنیار وەک ئەوسای ئێمە ئەنوسن و بیرئەکەنەوە. ئەوش رەسەنایەتیی بیری کاژێکە کە ئێمە دارێژەرەکەی بوین. ئەوانەش جێگەی شانازین بۆ ئێمە. ئیتر سروشتی کوردیش وایە دوای مردن قەدری تەواوی پیاوچاکان ئەزانرێ. هەرچۆنێبێ ئێمە هەنگاوی یەکەممانناوە ئەو کەی خۆمان جێبەجێکردوە

**Jemal Nebez**
**Sadeq Hamagharib Kader** چاوەکانت ماچدەکەم سادق گیان رۆژانێکی خۆش بوو بۆم کە لە نێو ئێوەی خۆشەویستدا بووم ، سەرەڕای هێندەک گیروگرفت کە دەهاتنە ڕێمان . هەر شاد و تەندروست بمێنیت

**Jemal Nebez**
**Kamil Zheer** کاکە کامیل گیان ، خۆ شێخ سەلامییە هەڵە نەیگتووە: قەدری یەک ناگرین هەتاکو نەمرین .......... مەگەر لە قەبرا بۆ یەکتر بگریین . هەر شاد و تەمەندرێژ بییت

**Sadeq Hamagharib Kader** ده ست خوش به ريزم ئيته وه يادم ئه و كاته له راوندوز بوين ئه وه ى باسى كوردو كوردستانى بكردايه وه ك شه يتان ره جميان ئه كرد. وه ئه م كاره له ولاته سوشياليسته كان په يره و ئه كرا تا وه كو ئارماني يه كيه تى سوفيه ت وه هه لوه شانه وه ى ولاته سوشياليسته كان له ئه ورويا وه هه ر ئه ته وه يه ك بوئه خاوه ن ولاتى سه ربه خوى خويان وه تاوه كو ئيستاش دوژمنه كوشته ى ده سه لاته كونه كه ن كه چى براده ره كانى ئيمه دانى پيا نانين.

**Kamil Zheer** بەڵێ وایە کاکە سادق، ئێمە لەو رۆژە رەشانەشدا بەرەنگاریان بوینەوەو پەردەمان لە رویان هەڵماڵی. سوپاس بۆ لێدوانەکەتان.

**Sadeq Hamagharib Kader** ماموستاي به ریز ئه گه ر هیز وه کو ئه مانه ی ئیستا به پاره به ند کراون هه ر ئه بی باشتره. ئاگات لیبو له ١٩٧٥ به فیکه یه ک هیز ئه ما چونکه بنیاته که له سه ر بنیاتی نیشتمان په روه ری ئه بو.
خزمیکمان پیشمه رگه بو وه من سه ربه رشتیاری خانوه که یم ئه کرد جار به جار ئاسنگه ریکمان هه بو ده رگاو په نجه ره ی بو ئه کرد وه ئاسنگه ره که ووتی له بیرت دیت من پیش مه رگه بوم لای تو ئه ویش ووتی تو که ی پیش مه رگه بویت تو عه سکه ری فیرار بویت ئینجا هیز پیویست به نیشتمان په روه رانی خو به خش ئه کات.

**Kamil Zheer** کاکه سادق، گریمان ئەوانە زانیان ئەرەب لەئیراق نەبوە، ئایا بەوە ئیراق بەجێدێڵن؟ باوەڕبکە کێشەکە بەڕاگەیاندن چارەناکرێ. ئەمڕۆ دنیا دنیای هێزە. لەگەڵ خۆشەویستیم بۆ بەڕێزتان.

**Sadeq Hamagharib Kader** ماموستای به ریز جیگای نوسینه کانت دیاره به لام داخه که م بو کورد نه یان توانی ئامه ی کوردایه تی بگه ینه ناو کومه لگاکانی دژی کورد وه کو عاره بستان ئه مه ش ئه گه ریته وه هه ر بو (مد الاحمر ).دوستیکی عاره بی شوعیم هه بو بوه به عصی لیم پرسی بوچی له وه لاما ووتی ئه وه ی به ئاواتیو شوعی بوم بکات به عصی بوی کردوم وه توزیک هجومی کرده سه ر کورد وه من له وه لاما پیم ووت تو ئه گه ر میژو بخوینیته وه عاره ب قه ت قاچی ئه خستوه ته سه ر خاکی عراق پیشی ئیسلام وه کورد لیره حوکمیان کردوه (عه گه رگوف )شاهیده له وه لاما وتی ئه مه قسه یه کی گه وره یه وه عاجز بو رویشت. دوای چه ند روزیک هات بولام وه داوای لیبوردنی کرد وه پیی را گه یاندم که وا چوه بو کتیبخانه ی گشتی وه قسه کانی من راست ده رچون که وا پیش ئیسلام عاره ب له عراق نه بوون وه ووتی به لام کورد هیچ نوسینیکی له م باره وه نه نوسیوه وه پیم را گه یاند عاره ب هیچ کاتیک داتی به راستی میژویی نیه و نه بوه. له به ر ئه مه پیویست ئه کات ئه م کارانه وه ریگیردرین بو زمانه کانی تر بو نا سینی کورد. بو کاریک چوم بو عمان وه باوه ریکی ئوردنیم له گه ل بو وه به لای مزگه وتیک تیپه رین وه دا وام کرد با له م مزگه وته نویژی هه ینی بکه ین وه باوه ره که م لای سه یربو وه ووتی تو کورد نیت ووتم به لی وه ووتی ئه ی چون نویژ ئه که یت وه پیم را گه یاند صلاح الدین کورد ئه بو وه قودسی گرت وه ئیسلام ئه بو له وه لاما داوای لیبوردنی کرد وه پیی راگه یاندم که وا لیره کورد به دژی ئیسلام ئه زانن. قوربان شورش به ته نیا بی راگه یاندن نا گاته ئا وات.

**قیس قره داغي** سەد ئافەرین بۆ خۆت و شیعر و بیروباوەری مرۆڤانەت ، زۆر راستە لەو زەمانەو تا مەدی ئەحمەر و تا دواتریش کوردی نەگبەت دووچاری ئەو نەخۆشیە کوشندەیە بوون ، هەر ئێوە بوون تۆ و ماموستا نەبەز و هاورێکانتان ئەو قۆناخە سەختەتان بە رووسپێتی بردەسەر تا ئەمرۆ کە ئەکارم بڵێم زۆرینەی کورد هەڵگری ئەو بیرە نەتەوەییە پاکژەن جگە لە چەن گێلێکی بەرژەوەندخواز کە عیراقیان کردووە بە کەعبەی ئامۆیارەکی خۆیان .. داوەشێن باشترە

**Kamil Zheer** کاکە قەیس گیان: وەک ئوستاد بەشیر ئەیوت کێشەکە کێشەی دیماغ دیماغ! ئەگینا بۆچی ئەبێ ئیراکی داگیرکەر و ئەنفال و کیمیا باران کەعبەی ئامۆبارەکیانبێ! سوپاس بۆ وشە جوانەکانتان.

**أ.د.اسماعيل ابراهيم سعيد** ده ست خوش ماموستا كومان له وه دا نييه كوردايه تي و
مروفايه تي ليك جيا ناكرينه وه. ميلله تي نا زاو قوربا ني ده ره به لام به داخه وه نه
يتوانيوه سه ركرده ي نه واو بييكه يه ني له هونه ري راميارى بكه ن بنتوانن سوود له هه
ل ببينين من من كاتيك ئيستا روو دا وه كاتي ١٠٠ سه د سالي را بوردو به بوجوني خو م
هه لنه سه كينم ميلله ته به سه زمانه كه ي ئيمه كه ليك جار هه لي بو به ربا بووه به لام
سودي لي نه بينيوه بويه ره نكه ناليته كاني ما وه به كي تريش دريزه بكيشي به لام كه شبينم
نه كاته نه نجام جونكه مقوماتي سه ركه وتني تيايه. ريزو خو شه ويستي بو به ريزت

**أ.د.اسماعيل ابراهيم سعيد** ماموستا كيان به هيواي ساليكي برسه روه ري بو به
ريزت ونه ته وه كه مان له دوورونزيكه وه كه شبينييه كي نوي به دي ده كه م.

**Faiza Foad** دەست خۆش مامۆستا ئەمە پێی ئەڵێن تقدم رجعی

**Kamil Zheer** فایزە خان ، ئەوانە سەردەمێک بەو زاراوانە خەڵكیان چەواشە
ئەكرد، بە خۆیان ئەوت تقدمی و بە ئێمەشیان ئەوت رجعی! سوپاس بۆ ئێوەش.

**Aras Saber** ئوستاذي بيري كوردايةتي هةر ماموَستا كاميل ژيرة بةراستي فةخرة بوَ
هةمووِمان وةك كورد كة بياويكي سياسي و دوربين لة ييش زياتر لة ٥٨ سال ييش ئيستا ئةم
هوَنراوةية بنووسيت كة وةك ئةوةي هةموو رووداو و ييش هاتةكاني داهاتوويان لةبةر چاو
بووة بةراستي گوناحة كةسايةتي وةك بةريزيان لة لوتكةي بةرزترين ئاستي سةركردايةتي
كوردستان نةبوون يان سةركردايةتي كورد دةبواية اعتمادي بكردايةتةوة سةر بةريزيان و
چةند سةركردةيةكي كارزيك وةك ماموَستا جمال نةبةز ئةو كات كورد لة ئاستيكي تردا
دةبووين .

**Kamil Zheer** کاکە ئاراس گیان، ئێمە بە درێژایی تەمەنمان، بە پێنوسەکانمان
و بە کردەوەو بە پێشمەرگایەتیش هەر ویستومانە خزمەتی نەتەوە ستەم دیدەکەمان
بکەین بێ بەرامبەر. پۆست و پایە بۆ ئەوان. تەنها واز لە گەندەڵی بێنن! ئەگەر
پرسیارێکیشمان پێبکەن ئامادەین بۆ وەڵام. تۆش هەر شادبی.

**Begard Afandy** دەستتانخۆش بێ ره لە هە ستی نیشتمان پەروەری و سۆز بۆ گەل



**Pshko Amin** شاکارێکی جوان پڕاو پڕ لەهەستی کوردبوون ئای لەو ڕۆژانەی کەئەم
هۆنراوەی دەوری دەبینی یەکێتی قوتابیانی کوردستان لەسالانی ٧١،٧٢ ، ٧٣ داهەمووسالێک
لەهاویندا دەچو بۆ ئوردگا بۆ ناو جوتیارەکان بەتایبەتی بۆ ناوچەی گەرمیان ،بەتایبەتی بۆ
هەشتەزینی لەوسەردەمانەدا لەناو یەکێتی قوتابیاندا دووبەرچون هەبوو یەکێک کوردانەو
ئەویتریان بەحسابی خۆیان چەپانەو مارکسیانە ،بەتایبەتی لە ٧٢ بەدواوە ، قوتابیە
نەتەوەییەکان ئەم دیوانەیان پێبوو هۆنراوەکانیان لەبەر دەکردو بەدەنگەوە هۆنراوەیکانیان
کردبووە گۆرانی و دەیانوتەوە بەسانە بەرەکەیتر بیدەنگ دەکرا ئەوانیش دەبوە مناقەشەو
بگرەو بەردە .سەردەمێکی جوان وخۆش بوو یادی ئەو ڕۆژانە بەخێر، کەپێیان دەوتن
کوردایەتی قوناغەو ئەی دوای ئەوەو ئەی دوای ئەوە چی لێدێت ، دەستەکانت هەر خۆشبێت
مامۆستاکامیل هیوای تەمەنی درێژوتەندروستیکی باشت بۆدەخوازم



**Azad Saadi Saeed** مامۆستا، دەست خۆش! هەموو هۆنراوەکەم ئەزبەر کردووە و
هەموو دەم سەدای ( ئەڵێن کردەم جێی داخ نییە، کوردایەتییم قوناغ نییە) لە سەر زارم بووە.
مامۆستا بە هیوام هەردەم ساغ و سەلامەت بیت، جەنابت مایەی پێنازین و پێزانینی
کوردانیت.



**Mohammad Barzy** شەوێکی ساڵی 1974 بە ڕێکەوت ڕێگام کەوتە ماڵێک لە
مەریوان ، خاوەن ماڵ ژن و مێردێکی گەنج بوون ، خزمەتێکی زۆریانکردم ، کە هەستام
کوڕەکە بە شەرمێکەوە داوایەکی لێکردم و وتی : زۆر دەمێکە عەودالی کتێبی کوردایەتی
کاک کامل ژیرم ، ئەگەر بۆم پەیدا بکەی خزمەتێکی زۆرم دەکەی ... بێگومان هەر ئەو
کتێبە ڕێگای کوردایەتی بۆ من ڕووناککردبۆوە ، بۆیە هەمیشە لە گەڵما بوو ، پاش دوو
هەفتە لە پێنجوێنەوە گەڕامەوە و کتێبە هەرە بە نرخەکەی خۆم پێشکەشکرد و وەکو گوڵ
گەشایەوە . کاکە گیان ئەو کتێبە سنورە دەستکردەکانی دەبڕی و هەزاران هەزار کەسی
خستۆتە سەر ڕێگای ڕاستی کوردایەتی و هەتا ئێستاش ئەو کتێبە چرای چاوەکانی منە .

**Sayran Safeen** ده ست خوش هه ي ماموستاي كوردايه تي... هه م ام نامیلكه يه م هه بوو هه م قسه كاني حه مه ي مه لا كه ريم... ماموستاي مه زن جه مال نه به ز ماموستاي من بوو له هه ولير روز تا ئيواره شه ري بوو له كه ل شيوعيه كان... ايوه به هه ق بياويّ روزاني ته نكانه و سه ر قافله ي كوردايه تي بوون... به لي راست ده فه رمووي له كاتيكدا ته نانه ت فه تلاويش ده لي كورد ده بيته ده وله ت و هيوا ده خوازي يه كه مين سه فيري عيراق بي له كوردستان.. وا جاريكي ديكه تاقمه كه ي كون شه شت و شه شي براپم احمد و نوشيروان به آشكرا كه رة كيانه بمانبه سنله وه به عيراقي عاره بي. اوه مندالكاريكي وه ك هوشيار عبداللاي زر كوري نوشيروان اوه الا تأله باتي خوارزاي جه لال ده بيني جون بو عيراقيان ده خوري.. ده ليم بو او تاخمه باشتره بليم( ميزوو خوي دووباره ده كاته وه ) ... ده ليم كه وره م سه ربه خويي به ريوه يه اوه ي له كه له امه اركيكيّ نيشتمانيه و ده بي جيبه جيي بكا و او شانازية وه ركري اوي تر شه شت وشه شن و به فيتي قاسمي سليماني كار ده كه ن له غه يري سه رشوري به ده ر هيجيتريان بي نابري... جاريكي تر سوپاس بو كه وره بيت به و هيوايه ي ليبراوانه او نوسينة بخه يه قالبي كار كردن و خه لكي بي

**Abdualrahman Xalifa** ماموّستا ژير سلاو بيرمة لة دواي بةياني ئازاري سالّي 1970 ناميلكةيةكي جةنابت مان نةخويندوه به ناوي( كوردايةتي ) بو . وةك وةلاميك بو كاك حةمةي ملا كريم كه شويعي بو ئةو ناميكةيه بو چاپ ناكةيتةوه له گةل ريزو تقديرم

بەدڵمە · وەڵامدانەوە · ٣ ساڵ

**Kamil Zheer** ماموستا ئەبدولرەحمان، 3ساڵ لەمەوبەر ئەو نامیلکەیە 1500دانەیتری لێچاپکرایەوە بەناوی کوردایاتی زیندوە، لەماوەی دو مانگدا هیچی نەما. ئێستا ماموستا فوئاد سەراج خەریکە چاپینەکاتەوە. هەر شادبن.

---

## سامانێکی کوتوپڕ

سامانێکی کوتوپڕ

هی پیاوێکی خڕی پڕ

کۆشکی زۆری هەوادا

بێ گوێدانێ بەواتا

یا رێزێ بۆرەوشتێ

خۆڕاگرتو بەپشتێ

دوایی نوسیی بەئەرەبی

هذا من فضل ربي !!




١١٣ بەدڵبون  ١٧ لێدوان لەوانە:


Nazanin Akram دستت خوش و پر مانایه خوای گەورە پشتیوانت بیت بە صحه ت


Salam Kadir کورت و پوخت و مانا دار ..... دەست خوش


Rebwar Tofik
Aw Tel Gozarishit Lam Rojgarai Esta akat Tawau jeanit honiwatawa Dastakanit Xosh kak kamil taman dreshu lash saxbet

Mohammad Barzy دەستخوش کاک کامل و هیوای تەمەندرێژیتان بۆ ئەخوازم و خوای گەورە بتانپارێزێت .

Jamal Abdulrahman
Supas kaka Shekh
Labo barhama jwanakanit

---

## ئیتر ناچم بۆمزگەوت

ئیتر ناچم بۆ مزگەوت

نەهەمیشە نەرێکەوت

جاران مزگەوت پەنابو

جێگەی ئەوینی خوابو

مەڵبەنی خوێندەواری

کلتوری کوردەواری

ئێستە لەخشتەبردن

مناڵ بەدائشکردن

سەلەفێتیو گەوجاندن

درۆی: بۆبەهەشت ناردن

دەسەڵاتیش کۆڵەوار

سەرخۆشی بادەی دۆلار

هاكا زانيت وەک فتبۆڵ

تێیانهەڵدان،وتیان: گۆڵ!

بۆچی بۆمزگەوت بڕۆم!؟

خواناسین: لەماڵی خۆم

١٠٠بەدڵبون  ٢٥لێدوان ، لەوانە:




---

## دائشرەفتار

تۆ بەڕۆژ ئەخۆی لەكونەماسی

شەو لەجرتاوا خەریکی پاسی!

ئەمە کرداری سەگی خوێڕییە

پێنەزانینو دو ڕو گێڕییە

بەرهەمی پوچی داری بێبەرە

پیشەو رەوشتی ئاژەڵی کەرە

خۆشباوەڕ مەبە، مرۆڤی هوشیار

هەرچی ئەبیستی، بیکە بەپرسیار

کێ دیویە بەهەشت؟ریشپانی جاسوس؟

پڕ کەنیزەکو پڕ هەتیوی لوس!؟

بۆچی دۆزەخ بۆ: پاکی زانایان

بەهەشتیش بۆتۆی گەوجاوی ریشپان!؟

چونکە کارەباو فڕۆکەو ئایفۆن

بەرهەمی کەڵەی پوچو بۆشی تۆن!؟

ئێوە دائشو دائش رەفتارن

کاولکردارو دەستی کوشتارن

کێ گەڕایەوە دوای گەشتی مردن؟

تاکەی کاوێژی جۆی درۆکردن؟

٨٩ بەدڵبون ١٨ لێدوان لەوانە:



## پیتگەلی نامۆ

بەڕێزان، ئەمە دیاریی ئەمجارەمانە:
داگیرکەر،هەر نیشتمانەکەمان داگیرناکا، زمانەکەشمان ئەشێوێنێ. عەرەب عەگاڵ و تورک تەپلە و فارس کڵاوە ، ئەکەنە سەری پیتە کوردییەکانمان. ئێمەش ئەرکی سەرشانمانە ئەو پیتە شێوێنراوە نامۆیانە بگێڕینەوە بۆ دۆخی ئاسایی خۆیان. زمانی کوردی، وەک زمانە ئاری و هیندو ئەوروپییەکانیتر،ئەو 9 پیتەیان تیانیە. تەنانەت عەرەبی سوریاش خۆی لەهەندێ پیتی وەک قاف پاراستوە و ئەلف بەکاردێنێ، تورک کاف، فارس غەین بەکاردێنێ. وەرن با ئێمەش شۆڕشێ لە دژی ئەو پیتە نامۆیانە بەرپاکەین بەمجۆرەی خوارەوەو گوێنەدەینە رەخنەی فەریکە رۆشنبیر و بێگانە پەرستەکان :

هوروژمی پیتی بەکوردی نامۆ

لەگەڵ شالآوی غەزاو ئەنفالا

بەلێشاو هاتن

بەزەبری شیرو رمی پێخاوس

بۆداگیرکاریی سەروسامانو

زمان، هاوکاتن

***

وەك سنو كوللە دایان لەهەردو:

سەرخانو ژێرخان

کوشتنی بیرو کەلتورو باوەڕ

جەردەی زەویو کان

***

دەسیان نەپاراست لەکەفتەکارو

ساوای سەربێشکەو ئافرەتی دوگیان

ئاگر لەجەستەو پەڕاوی پیرۆز

سەرجەم خانەی خوا هاتە داڕوخان

***

ئەی هزرو بازو

رابن، ژێردەستی شەرمەزارییە

کەی گەردنی کەچ

بارو ئاكاری كوردەوارییە**!؟**

رابن لة ثى و حىَ، ذال و صاد و ضاد

طى و ظى و عەين و قاف، نۆ هيڵى لارن

هاتونة ريزى پيتگەلى نەژاد

ناجۆر، نارەوا، ئاژاوەكارن

***

رابن لەوشەی بەو پیتانەوە

چارەگرانە

پیتی زڕەبەر هەر لەڕیشەوە

خاری زمانە

***

کوردی، زایەڵەی:

سازو ئاوازە، چۆپیو ئاهەنگە

بەو پیتانە، وەی:

باری سەرشانە، کێشی لاسەنگە

بۆ گێڕانەوەی بەشێ لەماڵو

مڵکی خاوەن ماف

حێ بەهێ کەنو عەین بە ئەلفو

کاف لەجێگەی قاف

ئەو شەشەیتریان بێ مەرجو سەوا

دەرهاون لەماڵ

یا شەبەیخونی بێگانە بەدەر

یا راپێچی چاڵ

*مەبەست لە بارەگاو نوسراوە کوردییەکانی پێش هێرشی ئەرەبە بەناوی ئیسلامەوە.
**ئەشێ سەرەتا گۆڕینی ئەو پیتانە، نامۆبێ بەلامانەوە. بەڵام کە گوێمان پێیان راهات، ئەبنە ئاسایی.

٦٦ بەدڵبون ١٨ لێدوان لەوانە:

**Shamal Muhamad** ده ستت خوش كاك كاميل به راستي جوان بيرت لي كردوته وه به هيواي ئه مه ن دريژی و خزمه تی ئه ده بی كوردي

**Pshko Amin** دەست خۆش کاک کامیل زۆر ڕاستە پاکردنەوەو دەرکردن و سڕینەوەی هەمووبویەکی داگیرکەران لەناو زمان وفەرهەنگی کوردیدا

**Hakeem Kakaways** مامۆستا، باوەڕ بفەرموو باوک و باپیر و کەسانی نزیکمان لەم ناوچەیەی ئێمەدا، نەیانزانیوە بڵێن "ئاسمان و ئەرز و قورئان"، هەر گوتوویانە "عەرد و عاسمان و قورعان". ئێستاش خەڵک هەر وایان دەڵێن. ئەگەر کەسێ لە بری قورئان سوێند بە (قورعان) بخوا باشتر باوەڕی پێ دەکرێ!! پێم وایە قورگی کوردی حەز لە هەندێ لەو حەرفانە دەکا. ئێوە باسی (غ)تان نەکردووە بەڵام زۆر کەس (غ) دەکەنە (خ) کەچی دایکی زەردەشت ناوی (دوغدو) بووە. خۆ (ث) و (ص) دەستێکە (س)ن و (ذ و ض و ظ)یش بوونە بە ز. (ق)یش ئەوەندە بە قوڕگی کورد خۆشە، زۆر جار لە ئاخاوتندا (ک)ی بۆ دەگۆڕن. کە من (غ)م هەبێ، بۆچی یەغدا بکەمە یەخدا؟.

**Kamil Zheer** کاکە هەکیم: کە باپیرانی ئێمە ئەو پیتانەیان وا دەربڕیبێ وەک تۆ ئەڵێی، ئەوە لە ئەنجامی ژێردەسەیی و کۆیلەیەتییەوە بوە. خۆ تورکیش وەک ئێمەبون! بەڵام کە نوسینەکەیان کرد بە لاتینی، وازیان لەو پیتانە هێنا هەرچەندە پێشی ڕاهاتبون. ئنجا ئەگەر ڕاهاتن بکەین بە پێوانە!! کورد هەزاران ساڵە لەسەر ژێردەستەیی ڕاهاتوە. ئێ؟ چیبکەین؟ واز لە خەباتی ڕزگاری و سەربەخۆیی بێنین! ؟ جونکە ڕاهاتوین!؟ من ساڵانێک لە ئەوروپا ژیاوم، باوەڕبکە لەگەڵ برادەرە کوردەکانمدا لەڕومانئەهات لە ناو خۆماندا ئەو پیتە نامۆیانە بەکاربێنین، چونکە خەڵکی ئەوێ کە گوێیان لەو پیتانەبوایە، وایان ئەزانی ئەرەبین! ئەزانی بەکارهێنانی ئەو پیتانە لەوە ئەچێ ڕانکوچۆغەت لەبەردابێ و ئەگاڵت لەسەردابێ!!؟ لە هەمو بارێکدا ئەوانە پیتی کوردی نین، ئیتر بۆچی زمانە ناسکەکەمانی پێ زبرو ناشیر بنکەین!؟

**Hussein Aziz** سڵاو. ڕاستە ئەم پیتانە (ث، ح، ذ، ص، ض، ظ، ط، ع، ق) کوردیی نین، بەڵام لە هەمان کاتیشدا، عەرەبیی نین، بەڵکوو سریانین. ئەز پێم وایە، پیتەکانی (ث، ذ، ص، ض، ظ، ط) بە هیچ شێوەیە، لەگەڵ خەسڵەتەکانی زمانی کوردییدا ناگوجێن، بەڵام ئەم سێ پیتە (ح، ع، ق) دەگونجێن، ئازە تێکەڵی زمانەکان بوون و هەموو گەلانی جیهانیش، کەڵکیان لە زمانی یەکدی وەرگرتووە. ئاخر عەرەبەکانی (میسر)، باش لە ئەو گرفتە تێگەیشتوون، بۆیە هەردوو پیتی (چ و پ)یان، لە زمانی کوردیی یا فارسییەوە وەرگرتووە و لە نووسینەکانیشیاندا بەکاریدێنن.

30 07 2016

**Kamil Zheer** ئاخر کاک د. هوسەین، ئەگەر ئەو سێ پیتە(ح،ع،ق) گونجاو بونایە تۆ نەتئەنوسی هوسەین ئەزیز!! بە واتایەکیتر، ئەگەر ئەو سێ پیتە گونجاوبونایە لەگەڵ زمانە ئاری و ئەوروپییەکان، کە کوردییش یەکێکە لەو تۆخمانە، ئەوانیش بۆ ئەو پیتانە پیتیان دائەتاشی. بەڵام چونکە ئەوان داگیکراوی ئەرەبنین، ئەوەیاننەکردوە. کەڵکوەرگرتنیش لەیەکدی ئەوەنیە زمانە ناسکەکەی خۆمان بەو پیتانە زبرو ناشیرینکەین. لەگەڵ ڕێزم.



Osman Kakalaw
Barez Kak Kamil på jo bakat zår rssta blam aw PE Wisti BA dl zåzano Wlat parstana Ka zår kamn

Chawrash Alwand مامۆستا دەنگ ( چ بۆ بزوێن بێ چ بۆ نە بزوێن ) لە هەموو زمانێکدا بە پێی پێویست درووست کراون، راستە ووشەی بیانی دەنگی بیانیش لەگەل خۆی دەهێنێ، بەڵام ئەگەر بەرێزت لە رێنووسی ئەڤێستایی بروانی، دەبینی زمانی ئەڤێستایی دەنگی ( ل یا ڵ )ی نییە، بەڵام بۆ دەنگی ( ش ) چوار نیشانەی هەیە، یا بۆ دەنگی ( ی / ێ ) سێ نیشانەی هەیە. لە ڕوی زمانەوانییەوە، هەر دەنگێک مانا بگۆڕێ، دەبێ نیشانەی تایبەتی خۆی هەبێ وەک ڕ و ر لە " کەڕ و کەر "دا، بەڵام سابوون چ بە صابوون بنووسرێ یا بە سابوون ماناکەی ناگۆڕێ کورد ووتەنی کەفیش دەکا چڵکیش پاک دەکاتەوە. ئێمە پێویست ناکا بە ڕێنووسی باوی عەرەبی ووشەکان بنووسین، بەڵام گرینگتر لە شێوەی نووسین، گرنگی دان بە بیرکردنەوە و پاراو بون زمانە، بە داخەوە لە باشووری کوردستان کە بەیەکەوە دەئاخێون، زۆر ووشەی وەک " علم، جسر، عامود، نفق، جلسه، و،،، بەکار دەهێنن، لە کاتێک دا ووشەی جوانی کوردیی: ئاڵا، پرد، دارتێل، بودر، زانکو مان هەیە و خۆی لێدەپارێزن.

Kamil Zheer چاوڕەشگیان : دەسخوش. ئێمە خومانیان لێناپارێزین.

Omed Bilbas دەست خۆش کوربان ، من لەم چرکە ساتەوە پەیرەوی دەکەم ..

Raman Dan تێ بینیە کە ت دروستە بە س ئە بێ بە تێیە ربونی کات رویدا نە ئە بە تۆیزی

Kamil Zheer کاکە زانیار: لەگەڵتام، بەڵام خۆ ئەبێ سەرەتاکەی دامەزرێنین. ئێمە لە چلەکان و پەنجاکاندا ژمارەیەک تازەنوسەربوین، گەلێ وشەو زاراوەمان داتاشی، بۆ نمونە: بازنە(دائرە) کەلە بازنی دەستەوە وەرمانگرت. زۆرکەس گاڵتەیان پێنەکردین! بەپێکەنینەوە ئەیانوت: بازنی ژنانە!! ئەسانوت ڕوژباش، ئەیانوت تاکە کلاش!! ئەسانوت تەوەر (محور) لە تەوەری دەستاڕەوە وەرمانگرت و هتد ئێمە پێداگربوین. ئێستە هەموان بەکاریانئێنن. یا ئێمەش (ح،ع،ق) بکەین بە (هـ،ئە،ک) و لەگاڵتەپێکردنی فەریکە رەشانبیرەکان سڵنەکەینەوە، بەتێپەڕبونی کات ئەچەسپێن. هەر بژین.

## جمەیدێ لەدز

جاران شارێکی وەکو هەڵەبجە، یەک دزی تیابو

تەنیا ئەول بو، جارێ یادوجار پێی هەڵخزابو

ئێستا هەرپارتێ لەوەڕگەیەکەو جمەیدێ لەدز

هەزار درود بۆ: بابو باپیری بابای کفندز
ئەگە پاکژی یەکتۆز بەئابڕوی ئەگەر نەبەردی
خوت نەدۆڕێنی، نەبی بەکەڕەی ناو پارتی کوردی
کە بوی، بۆئەوان ئەبی بەکۆیلەو ئەبێ سەرکزبی
دیلی دەم بەسراو، نۆکەری داماو، یاپەیژەی دزبی
ئەی ئابڕومەندان: ئەم ژینە کورتە، ئەوەناهێنێ
مرۆڤ بۆدراو، یاکورسیی شکاو، خۆی بدۆڕێنێ
٩٠ بەدڵبون ٢٥ لێدوان لەوانە:


Jehan Omer
٣٠ی تەمووزی ٢٠١٦

کورتیلە چیرۆک
نوسینی/جیهان عومەر

دزخانە
هەر کە هەستی دەکرد هاوڕێیەکانی ئەو پرسیارە سواوەی لێدەکەنەوە:
_لە کوێ کار دەکەیت؟
_ئەو بە زووی دەی وت:
_لە دزخانە!!
لای هاوڕێکانی پرسیار و وەلامێکی سەرسوڕهێنەر بوو..بە وەلامەکەی خۆی زۆر دەخەنە دەیگرت و ئەوانی دەخستە بیرکردنەوە ( لە کوێ کار دەکەیت ؟) ( لە دزخانە!!) ماوەی ئەوەی نەدەدان کە درێژە بە پرسیارەکانیان بدەن بۆ دەسکوت کردنیان دەی وت :
_جێگاکەی من جێگای وتنەوەی وانەی دزییە!!
_چۆن دزییەک؟
_دزی سامان..دزی بیر و باوەڕ..دزی نەتەوە..!!

جوانه كاك جيهان دزخانه ي تريش هه يه جونه ناو ريزي هيزبه كان


Awat Sahebqran دەست خۆش مامۆستا زۆر بۆ ئەم پۆلێن کردنەی جەماعەت ،ئەم دز وخەسیوانە،جاران وەکو مشک لەکونەکەدا سەری بەستراوبوون،ئەمڕۆ ئەوانە ئەرانینانە،هەر بژیت بەساغ وسەلامەتی

**Kamil Zheer** مشک هەرچەن جەواڵدڕبێ، ئەنجامی کەوتنە ناو تەڵەیە. دەستو چاوەکانی مامۆستا ئاوات خۆش

**Azad Saadi Saeed** مامۆستای خۆشەویستی و جوانی و کوردایەتی مایەی پێزانین و پێنازینی! خوای گەورە بۆ ئێمەت بهێڵێت و تەمەن درێژت بکات.

**كمال شيخ عبدالرحمن** زور جوان و به هيزه....ده ستان خوش بي ...ريزمان هه يه بو جه نابتان

**Kamil Zheer** ڕێزو سوپاس بۆ هەمو لێدوانەکا، لەگەڵ داوای لێبوردن کەلەکانی خۆیدا بواری وەڵامدانەوەم نەبو.

**كمال شيخ عبدالرحمن**
**Kamil Zheer** .. زور سوباس ماموستاو ..نه ديب و نوسه رو بيرياري نه ته وه يمان ..بيشه نك و خوشه ويست. ....سودله به رهه مه كانت زور وه ر ده كرم ...هه رده م ريزم هه يه ..و

**Kamil Zheer** دڵنیابە لەناخیاندا ئاسودەنین

**Hessen Mela** دەستخۆش مامۆستا زۆربەی ماستاو چییەکان ئەو ڕاستیە دەزانن بەڵام مەخابن......

# دیلان

1- ئەم هۆنراوەیەم لە چلەکەی هاوڕێی وێژەو هۆنراوەو هونەرو زیندانم محەمەد سالح دیلاندا 13/12/1990 لەهۆلی روشنبیریی جەماوەری سلیمانی خوێندەوە .. .لەکاتی خوێندنەوەکەدا ، کە جەماوەرێکی زورو بریکاری وەزیری روشنبیریی عیراق و بەرپرسانی ئەوروژەی رژیم لە سلیمانی ئامادەی بون ، بو بە چەپلە لیدان بۆ هەندێ بەیتی هۆنراوەکە ، بەتایبەتی بۆ (دیلان لەرێی نیشتمانا رێگەو پردبو _ دیلان مروڤی تیگوشەر دیلان کوردبو.. لەنێرگزا بەتاسەوە بۆنی دیلان هەڵئەمژین _ لەنەوروزا هەر ناپاک و ئەژدەهاکە کەئەیکوژین) .. ئەوەبو لە راپەرین و لەنەروزی دوای ئەو بۆنەیەدا ، ناپاک و ئەژدەهاکەکان کوژران .

2- بەریوەبەری کوڕی چلەکە ماموستا مستەفا سالح کەریم چەندجاریک وتی تکایە لە چلەی ماتەمدا چەپلە نیە ، بەلام جەماوەرەکە چەپلەی زیاتری لیئەدا .

3- بۆئیوارەکەی لە هۆلی یانەی پیشەسازی ، بەوبۆنەیەوە ، خوانێک رێکخرا ، کاک خەسرەو جاف دوای ئەوەی مەستبو، هەستاو بەدەنگی بەرز لەبەر چاوی ئەو بەرپرسانە وتی: من لە کامیل ژیرەوە فێری کوردایەتی بوم و بوم بە کاژیک ! بەلام ئەوانیش لەو مەستتربون و قسەکە سەرنجی رانەکیشان ! .

4- ئەمە دەقی هۆنراوەکەیە:

وەرە ئاواز

وەرن ئامێرەکانی ساز

وەرە سۆزی بزرکاوی دەنگی هۆزار

وەرە ناڵەی تورەبونی کەوی کۆسار

لەگەڵ هاژەی ئاڵۆزاوی تاڤگەکانا

لەگەڵ خورەی ئاوی لێڵی جۆگەکانا

وەرن هەمو یەکگرینو بەکوڵ بگرین

مەرگەساتی شیوەنێکی وەها پچڕین

کە زایەڵەی بگاتە لای هەوری ئاسمان

بیگرێنێو دایبکاتە شەستە باران

تەپوتۆزی ئەم پایزە ترسناکە بشواتەوە

پاداشتێکی وەردو باخی وشکی هونەر بداتەوە

دەی هەورەکە بیکە بەتۆف، بەڕەهێڵە، یا بەزریان

بۆ کپ بونی شاگەرویەک کەسەردەمێ ئەیچریکان

نەک بەتەنیا دەماری لەش، یاخود هەناو

ڕەگی بەردی شاخەکانی ئەکرد بەئاو

ئەی هەورەکە، مەگرمێنە، دایکە باران

باڵاتربو لەگرمەی تۆ، دەنگی دیلان

ئەی کۆمەڵی باڵدارانی ئاوازە بێژ

زامێ دای لەجەستەی هونەر، نابێ سارێژ

بچریکێنن، چریکەتان، مەگەر بۆشین، یا بۆگریان

شورەبییە چریکەی دەنگ، دوای چریکەی بەرزی دیلان

ئەی تەلی ساز، مەرگی دیلان، بۆشاییە، کەلەبەرە

مەرگی دیلان کوستی منە، کۆستی تۆیە، هی هونەرە

وەرە هەڵبەست

وەرن بزوێنەکانی هەست

وەرە سۆزی هەستی ناسک

وەرە ئەندێشەی بەباسک

تێکەڵ ڕستەی شینو زاری

لەگەڵ وێژەی وردەکاری..

ڕەوانبێژی؛ لێکچواندن، ڕەگەزدۆزی، درکەو خوازە

هەرچی واتای جوانکارییە، چی بۆ هەڵبەست نۆتەی سازە

وەرن بگرین بۆئەو دەستەی ئەیهێنانە کۆڕو ئارا

بۆنیگارو بۆڕوبەندی ڕیزی وشە لەجێی تارا

وەرە پێنوس، بۆ واقت وڕ، بۆ وەستاوی دەستەوەستان

بۆخۆناکەی بەکۆتەرە، بەخۆڵەمێش، لەدوای دیلان!؟

وەرە بگری، کە گریانیش پرۆستۆی ڕەوای تۆیە

وەرە بگری کەوا ستەم لەگریانیش سڵو کۆیە

ئەی وێژەوان؛ مەرگی دیلان بۆشاییە، تەمی پەستە

مەرگی دیلان کۆستی منە، کۆستی تۆیە، هی هەڵبەستە

باکێشەی زۆر، چەرمەسەری

ئاوارەبون دەربەدەری

هەرچی تریش کەبۆ دیلان باری نوێیە، یا دێرینە

وەکو زامی دڵو ئازار، بابێن بۆئەم کۆڕی شینە

ئەی تاریکی ڕۆژی ڕونی چوار دیواری بەندیخانە

ئەمجارەیان دیلانی دیل توند کراوی گۆڕستانە!

ئەی پێوەندو کۆتو زنجیر، ئیتر چنگی ژەهراویتان

ناگاتە سەر هەستی ناسک، سۆزی خاوێن، گیانی دیلان

ئەی کوردستان، دیلان شێتی سروشتتبو ..

ئەی نەتەوە، دیلان پێزو پڕشتتبو ..

بەیادی کەن، دیلان لەڕێی نیشتمانا، ڕێگەو پردبو

بەیادی کەن، دیلان مرۆڤی تێکۆشەر، دیلان کوردبو ..

ئەی نیشتمان، مەرگی دیلان، بۆشاییە، کارەساتە

مەرگی دیلان کۆستی منە، کۆستی تۆیە، هی خەباتە

بەڕێزەکان، ئەو بەهرەیەی هی ئێوەبو، وا لەسەیوان

وەرن ببین بەکۆتەڵی چلەی ماتەم، چلەی دیلان

وەرن بڵێین دیلانی کورد، دەستی مردن نایمرێنێ

سازو ئاواز، وێژەو هەڵبەست، ویژدانی گەل ئەیژیێنێ

بەرێزەکان، مەرگی دیلان، مەرگی لەشە، نەوەک هی گیان

لەهەرجێیەک، پێویستیبێ، ئامادەیە گیانی دیلان

ئێستە بەدوا، دیلان لەناو دڵا ئەژی، لەچاوانا

لەتریفەی مانگەشەوا، لەشەبەقی بەربەیانا

لەپێدەشتو لەسەر چیاو لەئاسۆدا، دیلان دیارە

لەئاهەنگو زەماوەندی سەرکەوتنا، سەرقەتارە
لە نێرگزا، بەتاسەوە، بۆنی دیلان هەڵئەمژین
لەنەورۆزا، هەر ناپاکو ئەژدەهاکە، کە ئەیکوژن
بەڕێزەکان، کەباخو ڕەز بسوتێنرێ، دەنگی دیلان
ئەچێتە پاڵ دەنگی خیام، ئەبن بەتەم، هەورو باران
ئەبنە بەفر، شەختەو سەهۆڵ، تۆفو زریان، ئەبنە تەرزە
ئەبن بەبا، بەبروسکە، بەلافاوی ڕوی ئەم ئەرزە
کە ڕەز نەما، لەتاو کوپەی بەتاڵی مەی، دو هەستیار
نەخێر هەزار، بۆ گازەرەی پشتی تاوان، ئەبن بەدار
لەمەیخانەی بەبێ مەیدا، نەفرەت ئەکەن لەکاری بەد
ئەبن بەقین، سەری ئاڵۆز، دەسی یاخی، بەکفرەحمەد
بەڕێزەکان: ئەگەر هاتو بەپێنج شەممان
ڕێتان کەوتە دوا مەڵبەندو گۆڕی دیلان
لەوێ نەبو، بۆ هەڵبەستی سۆفی خوازی لەبارەگای
مەحویدایە
لەهەینیدا، بۆ ئاوازی شمشاڵو نەی لەلای دەروێش
عەبدوڵایە ..
لەتاوەگۆز، لای مەولەوی، لەشەممانا، ئەڵاوەیسی

ئەچریکێنیٚ .

بەیەکشەممان، لەلای نالی، یا لای سالم، بژاری خار، گوڵئەچێنیٚ

لەلای بێخود، لەلای نوری، لای کەمالی، بەدوشەممان

گویٚ هەڵخستوی وشەی تەڕە

بەسێشەممان، لەلای گۆران، لای جگەرخوێن، لای قەدری جان

لەشکاری پەپوی شەڕە

بەرێزەکان؛ بەچوارشەممان

ئەگەر چونە گردی سەیوان

گیانی دیلان لەویٚ نەبو لەو مەڵبەندە تەنگو تارە

لەلای گۆڕی مامە کوڕنو، یا وا لەسەر گردی یارە

لەگەڵ گیانی شێخ مەحمودو پیرەمێردی پیری ڕێگە پیشاندەرا

لەگەڵ هەمو هونەرمەندو هەستیارێکو مرۆڤێکی تێکۆشەرا

وەکو خانی، کۆیی، سەلام، هەوری، بیٚ کەس، حەمدی، موختار

زێوەر، جزیر، قانیع، ئەسیر، کامەرانو رەمزیو دڵدار

دەسگیراوی سرودێکی باڵاترن بۆڕزگاری

لەنەورۆزی ئایندەدا، پێشکەشیکەن وەکو دیاری

بەرێزەکان، وای ئەبینم خودی دیلان، جارێکیتر

بژێیتەوە

لەبێستانی داهاتودا، گەشاوەتر

بڕوێتەوە

لەگەڵ گیانی ئازیزانا، بێنەوە کۆڕ، بێنەوە سەرشانۆی ژیان

سەی ئەزغەر وەک سەرقافڵەیەک، زیرەک وێڵی کۆڵوانەسور، تایەر حەیران

مەردان بەئای ئایو سەبا، شەماڵ بۆلەیل هەریَ لەیلیَ، سێوە سەحەر

ئەحەی ناسر بەخاوکەرو، نیگای کابان لەشەقامی چۆڵو سێبەر

کاوێس ئاغا شەڕی دەربەند بچریکێنیَ، بیکا بەگۆڵدەستو دیاری

عارف لەلای جزیرەوە، مژدە بدات: بەفر باری بەفر باری

قادر لەناو پەڕەی گۆڵی سەربەستیا چریکەی بیَ، ڕەشۆل قەتار

قادریتر لەسەر قەڵای هەولێرەوە، مەلا کەریم لەسەرچنار

دەروێش ئەولا بەشمشێرو کەشکۆڵەوە، دەف بژەنیَ، چالاک ئەکتەر

دوپەپولەی وەکو کارزان، وەکو فرمان، بەرەو ئاسۆی ڕونی هونەر

لەجەژنێکی سەرکەوتنا کۆڕیَ بگرن، هەمو بیکەن بەگوڵمەزیَ..

لێوی خەمی ساڵە هامان، زەردەخەنەی ڕزگاربونی تێدا بزیَ..

بەڕێزەکان: کۆچی دیلان، جگەربڕو مەرگەساتە

کۆستی وێژە، کۆستی هەڵبەست، کۆستی هونەر، هی خەباتە

ئەی کاوەی کورد توکوردستان، بەشدارییە لەم کۆڕەدا

ئەی نیشتمان توپیرۆزییت، خەمخواریبە لەو گۆڕەدا

١٤٠ بینین ٥٤ لێدوان لەوانە:




---

## شیفا

دەوڵەمەندێ، خاوەن تەلار

بێ رەنجی شان، پڕلەدۆلار

لەناو جێگەی سەرەمەرگا

هێشتا ئاگا

لەمانەوەی، بێ هیوابو

تۆزێ ویژدانی تیامابو

بەخوڕ گریا

وتی بریا

منیش وەکو شیفا گەردی

وا بەمەردی

لە جیهانا

لەچوار پارچەی کوردستانا

ئەبوم بەگوڵ

ئەچومە ناو ئینجانەی دڵ

نەک بۆمیراتی نارەوام

نەوەم، یەکدیی بکوشتایە

یا چاولەماڵی گەندەڵیم

ئەشکی درۆی بڕشتایە!

پەشیمانم

توف لەخۆمو لەسامانم!

١٠٥ بەدڵبون ٤٥ لێدوان لەوانە:



**Kamil Zheer** بەڵێ وایە کاکە تەیموری بەڕێز، گەندەڵی وەک سەرەتانە، تەبیری بڵاونەبێتەوە. هەر لەم فەیسبوکەدا دیوان/ 1 نوسیومە: ساماتێکی کوتوپڕ، هی پیاوێکی خڕی پڕ ، کوشکی زۆری هەوادا، بێ گوێدانی بەواتا، یا ڕێزێ بۆ رەوشتێ، خۆراگرتو بەبێشتێ، دوایی نوسی بەئەرەبی، هذا من فضل ربی.... ئێوەش هەر شادبن.

**ئیدریس سابیر** مامۆستای بەڕێز هونراوەکە بە ناوەرۆکە ، بەڵام ناوی شیفا گەردی تێیدا نامۆیە ! لە گەڵ ڕێزم

**Kamil Zheer** کاک ئدریس: باوەڕناکەم نامۆبێ، بەڵکو ئەوە پیشاندانی گەورەیی و کاریگەری شیفایە ئەو کەسەی هێناوەتەوە هۆش و پەشیمانی ئەکاتەوە لەرابوردوی و وایلێئەکا بەخورو بگری. لەگەڵ ڕێزم.

**ئیدریس سابیر** مامۆستا گیان بە باوەڕی من لە مێژوی کورد و لە ئیستاشدا کەسانی زۆر هەن کە لە جێی ئەم خانمە ناویان بهاتایە و گوفکارییەکی ئاوها ڕیشەیی لە مرۆڤێکدا بکات . جەنابت کەسایەتییەکی گرنگی کۆمەڵگاکەمانیت ، ڕێگەی تایبەتی خوتت هەیە ، بەڵام زۆرێک لە ئەوانەی هەڵیەی ئاردنی پرسەنامە بوون بۆ ئەو قوربانییە شتی دیکە هاتی داون ، زۆربان بۆ ڕازیکردنی بنەماڵەی بارزانییە کە ئەو خانمە لە خزمەتیاندا کاری دەکرد. ببورە کاتم گرتیت ، حەزم کرد لە خزمەتی بەڕیزتدا ڕای خۆم دەربیرم . هیوای تەندروستی باش و تەمەندرێژیت بۆ دەخوازم

**Farman Amin** هەمیشە هەوێن و ڕەگەزت بووژاندۆتەوە بەرەو سەرکەوتنەکانی تر بێبەش نەبین لە ناوەڕانی بیرەوەریە ڕەنگینەکانت. دەستەکانت خۆشبێت.

**Farman Amin** لای ڤوتابخانەی کوردایەتی هەمیشە بە گەورە مامۆستایان ئەژمێردرێی.

**Saman MA Ahmed** دەست خۆش مامۆستای بەڕێز , بریا لەو کۆتاشدا هێندە مەرد دەبون ..

**Kamil Zheer** باوەڕ بکە زۆر هەن لە دوا قوناغی ژیانیاندا پەشیمانن لە رابوردویان بەڵام لێیان بوتە کوردەناموسی و دەریناپڕن! ئێوەش هەر شادبی کاکە سامان.

**Şara Kamil Jîr**
Dast xosh, zor prraw prra bo kcha hazhareky lehatu chaw natrs, la dilly hamu kurdek u jihana amenatawa ba twanakany xoy u xoshawisty bo karakay #ShifaGardi

**Hallo Barzinjeyie** دەستخۆش تابلۆیەکی شیعری جوان و هەڵوێستێکی نەتەوەییانەی بەڕێز




---

## بۆپێکەنین

با تاوێکیش پێبکەنین!

پیکەنین لایەنێکی گرنگە بۆژیان، زەردەخەنە ئەخاتە سەر لێوان، خۆشی ئەباتە دڵان، ڕەوینەری پەژارەیە،

بۆبیرچونەوەو پشێویو گرژیو خەمۆکی، چارەیە. پارێزەری دڵە، بۆدڵخۆشی هاوتای گوڵە، بزوێنەری جومگەیە، وەرزشی ماسولکەیە، وزەبەخشو کەمکەرەوەی ئازارە، بۆشەکرەی خوێن چارە، ڕێکخەری خەوو دژەپیرییە، مایەی ژیرییە، لابەری ڕەشبینییە، بەخشەری گەشبینییە، گەلێ سودیتریش.

چەنێ سەرم سوڕماوە! لەو جەستەو دەموچاوە!

دیارە پابلۆ پێکاسۆ[1] خاڵو خەتی کێشاوە!

ئەوپەرچەمە شێواوە تاسەر برۆی کشاوە

تاڤگەی نیاگارایە[2] زریانو با لێیداوە

کێشە،وا لەلای چاوە خەرمانەی وەها داوە!

نازانی تیشکی لێزەر[3] یازێڕی بەرهەتاوە!؟

کەمەر،قەدی لاولاوە بەژن، چۆن هەڵکشاوە!

ئەڵێی بورجی ئیڤڵە[4] لەسەر دو پێ وەستاوە

خەو لەچاوی زڕاوە ونیش ببێ، هەر ماوە

هەوریش بەری پێبگرێ مانگەو خۆی مەڵاسداوە

قژی خەیاتەی خاوە بەجۆرێ داکشاوە

وەکو هێڵی ئیستیوا[5] لەقەدیەوە ئاڵاوە

زوڵفی جۆرێ باداوە زۆری پێخەڵەتاوە

وائەزانی ئاوریشمە! تاڵو دەزولەی داوە!

باڵای جۆرێ رازاوە گوڵزارێکی تەواوە

باخچەی کۆنی بابلە[6] تازە شکۆفەیداوە

بە پاکژی هەر ماوە دەسی لێنەدراوە

دیواری دێرینی چین[7] بەدەوریا کراوە !

لەخۆی هیچ نەگۆڕاوە بەڵێنی زۆر تەواوە

وەکو کاژێری بیگ بن[8] بەچرکە لاینەداوە

دەستی گەلێ بڵاوە یاوەری لێقەوماوە

کۆڵی بە زۆری وەکو ئەنجیلا جولی[9] داوە

هونەرمەندی بزواوە ئەوەندە هەڵسوڕاوە

خەڵاتی بەرزی ئۆسکار[10] هەمێشە بەو دراوە!

وشەی، بەزێڕ نرخاوە لەهیچکەس نەبیسراوە

وتاری ئەفلاتونە ئەرەستۆ[11] تیا راماوە!

دنیا سەری سوڕماوە لەم کەینو بەینو باوە

سێگۆشەی پەرمۆدایە[12] چەن فڕۆکەی قوتداوە!

جوانی بەلای باڵاوە! تەن، ئەستێرەی کشاوە

پێیەک لەدەریای سپی پێیەک لەسەر کەنداوە![13]

کوردستان خۆی، رازاوە ئەم گوڵەش تیا رواوە

لێرە شۆخی واهەبێ چیم لەئەوروپا داوە!

پەراوێزەکان:

1-پابلۆ پێکاسۆ: 1881-1973: وێنەکێشو پەیکەرتاشی ئسپانی، یەکێکە لەبەناوبانگترین هونەرمەندانی چەرخی 20. باوەڕبکەن تابلۆکانی جەمال بەختیار، لەوانەی ئەو جوانترن، بەڵام بەخیار هونەرمەندی گەلێکی بێ دەوڵەتە!

2-نیاگارا:تاڤگەکانی نیاگارا لەنێوان شاری نیاگارای ولایەتی نیویۆرکو ناوچەی ئۆنتاریۆی کەنەدی. بەرزییەکەی 56م لەمبەرو54م لەوبەر. 168هەزار مەترسێجا ئاو ئەڕژێنێ، مەگەر چەمی قلیاسان بیگاتێ.

3-تیشکی لێزەر: تیشکێکی کارۆ-موگناتیسییە، روناکی بەهێزتر ئەکا بەجۆرێ ئەیکاتە وزەیەکی بەرزو چڕ لە گۆشەیەکی زۆر بچوکا. بۆگەلێ مەبەستی پزیشکیو زانستیتر بەکار ئەهێنرێ. ساڵی 1960 پەیی پێبراوە. لەلای ئێمەش لەو ساڵەدا وردەوردە پەچە لەسەر روی خانمان فڕێدراو تیشکی چاوە گەشەکانیان بڕێک روناکیی بەخشیە شارستانێتی کەلەپچەکراومان.

4-بورجی ئیڤڵ: لەپاریس ساڵی 1889 لەئاسن دروستکراوە، بەرزییەکەی 324مەترە. بۆتە سیمبولی پایتەختی فەرەنساو لەدنیاوە رویتێئەکرێ. لەسلێمانی سەرمایەدارێکی دانیشتوی دەرەوە، ویستی بورجێکی وەک

ئەوبورجە لەچیای گۆیژە دروستکا، بەڵام مافیایەک پێیوتبو بەملیۆنێ دۆلار واژوی رازیبونت بۆئەکەم! ئەویش وازیهێناو لەگەڕانەوەو لەداخا، کەوتو قاچێکی شکا!

5-هێڵی ئیستیوا: هێڵێکی وەهمیە بەدەوری کەمەرەی زەویداو ئەیکا بەدو بەشەوە، باکورو باشور. بۆزانینی زوربەی کەشی گێتی، سودی لێوەرئەگیرێ. مەگەر پشتوێنی کەمەری فەریق روکنەکەی خۆمان بیگاتێ.

6باخچەی بابل: باخچە هەڵواسراوەکانی بابل، یەکێکبوە لەهەوت سەرسوڕهێنەرەکانی جیهان. نەبوخود نەسر 562-605پ.ز، کە شای بابلبوە، بۆ رازیکردنی دڵی ئومێدی ژنی، ئەو کۆشکەی دروستکردوە. ئومێد شازادەیەکی کوردبوە، باخچەکان بۆئەوەبوە لەسروشتی کوردستان بچێو لەو شارە وشکەدا شازادە ئومێد دڵتەنگ نەبێ. بەرزییەکەی 100م، قات لەسەر قات، روبەرەکەی 14864 مەتر دوجا بوەو بەسەوزاییو گوڵ رازاوەتەوە. مەگەر باخچە هەڵنەواسراوەکانی شاخی نارەنگاوڕەنگی گۆیژە بیگاتێ.

7-دیواری مەزنی چین: یەکیکە لەهەوت سەرسوڕهێنەرەکانی جیهان. بۆپاراستنی ئەو وڵاتە لەچەرخی پێنجەمی پ.ز دروستکراوە بەدرێژیی 2400کم و بەرزیی 7،5م. هەرچەنە ناگاتە دیواری گردەکەی سەرچنار.

8-بیگ بن: بەناوبانگترین کاژێریی جیهانە. 1859 لەلەندەن دروستکراوە بەبەرزیی 96م. ئەگەر کاژێرەکەی ماڵی ئێمەش زوزو خەویلێنەکەوتایە، بەچرکە دوانەئەکەوەت.

9-ئەنجیلا جولی: کچە ئەکتەرێکی ئەمریکییە1975 لەدایکبوە. خاوەنی 7 خەڵاتە. بەکارە خێرخوازییەکانی بەناوبانگە. چەند منداڵێکی بێدەرەتانی لەخۆ گرتوە. ئەڵێن ئەنجیلا جولیەکەی ئێمەش، ئەو سەدان دۆنم زەوییەی بێبەرامبەر وەریگرتوە، تەرخانئەکا بۆکاری خێرخوازی. بەتەمابن!!

10-ئۆسکار: خەڵاتێکی ساڵانەیە (ئەکادیمیای هونەرو زانستی وێنەی بزواو لەئەمریکا) ئەیبەخشێ بە:کاری هونەرەجوانە نایەبەکان، وەک خەڵاتە ساڵانەکانی گۆڤاری گەلاوێژ.

11-ئەفلاتون 427-347پ.ز . ئەرەستۆ384-322پ.ز : دو فەیلەسوفی یۆنانی. یەکەم مامۆستای دوەمبوە لەبواری بیرو زانستو میتافیزیکو سیاسەتو...تاد. بەشیر موشیری فەیلەسوفیش مامۆستای منبو لەبواری پێکەنینا.

12-سێگۆشەی پەرمۆدا: ناوچەیەکە لەزەریای ئەتڵەسی، لەشێوەی سێگۆشەیەکا، هەر هێڵێکی 1500 کیلۆمەترە. روبەرەکەی یەک ملیۆن کیلۆ مەتر دوجایە. زۆر چیرۆکو ئەفسانەی بەدواوەیە، گوایە چەندین پاپۆڕو فڕۆکەی قوتداوەو نەدۆزراونەتەوە، وەک مەسئولە دەریالوشەکانی لەمەڕ خۆمان.

13-لەسەر کەنداو، ئەرەب و فارس هەمیشە ناکۆکن، هەریەکەیان ئەڵێ هی منە! ناماقوڵیانکرد، هی هیچیاننیە، هی کوردە. چونکە لەدێر زەمانا، سەروی کوردستان لەسەر دەریای سپیو خوارووی لەسەر کەنداوبوە. ئەو کاتەش ئەرەب لەوناوە نەبوە. فارسیش ژێردەسەی دەوڵەتی مادبوە، دەوەرە ئێستە شەقمەبە لەداخا.

٩٢ بەدڵبون ٢٦ لێدوان لەوانە:

**Awat Sahebqran** خامە ڕەنگین بێت مامۆستا،ئا بڵێت نایابە و پڕە لە زانیاری
هەمەجۆر ،ڕەنگدانەوەی بەڕۆخی ئێستامان گرێدراوە،بەتایبەت ئەو ئاماژانەت لە
ڕوونکردنەوەکاندا،جوانیەکی ئەفزانمێزی داوەتێ،کەبەلای منەوە،لەسەدەها هۆنراوەی
علوج،کەبۆ خۆشەویستەکەی دەنوسێ جوانترە،دارشتنێکی سەرکەوتو،سەبارەت بە برجی
ئیفل،ئەندازیارێکی فەرەنسی بەڕەچەڵەک ئەڵمان دروستی کردوە،بەناوی Gustave
Eiffel،ئەم هۆنراوەیە بەڕێزتان،بردمیەوە بۆ لای هۆنراوەیەک،کە بەداخەوە نازانم کێ
نوسیویەتی،زۆر گەڕام بەڵام لەبەر نەبوونی سەرچاوە لام،جێگەی داخە،کە عشق لای
دەبێتە کلافەیەک زانی تورە ونەم جۆرە هۆنراوەیە لەدایک دەبێت،لەو باوەڕەدام،بابەتەکە
ڕەنگینتر دەکات، هیوادارم بەدڵتان بێت،نەورۆزتان پیرۆز بێت،لەگەڵ جوانترین ڕێزمدا، بۆ
بەڕێزتان

ئەوەی لای تۆ عەشق مۆمە، لەگۆشەی ژووری تاریکا
لەلای من تیری قاچە، لەناو پێڵاوی لاستیکا
ئەوەی لای تۆ عشق، هەورە بارانی گوڵ دەبارێنێ
لای من بیبەری تیژە، دوای خواردنی ئەسەر سەر هەڵئەمژێنێ
خۆتۆ پێستت دەڵێی چەرمی جزمەیە، چەتری ناتوانێت بۆ چیە
سەروڵات دەڵێت پووشی سەرمشتە ئیتر سڵاوت بۆچیە
بەهەلان وبەلای بارێکت، گەرچی دەڵێت ئالچی ڕاوێت
کەروێشکێکی ڕیش سپی تنیا ئیوەتێن ئاگر و ئایشیگری هەڵئەمژێت

**Kamil Zheer** نەورۆزی ئێوەش پیرۆز کاکە ئاوات، هۆنراوەیەکی ئەوسنامێزی
جوانە. زۆریش واقیعیە، گەلێ ئەشق و دڵداریی علوج، ئەنجامەکەی بەوجۆرە
ئەشکێتەوە کە ئەو هۆنیارە بەو هۆنراوەیە دەریبڕیوە. ئێوەش هەر شادبن بەڕێزم.

**Nuri Karim**
Mamost her bmeni,jar jar honrawey dansqe bnuse...belku ew
shoxe shewek bete miwant.

**Kamil Zheer** برام کاک نوری، مەسەلەکە لە میوانی شەو زیاترە . ئێمە ئەو
قۆناغەمان تێپەڕاندوە. لەگەڵ ڕێزم.

**Hallo Barzinjeyie** دەست و خامەتان خۆش و ڕەنگین،مامۆستا گیان.هەموومانت
عاشقی جوانی فریشتە و گوڵ کردەوە،تۆومکەت تێدا ڕواندینەوە . من ئەک هەر
پێکەنیم،گەش بوومەوە و شەپۆلی شادی بە لەشمدا گوزەری کرد. ئەو دڵە ئاسکە پڕ لە
هەست و خۆشەویستی و عشقەت،هەر سەرچاوەی ئیلهام و جوانپەرستی بێت.

**Kamil Zheer** چاوو بیرو هەستی ئاسک و جوانی ئێوەش خۆش کاکە هەڵۆی
هەمیشە لاو. لەڕێی ئەم وەڵامەوە داوا لەهاوڕێیان ئەکەم جارێک هۆنراوەکەو دو
جار پەراوێزەکان بخوێننەوە. زۆر سوپاس.




---

## سێ خانمی بێتاوان!!

لەیلاو ساکینەو فیدان

سێ پەپولەی کوردستان

لەسای مافی مرۆڤا، دور لەگۆڕەپانی جەنگ

بێ هۆکاری بەرگری، نە دەمانچە نە توفەنگ

لەکەشێکی ئاراما، بونە قوربانی تیرۆر

بونە ژەمێکی چەوری بەچکەکانی گورگەبۆر

نیوەی دنیا خرۆشا، بێ تاوانو تاوانکار

رژانە سەر شەقامی پانی ئەم شارو ئەو شار

هەندێ لەسای سێبەرا، هەندێ بە پەرێزەوە

هەندێ دەنگی شەرمنیش لەدوای کورسیومێزەوە

بو بەهاوارو هەرا

به مەزادی  ئاشکرا

کەسم نەدی بە پلان، بەهەمان چەکی بێ دەنگ

تاوانکاری سەرەکی بکا بەوانەو بەپەنگ !!







---

## گۆنای ئاگرو ئاگرو روخساری بەفر

لەلوتکەی ئاڵی گۆنایا لەسەر روخساری بەفرینی

جیهانێکیتری جیایە ، گوڵو گوڵزارە پەرژینی

برۆ و برژانگو دو چاوی نمونەی باخی فیردەوسە

بەهەشتی سەرزەمینێکە، چ دینێبێ هەمان دینی

هەمو ژینم نیگارێکی وەها جوانی  نەبینیوە

دوڕو گەوهەر رژاوە یا گوڵی یاقوتی سەر زیوە

بەسەر بەفرا گڕی ئاگر ئەبارێ،رۆژی هەستانە!*

دەسو پەنجەی چ شاکارێکە وا مۆدێلی گۆڕیوە!؟

شەوی یەڵدایە یا جەژنە سەری گۆنای چراخانە!

گڕی نەورۆزە یا ئاگر پژانی جۆشی گڕکانە !؟

گوڵی سوری دەمولێوی، لەسەر بەفری دەموچاوی

خەنەی پەنجەی پەریزادێکە یا کفنی شەهیدانە!؟

ئەبێ خوێنی دڵو جەرگم رژابێ لەو چیا بەرزەی !

وەکو هەوری بەهارانە بروسکەو هەژمونی تەرزەی

نەبینراوە،گڕی ئاگر لەسەر شەختەی سەهۆڵابێ

ئەسوتێمو لەسەرمانا سەرم سوڕماوە لەم وەرزەی!

ئەشێ ئەم وەرزەنامۆیە نیشانەی دواهەناسەمبێ

لەگۆڕنانی دڵو هەستو هەمو ئاواتو تاسەمبێ!

دەبا چۆن وەک پەپولە خۆی لەئاگردا ئەسوتێنێ

منیش بۆباجی ئەو شۆخە، لەکورەیدا بلێسەمبێ

*رۆژی هەستان: یوم القیامە

١٨٠ بەدڵبون ٧٠ لێدوان لەوانە:


Shaho Abdullah تەمەن درێژ بێت مامۆستا گیان دەست خۆش یادی سەیرانەکەی هەشتاکانم کەوتەوە لەگەڵ کارمەندەکانی شەریکەی ئەفریقی کە ئەوشەوەت بە هونراوەکانت خۆشترکر

Mohammad Barzy بە دڵ پیرۆزبایی پێشکەش بە تۆی زۆر خۆشەویست ئەکەم و هیوای تەمەنی درێژ و شادیتان بۆ ئەخوازم ، ئەو دیارییە زۆر جوانەش سەرچاوەکەی دڵێکی گەورەی پڕ خۆشەویستییە .




---

## کراسێکو لاگیرەیەک

لەبیرمدا کراسێکم لەهەزاران گوڵەستێرە بۆچنیویت

بیکە بەرت

لاگیرەیەک لەسەر نەخشەی تاجی جوانیم بۆبڕیویت

بیکە سەرت

ئەم کراسو لاگیرەیە سترانێکو بەستەیەکە

لەسەر ئاوازی دەروێشی

بەجەزبەو دەفو نزاوە، لەونبونی هۆشو هەستا

بەکامی دڵ بۆمچڕیویت

بەستەیەکە هێڵەکانی وەکو رێگەی کاکێشانە

پیتەکانی مرواربیە

وشەکانی لەپێکهاتەی زێڕو زیوە، لەبازاڕی

ناخی هەستا بۆمکڕیویت

بۆپڕۆژەی ئەم کراسو لاگیرەیە، لەگەڵ بونا

بەدەنگهاتوم

لەبەرامبەر نەیارانو مێردەزمەو دێوی چونا

بەجەنگهاتوم

بەچونم وت: لەڕێملادە چاوەڕوانی

گەڕانەوەی هەرزەکاریم

ئەی نابینی بەرامبەری فریشتەیەک

تازە خەریکی دڵداریم!؟

بەئەستێرەی خەیاڵموت بەپەنهانی

وەرە فریام ئاوەڵی ژین، تۆئەزانی ؟

ئەم کراسو لاگیرەیە پەیامێکی دۆناودونە؟

ئەکسیرێکی نەمرێتیو دژەچونو نامۆبونە؟

بەم کراسو لاگیرەیە جارێکیکە خاتوزینێ

لەناو تۆدا بەرجەستەیە؟

مەمێکی نوێش بەبەر مندا لەسەر کەلی ئاوابونا

ژیانەوەی ئەم هەستەیە!؟

ئەی فریشتەی سروشی ئەم دڵدارییە

درەنگکاتەم

نەبا دڕکی مەم و زینێ، ئەم ئەوینەش

بکا بەخەم

وەرە دەروازەی خەیاڵی منی پیرێ

دێوانەی شەم

بەم کراسو لاگیرەیە رۆژێکی نوێ

دێتە بەرهەم.

٧٠ بەدڵبون ٤٢ لێدوان لەوانە:

**Hama Rashed Rawandze** سلاو / بە لام سە ربە خوی کامیل ژیر جیایە لە گە ل سە ربە خوی مافیاودزو جە ردە ی باشور راستگویە لە گە ل پە یامە کانی

**Chawrash Alwand** زۆر ڕاستە کەسایەتیی خۆی بە پارە و پلە نافرۆشێ و کۆیلەی هیچ حیزب و لایەنێك نییە.
بەڕێزێت کاك حەمە رەشید هەر بژی

**Chawrash Alwand** لەگەڵ Kamil Zheer.
٢٣ی تەمووزی ٢٠١٧ ·

ماوەی ساڵێك دەبێ لە گەڵ کەسایەتی نیشتمانپەروەر و نەتەوەیی بەڕێز مامۆستا کامیل ژیر بە یەکەوە هاوڕێین و بەرەو ئامانجی سەربەخۆیی ڕێگا دەبڕین، کەی دەگەینە ئەنجام خوا دەزانێ، بەڵام گرینگ کۆڵ نەدانە، واتای ژیان بەرخودانە

**Ali Ahmed Hamza**
Mamosta gian hamooshteky bash ,chak, juwan . tanha sheawy kasaneka wakoo barezt chak,bash, pack ,rast,dllsoz bet, KHODA tamant drezh,lasht saghbet .

**Kamil Zheer** کاکە ئەلی گیان، شانازم بەوەی کەسانی بە ویژدانی وەک بەڕێزتان لەناو یەکێک لە تاریکستانی ئەم سەردەمەی مرۆڤایەتیی شێوێنراوا، چاوە گەشەکانی گەشبینانە راستییەکان گوڵبژێر ئەکا. ئەوە تاجی سەروەرییە بۆ خزمەتگوزارانی نەتەوەکەمان .هەر شادو بەختیاربن.

**Shara Kamil Zheer** دەستخۆش باوکە گیان بۆ ئەو هونراوە پڕ ماناو هەستە. بە بیرو بە دڵ و بە ژیرت لە هەموو گەنجێك گەنجتریت! مۆمی تەمەنت هەر درەوشاوەبێت بۆخێزان و نەتەوەکەت، ئنشاللە خاکو کوردستانیش دەبینین بەو کراس و لاگیرەیەوەی کە چەند ساڵە بۆی ئەچنیت.

**Kamil Zheer** شاراگیان، بەهیوام ئەو بوکەخانە، کەناوی کوردستانە، وەک رۆژێکی درەخشان، دەرکەوێ لەئاسۆی جیهان، بەبڕشنگی ئەو کراسو لاگیرە یە، روناکی بخاتە سەرتاپای جیهان.


Arif Kadir
Dest u pencekanit xosh mamosta gyan bo ew wishe zerin u benirxaney lem honraweyeda bekarit henawin , tendrosty u temeny drejit bo dexwazim.

Nazdar Adham
Ayyý raby har xamat bmene bo honraway tar u parawat u bo aw wsha nasku nazdaranay ayrazenetawa -raby har taman drez bet u xwa bo ema u kurdu kurdistane rangent bhele --ay bray zor azez u xoshawestm

Mohammad Barzy هەردوو چاوەکەم کاک کامیل دەستخۆش بۆ ئەو هۆنراوە پڕ لە جوانییە ، کە لەناخی دڵێکی گەنجەوە هەڵقوڵاوە .. خوای گەورە تۆمان بۆ بهێڵێ .

Pshko Amin دەستەکانت هەر خۆشبێت بۆهۆنراوەی تەروپاراو وشەی ناسک وجوان رازێندراوە هەرلەخوت دیت تەندروستیکی باشت بۆدەخوازم

Nuri Karim ماموستا گیان، گەر تەمەنیش هەر هەڵکشێ، تۆ پیر نابیت، چونکە هۆنراوەکانت هەر تەڕ و پاراو و رێحانەئاسا، هەر بۆنی لاوێتی و جوانیی و هەست و سۆزی خرۆشاوی دڵدارییان لێدێت.. هیوادارم ئەو کراس و لاگیرەیە بەدەستی رەنگینت ئەو شۆخەت بۆ برازێنێتەوە.

---

## کۆچ

بێ هەوێنی خۆشەویستی، ژیان ئەبێتە روبارێکی وشک. نەئاوی ئەچێتە سەر، نەلەبەری ئەڕوا. ئەگەر بەبارانێکیش سەوزاییەکی تێبکەوێ، بارانبڕان ئەیکاتەوە بەخاشاکی وشکی بێ گیان! زۆرن ئەوانەی لەبەهرەی خۆشەویستی بێبەشنو بەزیندویی جەستەیەکی بێ گیانن. ئازیزان: وەرن با خۆدورگرین لەکینە. وەرن با یەکدیمان خۆشبوێ. خۆشەویستی بۆکەسوکار، بۆنیشتمانو نەتەوە، بۆژینگەو گوڵزار، بۆمرۆڤو ئاژەڵی بێ زیان، بۆهاوسەرو جگەرگۆشەکان، بۆمیوانی دڵو دڵخوازان.

ئاسمانم تارو تاڵە، هەوری خەمبارینمە

کۆچوباری خۆشەویستو ئاوەڵی دێرینمە

ئەوبچێتو، من نەچم!؟ گەردنکەچم! ساهەرئەچم

بۆنەچم!؟ بۆنوبەرامەی: ئاوەکەی شۆرینمە

ئەوگوڵەی بۆمن هەمیشە نەوبەهارو سایەیە

گەربچێ، چونی گەڵارێزانی باخی ژینمە

رەنجەڕۆمو تابی ئەستێرەم نەماوە، وا ئیتر

نائومێدی یاوەری هەستو دڵی خەمگینمە

بابچم، ئەم ژینە بێ ئەو، ژارو ژانو زارییە

ئاوی زوخاوی هەنسکم، جۆگەلەی ئەسرینمە

بێخەو و خۆراکو ئارام، جامی ئەشکم سەرئەکا!

وەک رەهێڵەی نابەکاوی بەر گڕەی هاوینمە

دێتو دەڕوا، والەبەرچاوم هەمیشە وێنەکەی

وەک بڵێ: لەم دۆخەشا هەر یادەکانی تینمە

با هەتا ماوم ببینم ئاگری روخساری ئەو

چاوەکانی مەشخەڵانو گڕدەری ناڵینمە

مەرجە ناخی کورەکەی دڵ، هەرگڕەیبێ تاهەتا

بۆ هەواری گۆڕەکەیشم، تەلبەنو پەرژینمە

ئەم نەرێتی بونوچونە، پێچەوانەی ژیرییە

چون، کەئەنجامی هەبونبێ، بونی وا بۆشینمە

گەر هەڵەو تاوانە ئەم دەستورە کۆنەی کردگار

با ئیتر بەسبێ ستەم، وا پەت لەدەوری بینمە

بەم سکاڵاو ئاهو سۆزو ژانو گریەو ناڵەیە

هاتە فریام ئەو پزیشکەی رابەرو رێبینمە

بای هەنسکی رایچەنانم وەک بڵێ هاتومەلات

خۆم وتم لەم بارەشا ئەو یاوەری شیرینمە!

لەو کەناری مەرگەدا لێوی گەیانە لێوەکەم

کۆچوباری کردە ئاهەنگ، یارۆ هەر یارینمە.

١٢١ بەدڵبون ٤٠ لێدوان لەوانە:




---

## لاوێتی

تۆبڵێی رۆژێبێ هەڵۆبەرزەفڕەکان، هەمو فڕۆکە جەنگییەکان بخەنە خوارەوە؟ لقە ئەستورەکانی درەختەکان، تانک و تۆپەکان تێکشکێنن؟ هەورەبروسکەیەک هەمو بۆمبا ئەتۆمییەکان پوچەڵکاتەوە؟ هەرچی چەکی گوڵهاوێژ هەیە، فڕێدرێتە تەنوری کارگەکانی ئاسن؟ زریانێک، کەشتییە جەنگییەکان ژێرەوزەبەرکا؟ گەلان بەتەواوی بەمافە نەتەوەییەکانیان بگەنو دەستی دۆستایەتیو هەرەوەزی بۆیەکدی درێژکەن؟ نەزۆرداریو نەداگیرکاری؟ زیندانەکان بکرێنە هۆڵی ئاهەنگ؟ یەکسانی، هەژاریو ستەم نەهێڵێ؟ پێکەنین، جێگرەوەی توڕەبونبێ؟ گۆرانی لەجێی شینبێ؟ ئاژەڵو باڵندەکان بەبێ ترس هاوڕێی کۆمەڵەی مرۆڤبن؟ دڵدارەکان

بەئازادی یەکتر لەئامێزگرن. هۆنیارەکانیش بەکامی دڵ هۆنراوە بۆخۆشەویستەکانیان بچڕنو درێژە بەتەمەنی لاوێتییان بدەنو بڵێن:

درۆیە تافی لاوێتی بەهارێکەو ئەچێ ، ناچێ

کە ئەو سێژەم لەخوانی دەم، بەراتیکا ژەمی ماچێ

بەئەکسیری گوڵی لێوی  هەمو وەرزێ  بەهارانە

لەباخی سینەدا  ئاوی  ژیانە ، گەشتە ، سەیرانە

ئەگەرچی هی بەهەشتێکە ، دەمم نادەم لەسێوی مەم

نەبا دوربێ ، منی ژیریش ، بکەومە داوەکەی ئادەم

هەتا لێوی  پەریزادێ  بەژێی هەستم بکا یاری

هەمیشە هەرزەکارێکم ، تەمەن دورە لەکرداری

دەمی پیری ، درۆیە گەر هەمو رۆژێ بەشیلەی دەم

بدا ئاوی  نەمامی سەوزی دڵداری هەتاکو هەم

٨١ بەدڵبون  ٣٣ لێدوان  لەوانە:






---

## ئفرین

لە ئفرینی خۆڕاگر    هەڵمەت و بەرخودانە

بازوی کچو کوڕانە

ئفرینی وەکو ئاگر    نیشتمانی  کوردانە

شاری تورك قڕانە

کیژۆڵەیەك ، مەردانە ، پۆشاكی وەك شێرەلاو

چەنجوانە چەكی دەستی

خۆی بەستوە کوردانە ، بۆ شۆڕشی تازەباو

ئالآیە: سەروبەستی

ئەڵێ من خاوەن کێشەو هەڵگری باوەڕو بیر

کێشەكەم گەلێ گران

من دوچاری سەرئێشەو ژانی گەلێكی ئەسیر

بەشكراوی نیشتمان

وێنەی شێرێ نەڕانی بۆسەر رەوشی نادادی

دژ بە جەردەو تالآنی

هاوبیر لەگەڵ لاوانی خاوەن ویستی ئازادی ،

سەربەخۆیی و یەكسانی

ئەلێ میللەت بەڵەدە، رابوردوی پڕكۆڵنەدان

سەیری مەردانی خۆتان

ئەختەر،كیژی نەغەدە، لەیلا،ساكینەوفیدان

سەروەرین و شكۆتان

پشتی یەكدیین زیاتر باوەڕنەكەن بەبەدكار

نابێ چاو پڕبێ لە خەو

هزرو ئاسن و ئاگر ، چۆكدائەدەن بە زۆردار

ئێمەین سەركەوتوی گرەو

هەرجێبێ یا هەر کاتێ،   هێزە  ستەم لائەبا
دارە تۆڵەو چاری  مار
ئامادەین بۆ هەر ساتێ ، چیدی خەرِۆمان ناکا
گفت و داوی  داگیرکار
گومرِا نەبن بەیاسا،   دەستوری گورگ و چەقەڵ
کاتێ هەلیان بۆ رەخسێ
سەرجەم بەلێن و رێسا ،  پەیمانی شاخ و جەنگەڵ
بەنوچدانێ ئەپسێ!
لاتاننەدا  لەرێگا    پێکەنینی داگیرکار
وەك مرۆڤی  خەرِۆو ون
زاناو سەری بەئاگا، نابێ پێوەیدا  دوجار
جانەوەری هەمان کون
ئاشتی دارێکی وشکە ، تەنیا بە هاوکێشەی ماف
خونچەی بەرهەم  دەرئەکا
دەسگیرنەبونی پشکە ؛  تای ترازوی درۆو لاف
هەرچۆنێبێ سەرئەکا
ئاشتی پیلان و ئۆفە ،  بۆ سەردەستە: مۆڵەتە
تا ئەنجامدانی کاری
دیموکراسی  بلۆفە،    بۆ بندەستە: مەینەتە
بێ ئازادی و رزگاری

ماف لەگەروی پڵنگبێ، دەرهێنانی ئاسانە

چەك هۆكارو چارەیە

سەر خاوێن و زرنگبێ، نیشتمان پڕ سامانە

گوڕ، بازاڕو پارەیە

هەرچیچەندێ دانابین، بێدەوڵەَتیی خۆمانە

داری بێ بەرو زڕین

خاوەن تاجی پاشابین، تیغ وا لە ئەستۆمانە

كۆڵبەشان و بێ فەڕین

من دەوڵەتم گەر نەبێ، بێ نەوام و وێڵ و ون

بێ نازو دەربەدەرم

جێگەم ئەوێ،ئێرەبێ، دەستی درێژی دوژمن

ئاڕاستەیە بۆ سەرم

بێدەولەَتی هۆكارە هەر رۆژێك و جۆرێ ناو:

توركی زادی شاخ و كێو ،

كۆچەر،قەرەج، ئاوارە،كاكەوكەلب و كلێبی ئاو،

یاجنۆكەو نەوەی خێو!!

سەربەخۆیی كوردستان بۆچی بەری خەیاڵە!؟

نا ، كاری مەردانەیە

هەرچی وایوت شەكری شكان، نادانە، بیری كاڵە

یا پیاوی بێگانەیە

کاری ئەمرِۆی سەرەکی،ئەرکی ئەستۆو سەرشانە

کاریگەرەو بە پەلە

لەشکرێکی پرِچەکی     سەرتاپا کوردستانە

دوژمن کەنەفتە، هەلە

بانگە بۆ نەتەوەو هۆز، مژدەی بەهارو شادی

راپەرِین و بەرخودان

بۆ ئامانجێکی پیرۆز، سەربەخۆیی و ئازادی،

نیشتمانێکی یەکسان

ئەی کاك و خوشکی دانا، دوربن لە من و تۆیی

فەرمون بانگ و مژدەیە.

کار بێتە دەستی زانا، شەکراوی سەربەخۆیی

هات و کاری کردەیە

ئفرین نەبەردو مەردە، گۆرِستانی تورکانە

دەروازەی دەریای سپی

خاکی پیرۆزی کوردە، شکۆو پشکۆو گرِکانە

چیاو گشت دۆڵی کپی

٩٨ بەدڵبون ٥٥ لێدوان لەوانە:


Anwar Qaradaghi ده ستت و چاوت هه میشه له م کارو نوسینه دلسۆزانه دا بن ، هه ولی ته له فۆن بۆ کردنیشم دا بۆت به لام سه رکه وتو نه بوم ، هه ر بمێنیت به خۆشی .

**Hallo Barzinjeyie** عفرین لە ڕێی ئەم تابلۆ شیعرییەوە زیاتر بووە جێی سەروەریی دەست و خامەتان ئەرزی مامۆستا کامیل

**Pshko Amin** دەستەکانت خۆش وهزرت فراوان مامۆستا کامیل بۆئەم شاکارە جوانە ئەم پشتگیریە لەنەوەیە ئەرکی سەرشانمانە وەک نەتەوەی کە شان بە شانی گەریلاو شەرڤان خەبات و تێکۆشان بکەین بۆ هاندان و پشتگیری خەباتی رەوای نەتەوە کەمان لە رۆژئاوادا سەرکەوتنی نەتەوەکەمان وپشتگیریان هەمووکات پێویستە دەست خۆش بەهیوای لە رۆژئاواوە سەرکەوتن بەدی بکرێت

**Kamil Zheer** کاکە پشکۆ: منیش بە هیوام لە ڕۆژئاواوە ڕۆژی سەربەخۆییمان لێهەڵبێ. سوپاس بۆ ئێوەو هەمو هاوبیران بەرامبەر خەباتی ئەپسانەهاتوتان. هەر بەردەوامبن لەبەر هەمی خامە بەبڕشتەکەتان.

**Marewan Faraj** سلاو سە ري ريزت بو نە وي دە كە م ماموستاگيان تە نها فيري زانستي فيزيا نە بووم ليت زانستي رە وشتيش لە جنابت فيربوم تە ندروست و تە مە ندر بژ بيت

**Ibrahim Mirani** دەستخۆش مامۆستای گەورە...زۆر بەرزو خۆشخوان و پڕ هەستە..

**Mohammed Shaida** دە ستخوشي امرو بو شرفانانە سوكي و لوت شكان بو اردوغانە

**Kamil Zheer** مامۆستا شەیدا: خەباتی نەتەوەکان لوتی زۆری وەکو ئەردۆگانی شکاندوە، ئەمیش زۆری نەماوە. ئێوەش هەر بژین.

**Sirwan Osman** دە ست خۆشی بۆ جە نگاوە رو جالبازە كانی افرین و هە موو كوردان وە بۆ بە ریزتان.

**Nazhad Shmqar** زۆرجوانە هەربۆعفرین بوقارەمانەانی بلورسرێت هێشتا هەر کەمە .عفرین قەڵای ازادیخوازانە .

**Osman Abdulrahman** دەست خۆش مامۆستای بەڕێز هە رئە م بەرهە مە نە تە وەییانە لە بە ڕێزت چاوەروان دەکرێ لە م ساتە مێژوویە هە ستیارەمەدا ڕۆڵی نوسینێکی بە بڕشت هیچی کە متر نیە لە بەرهەنگاربونەوەی ڕووبەڕوی ناو سەنگەر ئە مە مێژووە بۆیە لە نوسینەوەی مێژویەکی شکۆدارداپە شداری هەموو پێویستە نیسانەوە دەستە ماندونەبوەکانت خۆش

**Kamil Zheer** ڕێزت هەیە کاکە ئوسمان. ئەمڕۆ ڕۆژی ئەوەیە هەرکەس چی لەتوانایدابێ بیکات، بەچەک ، بە بیر، بە نوسین، بە گیانبەخشین، بە سامانبەخشین، ئەلئانەت بە دو وشەی جوانو پشتگیریو ئاد.




## زێڕی دەگمەن

هەتا باڵاتەمەنبێ هەر لەگوڵزارا گوڵی جوانە

چ ماڵێکە! دەبانە یا نمونەی کاری کاشانە !؟

هەمیشە دەستی کورتی من بەدامێنی ئەوا ناگا

تەلاری ئەو لەئەلبورزە، هەوارم گۆڕی وێرانە

چ زێڕێکە وەهادەگمەن؟ سەروی ئەزمونی 24!

شەوی یەڵدا،هەتا سۆزی،لەجێی ڕۆژی درەخشانە

هەتاکو کەی لەڕێی ئەو شۆخەدا، ناکام، بناڵێنم!

بەفریادێ، هەناسەم بۆکوڕوزی وا لەئاسمانە !!

هەمو جارێ بەخەندەی لێوی پاراوی ئەکا یاری

بەهەستوهۆشی شێواوم! بەرەی دژ؟یاخودۆستانە؟

کەچاوی کاڵ لەسەرگۆنای ئەبارێنێ نیگای ئاگر

بەجارێ پاکی گەردونەو دوچاری جەنگی جیهانە

کەسێکی وەک ئەنشتاین سەری سوڕما لەئەو کارە

لەخانەی 60ە ئەژماری کەچی هێشتا 10ساڵانە

دەبا بەسبێ سزاو تۆڵە ، کە من دەروێشی ڕێگاتم

بەکام یاسا ئەوێنی زێڕی دەگمەن خەوشو تاوانە!؟

هەتا ماوم لەدنیادا ، بەهیوای چاوی  سۆزێکم

لەگۆڕیشا دڵی کەیلم هەمیشە بۆت پەرێشانە

١٣١ بەدڵبون  ٥١ لێدوان لەوانە:



## خورپە

تۆ سەیری ئەم رۆژگارە توشە! ئای لە درۆی مافی مرۆڤ! بڕوانە دڕندە دو پێیەکانو بزانە رۆژانە چەن جەرگ ئەسوتێنن! سەرنجێ بدە لە چاوچنۆکەکان کە بە رێگەی نارەوا تێرخواردنیان بۆنیە. راستە ماڵو منداڵ جوانیی ژیانن. بەڵام ماڵەکە بە رەنجی شان، منداڵیش هەر لای تۆ نا، لای هەمو گیانلەبەرێ جوانیی ژیانە. ئای لەو دایکەی خورپەی مەرگی 3 منداڵی لێیداو بو بەهەوێنی ئەم هۆنراوەیە:

جەرگت نەسوتێ.. !!

ئای لەو خورپەیە!

هەڕچی سامانو چی بەها هەیە

نابنە پارسەنگی جەرگێکی سوتاو

خورپەی هەواڵی مەرگێکی ناکاو!

ئەو گوڵەی بەری رەنجی فەرهادبو

وەریو لەدەسچو

ئای چ کۆستێکو زامێکی سەختە!

هاڕەی ژیانو کۆتایی بەختە !

باخەوانی کرد بەداری بێئاو

بەپۆڕی خوراو !!

بەباڵی کەکنەز

بە سوتانی رەز

هەناسەی ساردی ئەگاتە هەور

ئەڕژێتە خوارێ وەک کلوی بەور

نەهەستی یارێ

نەدەستی چارێ

نابن بەهەتوان

بۆبرینو ژان!

ئای لەخورپەی جەرگ

کارەساتی مەرگ !!

دو پێچەوانەی مردن و ژیان

هەڵەی گەردونە، گەرنەڵێین تاوان !

نەبوینایە هەر، کە بوین، مەرگ بۆ!؟

با ئێمەش وەک تۆ

یا وەک ئەستێرە

لەم مەرزو دێرە

دەم بەپێکەنین

هەمێشە ئازاد، پڕ جریوەی ژین

ئەوانەی بوەن بەڕێی ناڕەوا

مەبینە شادن، لەناخا رسوا !

هەتا نەبینن جەرگ سوتانێ

نەڕێژن ئەشکی بەکوڵ گریانێ

دەس هەڵناگرن

هەتاكو ئەمرن

مەگەربەكۆستى جەرگێكى سوتاو

بەئەژنۆى شكاو

ئيتر كە وابێ، بۆچيتە گەوجە؟

ماڵ ئەو ماڵەيە كە بەرى رەنجە.

٦٥ بەدڵبون ١٩ لێدوان لەوانە:




---

## دەسى چارێ

هاوڕێيانى خۆشەويست:

ديارىى ئەمجارەمان، ملوانكەيەكى

مرواريیە، بۆگەردنى خۆشەويستان

*

گەڵارێزانى پايزمەو بەبێ ئەنجام

بەجێدێڵم درەختی بێبەری هیوام

هەمو ژینم بەئاوێنەی دڵێ بەخشی

لە دیدەمدا ئەبینن وێنەیو نەخشی

مەلی سرکو دڵارامێکی کارامە

نە دژوارەو نە نێچیرێکی ئارامە

دەمێ خەندەو دەمێ روگرژو شێواوە

دەمێ ئاگر، دەمێ شەختەی سەهۆڵاوە

بە ئاراوی خەمو خۆشی درەختی دڵ

بەبەرهەمدێ، بەشێ خارو بەشێکی گوڵ

ئەبێ ئەم جوانە بونێکی رەگەز جیابێ !

پەریبێ یا لەجۆری جادو ئاسابێ !

لەکورەیدا ئەسوتێمو لە لەرزێکام

پەشۆکاوم! لەگێژاوی چ وەرزێکام!؟

وەکو کێوێ لەڕێگەمدا هەرەسبێنێ

بەجارێ خۆڵو خاشاکو رەوەز بێنێ

بەسەر جەستەی کەنەفتو کفتولاوازم

نە نوزەی ماوە هاوارم ، نەئاوازم

کەچی ئەوشۆخە زیاتر وا لەبەرچاوم

لەدڵدا بۆتە بوکی تازە رازاوم

هەمو بونێ لەکۆتادێ، تریفەی ئەو

ئەمێنێ بۆچرای ئاهەنگو کۆڕی شەو

ئەترسم من بڕۆمو ئەو بەبێ نازێ

نە پشتێکو نە یارو گوێگری رازێ

بەبێ من کێ دوڕو گەوهەر وەبەردێنێ!؟

زەڕنگەر هەر ئەزانێ زێڕ بنرخێنێ !

ئەچم چونم جەهەنم با نەپرسێ کێ!؟

لەدوای چونم ئەبێ کێ بێتە پردی رێ؟

بەسەریا راگوزەرکاتو بڕێژێ ناز

لەترپەی هەرهەنگاوێ کۆمەڵێ ئاواز

خەمی خۆمو خەمی ئەو **بۆ**تە سەرباری

پزیشکانو ئەزیزانم: دەسی چارێ !

١١٧ بەدڵبون ٧٨ لێدوان لەوانە:



**Ali Ahmed Hamza** خودای گه وره سه لامه تت بکات وله شت ساغ و تا سوده بیت •ماموستای گه وره ونیشتمان په روه رو خه م خوری کوردستان انشاء الله به و تا واته نه گه یت که له دل و روحی پاکتایه ( آمین یا رب العالمین )سه ربه خویی کوردستان ناواتی هـه موو کوردستان په رستیکه*

وماتدری نفس ماذا تکسب غدا
وما تدری نفس بای ارض تموت



**Goran Babaali** تەمەن دریژبوو تەندروستیەکی باش
بو بەریزت ،دیارە خەمی بەریزت هەر نیشتیمان بوو نیشتیمانیش قەد چۆک دانادات خۆتان ئەوە باشتر دەزانن

**Arif Kerim** دەست خوش ماموستا گیان ، شەوەزەنگ و هەوری رەش و تاریک بو هەتا هەتایە بەری روناکیان پێناگیرێ ، هەر لەش ساخ و بێوەی بیت .

**Rebwar Tofik** تابلۆیت جوانە دەست و خامەت رەنگین کاک کامیل گیان هەردەم لەش ساغ و دەم بەخەندەو پێکەنین بیت هەمیشە لەو هونراوە جوانانە بێ بەشمان نەکەیت ....

**Pshko Amin** ماموستا کاملی گیان هیشتا زورت ماوە بو وتنی ئەم هونراوە جوانەی کەورو گەوهەری ئیدعباریت وات نەخشاندوە ، هیوای تەندروستیکی باش و تەمنیکی زۆر زورت بودەخوازمو دەستیت خوش بو ئەم شاکارە جوانەی توی زەرنگەری هونراوەی جوان ،تو دەزانیت ئالتونی وشەی شیرینی کوردی چون وبەچ شیوەیەک بنەخشێنیت ،ریزو خوشەویستیم لەم دورەوە قبول بفەرموو ،

**Sebah Nikxa** گەورەمابیست ساڵ لەمەوپێش، تەمەنم بیست ساڵ بوو کە "زمانی یەکگرتووی کوردی"تم خوێندەوە.
پاشان بەرەبەرە کازێکم ناسی و نووسینیترێشتم بینی.

بەراستی: بە بێ تۆ، کێ دوڕ و گەوهەر وەبەردێنێ؟




---

## خەو

هەمو جوانێ لەناخمدا

ئەمهەژێنی

وەکو خونچەی بەهارانێ

مژدە دێنێ

بەدوای خۆیا بەرامەو بۆی

گوڵ ئەهێنێ

بەڵام جوانیی وڵاتەکەم

خەم ئەچێنێ

ئەبینم دەستی تاڵانی

ئەیڕفێنێ!

گەلی نوستوش لەئەشکەوتا*

خەو ئەبینێ!

ئەبێ ئاخۆ چ بۆمبایەک

ڕایچەنێنێ!؟

-----------------------------

*ئاماژەیە بۆ(اصحاب الکهف) کەگوایە

308 ساڵ لەئەشکەوتێکا نوستون!.

١٠٤ بەدڵبون ٣٨ لێدوان لەوانە:









**Kamil Zheer** مامۆستا ئاوات، بەڵێ وەک بەڕێزت ئەڵێی ئەم گەلەی ئێمە گەلحۆ کراوە، خەسێنراوە، دانی دەمیان دەرهێناوە. جگەلەوانە ، شکستیان بە کەسایەتییەکەی هێناوە بەجۆرێ کە هەمیشە هەست بە خواردەستی ئەکا! وائەزانێ ئەبێ هەر بێگانەیەک فەرمانڕەوابێ! وائەزانێ هەرئەبێ کۆیلەو نۆکەربێ. دیارە جاران میرنشینیەکانو ئێستە هێزبە کوردییەکان هۆکارن بۆ ئەو ئەنجامە خراپانە.. ئەم نەتەوەیە پێویستی بە ژیانەوەو لەخەوخەبەرکردنەوە هەیە، ئەوەش ئەرکی ئێمەومانانە. با باوەڕو متمانەمان بە خۆمان هەبێ. گەندەڵەکان هەمانەی بۆشن. پەتی درۆ کورتە، سەرکەوتن بۆ ڕاستییە. ئێوەش هەر شادبن.

**Awat Sahebqran**
**Kamil Zheer** منیش هاوڕاتم مامۆستا ژیر،کارکراوە، بەئاراستەی شکاندنی کەسایەتی و شکۆمەندی تاکی کورد،کەوەک کەلاوەیەکی وێران،تەنها بۆ ئەو مەبەستەی خۆیان،کە ئەگەر ئێمە نەبین،ئێوە هیچتان پێ ناکرێ،کارەسات لەوەدایە دستی ڕێز وستایش بۆ ئەم هەلپەرستانە دەگرن بەسنگەوە،چەپڵەی مووچرکاوی بۆ پرۆسەی سوکایەتی بەخودی خۆی لێدەدات و چێژی لێوەردەگرێت،کەبەڕاستی شایەنی ڕێز لێگرتن نیە

**Shex Yousif** بە راستی هونراوە کانت کە وەهە رن بیویستە بە اوی التون بنوسریتە وە هە ریزی بە لە شی ساغ و دلی خوش وتە مە نی دریز

**Pshko Amin** دەستەکانت خۆش کاک کامیل بەداخەوە نە بۆمبای ئەنفالو ئەکیمیای ڕانەچڵەکاند بۆیە دوای ئەودوانە هەر ئەکۆم نیت ،کە رەنەگ بەویش ڕانەچڵەکیت

**Kamil Zheer** بەڕاستی نەتەوەکەمان لە خەوێکی گراندایە، باوەڕناکەم بە ئەتۆمیش خەبەرببێتەوە، مەگەر بە تەنەکەلێدان وەک ئەوەی جاران کە ڕۆژ ئەگیرا تەنەکەیان بولێئەدا. ئیتر بڵێینچی کاک پشکۆ، ئەبێ ئەو تەنەکەلێدانەش تاقیکەینەوە، ئەوە ئەرکی ئێمەیە.

**Arif Kerim** دەست خۆش مامۆستا گیان بۆ ئەو وشە ناسک و جوانانە ، میللەتەکەمان ئاساوە ، پساوە ، خەوێکی ئێجگار قووڵ دایگرتووە ، بزانین کەی خەبەری دەبێتەوە ، سەرفرازی و سەرکەوتنت بۆ دەخوازم مامۆستا گیان .

---

## خاڵۆی خاڵ

ژیانەوەی کلتوری نەتەوەییمان، بەشێکە لەئەرکەکانی نەوەی ئێستەو داهاتومان. شاکارەکانی هۆنیارە دێرینە گەورەکانمان جۆرێکن لەکلتوری نەتەوەییمان، پشویەکیشن بۆمێشکی ماندوی ئەم رۆژگارە توشەی ئەم سەردەمەمان. ئا بەم بڕوایەوە نەجمەدین مەلای نەمر ساڵی 1960، لەئەنجامی پشکنینەکانیدا، دو بەیت هۆنراوەی مەولەویی دۆزیبوەوەو لە رۆژنامەی ژیندا بڵاویکردبوەوەو نوسیبوی شاعیرێک ببوایە تەواویکردایە، گیانی مەولەویی شادئەکردو ئێمەش دڵنیائەبوین وەجاخی مەولەوی رۆشنە.

منیش، گەرچی لەو رۆژەدا لەهەرەتی لاویدابوم، بەڵام بەرزیی ئەو دو بەیتەی مەولەوی، وەک گەردەلولێک، راپێچیکردم بۆتەمەنی پیریو هۆنراوەکەی مەولەویم بەو هەستە ناسکەی ئەوو بەوجۆرەی خوارەوە تەواکردو لەژینی ژمارە 1508دا رۆژی 1960/2/11 بڵاومکردەوە. ئەویش، وەک رەوانشاد ب.هەندرێن ئەیگێڕێتەوە، رۆژنامەکەی وەک ئاڵا بەرزکردبوەوەو لەقەلەندەر خانەکەی خۆیەوە لەشەقامی سابونکەران تا بەردەرکی سەرای سلێمانی، بەدەم راکردنو هاواروە، وتبوی مەولەوی زیندوبۆتەوە! خەڵکەکە وایانزانیبو شێتبوە! تا هەردو هۆنراوەکەی بۆخوێندبونەوە، ئەوانیش چەپڵەبارانیانکردبو. سەرگروشتەی هۆنراوەکەش بریتییە لەوەی مەولەوی لائەداتە گوێ ئاوێک، کیژێکی جوانی خاڵ لەگۆناو گەردن پێیئەڵێ: خاڵۆ ماندونەبی، خاڵۆ تینوت نیە؟ خاڵۆ فەرمو ئەو کاسە دۆیە، خاڵۆ نۆشتبێ.. مەولەویی بەتەمەن پیرو بە دڵ گەنجیش، بە دو بەیت وەڵامیئەداتەوەو داخی ئەو هەمو خاڵۆ خاڵۆیەی پێئەڕێژێ:

دەقەکەی مەولەوی بەهەورامی:

خاڵۆ خاڵۆتەن بەس واچە خاڵۆ

خاڵۆ دەم وەبان خاڵانتا ماڵۆ

شەرتبۆ جەداخی خاڵەخاڵی تۆ

وێمکەم وەکورِی چواردەساڵ لەنۆ

*

ئەمەش گۆڕینی دەقەکە بۆسۆرانیو تەواوکردنەکەی من کە هونەرمەندان: ئەلی مەردان، هەمەی ماملێ، هەسەن زیرەک، ئوسمان ئەلی، ناسری رەزازی، رزگار سەئیدو هەندێ هونەرمەندیتریش کردویانە بەگۆرانی، هەرچەندە هەندێکیان، بەهەڵە، هەمو هۆنراوەکەیان بەهی مەولەویو وەرگێڕانی پیرەمێرد زانیوە!

خاڵۆ خاڵۆتە بەس بڵێ خاڵۆ

خاڵۆ دەم بەبان خاڵآنتا ماڵۆ

شەرتبێ لەداخی خاڵە خاڵی تۆ

خۆمکەم بە کورِی چواردە ساڵ لەنۆ

مەمکە بە خاڵۆ ئەی خاوەن خاڵآن

دڵم زێڕێکە، نایدەم بەتاڵآن

نەمداوە بەکەس هێشتا ساوایە

تازە خاڵێکی خاڵی تۆی تیایە

پێم ئەڵێی خاڵۆ! گوایە من پیرم

ژاراو و نەشتەر ئەدەی لەبیرم

من نە خاڵۆم و نە خاڵۆ منم

دێوانەی خاڵی گۆنا و گەردنم

بەڵێ خاڵۆ نیم هێشتا مناڵم

شۆڕەسوارێکم  راوکەری خاڵم

هاکا خاڵەکەت کەوتە بەر تیرم

بەدەزرێژێ ماچ بویتە نێچیرم

بەڵێنبێ تۆڵەی خاڵە خاڵەکەت

لەبانی خاڵی کوڵمە ئاڵەکەت

بسێنم بەڵێو، بە مژینی خاڵ

من وای ئەسێنم تۆڵەی وشەی تاڵ

پێم ئەڵێی خاڵۆ و بەخاڵ ئەمکوژی؟

مەرجە  گەرهاتو خاڵآنم مژی

تاوەکو کۆرپەی مەمك لەناودەم

چاو نەچێتە خەو، لەمژ کۆڵ نەدەم

ئاوێنەی دڵم خاڵی تۆی تیابێ

شالآوی پیری با بەڕوما بێ

من هەر مناڵم گڕوگاڵ ئەکەم

داوای مژینی گۆنا و خاڵ ئەکەم

نەکەی گیانەکەم پێم بڵێی خاڵۆ

خاڵۆ وا ئیتر بۆ خالآنی تۆ

بو بە خولآمی بێخاڵ سەرگەردان

ئامانەتیی تۆ و خاڵۆی پەرێشان

١٦٩ بەدڵبون  ١٢٤ لێدوان لەوانە:

**Azad Saadi Saeed** هەموویم لەبەرە و مامۆستا هەر ساغ و سەلامەت بێت، ئەو شیعرە بۆ خۆی شاکارێکە لە شاکارە نایابەکانی مامۆستا (کامیل ژیر).

**Saman Salih Faraj** دەستوچاوتخۆش بەڕاستی تلم و چێژێکی زۆری تێدایە کە هەرگیز لە هۆنراوەی ئێستادا نییە

**Kamil Zheer** ئێوەش هەر لەخۆشیدابن کاکە سامان. هۆنراوەی کوردی لە ئاستێکی بەرزدابو، بەداخەوە هەندێ کۆلکە شاعیری ئەم سەردەمە، لە بێتواناییانەوە ، ئاستی هۆنراوەی کوردییان نزمکردەوە بەوەی کلکو گوێیان بڕی! گوایە ئەوە تازەکارییە! . لەوبارەیەوە توێژینەوەیەکی تێروتەسەلم هەیە، لەگەڵ بەشی دوەمی هۆنراوەکانمدا بڵاوی ئەکەمەوە. هەر بژین.

**Sarwar Ahmad** مامۆستای پایە بەرزو هێزا دەستەکانت خۆش و خامەت ڕەنگین،هەر بمێنیت و تەمەن درێژ بیت بۆ خزمەتی وێژەی کوردی و بیری نەتەوەیی❤️❤️

**Kamil Zheer** کاکە سەروەر، هیوادارم ئاوە جوانەکەتان لەگەڵ نیهادی پاکتان ببێتە هەتوان بۆ سەروەریی کوردستان. با هەموشمان لەخزمەت بیری نەتەوەییدابین. هەر شادبن بەڕێزم.

**Zardasht Zardashty** زۆرجوانە مامۆستا گیان ئاتەسەم ئەخوێندەوە ئەمزانی ئەم شیعرەی ئەواکاریەی مەولەوی هی جەنابتە ، خوا سەلامەتت بکات و تەمەنت درێژبێت

**Shex Yousif** بە راستی من زور سە رسامی هە موهونراوە کانتم هە موی پێویستە بە التون بنوسرێتە وە ئە مە ن درێژی ولە شی ساغ و دلی خوش بو بە ریزتان ماموستای عشق وجوانی

**Hallo Barzinjeyie** هەر بمێنی بۆ خزمەتی کوردبوون و ئەدەبە ڕەنگین و هزرە گەشەکەی مامۆستا ژیر بەهەقەت تابلۆیەکی بەرز و جوانە و هونەرێکی بەهادارە

**Othman Saeed** کاک کامل رۆژ باش هیوادارم تەندروست بیت لای تو وایە ایمە کوردین ؟ایمە اسلامین پەروەردەی منالیمان دینی اسلامە پەروەردەی منالی پێناسەی نەتەوە دیاری دەکات

**Kamil Zheer** کاکە ئوسمان، هیوادارم ئێوەش تەندروستبن. بەڵگەنەویستە کە ئێمە پێشئەوەی ئیسلامبین کوردبوین . ئیسلام 1400 ساڵە. کورد لەسەرەتای مێژووەوە هەیە. ئنجا ئیسلام ئاینە، کوردبون نەتەوەکەمان دیاری ئەکا. پەروەدەی منداڵیشمان هەر پەروەردەیەکی کوردانەوە. ئەوەتیە تۆ بەکوردی ئەنوسیت!؟ بەکوردی ئەدوێیت؟ تەنانەت بەکوردیش خەونەبینیت! ئاخۆ دێتە بیرت خەوێکت بە عەرەبی بینیبێ!؟ ئاخۆ دێتەبیرت لەمنداڵییەوە عەگاڵت لەسەرکردبێ!؟ تۆ ئەزانی ئێمە لەسەر کوردبونمان جینۆساید ئەکرێین نەک لەسەر ئیسلامبونمان؟ ڕێزم هەیە بۆتان.

**Othman Saeed** بە یانیتان خۆش و شادی بێت اوان هەڵەن امگەر ائمە کورد بووینایە کەس نەیدەتوانی جینۆسایدمان بکات کورد بوون زمان نی یە کاوردبوون واتە کرداری باش و وتاری باش بونەتەوەی کورد وەرە ببینە بازانە کوردێک دەبینیت اسلام لەێنشەوە پێناسەدەکات تاایستا قسەی زۆرم لەگەڵ کەسانێکا کردووە نەبووە بڵێت کوردم و هیچی تر

**Kamil Zheer** نا چاوەکەم کاک ئوسمان، بەو پەلەیە نابێ! ئەکرێ کورد بینو ئیسلام، یا جو، یا دیان، یا زەردەشتیبین. تۆ سەرنجبدە نیوەی دنیا مەسیحییە، بەڵام هەر نەتەوەیەک نەتەوایەتییەکەی خۆی پاراستوە، بەڵکو نەتەوایەتییەکەی پێش ئاینەکەی ئەخات. ئنجا خۆزگە وابوایە وەک بەرێزت ئەڵێی (هەمومان بمانوتایە کوردینو هیچیتر) ئاخر ئەوە لەکاتی ئێستادا هەڵگرتنی بەردێکی قورسە کە بۆمان ناهاوێژرێ!. مەسەلەی جینۆسایدکردنمان؟ ئەوە ئاو زۆر ئەکێشێ، ناکرێ لەکورتە وەڵامێکدا لەو دەرگایە بدەین. هیوادارم هەلی یەکتربینینمان بۆبرەخسێ لەکۆڕێکدا، یا لەهەر جێیەک. هیوام پێتە چونکە ئەبینم تۆ بیرئەکەیتەوە، ئەوە سەرەتایەکی باشە. هەر شادبن.

**Othman Saeed**
**Kamil Zheer** کاکە کامل هەموو کاتێکت خۆشی بێت اەو میللەتانە سەربەستی یان
بەدەست هێناوە دین ڕێگرنەبووە بۆیەکبوونیان ائمە دینەکە بۆتەهۆکاری یەکنەبوونمان

**کاژیک کاژیک**
**Sarbast** ئەو پۆستەی کردبو کە گۆرانیەکی حەسەحسێن هەورامی بو باسی شعرەکەیت کردبو... م. کامیل ژیر و مەولەوی خاوەنی ئەم شیعرەن. لە پێشەکیەکەدا م. ژیر شتێکی نایابی گێڕاوەتەوە، حەزم کرد لەگەڵتی شێر بکەم.

**Arif Kerim** ئاخر منیش وامزانیبوو هۆنراوەکە هەر هەمووی هی مەولەوییە و کەسی تر تێوەخلی نەکەوتوە ، کە بە گۆرانیش دەوترا بەتایبەتی ئەوەی ئاڵی مردان کە ئوستازانە وتویەتی هەر وا تێگەییبووم .
دەستەکانت خۆش مامۆستا گیان بۆ ئەو شاکارە ئەدەبیە بەرخە قەشەنگەی باخچەی شیعری کوردیت پێ ڕازاندوتەوە ، ئەو هۆنراوەیە تایبەتەو قەت کۆن نابێت . هەر خۆش بن و سەرکەوتنتان بۆ دەخوازم.

**Farouk Hamaxan** بڕوا بفەرموو تا ئەم ڕوونکردنەوەی ڕێزدارتان وبڵاو کراوەیەکی کاک پشکۆ ڕەحیمم نەبینی کە منیش لەلایەن خۆمەوە دوێنێ شەو شەیرم کرد لەسەر ئەوشیعرە کەهونەرمەندان چڕیبویان وام ئەزانی شیعرەکە تەواوی هی حەزرەتی مەولەوی یە .
دەستخۆش.

**Hessen Mela** بەڕاستی ئەوەندە ناسک و جوانە ئێستاشی لەگەڵدا بێت گوناهە پێت بڵێن خاڵۆ .
دەست و چاوت خۆش بێت و تەندروست باشیت بۆ دەخوازم

**Kamil Zheer** بەڵێ خاڵۆ نیم هێشتا منداڵم شۆڕەسوارێکم راوکەری خاڵم .. زۆر سوپاس کاکە مەلای بەڕێز.

**Razaw Abdul Kanspikayy** هەستت ناسکتر و دڵت گەنجتر بێ ، دەستی ماندوت نەرزێ . استاذ هەر بمێنی .

**Latif Abdulla** دەستت خۆش کاک کامیل بەهیوای لەش ساغیت گەر ڕێگەم پێبدەی شێری بکەم نوسینو گۆرانیەکەی ناسری ڕەزازی لەگەڵ ڕێز بۆت

**Kamil Zheer** خاڵۆزا گیان، چاوی منداڵەکانت ماچ ئەکەم ، بەڵێ فەرمو شێری بکە. ئەگەر گۆرانییەکەی ناسری رەزازیت لایە، وەک ڤیدیۆیەک بڵاوبیکەیتەوە باشتر. لەگەڵ ڕێزم بۆ کاکە لەتیف.

**Fausy Ramsy** دەست و خامەی زێڕینتان خۆش ، گەر نەڵێم بباڵاترە لە ئەسڵەکە خودێ دەسگری بەڵام پڕ بەڕار دەتوانم بڵێم شانی لە شانی دەسوێت و ئەم و جەژنێکی تەواوی پێ بەخشیوە. خودێ تومان بۆ بهێڵێت

**Goran Jabary** هەربمێنیت مامۆستای گەورە ، کاک ناسری ڕەزازیش ئەم هۆنراوەیەی کردوە بەگۆرانیەکی نایاب ، یەک شت زۆر گرنگە ڕاستە ئەم هۆنراوەیە سۆرانییە بەڵام قەت ناخە هەورامییەکەی خۆی بزر نەکردووە دەس خۆش زۆر لێزانانە تەواو کراوە،،،

**Kamil Zheer** سوپاس بۆ روونکردنەوەکانت کاکە گۆران. ئەوەی هونەرمەند رەزازیم گوێلێنەبوە. ئەگەر ئەکرێ وەک ڤیدیۆیەک بیخەیتە پاڵ ئەم لێدوانە جوانەت، کارێکی چاک ئەبێ. هەر شادبن.

**Arif Kerim** دەست خۆش مامۆستای بەڕێز بۆ هۆنراوە دێرین و ناسراوەکەت کەبە وشەی زێڕین و ناسک ڕازاوەتەوەو سەرنجی شاعیر و نووسەر و هونەرمەندت پێ ڕاکێشاوە ، ئەمە هۆنراوەیەکە قەت کۆن نابێت و ملوانکەیەکی مرواریە و دەستاو دەست دەکات .هەر لەش ساخ و تەمەن درێژ بیت مامۆستا گیان .

**Kamil Zheer** ئەوە چاوە گەشو گەشبینەکانی تۆیە کە لەکوالوی شارەزاییو پسپۆڕیتانەوە بەو وشە جوانانە ئەو بابەتە ئەنرخێنی. ڕێزو خۆشەویستیم بۆ مامۆستا ئارف.

**Sherzad Mahmood** ماموستای ژیر و بیری نه ته وایه تی ته مه ن دریژوو ته ندروست باش بیت
هه ر جاریك ویستبیتم وه سفی ژن بکه م ئه م هونراوه یه ی به ریزتانم به جوانترین زانیوه که ده فه رموویت
مه ودای جوان ئافره ت هینده فراوانه
ئه گه ر ژیر بن هه موو جوانن
هه ر ئافره ته و جوری جوانه

**Kamil Zheer** کاکە شێرزاد، تەمەنی درێژو لەشی ساغ بۆ ئێوەش بەڕێزم. ئەو هۆنراوەیەی ئاماژەت بۆکردوە، بەمجۆرەیە: لەجوانیدا جوانیی ئافرەت هەندە مەودای فراوانە، ئەگەر ژیربن هەمو جوانن هەر ئافرەتە جۆرێ جوانە. . . ئەوەشم لەو ڕاستییەوە وەرگرتوە کە جوانیی مرۆڤ ، ژن یا پیاو، لەجوانیی ژیرێتیو ئاوەز (ئەقڵ)یدایە. جگەلەوە ئافرەت ئەگەر ناشیرینیشبێ، هەندێ ئەندامو هەڵسوکەوتی جوانی هەر هەیە کەئەبنە هۆی شیرینبونیان. بە هیوام هاوسەری ئافرەتێکی ژیربی. پەندێکی جیهانیش ئەڵێ: لەدوای هەمو پیاوێکی مەزنەوە، ژنێکی مەزن هەیە.

**Saman Salih Faraj** دەستوچاوتخۆش بەڕاستی ئام و چێژێکی زۆری تێدایە کە هەرگیز لە هۆنراوەی ئێستادا نییە

**Kamil Zheer** ئێوەش هەر لەخۆشیدابن کاکە سامان. هۆنراوەی کوردی لە ئاستێکی بەرزدابو، بەداخەوە هەندێ کوڵکە شاعیری ئەم سەردەمە، لە بێتوانایانەوە ، ئاستی هۆنراوەی کوردییان نزمکردوە بەوەی کلکو گوێیان بڕی! گوایە ئەوە تازەکارییە! . لەوبارەیەوە توێژینەوەیەکی تێروتەسەلم هەیە، لەگەڵ بەشی دوەمی هۆنراوەکانمدا بڵاوی ئەکەمەوە. هەر بژین.

**Baba Ali Allaf** دەسخۆش ماموستاژیر وەرگێراوەکەت ئام وچێژی دەقەکەی مەولەوی لێدێ هەر تەمەندرێژو لەشساغ وسەرکەوتوو بیت من دەمێ ساڵە وەرگێڕاوە شیعرییەکەی جەنابتم بینیوە پێم وایە ئەوەڕاستی شەستەکان

**Kamil Zheer** زۆر سوپاس . بەڵام ئەوەی من وەرگێڕاونیە، بەڵکو تەواوکردنە. وەگێڕاو بەواتای تەرجومە دێت. ئەزانم تۆش مەبەستت تەرجومە نیە. لەگەڵ ڕێزم.

**Pshko Amin** دەستەکانت خۆشبێت وهەر تەمەن دریژبێت ،ساوەڵاهی خۆ ماموستاکامیل منیش هەروام زانیوە کە هونراوەکە هەر هی مەولەویەو پیرەمیرد وەریگیراوە دەستەکانت خۆشبێت بۆئەم رونکردنەوەیە تائیتر خەلکی بتوانیت ئەو هەڵەیە راستبکرێتەوە دەست خۆش ،ئەجمەدین مەلاس ئاهەقی نەبوە هێندە جوان تەواوت کردوە هەر دەڵێی هێنی مەولەویە رەوانی شاد وگۆرەکەی چراخانبێت

**Kamil Zheer** کاکە پشکۆ، هاوبیرمان رەوانشاد لەتیف قەرەداخی
(ب.هەندرێن) پەرتوکێکی چاپکرد کە بەشێکی سەبارەت ئەو هۆنراوە ناوکۆییەی
مەولەویو بەخدەو. بەشێکیتریشی بەراوردێیو لەنێوان هۆنراوەی ئەولە سیسی
قارەسانی منو هۆنراوەی هەڵۆ بەگی گۆراندا، بەڵام پێش بڵاویونەوەی، پەرتوکەکە
قەدەغەکراو ئەمنی بەعس هەمو پەرتوکەکەی کۆکردەوەو سوتانی! ئیتر خەڵکەکە
هەر وایانزانی هۆنراوەی خاڵۆ هەموی هی مەولەوییە! هەرچەندە لە ژیندا بەناوی
خومەوە 2جار بڵاوکرایەوە. دوای کۆچی دوایی جوانەمەرگ، من چاپی
ئەلەکترۆنیم کردەوەو لەسایتی ئەمرۆدا بڵاومکردەوەو پارێزراوە. خۆشێتانو
هەربژین.

**Karwan Raouf Hama** دەست خۆش ماموستا گیان تائیستا ئیمە هەروامان زانیوە کە
هی مەولەوبیت دەستتان خۆش زۆر بەتام و چێژە

**Azhe Jalal** هەستت خۆش بێت کاک کامیل گیان ، تەمەن درێژبێت ،،لێرە لە هەندەران
کە ئەم ئاوازە بە گوێم دەکەوێ دەڵێم هاورێیان ئەم سۆزە جوانە هی کاک کامیل ژیرە، ،،بەبێ
خاڵۆکەی کاک کامیل بەناو کۆڵانی سلێمانی ورد ورد دەروا تاوێک لەکانی ئاسکان یان
مەڵکەنی یان سەرشەقام یان دەرگەزێن یان بەرخانەقا یان سەرکارێز یان مامە یارە یان
باخی شێخ لەتیف،،خاڵۆکەی تۆ کاک کامیل سۆمبولی جوانی و خۆشەویستی رۆحی زیندوی
شارە جوانەکە ،،سلێمانی.... دەستت خۆشبێت.

**Awat Sahebqran** رەونەق و مرواری وگەوهەرە
بیری رێگای پێگرتوومو لەگەردنم نابێتەوە...
سەروورێشم کلووی بەفرە،بەهیچ جۆرێک ناتوێتەوە
هێزی ئەژنۆ وبیری تیژ وتینی چاو سەردەمانێک بوو
کەف وکوڵی گەنجێتی بوو،ئاواتێک بوو نایەتەوە
لەگەڵ رێز ماموستای بەرێزوخۆشەویست،تا بڵێیت نایاب بوو

**Sebah Nikxa** چەن مەزنە
هەزار سڵاو لەو هەست و قەڵەمەت
بمێنی بۆمان ماموستای هێژا!

**Abdulwahab M. Talabani** ئە مە ن دریژ بی ماموستا کامیل ژیر .. ماموستای
شیعرو جوانی و عیشق و هزری ئە ئە وە بی..

---

## جاشبەلاش!

هاوڕێیانی خۆشەویستم: با دیاریی ئەمجارەمان، کورتانێکبێ بۆکۆڵی جاشبەلاشەکان! ئاخر رەنگە تا رادەیەک بیانویەکی ناڕەوا هەبێ بۆ جاشێتی لەپێناوی دەسکەوتێکی مادی یا پلەو پایەیەک. بەڵام ئەوەی جێگەی سەرسوڕمانە، جاشێتییە لە راهی خوادا! بەبێ هیچ دەسکەوتێک!! وەک ئەوانەی بەرگری لە خوێنڕێژو گەلفرۆشو شارفرۆشو گردفرۆشو دزو جەردەکان ئەکەنو بڕوبیانویان بۆئەهێننەوەو هەوڵی ئەستۆپاکییان ئەدەنو دەستی رەزامەندیی ناڕەوایان بۆ هەڵئەبڕنو لەهەڵبژاردنە گشتییەکانیشا دەنگیان بۆئەدەن! تەنانەت دوای مردنیشیان، ئەیانکەن بە بتی پیرۆزو کوڕنوشیان بۆئەبەن!. بۆیە جێیخۆیەتی ناوێکی تازە بۆئەو سەرلێشێوانە بدۆزینەوە، وەک: جاشبەلاش.

جاری جاران

چاو بە چاوێ، دان بە یەک دان

دوای نەمانیش، مۆرکی تاوان

بۆ تەوێڵو گۆڕی ناپاک

بۆفرۆشی یەک گرام خاک

هەرچی چەندێ کردەوەی چاک

ئێستە بۆسەر خەڵکی داماو

لانە روخاو

گا، لەجێی پیاو

بۆتە سەرپەل!

گورگە بۆرێ، شوانی مێگەل!

جەردەکارێ، داوەری گەل!

بەبێ ئاکار

هەر پەلامار

چەردە دۆلار!

لانەوازێ گەر لەبرسان

دەس بەرێ بۆتیکەیەک نان

ئەیدەنە بەر لیسی تاوان!

خۆفرۆشێ

گردو کێوێ هەڵبلوشێ

دەستوپێوەن بۆیئەپۆشێ!

واش بەهەرجا، واقی وڕماو

لەو ملانەی شۆڕو نوشتاو

بۆ مرۆڤی پێ خلیسکاو

ئەبنە شایەر

بێ بەرامبەر

جاشبەلاشو کەرکوڕی کەر

تۆ لەپایچی ئەم زەڕینە!

ئەم هەمو دەس هەڵبڕینە!

قوڕگو ورگی خۆدڕینە!؟

١٦٩ بەدڵبون ٨١ لێدوان لەوانە:



**Karwan Raouf Hama** دەست خۆش مامۆستا گیان مەگەر بەرێزتان بتوانن پێناسەی خۆفرۆشان بە جوانی بکەن

**Shekh Fatah** دە ستە کانتان خوش بیت ئە وە زیاتر روون ئاشکرا ئیدی هیچ رونکندە وە یە کی ئە گە رە کە دار هە لیرە و سە گی دز دیارە

**Taha Husaln** دەست خۆش بەرێز کاک کامیل زێر ، بەراستی ناوێکی پڕ بە پێستی خۆیانت بۆ دۆزیوەتەوە (جاشبەلاش) چونکە هەستی نەتەوایەتی خۆیان فرۆشتوە ناشزانن بۆچیە وە بۆچی خۆیان فرۆشتوە . ئەمجارەش دەست خۆش مامۆستای هێژا

**Kamil Zheer** بەڵێ کاکە تەها وایە، بەڵای گەورە ئەوەیە مرۆڤ ببێتە کۆیلەو بەخۆینەزانی! هەر شادو بیرفراوانبن.

**Pshko Amin** دەست خۆش کاک کامیل گیان هیوادارم تەندروست و بەختەوەربیت بۆ ئەم نەتەوە نەگبەتە ودەسکوت کردنی خۆفرۆشان وجاش بەلاشەکانی

**Namiq Sharef** دەس خۆش مامۆستا کامیل ئەو پێنووسەت هەر بمێنێ زۆر جوانت ووتوە داخەکەم ئەم کۆیلانە ناقامن کەرو کوێر بون لە ئاست ئاغاکانیان

**Abdoulla Zangana** زور بە داخە وە ئوستاد گیان ئە و پارچە بە پتە بە رزە ی مە حوی پایە بە رز ت خستە وە یادم کە ئە فە رمیت:
خودایە سا بمژینی تا لە بە ر قاپی کە سی ئە مرم!
دە ست خوش بو ئە و شیعرە پر لە هە ست و سوزە جوانە کە ئە عبیر لە واقیعی کومە لگا ئە کا ت ! هە ر بمینیت.....

**Kamil Zheer** ئێوەش هەر بمێنن لەگەڵ ئێمە تا لەبەر قاپیی کەسێکو بیرێکدا بمرین کە ئازادیو یەکسانیو سەربەخۆییمان بۆ دەستەبەر بکا. لەگەڵ رێزم.



**Awat Sahebqran** کورتانی کەرێک بکەیت لەحەریر
ئاخوڕی پڕکەیت لەخورماویەنیر

خواردنی هەردەم شەکراوشیربێ
گەرچی بەئیدە دنیا زۆر ژێر بێ

کەئێی هاتە سوێ دەساری کەری..
لەخوڵەسێتشا خوی دەگەوزێنێ
لاقو بەرنەزنوی خەڵک دەشکێنێ

ئەگەر کاک عەفلەق بێ بەیتەری
بشوا کلکوگوێ وبەرناخی سەری
کە ئێی هاتەسوێ دەساری کەری

بەروبازاریش هەڵدەتێزێنێ
شووشەوناوێنەی خەڵکی دەشکێنێ

ئەگەر عەسکەربێ وبکرێ فریق
ئامرلیوابێ وەک زەعیم سدیق
ئیستقبال بکرێ بەتاق وتریق

لەخوڵەسێتشدا خوی دەگەوزێنێ
لاقوبەرنەزنوی خەڵکی دەشکێنێ

ئەوەندەی هێزی بیرەوەریم کە یارمەتیمی دا، نوسیوسە،چونکە بۆ یەکەمین جار لەزاری حەمە سەعی بەگی دەرشێش یادی بەخێر،لەساڵی علی بەگی حسین بەگی جاف کەراوسێمان بوو لەکۆتای شەستەکانی چەرخی ڕابردوو



**Chia Samad** دە ستخوش زور جوانە ، بە لام خوزگە راستو رە وان ناوی نە و جە ردە کارو داوە ری گە لانە ت دە رە خست ، چونکە ئیستا هە ر نە وانن خویان بە خە مخورو دلسوز نە زانن



**Kamil Zheer** کاکە چیا گیان، سەیرێکی وەڵامەکەم بکە بۆ کاک غەفار لەسەرەوە. ئنجا گرنگ نیە جەردەکار خوی بە دڵسوز بزانێ، گرنگ ئەوەیە (روتکراوە) چۆن ناوی ئەبات.



**Arif Kerim** دەست خوش ماموستا گیان بو دیاری ئەمجارە لەژێر ناوی جاشبەلاش، (سەگ لە قەسابخانە ئەتوێی عومری بە زایە دەچێ) ، جا ئەوجاشبەلاشانەش ئەگەر دەست لە چەپڵەلێدانی بێهودە و پیاهەڵدان و نوشتانەوە و کڕنوشبردن و زوباندرێژی و بەرگری لە دزو جەردە و خوفروشی هەڵگرن ئەوا دەست بەجێ گیانیان دەردەچێ و دەکوێن بۆیە ئەو ناوەی جەنابت بۆت هەڵبژاردوون پڕ بەپێستی ئەوانە ، جارێکی تر دەست و پەنجەکانت خوش بێت ، هەر سەرفراز و تەمەندرێژبیت.



Kamil Zheer زۆر بەڕێز مامۆستا ئارف، سوپاس بۆ ئەو پەندە بەجێیە. بەشکم جاشبەلاشەکان تۆزێ شەرم بیانگرێ. هەر شادبن.

Hama Bakir دەستت خۆش بەڵاخەوە زۆر ڕاستە

Kamil Zheer منیش داخ ئەخۆم بۆ دیاردەی جاشبەلاشی. بەهیوام ئەو دیاردەیە نەمێنێو مرۆڤی کورد زیاتر بیربکاتەوە. مرۆڤ بە بیر جیائەکرێتەوە لە ئاژەڵ.

Ghafar F. Rostam حەزمدەکرد ئەو جاش بەلاشەت دیبا ری کردایە ڕووبەڕوو و بوێرانە تاکوو ڕاستی و ڕەوای جاش بەلاشمان بزانیایە بەبەرگی دەبڕێت ژێری بەڕێز تۆ بەراستگۆو ڕووبەڕوو دەست نیشا نی کەسایەتییەکان دەکەی ئەمیش دیارییە..

Kamil Zheer کاکە غەفار، جاش بەلاشەکان ئەوەندە زۆرن پەرتوکێکیان ئەوێ. گرنگ ئەوەیە ئەوانە خۆیان ئەزانن لەگەڵ ئەوانمە. ڕێزم هەیە بۆ ئەوانەی بە باش ئەڵێن باش، بەخراپیش ئەڵێن خراپ، واتا کوێرانە نابنە شایەرو دەهۆڵکوتی هەمیشەیی بۆ هیچ کەسو هیچ لایەنێک. با پەیڕەوی ئەو پەندە کوردییە بکەین کە ئەڵێ: قسە بیکێشە، بیبێژە، بیوێژە. ئێوەش هەر شادبن.

Nizam Faisal یاخوا تەمەنت درێژبێت و دکتۆر نەبینی،

هەرساغ و سەلامەتبی

Kamil Zheer زۆر سوپاس کاکە نیزام. دوژمنت ڕێی بکەوێتە لای دوکتۆری ئەم وڵاتە، گیرفانت تاڵانئەکەن، بۆ چارەسەری دەردێ توشی دو دەردیترت ئەکەن. لەگەڵ ڕێزم بۆ دوکتۆرە بەڕێزانەکان.

---

## نازی خۆشەویست

وەک بەرەنگارێ لەگەڵ خۆر

دێتە مەیدان، بۆشەڕوشۆڕ

بۆهەژان

گوڵشەنی سەیرانو خۆشی

باخچەکانی      بابلیشی[1]

تێپەڕان

پرچی شۆڕی، شیتو یاخی

پەرچەمی ئەڕژێتە  باخی

ناوچەوان

هەرچی چاوی ئاشکانە[2]

خەمبەکۆڵو پڕلەژانە،

چاوەڕوان:

ئەم ئەوینە تاکوکەی هەر

داری وشکی بێگەڵاو بەر،

خەمپژان!؟

وەک کەوانو تیری ناهەز

بۆبڕینی سەردڵی  ئەز:

دەسنیشان

تاکو خوێنی  لێبچۆڕێ

دەستوپەنجەی پێبشۆرێ

خانومان!

ئەم ئەوینەم، پڕ بەهایە

جێگە سۆزی ئاهورایە[3]:

نیشتمان

بومە سۆفیو رێ ئەکێڵم

بۆگەیشن[4] شێتو وێڵم

بێ وچان

ئەم ئەوینەم شای ئەوینە

نیشتمانو نازەنینە

هەردوکیان

پێکەوانێ ئەبنە شایی

سەربەخۆییو ئاشتەوایی

دو دڵان

ئەم سکاڵاو رازو خوازە

بەرهەمی ئەزمونی نازە،

مایە ژان

خۆشەویستی، هەروەهایە

وەک سەرابێ جێ هیوایە،

تا نەمان

ئەم گوڵەم وەک نیشتمانە

خاری[5] زێڕەو سایەمانە

پایەمان

نازی هەردوکیان ئەکێشم

بۆفیداکاریی لەپێشم

بێ گومان

ئای لەرۆژی بەزمو شایی!

سەربەخۆیی و ئاشتەوایی

ئازیزان!!

1-باخچە هەڵواسراوەکانی بابل، یەکێکبو لەهەوت سەرسورهێنەرەکانی جیهان. روبەرەکەی14864م$^2$ وبەرزییەکەی 24م بو. ساڵی 600پێش زایین پاشای بابل بەختەوەرشا (کەئەرەب ناوی بە، بخت النصر، یا، نبوخوذ نصرئەبا) ئەو کۆشکو باخچەیەی بۆهاوسەرە شۆخە کوردەکەی دروستکرد کەناوی ئومێد بو و کچی هۆخۆشتری پاشای مادبو کە بە سوپا بەهێزەکەی و بە هەماهەنگی لەگەڵ بەختەوەرشا، ساڵی 612 پێش زایین، نەینەوای لەئاشورییەکان سەندەوەو کۆتایی بەئیمپراتۆرێتی ئاشورییەکان هێنا کەنەینەوایان داگیرکردبو. ئومێدیش دوای ئەوەی لەناوچەی ئەڵوەندەوە برا بۆبابل کەبیابانێکی وشکبو، توشی خەمۆکیبو! بۆیە بەختەوەرشا ئەو باخچانەی بۆدروستکرد تا لەکەشوهەواو دیمەنی کوردستانبچێو ئومێد دڵتەنگنەبێ لەو بیابانە وشکەی بابلدا.

سەرچاوە مێژوییەکانیش هەریەکەو بەجۆرێ ناوی ئومێدیان بردوە وەک (ئامیدیا، ئەمیدۆنیا، ئەمیتس، سەمێرامیس) کەئەمەی دواییان رێێ تێناچی چونکە سەمێرامیس ناوێکی یۆنانییە، سەرچاوەکانیتر کۆکن لەسەرئەوەی ئومێد لەناوچەی ئەڵوەندی کوردستانەوە براوە بۆبابل.






چەن دیمەنێکی باخچەکان بەخامەی وێنەکێشە جیهانییەکان پشتبەست بەسەرچاوە مێژووییەکانو شوێنەوارەکانی باخچەکە

2-ئاشکان: ئاشقان

3-ئاهورا: خودا

4-گەیشتن بەئاهورا: هەوڵدانو ئاواتی سۆفییە بەپێی فەلسەفەی سۆفێتی (تەصەوف)

5-خار: دڕک

٨٩ بەدڵبون ٣٨ لێدوان لەوانە:

**Handrean Soran**
Mamosta Kamil, Dast xosh bo chawpekawtini Panja Mor. Har 3 bashakam sair kird. Zaniari zor ba nirxi teda boo. Taman drezh bin.

**Pshko Amin** دەست وخامەت خۆشبێت وهەربژیت مامۆستاکامیل هونەراوەیەکی جوان بە هێنانەوەی باشخانێکی مێژوویەوە بۆ عەشقێکی ئەبدی پیرۆز

**Awat Sahebqran** دەست وخامەت ڕەنگین،ماموستا زێر ، هونراوەیەک پڕ ڕەونەق
ومرواری، ڕوونکردنەوەیەکی سەرنج ڕاکێشی مێژووی کەزۆر کەس نایزانن و ئاماژەت
پێداوە،ئەم باخچەهەڵواسراوەی بابل بە داخەوە لەلایەن ئەسکەندەری مەقدۆنیەوە، کە
بەئەسکەندەری گەورە ناسراوە ،بەسەرخۆشی گڕیان تێبەردابوو،ئەگەرچی بۆ دوای پەشیمان
بوو لەو کارەی،ئەمەش لەچوارچێوەی ئەو هێرشەدا بو بۆ سەر ئیمپراتۆریەتی ساسانیەکان
کە داریوش سەرکردایەتی دەکرد،لەجەنگێکی ستراتیجی لەنزیک هەسلم حەلیل توانی
داریوش تێک بشکێنێت،درێژە بە هەڵمەتە سەربازیەکەی بدات و ئیمپراتوریەتەکەی
گەورەتر بکات،ئاستووری زەریای هند ئەوەستا،بەو ئومێدەی،ناوی بەقای دەست
بکەوێت،وەک دەست و پێوەنگەکەی بۆیان باس کردبوو،ئیتر بۆی ڕوون بوەوە، کە شتی
وانیە،دەگەڕێتەوە ،لەباشووری ئێراق لەنێوان ئەمارە و ناسریە توشی ئیفۆئید دەبێت و
دەمرێت،وەسیەتی ئەوەبووە کەخۆی دەستی کرد بەچ خاکێکدا،لەوێ بنێژرێت،سوپایەکی
خەمناک،لاشەکەی لەسەر پەرژەیەک بەدوای ئەسپەوە،زۆر بێ تاقەت مارش دەکەن،لاشەکەی
بەرەوخراپی دەڕوات لەو گەرمای باشوور، پیرێژنێک پرسیار دەکات لێیان،بۆ
والخەمناکن،بەسەر هاتەکە دەگێرنەوە،وەڵێ لەو شوێنە بمنێژن کەدەستم پڕبێت
لەوخاکە،ئەوانیش نەیانوێراوە لە فەرمانی دەرچن و چاوەڕێی بوون،پیرەژن یەک چنگ
خاک دەکاتە دەستی ئەسکەندەر ،بە دەورویەرەکەی دەڵێت دڵێرە بینێژن،وەک لە ئەدەبیاتی
کوردیشدا ئاماژە بەوە دەکەن
(وەکو ئەسکەندەرێن تەڵەبی ئاوی بەقا کا/شێخ ڕەزای تاڵەبانی)
سالمیش لەم جوابچیوەیەدا دەڵێت( وەک ئەسکەندەرین، بەستێی خاکەوە)
لەگەڵ ڕێز و حورمەتم بۆ بەڕێزتان

**Kamil Zheer** زۆر سوپاس مامۆستا ئاوات . باسەکەتان دەوڵەمەندکرد. داواکارم
هاوڕێیانی فەیسبوک وەڵامە گرنگەکانی وەک ئەم وەڵامە بخوێننەوە. دەستو بیری
روناکتان خۆش.

**Muhamad Dukani**
Dastxosh mamosta badaxawa heshta xalki ema kam ta zor aw
rastya mezhwiya nazann

---

## خۆری کوردستان

دیاریی ئەم هەینییەمانە، بۆهاوڕێیانی خۆشەویست، بۆشێرەکچانی
جەنگاوەر، بۆچاوە گەشبینەکان، بۆخەمخۆرانی نیشتمان، بۆدڵی
دڵخوازان.

چ جوانە خۆری کوردستان ئێواران

ئەدا زەردەی لەدەشت و هەرد و کێوان



ئەڵێی روخساری دولبەرمە لەشەودا

وەکو گەوهەر جریوەیدێ لەئاسمان

لەرۆژا لالەزارێکی سروشتە

کراسی زێڕی پۆشیوە پەریخان

دوڕو مەرجانە ئەم خاکە بەنرخە

بژاریکەن لەپێڕی خۆفرۆشان

لەکوێی دنیا فیداکاریی وەهایە

کچانیشی لەگەڵ ئاگر لەشەڕدان!



نەما رۆژی لەئەشکەوتا خەوی چڕ

ئیتر کاتی شەڕو شۆڕە لەمەیدان

بەسەرچو سەرکزیو هیزیو سەلامەت

بەنامەردی، بەپولێ گەنجو سامان

ژیانی ئاشتەوایی ژێردەسیبێ

هەمو ساتێکی سەگمردەو پەرێشان!

نەکەن یاران سەری بەرزیی نەویکەن

تەماشا شاخی سەربەرزی وڵاتتان!

ئەبینێ چاوی گەشبینی هەڵۆو باز

لەئاسۆدا شەبەنگی دو چراخان

یەکەم، ئاهەنگی سەرکەوتن لەمەیدان

دوەم، شایی لەیەکدانی دڵو گیان

١٣١ بەدڵبون ٥٢ لێدوان لەوانە


Arif Kerim دەست خۆش مامۆستاگیان بۆ ئەو هۆنراوە جوان و پڕ مانایە کە بەرگێکی قەشەنگی لە خۆ پۆشیوە ، بەڵام بەداخەوە هەتا ئێمە خاوەنی ئەم پیس خۆرانە بین ، نە ئاهەنگی سەرکەوتن دەگێڕین و نە شایی لەیەکدانی دڵ و گیانیش دەبینین ، تەمەنی درێژ و سەرکەوتنتان بۆ دەخوازم .

Mohammed Shaida دە ستە کانت خوشبیت کاك کامل بو او هە لیە ستە جوانە ت کە راستي و دروستي کوردستانت بە واقعي خوي دە ست نیشان کردوە ، کوردستان کە وەهە رە هە ر وە ك شاعران دە ربانبریوە لە شعرە کانیاندا ،کوردستان یە هە شتي سە ر زە مینە یە لام بە داخە وە بیکە سە ، بیخاوە نە ، نە شیاو یە ریوە ي دە بات ، روزیك دە بیت خاوە ني راستە قینە ي دە رکە وي و الأي کوردستان بترخیني و دە نکي زولالي کورد مزدە سە ریە خویي بە جهان بکە یە ني ، هە ر تە مە ندریز بن .

Awat Sahebqran دەست خۆش مامۆستا کامیل ژیر،بۆ ئەم پەلکەرەنگینەیەت،ئومێدەوارم ئاسوودە و کامەران بیت هەردەم، لەکۆتاییدا ئەم دوو بەیتەی کوچکردوو، شێخ لەتیفی شێخ مەحمودی حەفید :
وەرە ئەی کوردی گیرۆدە، ئەسانە گەورە پیاوت بن...
ئەسانە واریسی موڵک وووڵات و قەوم و ناوت بن...
بەهیوایان نەبیت زینهار ئەگەربێ نووری چاوت بن..
بەبیرتا قەت نەیەت ڕۆژێک کە سامان و هەتاوت بن،

**Kamil Zheer** زۆر سوپاس مامۆستا ئاواتی بەڕێز، هونراوەکەی شێخ، بەرزو جوانە. ئاخۆ ئەگەر بمایە، ئێستە چیی ئەوت!؟

**Hussen Ahmad** دەست خۆش مامۆستا دیاری ئە مجارە شت هە موی وانە ی ئە بە زین وسە رکە وتلە زۆر جوانە

**Şara Kamil Jir** دەستخۆش، هەمیشە ڕێگاروشنکەرەوەیت، ڕۆحی بەرخودان ئەکەیتەوە بە بەری تاکی بیئومێدبووی کوردا! ئەوەیە ئەرکی ڕۆشنبیر، نەک لاوەکەوەو ڕەشبینی کە زۆر ئاسانە چەپڵەی بۆ لێبدرێت.
هەر بمێنی بۆ ڕێگانیشاندانی نەتەوە بەلاڕێدا و هەکەماندا.

**Kamil Zheer** دەسخۆش شارا گیان، زۆر ڕاستە کە لاوانەوەو ڕەشبینی پیشەی خەڵکی بێئومێدو بودەڵەو هیچلەبارانەبوە. هەربژینو هەمیشە سەرکەوتوبن لە ژیاندا.

**Aumed Aziz** مامۆستای بەڕێزم..سەرەتای لاویمان بە بیری نەتەوایەتی و ژیاندنەوەی کوردستان دەستی پێکرد..گەڕان بەدوای سەرەداوێکدا..بۆچونەکانی بەڕێزت ئاوێنەبوون و خۆمان تێدا بینیەوە..ئاشنا بوین بە ئازارەکانی ڕۆحت...بەڵام ئەفسوس بەجێمان هێشت تا ئەو هەموو کاروان کوژە یە میللەتەکەمان بەلاڕێدا ببەن و والە کورانی گەل بکەن چنگیان بچێتە حوێنی یەکتریەوە..تاڵان فرۆشی ئاسمان و زەوی و ژێرزەوی وولات..بوون بە خزمەتکاری هەموو لایەک کوردنەبێت

**Nuri Karim** مامۆستا گیان بژارکردن هەمیشە باش و پێویستە ،بەڵام ئەم (گیاکەڵە)ی کوردەواری یەی ئێستا لەتوانای بژارکردندا نییە. پێری خۆفرۆشان یەکجار زۆرن و رەنگیان لە رەنگی گوڵەکانیش ئاڵاندووە • باوەڕبفەرمون دەبێت زەویەکە بەشێوەی دو گاسنە سەرلەنوێ بکێڵینەوە• بێهیواش نابین بەڵام ئاشکرایە کەڵە پیاوێکی دەوێت ڕابەرێت و دڵسوزان بخاتە گەڕ،ئەوەش بە ساڵ و دەساڵ و بیست ساڵیش نایەتەدی•• تەمەن درێژ و بەختەوەربن•

**Kamil Zheer** کاکە نوری گیان، ئەوە هەر ئێمەئین کە وەردمان پڕ گیاکەڵەیە. زۆر وڵاتیتریش هەر وابونو لەپڕ پاهوزێک هەمو گیاکەڵەکانی توڕداوە. هەڵکەوتنی کەڵە پیاوێکی لەوجۆرەش کە تۆ ئاماژەت بۆکردوە ، کاتی بۆنیە. ئەشێ لە یەک ڕۆژا یا لە بیست ساڵا دەرکەوێ. ڕاستییەک هەیە ئەبێ لەبەرچاومانبێ، ئەویش ئەوەیە ئاپاکو گەندەڵ هەمیشە بودەڵەو ترسنۆکنو بەرگەی گورزێ ناگرن. هەر شادبن.

**Mohammed Shaida** دە ستخوش بە ریز راستە کورد حزبایە تي سە ري ليشيوانوە ،ريکاي راستي لي وونکردوە ، کومە لي دأبە ش کردوە ، وە کدە لين کورد هە روا بووە و هە رواشدە بيت .

**Kamil Zheer**
**Shamal Hama Aziz** دەسخۆش کاکە شەماڵ، تۆ دەستت خستۆتە سەر زامەکانی کەرکوک. باشت پێکاوە، مایە فیتنەکە سیستمی حزبایەتییە کە بۆتە سیستمی حەردەمی. با زیاتر بیربکەینەوە بۆ دۆزینەوەی ڕێگایەکیتر. هەر شادبن.

**Shamal H Aziz** کەرکووک هەرچی شتێ بێ بەس دڵ نییە هەڵوێستی هەموو حیزبەکان دەرهەق بەشارەکەو خەڵکەکەیشی ئەوەیان سەلماند !

**Kamil Zheer** ئەزموونەکان ئەوەیان سەلمان ئەبێ رۆڵە مەردەکانی کەرکوک خۆیان پارێزەری شارەکەیانبن نەک چاوەروانی حیزبە فرۆشیارەکانی کەرکوکبن.

**Shamal H Aziz** بۆ کەرکوک خەمێکی بێ کۆتایی

کەرکوک ئەزانم شەکەت و ماندوی سەرتاپای جەستەت هەموی زامدارە
شیوەن و خەفەت داپۆشیوە رووت چوار وەرزت پاییز لەجێی بەهارە
بەتەنها ماوی بێ دۆست و ئەحبا ب یان فرۆشراوی بەپول و پارە
تۆ کە شایەنی گشت خۆشیەکی تاکەی بچێژی ئەم ژەهری مارە
خەڵکی بەشەرەف قوربانی ئەدا وێرانە دەروون لە حال بێزارە
داد بۆ کوێیەرن دانیشتوانی شار خۆ ماڵی بەرپرس لە دەری شارە
جوانترین جۆری ماڵ و سەیارە وا لای بەرپرسی دزی ئەم شارە
تەزکیەی حیزب کردیانی بە شت هەرگیز دەرناکەن سەر لە هیچ کارە
وردببیتەوە لە رابردویان زۆریان بەدرەوشت خیانەت کارە
بێباکە لەوەی شار چی بەسەردێ ئەو بەردەوامە لە دزینی پارە
ئەوەی ئەکوژرێ و ماڵی وێرانە هەرچی رەنجیدا هەموی خەسارە
خوایە چاکی کەی ئەم کەرکوکەمان ژیان بەم جۆرە تیایا دژوارە
ئەگەر بیەڵن کەرکوک بەهەشتە جێی حەسانەوەو گەشت و گوزارە
دەتوش ئەی رۆڵەی کەرکوکی ئازا بەس دەست ئەژنۆبە رۆژ تا ئێوارە
بێدەنگی هەرگیز دادی تۆ نادا چاک نابێ ژینت دوا رۆژت تارە
مەخابن کەرکوک دڵسۆزی نیە هەمو هەوڵەدەن تەنها بۆ پارە
سەرچاوەی دراویان لای تۆ بوایە زو رزگار بوبوی بێ ئەم کوشتارە
بەفسەی زلیان هەڵ ناخەڵەتیێ بۆت دەرکەوتونە ئەم دەستەو دارە
ئەگەر وانیە ئەم قسانەی من کوا دڵسۆزیان کامە کردارە
خەریکە تیاچێ شاری شیرینم سڕی داماڵە خوا کێ هۆکارە

نوسیومە لە
2013.7.25

**Rezan Hardi** دەستخۆش هەر سەلامەت و تەمەن درێژ بیت.

**Kamil Zheer** برازای خۆشەویستم د.ڕێزان گیان: ئومێدی زۆرم پێتە ئەواوکەری نامە پیرۆزەکەی ئەو پیاوە گەورەیبی کە وتی: خازادیخوا کوردین ئێمە- شۆرەی پۆڵاو بەردین ئێمە- یەلێ ڕێگای رزگاریمان تەنیاوتەنیا ڕێگای کوردبونمانە.

**Rezan Hardi** **Kamil Zheer** دەستەکانت ماچ دەکەم و انشاللە ڕێگەکەی وون نابێت. هەر بمێنیت بۆمان.

**Nawzad Sito Hêrki** دەست خۆش بۆ خەرمان بەرەکەت،
زۆر گەڕاوم بەدوای ئەو بەرهەمەت
(بەشیر موشیر،ئەو سەرۆکەی نە درۆی کرد و نە ڕاستی گووت)،
لە کوێ دەستم بکەوێ مامۆستا ؟؟

**Kamil Zheer** بەڕێز، لە سایتی ئەمڕۆ 6/7/2014 ماڵپەڕی کامیل ژیر بڵاوکراوەتەوە. هەروەها لە سایتی کوردستانی گەورەو سایتی کونگرەش. هەر شادبن.

---

## خۆشترین ماچ

ناوەڕاستی 2012سەرەتای گەشتێکی 2 مانگیمبو بۆئەمریکا. ئەوکاتە هەموی 516ساڵبو کیشوەری ئەمریکا دۆزرابوەوەو 225ساڵبو سەربەخۆیی هەرێم (ولایەت)ە یەکگرتوەکانی ئەمریکا، وەک دەوڵەتێکی سەربەخۆ، ڕاگەیەنرابو و لەژێردەسی ئەو ئیمپراتۆرێتی ئنگلیزە دەرهێنرابو کە پێیانئەوت رۆژی لێئاوانابێ!!. کەچی ئەو دەوڵەتە لەو ماوە کەمەدا، بوە گەورەترین زلهێزی جیهان!. بۆیە پرسیارێ بەرۆکی گرتم، بۆچی لەو ماوە کورتەدا ئەو دەوڵەتە تازەیە دروستبو و بەو ئەنجامە مەزنەش گەیشت!؟ ئەی ئێمە چین کە هێشتا لەژێر دەستی مرۆڤگەلێکی لەخۆمان دواکەوتوتردابن!؟

بە ئەتڵەنتاو ناشفیلۆ واشنتۆنو نیویورکو بەفەڵۆو تاڤگەکانی نیاگاراو لەکالیفۆرنیاش ساندیاگۆو لۆس ئەنجلسو هۆلیۆدو دواجار بیابانی نیڤاداو شاری لاسڤیگاسدا گەڕام. لەنیویۆرک، چومە شوێنی ئەو 2 تاوەرەی لە یازدەی سێپتەمبەردا وێرانکران، دیم 2 تاوەری قەشەنگتریان

دروستکردۆتەوەو ناوی هەمو قوربانییەکانیان لەسەر بەردی مەڕمەڕ هەڵکەندوە. لەلۆس ئەنجلس، ناوی هەمو ئەکتەرەکانی هۆلیۆدیان لەسەر شۆسەکان نوسیوە. شاری ناشفیلیش شاری مۆزیکاو گۆرانییەو پەیکەری هونەرمەندەکانیان تیائەبینرێ، لەپێش هەمویانەوە پەیکەری ئەلڤیس برێسلی.

لەو گەشتەمدا، نەمدی کەسێک، دەستێ یا چاوێکی لەئێمە زیاتربێ، یا خەڵکەکەی لەئێمەی کورد جوانتربن. ئەی بۆچی ئەوان بەو ئاستە بەرزە گەیشتونو ئێمەیش 2562 ساڵبو و تائێستاش هەر ژێردەسەی رۆمو ئەجەمو ئەرەبینو لەڕوی شارستانیشەوە لەئاستی نزیک سفرداین!؟

هەڵبەت وەڵامەکە فرە ئاوکێشە. من لای خۆمەوە، هەندێ سەرەداوم دەسکەوتوە بۆهۆکارو بۆرێگای کاریگەری سەربەخۆییو ئەو پێشکەوتنەش، بەڵام جارێ پێم باشە ئێوەی هاوڕێیانی خۆشەویست، ئەوانەی توانای وەڵامێکیان هەیە، هەریەک سەرنجی خۆی لەوبارەیەوە پیشانبدا، ئەگەر بەچەن وشەیەکیشبێ. منیش دوای تاووتوێکردنی ئەو سەرنجانە، وەڵامم ئەبێو سەرەداوەکانتان پێشکەشئەکەم.

جارێ با دیارییەکەی ئەم هەفتەیەمتان پێشکەشبکەم کە لەئەنجامی ئەوگەشتەمدا هاتە بەرهەم:

چ جۆرێ ماچ خۆشترینە ؟

تەڕو پاراوو شیرینە؟

شیلەی شەکر ، یا هەنگوینە ؟

سەری گۆنا؟ خاڵی رومەت ؟یا ناوچەوان؟

سەرگۆی مەمك ؟ لێو و زمان؟

ئەندامی روت ؟ یا داپۆشراو ؟

بەردەسکەوێ ، یا ببینرێ بە نیگای چاو؟

زۆرو زەبەن ؟ یاخود دەگمەن؟

به هیچکامیان باوەرِمەکەن

بەئاسمانا مەلەیئەکرد کەژاوەکەم

لەشی ئاڵایە پرچی خاوی هەورو تەم

بێ ترس و خەم

ماچی تەڕو پاراوی دەم

بە شارانی ماچبارانا

بەناو شەپۆلی جوانانا

هەزاران قۆناغم برِی

بلیتی شوێنی ناوازەم گەلێ کرِی

لە کەنارا

لە ناوەندی گەورەشارا

ریزە بوکی شۆخی تەلار

لەناو بەرگی سپیی بەورا

پێیان لەسەر فەرشی گوڵزار

دەمیان لەناو دەمی هەورا

تێرمژینی لێو و زمان

چلەی زستان

ئەچەرخێنێ بەرۆژانی بەهارستان

لە هاوینا

لە دیمەنێکی شیرینا

مەمکەکانی سنگی سەوزی نیاگارام

گرت و مژی

لەبەر پرژی تاڤکەکانی

وامئەزانی

ئەم دەڤەرە بەهەشتێکەو مرۆڤ تیایا

هەتا ئەژی

کە چی مەلی سرکی خۆزگەم

هەر جوکەیبو

بۆ خۆشترین ماچی خاکی  وڵاتەکەم!

---

تاڤگەکانی نیاگارا

Buffalo-New York-USA٢٠١٢/٧/١٩

١٢٦بەدڵبون ٦٦ لێدوان لەوانە:


Farouk Hamaxan ماموستا گیان زۆر جێگای داخە کە ئێمەی کوردناوها
وابەستەی عاشقی دوژمنەکانمانین.کە هۆی سەرەکی ئەگرێتەوە بۆ کاڵفامیمان ژێردەستەیی
وئاتی ئیسراحەتی خیانەت ورق وکینە بەرامبەر یەکتری وئاغایەتی وکوێخایەتی
وئیسلامچێتی کەلەسەر وهەموویانەوەیە بەداخەوە.

Kamal Muhamad گرنگ نیە تا ئێستا سەربەخۆ نین بەڵام بەم نزیکانە ئەبین بە
بەهێزترین ودەوڵەمەندترین و پێشکەوتووترین دەوڵەت چونکە گرنگترین نیشتمان
وخاوەنی زۆرترین ووزەو زۆرترین ئاوین ونەتەوەی کوردڕۆژی لە ئاسمانا هەڵدێ
وگەردوون ڕووناک ئەکاتەوەدا

**Kamil Zheer** دستو هزرت خوش کاکە کەماڵ، بەهیوام رەشبینەکانیش بێنە سەر ئەو رایەی تۆ. ئەو گەشبینییە بەشێکە لەسەرکەوتنمان. هەر شادبن.

**Karwan Raouf Hama** دەست خۆش مامۆستا گیان هەم گەشتەکەت بەخۆشی بێت هەم دەست خۆش بۆ وتارە بەنرخەکەتان

**Shex Yousif** ماموستای بە ریز ویستمان رزکارمان بیت ریفراندوم مان کرد سوبای تورك و سوبای ایران و جە کی دە بابە و شتی قورسی امریکی داي بە سە رماندا کە واتە بي غرب هیچ نلماتکە یە نیتە سە ربە خویي بە لام بە شورش کردن وجودی مللە ت باریزراو دە بیت لە کە ل ریزو خوشە ویستیم بو ماموستای عشق و جواني و خوشە ویستی

**Shex Yousif** دە ست خوش خامە تیز بو او برسیارە جوانە و او هونراوە تە رو بە لە زە تە ت ماموستای بە ریز کوردستان کی بارجە بارجە ی کرد هە ر اوان اتوانن بیکە نە وە بە یە ك لە سە رە تای شورشی ایلول بیاویکی وە ك بە ریزتان زاناو زیرە ك وتبوی بە یە کی لە سە رکردە کانی اوروزە خوتان هیلاك مە کە ن کی لە تی کردن بي شورش کردن دە توانی جاکی کاتە وە بي لە وە هیچ شورشی ناتوانی سە رە رای کە سانی خوفروش هە رجە ن کوریکی ازابە بابوبی خوفروش داوی بو دە نینە وە لە کە ل ریزما بو ماموستای عشق

**Kamil Zheer** کاکە شێخ یوسف، ئەگەرێ خۆشمان دەورمان هەبێ بۆچارەسەری کێشەکانمان. میللەتان خۆیان خۆیانڕزگارکردوە. کورد ئەڵێ پەتەمای دراوسێی بێ شێو سەرئەنێیتەوە. هەر شادبن.



**Awat Sahebqran** دەستەکانت خۆش مامۆستا کامیل ژیر بۆ ئەو هۆنراوە جوان پڕسۆزەت، کە گوزارشتێکە بۆ هەستی پاکت، بۆ ئێمەی دوورە وولات تەسکینیەکە بۆ دڵمان،سەبارە بەبوون و نەبوونی دەوڵەتی سەربەخۆی کوردستان، هەندێ لە هاوڕیان ئاماژەیان بۆ کردوە، دیارە فرە رەهەندگە، من پێش ئەوەی پەنجەی تۆمەت بۆ دەوروبەرمان ڕاکێشم،ڕووی ڕەخنەم لە خۆمانە،کە گەیاندوینێتی بەم دۆخە و نەهامەتی بۆ کۆمەڵگەی کوردەواری ناوەتەوە،تەنانەت بۆ هەندێ گەتشتونەتە ئەو باوەڕی لە کاتی دۆڕاودا یاری دەکەن و ئاسنی سارد دەکوتن وپێشیان وایە ماندوو بوون لەپێناوی (کۆمەڵ یکی گەلحۆ و دواکەوتوو دا جگە لە هەوڵدان بۆ ڕۆشنکردنەوەی ڕێگا بۆ کەسێکی ( نابینا ) شتێکی دیکە نیە،پشت بەست بە کوێیی حیزبە ڕامیارەکانی ئەم هەریمە جگە لە چەند ( خێڵ ) یکی (بۆیمباغ لەمل) بەولاوە شتێکی دیکە نیە،ئەمە لەلایەک کاریگەرترین هۆکاری تێنەپەڕاندنی گرفت و تەنگەژەکانی ئەم هەرێمە ( گەلحۆیی گشتی ) یە گەر وا نەبێ، هەر نەتەوەیەکی گۆی ئەم زەویە چەپڵەی مووچڕکاوی بۆ گەمەکانی سوکایەتیکردن بە خۆی لێداو و چێژی لێوەرگرت و دەستی ڕێز و ستایشی گرت بەسنگەوە بۆ خائین وخاکفرۆش،هەرگیزاوهەرگیز شایەنی ڕێز لێگرتن نیە،چونکە گەلحۆیی گشتی وای لەبەرپرس و دەسەلات کردوە وبەهێزی کردون گەیاندویەتی بەو پلە وپایانەی ئەمرۆ، واتە ئەوان ئەنجامن و جەماوەریش هۆکەی، ئەوەی گرنگە گۆرانکاری لەهزر وبیرکردنەوەی تاکەکانی کۆمەلگەی کوردەواری،هەست کردن بە ئینتمای نیشتمانی بۆخاک و نیشتمانی کوردستان،لەدەرەوەی ئەمەش زۆر ستەمە هاژ وهوژ و چەپڵە وخۆتاودانی هەرزەکارانە جگە لە بەفیرۆدانی کات وپاشقولگرتن لەبزاوتی دەربازبوون لە باو شتێکی دیکەی لێناکەوێتەوە، کار کردن لەسەر کەسایەتی تاکی کورد،کە باوەری بەخۆبوون، هەست بەلاوازی نەکات بەرامبەر گەلانی تر،بەلام بەداخەوە کۆمەلگەی ئێستامان وەک کەلاوەیەکی داتەپیوو وایە،دەبێت سەرلەنوێ بونیات بنرێتەوە، نەهامەتیەکە لەوەدایە،هەمانە هەتا ئێستاش کۆیلەی هزر و بۆچوونە بەسەرجووەکاانە، تێڕوانینەکانیان لەگەل ئەمڕۆی ژیاندا فرە ناتەبایە،مرۆڤەملکەچەکان سەرچاوەی کۆی سووکایەتی وپێشێلکاری یانەن کە ڕووبە ڕووی کۆی تاکەکانی کۆمەلی کوردەواری دەبنەوەسەبارەت بە خاک و نیشتمان،مەرج نیە ئەوەی خاکی هەبوو، نیشتمانیشی هەبێت،ئەوەش لەبەر ئەوەی ئەو دوانە (خاک و نیشتمان) دوو چەمکی جیاوازن هەر یەکەیان مانایەکی تایبەت بە خۆی هەیە،ئاماژەش نین بۆ شتێکی دیاریکراو،ئەوەی بەلای منەوە گرنگە نیشتمان و تەنانەت خودی ژیان یش بە بوونی شکۆی مرۆڤەکانەوە مانا وەردەگرن دەبنە چەمکی ڕێز و خۆشەویستی، واتە لەدەرەوەی هەبوونی شکۆ شتێک نیە بە ناونیشانی نیشتمان و ژیان وە گەر شتێکی لەوبابەتەش وێنە کرابێت ئەوا کولانەیە کۆیلایەتیە نەک نیشتمان و ژیان،هەر مرۆڤە یاخی بوەکانن کە مێژوو دەنوسنەوە و دەگەنە باڵلووتکە، کێ بیەوێت ڕێگا دەدۆزێتەوە، کێش نەیەوێت هۆکار دەدۆزێتەوە



**Mohammad Barzy** کاکە گیان دەستخۆش بۆ ئەو هۆنراوە جوان و پڕ مانایە .. پیرەمێردی نەمر دەفەرموێت : ئێمە هەر بۆیە سەڵمان وێرانە ... کلکی تەورەکە لقی خۆمانە .

**Delair Rashid** کاکە ژیر ی بەڕێز کەی هاتویت ؟ وە من خۆم بە کەم ئەرخەم دەزانم ،خۆزگەم دەم زانی و چاومان ڕۆشن دەبوو بە دیداری بەڕێزت ،بەندە لە فرجینیام نزیک لە واشنتن ،دلێر رشید، امریکا

**Latif Abdulla** سڵاوکاک کامیل دەستەکانت خۆش بەبۆچونی من کورد ئاتوای ئیسلامو شێخو ئاغاو بەگ بکەوێ هەر ژێر دەستە دەبێ لەگەڵ ڕێز

**Sarbast Tawfiq Agha** سەرنجی من: اوەیە أمریکا ایلیتی وەکو توی زورە بەلام ایمە لە کوردستان ئاکی وەکو تو زەحمەت دروست دەبیت

**Kamil Zheer** کاکە سەربەست، باوەڕبکە لە ئەمریکاش کەسی هەڵکەوتو کەمە. جیاوازییەکە ئەوەیە لەوێ ڕێز لە هەڵکەوتو ئەگیرێو هاتنەدرێنو گوێیان لێئەگیرێ. لێرە بەپێچەوانەوە.

**Chawi Slimane** من بوخوم دوهوکار دە بینم یە کە میان ئاتە باي خوبە زل زاني تاکي کورد بە رامبە ر یە کدي و خویە کە م زاني بە رامبە ر دوزمن و داگیر کە ر ....دووە م هە لنە کە وتني سە رکردە یە کي دیکتاتوري نیشتمان بە روە ر کە سل نە کاتە وە لە بە سزاکە یاندني هە رج کە سو لایە نو عە شرە تو خوێندە وارو نە خوێندە وارو سە رمایە دار کە لە مە ر بن لە بە ردە م ماف و ئازادي و سە ربە خوي کوردو کوردستاندا ...بیویستە ئە وقایروسانە باك بکرینە وە هە ر ئە وە ندە ي تە نها یە کیك تە مبي کرا هیچ کە س زات ناکات تە نها مشتي خولي نیشتمان بیریزي بي بکات...

**Nawzad Abdulrahman** دە ست خوش ماموستاي کوردایە تي بو دیاریە جوانە کە ت کە بر بوو لە هە ستي جواني بو وە لامي برسیارە کە ت بە لاي منع وە دە لیم تا شورشیکي فکري نە کریت و خە لك فیري خوشە ویستي نیشتمان نە کریت و واز لە خیل کە ري و ئاك یە رستي نە هیني بروام واي نابین بە دە ولە ت قە ت

**Marewan Faraj** ماچە کە ي تو بو خە لکي کوردستانە یان بو او خە لکە ي کە هوشیارن و لە بیناوي راستیدا هە موخوشي وجوانیە کاني ژیان لە دە ست ادە ن من ماچي چاوت دە کە م و ماچي او ماچە جوانە شت دە کە م

**Pshko Amin** وەک هەمیشە دەڵێم دەست خۆش هۆنراوەیەکی جوان وناسک
رومانسیەت سەرتاپای داگیرکردوە لە پاشانیش خۆشەویست خاک ونەتەوە دەهێنێتە جۆش
وخرۆش بۆ ئەو ماچە دەهێنێت ودەڵێت ،کە هەرئەو ماچە خۆشە ،مامۆستا گیان ئێمە
وەک نەتەوە هەتا ئەمرۆ نەهەستمان هەیە وەک نەتەوە بەداخەوە نەهۆشیاری نەتەوەیی
ئەوە دەردی هەرە بلەرەتی ئێمەیە ،ئەوەی هەبوەو هەیە سەرتاپا کۆمەڵێک خەڵک بەکرێ
وکالی دەستیانداوەتە خەبات ، خەبات هەرلەشان کردنی تفەنگ نیە ، گەربیری لە گەڵ
نەبێت ،ئەواو کەرنین !! کوردی هەزارو گیان بەختکەر نەزانانە بۆشتێک کە پێیان وابوە
ئیتر ئەوە هەمویەتی ئەوە تاکە رێگەو تاکە ئامانجە وتاکە هیواو تاکە هەمووشتێکە !!
سەرکردەش خۆی لێبوەتە عەنتەرو هاواری کردوە کە هەرمن رابەرو هەرمن
سەرکردەومن نەم کەسیتر نیە !! دۆنکیشوت های دۆنکیشۆت ، ئاگادارنەبوە کە هەرلە
ئەساسەوە ئەم کەخۆی بەسوپەرمان دەزانێت خۆی هیچە بە هیچیش دوای هیچ کەوتوە
وریگەیەکی خواریشی گرتوتەبەر بۆیە هیچیش بەدەست ناهێنێت !! کورد واتەنی مرۆڤ
تەنها لە رێگەی راستەوە دەگاتە ئامانج وبەرهەمی دەبێت خوار هەر بە خواری دەروات
وراست نابێتەوە ئەمە علمە و سەلمێنراوە !! ئەوانەی خەبات دەکەن خوارن بە
هەموومانایەک یان خواربوون پێشووتریش دەنا مانای نیە نەگاتە ئامانج وەک خەڵکانیتر
لەکاتێکدا زۆرلەوان خەباتمان کردوەو ئازایەتیمان نواندوە و خوێنمان بەخشیوە دەبێت
بپرسین ئەی کوابەرهەم بۆوەک ئەوان نەگەیشتین !!! چونکەئەوانە هەموی بیری لەگەڵ
نەبوە بیرێکی راست وبیگەرد !! تا ئەمرۆ ئێمە خەباتەکەمان خواربوە بەداخەوە بەناوی
کوردایەتیەوە کراوە کوردایەتیشیان لەبەرچاوی خەڵک خستوە دەنا بۆدەبێت تا ئەمرۆ
پاش ئەو هەموو خەبات و گیان بەخشین و لەش ئاشتنە بەداخەوە بەرهەم هەر سفرە ،
هیچ بە دەستەوەنیت ، ئەوەتا کوری کورد تازە بەتازە گرلەهەناوی خۆی بەردەدات
وخۆی دەسوتێنێت دوای چەند سال خەبای پێشمەرگایەتی لالێنەکردنەوەو لێنەپرسینەوە لە
نەبونی و لەبێ کاری و بێ پارەیدا لە خانەی بەسالاچوواندا کۆچ دەکات و دەڵێت پیازم
بفرۆشتایە باشتربوو نەک بە قسەی ئەمانە هەڵخلەتابام !

**Fausy Ramsy** دەستەکانت خۆش مامۆستای خەمخۆری کوردان... برادەران ئەوەی
لە دڵی منیشدا هەبوو باسیان لێوەکردوە.... بەندە پێیخۆش بوو بەم بەشە هەڵبەستەی باوکم
پشتگیری و وەڵامدە.....لە تۆحجارێکی بێ ئینسافی بازاڕی سیاسەتدا
قوماشی و شەڕ تاکەی بە نەقدی ماڵ و سەر بکڕین
بە تەحریکی ئەم و ئەو تاوەکو کەی هەر وەکو خوێنگر
ڕەگی یەکتر بە نەشتەر هەڵدڕین و خوێنی یەک بمژین
لە زیندانی هەژاری و بێ سەرو بێ پێپیا تاکەی
لەژێر زنجیر و کۆتەی ئارەزووی خاوەن دەسا بمرین
هەتاکو کەی لە دەشتی وەحشەتی یەکتر نەویستندا
بە وێنەی جانەوەر بۆ کوشتنی یەکتر لەیەک بەربین
لەژێر بارانی گوللە و بەرقی تیغی ناحەزا تاکەی
وەکو هەوری بەهاری گەه بناڵێنین و گەه بگرین

**Kamil Zheer** بەڵێ، ناوەرۆکی ئەو هۆنراوە جوانەش تێکەڵ وەڵامەکەم
ئەکەم لەهەینیی داهاتودا. لەگەڵ رێزم.



**Hogr Omar** دەست خۆش بۆتێکستە شیعریەکە بەڵام کورد بۆحاڵی وایە هۆکارەکەی ئیسلام بونی کوردە چونکە ئیسلامدەڵێ (لافرق بین عربی والعجمی الا بالتقوی)لێرەوە هەموو غەیرە عەرەبێ بەعەجەم حساب کراوە، کوردیش ئارەزوومەندانە ئیسلامی هەڵبژاردووە بۆتە مادەیەکی هۆشبەر بۆی بیری لای نەتەوە نەماوە



**Baxtiary Shamaiy** مامۆستا گیان، دەستتان خۆش بێت. لەڕاستیدا هۆکارەکان زۆرن. زۆر بەکورتی: یەکێ لەو هۆکارە سەرەکییانە، پێکەوە نەگونجانی خۆمانە، هەروەها بە درێژایی مێژوو، دژایەتی و دوژمنایەتی کردنی یەکتریمانە. پاشان لە ١٤٣٩ ساڵی رابووردووەوە، موسڵمان بوونمانە (بەزەبری شمشێر و توندوتیژی و خوێنڕشتن) ئینجا خۆیەستنەوە و پابەندبوونمانە یاسا و رێسا دواکەوتوو و پڕ لە توندوتیژییەکانی ئیسلامی عەرەبییەوە. دواجار پێویستە و دەبێت ئەو پرسیارە رووبەڕووی سەرانی خۆپەرست و ناهۆشیار و کورتبینی پارتی و یەکێتی بکرێتەوە کە لە ماوەی زۆرتر لە ٥٠ ساڵی رابووردوودا، نەیانتوانی چەند نەوەیەکی نەتەوەپەروەر و نیشتمانپەروەر و زانستپەروەر بۆ ئێستا و داهاتووی میللەتەکەمان پەروەردە بکەن، ئەوەی کردیان، تاکپەرستی و حیزبایەتی و هەڵگیرسانی شەڕی ناوخۆ و بڵاوکردنەوەی بیری پووچی عێراقچێتی بوو. هەروەها ئاڵانچێتیی ئەو ٢٧ ساڵەی رابووردووشیان کە بەرهەمەکەی ئەو بێگانەپەرستی و دواکەوتوویی و هەبوونی ئەنگەزە و بارودۆخە هەرە خراپەیە کە ئێستا پێیەوە دەناڵێنین!؟



**Azad Ali Dartash** تا وإله و زور زور هه له يه به راورنكردني كورد و هه ر ميلله تيكي تر جونكه كورد خو خوره و ميلله تيش نييه



**Baba Ali Allaf** کەتۆخۆت بەمیللەت نەزانی کەواتە هەقە ژێر دەستەو کۆیلەی گەلانیتر بیت ، براکەم سەدان ساڵە کورد ستەمی لێدەکرێ ، ناچار بە دژایەتی یەکتر دەکرێن هەوڵی بنبڕکردن وقەڵاچۆکردنی دەدەن ، بە چەندین ڕێگە جەنگی سایکۆلۆجی لەگەڵ دەکەن تا خۆی پێ سووک وبێ نرخ بێ وشایستەی ئازادی وسەربەخۆیی نەبێ کەچی وەک کێویکی ئاگرین بەڕوویاندا وەستاوەو هەرگیز نەڕووخاوە وهەمیشە یاخی بووە گەرچی تێکیش شکابێ هەرگیز نەچەمیوە ، زمان کلتوورو ڕەچەڵەکی خۆی لەدەست نەداوە وەک ئەو دەیان نەتەوانەی لە بۆتەی نەتەوەکانیتردا توانەوە و شوێنەواریشیان نەماوە ، هەر ئەوە بەسە بۆ ڕەسەنایەتی کورد کە نەتەوەیەکی بزێوو زیندووە وهەر دەرفەتێکی بۆ ڕەخسابێ بەگژ داگیرکەران وستەمکارانا چوونەتەوە ، بڕوات بێ هەر نەتەوەیەکیتری ئەم دنیایە لە جێی ئێمەبێ حا ڵی لە ئێمە باشتر نابێ گەلێکی دابەشکراوبەخاکەکەیەوە لەنێوان سێ دڕندەترین نەتەوەکانی دنیا تورک ، عەرەب وفارس وبە چوار دەوڵەتی فاشی کەمارۆ دراوە وسەرکوت دەکرێ نە دۆستونەفریادڕەسی هەیە بەرژەوەندی دەوڵەتانیش هاوکارو هۆکاری ژێردەستەییمانە . لەگەڵ ڕێزم بۆ جەنابت کە پێم وایە دڵگەرمیت تووڕەی کردوویت تا بەو شێوازە نارەزایی ودەربڕدە دڵی خۆت بکەیت بەڵام ئەوە کار لە گەنجەکانمان دەکات و خزمەت بە داگیرکەران دەکات بەڕێز



**Arif Kerim** دەست خۆش مامۆستا کامیل ، کولتورە شێواو و سەقافەتەکەی ئیسلامی توندڕەو و عەرەب و فارس و تورک کە لە مێژەوە باڵی کێشاوە بەسەرماندا و هەر ئینسان یان تاک یان مرۆڤی سەقافەتی بەرهەمهێناوە ، لەسانەش سەرکردەی سەقافەت وئایدیۆلۆجیای سەقافەت و سیستمی سەقافەت دروست بووە ، جگەلەوە باری جیۆپۆلیتیکی کوردستان ، مەبەست (دابەشکردن و داگیرکردنیەتی) فاکتەرێکی تری گرنگی مانەوەی ئێمەیە بەو شێوەیە ، ئەگینا چ میللەتێک هەیە لە دونیادا زیاتر لە پەنجا ساڵ خەباتی کردبێ و کەچی هیچی بەهیچ نەکردبێ !!!!!. ئەوە هەر کوردە . مامۆستا گیان ئەم بابەتە قسەوباسی زۆر هەڵدەگرێ و بە کورتەیەک یان تەعلیقێکی ناو فەیس بوک کۆتایی نایەت .تەندروستی و سەرکەوتنتان بۆ دەخوازم .



**Honar Khaffaf** ئیاگار زمانی هەبووایە ، خۆی وەڵامی ئەو هۆنراوە چڕ و پڕ و جوانەی دەدایتەوە مامۆستای دڵسۆز . بۆ وەڵامی پرسیارەکەی بەڕێزیشتان پێم وایە ڕاهێنراو و دەستەمۆ کراوین کە بێ وڵاتی و بەسەری شۆڕەوە بژین !!!!



**Yadgar Mahmoud** هەروەک بەڕێزت فەرمووت ئەم بابەتە زۆر ئاوکێشە! هەرە دیارترین هۆکار بوون و دابەشبوونی کوردە بەسەر خێڵدا.. خێڵ هەمیشە جوتیارە و جوتیار بووە، هەمیشە ناکۆکی هەبووە لەناو خێڵەکاندا لەسەر زەوی و زار و ئاو، ئەمەش وایکردووە کە دوژمنایەتی سەرسەختی خوێناوی بکەوێتە نێوان ئەو خێڵانەوە و هەرگیز نەتوانرێت ئەبایی هەبێت لەناو خێڵەکاندا !هەربۆیە ئاسلمەی بەهێزی کورد خێڵەکیەتی لە پێشدا، دوایی دین ! کۆمەڵگای جوتیاری زۆرجار کۆمەڵگای ئسولی و داخراو و نەخوێندەوارە، ئەمەش وا دەکات کە ئەو کۆمەڵگایانە زۆر بە زەحمەت بچنە ئۆخلێکی ترەوە لە هەموو ڕوویەکەوە و پێشکەوتن تێیدا نایەتە کایەوە..بۆ کۆمەڵگایەکی جوتیاری لەسەر ئەمەی کورد کە ژێر دەستە ئەو پرۆسەیە یان چوونە ناو قۆناغێکی ترەوە هەر زۆر ئەستەمە ! هەر ئۆرگانیزمێک لە فۆرمی حزب چونکە هەڵقوڵاوی ئەو کۆمەڵگایەیە زۆر بە زەحمەت دەتوانێت ریفۆرم بکات، هەروەها خودی کۆمەڵگاکە بەرپەستێتی بۆ دروست دەکات...هۆکارەکانی دەرەکیش دەبێت سەیری جیۆپۆلتیکی کورد و ناوچەکە بکەین!



**Abdualrahman Xalifa** سڵاو مام ژیر
ڕاستت ئەوێ شیعرە بە پێزو جوانەکەت وەڵامدەرەوەي پرسیارەکەتە ، ئەگەر هەمومان ماچي کوردستانمان لە هەمو پێ یەکامتر بوایە ڕۆژمان ئەمرۆ ئەبو ، ئەگەر ئێمەیش بە هەمومانەوە وەکو ژیر وڵاتي مالمان خۆشبوایە بەخوا هەر ئەبو لە جێي دزو گەندەڵو بازرگاناني سیاسەت جورج واشنتۆن ( George Washington )مان لە دایکبوایە دەستت خۆشبێ لە کۆتایدا دەڵێم خۆشەویستي وڵات بنچینەي ئاوەدانکردنەوەیەتي جا لە پاشان ئەو پێداویستیەکاني تریش خۆیان دێن
سوپاس وێنەکان زۆر بێەت



Abdulwahab M. Talabani هوکاری نه بوونی ده وله ت.. سستي هه ستی نه ته وه یی وهه لکشانیی فیکری کوسمویولیتیٔ له ناو کورددا ..وتازه تازه نه بینه وه به ئیسلام وتولد تر ده چینه ناو قاوغه که یه وه و وعراقچیتی وتورکچیتي و ئیرانیچیتي ده که ین ...وه گه لی هوی تر که یه یوه ندیان به جیولولیتیکه وه هه یه ...ئه مما شیعره که ت ماموستا گیان سروودیکی عیشق و جوانیو .. نه ته وه ییه ومه ستی کردم..



Gandi Sino هۆکاری نەبوونی دەوڵەت؟
پێنەگەیشتنی هەستی نەتەوایەتی
نەبونی خۆشەویستی خاک
هاوپەستی بۆ نیشتیمان
هۆکارەکەی دەگەڕێتەوە بۆ
نەبوونی پەروەردەی کۆمەڵایەتی؟

---

## قارەمان

بابەتەکەی هەینیی پێشومان، داهێنانێکی ئەنجامدا. ئەویش کارێکی بەکۆمەڵبو سەبارەت کۆسپەکانی رێی سەربەخۆییمان، بەجۆرێ کە گەلێ بەسودتربو لەوانەی هیچیان پێنییەو بۆخۆنواندن لەتەلەفیزێونەکانەوە دەرئەکەونو فەلسەفەی بەسەرچومان پێئەفرۆشن.!

باجارێ دەورێکی رای هاوڕێیان بکەینەوە سەبارەت هۆکارەکانی نەبونی دەوڵەتی کوردی:

غاندی سینۆ: پێنەگەیشتنی هەستی نەتەوایەتی، نەبونی خۆشەویستیی خاکوهاوبەستیی بۆنیشتمان، نەبونی پەروەردەی کۆمەڵایەتی.
ئەبدولوەهاب تاڵەبانی :سستیی هەستی نەتەوەیی، هەڵکشانی بیری کۆسمۆپۆلێتی، ئیسلام، ئیراکو تورکو ئیرانچێتی. ئەبدولرەهمان خەلییفە: هۆنراوەکە خۆی وەڵامە، خۆشەویستیی وڵات بنچینەی ئاوەدانکردنەوەیەتی، ئەبو لەجێی دزو گەندەڵو بازرگانی سیاسەت، جۆج واشنتۆنێکمان بۆلەدایک ببوایە. یادگارمەهمود: خێلگەرایی، دین،

کۆمەڵگەی جوتیاری، هیزب، هۆکارەکانی دەرەکی، جیۆپۆلۆتیک. هونەر خەفاف: دەستەمۆکراوین. ئارف کەریم: کلتوری سەقەتی ئیسلامو ئەرەبو فارسو تورک، جیۆ پۆلۆتیک، بابەتەکە قسەوباس زۆر هەڵئەگرێ. بابە ئەلی: جەنگی سایکۆلۆجیمان لەگەڵئەکەن، بەرژەوەندیی دەوڵەتان، بەڵام هەر گەشبینە. بەختیارشەمەیی: موسوڵمانبونمان، بێ توانایی پارتیو یەکێتی، هیزبایەتیو شەڕی ناوخۆ، بیری ئیراقچێتی، تاڵانچێتیی 27 ساڵی رابوردو. هۆگرئومەر: ئیسلام بۆتە مادەیەکی هۆشبەر بۆکورد. فەوزی رەمزی: هاندانی بێگانە بۆشەڕی ناوخۆو یەکترنەویستن بەپێی هۆنراوەیەکی رەمزیی نەمر. پشکۆ ئەمین: نەبونی هەستو هوشیاریی نەتەوەیی، خەباتی رابوردومان کرچوکاڵو بێ بیربوە، سەرکردەی دۆنکیشۆتی، نەگرتنی رێگەی راست. نەوزاد ئەبدولرەهمان: پێویستیمان بە شۆڕشێکی فکرییە بۆخۆشەویستیی نیشتمان، وازهێنان لە خێڵپەرستیو تاکپەرستی. شەوی سلێمانی: خۆبە زلزانین بەرامبەر یەک. خۆبەکەمزانین بەرامبەر دوژمن، نەبونی سەرکردەیەکی دیکتاتۆری نیشتمانی بۆسزادانی ناپاکان. لەتیف ئەبدوڵا: دوای ئیسلامو شێخو ئاغاو بەگ نەکەوین. ئاوات مەئروف: خێل، هیزب، ناپاکو خۆفرۆش، باوەڕە بەسەرچوەکان. بۆچارەسەر: گۆڕانکاری لەهزری تاکەکانی کۆموڵ بۆهەستکردن بەئینتمای نیشتمانیو بۆخاکو باوەڕبەخۆبونو هەست بەلاوازینەکردن بەرامبەر گەلانیتر، یاخیبون تۆمارکەری مێژوە. کەمال مهەمەد: بەمنزیکانە رۆژمان لەئاسمان هەڵدێو ئەبین بەدەوڵەت. فاروق هەمەخان: وابەستەو ئاشقی دوژمنەکانمانین، ئاغایەتیو ئیسلامچێتی.

ئەبینین وەڵامەکان تێکڕا هوشیارانەو راستودروستنو پەنجەیان خستۆتە سەر زامەکان. ئەوەش وەکئەوترێ (دۆزینەوەی نەخۆشییەکە نیوەی چارەسەرە). ماوەتەوە نیوەکەیتری، واتا چارەسەرییەکان کە ئەبێ کردەییبن. مێژوی گەلان پڕە لەنمونەکانی وەک جۆرج واشنتۆن، لنین، ئەتاتورکو زۆریتر کەهەریەکەیان، وەک دیکتاتۆرێکی نیشتمانی، بەقارەمانێتیی خۆی سەرکەوتنی بەدەسهێناوە بۆراژەی نەتەوەکەی خۆی. بۆیە ئەشێ قارەمانێکی دیکتاتۆری نیشتمانیش بۆکورد، چارەسەربێ کە ئەم ڕێگایانە بگرێتەبەر:

ئەی قارەمان، لەهەرکوێهەی، راپەڕینێ، تۆ ڕابەربە

له پارتێنه، نائومێدین، سه‌رله‌شکری چاره‌سه‌ربه

دیکتاتۆری نیشتمانیو پاڵه‌وانی کوردپه‌روه‌ربه

دڵ به‌ردینو، گرژو به‌سام، پڵنگێکی ترسێنه‌ربه

ده‌وروپشتت هه‌ڵسه‌نگێنه، ته‌ته‌ڵه‌یکه، بژارکه‌ربه

بۆگه‌لی خۆت، بیرو وته‌و کرده‌وه‌یچاک، داڕێژه‌ربه

له‌ناو ماڵو ریزی خۆتا، سه‌ری ناپاک په‌ڕێنه‌ربه

له راونانی هێرشهێنان، به‌رده‌وامو هه‌تا سه‌ربه

درۆی گه‌وره‌ی: دیموکراسیو برایه‌تی، نه‌بیسته‌ربه

ماوه نه‌ده‌ی گه‌لت له‌تبێ، خێڵو شارچێتی تورده‌ربه

ئه‌نجومه‌نێکی بیرمه‌ندان، نه‌ک په‌رله‌مان، داهێنه‌ربه

دورله‌سودی خۆتوخزمت، به‌ته‌نیا هه‌ر، گه‌لپه‌روه‌ربه

په‌روه‌رده‌ی سۆزی نیشتمان، کوردایه‌تی، بنیاتنه‌ربه

ده‌ستی دزیو گه‌نده‌ڵکاریو خۆپه‌رستی، شکێنه‌ربه

خۆخۆریو خۆبه‌که‌مزانیو ده‌سته‌مۆبون، له‌ناوبه‌ربه

سه‌ردارانی دۆنکیشۆتیو که‌ﷲ پوتی، تێهه‌ڵده‌ربه

ده‌وڵه‌مه‌ندی نارِه‌وا گشت، ئاوه‌ڕوتو داماڵده‌ربه

له‌نێو چینو توێژی گه‌لدا، سه‌رۆکێکی دادپه‌روه‌ربه

بۆهه‌ژارو بێده‌ره‌تان پشتو په‌ناگه‌و سێبه‌ربه

ره‌گی گولیی، تورکوفارسوئه‌ره‌بچێتی، هه‌ڵکه‌نده‌ربه

کلکه‌ناوی: به‌گو شێخو ئاغاو مه‌لا، قرتێنه‌ربه

ماری هۆمەر

نەیکوژی گەر

ئەئاڵێتە گەردنو مل، تۆ یەکەمجار، دەسپێشخەربە

لەئاستی تیرۆری ئاین: مزگەوت، کەنیسە داخەربە

بۆ هەرکەس لە ماڵی خۆیا: خواپەرستی، رێپێدەربە

ئەگەر ئاین هەر،ئەبێبێ، بەئاوێستا مژدەبەربە

زورناژەنی درۆزنی مرۆڤدۆستیی، تەمێکەربە

تەپڵی بۆشی برایەتیی مەڕو گورگ شکێنەربە

بۆگەشەی ئابوریی وڵات، لەگەڵ جیهان رکابەربە

بۆسەرمایەی نیشتمانت، پیشەو روەک، برەودەربە

یاساو رێسای نەگونجاوی داگیرکەر هەڵوەشێنەربە

دەستورێکی نیشتمانیو یاسای دروست داڕێژەربە

بۆمەبەستی سەربەخۆیی، هەموڕێیەک، پیرۆزکەربە

گرێی دەرونیی خواردەستیو جاشایەتی، لەناوبەربە

لە داهات و لە خەرجیدا، چراو تیشکێکی رونکەربە

سوپایەکی باوەڕدارنەک هی بن دیوار، پێکهێنەربە

لەکارگێڕیو لەسوپادا، نێرومێ وەکیەک گۆشکەربە

فەرشی یەکسانی بۆ مافی رەوای کەمینە راخەربە

دۆستی دۆستو دژی دژو هەرچی بەرەی داگیرکەربە

لەگەڵ کۆڕی داناو زانا، بۆگەشەی گەل، راوێژکەربە

دوربینابە بۆئایندە، چاوەڕوانی گشت ئەگەربە

مافی گەلان

لەکام کۆڵان

توڕدراوە؟ ئەی گێلەپیاو، لەڕای خوادا بەس نۆکەربە

مشتێ بدە  لەناو دەمی، بڵێ بڕۆ، تۆ هەر کەربە

مێژوهەموی شەڕوشۆڕە، تۆش وەکومەرد جەنگاوەربە

جەنگ: زانستە، بیروهێزە، ورەی بەرزە، هونەروەربە

بەرامبەر بە زلهێزەکان، بە پای پیلان، فریودەربە

رێوی ئاسا، لەگەڵیانا، تێکەڵ بە فێڵ، بلۆفکەربە

بۆ سەرکەوتن

بەسەردوژمن

شپرزەیکە، لەناخافڵ، یەکەمین دەسوەشێنەربە

بۆرزگاربونی شارێکت، دوشاری ئەو دەورەدەربە

وڵاتەکەت تا ئارامبێ، لەتەختی دژ، گلێنەربە

لەناوەندو کەناریدا، تۆ دەسبەکارو سەروەربە

کورد، بزورگە، جارێکیتر ئەستێرەی ماد پیشاندەربە

بۆ سەرکەوتن، بەبەرنامە، بەرێکخستن، گرەوکەربە

تەفرە نەخۆی بە دانوستان، ژیرو داناو سەواکەربە

هەمو کاتێ لە یادتبێ: تۆ سەرەتا هێرشبەربە

لەگەڵ داگیرکەری خاکت، تۆش وەکوئەو داگیرکەربە

سازش نەکەی لەگەڵ دوژمن، گورزی گران وەشێنەربە
بەزەبری چەک، نەک بەداوا، وەک نەبەردێ مافسێنەربە
توندوتۆڵیی هێزەکانت، مەرجی زاڵبونە رێکخەربە
بڕوانە دور
ئەودیو سنور
ئەوێ بۆ گۆڕەپانی شەڕ. لەوێ قەڵغانو سوپەربە
رێگەنەدەی شەڕبێتە ناو دەروازەکەت، هەڵمەتبەربە
لەناو شاری دژانتدا، دەسبەکارو کاولکەربە
سەرکردەیان شەبەیخونکە، تادوا سنوری رادەربە
بەگریانو بەپێکەنین، تەفرە نەخۆی، روخێنەربە
لەئاستی شینو واوەیلای بەزیوەکان، دوگوێی کەڕبە
کێ لەگەڵ تۆ سۆزی هەیە!؟ سۆزو بەزەیی لابەربە
پشت نەکەیتە چەکی دوژمن، رو لەگوڵەو لەخەنجەربە
رێگە نەدەی لێت بێتەپێش، بۆڕێگری، لەسەنگەربە
نەک لەیەک لا، ئاگاداری هەمو بەرەی جەنگو شەڕبە
بۆ شڵەژان
بەپای پیلان
لە یەک کاتا، بەچوارلادا، یەکەمین دەسوەشێنەربە
ئاشتی، لەلولەی چەکدایە، چەکی گران پەیاکەربە
شەڕکۆڵەکەی ئاسایشە، شەڕبۆئاشتی، ئەنجامدەربە

کاتی پشو، یا دانوستان، بۆمەشقی جەنگ، ڕاهێنەربە

بەهەردو چاو نەکەی بنوی، بەچاوێ چاودێریکەربە

ئەی قارەمان: کاوە ئاسا، چەکوش لەسەرتەوقیسەربە

لەگەڵ داگیرکەری خاکت، هەتا ئەتوانی قڕکەربە

بۆچاری کۆمەڵکوژیمان، هەمان کوشتار پەیڕەوکەربە

جەنگ، گەرم، سارد، تادوائامانج، تۆهەردرێژەپێدەربە

بۆپاراستن لەکیمیایی، بۆمبی ئەتۆم دروستکەربە

دەوڵەتداری ئەبێ وابێ، ئەی قارەمان: خۆدەرخەربە

هاوڕێیان: ئەشێ ئەم کارە هاوبەشەی ئێمە، ببێتە بەردی بناغەی سەربەخۆییمان. بۆیە گرنگیپێدانو لەسەرڕۆیشتنی زیاتری ئەوێ. جارێ چاوەڕوانی راو رەخنەو پێشنیاری دیکەتانین. وەک سەرنجێکیش: ئەشێ ئەم بیرورایانەی ئێمە، لەمڕۆدا پەیڕەوکاریان نەبێ، بەڵام وایئەبینم کە ببنە چراوگی دوارۆژمان. دنیاش هەروابوە. بۆنمونە: کۆنفۆشیۆس دوای چوارسەدە، ماکیافیلی دوای سێ سەدەو نیو، کارڵ مارکس دوای نیو سەدە، لەسەر ئاستی جیهاندا، گوێ لەبیرو راکانیان گیراو بەکردەیی خرانە بواری جێبەجێکردنەوە. خۆئەوانیش لەسفرەوە دەستیانپێکرد!.
لەگەڵ ڕێزم

٥٥ بەدڵبون ٣٠ لێدوان لەوانە:



**Kamil Zheer** هەر کات پێویستی هەبو، پێویستکاریش دروستئەبێ. ئەرەبوائەڵێ: الحاجه ام الاختراع. سوپاسو رێزم کاکە هۆنەر.

**Raoof Sidiq** دەست خۆش ڕوناکی تەواوت خستۆتە سەر زامەکانی گەلو وڵات. دەرمانەکەشی زۆربەجوانیو بەوردیو ساکار بۆ ئەوانەی باش تێناگەن ڕوون کردۆتەوە. هیوادارم تەندروستیت باش بێت بەردەوام بەرهەمەکانت ببینین مامۆستای بەڕێز.

**Kamil Zheer** چاوە جوانەکانی ئێوەش خۆش بەڕێزم. منیش شانمانم بە دڵسۆزیتان و پەرۆشیتان بۆ بیری بەسود بۆنەتەوەکەمان. هەر شادبن

**Kamaran Mawlawi** فرمی بۆ کۆمەڵگەیەکی پەرەسەندووی وەک ئێمە دەوڵەمەندی نییە،
بەڵکو ماڵوێرانییە، وەک دیمان و دەیبینین، بۆ یەکگرتن و دەرچوون
لە دۆخی دەڵەسەیی، دیکتاتۆرێکی نیشتمانی پێویستییە.

**Kamil Zheer** کاکە کامەرانی بەڕێز، ئەو دیکتاتۆرە نیشتمانییە، وەک بەڕێزتان ئەڵێن لەدۆخی دەڵەسەیی رزگارمان ئەکا. ئێستا بۆشایی فارەمانێکی لەوجۆرەمان هەیە، سروشتیش ڕێگە بە بۆشایی نادات. سەرەتای دەرکەوتنیشی ئەوەیە کە ئێستا خوازیاری دیکتاتۆرێکی نیشتمانی زۆرە، بەپێچەوانەی چەند دەیەیەک لەمەوپێش کە ئەگەر داواکارێکی لەوجۆرەی هەبوایە، کافر ئەکرا!. سوپاسو رێز.

**Chia Samad** قوربانی دە ستو خامە ت بم ئە ی مروفە مە زنە کە ، وە للا حە زم ئە ئە کرد هونراوە کە ئە واو بێت ،لە گە ل خوێندنە وە ی ووشە کانا وامە زانی لە سە ر ئە سپیکم غار ئە دە م بە رە و ئازادی و ئا سودە یی هە تا هە تایی ،زور دلخوش بوم بە راستی جوان و کە م وینە بوو ، خوزگە کە سیکی ئاوا لە کورد هە لە کە وت بو پیکهینانی قە وارە یە کی تونو تول و پر لە باساو ریسا 👏👏👏👏👏👏👏👏👏👏👏👏👏👏👏👏👏

**Lanja Amjad** دەست خوش زور جوان و پر مانایە ئەمەن دریژو لەش ساغ بیت

**Feryad Hassan** دەستخۆش و منیش لەگەڵتام و لەبنی هەمانە بدرێت تائەوەی ئەمڕۆ و ئایندەش ڕاستییەکان بزانن

**Kamil Zheer**
Feryad Hassan سوپاس فریا گیان ، گەشبینم بەوەی ئایندەیەکی باش چاوەڕێمانە مادەم هوشیاریی نەتەوەییمان لە پەرەسەندندایە. هەر لەخۆشیدابن

**Şara Kamîl Jîr** دەستخۆش، زۆر جوان هەموو هۆکار و چارەسەرەکانت لەیەک هۆنراوەی زۆر بە پێزدا کۆکردۆتەوە. پێویستە هۆنراوەیەکی ئاوا لە قۆناغەکانی سەرەتاییدا گوێ و هزری منالی کوردی پێبکرێتەوە، وەک سرودێکی نیشتمانی،چونکە کلیلی کردنەوەی یەکەم دەرگای چارەسەر لەجۆشکردنی ئەوە نوێکانەوە دەستپێئەکات . لەهەموو ئەوانەش گرنگتر، چەمکی خیانەت زۆر بەروونی پێناسە بکرێت، تا ئەوەی داهاتوو، بەپێچەوانەی ئەم ئەوانە، بتوانن ڕەشوسپی لەیەک جیابکەنەوە. هەر بمێنیت بۆمان.

**Kamil Zheer** شارا گیان، بەهیوام ئەو پێشنیارە جوانەتان پەیڕەوبکرێ کە ئەڵێی پێویستە لە قۆناغی سەرەتاییەوە گوێو هزری منالی کورد بە بیری چاک پڕبکرێتەوەو چەمکی خیانەتی بۆ پێناسە بکرێ. دەسخۆش، هەر شادبن.

**Nawzad Abdulrahman** دە ست خوش ماموستا گیان هیواي ئە مە ن دریزیت بو دە خوازم ، هاوبیرتم لە بوجون و بشنیارە کانتا بە لام ئایا کویمان لي دە کرن من بیرمە کاتیك لە بیارە بوین جە نایت زور ئیبینی سە رنج و بیروکە ی جوانت هە بوو بە لام تا ئیستا ئیشی بی ناکریت ، ئە مە نا دە کە م ئە وە ی جە نایت دە بلییت و لە کە ل ئە و هاوبیرانە ی تردا روزیك بیت بە یرە و بکریت جونکە ناکریت هە ر لە بازنە یە کی دا خراودا بمینینە وە ، هە ر بزیت بو کورد

**Kamil Zheer** هاوبیری خۆشەویستم کاکە نەوزاد گیان، دەسخۆش بۆ ڕاو بیرە جوانەکانت. بەتایبەتی کە ئەڵێی (ناکرێ هەر لە بازنەیەکی داخراودا بمێنینەوە) کە ئەوە بابەتێکی زۆر گرنگە. بەهیوام ئەڵقەیەک لە نوسینەکانمی بۆ تەرخانکەم. ڕێزو سوپاس.



**Pshko Amin** دەست خۆش مامۆستا ئەمڕۆ ئەو دیکتاتۆرە پێویستە ، بەداخەوە تا ئەمڕۆ ئەمان بوە ئەوەی هەش بوە وەک حەشیش کیش تەنها لەخەیاڵدا ژیاوەو دەژی دەنا میلەتێکی قارەمانمان هەیە کە هەمیشە ئامادەی گیان بەخشیت بوە وگوێ بەهیچ شتێکنەداوە بۆئازادی بەلام ئەفسوس خاوەنی سەرکردەو حیزبێک نەبوە کە باش پەروەردەیکات ڕیگەی ڕاستی پیشانبدات ،دەنا کەم نەبوون ئەوانەی دەست بەخەنجەری ڕوئەوە هەڵیانکوتایە سەردەیابەکەی زەعیم سدیق ، کەم نەبون ونین ئەوانەی ئامادەبون وئامادەن برسێتی و بەیێنانی شەری کیمیای وتۆپ وتانکی داگیرکەریکەن و دژی ئەنفالەکان بوەستنەوە ، بەلام دەلێمت چی چاویان لەسەریک سەرۆک ویەک حیزب بوو کە نەحیزب ونەسەرۆکیش نەیاندەزانی چیان دەویت وئەوخەڵکەبۆچی دوایانکەوتوە ، مەرامی حیزب تەنها خۆ دەرخستن وخۆبە هێزکردنبوو بۆلێدانی ئەوانیتر ،سەرۆک وەک هەمیشە لە چاوی حیزبەوە دەیڕوانیە هەموکورد ،پێیوابوو گەرحیزبەکەی پیش کەویت وسەرکەویت ئیتر کوردیش پێشدەکەوێتو سەردەکەویت ئیستاش هەڵگری هەمان شیعارە هەمان شت دەلێتەوە بەداخەوە دوای ئاشبەتاڵ و شوستیه ئاخر خۆ ١٩٧٤ هەموکورد لەدەوری پارتی کۆبوبوەوە هەمونا لەگەڵئەوەشدا کە یەکراویەک بۆچون و سەریەک حیزب نەبوون بەلام هەموان ئەوحیزبەی رابەرایەتی شۆرسی دەکرد قبوڵیانبوو وبەهێزیش بوو بەلام جونکە حیزب وسەرۆک هەڵگری بیری سەربەخۆخوازی نەبوون لە ٢٤ کاتژمیردا کوردیشیان بەخۆیانەوە تەفرو تونالکرد ،ئەوە بیرکردنەوەی ئاکوردانەو ئاراستانەی نا ئاقلیانەیە ، ئاخرخۆ هەموکورد لە گەل سەربەخۆی بوو بەلام کەئەتزانی چۆن وبەچ شیوەیەک دەیسێنیت وداوای دەکەیت بەچی دەچیت ، باراستیشکەیت خواستیبێت خواست جیایەو بەدەستهێنان جیا بۆیە لەژیانی سیاسیدا دەبیت وەک کاژیک دەبوت دەبیت بەدەستێک بیرو بەدەستەکەیتر خەنجەری میلەت هەڵگریت ، بیردەبیت بیری پیرۆزی کوردایەتیبیت وکورد وسەرکەوتنی کوردو ئەمەوە پێش هەموشتیک بخریت خەنجەر دەبیت خەنجەری یەکیتی کوردیت پێبیت ،دەنا دیسانەوە سفر هیچ بەدەستەوە ،



**Kamil Zheer** زۆر ڕاستە کاکە پشکۆ، هەر ئەوە بەسنییە هەمو کورد خوازیاری سەربەخۆیبیی، ئەبێ بزانی چۆن سەربەخۆیی بەدەستدێنیو ئەیسەپێنی. یەنێ ئەبێ هەمیشە بیرو خەنجەر هاوکاری یەکدیین. سوپاس بۆ دیدو بۆچونە جوانەکانتان.



**Fausy Ramsy** دەسخۆش... زام و برینەکان و کۆستەکان گەلێک زۆرن... بەڵام ئێمەی کورد هەمیشە ئاسۆیەکی گەش و ڕوون دەبینین و هەوڵ و کۆششمان لە پێناو ئەو سەرفرازییە.... میللەتێ ئاسۆی ژیانی خۆی بە خوێن سوور کردبێ ، تا ئەبەد فەوتانی هەرگیز بۆ نیە و قەت نامرێ .... ئیمەی کورد کەسانی خەمخۆری زۆرن و کەسانی وەک بەڕێزتان کە خامەی بەردەوام تیژاندووە بۆ کورد و کوردستان هەر دەبێت بەو ئامانجە بگات..."ڕەمزی" ئەم کوردە کە خاوەن حەقە هەر ئەیسێنێ....جا ئەگەر مافی لەژێر بورجی گەلاوێژا بێ.....



**Kamil Zheer** ئەو ئاسۆگەشبینییەکان بۆسەرفرازیمان، مایەی دڵخۆشیمانە بۆ ئەو ئایندە گەشەی ئاواتی مامۆستای گەورەمان (رەمزی ئەمر)بۆ و هەمیشە بانگەشەی بۆئەکرد. ئێوەش بەهەمان شێوە. بەڵێ ئەم کوردە کە خاوەن هەقە هەر ئەیسێنێ. لەگەڵ رێزم.

**Awat Sahebqran** نوسینێکی نایاب و دارێژراو،بەپێز،بابەتی،پەنجەخستنە سەر زامی نەتەوەیمان،کۆکراوەی گەلێ بیروبۆچوونی باش،بریا ئەم پارتە بەسەرچووانەی هەرێم،هەڵگری کەمێکی بوونایە،کارێکی راماری بەسوودیان بۆ گەلەکەیان بکردایە،ئەفسووس ئەوە دەرنەچوون،مێژووش بەزەی لەدڵیا نیە،گەلێ سوپاس مامۆستا ژیر،ئاواتێکی بۆ گەلی کورد،هیوای لەش ساغی و تەمەن درێژیت لەیەزدان داواکارم،

**Kamil Zheer** مامۆستای وردبینو بیری چاکبین، کاکە ئاوات گیان: دەستەواژەی (پارتە بەسەرچوەکان) جێگەی خۆیەتی. خۆشبەختانە ئەبینین لە وەرزی گەڵارێزاندان، ئەوەش رێخۆشکەرە بۆ پەیدابونی قارەمانی فریادرەس. هەر شادبن بەرێزم.

---

## ئەوینی زێڕو جوانێکی هەژار

ورشەی زێڕی پیشانگەیەک دای لەهەستی بۆی راوەستا سەرسامانە

وەک پێیبڵێ زێڕی دەگمەن بۆکەمەرو بۆگەردنی ئێوە جوانە

ڕێبوارەکان تێڕامابون لەنێوانی ورشەی زێڕو ورشەی چاوا

بێهاوتایە زەڕنگەری ئەو زێڕانە، کردگاری چاوی ئاوا

چ دڵدارێکە ئەو زێڕە**!؟** دای لەدڵی پاکو خاوی ئەو نازدارە

چ چاوێکە بەرامبەری زێڕی تێزاب لەئارادا وەها دیارە**!؟**

زێڕ:

دەی بەقوربان، دەی بمکڕە رزگارمکە لەجامخانەی دارو شوشە

بمپارێزە لەگیرفانی بێبایەخی ناکەسی ئەم ڕۆژە توشە

ئەو گەردنە بلورینەی بەرهەتاوی جوتە ڕۆژی ئەو دوچاوە

بۆ زێڕێکی هونەرکاری وەکو منی ئەویندارى تۆ شیاوە

ئەو کەمەرە، ئەو دەستو پەنجەو لاملە، ئەو پەرچەمە بێ هاوتایە

چ هێزێکی کاریگەری راکێشانی دڵو هەستی منی تیایە!؟

دەی بەقوربان، دەی خێراکە دەستێ بەرە باڵی سڕی منی بێگیان

چ ئەفسونێکە ئەو چاوە! منی بزوان، منی واهێنایە زمان!؟

وەڵام:

نا، تۆ وەرە سەر گەدنم، وەرە پشتم وەرە شانۆی ئەویندارى

دەسی کورتم ناگاتە ناو کاونتەری زێڕی گران.. ئاخ هەژاری!

دەی گیانەکەم، دەی پێگرە، بەهەڵمەتێ وەرە دەرێ لەجامخانە

دەی بشکێنە، بڕوخێنە دارو شوشەو پاسەوانی گرتوخانە

من ناوێرم لەوە زیاتر بێمەپێشێ، منی بێچار، منی هەژار

دەسی چەوری جەردەی گەورە درێژە بۆم، زوزو ئەمکەن بەتاوانکار!!

لەم دیمەنە رۆمانسیە نازدارەدا دەرگای پێشانگە داخرا

بۆ جارێکی تریش دڵی زینو مەمێ بەناکامی لەیەککرا.

٣٠ بەدڵبون ١٠ لێدوان لەوانە:


Arif Kerim تابلۆیەکی ڕازاوەو قەشەنگ و جوانە ، دەستخۆشیت لێدەکەم مامۆستا گیان .

Awat Sahebqran دەست خۆش مامۆستا ژیر،بۆ ئەم مۆوانکەڕازاوەیە بە ووشەی پڕ سۆز و ئەوین،کەوەک مرواری وزمرووت وئەڵماس دەدرەوشێتەوە.

## شاکارێکی سروشت

کاری شاکاری سروشتە: هێڵو خاڵی شێوەکەی

کاتی زەردەی خۆرە: نەخشو نەوشکۆفەی لێوەکەی

پەلکەزێڕینەی بەهارە: تاڵی خاوی پەرچەمی

ناز ئەبارێنێ گوڵاوی رستەکانی پڕ دەمی

گەرچی من هەرچی ئەخوازم، رێگەگیریم لێئەکا

بەردەوامبێ ئەو بەراتەی، تا لەدەستم رانەکا

من ئەڵێم: (تا)ی چاوەڕوانی هاتە کۆتا، چاوەکەم

ئەو ئەڵێ: هێشتا لەکوێتە! (لەرز)ی ماوە داوەکەم

من ئەڵێم: هاوینە ئەم خەمساردییە ناوەختەیە

ئەو ئەڵێ: زستانە لای من، بەستەڵۆکو شەختەیە

من ئەڵێم: وا پایزەو کاتی گوشینی سێوی مەم

ئەو ئەڵێ: هێشتا چرۆیە نەوبەهاری سینەکەم

من ئەڵێم: شەو کردەپۆشی خانمانی خواردەیە

ئەو ئەڵێ: شەو ڕۆژە مانگی من هەمیشە چواردەیە

من ئەڵێم: ئازادییە، ئێستاکە سەردەم، وانیە

ئەو ئەڵێ: چاوی رەسەن هەر ئاوی رونی کانیە

من ئەڵێم: کات نەیبرِی ئەو لاتئەداتە دەرکەنار

ئەو ئەڵێ: کات بێ بەهایە بۆئەیاری بیستو چوار

من ئەڵێم: مەودای تەمەن کەم فرسەتە، ئەوترسەمە!

ئەو ئەڵێ: بێ خەمبە گەر خەم بۆنەمانو پرسەمە

من ئەڵێم: وەك مردنە ژینی وەلی بێ بۆنی شەم

ئەو ئەڵێ: نا، تا دڵێکی ئاوەدانبم، واتە هەم

من ئەڵێم: ئەم خاکە خۆڵی چەن مەمەو چەن خاتوزین

ئەو ئەڵێ: ئێمەی نمونەی خۆشەویستی، نامرین

من ئەڵێم: هەی بێ بەلآبی، تاکو کەی دێوانەبم!؟

ئەو ئەڵێ: رێگەی گەیشتن دورە جارێ وائەچم

ئەم هەواڵی چونە، سەرباری خەمم بو، وائەچێ

هەر ئەچێ، نوێژی لەسەرمە، تاکو زۆری پێنەچێ

بەو ئومێدەی بێتەوەو پڕکا لە تۆوی گوڵ، دەمی

گوڵ لەوێنەی چاوەکانو لێوو خاڵو گۆی مەمی

٩٨ بەدڵبون ٧٩ لێدوان لەوانە:



**Kamal Muhamad** ئەگەر بە زمانی کوردی نەبوایە دەربڕینی وا جوان لە دایک نەبوو

بەدڵمە · وەڵامدانەوە · ١ ساڵ

**Kamil Zheer** مامۆستا کەمال، باوەڕبکە زمانە شیرینەکەمان لە زۆر زمانی ئەم دنیایە پەتێزترە و هەر شادن.

**Paka Maruf** دەست و چاوت خۆش بێت و تەندروست باش بیت و هەر بمێنی زۆر جوانە کاک کامل گیان

**Arif Kerim** دەستەکانت خۆش مامۆستا گیان ، ئەم هونراوەیە جوانی و خۆشەویستی لێدەباری ، هەر تەمەن درێژبیت بۆ هەڵڕشتنی ئەم وشە ناسکانە .

**Farman Amin** گفتوگۆ و دیبەتی گەلێ جاریش ململانێی نێوان هزر، هوور، بیر و سۆزی یاخی یا ڕەش و سپی و هەموو دوو دیوە دژەکان نابڕێتەوە تا بای هەناسە لەکاردابێت بەهەڵپەین بۆ شیکردنەوەی گرێ ئاسنینەکان. مامۆستای لەناخدا شیرینمان هیوای تەمەندرێژی و چوست وچالاکیت دەکەم بەرەو سەرکەوتنەکانی تر.

بەدڵمە · وەڵامدانەوە · ١ ساڵ

**Kamil Zheer** بەڵێ کاکە فەرمان ئەوی بڕوانێتە تیشکی خۆر، هەر پێینەگاو گرێ ئاسنینەکانیش ئەکرێنەوە. هیچ گرێیەک بەداخراوی نامێنێتەوە لەبەردەمی مرۆڤە بیرکراوەکاندا. لەگەڵ سوپاسو ڕێزم.

**Baba Ali Allaf** گوڵبارانە لەدەسی زێڕ بەڵگەیە بۆشاعیری
بەهاری هەر بەسەرناچێ بەهەشت وئاوی کەوسەری
هەر بمێنی زێری کورد







---

## دوڕو یاقوت

هەینی پێشو بەڵێنم بە مامۆستا ئاوات ماروف دا، کە هۆنراوە شاکارەکەی هۆنیاری گەورە، مستەفا بەگی کوردی، دوای بە پێنجکردنی،پێشکەشبکەم. ئەو هۆنراوەیە زۆرێک لەهۆنیارە گەورەکانمان کردویانە بەپێنج خشتەکی، واتا دو دێڕی چوارەمو پێنجەم هی کوردییەو سیانەکەیتر هی هۆنیارە نوێکەیە. جا بەیادی کۆنەوەو وەک پاراستنێکیش بۆکلتوری نەتەوەییمان، منیش ئەم بەپێنجکردنەم، وەک دیارییەک، بۆئەم هەینییە، پێشکەش بە مامۆستا ئاواتو هاوڕێیانی خۆشەویست ئەکەم ، هیوادارم جێگەی پەسندیانبێ:

لەناکاوا دڵی پێکام وەکو کاری ستەمکارێ

بەژانی تیری پەیکانی خرۆشا سەرجەمی شارێ

دەسا یارانی هاودەردم، دەسی فریادو تیمارێ

ئەمان مردم عیلاجێ سا لەرِێی پیغەمبەرا چارێ

ویساڵ، یا قەتڵ، یا تەسکین، لەهەرسێ بۆم بکەن کارێ

لەڕێگەی چاوەڕوانیدا، نەما سۆمام، لەسەر وادەی

گومانی نائومێدی پێم ئەڵێ بێ هودە ئامادەی

ئەزیزان بێن بەهاوارم، مەڵێن ئەو سوارو تۆپیادەی

ئەوەند سوتاوم ئەسڵا تابی فریادم نەما سادەی

رەفیقان نیوەسوتن ئێوە نامەرد عەرزە هاوارێ

دڵێکمبو پڕی ئاهەنگی گەشبینی و کەشی رونی

کەلاوەی چۆڵ و تاریکەو خەراباتێکە بێ بونی

ئەوا ئێستا ئەڵێی هۆڵی شەپۆڕو شینە دوای چونی

لەکونجی سینە دەنگی ئایوئۆی دڵ دێ بەمەحزونی

وێرانبێ نەمدی ساتێ لێی نەیەت ناڵەی برینداری

کەسێ وەك من نەپێکرابێ، ئەڵێ ئەم مەردە بۆچی مرد!

لەبەرچی وا بەئاسانی گوڵێ هات و دڵێکی برد

شەهیدێکی شکۆدارم، مەڵێن رۆیی بەئەستۆی ورد

ئەلای هەرکەس ئەچم مەنعم ئەکا خۆت بۆچی رسواکرد

درێخ بۆ حاڵی زانێ رەبی توشم بێنی بیمارێ

کە پەروانە بەبێ پەروا لەئاگر بێ سڵ و باکە

ئەڵێ بۆتیشکی روناکی لەڕێدا چونی من چاکە

کە ئەو ونبێ، رەوانی من لەمردن بێ سڵو باکە

لەژێر باری خەما وا شانی سەبرم رێشە ئێستاکە

فیراقی یار لەبەر ئاخر شەڕی لێمبۆتە سەرباریٚ

کەنێچیریٚ بەخواستی خۆی لەڕێدا هاتە هێڵی رێت

بەئاوی زیندەگانیی خۆی، بەڵێنو گفتی دابیٚ پێت

لەمەیخانەی دوچاویدا نەنۆشی مەی، کەسێکی شێت

سەبا یارانی مەجلیس گەر هەواڵی من ئەپرسن لێت

بڵیٚ کێشایە مەیخانە دوچاوی بێچوە عەیاریٚ

بەڕێکەوتیش بەرامبەر من نەبو سۆزو وەفاو خاتر

هەتا خۆمبایە بەر نوری، ئەبومە کۆی گڕی زیاتر

وتم ئەی جوان، ئەوا سوتام! وتی ئۆخەی، دەسا چاتر

لەنەزعا پێیئەڵێم قوربان جەفا بەسبیٚ، ئەڵیٚ کافر

ئەمە چیتدیگە تۆ سەگمەرگە کارم ماگە پێت جاریٚ

لەمرواریو زەڕو زمڕوت، کراسێکم لەبەرکردی

بە ئەڵماسو گوڵی گەوهەر شەدەی لارم لەسەرکردی

بەبیٚ قەدری! چ بەدکاریٚ لە(ژیر)ی دڵکەدەر کردی!؟

دورِو یاقوت ئەباریٚ لەم کەلامە شیرینەی (کوردی)

خوا ساکوا لەدنیادا قەدرزانیٚ ، خڕیداریٚ

٩٤ بەدڵبون ٤١ لێدوان لەوانە:

**Shex Yousif** دە ستە کانت خوش ماموستای جوانی و عشق ام هونراوە جوانانە هە ر
دە بيت وشە کانی وە ك زير بياريزريت من جە ن ساليكە وازم لە خويندنە وە هينابوو بە لام
او هونراوە تە رو جوانانە ی بە ريزتان كردميە وە بە خوينە ر خامە تيز و دلخوش و لە ش
ساغی بو بە ريزتان

**Arif Kerim** شيعر و ئەدەب دەستيان لەسلی يەک ناوە و ئێوەیش ملوانکەی زێڕینی لێ
دروست دەکەن و لەباخچەی قەشەنگ و دڵگیردا پێشکەشی دۆست و هاوڕێیانی دەکەن .
دەستان خۆشبێت بۆ ئەم دیاریە بەنرخە.

**Nyan Mahmud** نێری ئێوە ڕۆمانتیکە ئەبێ چ جوانی بێ..ڕۆمانتیکتان..!

بەدڵمە · وەڵامدانەوە · ١ ساڵ

**Kamil Zheer** ئەوە هەستی جوانی بەڕێزتانە نیان خان. سەبارەت ڕۆمان،
گەرچی تەکنەلۆجیا ئێستا بۆتە بەربەست لەرێگەی نوسینو خوێندنەوەی ڕۆماندا،
بەڵام من ڕۆمانێکم لەسەر بەشیر موشیر نوسیوە. ئەگەر داوایەکم بۆبنێری بۆ ئەم
ئیمەیلە، پێشکەشتی ئەکەم: knj1924@yahoo.com

**Mohammed Shaida** هە ر تە مە ن دريژ بن تا ميشكي كورد بر دە كە ن بە
دلسوزي و خوشە ويستي نشتمان و كە ل ، بنوسن تا ام ميلە تە ميشكي باك دە بيتە وە لە
خيانە ت و ويوخلە وات ، بنوسن تا ام كە لە دیتە سە ر ريكاي واقعي خوي ، بنوسن تا ام كە
لە هە ست بە خوي دە كات ، تا كە ي دواي ميلە ت فروشان و خاك فروشان بكە وين ايتر

**Hallo Barzinjeyie** هونەرێکی کۆن بە هزر و هەناسەیەکی سەردەمانە، زۆر گەورە
شاعیرانە کارەکانت ئەنجام داوە. ئاخر ئەزموونی نیو سەدە زیاتر شاعیر پێ ئەبێت،
ئەنجامدانی کارێکی وا ڕووە و مەحاڵ خۆیدەنوێ.
جارێکیتریش هزرتان گەش و خامەتان ڕەنگین ماموستا ژیر

**Aziz Hareri** دە ستە كانت خوش ماموستا بە راستی هيندە جوان و پر لە زە تە مروڤ
لیی تیر نابیت.

**Pshko Amin** دەست وهزرت خو ش توانیوتە ملوانکەیەکی جوان لەدورو گەوهەر
بهونیتەوە بیکەیتە مل د ورو گەوهەرەکەی کوردی هەربژیت و تەندروستبیت

**Hessen Mela** هەر بەراستی دوور و یاقووت دەبارێنن ، ڕۆحی ( کوردی ) شاد بێت ،
جەنابیشت تەندروست باش و بەختەوەر بیت

**Goran Jabary** بەڕاستی جوان بوو ، مبالەغە نییە پێشبڕکێ لەگەڵ ئەوەی حەزرەتی شێخ ئەکات ، بەڵام ئەوەی زۆر جێگەی جوانی بوو زۆربەی ووشەکانی کوردیەکی جوان بوو ، هەر بژین مامۆستا دەستان خۆش

**Awat Sahebqran** دیاریەکی نایاب،پڕ مونەقی دڵ دەکاتەوە،بەڵێنەکەت بردە سەر،دەست و خامەت پڕ بڕشت بێت،تەمەن درێژبێت،لەخۆشی و کامەرانیدا بیت هەردەم،دووبارە سوپاس و پێزانینم بۆ بەڕێزتان،ئومێدەوارم بەردەوام بەگوێرەی توانەوکات،جارجارە،لەبەر هەمە سەنگێنەکانت بێ بەشمان نەکەیت،ئەم چوارینەیەش بۆ ڕازاندنەوەی ئەو هۆنراوە جوانەت،ئەم دیاریە بچکۆلەیە قبوڵ بفەرمویت:

من پێموایە ئێنووی هزری،پاشەڕۆژت گەلێ ڕوونە
بیری تیژ و بڕوانامەی هەمەجورت،تاجی ئەڵماس و ئاڵتوونە
لەبازاڕدا ئێستا،مرۆڤ شەیدای سەروەت و هەبوونە
زەمانێکە گوڵم، دڕندەی شاخ هەڵگری گەڵای زەیتوونە

بەدڵمە · وەڵامدانەوە · ١ ساڵ · دەستکاریکرا

**Kamil Zheer** سوپاس بۆ وشە زێڕینەکانی مامۆستا ئاوات، هەمیشە بەرهەمەکانم ، ئێستەو دوای ئەسانیشم لەخزمەت ئەتەوەکەساندا ئەبن. هۆنراوە جوانەکەتان کاریتێکردم، بەتایبەتی دەستەواژەی (دڕندەی شاخ هەڵگری گەڵای زەیتونە) گەلێ واتا ئەبەخشێ، دەستو هزرت خۆش.

---

## ئەگەڕێمەوە بۆناو مەردستان

ڕۆڵەی شیرینم، جگەر گۆشەکەم

کۆڵەکەی ژینم، زەبەن هۆشەکەم

پشتو پەناکەم

تاکە هیواکەم

مژارم لێڵە بازە بەرزەکەم

بەجێممەهێڵە باڵو گورزەکەم

منی کوردستان

منی مەردستان

نەکەی بەتێشوی مرۆڤخۆرەکان

بە پای پلانی سەگەلبۆرەکان

نە پەرتەوازی !

نە پارچەخوازی!

بەڵێ دایەخان، منی هەڵۆی تۆ

بەرز هەڵفڕیم لەمەڵبەنی خۆ

نزم چومە خوار

لەم شارو ئەو شار

ئەی نائومێدی، رەنجی بێوەری !

ئەی نیشتمانم گەنجی گەوهەری

وەی ئاوارەبون!

بێ بەرنامەچون!

ئەگەڕێمەوە بۆناوباوەشت

ئەژیێنمەوە ئارامیی لەشت

بازەکەی جاران

ئاوێتەی یاران

نەجەنگێ، ئەنجام لەجێدا ئەمرێ

درەختێ دارە، گوڵو دڵ بگرێ

مەردستانەکەم

کوردستانەکەم

ئەجەنگم وێنەی برای پێشمەرگە

مەرگ جارێکەو بەمەردی مەرگە

٤٥ بەدڵبون   ١١ لێدوان  لەوانە:

**Dilshad Omer Abdul Rahim** یا خوا هەر وا پایە بەرز بیت مامۆستای داهێنەری کوردایەتی و خەمخۆری نەتەوە و مێژوو و کەلتوور

**Shara Kamil Zheer** باوکە گیان چەند شانازی بە هەموو بیرەکانتەوە ئەکەم! سوپاس بۆ گوشکردنمان بە بیرو هزری کوردایەتی و نەتەوایەتی لە سالانی زۆر زووی تەمەنمانەوە! ئێستاش ئەو ڕۆژەم لەیادە،، لە هەشتاکاندا، کە لە باخچەی ساوایان فێری وێنە کێشانی ئالای عیراقیان کردین، کە پیشانم دایت، بە خەمبارییەکەوە لێت وەرگرتم! لەسەروو ئەو ئالایەوە، ئالای کوردستانت بۆ کێشام!

**Snur Hamid**
Mamosta kamil dastw panjat nayashe. ballam kurdiaty bo ke? hamw kurri wllat sari xoyan hallgrt awan heshta la kobwnayan, nazanm ayanawe 7kumati chy barrewa barn dwatr. Kurdistan namawa, esta jegay 3araba tyay bzhy, dasallatdary kurdish kobwnaway tya bka

**Nabaz Aziz** دەستو پەنجەکان ئەرزێ مامۆستای بیرو ئەندێشە جوان، ئەم حیزبانەی باشووری کوردستان هۆکاری سەرەکی ئەم ماڵ وێرانیەن، خەڵکیان وا لێکرد هەرچی پێی بڵێی خۆشەویستی و نیشتیما نەیانبێت بۆ خاک و نیشتیمان.

## رۆژی هەستان

هەندە بۆم روانی، چاوم رواوە

مل کەمەی گۆچان، لارو چەماوە

لە سەیری کاری ئاهورای[2] مەزن

دیدەم ئەبڵەقو سەرم سوڕماوە!

لەگەڵ هاتوچۆی، نیگام ئەسوڕێ

بە ئاوابونی! سەرم شێواوە

گوڵە بەڕۆژە، چاو لەمن ئەکا

بۆیە هەمیشە رو لەهەتاوە

ئەوەندە شۆخەو سەلارو سەنگین

جوانی لە ئاستیا  باوی نەماوە!

بەرهەمی باخی نیشتمانێکە

خاکی زێڕینو ئاوی گوڵاوە

رەگی نەژادی هی سەردەمێکە

شۆڕە سوارێبو لەم جێگە ڕاوە

لە دەنگی زەنگی ناڵی ئەسپەکەی

زەوی ئەلەرزی، ئاو ئەچوە دواوە

گەرچی دژکاران، بە زەبری پیلان

دایان لەباڵی، هێشتا هەرماوە

وا دیسان ڕۆژی هەڵدێ لەبەرزی

ڕۆژی هەستانە! شام خرۆشاوە!

ئەمڕۆ هەرایە، خەنەبەندانە

ڕۆژی من هەڵدێ لەڕۆژئاواوە!

گزنگی خۆری نیشتمانیشم

وا لەئاسۆدا، لەهەرچوارلاوە

ئەی سوارەکانی وێنەی نەبەزین

مێژوی ئاینده، زۆری پێماوە

نائومێد نەبن، ئەم ئاشە کۆنە

هەرجار بۆبەرێ چەرخی سوڕاوە

خۆڵو خاشاکی ئەم کەژو کێوە

ئێسکی دژبەری سواری گلاوە

بچنە پێشوازیی ئەو بوکەخانەم

چەکی باوەڕو بیری هێناوە

تۆ سەیری بەرگو سەروپێچەکەی

ئاڵای چوار رەنگی لێپێکهێناوە!

خونچەی کراوەی بزەی شیرینی

بارانی پەڵەی ورەی پاراوە

ئای لەدیمەنی دەستو توفەنگی!

شێری بێشەیەو خۆی مەڵاسداوە

وەک بڵێ ئێستەش گەڵێ بزورگین

ئێمەین ئەستێرەی ئەم دەورو ناوە

نەوەی سوپاکەی دیاکۆی[3] مەزن

بۆ نەینەواکان ئامادەی راوە

رۆژی هەستانە، دوژمن لە ترسی

پەریزادانیش، ئەژنۆی شکاوە.

1-رۆژی هەستان: يوم القيامه

2-ئاهورا: خوای زەردەشتیان

3-دیاکۆ: ئەو پاشا قارەمانەی مادبو کە 612پ.ز، نەینەوای مڵکی کوردی

لە ئیمپراتورێتی ئاشورییە داگیرکەرەکان سەندەوەو تەختو بەختیانی تێکدا.

٦٧ بەدڵبون ٤٨ لێدوان لەوانە:


Shex Yousif ام وشه جوانانه هه رله به ريزت دیت به وشيوه هونه ريه عاشقانه ريكى بخه يت و شعريكى به رزى لي دروست بكه ى ده ست خوش خامه زياتر ره نك بنه خشينى هه رشاديبيت

Mohammad Barzy کاکە گیان دەست و چاوەکانت خۆشبن بۆ ئەو شاکارە بەرز و جوانە و بە دڵ هیوای تەمەنی درێژ و لەشساغیتان بۆ ئەخوازم .

Hama Xan قوربانی دەست و خامەت بم مامۆستای زێر و خەمخۆری نەتەوەیەك، جاهلان و بێگانەکان هێشتا ًشوێن غاندی و ماندیلا کارتۆنییەکانی کورد کەوتون.

Awat Sahebqran هونراوەیەکی ناسک،وەک ملوانکەیەک کەدانەکانی مرواری وگەوهەرە،بەگەردنی جوانێکی ئەم نیشتمانە،کەسەرانسەر لە سروشتێکی پاکدا خەمڵیوە،هەر بژیت مامۆستا زێر بۆ ئەو سەلیقە وردە وتێکەڵ بە مێژوو،گوزارشت لەهەست ونەستی هونیاردەکات،چاوەروانی رۆژی هەڵتی دەکەین،وناسەزروین،تەمەن درێژ و لەش ساغ و کامەران بیت.




---

## ئاوی زیندەگی

خاڵێکی رەش

تابڵێی گەش

تازە بەرهەم

خۆی مەڵاسداوە لەپاڵی گەوهەری مەم

هەوری (بەرگ)ی

پاسەوانی چاوەزاری ترسی مەرگی

بۆتە بەربەست

رێگرێکە تێربچێژم  پڕدەم و مەست

ئاخ لە دڕکی چەن مەمو زین

بوتە کۆسپی بایەخی ژین!!

ئەی وڵاتم

دڵ لەلاتم

ئاوەدانو سەربەخۆبی، تۆی کە هەردەم

خاوەنی زین، خاوەنی مەم

سەد هەزاری وەک وەلیو شەم

یا منێکی ساڵەهایەک ئاوەڵی خەم!

گەرچی خاڵی رەش نمونەی دابڕانە

خاڵەکەی ئەو هەندە جوانە

هەندە پیرۆزو گرانە

وا لە ریزی خاڵی نونی نیشتمانە!

خاڵێکی رەش، بەردە پیرۆزی هەجی من

وەک وڵاتم پەردەپۆش و شەرمن و ون

مەرجە لەو پێناوەدا بەندەی پەرێشان

خۆی بکاتە قۆچی قوربان

هەر ئەڕۆمو پڕ ورەی مان

تا بنۆشم ئاوی ئەکسیری پەری خان*

---

ئەکسیری ژیان: ئاوی زیندەگی(نەمری) Elixir 0f life *

٦٦ بەدڵبون ٣٦ لێدەوان لەوانە:




---

## رو وەرمەگێڕە

(هۆنراوەی سەردەم بەشێوازی کلاسیک)

گیانە بەجوانیت، هەندە مەنازە، کاری سروشتە ئەم گوڵەباخە

من بۆبەرهەمی کردگارشەیدام، بەس دەرگای نیگام ئاوا لێداخە!

تاوانم چیە؟ بازی پێکراوم ، کەوتۆمە داوت ، ناڵێنم ئاخە

ئازیزم منم ئاودێری وەردت، پەرژینم وەکو سێبەری شاخە

ئاوی ژیانە فرمێسکی چاوم، بارانی دیدەم خۆراکی باخە

باتۆ گوڵێیی، بێ وێنەو دەگمەن، گول بۆ نمێ ئاو، ویڵوسۆراخە

لالەزاری روت، نەوبەهەشتێبێ، بێ پاسەوانێ، کوێریی وەجاخە

من باخەوانی گوڵزاری روتم، بۆیە واگوڵشەن پۆشتەو پەرداخە

رو وەرمەگێڕە، ئەم خاکە خۆڵی شا نەوجوانی چەن هەزار چاخە!

ئازیزم  ئیتر بەسبێ  دابڕان ، گەشتی ژیانم ، ناڵینو  داخە

بڕوانە هەوری پایز بۆئێمە هاتۆتە ناڵەو گرمەو چەخماخە!

لەرزینی زەویو گڕکان، لەداخا، واهەرەسدێنن بەو شاخو داخە!

باڵدارێکی وەک پەروانەی جوانیش خۆی ئەسوتێنێ، بۆمان بەداخە

تو خاکی پیرۆز کوردستانەکەم،  بائیتر بەسبێ  ئەم ئۆفوئاخە

 با کۆتاییبێ جەنگی دەرونی، فەرشی ئاساییو ئارامی راخە

هەر  هەناسەیەك  بروا بێهودە، ئازاری دڵەو زامی دەماخە

رو وەرمەگێرە، با نیگام تێربێ لەو ئەڤینەی تا سەرئێسکو ناخە!


Ahmad Sdiq Salih هەرسەرفرازوسەرکەوتو دەبی مامۆستاژیر شاعیری بەرزوبەتواناا...
شارەزای مەیدانی شیعرو شاعیری

٨٦بەدڵبون  ٤٣ لێدوان لەوانە :


Nuri Karim کاک کامیل ئەوەی زورتر سەرنجی راکێشام ئەو نیوە دێڕانە بو کە زور وەستایانە بەپەردەیەکی تەنکەوە دەیخەیتە بەرچاو:
-- ئازیزم منم ئاودێری وەردت
-- گوڵ بۆ نمی ئاو ویلو سوراخە
-- فەرشی ئاسایی و ئارامیی راخە
منیش لە دو تویی هونراوە هەست بزوێنەکانتدا بندێرەکان دەخوێنمەوە و دەزانم [ هەرچەند دەکەی دڵ پیرنابی، دەستت لەیەخەی یار گیر نابی ، یەکجار سرکە و بۆت رام نابی]


Awat Sahebqran سەرچاوەیەک لەخوشەویستی،لەجوانی،لەهەستی پاک،بێگومان هونراوەیەکی وا دانسخە لەدایک دەبی،خامە رەنگین بیت،تەمەن درێژ ولەش ساغ و ئاسوودەبیت لەژیاندا

## خۆشەویستیو رك

خۆشمئەوێی، خۆشەویستیی ماسی بۆئاو

خۆشمئەوێی، خۆشەویستیی جەستە بۆچاو

رکم لێتە، رکی ئەستوری پیرۆزت، رکی نێوان ئاووئاگر،

دەمێ دەستی پڕگوڵاوی هەڵەی سۆزت، ئەهاویتە دەسێکیتر

خۆشمئەوێی، خۆشەویستیی سۆفی بۆ دیداری یەزدان

خۆشمئەوێی، خۆشەویستیی دارئەرخەوان بۆگۆڕستان

رکم لێتە، رکی نێوان دو خوێنەخوێ

رکم لێتە، رکی هەنگوین لە ترشوخوێ

ساتی گریان، یا بۆڵەبۆڵ

بۆ زێڕو بۆ سامانی مۆڵ !

ئاخر گیانە

بەو چاوانە

تۆخۆت زێڕی، خۆت سامانی

بێ بەرگو زێڕ، زیاتر جوانی

خۆشمئەوێی، خۆشەویستیی نێوان بتو بتپەرستان

خۆشمئەوێی، خۆشەویستیی کوردی رەسەن بۆکوردستان

چاوەکانم: لەلای خەڵکی نەمزڕێنی، بڵێی شێتە!
بمزڕێنی، نەمزڕێنی، هەرچیبڵێی، رکم لێتە

رکی تینی گڕ لە سەرما

رکی داری گوێز لە خورما

ئەگەر بێتوخۆری نیگات

بە دژکارێکی من بگات !

گوڵی دەگمەن، گوڵی پڕبۆ

بەڕۆژ نێرگز،بەشەو شەوبۆ

خەوی دوارۆژ، گوڕی ئەژنۆ

رکم لێتە ، ئەزانی بۆ ؟

رکیشم هەر بەهایە بۆ

ئەوینی پڕ لەسۆزی تۆ

٨٦ بەدڵبون  ٤١ لێدوان لەوانە




Mhabad Midia جەنابتان پیاوێکی بەڕێزوزیروخاوەن ڕابردوێکی پاکن
هەروەک ڕێبازە پاک وجوانەکەی پاسوک تەمەندرێژبن خوایە
Awat Sahebqran ئەم هونراوە ناسکەت،جوانترین،دیاری ئەم بەیانی
هەینەبوو،مامۆستا زیر،لەیەزدانی پاک داواکارم،تەمەن درێژ و لەش ساغ
بیت،خۆشەویستیت بۆ نیشتمانی دایک،دەریایەکی بێ سنوورە،ئەوینت،شەپۆلێکی بەردەوامن
تێکەڵ بە کزەبایەکی فێنک،بۆ پێشەوە وڕوو لەکەنار کاروان دەگری،ڕکەکانت بۆ
نەیاران،کڵافەیەک ژانی تومەڕیە،بەقەدەر پیتی داخ لەدڵی ڕۆژنامەکانی ئەوسا و
ئەمڕۆن،ڕەخنە توند بە چەکوش،کورد وکوردستان پێویستیان بە چەند بیرمەندی وەکو
بەڕێزتانی هەیە،چونکە ئەمیستا ژەهرێک لەناوماندا دەڕێژن بومان،کەباش وخراپ وەکو
یەکن،لەگەڵ ڕێز

## لەچکی دیلی

چاوەکانم: کانەکەی تۆ، زێڕی جۆری بیستوچوارە

بێ ڕتوشو ئاڵو واڵا، گەوهەرێکی تاکو دیارە

تا فریشتەی سادەبی، زیاتر ڕەهایە خۆری گۆنات

ئەو بزەو گۆشەی نیگایەت، کاری دەستی کردگارە

با نەبێ دەف، تەپڵی بۆشی بیری نامۆی کۆنەخوازی

پێکەنینت: ئاهەنگێکە، هەڵپەڕینە، جازو تارە

ڕێ نەدەی روی وەک بلورت دڕکی ریشی بێبەسەردا

گەر بڕوشێ، کارەساتە! سەرجەمی ئەم ناوە، تارە

ئەو چرای دو چاوە جوانەی ڕێنمای شەوگاری ڕێیە

دەرکەوێ، ئەستێرە ماتو بێ جریوەو شەرمەزارە

گەردنی بێگەردو سافت، سایەقەی ساماڵی رونە

دو کەوانەی جوتە ئەبرۆت، پەلکەزێڕینەی بەهارە

تاڵەکانی پرچو ئەگریجەی سروشتیو پەرچەمی خاو

با رەهابن، نەبنە بەندی سیستمێ خۆی کۆڵەوارە

نازەنینم: رێگەگربە، بزنە ریشەی چاخی بەردین

نەیوەرێنێ لالەزارت، تۆ گوڵی، ئەو خۆڵو خارە

ئەم بەهاو بەهرەو خەڵاتە، بەخششو دیاریی سروشتە

داینەپۆشیت، زەردەپەڕ بەو چڵکە هەورە، وەک دەوارە

ئەی بەڕێزم: بزنەڕیشە وەک وڵاخێ تۆی مەبەستە
تۆ مرۆڤی، بیری سەردەم لەچکی دیلیی لا گوشارە
من پەڕەی پەرتوکی دنیام خستە بەرچاو نەمدی رستێ
جۆرە بەرگێ داسەپێنێ ئێستە پەشمەو نالەبارە
فەلسەفەی ئەم ژینە وایە ئێمە دو گیانی بزورگین
چونیەکی، رێبازی راستە، بزنەڕیشە هێڵی خوارە
سەیری خۆشکی چەکلەشانو راپەڕیوت چۆن ئەجەنگێ
چۆن لەکۆڕی بەرگریدا دەسوەشێنو شۆڕە سوارە
دەی فڕێدە کۆتو زنجیر، تۆ بە ئازادی مرۆڤی
سەرنەوی بۆ باری دیلی، ئاژەڵێکی کۆڵو بارە
ئەو ئەگەر راستگۆیە، ئەمڕۆ، کار بەئیشە نەک بەڕیشە
یا لەژێر هەر تاڵە مویەک، گورگە بۆرێ، دەسبەکارە!!
١١٧ بینین ٦٠ لێدوان لەوانە:


Mohammad Barzy کاکە گیان هەموو جارێک بەرەو لوتکەمان دەبەیت و جوانییەکانی ناخت دەبینین و دڵ و دەروونمان ڕووناکدەکەیتەوە .. دەستەکانت خۆشبێت .

**Farman Amin** هێزی هزر و گیانی مامۆستا لە بەرشت بەردەوام بێت بۆ هۆنراوەی ناسک و نەرمونیانت.

**Awat Marouf** تا بڵێیت نایاب و ناسکە،گەوهەری یەک دانەیە مامۆستا ژیر،دەکرێت لەئایندەدا بەرهەمی سەرجەمی ناشنابوونت بەدنیای هۆنراوە پێشکەشمانی بکەیت

١

بەدڵمە · وەڵامدانەوە · ١ ساڵ

بینینی ١ وەڵامدانەوەی تر

**Awat Marouf**

Kamil Zheer سوپاس مامۆستای ئازیز و خۆشەویست،ئەو زمانە پاراوە و دەلەمەندەت،وەک دەریایەکی بێ کۆتایە،سەرچاوەیەکی گرنگە بۆ مانەوەی زمانی دایک،کە ئەویش زمانی کوردیە،پشت بەست بەو توانایەی بەڕێزتان لەدارشتندا،کە گوزارشتێکە بۆ ناخی پاکی بەڕێزتان،سەرسامم بەو هۆنراوە جوانانەت،خامەت پڕ بەرشت بێت،وەلێ ئەفسووس،دوورکەوتنەوە لەئێشتمان،بۆ چل ساڵ،دوورکەوتنەوە،نەیهێشتوە ئاشنای بەرهەمەکانت بیم،سالی فەیسبووک ئاوا بێت،ئەم پەنجەرەیەی کردۆتەوە،تەمەن درێژ بێ،لەش ساغ وئاسوودە بێ مامۆستا ژیر

ئاوات مەعروف/ ساربروکن-المانيا



## کیژە کوردێکو شەکراوی سەربەخۆیی

پەرچدانەوەیەکە بۆئەوانەی چاویان بەسەربەخۆیی کوردستان هەڵنایەو بەخەونی هۆنیاران ناویئەبەن! ئەوانە: لەخۆیانەوە ئەڕواننە کەسانیتر. وائەزانن کارێک بەخۆیان نەکرێ، بەکەسیتریش ناکرێ! ئیتر ناپاکاو خۆفرۆشو کۆیلەی داگیرکارو گەندەڵو دەرون شکستخواردوو ترسنۆکانیش لەوان خراپتر!.

مەرجو پێویستییە سەرەکییەکان وەک کەرەستەیەک بۆسەربەخۆییمانو پاراستنی، زۆربەکورتی: پەروەردەی نەتەوەییوگەشەدان بەبیری سەربەخۆییو کاربۆئەنجامدانی بەنهێنی، پەرەدان بەژمارەی ئەندامانی نەتەوەمان، متمانە بەخۆکردنو بوژانەوەی کەسێتیی شکستخواردوو وەستان دژی نائومێدی، نەهێشتنی ناپاکاو گەندەڵ، بەزەیی نەهاتنەوە بەدوژمنو تۆڵەی کۆمەڵکوژیمان بە کۆمەڵکوژییان، لێدان لەبەرژەوەندییەکانی هەرلایەنێکی رێگر لەسەربەخۆییمان، رابەرایەتییەکی لێزانو قارەمان، گێڕانەوی سنورەکانی ماد وەک ئامانجێکی دورمەودا، لەدەسنەدانی هەل بۆهەر ئامانجێ کە ئەوانە هەموی کاری کردەنو هیچیان ئەستەمنین ، هەماهەنگ لەگەڵ هەستو بیرو وتەکانی ئەم کیژۆڵەیە:

کیژۆڵەیەك، مەردانە، پۆشاکی وەك شێرەلاو

چەن جوانبو چەکی دەستی!

خۆی بەستبو کوردانە، بۆ شۆرشی تازەباو

ئاڵا بو سەروبەستی



ئەیوت من خاوەن کێشەم، ژانی گەلێکی ئەسیر

بەشکراوی نیشتمان

من دوچاری سەرئێشەم، پشتم بە باوەڕو بیر

گەرچی رێ سەختەوگران

وێنەی شێرێ  گرمانی  بۆسەر رەوشی نادادی

دژ بە جەردەو  تاڵانی

هاوبیر لەگەڵ لاوانی خاوەن ویستی ئازادی،

سەربەخۆییو یەکسانی

ئەیوت میللەت بەڵەدە، رابوردوی پڕکۆڵنەدان

سەیری مەردانی خۆمان:

ئەختەر،کیژی نەغەدە، لەیلا، ساکینەوفیدان

سەروەرینو شکۆمان

پشتی یەکدیبین هەمو، باوەڕنەکەین بەبەدکار

نابێ چاو پڕبێ لەخەو

هزرو ئاسنو ئاگر چۆکدائەدەن بەزۆردار

ئێمەین سەرکەوتوی گرەو

هەرجێبێ، یا هەرکاتێ، هێزە ستەم لائەبا

دارە تۆڵەو چاری مار

ئامادەین بۆهەرساتێ، چیدی خەرۆماننەکا

گفتو داوی داگیرکار

گومڕا نەبین بەیاسا، دەستوری گورگو چەقەڵ

کاتێ هەلیان بۆ رەخسا

سەرجەم بەڵێنو رێسا پەیمانی شاخو جەنگەڵ

دەستوریچی؟ کام یاسا !؟

لاماننەدا لەرێگا پێکەنینی داگیرکار

وەك مرۆڤی خەڕۆ و ون

زاناو سەری بەئاگا، نابێ پێوەیدا دوجار

جانەوەری هەمان کون

ئاشتی دارێکی وشکە، تەنیا بە هاوکێشەی ماف

خونچەی بەرهەم دەرئەکا

دەسگیرنەبونی پشکە، تای ترازوی درۆو لاف

هەرچۆنێبێ سەرئەکا

ئاشتی پیلانو ئۆفە، بۆسەردەستە مۆڵەتە

تا ئەنجامدانی کاری

دیموکراسی بلۆفە، بۆبندەستە مەینەتە

بێ ئازادیو رزگاری

ماف لەگەروی شێرابێ، دەرهێنانی ئاسانە

چەك هۆکارو چارەیە

سەر خاوێنو زرنگبێ، نیشتمان پر سامانە

چەك بازاڕو پارەیە

هەرچیچەندێ دانابین، بێ دەوڵەتیی خۆمانە

داری بێ بەرو زڕین

خاوەن تاجی پاشابین ، تیغ وا لە ئەستۆمانە

کۆڵبەشانو بێ فەڕین

من دەوڵەتم گەر نەبێ، بێ نەوامو وێڵو ون

بێ نازو دەربەدەرم

جێگەم: ئەوێ، ئێرەبێ، دەستی درێژی دوژمن

ئاڕاستەیە بۆسەرم

بێ دەوڵەتی هۆکارە هەر رۆژیکو جۆرێ ناو:

(تورکی زادی شاخو کێو،

کۆچەر، قەرەج، ئاوارە، کاکەوکەلب وکلێبی ئاو،

یا جنۆکەو نەوەی خێو)!

سەربەخۆیی کوردستان بۆچی بەری خەیاڵە!؟

نا ، کاری مەردانەیە

هەرچی وایوت شەکری شکان، نادانە ، بیری کاڵە

یا پیاوی بێگانەیە

دو ساڵ کەوتن لەپۆلێ ئەنجامی دەرکردنە

زۆڵەکی کورد دەیان ساڵ

دەستی رەشی ناپاکیو کەوتن لەدوای کەوتنە

کەچی هەرخۆی خاوەن ماڵ!

ساڵانێکی دورودرێژ ئێوە گەلتان خەڕۆکرد!

کوا کوردستان یا نەمان!؟

سەردارانی گێژوویژ ئابڕوی گەلی کوردیان برد

گەل بەقڕچو، ئەوان مان!

رادەستیکەن، وێرانە! سەری پاکو جەوامێر

خاوەن بریاری ئەوێ

خەمتان هەر بۆگیرفانە! پڕنابێتو نابن تێر

دەک بەدەرمانتان کەوێ

کاری ئەمڕۆی سەرەکی، ئەرکی ئەستۆو سەرشانە

کاریگەرەو بە پەلە:

لەشکرێکی پڕچەکی سەرتاپا کوردستانە
دوژمن کەنەفتە، هەلە

تیشکە بۆنەتەوەهۆز ئاسۆی روناکی شادی

راپەڕینی قارەمان

بۆ ئامانجێکی پیرۆز، سەربەخۆییو ئازادی،

رابەری ئەم کارەمان

ئەی کاك و خوشکی دانا، دوربن لە منو تۆیی

فەرمون بانگو مژدەیە

کار بێتە دەستی زانا ، شەکراوی سەربەخۆیی

هات و کاری کردەیە

٦٥ بینین ٣٣ لێدوان لەوانە:






---

## دو چەپکە گوڵ بۆسەر گڵکۆی باوکانودایکانی رێنمای رەوشتو کوردایەتی

یەکەم:

لەبیرم دێ کە منداڵبوم لەباوکمدا رەوشتم دی

لەوا بیرو لەوا هێزو لەوا کەڵغانو پشتم دی

لەباوکمدا جەوامێریو نەبەردی  بو بە ئاواتم

بژارەی خۆ بەختکردن بەبەرنامەی هەمو کاتم

لەوا زانیم کە سەرداری وەهایە بۆ بچوکی خۆت

ئەبێ تاڵی بچێژی تاکو شیرینت بسوتێ بۆت

وەکو گیایەک لەسەربنجی بەهای بەرزی ئەوا ئەفرام

ئەوینی  خاک، گەلێکی  شاد، لەناخمدا روا ئارام

بەکوردی جاڕو بانگیدا بەگوێما: رۆڵە تۆکوردی

وەجاخم رونە گەرهاتو بەخاوێنی ژیای، مردی

کە فەلسەفەم لەژینا خوێند، وەهام بینی هەمو گێتی

زەویی دێمە، بەبێ وانەی بڵندو بەرزی باوکێتی

دوەم:

لەدایکدا چ خاوێنەو چ پیرۆز

دەسی ئامێز، دەمی ماچو دەنگی سۆز

لەوا ئاوی رەگو ریشەی دڵو گیان

لەوا مژدەی بەهاری نوێ بەنەورۆز

لەسەرمادا، لەگەرمادا پەناگەی

بەئارامی جگەرگۆشەی رەوادۆز

لەوا تەرزەی سپیی پاکی بەری چاو

لەوا خەندەی پەڕەی جوانی گوڵی رۆز

لەوا پەنجەی هەڵێنانی هەزاران

گرێ کوێرەی پەتی شێواوو ئاڵۆز

ئەژی دایک لەهیوادا بەئاوات

بەری رەنجی لەبەرزیدا بکا تۆز

لەرێگەی نیشتمانا خۆنەکردن

بەڕێو پردی دژانێکی گەلو هۆز

ئەژی دایک لەهەستێکا ببینێ

مناڵانی بەیەکسانی، بەبێ پۆز

بچینن تۆوی ئازادی، بکۆشن

هەتا مەرگی کەری دێزو سەگی بۆز

بەهانابن لەگەڵ یەکدی، بەلەنگەر

لەهەورازی شکستیدا بەتاکۆز

ئەبێ وابن لەباوەڕدا کە ئێوەن

هەمو وێنەی کچی شۆخو کوڕی قۆز

منیش وەک خاتوکوردستان بەهیوام

ئەمەکداربن لەئاستی دایکی دڵسۆز

*

ئەم گێنگڵەش بۆ وەستانی دڵە گەورەکەی لەبەغدا:

وتیان زو بڕۆ

مەپرسە لەهۆ

ئێستا من ئەڕۆم

ئەڕۆم، جارجارە، ئەپرسم لەخۆم

ئەم ڕێگە دورە بۆ دوایی نەهات!؟

تۆ بڵێی ئەمڕۆ راوەستابێ کات!؟

خۆ موشەدەمەی دڵم لێئەدات

خێراتر لەکات

کورەی دەرونی وەها جۆش داوە

کڵپەو بڵێسەو گڕی هەستاوە

قازانی سەرم

تابڵێی گەرم

هەستم ئەکوڵێو وا ئەبێ بە ئاو

هەمو شت ئەڕوا، هەمو شت تەواو

تەنیا کات وەستاو!

ئەی داد، ئەی بێ داد

بۆ من بەساتێ ناگەمە بەغداد

بزانم دایکم ماوە؟ مردوە؟

تاوانم چیە، من چیم کردوە؟

کات وام لێ ئەکات

کات لەمن ناڕوات

بۆچی نازانێ ئێستاکە ئاوات

ئەوەیە خێرا کات لەمن بڕوات؟

تا پیایا بگەم، سا بەشکم مابێ

دایکم هیچ نەبێ هۆشێکی تیابێ

دەستی پیرۆزی بکاتە ملم

ئەمجارەش دڵم

بەچەن ماچێکی دایکێتی پڕبێ

بیری شپرزەم ئارامو کڕبێ

نیگای بەپەلەم تۆزێ دابینبێ

پێکەنین لەجێی هەنسکو شینبێ

بە زەردەخەنەی شیرینی لێوی

بڕەوێتەوە  ژانی پشێوی

فرمێسکی شادی  لەچاو بێ بەخوڕ

بۆ ناو کورەکەی دەرونی پڕگڕِ

بکوژێتەوە

کوڵی کاسەی سەر دامرکێتەوە!

ئەو رۆژە وتم: دایە، دایە گیان

ئەچین بۆ سەیران

وتی ناتوانم

ئازاری شانم

پەپولەی هیوای ژیانی کوشتوم

هەر بەناو زیندوم

وتم دایە گیان

ئەم مانگەش رۆیی  بێ چاوی گریان

وتی: رۆڵە گیان

رۆیی ملی ورد

خۆ من جەژنێکی ئازادم نەکرد!

لەناو لانەکم

بەسەربەخۆیی کوردستانەکەم

هەی داد هەی بێداد

بۆچی من وازو گەییمە بەغداد

دایکە تۆ مردویت!!؟؟ ئەی دایە دایە

خۆزگە بەم جۆرە هەرنەمدیتایە

بۆ شکا پشتم!؟

بۆ من گەیشتم!؟

خۆزگە رێی بەغدا دوایی نەئەهات

وەك وام ئەزانی، بوەستایە کات

بمایە هیوا، بمایە ئاوات

ئەی دایە دایە

خۆزگە ئەتزانی چی لەدڵمایە

ئای لەناکامی، لەبێ هیوایی!

ئای لەئازاری دایك جودایی!

ئای لەئەم کۆستە!

لەئەم هەڵوێستە

کەدایك مردوی ئاوەها تیایە!

بۆ کۆستی دایك مردن وەهایە!!؟؟

*

دوای ساڵێ:

وام لەسەر گۆڕت، ئەی دایە دایە

من هەر لەیادو لەبیرمدایە

ئەو هەستە بەرزەت کەداوات ئەکرد

ئەتوت دایکی کورد

خۆزگە نەئەمرد

تا نەورۆزێکی بێئازار ئەکرد

لەزێدی خۆیدا بەئاوەدانی

کوردستانێکی پڕمیهرەبانی

بەڵام سەد جار داخ

هەزار هەزار ئاخ

راوەستانی دڵ

خۆزگەو ئاواتیش ئەباتە ژێرگڵ

دایە گیان بنو، تۆ خەمت نەبێ

رۆژێ هەر ئەبێ

منالەکانت کەهاتن بۆ لات

بەدەم مژدەوە، پێتبڵێن وڵات

ئێستا نەورۆزی بێ ئازار ئەکات

25/8/1981بەبۆنەی مەرگی باوکمەوە

3/3/1985بەبۆنەی مەرگی دایکمەوە

١٠٤ بینین ٥٢ لێدوان لەوانە:



Kameran Ali ئەو دەستانەت ماچ دەکەم مموستا گیان هەردەم بمێنی بەسەربەرزی بەداخەوە لەم ڕۆژەدا لەبەر کونە بەعسیو خوفروشان جێگای پارێزەران و خەبات گێران نابینەوە

Awat Marouf ئەگەرچی لەبەرێنی پێشکەو وقەبرا برینی هەمان ڕێگایە،بەلام چۆنیەتی ئەو برینە جیاوازە،ئەوەی تەنها بۆ مێژووی دەمێنێتەوە،تەنها کاری باش و دڵراگرتنی دەوروبەر ،خۆشەویستی و میهرەبانیە،کە لەدایک وباوکدا،بەرجەستە دەبێت،دەبنە نمونەیەکی بەرز لەژیانی ئەوەکانیان،بەرزویشتنیان دەزانین چیمان لەدەست داوە،بە تایبەت دایک،کە چ کەلێنێک دەخاتە نێو ژیانمانەوە،ئەستەمە پڕکردنەوەی،خوای گەورە سەبووری هەموولایەک بدات،ڕەوانیان شاد بێت

بەدڵمە · وەڵامدانەوە · ١ ساڵ

Kamil Zheer سوپاس بۆ لێدوانە جوانەکانی مامۆستا ئاوات، منیش شارایەکێتر ئەخەمە سەر خەرمانی ئەو لێدوانەو ئەڵێم: سەرەرای دڵسۆزیو گەورەیی دایک، ئەو زمانە شیرینەیە کە ئێمەی پێگۆشکردوەو بۆتە هەوێنی خۆشەویستیی ئەتەوەکەمان کە ئەوە بە هیچ پاداشتیک قەرەبو ناکرێتەوەو تا هەتا قەرزاری دایکمانین.

Kamal Muhamad کاتێک ئەم ڕێگەدوورەی گەشتن بە ئامانجی کوردایەتی دێتە دی کە وەڵاممان هەبێ بۆ دەستدرێژییەکانی دوژمنانمان

بەدڵمە · وەڵامدانەوە · ١ ساڵ

Kamil Zheer زۆر ڕاستە کاکە کەمال، نمونە:هەرچەنی ئازاری ئاژەڵێکی وەک کەر بدەی، ئەو هەر ملکەچە بۆت، بەلام ئەگەر ئازاری ئاژەڵێکی وەک شێر بدەی، لێتهەڵئەگەڕێتەوەو ئەتخوا. سوپاس بۆ سەرنجەکەتان.

---

## کێن لەقەندیلن؟

ئابەم زستانە

سەهۆڵبەندانە

کێن لەقەندیلن!؟

بازی ئازادن، یاکەوی دیلن؟

وردو گردیلەن؟ یاوەکو فیلن؟

زێدی باکورن؟

یاهی باشورن؟

هەور گرمانی

زەوی نالآنی

بەفر هاتە کوڵ، ئاو هاتە هەژین

شەپۆلی لافاو کەوتە کەفچڕین

هەمو بەیەك دەنگ

وتیان بۆ مێژو، خۆ ناکەین بەپەنگ

ئێمە ناپرسین لەناسنامەیان

لەهەڵکەوتنو لەناوونیشان

هەرچیبن، کوردن

رەسەنو مەردن

گیان لەسەر دەستو خۆنەویستانە

روگەشو ئاڵن

لەهەرجێیەکی ئەم کوردستانە

خاوەنی ماڵن.

٩٩ بینین ٤٥ لێدوان لەوانە:



**Awat Marouf** خاسەرمەنگین بێت،مامۆستای بیری نەتەوەیی،هەست ناسک،زمان پاراو،گرنگ لێرەدا ئەوەیە،کەبیروڕای جیاواز،سانای دەوڵەمەندی بابەتەکەیە،وەک لێرەدا دەبینرێت،نابێت ئێمە بکەوینە بەردوو هەڵبژاردە،کەرمەنگە بۆ ماوەیەکی کورت مەودا باش بێت،درێژخایەن ناشاماژە بە ووتەی سەرکردەی سەربازی مەغولەکان کە جەنگیزخانە دەڵێ: لەشکرێت هەمووی کەر بێت،تەنها سەرکردەکەی شێر بێت، باشترە لە لەشکرێک، کەهەمووی شێر بێت بەڵام سەرکرکردەکەی کەرێک بێت،برووی مێژووی ئەم بۆچوونە،لەبژاردەی یەکەمدا بۆ مەغولەکان ڕاستە وبەردەوام شەپۆلی هێرشیان زۆر شوێنی کاولکرد،وەک تەیمورلەنگ،پاشماوەی ئەو ئێرانە لەناوچەی ئەنازوڵ،وەک قەرەقوینلو، ئاق قوینلو،درێژەی هێرشەکانیان بوون بۆ سەر ئێراق وکوردستانیش،لەگەڵ ڕێز وخۆشەویستی بۆ بەڕێزتان

بەدڵمە · وەڵامدانەوە · ١ ساڵ

**Kamil Zheer** سوپاس بۆ مامۆستای ڕۆشنبیری گەورەمان . منیش هەمیشە ڕێزی بیروڕای جیاوازم گرتوەو بونیم لەئەبونی لا باشتربوەو لەو ڕێگەیەوە ئەنجام دەستەبەر ئەبێ، سەبارەت تاکتیکی مەغولەکان پێویستە کوردیش سودیان لێوەرگرێ و بەرامبەر دوژمن دڵرەقو بەرامبەر ڕای جوراوجوری نەتەوەی خۆ دڵنەرم. هەر ئەوشبو نهێنیی سەرکەوتنیان. ئاخر ناکرێ ئێمە بە گوڵ شەڕ لەگەڵ دڕندەکان بکەین. هەر شادو بەختیاربن مامۆستا ئاوات. تکایە سەرنجێکی ئەو بیرو ڕا جیاوازانەی سەرەوە بدەو پەیماشە توزێ درێژە بە مەسەلەی کەرو شێرەکە بدەی کە ئەوە زۆر بەسەر نەتەوەکەی ئێمەدا ئەچەسپێ. ئای لەو هەمو لەشکرە شێرو سەرکردە گەندەڵانە!!

١

بەدڵمە · وەڵامدانەوە · ١ ساڵ

**Awat Marouf**

Kamil Zheer بۆ مرۆڤی دانا ، مامۆستای ڕێزدار کامیل ژیر،وابزانم سەرە ئەڵقێک،کافیە بۆ تەواوکردنی بابەتەکە،کورد ووتەنی،گوم ئاقووڵ بێت مەلەی خۆشە،بەڵام،پرسیار ئەوەیە،مەلەوان نەبێت،شانی پیاکەبێت،وای نیشاندەیت،کەلە لیهاتووی جێگەی گومان و پرسیار نیە،سیروان لێشتدەم هەر دەبەیت،سرووشتیە دەقبات ودەتخنکێنێ،بابزانین بەشداربیوان چ لێکدانەوەیەکیان هەیە.

**Kamil Zheer** وەڵامێک بۆ خاتو یادگاری بەڕێز- تکایە سەرنجێکی وەڵامدانەوەکەمان بۆ کاک زەردەشت بدە.

بەڵمە · وەڵامدانەوە · ١ ساڵ

**Yadgar Mahmoud** مامۆستای بەڕێز ستراتیجی قەندیل کوردایەتی نی یە، بەڵکو تەکتیکە بۆ گەوجاندنی کوردان، بڕوایان بە نەتەوە و دەوڵەتی نەتەوەیی نی یە، ئەجێندایان لە خزمەت دوزی نەتەوەیی سیاسی کوردا نی یە و بەڵکو دژی دوزی کوردن و زیانیشیان پێگەیاندووە !

٢

بەڵمە · وەڵامدانەوە · ١ ساڵ

**Zardasht Zardashty**

حەیف بۆ مامۆستا کامل ژیر و ئەم هونراوەیە کەڕاست **Yadgar Mahmoud** پێچەوانەی فەلسەفەو بیروباوەڕی پکاکا یە

١

بەڵمە · وەڵامدانەوە · ١ ساڵ

**Yadgar Mahmoud** مەبەستی منیش حەلاڵکردنی خوێنی کورد نی یە، بەڵکو سیاسەتی ناکوردانەی پەکەکەیە کە خوێنی کورد بۆ مەبەستێکی تر بەناوی کوردایەتی بەوە دەڕژێت! خوزگە ئەوانەی کە چەک هەڵدەگرن بۆ پەکەکە نەگەوجێنرانایە !

**Zardasht Zardashty**

**Kamil Zheer** ئەگەربڕوام بەو بۆچوونەی جەنابت و ئەوخوشکەبەڕێزەبوایە ، ئەوا پکاکا م بەکوردو نەتەوەی و شۆڕشگێڕدەزانی ، ئەوانە بەشێکن لەتەواوکەری بەرنامەی دوژمن بەکورد ،ئامادەن دەست لەگەڵ هەموو هێزێکی غەیرەکوردو دژەکورد تێکەڵ بکەن بەڵام هەموو کورد بەحزبەکانیشەوە دەبێ نوکەرو ملشۆڕی بەرنامەیان بن ،بڕوابکە لەئایدۆلۆژی ئەواندا جەنابت کۆنەپەرست و شۆڤێنی چەندەها ئیزمی لای ئەوانە ...بەلای منەوە هەرنەتەوەییەک سۆزی بۆ ئایدۆلۆژی و سەرانی پکاکا هەبێت لەنەتەوەی بوونیان بەگومانم ، نازانم چییان بۆکوردکردووە تا پێیاندا هەڵبدەین ،بەنسبەت خۆشمان بینیمان ١٦ ی ئۆکتۆبەر چی ڕوویدا ئیتر پارتی بەتەنهابالّی و لەناو ئەوهەموو دوژمنەی ناوخوو دەرەوە چیان پێکردن ،گرنگ پارتی نەیهێشت و شتێکی هێشتەوە لەلەناوچون و سیاسەتیش وایە و هەر هەڵدەسێنەوەو ئومێدیش زۆرە ، بەڵام چ ئومێدک بەپکاکا هەبێت ....بەڕێزی مامۆستا خۆزگە ئەو هۆنراوەیەت نەنوسیبا

**Pshko Amin** بەڵێ وایە لە هەرجێیەکی ئەم کوردستانە خاوەنی ماڵن دەست وبیرو هزرت خوش بو پیناسە کردنی شورەسوارانو چەکبەدەستان و قارەمانانی نەتەوە

**Zardasht Zardashty** بەڕێز مامۆستا جەنابت نەتەوەی و دامەزرێنەری کاژیک ئەوانەی قەندیل بەنەتەوەی دەزانی ! کەهیچ بڕوایەکیان بەدەوڵەتی کوردی نی یەو تاکوانائشیان هەیە پیاوی بێگانەدەکەن بۆ دروست نەبوونی دەوڵەتی کوردی و قەندیلیان کردوتە قوتابخانەی تورکچێتی و وانەیتورکی دەدەنەوە زمانی تورکی زمانی ڕەسمی قەندیلە نەک کوردی ، دیارە ئاگات لەوەنی یە دوران کاڵکان کوردنی یەو ئامادەش نەبووە فێری کوردیش بێت لەسەرناوخاکی کوردستان دەژی ، ئیستا خەڵکەعەوامەکەی کورد تاوانبارنین ئەگەر کوێرانە چەپڵە بۆ کەسێک یان حزبێک بکوتن لەکاتێکدا تۆی مامۆستای بیری نەتەوەی پ کاکا شاهیدی بونەتەوەی بوونی بدەی لەواقعدا ئێستا پکک خۆی دژی ئەم بۆچوونەی جەنابتە ، بۆ ئاگاداریت پکک گەورەترین و ترسناکترین پیلانن دژی کوردو کوردایەتی ...... بەداخەوە بۆ ئەو هۆنراوەیەت کەس زۆر دژیم ولەکەیە بەتێو چاوی نەتەوەی یەکانەوە

**Awat Marouf** بەڕێز،لەو ڕێکخراوە سیاسیانەی کە باوەڕیان بونی دەوڵەتێکی سەربەخۆ بۆ گەلی کورد هەبوبێت،وەک بەڕێزتان ئاماژەتان پێداوە ( کاژیک ) ە، دواتر لەسەرەتای دروست بوونی پەکەکە،تەنها ڕێکخراوبوو لەسەرەتای هەشتاکانی سەدەی ڕابردوو،سەرەتای خەباتیان،داوای دامەزراندنی دەوڵەتێکی سەربەخۆ بۆ کورد،کەیەکێک بوو لەبنماکانی خەباتیان،من وەک کوردێکی بێلایەن،تەنها خستنەڕووی ڕاستیە،ڕەنگە لەگەڵ بیروبۆچوونی مندا نەبێت،بەڵام مانای ئەوە ناگەیێنێت،هەرچی بەدڵی من نەبوو،هەڵەیە،دەشێ ئێستا بیروڕایان گۆڕانکاری بەسەردا هاتبێت،لەڕاستیدا ئەو زانیاریەم نیە،بۆیە بەجێیدەهێڵم بۆ هاوڕێان

بەدڵمە · وەڵامدانەوە · ١ ساڵ

**Kamil Zheer** وەڵامێک بۆ کاک زەردەشت زەردەشتی-بەڕێز کاک زەردەشت: 1-تۆ کە لەمێژە ئاشنای بەسیاسەت، ئەبوایە زو لەمەبەستو ئامانجی ئەوهۆنراوەیە بگەیشتیتایە. 2-ئەوانەی قەندیل کوردن، نە من نە تۆ نەهیچ کەس بۆینیە مافو شانازیی کوردبونو نەتەوایەتییان لێبسەنێتەوە. 3-سەبارەت دەوڵەتی کوردی، کام لەو هێزبە کوردییانەی ئەمڕۆ، بەڕاستی باوەڕی پێی هەیە؟ ئایا دوای گشتپرسییەکەو 16ی ئوکتوبەر، روکردنە بەغداد بۆ پۆستی کارتونی! ئەوە کوردایەتیو باوەڕبونە بەدەوڵەتی کوردی!؟ ئایا دەوڵەتی کوردی بەوهەمو گەندەڵییەوە دروستئەکرێ؟ کام لەوهێزیانە چەنجار پێیان نەخزاوەتە زەلکاوی ناپاکیو پەنایان بۆداگیرکەرانی کوردستان نەبردوە؟ من نازانم کاڵکان خەڵکی کوێیە، بەڵام ئاخۆ سەدام خەڵکی شارەزووریو کە دوای ئەنفال بوبەپێشبڕکێ بۆ ماچکردنی؟ 4-من نە پەکەکەمو نەشایەتیم بۆ نەتەوەییبونیشی داوە، بەڵکو ئێمەی هاوبیرانی کوردایەتی رەخنەی توندمان لێگرتوەو لەهۆکاری راگەیاندنەکانا بڵاومان کردۆتەوە. 5-تۆ مافی خۆتە دژی ئەو هۆنراوەیەی منبی، بەڵام بڕوانە کۆمێنتو لێدوانەکان بزانە ئەوان چی ئەڵێن بەتایبەتی خوشکی بەڕێزمان خاتو سارا شاڵی کە زیرەکانە شرۆڤەی هۆنراوەکەی کردوەو وتەکانی تەواوکەری ئەم وتانەی منن بەبێنەوی یەکتر بناسین.

هەر بۆزانیاریتان من ناوی پەکەکەم نەهێناوە لەهۆنراوەکەمدا، مەبەستم گەریلاکانە، ئەوانە بۆکورد ئەجەنگنو خۆیان ئەدەن بەکوشت، وەک چۆن

پێشمەرگە جیاوازە لەپارتیو یەکێتی، بیرو تاوانو گەندەڵییو هەڵوێستە خراپەکانی سەرکردایەتیی هیزبەکان ناچێتە ئەستۆی ئەندامە پاكژەکانی ئەو هیزبانە.



Omar Toufik
Barasti wtakanet Honrawakanet Hamwi naxshi barden Taman drezh bet Mamosta barezakam

Hussain Jaff خۆتان لەیەکتری تورە مەکەن ، هاوسۆزی بۆ کورد لەگەڵ داگیرکەر جیا بکەنەوە سیاسەت بە سۆزو حقد ناکری ،خۆزگە کورد بیتوانایە لەیەک بگات بۆ ئەوەی داگیرکەران بناسێت لە چەند لەنگە دردست و هاوکاری داگیرکەران بین لەهەر پارچەیەکی بێت ، شەرمە بەناو چاوی هەموو مالەوە، نەبونی دەوڵەت و کیان وات لێدەکات خاوەنی هیچ نەبین...سڵاو بۆ هەستی کوردایەتیتان ، لەخۆشەویستیتان بۆ نەتەوەکەتان واتان لێدەکات ڕای خۆتان دەر برن هیوای باشتر تێگەیشتنتان دەکەم ،هەوڵی ردالفعل وەرنەگرین بازیاتر خۆمان چاک بکەین ، ڕۆشنبیرەکان نەکەونە ژێرکاریگەری سۆزێک لەیەک دڵگرانتان بکات...داوای تەمەن درێژیتان بۆ دەکەم.

Kamil Zheer براو هاوبیری بەڕێزیت کاکە حسەین.

---

## جۆشی کورەی بۆچیە؟

سەروەرم تۆ بێنەزیری ئەم هەمو پەشموغرورەی بۆچیە!؟

بۆمەلێکی دەستەمۆبو، ئەم پەرێزو ژێرو ژورەی بۆچیە ؟

ئێوە چاکو  ئێوە پاکو  ئێوە تاکن، من هەمو دەم شایەتم

ئەم پەنا بۆ میری سورو وەیسو پیری شارەزورەی بۆچیە؟

وەك گەدایەك رابەری کاری مەترسو  پاسەوانی خایەتم

دەی کەوابێ، بێ بەلآبی، ئەم تەکانو چاوی سورەی بۆچیە؟

رەنجەرِۆبم، یا خەڕۆبم، هەر بەهیوای ئاوڕی دوا کایەتم

خاکی رێتم، ئەم لەڕێ لادانو رێگا  نازەرورەی بۆچیە؟

گیانەکەم: ڕێگەو بوارێ، تاببینی من بەرو سەرمایەتم

با ئەوانەی ڕێگرێکن، دانیشن، ئەم لورەلورەی بۆچیە؟

گەربەدەستو شیری ئەملات جەزرەبەتدام، ملکەچی ئەولایەتم

بۆ دەمێکت، گڕ کەوا بەربۆتە گیانم، ئەم تەنورەی بۆچیە؟

من کە دەروێشی تەکێتم، بەو بەهایەت بەرزەبالآو پایەتم

تۆکە دیارو سەروەرێکی، ئەم کەنارو چونە ژورەی بۆچیە؟

چاوەکانم: چاوەڕوانی چاوی ڕێزو سێبەرێکی سایەتم

دڵ کە ئاوێنەی دڵت بێ، ئەم گوشاری بێسنورەی بۆچیە؟

بەو نیگایەت بومە گرِکان، جێگە سۆزی شیوەنو لایلایەتم

من کە ئاگربم ئیتر ئەم مەنجەنیقی دارو مورەی بۆچیە؟

خەڵوەتی تۆ، بۆ نزابێ، بێ گوناهم من کە ملْکو مایەتم

گەر بەهانەت بۆتەمێ بێ، تۆبەکارم، جۆشیکورەی بۆچیە؟

٦٤ بینین ٢٥ لێدوان لەوانە:





**Abdulqadir Rashan**
bray gawra u xoshawist, ista lera katzhmer 2:40 daqeeqay dway neewa shawa, balaam shi3rakat yanda prr u ba tam u kamil u zheerana nusraawa ka ba 2 jar u 3 jar tery le naxom. har boman bmeny ba sarbarzy u tandrusty bash.

**Mohammed Shaida** به راستي هه مو هه ليه ستة كانت يه ك له يه ك نايابترن وه هه ر هه ليه ستيك ماناو مه به ستي تايه به تي خوي هه يه انجا هه لبه سته كانت امرازيكه بو فيربووني زماني كوردي وبناغه كاني زماني كوردي ، وه به ماناكيتر هه لبه سته كانت فيركه يه كه و خويندنكايه كه بو فيربووني كوردايه تي و ره وه شتو خوي جواتي ناو كومه لكاي كورده واري ،بنوسه تا له زيانداي جه وت راستكه ره وه خواريش داري به ره به ر ، هيزي به ري تا له مردن رزكاري بي ، بنوسه تا وشه يخيانه ت نامينى . ده ستخوش ده ست ره نكين و ده مراست ، هه ر ته مه ندريز و له شت ساغ بيت .

---

## بونو چونم

کەژاوەی راگوزاری ژین، بەرەو دادێری کۆتایە

هەمو ڕۆژانی رابردوم، وەکو پوشێکی دەم بایە

تەمەن پڕیە لە داستانی جەوامێریو بەگژداچون

نەبو دەستی جەوامێریٚ تەوژمێدا بەمانو بون

لەڕیزی پێشەوەی کۆڕی خەباتا گیان لەسەر دەستا

ئەبو زوتر بچومایە، کەچی بێهۆ ئەچم ئێستا!

هەمیشە رو لەراژەی گەل، بەفریادی کەسی داماو

بەداماویش دەسی کورتم نەهاویشتە دەسی ناپیاو

هەتا توانیم وشەم داڕشتە تۆمارو پەڕەی مێژو

ئەگەرچی  بێکەسو بازاڕو کڕیارە لەلای نوستو

گەلێ ئەستۆم لەپەت لادا وەکو پارێزەری دادێ

بەبێ پارێزەرێ بەرگی سپیی چونم بەبەردادێ!

وتەو کردارو رەفتارم، نمونەی گەوهەری بیرە

بەپێی کام بەندی یاسایەک، دەسی چونم لەملگیرە!

ئەڵێن مافی مرۆڤە! گەر وەهایە بۆبەبێ تاوان

ئەبێ زیندانی چاڵێبم، نە روناکی نە ئاوو نان!؟

چ مافێکە!؟ لەڕێگەمدا هەمو ساتێ زەنگی ترسێ

نە بۆبونم، نە بۆچونم، سەوایەک، یا دەنگی پرسێ

وەهابێ فەلسەفەی بونم! دڵارامی لەچونایە

ئەشێ، ناوێ، لەپاشی ژین، ببێتە سێبەرو سایە

دە ئەی یاران: لەکاروانی ژیانا مەردو ئازابن

بەرامبەر بونو چونی وا، لەزۆرانا، نەکەن دابن!

گەدابن یاخو پاشابن، بەپولێ بونو چونی وا

هەموبونێ بەیەکسانی بەرەو ژێری زەوی ئەڕوا

دەبا لای  گۆڕی دوالانەو دەرەنجاما، بەڕێزێبین

لەناپاکی لەگەڵ خاکو گەلا، دورەوپەرێزێبین

٩٣ بەدڵبون ٤٢ لێدوان لەوانە:

**Delair Rashed** دەست خۆش و تەمەن درێژبێت هۆنراوەکانت ئاوێنەیەکی پڕ مانای جوانن بۆ نەتەوەکەمان چونکە سەرچاوەیەکی پاک و پڕ لە خۆشەویستی و دڵسۆزی وبیر ژیری ماموستای خۆشەویستە ماموستای بێ هاوتا ماموستا کامیل ژیر



**Awat Sahebqran** سەرەتا ئەم هۆنراوە ڕازاوەیەت، ئاوێنەی ڕەوناکی بیرە،خەسڵەتی پیاوی مەردە،لەکاروانی ژیندا، ڕاستوتراوە،لەسایەیی پێشکەو قەبرا بڕینی ئەیلی ڕێگایە،پرسیارێک دێتە پێش،چ برینێک،چ یادەوەریەک بۆ گەلونیشتمانت بەجێدێڵیت، ئەوەی توی ڕۆژێک ناسیبێت،دەزانێت چ بیرمەند و وڵات ویست بویت،هەمو ژیانت لەو بوارەدا خۆش داوە،دڵتەنگ مەبە،کە هەن نرخی ئەو ماندوبونەت دەزانن،ئەگەرچی دوریش بن لێت،بە هۆی ئەم پەتا مویارەکەوە ئەسپەرژایە سەرخۆم،هەر خەریکی زەخیرە بۆ ماڵەوە،خۆ پاراستن زۆر پێویستە،لەگەڵ ئەم فیرنەگولەیە شوخی ناژانی،بەهیوای لەش ساغیو تەندروستیکی باش بۆ بەڕێزتان،لەگەڵ ڕێزی بێ سنورم قبوڵ بفەرمون

**Kamil Zheer** زۆر سوپاس مامۆستا ئاوات گیان بۆ ئەو وشە جوانانەو هەستی پڕسۆزتان. بە دوربن لەم پەتایە کە یەرۆکی هەمو جیهانی گرتوە. هەمیشە خوازیاری تەمەنی درێژتانو تەندروستیی باشتانم.لەگەڵ ڕێزی زۆرم.

**Shekh Fatah** بە راستی زۆر ناخی هە ژاندم یاخوا هە میشە لەش ساغ بن ڕوووناکی چرای ئە مە نتان هە ر درەو شاوە بێت

**Muhamad Raschid Karwany** دەست وچاوت خۆش بن مرۆڤی وەک جەنابتان کەمن لەم ڕۆژەدا ئازیزەکەم

**Ahmad Sdiq Salih** دەست خۆش هەستوبیرت هەرلەبرەوبی....بۆئەو شیعرەبەسۆزوو بۆئەوڕەوانبێژییە....

**Mhemedi Mehwi** بەرهەم و دەستکەوت بۆ خاک و بۆ خەڵک بەڵگەن بۆ دوێنێ و سلماندن بۆ سبەی دوابەی.

## ئۆپەرێتی نازە

نازە:

من نازدارم، نازەنینم، لەبەرناز پێمئەڵێن نازە

ناسك وەكو پەرِەی گوڵم، لەجوانیدا بێ ئەندازە

داخوازیی خۆم بەئاسانی نادركێنم، من بەنازم

پێناسەی خۆی با پیشاندا، ئەوی ببێ بەدڵخوازم

لاوبەگ:

نازە نازە: من لاوبەگی گوندی خۆمم، كوڕی بەگم

خانەدانم، ئاغای زەوی، سامانی زۆر، خاوەن چەكم

بەژنوبالآت لەسەر تاپێ ئەكەم بەپەیكەری ئەڵماس

پیرۆزتبێ خانمێتیو ژیانی نوێ ئەی بوكی خاس

نازە:

من خۆم نادەم بەزەویو زێڕ، خۆم ئەڵماسم، خۆم سامانم

من هەواڵی بەگو ئاغاو سەرمایەدار هەرنازانم

لاوجوان:

ئەی نازەنین: نازی جوانی، ئەبێ جوانێ هەڵیگرێ

هاوشانی جوانیەكەی تۆ بێ تا بتوانێ دڵت بەرێ

من هیچ ناڵێم، خۆت ئەمبینی چ لاوێكم، ئەشێ ئەوین

لەگەڵ مندا بسازێنیت، ببین بە مەم، بەخاتو زین

نازە:

جوانی تەنیا بەڵەش نیە، نە بۆکچان نەبۆ کوڕان

تەنیا جوانی کەڵکی چییە بۆ منی بێ ناوو نیشان ؟

لاوبیر:

ئەی نازداری شۆخوشەنگم، ئەزانم تۆر ِۆشنبیری

شەیدای کوڕ ِی خوێندەواری جیهاندیدەی وریاوژیری

من لەوانەم بڕوا نامەی بەرزم هەیە، خاوەن پایە

هەڵبەت ژیان لەگەڵ مندا واتایەکی بەرزی تیایە

نازە:

بڕوانامەو رۆشنبیریو خوێندەواری، من لەگەڵیام

بەوەش کارم تەواو نابێ، ئای لەم بارەی منی واتیام!

لاوتێر:

منیش ئەڵێم جوانیی نازە، سامانێکە هەندە زۆرە

بەلایەنێك تەواو نابێ، ئێوە لاچن، بۆمن نۆرە

من جوانیشم، بازو پتەو هاوتەمەنو خوێندەوارم

پایە بەرزو خانەدانو بەناوبانگو ساماندارم

نازە:

رێزم هەیە بۆ هەموتان، بابەتی من روکەشنیە

من کێشەکەم کێشەی خۆمو بەختی سپی یا رەشنیە

من دایکێکم هەیە هەرچەن زۆر گەورەیەو تەمەن درێژ

بەلآم ئێستاش شاجوانێکە شانی ئەدا لەگەلاوێژ
ئەو دایکە جوانە نازدارەم هەرچوارپەلی شکێنراوە
هەرچی رۆڵەی ئەوبێ وەك من، یادەربەدەر، یالێدراوە
لاوتیمار:
من پزیشکم هەزار دەستو قاچی شکاو ئەکەم تیمار
نازدارەکەم، وەرە ئەی جوان، ببین بەهاوسەرو بەیار
دایکێ کچی وەك تۆی هەبێ، دیارە ئەبێ هەرشاکاربێ
چۆن ئەگونجێ دایکی نازە کەفتەکاربێ، بەبێچاربێ!
نازە:
بریندارە دایکی نازە، برینەکەی بەداودەرمان
چارە نابێ، زامی سەختە، خاك بەسەرم، هەش بەسەرمان
لاوکار:
من ئەزانم چەن خاوێنە، چەندە بەرزە هەستی نازە!
ئەم نازدارە، ئەم گەڕانەی بۆلاوێکی پیشەسازە
چاك ئەزانێ پیشەسازی ئەمانباتە دواهەم نهۆم
نازدارەکەم: پیشەکارم، ئەندازیارم، ها دڵی خۆم
نازە:
جارێ سامان با هەرخاوبێ، پیشەسازی کاتێ سازە
بەری پیشە نەکرێ بەدار بۆلێدانی دایکی نازە
لاوچاك:

کچێ نازە، کچێ نازە، کۆتایی بێنە بەم رازە

ئەم گۆڵمەزە لێرە لادە، نازانی من رێم هەورازە؟

نازە:

ئەرێ لاوە، تۆ بۆ سەری ئەم جیهانەت لێگیراوە؟

من پێناسەی تۆشم ئەوێ، مەبەستم کێشانەی پیاوە

لاوچاك:

بڕۆ نازە، بڕۆ نازە، ترسناکە پێناسەی من

بەسوتاویش خۆڵەمێشم ژیلەیە بۆچاوی دوژمن !

نازە:

باشە لاوە، پێم ناڵێی تۆ دڵی رەقت بەردە یادار

هەستت هیچی گرتۆتە خۆی لەدڵداری، لە وشەی یار؟

لاوچاك:

نەخێر نازە، من چیمداوە لەم گێژاوە، منیش دوچار

دایکێکی جوانی بریندار،چیبکەم لەیار، چیبکەم لەیار

نازە:

ئەرێ لاوە تۆ ئەزانی من لەبیرم وا گەڕاوە

منو تۆ لەیەك نزیکین، تۆ پێم ناڵێی چی رویداوە ؟

وادایکی من دراوسێی دژ لێی ناگەڕێن، دەوریانداوە

ئەی دایکی تۆ چی لێیداوە، بەچی دەستو پێی شکاوە؟

لاوچاك:

نازە تەنیا بەدراوسێ دایکم دەستو پێی نەشکاوە

دایکم مشتۆی هەمانەکە لەهەناوو دڵیداوە

نازە:

لاوە لاوە: تێیگەیشتم، ئەوەش دەردی دایکی منە

بەمشتۆی هەمانەی خۆمان، دایکی منیش پشتی کونە

لاوچاك:

نازە نازە: ئێمە یەکین، رێمان یەکە، رێ هەورازە

بێنە دەستی هەرەوەزی، وەرە بگرین رێگەی تازە

نازە:

لاوە بەوەی لەم جێیەدا یەکیخستین، ساهەرچییە

دەستم نادەم تاپێم نەڵێی ئەو دایکەی تۆ ناوی چییە

لاوچاك:

نازە وسبە، دارو دیوار گوێیان هەیە، کار بەمەنگی

نیشتمانخان دایکی منە، تۆش پێمبڵێ، بەبێ دەنگی

نازە:

دایکی منیش هەر وای ناوە، لاوە دڵمان لەیەك پاکە

هەر خۆم وتم بۆسەرنجی راکێشام ئەم لاوە چاکە

لاوبیر:

ئەی لاوینە: یەکگرتنی نازەو لاوە راستەو تەواو

لەبیرتانە نازە وتی ئەگەڕێ بۆ کێشانەی پیاو

دەی خۆ ئێمەش لاوین، پیاوین، بەسەربەستی لەدایکبوین
ئەی بۆ ئێستا کەڕو لاڵو دەستەئەژنۆ لێیدانیشتوین؟
دەسا وەرن با یەکگرین هەرچی دایك پەلشکاوە
لەدوی نازە، لەدوی لاوە، رۆژی لاوە، رۆژی پیاوە
ئەوانی تر:
هاتوین هاتوین، ئێمەش هاتوین ئێمەش لاوین، ئێمەش پیاوین
ئێمەش کوڕی شاژنێکی سەرو دەستو پێ شکاوین
نازە:
ئەی لاوینە: جێی سوپاسن، شایانی رێز، بۆ ئێمەی ژێر
یەکێتیمان ئەبێ لەسەر بنچینەبێ، بنچینەی بیر
یەکێتی گەر بەرئەنجامی هەڵچونێکی لەپڕبێو بەس
وەکو بەفری زستان، بەهار ئەتوێتەوەو دێنێت هەرەس
لاوگێرە:
کەی وەهایە، کەی وەهایە! چینێ لەگەڵ چینێ جیایە
بەگی چاوچنۆکی غەدار، چۆن ئەگونجێ لەگەڵ جوتیار
یاچۆن ئەبێ سەرمایەدار ببێ بەهاورێگەی هەژار؟
کەی وەهایە کەی وەهایە چینێ لەگەڵ چینێ جیایە
نازە با ئەم جیاوازانە دەست هەڵگرن لەم هەرایە
چۆن لاوبەگو تێرو تیمار ئەبن بەهاوڕێگەی لاوکار؟
دایك ببێ، نەبێ، چییە؟ گێتی سەرتاپا کەسەو کار

بەرەی ئەم دایکە پیرەمان، قۆناغێکە هەر دێ لەبن

لاوکارانی ئەم جیهانە ڕێگەی هەتا هەتای یەکن

لاوبیر:

لەراستیدا نە ئەم بەگە، نە لاوتێریش سەرمایەدار

کوانێ زەوی، کوا کارخانەی پۆلآو ئاسن، کوا کرێکار!؟

جگە لەوەش بۆچی دو دژ ڕۆژانێبو یەکیان ئەکوشت

ڕۆژانێکیش بۆ ناوکۆیی ئەبون بەهاوکارو بەپشت

بۆ نابێ هاوڕێگەی یەك بن ئەو لاوانەی لەیەك پشتن

لەپێناوی کۆتایی بە مەرگەساتی دایك کوشتن!؟

لاوگێرە:

کەی وەهایە کەی وەهایە  چینێ لەگەڵ چینێ جیایە

بیری زانستی وائەڵێ، لەوبیرە لانەدەن بەبست

ڕێ نەگۆڕن بە وتاری لاوبیرێکی کۆنەپەرست

لاوبیر:

ئێمە تاکەی بەدەهۆڵی دورە ولآت سەماکەربین

باری ناهەمواری خۆمان چارە نەکەین، چاو لەدەربین!؟

هەرکۆمەڵێ بارودۆخی تاڵو سوێری خۆی ئەچێژێ

هەرجێگەیەك، نێو نەمامی، بەپێی کەشی خۆی ئەنێژێ

لاوگێرە:

کەی وەهایە کەی وەهایە   چینێ لەگەڵ چینێ جیایە

نازە لاوانی فەنتازی        کوڕو کاڵی بۆرجوازی

داری دەستی ئیستیئمارن   بۆگیانی گەل گورگی هارن

بەرەی ئێمە ڕۆژهەڵاتە    دنیا هەموی یەک وڵاتە

چارەسەری دایکی نازە    لەو مەرزەوە کۆکو سازە

لاوبەگ:

! بڕۆ لاوەی گێرەشێوێن   کەس نازانێ ئێوە لە کێن

لاوتێر:

ئەشێ لاوەی شەنو گێرە  تۆ نەزانی ئێستا لێرە

چڵێتێکی دژی ناکەس بەهەمومان خڕو فێرە؟

نازە:

بڕۆ لاوەی گێرە شێوێن کەس نازانێ ئێوە بۆکێن!

ئەم جیهانە هەمو بەستە بۆدایکانی خۆیان ئەڵێن

لاوچاك:

لاوەی گێرە ئەم ئاوازە بۆ ئێمە ناشێ ناسازە

بەستەو گۆرانیی یەکێتی ئاوازی سازوناوازە

نازە:

یەکێتی بیر، یەکێتی بیر، دەوڵەمەندین، یا هەژارین

لەخاڵێکدا هەمو یەکین، هەمو دایك بریندارین

لاوچاك:

ئێستا کاتی ئەوەمانە هەمو بگرین ڕێگەی تازە

ئەو ڕێیەیە چاری دایکی منو ئێوەو دایکی نازە

بیرۆکەی ئەو ڕێبازە زۆر گران نیە، خۆماڵییە

بیرۆکەیتر هی خۆ نەبێ ئەنجامی دەسبەتاڵییە

لەم بیرەدا گرێی دەرون ئەکرێتەوە، کەسایەتی

دەرئەکەوێ، نابین بەپێخۆری شەڕی برایەتی

لاوبیر:

ئەمە ڕاستە، کە من هەستم بەخۆم کردو زانیم کە هەم

فریو ناخۆم بەسامانو پلەوپایەو بەقاڵەی دەم

لەمێژودا دەرئەکەوێ مشتۆی هەمانەو پوازە

بونەتە هۆی شکاندنی دایکی ئێمەو دایکی نازە

نازە:

دەی باهەمو یەکەم وانە مێژوی خۆمان باش لەبەرکەین

پەند لەهەڵەی ئەوساو ئێستا وەرگرینو چیترنەکەین

لاوکار:

ئەگەر نەمامی تەمەنمان بەرێ نەگرێ چقڵ بۆچی؟

ئەوی شایانی ڕێز نەبێ، بێز لەبەرچی لەدوای کۆچی!

لاوجوان:

کەسێ گوڵی گەشیش نەبێ ئەتوانێ خۆی نەکا بەخار

لەم ڕێیەدا گرێ نەبێ، ئەبێ بەپاڵپشتو بەیار

هەموو:

بژی نازە، دایکی نازە، ئیتر ئەمە رێگەمانە

باکەس نەبێ بەدێز، پواز، یا بەمشتۆی ناو هەمانە

لاوبەگ:

لەم بیرەدا یەکێتیمان لەسەر بنچینەی باوەڕە

زەمینەی ئەم بیرۆکەیە وێنەی کێڵگەو زەویی تەڕە

لاوتێر:

ئەم باوەڕە ئیتر باوە، هەرچی کەسیش پێی خزاوە

ئەتوانێ بکشێتە دواوە، دەرگا لەکەس دانەخراوە

لاوچاك:

نازە کێشانەی داناوە نیازی بەراوردی پیاوە

ئەوی گوڕێکی تیا ماوە، بابێت، رێزی لەسەرچاوە

هەمو:

هاتوین،هاتوین، ئێمە هاتوین، ئێمە لاوین، ئێمەش پیاوین

ئێمەش کوڕی شاژنێکی سەرو دەستو پێ شکاوین

لاوگێرە:

پەشیمانم، منیش هاتم جێم مەهێڵن، لەگەڵتانم

منیش رۆڵەی خاکو خوێنم پشتو پەناو جگەرتانم

لاوتیمار:

بژی نازەو پێوانەکەی، ئەم نازدارە گوڵی گەشە

ژیان بۆدایکە جوانەکەی، دایکی نازە هی ئێمەشە

لاوبێر:

ئەی لاوینە بەردەوامبن، ئێستە یەکین ئێستە سازین

دوژمن ئیتر خوێناگرێ، هەموو پشتوپەنای نازین

هەمویان پێکەوە چەن جارێ نازە بەرز ئەکەنەوەو ئەڵێن):(

بژی نازە، دایکی نازە، سەرفرازە بیری تازە

ئەم هەورازە، ئەم رێبازە، بەم ئاوازە، کۆکو سازە

------------------------------

*ئەم ئۆپەرێتە هی سەردەمی رۆژە رەشەکانی بەعسە. 1986لەگۆڤاری نوسەری کورد ژمارە 5 بلآومکردەوە.

٧٦ بینین ٢٨ لێدوان لەوانە:



**Awat Marouf** شاکارێکی ئەدەبی ڕازاوە و سەرنجڕاکێش، لێرەدا Duett عبداللە گۆرانم وەبیر هاتەوە کە لەسەر Ensemble دارێژراوە بە شێوەی گۆرانی گوڵ نەبێ بۆ سەرم زەرد چەپکێ ئاڵ چەپکێ نایەم بۆ زەماوەند نایەم بۆ هەڵپەرکێ، لەمەی بەڕێزتاندا Operette کەچەند ئەکتەرێک لەسەر شانۆ ئەم دیالۆگە ئەنجام دەدەن،بۆیە ڕەنگاوڕەنگ دیمەنەکان گوزارشت لە خۆیان و خەسڵەتیان دەکەن،بەراستی توانای دەوێت ،ئەویش بەڕێزتان زۆر سەرکەوتویانە پێکاوتە خامە ڕەنگین بێت مامۆستا ژیر

بەڵمە · وەڵامدانەوە · ١٠ ساڵ · دەستکاریکرا

بینینی ١ وەڵامدانەوەی تر

**Awat Marouf** باوەڕبکە، شان بەشانی نوسین و بەرهەمەکانی شکسپیر و گۆتەن،وەک Faust,وڕۆمانی Parfum,لەنوسینی Patrick Süskind,بەلای منەوە ئەوی بەڕێزتان لە لوتکەدایە کە بە هونراوە، ئەو چالاکیە شانۆیە،بەوێنەی جیاواز دەتبات لەگەڵ خۆیدا،سەرکەوتوو خامەڕەنگین بیت مامۆستاگیان

**Fayroz Ahmad** سڵاو لە مامۆستا کامل ژیر، برای گەورەو هاوڕێ ی دێرین ی دادگام، سڵاو لە هە لوێست ، لە شیعری جوان ، دەستو خامەت ڕەنگین و تەمەنی درێژ بۆ تۆوەی بەڕێز.



## کەڵ و دەغەڵ

شوانی کۆمەڵ

کەڵ یا دەغەڵ

هەردو لەگەڵ

کورسی ئاوەڵ

تاکو ئەمرن

پێداگرن

وێنەی دومەڵ

تا نەیبڕی بێسودە پەڵ

کەڵ یا دەغەڵ

هەرکام جۆرێ: شوانی گەندەڵ

بۆ وەلآمی راستی مەتەڵ

ئەزمونێکی ژێری پاشەڵ

وەک لادانی سەری مەنجەڵ

گەر بۆگەنی گازو دوکەڵ

کاسی کردی

هۆشی بردی

ئەوسا وەکو مانگای بەکەڵَ

دەرئەکەوێ پێڕێ ئاژەڵ

وان لەدەوری

بۆلستنەوەی پاشی چەوری

سوێندیش ئەخۆن:

پاشەڵێکی پاك و بێ بۆن

مانگی چواردە: سەری کەچەڵ

پڕ گوڵاوە ژێری چەپەڵ!

ئابەوجۆرە، رێوی و چەقەڵ

ئەچنە بێشەی شێری جەنگەڵ!

تا لەناکاو حەمامۆکێ

بەچڕنوکێ

هەرەسدێنێ و مایە پوچەڵ

بێشە ئەچەرخێ بە کۆتەڵ

هەش بە سەرو شانی کۆمەڵ!

ئنجا لەپاش گۆڕی ئەڵی

تیلیلیلی ، تیلیلیلی

کەڵ یا دەغەڵ

سواری پشتی کۆمی کیسەڵ

دارەدارە

لارەلارە

لە سفرەوە

پیائەچنەوە

ئەمجارەش هەر بەجوکەجوک

بەرەو کەرکوک

گرەو لەسەر ئەسپی تەمەڵ!!

ئای بۆکەسێ دەس بەمەشخەڵ!

فەرهەنگۆك:

کەڵ: بەهێز، مستبد ، دیکتاتۆر

دەغەڵ : ساختەکار، بلًح، فاسد

پەڵ : بەردی هاویشتن ، رەخنەی توند

ئاوەڵ : رەفیق

جەنگەڵ : دارستان

بێشە : لانەی شێر

کۆتەڵ: پیشانگەی کەلوپەلەکانی کەسێکی مردو

هەش : خوم، بۆیەی شین

٨٠ بینین ١٣ لێدوان لەوانە:




Pshko Amin دەستیت خۆش وهزرت روناک ئەی مامۆستای کوردپەروەرو هزر رۆشن بەلی ئاخ بۆکەلی راوشینی بەیادخی کوردایەتی ولەبن هەلکەنی بیری پوچی عیراقچیتی ورایمالی گەندەلانی ناو گەندەلستان
Nawroz Mala Ali کاک کامیل گیان نیوەی کورد بندیوارە هەندێکیان دوان و سیان وەردەگرن مەشخەلی ئازادی و سەربەخۆیی بەماستاو چی و پاشکوهەڵناگیرێت ! دەستەکانی جەنابت خۆش

---

## گوندەکانو هەڵەبجەو راپەڕین

ئەم هۆنراوەیە بەسێ بەش، لە سێ بەرواری جیاوازدا ئەنجامدراوە

بەشی 1

ئەو گوندانە مەڕوخێنن

ئەو گوندانە مەسوتێنن

بەبێ ورە، لەدوکەڵی ئەو گوندانە زیڕە مەکەن

لەبەربورە، تۆپی دەستی نامەردانە ئاگر مەدەن

ئەو گوندانە جوانو دڵگیرو رازاوەن، بێ زیانن

ئەو گوندانە فریشتەی ئەم سەرزەمینەن، بێ زمانن

ئەو گوندانە بەهەشتێکی پیتو فەڕن

دەسی تاوانیان نەگاتێ، دورەشەڕن

ئەگەر سزای ئەو گوندانە سوتاندنە،

چونکە گوندی جۆرە خەڵکێکی نەبەردن

کوڕەکوڕەی ئەو گوندانە، وان لەچیا،

ئەڵێن ئێوە ئەگەر ئازان، ئەگەر مەردن

وەرن ئێمە جەنگاوەرین، دروستکەری ئەو گوندانەین

وەرن وەرن

ئێمەین گیانو چاوو دەستی ئەو گوندانە، یەخەی ئێمەی

لەسەر بگرن

وەرن لەمەیدانی جەنگدا دەرئەکەوێ کێ سوارەیە،

کێ پیادەیە

کێ لەسەر مافی نەتەوەی، لەگەڵ ئێوەی ترسنۆکا

یەک بەدەیە

ئەگەر کێشەی ناڕەواتان، دەسەو یەخە، لەمەیدانو

کۆڕی جەنگدا، لەگەڵ ئەو خاوەن گوندانە،

یا لەتاوان دەسهەڵگرتن، ئەنجام نەدەن

ئەوا لەجێی ئەو گوندانە، ئەو مەردانە،

کە دەستێکیان پیادا هێنان، لەکەللەی سەری پەڕیوتان،

گوندی جوانو رازاوەتر، دروست ئەکەن

تائێرە: 1988 وتراوە. بەهاوبیر حەمە ساڵح هۆشمەندا ناردم بۆپاسۆک لەشاخ.

ئەوەبو لەڕاپەڕیندا کەللەی سەریان پەڕێنراو گوندی رازاوەتر دروستکران.

بەشی 2

گونديان روخان، شاريان سوتان، هەڵەبجەيان توانەوە

مرۆڤيان کوشت، بێ جياوازی، بەگەرميانو کوێستانەوە

گونديان سوتان لەناکاوا، بێ بانگەواز، بێ ئاگاو پرس

گونديان روخان بەشۆڤڵو بەنارنجۆک، بەتۆپی قورس

گونديان روخان بەسەر تەڕو بەسەر وشکا بەبێ جيايی

هەڵەبجەيان گڕتێبەردا بەئاگرو بەبەنزينو بەکيميايی

گونديان روخان بەسەر ئاژەڵو ناوماڵا

گونديان سوتان بەسەر قوتابيو مناڵا

بەسەر کەفتەکارو پيرا

بەسەر بێچارو يەخسيرا

بەسەر ژنی زەيستانا

بەسەر ساوای بەرمەمکانا

گونديان روخان، قرچە قرچی ئێسکی شکاو

گونديان سوتان، بۆچڕوکی لەشی سوتاو

باڕەی ئاژەڵ، زريکەی مەل، نرکەی نەخۆش،

زيڕەی مناڵ، گريانی ژن

کاريان نەکردە تۆزقاڵێ لەبەزەيو لەويژدانو دڵی دوژمن!

نەک هەر ئەوە، دڕندەکان پێش ئەکەنين،

بەدەم هۆسەو هەلهەلەوە

بەدەم کرداری دزينو داوێنپێسيو راووڕوتی بەپەلەوە

ملی ژنانیان ئەپەڕان بۆملوانکەو گەردانەیەک

قاچی مناڵیان ئەقرتان بۆبردنی پاوانەیەک

کاتێ کە نوزەی مناڵو کۆرپەی ساوای سەر بێشکەکان

لەمیزاجی شەڕ ئەنگێزو لەزەوقی بێزەوقیان ئەدان

لەجیاتی تۆزێ بەزەیی، لەجیاتی شیر، لەجیاتی نان

ریزە گوللەو سونیو قەمەی ژاراوییان لەدەم ئەنان

بەبێ گوێدان بەوەی کامە دژو کامە بەرەی دۆستە

بەبێ پرسیار لەوەی ئاخۆ ئەنجام هەتا چەنێ کۆستە

دەسی رەشی هەتا مەچەک سوربو بەخوێن

ئەبرایەوە بۆخێزانی شێخو مەلاو مسکێنو بەگ

دەمی پیسی پڕ لەلیکو لەتوفو جوێن

ئەکرایەوە وەکو لورەی گورگی هارو وەڕینی سەگ!

ئەنفالەکان!! ئەنفالەکان!!

نە یەک بونو نە دوانو سیان

نە گوندێکو نە ناوچەیەک

نە هۆزێکو نە پارچەیەک

زیاد لەدەیان لەئافرەتو لەمنداڵان

زیاد لەسەدان، بگرە هەزاران هەزاران

لەلاوو پیر

لەپیاوی ژیر

وەک رانەمەڕ پێش خۆ دران

کەس نازانێ بۆکوێ بران

لەکوێ دەماریان ئەگرتن بۆخوێنی ئاڵ

دوایی بەکۆمەڵ کوشتنو زیندەبەچاڵ!

کەسێ وتی لەعەرعەردا گوێم لەهاواری ژنێ بو

وەکو ناڵەو سکاڵایەک، دەنگی هەبو، ڕەنگی نەبو

ئەیوت ئێستا لەم زیندانە تاریکەدا

من نازانم دنیا ڕۆژە یاخود شەوە

من نازانم ئێرە کوێیە، ئاخۆ ئەمە کاتی ئاگاو

هۆشمەندیمە، یاخود خەوە!؟

من نازانم کوڕو مێردو خۆشکو براو کەسم ماوە!؟

کچۆڵەکەم بەکام میری وڵاتی نەوت فرۆشراوە!؟

من نازانم گوندەکەمان ئێستاکەش هەر وەکو جاران

باعەی مەڕو باڕەی بزن، سەدای دێ کاتی ئێواران!؟

من نازانم ئاخۆ ئێستا کانیی ژنان

چ پێوپلو پۆستاڵێکی تیادا ئەشۆن!؟

بەچ شەرمو بەچ رویەک لەبێستانو

ڕەزو وەردو باخی وڵاتی من ئەخۆن!؟

من نازانم کە پاوانەی منداڵەکەم لەپێی پەتیی

کام منداڵی بێ باوانا خرنگەی دێ!؟

من نازانم زەنگڵەی ملی کارژۆڵەکەم

وا لەملی کام وشتری بیابانا، زرنگەی دێ!؟

خۆزگە کەسێ بۆی ئەپرسیم: مێخەکبەندو هەیاسەکەم

نەبراوە بۆ ژنو کچی (ئیبن حەرام) وەکو کەواو کراسەکەم!؟

ئەترسم ئێستا سنوقی هەشتەرخانی بوکێنیەکەم شکێنرابێ

سوتەمەنیی ژێر مەنجەڵی قسعەی چێشتو کتریی چا بێ

ئەترسم شانی ئەسپە کوێت لەژێر باری مەینەتا بێ

ئەترسم قازو مراوەو هەرچی هەمانە برابێ!؟

دەی باوابێ، سەرسەلامەت، سەری سەدو هەشتا هەزار

خەڵکی دێهات

کە وەکو من بێ سەرو شوێن، کەس نازانێ بۆ کوێ بران،

چیان لێهات!

لەپاڵ دروشمی ئەنفالا بێ ئەندازە سامانیان برد

تاتوانیان لەپەک کەوتەو دەستەوستان شکاریان کرد

سامانی زۆر، هەرچی هەبو، هەموی برا

بەڕادەیەک تاچەن ساڵی دوای کارەسات، لەدوای هەرا

تاکە سۆلی ئافرەتی کورد لەپێی پەتیو پێخاوسی

ژنی ئەوانا ئەبینرا!!

گوندیان روخان، گوندیان سوتان

زۆری تیاچو، بەهەزاران

ئەوەی مابو، لەپیاوی کەڵ، لەکوڕی چاک

ئەوەی مابو، لەشاژنو لەکچی پاک

بەفەرمانو بەپیلانی بارەگای دژ،

کرانە کۆمەڵو بەش بەش

بۆ هەر بەشێ جۆرێ نەخشە، جۆرێ پیلان،

جۆرێ سزاو ئەنجامی رەش

بەشێ بران بۆسەرسنور لەهەرزەکار، لەکوڕوکاڵ

خوێنی لەشیان لێدەرهێنان، ئنجا هەمو زیندەبەچاڵ!

بەشێکیتر ئافرەتانی لەکەسوکار، لەمناڵو لەپیاو بڕاو

کرانە گوڵدەستو دیاری بۆبەرمێزی میرەکانی نەوتو دراو

گوندیان ڕوخان، گوندی نازدار

گوندیان سوتان، گوندی هەژار

بەڵا وەک تەرزە ئەباری، ساڵان هاتو ساڵان ڕۆیی

خەڵکی هەمو چاوەڕوانو تینوی تۆڵەو سەربەخۆیی

لەپڕ ڕۆژێ لەڕۆژانی دواپایزو گوڕەی هەڵچونی نێرگزدا

شارو چیا، چەخماخەکەی راپەڕینی گەلیان لێدا

شێر لەلانە.. کورد راپەڕی

بەرگی ژێردەستی دادڕی

لەیەک ریزو یەک بەرەدا، وەکو یەک گیان

قۆڵی راست لەقۆڵی چەپا، هەمو بران

گەل راپەڕی درشتو ورد، بەخەڵەتاو، بەباشەوە

بەتەنانەت برینداری دەسو قاچ وردو خاشەوە

لەهەڵۆو باز بەهەڵمەتتر

لەشێر بەهێزترو پتر

دەستی مەردانەیان وەشان

بارەگای دژیان هەڵوەشان

کوردستانی رازاوەی جوان، کوردستانی بوکی زەوی

پشتی رەقی ئەژدەهاکی چەرخی بیستی تیادا نەوی

جەندرمەکان، ئەوانەیان

کەبوبونە دەسی تاوان

ئەوانەیان ڕۆڵەی کوردیان بەڕیزو بەکۆمەڵ ئەکوشت

لەبۆسەدا دەستیان بڕا لەئەژدەهاک، بێ پەناو پشت

ئەوا ئێستا لەنەورۆزی ڕزگاریدا

شەق لەلاشەو سەریان ئەدەن

لەقاچو دەستی پەڕیو کەللە سەریان،

گوندی جوانو رازاوەتر دروست ئەکەن

هەڵەبجەکەی گەورەکچی شارەزوری شۆخوشەنگی

سەربڵندی کوردستانم

ئەڵێ تا کورد چەکی تۆڵەی لەشانا بێ، من نامرم،

منی شەهید ئاوەدانم

1991

بەشی 3

بەڕێزەکان: ئەوە مێژوی مەرگەساتی گوندەکانو

هەڵەبجەی شاری روسورە

ئێستا هەڵەبجەو گوندەکان، وەک شەهیدێ، جێگەڕێزی

کوردو گەلانێکی دورە

کەچی هێشتا دراوسێکانی ناتەباو دژ بەیەکتر،

وەک مابێتیان کاولی کەن

بۆئێمە کۆکو تەبانو بەپای پیلان شەڕی ناوخۆ

لەناومانا ئەنجام ئەدەن.

بەڕێزەکان:خۆمەکەنە مەلای خەتێو موشیرئاغاو

یەزدان شێری ئەم سەردەمە

کاری ئەم کوردە دژوارە، بۆڕزگاریو سەربەخۆیی،

چەنێ یەک بین هێشتا کەمە

با هەڵەبجەو گوندەکانو ئەوانەی بەپۆلو کۆمەڵ

بۆکورد مردن

بکەین بە (وانە)ی پیرۆزی برایەتیو

بەبەردەبازی یەکگرتن

لەیەکبونا کۆتایی دێ بەبرسێتیو

گەڕانەوەی لانەوازان

لەیەکبونا کوردستانم ئەبێتەوە یەک قەوارەو

یەک نیشتمان

1994کۆتایی

٢٤٢ بینین ١٦٧ لێدوان لەوانە:



Delair Rashid دەستی زێرینت خۆش مامۆستای بیر زێرین وەهەست پیرۆز زۆر جوان و بەنرخە مێژوویەکی دێهاتو شارۆچکە تێکۆشەرەکەمانە وانەیەکی ڕاراوەی پڕ مانایە بۆ نەوەکان ،تەمەن درێژو تەندرووستیت گشت کات باش بێت.
دلێر رشید، امریکا

Kakashex Barawy دەستەکانتخۆش،پانۆرامایەکی جوانە،بەڵام بەخودا بۆ پرسی یەکگرتن پێدەچێت خەونبێت ، چونکە کورد لەو لایەنەوە لە نەتەوە نەفرەتلێکراوەکانی مێژووە،دەنا بۆ دەبێ ئەو هەموو مەرگەساتە ،بۆمان نەبووبێتە دەرس!.
بەدڵمە · وەڵامدانەوە · ٤٢ هەفتە

Kamil Zheer وەڵامی دایەوە · ١ وەڵامدانەوە

Kamal Muhamad ،قوڵی برینەکان وکارەساتە گەورەکانی نەتەوەکەمان سەرکەوتنمان بەم زووانە بە شکۆ و پرشنگدار گەردوون نەهەژێنێ.

Farhad Aziz Mohammad چە ندە ها تابلۆی واقعیت نە خشاندوە دە ست و هزرت خوش بیت

Nuri Karim مامۆستا گیان هیوادارم مۆمەکانی تەمەنتان هەرداگیرساو و نەکوژێنەوە هەتا هەمو پرۆژەکانت بەدڵی خوت ئەنجام دەدەیت.

Pshko Amin دەستەکانت خوش کاک کامیل بو ئەم هونراوە بە پێزە ، بیگومان کوچی هاوبیران قورسبوو لەسەر هەمومان بەتایبەتی تو رەواتیان شاد وگوریان ئارام ، هەربویە دەلیم دوای ماوەیکی زور لە دیارنەبونت ونەهتنە سەر فەیس بووک بەخێربیتەوە تەندروستبیت وتەمەن دریژ



**Arif Kerim** ماموستا گیان ماندوونەبی و بەخێربێیتەوەو دەستەکانت خۆشبێت بۆ ئەو وشە کاریگەرو ناسکانەی هەستی مرۆڤ دەجوڵێنێ و ویژدانی خەم خۆریش ئەهاژێنێ ، دابڕینی ئەم چەند مانگەت لە ئێمە ، ئێمەی نیگەران کردبوو ، بەهیوام سەبرو ئارامیی جێگەی ناخۆشیەکان بگرنەوە و دەستیان لە ملتابێت

بەدڵمە · وەڵامدانەوە · ٤٣ هەفتە

Kamil Zheer وەڵامی دایەوە · ١ وەڵامدانەوە

**Mohammad Barzy** کاکە گیان دەستەکانت خۆشبێت بۆ ئەو شاکارە بەرز و جوانە . پاشان بە داخەوە دوای ئەو هەموو ماڵوێرانییە ، ئەمرۆ ، کە ساڵی ٢٠١٩ یە و نزیکەی ٣٤ زانکۆمان هەیە ، نەتوانراوە ئەو برینە گەورانە چارەسەر بکرێن و سوپای داگیرکەران لەسەر خاکی پیرۆزی نیشتمان بە ئارەزووی خۆیان تەراتێن ئەکەن .

**Awat Marouf** سڵاوێکی گەرم ماموستا کامیل ژیری بەڕێز وخۆشەویست،تەمەن درێژ ولەش ساغ بیت و کۆتایی خەم بێت،ئەم خەرمانە لەئوسین و هۆنراوە جوانە هەقی بۆ کردینەوە،هی ئەو ماوەیەی کە لێمان پچڕاوبویت،جێگەی تێگەیشتنە،بەئومێدی ئەوەی کوردستان دوای ئەو هەموو نەهامەتی و کاولکاریەی کە بەسەریدا هات،با ئەوانەی کەخۆیان بە بەرپرسی گەل دەزانن؟ کەمێک ویژدان یان هەبێت، بۆ خزمەتکردنی خاک و نیشتمانە بێ نازە،بۆ هەڵەبجە و قەڵادزێ بۆ خاکی سوتێنراو( دەست و پەنجەی قرتاوی ئەم شارە،لە سەر ئاوازی مردن هەڵپەرکێیانە..)بەداخەوە هێزی بیرەوەری یارمەتیدەرنەبوو تا تەواوی ئەو پەخشانە شیعرە،کەلە ساڵی ١٩٧٦ لە گۆڤارێکی کوردی لە بغداد دەردەچوو بە ناوی هاوکاری، گەر هەڵە نەبم بۆ قەسفی قەڵادزێ نوسیبووم کە لە ٢٤.٤.١٩٧٤ رویدا و بەخەش خوا نەیکوشت ولەسەر قازانج ماوین،ئیتر ئەمە کوردستانە خەڵتانی خوێن کراوە،ئەمێستاش بەربوونەتە سەر لاشەکەی وەک نێچیرێک بەدەستی گەلە کەمتیارەوە،دەیانەوێ بە زیندوێتی بیخۆن

---

## نەورۆز

هاوڕێیانی خۆشەویست، لەگەڵ جەژنەپیرۆزەی نەورۆزی ئەمساڵدا، دو هۆنراوە، وەک دو چەپکە نێرگزی بۆنخۆشتان پێشکەشئەکەم، بەهیوای ئازادیو سەربەخۆییمان لەنەورۆزێکی ئایندەمانا. شیاوی وتنە ئەم دو هۆنراوەیە لەڕۆژانی زەبروزۆنگی داگیرکەرانی کوردستاندا وتراونو بڵاوکراونەتەوە. دوبارە جەژنی نەورۆزتان پیرۆز.

کاروانو نەورۆز

کاروانەکەی کوردی دلێر، نەوەی کاوە

بەبیری سەربەخۆیی تێر، بەهیواوە

بەرەو مەشخەڵی روناکی، ئامانجی گەل

کەوتۆتە رێ بە چالاکی، هۆگری هەل

ئەڕوا، دڵنیایە کە ئەو، بەتوانایە

راپەڕیوە لەپەستیو خەو، بەبڕوایە

کە خۆری گەش لەئاسۆی سڕ گزنگیدا

شۆڕشێکی وا گەرموگوڕ بەرپا ئەکا

کوردستانەکەی بەشکراو، فەرامۆش

وەک ئاگرو ئاوی کوڵاو دێنێتە جۆش

ئەوەی وتی نەورۆزی کورد ئەبێ نەبێ

مۆخو مێشکی ئەهاڕێ ورد چەن گەورەبێ

نیشتمانی بەرینی جوان ئازاد ئەبێ

پەیکەری کاوەی قارەمان لەشارو دێ

ئەبێ بەبارەگای نەورۆز، چریکەی دەنگ

بەسرودو بەستەی بەسۆز، کۆڕی ئاهەنگ

وەها گەرمو بەجۆش ئەکا هێندە بەتین

کوردستانبێ لەو ڕۆژەدا بەهەشتی ژین

نەورۆزی کورد

ئەمڕۆ نەورۆزە، جەژنە هەرایە، سەر پڕ لەسۆزی شاییو ئاهەنگە
کوردستان بەرگی ئاڵوواڵایە، بوکی رازاوەو فریشتەی شەنگە
گزنگی زەردی خۆری زێڕدیمەن ئەدا لەلوتکەی چیای سپیپۆش
لەگوڵاڵەی سور، سەوزە گیای چیمەن، بەهەشتی ژینە کوردستانی خۆش
ئەمڕۆ لەلای من خەنەبەندانە، ئاڵای چوار رەنگم لاهەڵکراوە
سور گوڵو، سپی بەفری کێوانە، سەوزی چیمەنو زەردی هەتاوە
سروشتیش ئەڵێ: کوردی قارەمان ئەبێ سەربەخۆ هەڵکا ئاڵاکەی
یەک بگرێتەوە کوردستانی جوان، دیلیو ژێردەستی ئیتر هەتاکەی؟!
مژدەم ئەداتێ نەورۆزی ئەمساڵ باوەڕێ هەیە، تازەیەو وردە
پیرۆزو بەرزو ڕۆشنو ساماڵ، تاکە ڕێبازی نەتەوەی کوردە
بەڵێنبێ ئێمەی کوردی کوردپەروەر مژدەو باوەڕی تازە لەبەرکەین
کوردایەتیبێ رێمان هەتا سەر، بەم برِوایەوە دوژمن بەدەرکەین
بەباوەڕی نوێ ئەم کوردستانە ئەبێ رازاوەو ئاواو پیرۆزبێ
ببێ بەروگەی روی ئەم جیهانە، هەمیشە بەرگی وەکو نەورۆزبێ
١٠٣ بینین ٥٢ لێدوان لەوانە:


Kamal Muhamad ئەم جەژنی نەوروزە کە هێندە مایەی شادی وخروشانە نەوروزی گەورەی رزگاری یەکجاری مێژووی جهان بە توندی بەم زووانە ئەهەژێنی.

**Muhammed Saeed** جه زني نه وروز بيروز بيت له ايوه ى به ريز كاكه
زير كيان هه روه ها له هه موو نه نه وهي كورد له هه موو جيهان ده سته كانت خوش بو
ى ه و دوو با رجه
شيعره ت روزاني زووري بلياردم بير ى ه خاله وه كه شيعرت بو مان ده خوينده وه به به
بي سله مينه و له
به عس و نوكراني هه ر بزيت و ته مه م دريز بيت
بو خزمه ت كرني بيري نه ته واتي و كوردايه تي
ها و بيرت داقوقلي

**Şara Kamîl Jîr** دەستخوش، چەند جوان ئەم دیمەنانەی نەورۆزی ئازادی ئەمرۆت
نەخشاندووە، وەك ئەوەی لەئیستایا ئەم هونراوەیە وترابیت! هەمیشە بە گەشبینیت ورەت
پاوەتە بەر تاكی كورد و پیشبینی دروستت كردوە. هیوادارم نەورۆزی سەربەخوییش بەم
زووانە ببینین. هەر تەمەن دریژبیت گەنجینەی بیری كوردایەتی.

**Fayroz Ahmad** سڵاو لە ماموستا و هاوڕێ ی دانگا م ماموستا كامل ژیری
كوردپەروەر و دڵسوز ئەكەم جەژنی ئیوەش پیروز بێت وهیوای تەمەن دریژیتان بو
ئەخوازم.




# هەمو رەسەنێ

لەهەر مەوداو بوارێکا

بەری سروشت، بەری رەنجی هەمو گیانێ

هەیە ئاسا، هەیە زەبەن، هەیە دەگمەن
وەکو گوڵزاری بەهاران گەشو ئارا

کەچی جۆری لەپێشتریان

چڵێ گوڵی درێژتەمەن، توخم رەسەن

بەبازاڕی هەرە باوی وڵاتانا، گەلێ گەڕام

نەگونجامو وچانێکم نەدا بێخەم

هەمیشە وێڵو کارابوم، نەسرەوتو بەبێئارام

لەدوی سۆزی کەلاوەکەی وڵاتەکەم

مەلی تینوم بەرەو دواوە لەباڵیدا، نەنیشتەوە

هەتا کەناری نیشتمان، رەوی یەکتەن

دەنوکی نایە کانیەکەی نزیک گوندی دەمی لاویم

وتی ئۆخەی بەهەشتی جوان، نەوای رەسەن

فەرهەنگۆک:

رەسەن: اصیل.

ئاسا: معتاد.

زەبەن: زۆر، وفیر.

ئارا: رازاوە.

نەوا: لەحن، مەوطن.

٨١ بینین ٢٥ لێدوان لەوانە:

**A Qadr Shkak** دەستتان خۆش بێت مامۆستای گەورەمان لە خوا دەپاڕێمەوە تەندروستتان باش بکات و تەمەنتان درێژ بێت .



**Awat Marouf** دەست خۆش،مامۆستا کامیل ژیر،بۆ ئەم دیاریە جوانەت،گەڕانەوە بۆ خاکی خوا،بۆ باوەشی نیشتمانی دایک،خەونی زۆربەی کوردانی ئاراوگەیە،وەلێ مەخابن ئەوانەی ئەم نیشتیمانە ئازادارەیان بەم دۆخە برد،

بەڵمە · وەڵامدانەوە · ٣٩ هەفتە · دەستکاریکرا

**Kamil Zheer** هاورام لەگەڵتان مامۆستا ئاوات. پێشەوەی دزو نیشتمانفرۆشان خۆیان بسەپێنن بەسەر ئەم خاکەدا، کەس چاوی لەوەوەیە لەئاراوگە بمێنێتەوە. باوەڕبکە من خۆم دوای یەک مانگ لەهەمو سەفەرێکمدا بۆ دەرەوە، کزێ ئەکەوێتە کەوڵم بۆ گەڕانەوە بۆ کاولبووەکەی خۆمان. هەر شادبن.




## خۆزگە

گەر بەختەوەری بەجوانی بوایە

کێ لەم دنیایە

ئەنیشتەوە سەر

ترۆپکی هونەر

وەکو ئێوەی جوان

ئەی خەفەتباری پەنا بۆگریان!

خۆزگە بێتەلێ

یا گەروی مەلێ

رازی دەرونی منی ئەگەیان بەکورە جۆشی دڵی شکاوت

خۆزگە هەناسەی

برژاوی تاسەی

گەیشتن بەڕوت، ئەگەییە دامان برژانگی تەڕی فرمێسکی چاوت

خۆزگە پیتەکان ئەبونە وێنەی پەلکە زێڕینە، خۆیان ئەنوان

لەدوای بارانی شەستی دیدەکەت بەئاسمانەوە تێتیان ئەگەیان:

لەبۆتەی دڵی منا ئەسوتێ بەختەوەریی تۆ

تاوێ کڵپەیە، تاوێ پشکۆیە، تاوێ ژیلەمۆ

خۆزگە چریکەم سەرتاپاسەری دنیای ئەهەژان

تاکو لەدنیای ئاوازی خۆشو بەستەی ئاهەنگدا تۆشی ئەبزوان

هەرچی گیاندارو چی بێگیان هەیە ئەهاتە لەرین

تۆشی ئەخستە سەماو هەڵپەڕین

خۆزگە بۆشانەی قژی بێشانەی ئاڵۆزی شێواو چنگی هۆشی من

وەکو تەلیسمێ ئەگەییە سەرت

خۆزگە بۆنەخشو بۆڕازانەوەی ئاودامانی ڕەش دەستی هونەریم

ئەنایە تاڵی پۆشاکی بەرت

خۆزگە ئەبومە یەکەم نوێنەری شانۆی پێکەنین

بزەم ئەنایە سەر لێوی گەشی ناسکی شیرین

خۆزگە هەمو کەس بەبێ دابڕان وەکو دێوانە یا وەک شەمبوایە

لەجێگەی ژاری خەمو پەژارە، هەمیشە بادەی ماچی دەم بوایە

خۆزگە ئازیزم وەکو پەروانە دو باڵم ئەبو بەبێ سرەوتو

وچانو ئارام

ئەسوڕامەوە بەدەوری چرای گەشی شێوەتا تا کۆتایی ژین،

هەتا ئەسوتام

خۆزگە چی ئێسکی لەشی من هەیە ئەیانکردە دار بۆ تابوتەکەت

هەر بەو دارەوە لەژێری گڵا پێکەوە هەتا ڕۆژی قیامەت

خۆزگە لەجیاتی گڵ گۆشتی جەستەم ئەکرایە خۆڵو

ئەنرایە سەرت

خۆزگە بۆ خەونی زیندوبونەوە ئەبومە مۆمی

رێگەو رابەرت

خۆزگە ئازیزم هەر لەئێستاوە وەک وەکالەتێ بۆرێنمایو

زیاندانەوەی دڵی شکاوت بەرەو نوسینگەی ئامێری هەستم

گوڕو زاتێکت ئەنایە بەرت

تاکو بۆڕۆژی لێپرسینەوەی دادگای یەزدان بەرامبەر چەرخو

کاری ناکردەی جیهانی کێشەو زۆرو ستەمو پێچەوانەی کار،

منیان دانایە بەپارێزەرت

پارێزەر: ک. ژ

١٠٠ بینین ٤٤ لێدوان لەوانە:





**Kamal Muhamad** ئەم هونراوەیە ئەخەلاوتەنها کێشانی شێوەی کوردستانەو پەرۆشی ودڵسۆزی کوردانە بۆ دایکیان.

**Awat Marouf** لەخامەی ڕەنگینت بەرەکەت،دانسقە،دارشتنێکی بەپێز چر لەماناچپۆیستم بەجارێکی تر هەیە تا بەووردی وێنەی ئەم نوسینە جوان ونلمویە بهێنمە بەرچاو،هەر بژێت ماموستاگیان وتەمەن درێژ و تەندروست بیت

**Fausy Ramsy** دەست و خامەکەن هەر خۆش بێت.... لە یەزدانی میهرەبان دەخوازم کە تەمەنی درێژی پڕ لە تەندرووستیتان پێ ببەخشێت تا بەو شاشیعرانە چاوانم لەم خەزانی تەمەنەمدا گەش کەیتەوە.

بەڵمە · وەڵامدانەوە · ٣٨ هەفتە

**Kamil Zheer** خوازیارم چاوە جوانەکانی ماموستا فەوزی هەمیشە گەشو تەندروستبێ لەگەڵ تەمەنی درێژ

١

بەڵمە · وەڵامدانەوە · ٣٨ هەفتە

**Pshko Amin** دەستەکانت خۆش ماموستا کامیل هەربژیت و تەندروستبیت ، خامەت هەر لەجوشدابیت وبەهرە وهزرت هەربەجوانی بمینیت ،هەربژیت بۆئەو هونراوە جوانە ئەی پاریزەری جوانی

---

## درەختی کوردایەتی

تۆوم وەشان بەنهێنی، لەمەترسیی شەوی تارا

لەپاسارا

تۆوم وەشان بەئاشکرا، لەناو گڕی گوندو شارا

لەجەخارا

تۆوم وەشان لەسەر شاخو لەپێدەشتو لەپای هەردا

بەناو وەردا

تۆوم وەشان بەناو خارو بەناو دارو بەناو بەردا

بەناو دەردا

تۆوم وەشان تۆوی بیرو باوەڕێکی بەرینو ورد

پاکژو گرد

تۆوم وەشان بەبێ پەروا، بەبێ ئارام، بەدەستوبرد

بۆنەوەی کورد

تۆوم وەشان لەکێڵگەی نیشتمانێکا، تابڵێی جوان

بەدڵو گیان

تۆوم وەشان بۆ مەبەستێ، بەبێ کۆڵدان، بەبێ وچان

لەکوردستان

تۆوم وەشان بەپایزی بێ بای وەشتو بەبێ باران

بەبێ یاران

تۆوم وەشان کۆمەڵانێ، هەر لەخۆمان، دژم وەستان

دژم هەستان

تۆوم وەشان چەکەرەی کرد، گیاکەڵەکان ویستیان بیبەن

یا وشکی کەن

وتیان تۆ نیت، تۆ خەیاڵیت، تۆ بەتاڵیت، ئەتکەن بەپەن

ئێوە کەی هەن!؟

تۆوم وەشان چونکە تۆوم تۆوی نەژادو رەسەنبو

بەرژەوەنبو

خۆی ڕاگرتو گەڵای کردو نەمامێکی بەهرەمەنبو

پەرەسەنبو

درەختێکی لێ پەیابو، چڕو پڕو قەشەنگو قۆز

بەرزو پیرۆز

رەگی داچو بۆرۆژانو بۆداستانی کاوەو نەورۆز

بزوێنی سۆز

پەلی هاویشت بەئاسمانی سەرتاسەری کوردستانا

بەجیهانا

بەناو هەستا، بەدەرونا، بەناو بیرا، بەویژدانا

بەژیانا

ئێستا شنەی ئەو درەختە سرودێکی بەئاوازە

تەلی سازە

ریشەو رەگی بەر لەئێستای بۆداهاتو چارەسازە

بەردە بازە

قەدو باڵای هەڵکشاوی ستونێکی رێکو جوانە

پایەمانە

باڵی راستی میللەتێکی خۆڕاگرو قارەمانە

سایەمانە

لقەکانی بۆ تێکۆشەر ڕێنمایەو هێلو پردە

رێگەی مەردە

گوڵەکانی گوڵی یەخەی شۆڕەسواری ئازای کوردە

کەنەبەردە

گەڵاکانی سورو زەردو سەوزو سپی، ئاڵامانە

باڵامانە

بەڵگەنامەی خوێنو خۆرو خاکو بەفری کوردستانە

کاڵامانە

سێبەری بۆهەمو کوردو کوردستانە بەیەکسانی

بۆرۆژانی

ئازادبونی مرۆڤی کورد لەسەر خاکی نیشتمانی

باپیرانی

بەری تەڕی ئەو درەختە، برایانی هاوبیری خۆم

منیش نەیخۆم

شانازیمە وەکو ئێوە لەبەرهەمیا هاوکارو کۆم

هەوێنو هۆم

تۆوم وەشان ئەوەی جاران لەڕێگەمدا بو بەبەربەست

بێ هۆشو هەست

ئەمڕۆ ئەویش لەگەڵمایە، خاوەنی ڕێ، خاوەنی هەست

کۆکو پەیوەست

تۆوم وەشان بو بەخۆرەو چوە گیانی داگیرکەران

لەکوردستان

تۆوم وەشان بو بەباروت بۆبارەگای دژو تاوان

هەڵیتەکان

سەدان سەری ستەم تیایا بوبەکۆڵو، بەکۆی زوخاڵ

ڕەگەزی تاڵ

نەخشەکانی وەکو لاشەو هیواکانی، شیتاڵ شیتاڵ

نرانە چاڵ

تۆوم وەشان شانازیمە بەروبومی وا لەڕوا

ئاسا ئەڕوا

شانازیمە لەناو ناخی قوڵی بیرا تۆوم ڕوا

بو بەبڕوا

بڕوایەکی وەها پتەو، ئازاد بونی کوردی تیایە

لەم دنیایە

کوردستانی سەربەخۆییو سەرتاسەری پێ ئاوایە

بەو بڕوایە

ئەی درەختە پیرۆزەکەی کوردایەتی خوێنی گەشم

گیانو لەشم

پێشکەش بەتۆی بیرو بڕوام، هی تۆیەو من، گەرچی هەشم

لێی بێ بەشم

٧٩ بینین ٣٤ لێدوان لەوانە:




---

## سۆزێکی دەروێشی بۆپیری موغانم

بەڕێز ئەی پیری موغانم: سەرنجو چاوی بەخشینێ

لەڕوتانا ئەشێ بیڵێم: لەڕێتا بومە ڕێبینێ

لە بازاڕی بەهاتانا برەوکارو سەنگو هۆتم

وەکو سۆفی لەبەر ماڵی رەواتانا نزاگۆتم

لەناو کۆڕی چڕی زیکرا، نەبو شێخێکو دەروێشێ

بەوێنەی من، تەلی زرکی بئاژێنێ بەبێ ئێشێ

بە شمشێری ئەوینی تۆ ئەناڵێنم لەجەزبەمدا

بەبێ زامێ، دەمی تیژی، ئەکا کاری لەجەستەمدا

لە خەڵوەتگەی پەرستندا، وەکو من کێ ونی ڕێتە؟

هەمو فەرزێ، هەمیشە ڕو لەنوری بارەگاو جێتە

لە سایەو سێبەری تۆدا، بەڕێز ئەی پیری موغانم

ئەوا ئێستا بەئیمانێ بەئیمانم، بە ئیمانم!

لەوەردی چاوەڕوانیدا روا چاوم، گەڵای دەرکرد

لەڕێتا بۆتە خاکی رێو فیداکارو نیشانو پرد

کەچی تۆ هەر بەبێ بیانو هەواری گوڵ بەجێدێڵی

لەڕێدا ڕو لەباهۆزو تەمی لێڵو سەری وێڵی!!

دەسا ئەی دەف زرنگەتبێ، دەنگی شێنێ بەبێ پەروا

لەگەڵ تەپڵی دڵا تیشکێ، بە رۆژیکا، شەوێکی وا!

هەتا کاتی مەلابانگان، سڵاواتو سەدای گریان

بە ئامانجێ، رەوا، ئەشکی ببارێنێ وەکو زریان

بباری با پەڵەی ویژدان لەداماوو گرفتارێ

لەمەردێکی بەساڵاچوی دەروێشی تازەدڵدارێ

بەڕێز ئەی پیری موغانم: کەراماتێکو تەگبیرێ
لە غەیبیشا ئەبینی خۆ، هەتا ناخی دڵی ژیرێ
دەفەرمو دەی ئەوا دێمو لەبەردەستا نیشانێکم
دڵی کانی ئەویندارییم بپێکی شادمانێکم
دەبا بەسبێ سزای تاوانی تۆویستی بەڕێز میرم
ئەگەر ڕۆژێ مناڵێبوم، شوکر ئێستا منیش پیرم
منی دەروێش، منی سۆفی، منی شاگردی ڕێبازت
بەئامانجی دەسی چارت، ئیتر ناژیم بەبێ نازت
ئەزانی من گوڵی ڕۆژم، گزنگێکت لەهەرجێ بێ
سەری سوجدەی مریدێتیم بەدوی تۆدا ئەچێتودێ؟
دەسا بابێ وەڵامێکی دڵی بەردت، کە بێ وەیبێ
لە ڕێدا روی پەرێشانم بەسۆزی تۆ هەتا کەیبێ!؟

١٠٣ بینین ٤٢ لێدوان لەوانە:




---

## من خاوەنی پۆلێ یارم:

هاوڕێیانی خۆشەویست: ساڵی١٩٨٣بەشی سێیەمی هۆنراوەکانم بەناوی (جوانیی ئافرەت)ەوە بەچاپ گەیان بە شابەیتی (لەجوانیدا جوانیی ئافرەت

هەندە مەودای فراوانە – ئەگەر ژیربن هەمو جوانن هەر ئافرەتە جۆری جوانە). ژمارەیەک لەوانەی هەمیشە لەسەنگەردابون بۆئیرەییو ڕەخنەی نادروست، کەوتنە تەقە لێم، گوایە ئێستا تەنیا بۆئافرەت ئەنوسم!! ساڵی ١٩٨٤ بەم هۆنراوەیەی خوارەوە وەڵاممدانەوە، بەڵام هیچ سەرچاوەیەک نەبو بۆمبڵاوبکاتەوە. سەرەتای ١٩٨٦ رەوانشاد شەهید دڵشاد مەریوانی وتی بەتەمام کۆڕێکی وێژەیی رێکخەم بۆنەورۆز، پێمخۆشە تۆش بەهۆنراوەیەک بەشداریی تیابکەی. وتم ئاخر هۆنراوەی من ئاگرە، قیروسیا لەخۆم، ئەترسم تۆشی پێوە بسوتێی! بەقسەخۆشەکانی وەڵامیدامەوەو وتی: تا پەتەکە لەگەڵتام. رۆژی ١٩٨٦/٣/٢١ لەهۆڵی جەماوەر لەسلێمانی کۆڕەکە بەئامادەبونی خەڵکێکی زۆر بەستراو منیش هۆنراوەکەم تیا خوێندەوە:

وەرە مەیگێڕ، ئەی پەریزاد، وەرە ئەی بوکی ئەم هۆڵە

وەرە جامی دڵێ پڕکە، ئەی کچۆڵە، کە ئێستا کەلاوەی چۆڵە

وەرە ئەمشەو منی تەنیا چراخانم لەلا تارە

بێ شیرینێ، زینێ، شەمێ

ئاوازی ئەم هۆڵە شەنگە نایەتە گوێم بەڕەوانی

بەبێ مەزەی ماچی دەمێ

وەرە گوێبگرە لەڕازم

من دڵخوازم

من مرۆڤێکی هەستیارم

من خاوەنی پۆلێ یارم

کەچی هەندێ بیری وەستاو

هەندێ خامەی نیوە شکاو

چەن کەسێکی کۆنەپەرست

شتی جوانو تازە نەویست

ئەوانەی خوازیارن رەشبم

لەپێکەنینیش بێبەشبم

دەردی خەمۆکی بچێژم

بەزیندوێتی خۆم بنێژم!

بەناڕەوا

تفەنگ لەتاریکی شەوا

ئەنێن بەم هەستە پاکەوە

گوایە بەناوی چاکەوە!

ئەڵێن ئەم هۆنیارە وەستا

هەر بۆجوانی ئەڵێ ئێستا!

جا ئەی شیرین

ئەی نازەنین

من خۆم ئەبینم بەختیارم

کە خاوەنی پۆلێ یارم

من دڵخوازی کوردستانم

نیشتمانم

لاشیرینە

گەلاوێژی سەرزەمینە

من هۆنراوەم ئەهۆنمەوە

بۆنەتەوە

من بۆڕەوشت

من بۆسروشت

بۆ ئافرەتی پوپەی جوانی

بەئاسانی

پێنوسەکەم لەکاردایە

هەرچەنێکم لەباردایە

ئەیکەم بەخەڵاتو دیاری

بۆ نەوەی نوێی کوردەواری

ئەگەرچی رێگرو نەیار

لێم کەوتونە تەقەو پلار

لێمناگەڕێن کە نامەکەم

بەئارامی تەواو بکەم!

من هۆنراوەم گۆرانییە

بۆئافرەتو بۆجوانییە

جا تۆ ئەی بوکی ئەم هۆڵە

ئەی کچوڵە

تۆ ڕێبواری ئەم بوارەی

تۆ شارەزای ئەم هەوارەی

سەلارانە

تۆ وەڵامی ئەو جۆرانە

لەبەرەوە

بدەرەوە

بڵێ ئایا ئەم جیهانە

ئەم ژیانە

بێ ئافرەتی هاوبەشی پیاو

نابێ بەهێلانەی روخاو!؟

ئایا هەرچی پیشە هەیە

هەرچی رەگو ریشە هەیە

چی زانستی ئەندازەیە

هەرچی بیردۆزەی تازەیە

تەرخان نییە بەبێ پشو

بۆ بەرهەمی ڕازاوەتر لەهی پێشو؟

ئەی لەم بازاڕو باوەدا

لەم دەورو بەرو ناوەدا

جوانی هەیە باڵابێ، بەرز

وەکو جوانیی فریشتەی ئەرز؟

هۆنراوە بۆنیوەی کۆمەڵ،

بۆبەرەی جوان

بۆ ڕەگەزی نەرمو نیان

نەهەر تەنیا ئاساییە

بگرە ئاهەنگە، شاییە

زێڕو گوڵی سەر پەرچەمە

ئارایشتی گۆناو دەمە

بۆبوکی رازاوەی زمان

بۆ بابەتی وێژەی ڕەوان

هۆنراوە ژانی هۆنیارە

ژانی خۆشەویستیو یارە

چ هۆنیارێ

بەبێ یارێ

ئەگاتە سەر

چڵی هونەر؟

نالیو بۆحەبیبەی نزا!

ئاراگۆنی شێتی ئیلزا

هەردیو چاوی ست فاتمە

وەلی کە دێوانەی شەمە

وێژەیان وا رازاندەوە، لەئەوساوە تا هەتایە

ئەستێرەی بەختی برەویان لەئاسمانی مێژودایە

ئەی من بۆچی بۆ نازەنین

هەزاران هۆنراوەی بەتین

بەئاشکرا هەڵنەبەستم

رەها نەبێ بیرو هەستم!؟

من بۆسروشت

هەرچی جوانە، گیانە یاشت

رێبواری رێم

بەستە ئەڵێم

ئەگەرچی ئەو

دزو جەردەو

رێگرانەی دەمیان ناوەتە سامانم

نایانەوێ بەکلچێوکی گوڵستانو کلی خاکی نیشتمانم

چاو برێژم

خەمی خۆمی ناوبەناوێ پێبنێژم

ئەو گورگانە ئەیانەوێ وەک چۆن هەرچیم هەیە ئەیبەن

ئا بەوجۆرە لەبینینی تابلۆکانی نیشتمانم بێ بەشمکەن!

ئەیانەوێ من خاوەنی دەرونێکی دەردەداربم

دەستەئەژنۆ دابنیشم، نائومێدو لێو بەباربم!!

من هۆنراوەم بەبڕشتە

بۆڕەوشتە

هەرچەن ئەوەی من لام چاکە

رەوشتی خاوێنو پاکە

ئەشێ خاوەن بیری وەستاو

نەیکا ڕەچاو

من لاموایە ئەوەی ئەچێ دەستەونەزەر

رائەوەستێ بۆدوژمنو بۆداگیرکەر

ئەوەی بادەی باوەکوشتەی خۆی ئەنوشێ

ئەوەی خاکی نیشتمانی ئەفرۆشێ

ئەوەی درۆ لەگەڵ خۆیو گەلی ئەکا

ئەوەی برای بۆبێگانە فریوئەدا

ئەوەی پارە ئەبیزوێنێ بۆدەسبەردان

لەنەتەوەی، لەباوەڕی، لەتێکۆشان

ئەوەی دەستی نامەردانە ئەوەشێنێ

دڵی خەڵکی بەناڕەوا ئەڕەنجێنێ

ئەوەی تیکەی ناپاکێتی ئەگلێنێ

ئەوەی دوکەس بۆسودی خۆی بەشەڕ دێنێ

یا ئەوانەی پیاو ئەکوژن، ژن ئەکوژن، دزی ئەکەن

لای ستەمکار لەتێکۆشەر خەبەر ئەدەن

کەسی وەها بێ ڕەوشتە، ئابڕو تکاو

پلەو پارەو بڕوانامە، نایکا بەپیاو

ئەو کەسانە

بێ شەرمانە

باسی شەرمو شکۆ ئەکەن

ڕۆژی چەن جار پەنا بۆ ڕای درۆ ئەبەن

لەبەردەمی ئافرەتانا

دانێ نانێن بەتاوانا

خۆیان کردۆتە نمونەی ڕێزو ناموس

بەچاوڕاو، خۆپفهەڵدان، زمانی لوس

یا بەرگریی بێبنچینە لەئافرەتی ژێر دەستەیان

گوایە بۆڕێزو داپۆشین: بەرگی درێژی ئاودامان!

لەچکی دیلی

بەزەلیلی!

وائەزانن چاوی خەڵکی نابینایە

کەس نازانێ ژێر کاسەیان چیی تێدایە

نەخێر نەخێر، ئێمە ئەزانین لەکوێدان، لەکامبەرن

مشکە کوێرەی ترسنۆکی کام سەنگەرن!!

من هۆنراوەم بۆنەتەوە

جیهانێکی پڕکردەوە

ئەی ئەو کەسەی سەری هەژدە ئەپەڕێنی بەتەوری دەم

تۆ چوزانی من چییەکەم بۆنەتەوەم!؟

تۆ ئەزانی ملوانکەیەک دەنکەکانی لەپشکۆ بێ

ئەبێ زێڕی گەردنێبێ لەئاگر بێ سڵوکۆبێ!؟

هۆنراوەی من، باوەڕێکە فراوانو بەرزو چڕە

ترسناکە، بۆ تۆ نابێ، وشەکانی پرژی گڕە

من هەمیشە

وەکو لێمبوبێتە پیشە

لەناو گوشتا، لەناو خوێنا

لەناو کاتا، لەناو شوێنا

نەتەوەکەم

رەچاوەکەم

من کەسێکم بۆنەتەوە، نەک هۆنراوە یا گورانی

خۆشم ئەکەم بەقوربانی

تۆ ئەزانی ئەی کچۆڵە

ئەی چاوی گەشی ئەم هۆڵە

ئەو مرۆڤە بێ بارانە

ئەو ئامێرە گیاندارانە

ئەو کەسانەی لەدەرونا دەردەدارن

یا ئەوانەی داری دەستی ستەمکارن

ئەوەی بێشەرمی پاشەڵی پیسی خۆیو باوانێتی

مرۆڤی بێ گەردو خاوێن، تانەی سپیی چاوانێتی

یا ئەو کەسەی کە دەماری سستو خاوە

دەستی حیزیو سەلامەتیی بەکڵاوی خۆوە ناوە

ئەوانە بەرەی ئێمە نین

دژی بیری نەتەوەیین!

هەر ئەمەیشە هۆی پەلامار

نەک هۆنراوە بۆچاوی یار!!

لەو شتانەش سەمەرەتر

جێگەی پێکەنینی پتر

ئەو بیرە کەرتو پەرتانە

ئەو دژ مافی ئافرەتانە

خۆیان کردۆتە دەمڕاستو داواکاری مافی ئافرەت

بێ وەکالەت!؟

ئەی بیرە کۆنو نامۆکان

ئێوە لاتان

ئەگەر ئافرەت مافی هەیە

بۆ رێنادەن بەو بەهرەیە

بیروڕایان بەرامبەر ڕاو بۆچونی من، بێ دەربەستی،

پیشان بدەن، بەبێ ترس، بەسەربەستی

یا بەرامبەر ئەم گێژاوە

ئەم دەس تێوەردانی پیاوە

شتێ بڵێن

تابزانین ئێوە چینو ئەوانیش کێن!

پێمنابڵێن لە چ کونجوکەلێنێکدان

کێ ڕێگەی دان

بەکام یاسا، بەکام رەوا

خۆتان کردۆتە پێشەوا!؟

من بیستومە لەئافرەتان، ئێوە بەرازی توک تاڵن

ئێوە شەوە، یا مۆتەکە، ئێوە وەچەی دایکی هاڵن!

کەسێ وەک من نەیچەشتبێ ژارو ئازاری تەنیایی

ئەشێ نەزانێ بۆ دو دڵ، چەنێکە پارسەنگو بایی!

ئەی خاوەنی هۆڵی ئارا، ئەی بادەوان

ئەی پاکژی هێشتا کچۆڵەی بەویژدان

منێ بێ ناو، منێ بێ بەش

منێ نیشتمانم دابەش

منێ کە بێ سەرو شوێنم

ئەبێ چاویش بنوقێنم!؟

بۆنو تامو هەستو بیستن

جوانی ویستن

واز لێبێنم، یادانیشم دەرکەناری

پێم خۆشنابێ داگیرکەری، یا زۆرداری؟

ئەوەی ئەم بیرە کۆنانە ئەیانەوێ

لەگەڵ خواستی داگیرکەرا یەکناکەوێ؟

بەرەنجامی نەخشەی ئەوان

خواستی ئەمان، وەکو سایەقە رون نیە!؟

ئایا بۆئەم نەتەوەیە

هەردو ئەنجام، دەردو گرێی دەرون نیە؟

کەواتە بوکی ئەم هۆڵە

ئەی کچۆڵە

وەرە ئەمشەو بەکوێرایی چاوی دوژمن

با چاوی تۆ، با چاوی من

نەچێژن خەو

وەرە ئەمشەو

تا بەیانی بادەنۆشی

وەرە ئەمشەو شەوی خۆشی

بەرینە سەر، بەیادی ئەو نازەنینە خۆشەویستەی

سەردەمێ ئەم ژینە پەستەی

ئەکردە مەڵبەندی ئاهەنگ

شانۆی سازو ئاوازو دەنگ

وەرە پیاڵەی مەیم پڕکە

بیری هەڵچوم کەمێ کڕکە

فەرامۆشم نەکەی ئەمشەو

بەڵکو بادە دیمەنی ئەو

وەک خەیاڵێ لەناو هۆڵا

لەجوانێکی نەرمو نۆڵا

بێنێتە بەرچاوی مەستم

لادا تەمومژی هەستم

روی تێکەمو بڵێم ئۆخەی ئەی شۆخوشەنگ

ئێستاکە گوێم کراوەیە، ئێستا ئاهەنگ

ئەدا لەژێو تەلی هۆشم

ئەگەرچی هێشتا لەناخا بەپەرۆشم

چونکە جارێ

من هەر یارێ

لەگەڵمایە

گرێی دڵخوازەکانیتر لەدڵمایە

نیشتمانی وێرانەخاک

سروشتی پاک، رەوشتی چاک

ئاڵای شەکاوەی کوردستان

نەهێشتنی کێشەی کارو برسێتیو نان

سەربەخۆییو ژینی شادی

تامی شیرینی ئازادی

کە بەهەمویان گەیشتم

ئەوسا ئەڵێم بەبڕشتم

ئەوسا شایی تەواو ئەکەم

لەگەڵ ئەمسەر تا ئەوسەری نەتەوەکەم

شیاوی وتنە:

1-چەپڵەڕێزانی هۆڵەکە، دوبارەو چەنبارە، ئێستەش لەگوێما ئەزرنگێتەوە.

2-لەم یادەوەریەدا، هەزار درود بۆگیانی پاکی شەهیدی وشە، دڵشاد مەریوانی، کە دواجار

لەسەرئەوەی قوتابییەکانی فێری نوسینی کوردی بەلاتینی ئەکرد، رژێمی بەئس شەهیدیکرد!

٩٨ بینین ٣٤ لێدوان لەوانە:

**Ayar Horami**
Dast xoshi U salamti Bo ewai barez AM dyaryaki(goranyaki min U Awat i biram la faransawa) peshkash ba mandubuni ewai mazin Bo sayri goranyaka la sar youtube binusa Awat U Ayar et la sar face book binusa restaurant Kurdes Yol Bo goranyakani Goran i kurim la sar youtube binusa Goran Ayar Ayari haji Abdullah sdeki tawelaii la faransawa

**Pshko Amin** دەستەکانت خۆش مامۆستا گیان ،وەڵامێکی کوتومت و پڕبە پێستی داهۆڵی نەزانت داوەتەوە ، ئاخر چۆن دەکرێت ژن لەشێعر دەرکەیت یان لەژیان ، ئەونەزانانە نازانین ، ژن بەستەیە ژن ئاوازە ژیان بۆژن وەک ژیانی گۆرستانێکی بێ بەهرمیە هەربژیت بۆ وشەو هۆنراوەی جوان تەمەن دریژبێت ، ڕەوانی شەهیدی وشەو شەهیدی خەبات و کوردایەتی ئەسر کاکە دلشاد شادو گۆڕی ئارامبێت

١

بەدڵمە · وەڵامدانەوە · ٣٥ هەفتە

بینینی ١ وەڵامدانەوەی تر

**Pshko Amin** دەستەکانت خۆشبێت یادگارییەک بگێڕمەوە لێرەدا، دەوروبەری ٢٨ یان ٢٩ ، مانگی نەورۆزبوو لەبەردەم دوکانەکەی کاک فواد سەراجدا هەرسێکمان وەستابووین ،لەبریکا وتی فواد تۆ پاسکیل فرۆش ناناسیت وتی نابو پشکۆ دەیان ناسیت ، وتی دەمەویت پاسکیلێک بکرم وپێی بچم بۆ قوتابخانە ئەوسا مامۆستابوو لە سەرچنار ، گەر ڕۆژی شەمە پێی بچم بۆ قوتابخانە یەکەم قوتابی کەدەم بینیت را دەکاتە ژوورەوەو بەهاوری قوتابییەکانی دەڵێت مامۆستا دلشاد بەپاسکیل هاتوە ، جا شەمە ڕێکەوتی یەکەم ڕۆژی نیسانی دەکرد واتە ڕۆژی درۆ ، قوتابییەکانیتر دەڵێن درۆی نیسانە ، قوتابی ئەگبەت سوێند دەخوات کەراست دەکات هەر بڕوای پێناکەن ، تا خۆیان دێنە دەرەوەو پاسکیلەکەم وخۆم دەبینن ، وتی دەیان ناسیت ، وتم ئا بابڕۆین بزانین ئایکرین ، ڕۆشتین بۆ لای ڕەوان شاد یوسفی عەبەکە کەلەسەرەوەی شەقامی گۆرانبوو لەسەرەوە لای یەکێتی نوسەران ، پاش چاک و چۆنی ، وتم هاتوم پاسکیلێک بۆ کاک دلشاد بکرین وتی بە سەرچاو بۆ چەند سالی دەویت وتم بۆخۆی ، سەریێکیان کردم و وتیان بەراست وتم بەڵێ هەندێک پاسکیلیان پیشاندایین نیتر بەداخەوە ئەو ڕۆژە ڕێک نەکەوت کە بیکرێت ، یادی بەخێر و گۆڕی ئاوەدان وەک ئاوەدانییەکەی کە هەمیشە خۆی بەقسەی خۆش و هۆنراوە لەگەڵیدابوو.

## ئۆڵۆمپیاتی خۆمان!

ئەم هۆنراوەیەمان بەبۆنەی ئۆڵۆمپیادی هاوینەی 1996 وتوە کە لەشاری ئەتڵەنتەی ئەمریکا بەڕێوەچو، ئاخۆ لەو کاتەوە تا ئێستا، هیچ لەم دەڤەرەی ئێمە گۆڕراوە؟

ئەم وێنەیە لەسەر بورجەکەی شاری ئەتڵەنتەوە گیراوە



ئۆڵۆمپیە

مەڵێن جا ئۆڵۆمپی چیە!

ئا ئەوەتا

لەئەتڵەنتا

پێشبڕکێیە

هەرتیپێکو ئاڵای نەتەوەی خۆی پێیە

هاوارەو هاندانو برەو

بۆ مەدالیاو جامی گرەو

ڕەشو سپیو کچو کوڕە

تۆپو یاریو شاربەگڕە

ئەوانە ئەگەرچی وازین

بۆ وڵاتیان جێی شانازین

پرسیارم کرد

ئەی کوا تیپو کوا ئاڵای کورد

بۆچی ئێمەش

نەبین بەبەش

لەئۆلۆمپیای ئاوەهادا

لەژێر سێبەری ئاڵادا؟

سەرانی کورد

بۆ کارێکی وایان نەکرد

کە (ماوە) پێ

ئاڵای ئێمەش شەکاوەبێ؟

هەژارێکی بێ دەرەتان

کەئەیناڵان

وتی جا ئۆلۆمپی چیە! ئەوە نیە لەکوردستان

دەیان گروپ لەمەیدانی پێشکەوتنان!؟

گرەو گرەو

پێش بڕکێو هاندانەو برەو

گرەو لەسەر هەڵئاوسانی ورگو تەنگە

گەرچی نەنگە

بەڵام ئاڵا.. بەڵکو پەردە

سورو سپیو سەوزو زەردە

بەزمانی کوردیی پەتی

ناوی ئەنێن ئۆڵۆمپیای پارتایەتی

وازیو تۆپێنی گومرگە

ئۆڵۆمپی بۆ تیکەی ورگە

هاوار هاوار

بەربونەتە نیشتمانو گیانی هەژار

بۆ ئەو مەبەستو پێناوە

کەم جێ ماوە

ئۆڵۆمپی بەبێ هەرابێ

خوێنی تێدا نەڕژابێ

باجو ماجو گومرگی زۆر

بەگەلێ جۆر:-

لەسەر خۆراک

لەسەر پۆشاک

لەسەر نەوتو لەسەر بەنزین

هەمو شتێ، تا ئەگاتە کۆکەو پژمین

بۆ هەمان کار

جارو دوجار!

دوا ئەنجامیش ئەم گومرگە وەکو ڕەشمار

ئەئاڵێتە تەنیا ملی بابای هەژار!

چیمان هەبو

بەتاڵانی لەدەسمان چو

ئاخر ئیتر

لەمە پتر

چیتر بکەین

ئەم گومرگە بۆچی بدەین!؟

خۆ کوێرو کەڕیش ئەزانێ

ناکەوێتە بریی نانێ

تەنیا جارێ

بۆ بێکارێ، یانەدارێ

کێ بێ ئەمڕۆ لەکوردستان

نەزانێ باجی بێ ویژدان

بۆ پیلانو فێڵو گەڕە

یا بۆ شەڕە

یا بۆ سەرخوانی شەوانە

یا بۆ بانکی هەندەرانە

ئولۆمپیایە

گەمەی ڕمو شۆخی گایە

لاوی گەرمیان

لاوی کوێستان

ئەکرێنە گای شەڕی ناوخۆ

مەپرسە بۆ!

پرسیارێکی وا نابەجێ

ئەشێ سەری تێدا بچێ

ئەبێ هەمیشە بترسیت

ناگونجێت جارێ بپرسیت:

ئەو چیرۆکو سیناریۆیەی کەناوی مافی مرۆڤە

لەکام شانۆی گاڵتەجاڕی ئەگاتە دەوری پرۆڤە!؟

پرسیاری وا، نابەجێ یە

پێش بڕکێ یە

کێ رمیدا لەگازی پشت

کێ زیاترینی دابەکوشت

پاڵەوانە

خاوەن شکۆی شەهیدانە!

ئۆڵۆمپیایە

ئازادیی بەبێ یاسایە

دەنگی دەهۆڵی لەدورە

وڵاتی بەبێ دەستورە

دیمکواسیی بەرەڵایە

دەوڵەتێکی بێ یاسایە

وەزارەتی دو دیوانە

دەزگایەکی بەبێگیانە

جێی پێکەنین پەرلەمانە

هۆڵی گەمەی پارتەکانە

ئەندامەکانی ئەنجومەن

داشی دامەن

پلەو پایە بۆ نادانە

ئاودیو کردنو پیادانە

شارێنو گوندو ناوچەیە

هەرێمێکی دو پارچەیە

ڕاگوێزانە

ئەنفالی ماڵو خێزانە

مەیدانێکە کێ بەکێیە!

جێگە ڕاوی دراوسێیە

دراوسێی دژ

بگرو بکوژ

دەسیان ئەگاتە هەرشارێ

بەبێ ترسو بەرەنگارێ

ئۆلۆمپیایە

سەیر لەلای جۆرو ناجۆری سزایە

تاوان بەپێی باڵاو دەستە

ئەوەی لەپێشەو مەبەستە

نەکو سزا، بەڵکو تاوان

ئەیکاتە (خان)

نیوە باڵا سزای سوکە

گورزی گران تەنیا بۆ سەری بچوکە

پۆلیسخانە

خۆی لەجیاتی دادوەریشو داواکارو دیدەوانە

لەئاسایش هەرمەپرسە

چەن بەترسە!

فەرمانگەکان تەنیا کاریان بێ کارییە

یاریییە

بەچارەنوسی ئەوخەڵکە

هەمو کۆششێ بێ کەڵکە

خەستەخانە بێ دەرمانە

جێی وچانی پزیشکانە

ئۆلۆمپیایە

ماراسۆنی بێ هەرایە

کۆچی لاوە

کۆچی ژنە، کۆچی پیاوە

کۆچی زانستو هونەرە

ڕو لەدەرە

ئەوەی هێزێکی تیاماوە

ئەوەی پولێکی پێ ماوە

ئەیکاتە تێشوی ڕێگەوبان

مەترسیو بەڵای ناگەهان

بەجێ دێڵێ بۆ کەسوکار

چش لەخاکو گەلی بیمار

ئەی بۆچی نا! ئەویش وەکو پێشەوایان

بۆچی نەبێتە خاوەنی دو نیشتمان!؟

ڕونو دیارە

بێ پەساپۆرتی ئەو خوارە

لەم دەڤەرە

کەس نابێتە سەری گەورە!

ئۆڵۆمپیایە

کێشەی گەورە لەوەدایە

برادەران ژەمەن بوردەن، کڕنابنەوە

دەریایەکی بێ ئەندازەن، پڕنابنەوە

ئۆڵۆمپیە

مەڵێن جا ئۆڵۆمپی چیە

ڕۆژی ڕەشە

مرۆڤی بێ چارو بەشە

کوڕو کاڵی ڕاونراوە

کوشتوبڕی نابەکاوە

ڕێز بۆ کەسی دڕو هارە

سەروەری بۆ لیسو دارە

ئەی پێنوسە سەرشێتەکە

ملت ئەوەندەی پەتێکە

لەمەندە زیاتر مەکێڵە

ئاو لەسەرچاوەوە لێڵە

سلێمانی: 1996/7/19

٩٦ بینین ٤٦ لێدوان لەوانە:



Şara Kamîl Jîr دەستخۆش، زۆر پڕماناو بەئازارە! هەر تەمەن درێژبێت و ئاڵای کوردستانیش بە شەکاوەیی ببینن لە ئۆلۆمپیاتی داهاتوو.




## پاڵەپەستۆ

ئاژاوەیەک بو، ئەهاتن، ئەچون، هێرشیان ئەبرد، ئەو خەڵکە زۆرە کەسێکم نەدی گوێ بدا بەکەس، یا گوێ بەیاسای ڕەوشتو نۆرە شەپۆلێ ئەچو، شەپۆلێ ئەهات، منو جوانێکیان هاویشتە کەنار ئەم بێبەشبونە، بو بەهۆکاری خۆشەویستیمان، دوایی بوینە یار چ دەسکەوتێکو بەشێکی زۆربو، ئۆخەی لەوبەشە، لەدەسکەوتی وا!

شێخێ پێیوتم: ئەشێ نزولەت گەیشتبێتە دەرگاوانی خوا!!

وتم ئەی بەڕێز: سەیری مێژوکە، هەروەهابوەو ئێستەش وەهایە

بەپاڵەپەستۆ، یا بەبیرو هێز، مافو بەشی وا، لای خواش ڕەوایە

١٠٠ بینین ٤٢ لێدەوان لەوانە:




---

## بیرێکی ئاڵۆز!

تۆ بڵێی سروشت ئەوەی کردبێ دەستی بەردابێ

پێی لەناو دەریای بێبنی جوانیی ئەوا وەردابێ!؟

تۆ بڵێی ڤینۆس، خواوەندی جوانی، لەگەڵیا جیابێ

زەوی بێنازی نەرمە ڕەوتەکەی، ئاسۆ گریابێ!؟

تۆ بڵێی چاوی بریسکەو نیگای گەشی بڕابێ

پێستە ئاڵەکەی لاملو گۆنای زەرد هەڵگەڕابێ!؟

تۆ بڵێی شەوقی قژو ڕەنگو بۆی هەڵبزرکابێ

سنگو گەردنو لەشە نەرمەکەی سیسو ژاکابێ!؟

تۆ بڵێی لێوی تەڕو پاراوی وشکو لکابێ

سۆزو ئاوازی پێکەنینەکەی، دەنگی، خنکابێ!؟

تۆبڵێی تەمەن فرسەتی لەناو دەمی هێنابێ

ئەو تامو بۆنو بەرامە خۆشەی لەبن هێنابێ!؟

تۆ بڵێی منیش چاوی سەرنجو سەرم شێوابێ!؟

نابێ، گەر وابێ، من نەگۆڕاوم، ماڵی ئاوابێ

من چۆنم دیوە، هەر وای ئەبینم، گەر لەدڵدابێ

هەر شێوەی ئەوسای دێتە بەرچاوم هەرچی رویدابێ

خۆشەویستی گەر لەکورەی هەستا زاخاو درابێ

وەکو نیشتمان ئەمێنێ هەرچەن کاول کرابێ!

نین ٥٣ لێدوان لەوانە:

**Kamal Muhamad** تۆ بڵێی لە گەردوونا جوانتر هەبێ لە کوردوستان وشۆخێکی باڵابەرزی کوردوستان؟

بەدڵمە · وەڵامدانەوە · ٢٩ هەفتە

**Kamil Zheer** بێگومان ئەوە لەدیدی کوردێکی رەسەنی کوردپەروەردا وایە. مەسەلەکە رێژەییە، لەدیدی سودانییەکیشدا سودان جوانترینی گەردونە، خانمە رەشەکانیشیان شۆخی جیهانن. واتا کەس بەدوی خۆی ناڵێ ترشە جگە لەمرۆڤە نارەسەنەکان. ئێوەش هەر شادبن.

بەدڵمە · وەڵامدانەوە · ٢٩ هەفتە

**Delair Rashid** دەستی زێرینت خۆش و تەمەن درێژ بێت مامۆستای بەرێز بەراستی وات پێکەوە بەستون شێوەکارییەکی جوانی سروشت هەربژێت و بمێنێیو کورد و کوردستان مامۆستاو پارێزەرو نوسەروو مێژو ناس و سیاسی و خاوەنی هەڵوێستی نە ئەوەی راست وخۆشەویستی جەماوەرو کورد پەروە و خاوەن و دامەزرێنەری هەڵگراتی چرای ڕووناکی بیری نەتەوەی ،چەند دڵسۆزیوام هەیە؟ چەند دڵسۆزو بیر و دەستپاکی وام هەیە،خودایە نمونەی مامۆستا ژیرمان بۆ زیاد کەیت و تەندروستی و تە مەنی درێژی پێ ببەخش، دڵسۆزت دلێر رشید ،امریکا

**Awat Marouf** رەونەقی بیر لەناو هزرتا ناوا پڕا بێ،جێگەی چەماندەوەیە لەبەردەمتانا مامۆستای خۆشەویست وزمان پاراو وخاتمەی بەسسک کوتا هێنابێ دێری کۆتایی

**Awat Marouf** پەیامێک، بەر هەمێک،هەفتانە گووزەردەکابەبەرچاوما،فێنکتر لەشنەی شەماڵ،هەست بزوێن،ملوانکەیەک لەمرواری،لەسەرەتاوە سوپاسی ماندوو بوونت دەکەم مامۆستا ژیر،

دلارام ئەی نازەنین، وەی شاگوڵی گوڵزارەکەم

سویحە دەم ئەی شنەی شەماڵی فێنکی نسارەکەم،

ئەوەی جێگەی تێبینیە بۆمن مامۆستا کامیل ژیر وەک محامی(پارێزەر) دەرچووی بەشی یاسا،کە دنیایەکی ووشک پڕ لەبرگەوبەندی یاسیای لەلایەک،لەلایەکی ترەوە،هونیارێکی هەست ناسک،لەلایەک،نیشتمان پەروەر تاسەر ئێسقان،سێگۆشەیەکی سەرنج ڕاکێشە

**Mohammed Shaida** دە ستخوش زور جوانە و بر جیزە کە دیخوینیکە راستە و خو دە جیتە خە یالیکي قوولە وە خوت لە بیر دە کە یت وا دە زانیت رأستە کاتیك دیتە وە اگا ئاس داداکري انجا دە زاني هە لبە ستە کە ي مامۆستا زیرە

## رازی مەڕی شار بۆمەڕی کێوی

برای باشی مەڕی ئەم چیاو چیام

وانەزانی من لێرە لەخۆشیام

خاوەن ئەم هەمو گۆشتەم

تێرو تەسەلو پۆشتەم

ئیتر ئەبێ زۆر شادو بەختیاربم

بۆ هەمو کارێکی ڕەوا لەباربم

نەخێر ئەژیم بەپەستی

دور لەچێژی سەربەستی

بەڵێ مەڕی شارستانی لەمافی

لەشانازی، یا لەلافو گەزافی

هەتابڵێی بێ بەشە

کەساسو چارەرەشە

بۆ ئەو ناشێ باسی ڕۆژانی دێرین

نەبا سەگی خوێریی لێبێتە حەپین

پێی بڵێ دەمارگیرە

هەزار پشتی لەبیرە!

بیگەزێتو قەسابیشی لێپڕکا

ئەوەندەیتر گوزەرانی لێشڕکا

برا ئاخۆ ئەزانی

کە مەڕی شارستانی

گەر بێتو کارێکی تایبەت بۆهۆزی

ئەنجامبدا ئەیشکێنن قەپۆزی

ئەڵێن بیری چەن تەسکە

بەرهەمی کاڵو کەسکە!

ئیتر بیانو پەیدا ئەبێ بۆکوشتن

بۆ کەوڵی پێست، سەربڕینو خوێنڕشتن

چەقۆ ئەنێنە بینی

ئەڵێن مەڕی شۆڤێنی

تۆ بۆ دەسناگری بەپێستی لەشتەوە

ناترسی بەدەم زریانی وەشتەوە

خوریی لەشت نەمێنێ

(با) بیباتو بیهێنێ!؟

ئەوە ناشبێ بڵێ من هەرچیم هەیە

بۆخۆم نییە، هەموی هەر بۆئێوەیە

ئەگینا خاڵی گومان

ئەسورڕێنرێ بەتاوان

ئەخرێتە ناو دەفتەری رەشکراوە

بەشی تەویلەی تار ئەبێ تاماوە

هەر ساتێکی مردنێ

یا بۆ کوشتن بردنێ

ئێستا ئەوانە بەهەرجا بێگانەن

ئەمانەی خۆمان کە مشتۆی هەمانەن

بەڵێ مەڕە لاتەکان

لێناگەڕێن، ڕێنمان

ئەوانیش فێربون گەر ناویان بهێنی

لێتراستئەبنەوەو پێت ئەڵێن: شۆڤێنی

منی خاوەن بیری چاک

ئەکەن بەمەڕی ناپاک!

دەتوخوا وەرە مەمرە لەداخانا

مەڕە لاتەش ڕێت پێبگرێ لەبانا

من کە ئەمە حاڵمبێ

ئەمە ژینی تاڵمبێ

کێ نازانێ شۆڤێنێتی بۆم نابێ

مەگەر کەسێ نەزانێ لە چ بابێ

لەسەر ئەو زەوییە دێمە

کەوتۆتەوە بۆئێمە!

بۆ کاوێژی ئەو وشانەی دوژمنم

چەقۆی تیژیان پێئەنێتە گەردنم

ئای لەمشتۆی هەمانە

لەسیخورمەی مەڕانە!

کاکە یاخوا بەدی رو نەکاتە کەس

دەردی من هەر مەڕەلاتە نیەو بەس

من داخ و دەردم زۆرە

بۆت باس ئەکەم بەنۆرە

وا لەئاستی منی بێ پەناو پشتا

لەژێر گرمەگرمی هەوری باڕشتا

مەڕە مشنی کەرباب

بۆتە نۆکەری قەساب

نابارێنێ، لەبەهارا ئەزەڕێ

نابارێنێ، بەخێوی خۆی ئەوەڕێ

بەمشەمش مڕوموش

بۆ دەنکێ جۆ، چڵێ پوش

دەوەرە هەمدیسان مەمرە لەداخا

بەرامبەر کەو، قەل بخوێنێ لەشاخا

مەڕە مشەی کۆڵەوار

لێمان بۆتە سەگی هار!

ئینجا کاکە بۆمنی زۆر بێبەختێ

جار بەجارە لەکاتێکی ناوەختێ

مەڕێکی تری چڵمن

ئەبێ بەکەری جرپن

باڕەی وەک زەڕینی گوێدرێژی دێز

نە سۆزی تیا هەیەو نە ئاوازو پێز

باڕە باڕو زەڕە زەڕ

بۆ زیانی رانە مەڕ

هەتا خۆشی ئەتۆپێ هەر ئەزەڕێ

بەبێ هیچ بەهارێ، یا بێ لەوەڕێ

کەچی لای هەندێ نەزان

نابێ بەپەندی زەمان

جا برای مەڕی ئەم چیاو ئەو چیام

ئێستاکە زانیت من چەن لەخۆشیام!؟

خۆزگەم بەخۆت کە شادی

برسیشبی خۆ ئازادی

راستە من ئاخورڕم پڕە لەئالیک

ناچێژم گەرماو سەرمای شەوی تاریک

تۆش دور لەشارستانی

مەڕی چیاو کێوانی

بەسکێ تێر، دو سک برسی، دەربەدەر

بەڵام تاجی جەوامێریت وا لەسەر

ئەوەی مارو دوپشکە

لەئاستی تۆدا مشکە

بانەمێنێ ورگی تێری ژێر دەستی

گەشەداربێ برسێتی بەسەربەستی

سلێمانی: 1984

٩٢ بینین ٢٧ لێدوان لەوانە:


Delair Rashid دەست خوش ماموستا ی ژیری کورد هەر بمێنی لە بو کوردو کوردستان دەست و بیری نەترسی زیرینت بەردەوام بێت پر لەراستی و پاکی ودژ بە دوژمنانی نەتەوە.هەربژیت ماموستای بەریزو خوشەویستم،




---

## چەپکێ گوڵ

یادکردنەوەی شەهیدەکانی ڕێی کوردایەتی، هانمان ئەدات بۆسوربون لەسەر خەباتی نەتەوایەتیمان، پێمان ئەسەلمێنێ کە نەتەوەکەمان هەمیشە هیوای ڕزگاربونی بوەو قوربانی داوە لەم پێناوەدا. تەنها تۆزێ زیاتر خۆشکردنی بڵێسەی کوردایەتی، رێی راستی بەرەو ئامانجی پیرۆزمان بۆڕۆشنئەکاتەوە بۆچونە ناو جیهانی هیوای نەمرمانەوە.

ئەی کۆترەکەم: رابەری هەست

ئەی سپی پۆش، چاو رەشی مەست

دەنوک سوری هێمنو مەنگ

ئەی بێ زیان، دوژمنی جەنگ

ئەی ئێسک سوک، دۆستی هەژار

دوژمنی زۆر، قین لەزۆردار

ئەی نیشانەی ئاشتیی جیهان

ئەی کۆترەکەم: شامەلی جوان

چاوم لێتە، لەو نزارە

دیمەنت جوانو نازدارە

گوێم لێتە وا لەبەرخۆوە

بەدەم رەوتی وردی رێوە

تاوێ سۆزی ئاوازی خۆش

تاوێ ناڵەی گەرمی بەجۆش

ئەتاوێنی بەسەر ئەرزا

بەسەر لوتکەی کەژی بەرزا

کە ئەبینی بەرەی گەلان

ئەڵێن: ئاشتی، ئاشتی جیهان

مرۆڤ ئەبێ شادمانبێ

دور لەدیلیو لەزیانبێ

ئیتر گەشەی شادمانی

ئەتکا بەپارچەیەک جوانی

لەم لاشەوە کەئەبینی

ژیانی کزیو زەبونی

وڵاتی ژێر دەستی زۆردار

داخی کەساس، ئاخی هەژار

تەمی پەستی وەک پەردەی رەش

دای ئەپۆشێ بەرچاوی گەش

ئەی کۆترەکەم، جوانی خرپن

خنجیلانە، هۆگری من

منیش وەک تۆ ئێستە مەستم

دەمێ شادو، دەمێ پەستم

کوردستانم هەروەک جیهان

بەشێ ئاواو بەشێ وێران!

کە دیت تۆزێ بزەی لێوم

رونیی خستە روی پەشێوم

بەشێ لەخاکی وڵاتم

ئەبینم: ئاوایە، شادم

ئاوایە بەڕێی پیاوەتی

بە بیری نوێی کوردایەتی

هیوام زۆرە ئەمجارە کورد

کە راپەڕیو هەڵمەتی برد

هەڵمەت ئەبێ، هەڵمەتی پیاو

سەرکەوتنی رونە وەک چاو

چونکە هەر خۆی بەخۆی بۆخۆی

دێتە مەیدان، مەیدانیش تۆی..

تۆ، ئەی خاکی کوردستانم

ئەی سەرچاوەی تێکۆشانم

کەپەستم دێتە پێش چاوم

مێژوی وڵاتی شێواوم

چ مێژویەک؟ سەراپا سەر

هەموی ئازارو دەردی سەر!

ئەمڕۆ نۆزدەی جۆزەردانە

بیرم لای چوار قارەمانە

چوار شەهیدی ڕێی نیشتمان

کە بۆکوردو بۆکوردستان

کرانە قۆچی قوربانی

نرانە چاڵی پەنهانی!!

ئەی کۆترەکەم: بەهیوای تۆ

چاوەڕوانم، سادەی بڕۆ

بەیادی گیانی شەهیدان

بۆم بێنە چەپکێ گوڵی جوان

چەپکێ: گوڵی سوری تیابێ

بەخوێنی کورد ئاودرابێ

چەپکێ: هەر چڵەی لەجێیە

رواو لەناو چەقی رێیە

کە بگاتە ئامانجی من

دوربی لە ئاواتی دوژمن

گوڵێکی گەش لە مهاباد!

گەش هەر وەکو بیری ئازاد

تیا نوسرابێ: ئائێرە بو

جێی کۆماری کوردی زیندو

لێرەدابو کە کوردستان

ئاڵای بەرزی خۆی داچەقان

بۆ ئەم خاکەو ئەم هەوارە

(قازی) درا لەسێدارە!!

ئەی کۆترەکەم: شامەلی جوان

لەوێوە بفڕە بۆکوێستان

بۆ ناو دەرسیم بۆدیاربەکر

بۆلای گۆڕی دوانی نەمر

گۆڕی: پیران، دوکتۆر فوئاد

دو پێشەوای کوردی ئازاد

کە وەک شێری نەڕی مەیدان

دەم بەخەندەو بەبێ کۆڵدان

بۆ مافو تۆڵەی کوردستان

لەسەر سێدارە راوەستان!

لەوێش چڵێکی بنێ سەر

هەڵسەو بڕۆ ڕێ بگرەبەر

هەتا ئەگەیتە ناو بەرزان

بەرزان، بەرزانی قارەمان!!

بگەڕێ کام گوڵێ جوانە

نیشانەی خوێنی لاوانە

(بیکە)و بڕۆ روەو بازیان

لەوێش لای بەردە قارەمان

لەو شوێنەدا کە (شێخ) گیرا

خوێنی گەشی لەشی ڕژا

ئا لەوێدا چڵێکیکە

هەڵبژێرەو دەسکەنەیکە

بۆم بێنە ئەو چەپکە گوڵە

تا بینێمە سەر ئەم دڵە

تێر بۆنیکەم، بڵێم ئۆخەی

کورد خاوەنی مێژوە، دەی!

ئنجا روەو شەقامی شار

بڕۆم بڵێم: چینی هەژار

بێن لەگەڵم ڕۆژی ژینە

بێن لەگەڵم ئەی خەڵکینە

بۆ سەر گۆڕی چوار قارەمان

چوار شەهیدی رێی نیشتمان

کە چوین لەوێ رێگەم بدەن

سرودێ بڵێم بۆ وەتەن

گەش هەر وەکو دڵۆپی خوێن

گشت لەگەڵما بێنو بڵێن:

ژیان ئەمڕۆ بزەی تەڕە

بزەی لێوی تێکۆشەرە

بەتێکۆشان کوردستانم

ئازاد ئەکەم، سەروگیانم

ئەکەم بە پێخوری خەبات

خەبات بۆکوردو بۆوڵات

چەندە خۆشە بۆقەومو خوێش

بم بەئاگر، بەخۆڵەمێش

کوردستانم فراوانە

بوکی رازوەی جیهانە

پەیمانە دوا تنۆکی خوێن

لێرەبێ، یاخود لەهەر شوێن

بەقوربانی ئەوی ئەکەم

بۆ ئەو ئەژیم، سامانەکەم

لەگەڵ گۆشتو ئێسکی لەشم

بۆ ئەوەو خۆم لێی بێبەشم

برای کوردی خاوەنی هۆش

تۆ گوێبگرە لەمژدەی خۆش

ئەمڕۆ ئەبینم نیشتمان

وەک گوڵاڵەی بەهاری جوان

کوڵمی سورو چاوی گەشە

تومەز بیرێکی بێ خەشە

تیا بڵاوەو ئەڵێ: دەی زو

بۆکوردستانی یەکگرتو

دوای ئەم سرودە سەنگینە

ئەو چەپکە گوڵە خوێنینە

کە تۆ: گیانە، ئەی کۆتری جوان

کۆت کردەوە لەکوردستان

دێنین لەو چەپکە هەر چڵێ

ئەنێینە سەر مستە گڵێ

سەر گۆڕی ئەو نەمرانە

ئەو بێچوە شێرە کوردانە

گۆڕی: (قودسی) شەهیدی لاو

(عیزەت، خەیری، گۆڕی خۆشناو)

هەزارانی وەکو ئەوان

لەو ڕێیەدا لەچاڵنران

ئنجا ئەڵێین: ئەی شەهیدان

سوێندم بەخاکی کوردستان

سوێندم بەگیانی نەمرتان

بەو ڕێیەی ئێوە کە گرتتان

ئێمەش سەربازی ئەو ڕێیەین

قوربانی ئەم خاکو جێیەین

بنونو دڵ لەدڵ مەدەن

ئەی شەهیدانی رێی وەتەن.

لەدیوانی کوردایەتیدا ١٩٦٠بڵاوکراوەتەوە.

٩٥ بینین ٣٨ لێدوان لەوانە:



**Awat Marouf** هونراوەیەکی جوان وبەپێز پڕ لە ووشەی جوان و بێ دووبارە،یادێک بۆ ئەو چوار ئەفسەرە شەهیدە،کەگیانیان فیدای خاک و نیشتمان کرد،دەکرێت ڕۆژێک بەناوی ڕۆژی شەهیدان بکرێت بە پشووی فەرمی،وەک ڕێزلێنانێک بۆ شەهیدانی ڕێگەی کوردایەتی،ئەم هونراوەیەی بەڕێزتان گورانیەکی بەرزی هونەرمەندی چەپی ئەلمانی هانز هارتز کەلەساڵی١٩٨٢ووتویەتی لەژێر ناوی ( کۆترەسپیەکان ماندوون)دەڵێکە لەفڕین کەوتوون،باڵەکانیان قوورس بووە و دەنوکیان خاڵیە،بەڵام بازەکان هەتابێت زیاتر دەفڕن،تا بێت زیاتر بەهێزدەبن،شەقەی باڵیان فراوانتر دەبێ،
وەرە ( ماری *)با کوتا پێک بخوینەوە،چێژ لەم کاتە وەربگرین،لەسبەینێوە لەبری سەی تەنها ئاو هەیە
وەرە ماری دنیا ئادێت زەردتر دەبێت
https://youtu.be/WtbDVf4SZQk
بۆ بیستنی ئەو گورانیە ئەوە لینکەیە،تەمەن درێژ و بەختیار بیت ماموستا زۆر گەلێک ڕێز

YOUTUBE.COM
Hans Hartz- Die weißen Tauben sind müde 1994

**Adnan Azad** سوپاس
دەسخوش
بەڕێز ماموستا هەندی قسە لەسەر پەیوەندی و هەلویست لەنیوان. مەلا مستەفا و ئەو چوار شەهیدەدا هەیە !!!
دەکری شتیکتان سەبارەت بەوەهەبی یا ڕونکردنەوەیە بۆ مێژوو بوتریت
لەم. یادەیان. دا

بەدڵمە · وەڵامدانەوە · ٢٧ هەفتە

**Kamil Zheer** ئەو چوار ئەفسەرە شەهیدە، پەیوەندییان بە بارزانییەوە هەبو، بەڵام سەبارەت بە گەڕانەوەیان بۆ ئیراک، دوای هەرەسی کوماری کوردستان، رای بارزانی جیاوازبو لەگەڵ ئەواتو لەگەڵ قازی مهەمەدیش، بارزانی پێی وابو خویان تەسلیمی داگیرکەرانی کوردستان نەکەن. ئەوەش هەلوێستو رایەکی دروستو راستبو.

بەدڵمە · وەڵامدانەوە · ٢٧ هەفتە

**Fausy Ramsy** خامەتان هەر گولگر بێت. دیارە یادی شەهیدان بە تایبەت ئەو چوار قارەمانە ئەبردە لە دڵ و دەروونی گشت کوردێکی نیشتمان دۆست و خاکپەرستە. ئەوان لە ڕێگەی سەربەستی و خوشگوزەرانی بۆ نەوەی نوێ خۆیان کردە قوربانی. بەڵام هەزاران ئەفسووس کە ئێستا دەبینین کە لەم نیمچە سەربەستییەدا چ دەگوزەرێ بە ناوی ڕۆحی شەهیدان و نیشتمانپەروەرییەوە..... تەمەنی درێژی پڕ لە تەندرووستیتان بۆ دەخوازم تا لە بوون و بەرامەی چەپکە گوڵی دەست و خامەتا خوش بۆ بین و کوردایەتی ڕەسەن فێربین.



Arif Kerim دەست خۆش مامۆستا گیان بۆ ئەو هۆنراوەیەی سیمای نەتەوەیی و نیشتمانی پێوە دیارە و یادی شەهیدانی 19ی حوزەیرانیش (شەهیدانی گەل) بەرز دەنرخێنی و گوڵبارانیان دەکەیت ، هەر بژی و تەمەن درێژبیت بۆ خزمەتی ئەم نەتەوەیە .

---

## ڕازێکی کلاسیکیانە بۆجوانێکی سەردەم

نازەنینم: وانەزانی راگوزارێکی سادەڕۆم،

نا، بەئەو چاوانە سوێندم، بۆهەوارت، تەیارو کۆم

وانەزانی پیادەڕۆیەک بێ ئەوێنێ ئەچێتو دێ

من وەکو دێوانە وێڵم بۆگەیشتن بەپیری خۆم

شێتمو هاتومە سەر ڕێ، بۆ پەرستن لەڕێگەتم

چاوی سۆزێ، من کەنەفتی ڕۆژگارو مەبەستو هۆم

وانەزانی کەفتەکاری وشکە ساڵێکی بێ بەرم

شەونمێکت لێم بدا گەر، بەرهەمێکی بەتاموبۆم

با سەریشم بەفری کۆبێ، ناو دەرونێکی ئاگرم

بۆ گەیشتن، نەوجەوانو هەرزەکاری بەکاووخۆم

من پەپولەی دەوری روتم، مەرجە ئاگر لەخۆبەردەم

تا لەڕێگەی هاتوچۆتا، هەردو باڵم بکەم بەمۆم

با دڵێبم تاکو تەنیا، هۆگری چاوی دو بازم
چاوی بازی خاکی خۆمو چاوی ئەفسونی کاڵی تۆم

٩٤ بەدڵبون ٣٨ لێدوان لەوانە:

**Mohammed Shaida** به ره ستن به شیکه له خوشه ویستي خوشه ویستیش خه ریزه
یه وه نه به سټراوه ته وه به شتیکي دیاریکراوه وه من یئن تو خوامان خوشده ویت به کیکیتر
کمیکي خوشده وي وه هه روه ها تا راده ي به رستن

**Mohammed Shaida** ده ستخوش زور جوانه و بر جیزه که دیخوینیته راسته و خو
ده جیته خه یالیکي قووله وه خوت له بیر ده که یت وا ده زانیت راسته کاتیك دیته وه اکا
تاس داداکري انجا ده زاي هه لبه سته که ي ماموستا زیره

**Awat Sahebqran** پەیامێک، بەرهەمێک، هەقتانە گووزەردەکا،بەبەرچاوما،فێنکتر
لەشنەی شەماڵ،هەست بزوێن،ملوانکەیەک لەمرواری،لەسەرمناوە سوپاسی ماندوو بوونت
دەکەم مامۆستا ژیر،
دلارام ئەی نازەنین، وەی شاگوڵی گوڵزارەکەم
سوبحە دەم ئەی شنەی شەماڵی فێنکی نسارەکەم،
ئەوەی جێگەی تێبینیە بۆمن مامۆستا کامیل ژیر وەک محامی(پارێزەر) دەرچووی بەشی
یاسا،کە دنیایەکی ووشک پڕ لەبڕگەوبەندی یاسیای لەلایەک،لەلایەکی ترەوە،هونیارێکی
هەست ناسک،لەلایەک،نیشتمان پەروەر ناسەر نیسفان،سێگۆشەیەکی سەرنج ڕاکێشە
،هیوای تەمەن درێژی و تەندروستێکی باش بۆ ئەم کەڵەپیاوە

**Kamil Zheer** هەڵبەت کاردانەوە ئەرێنییەکانی ئێوەی بەڕێز بەتایبەتیو تێکڕای
هاوڕێیان بەگشتی، خۆراکێکی گیانین بۆ پەیامو بەرهەمە هەقتانەکانی منێکی هێشتا
خوێنکاری قوتابخانەی ژیان. بەڵێ دڵارامم بە وشە پڕگوڵە بۆنخۆشەکانی
گوڵزارەکەتانو بە شنەی شەماڵی فێنکی نسارەکەتان. تەمەنی درێژو تەندروستیی
باش بۆ مامۆستا ئاواتی خۆشەویستم.

**Kamal Muhamad** ئایا پەرستن لە خواو جوانی وکوردستان پێک نەهاتووە؟

**Kamil Zheer** پرسیارێکی فەلسەفیی بەجێیە. وەڵامەکەش یەک وشەیە (با) تەنیا
جیاوازییەک لە نێوان ئەو سێ رەگەزەدا ئەوەیە: دوەم و سێیەمیان بە چاو ئەبینرێن،
بەڵام یەکەمیان تا ئێستا نەبینراوە!.

**Dilschad Barsenji** دەستان خۆش مامۆستا گیان ، زۆر جوان و پڕ وردەکاریە ،،،
هێندە هەیە ڕەنگە هەڵەی نووسینیش بێت :
هەردوو باڵم ( بکەم بە مۆم ) یان گونجاوترە ( بدەم بە مۆم ) تا لە پێناوی عاشقیدا باڵەکانی
پەپولە ئاسا بسووتێن ، دووبارە دەستانخۆش .

## دو دەردەدڵ لەدورکەوتنەوەی دو ئازیزما

یەکەم:

بیرت ئەکەم نازدارەکەم

بیرت ئەکەم ئەی پەپولە ئاوارەکەم

بیرت ئەکەم لەناخەوە

بیرت ئەکەم بەدەم هەنسکو ئاخەوە

لەهێمنیو لەهەژانا بیرت ئەکەم

لەسرەوتو لەپەژارەو ئێشو ژانا بیرت ئەکەم

لەئاشتیا، یا لەجەنگدا

لەگێژاوا، لەبارو دۆخێکی مەنگدا

لەهەر سۆزی ئاوازێکا

لەگەڵ سوسەی چپەی دەنگی هەر سکاڵاو هەر ڕازێکا

بەرامبەر هەر پێکەنینێ

هەر هاوارێ، یا زایەڵەی کوڕی شینێ

بەداخێکی زیاترەوە بیرت ئەکەم

شۆڕئەبمەوە بۆدامێنی نشێوی خەم

بەو بیرەوە هەزار جەخار

خەوم ئاڵۆز، خۆراکم لێ ئەبێ بەژار

ئەی پەپولە ئاوارەکەم

ئەی فریشتە خۆشەویستە نازدارەکەم

هەمو کاتێ

بەهیواتم وەکو داخوازیو ئاواتێ

من دوکەوتوی جێگە پێتم

ئێشکگری شەو و ڕۆژی چەقی رێتم

بەدوی تۆدا بەربڵاوم

لەڕێبازی هاتو نەهاتا کشاوم

وام لەدەشتا، لەناو دۆڵا، بەسەر هەردو سەرشاخەوەم

بەوێنەی رەوەندی هەجیج بەکۆڵێ خەمو داخەوەم

من شەپۆلی دەوری زەویم، بۆسوراخت ئەخولێمەوە

لەبۆشایی ناکامیدا گێنگڵ ئەدەم، ئەتلێمەوە

هەمو جارێ

بەقوڵایی گۆمو روبارو دەریادا ئەچمە خوارێ

بەبێ ئەنجام

لەو کەناری سەرسامیەی کە ئێستا تیام

خۆمو خەمو نائومێدی ئەبینمەوە

بێ پرسیارێ لەوەی کردەم هی ژیانە یا هی خەوە!؟

نازدارەکەم

ئەی پەپولە ئاوارەکەم

هەر ئەڕۆمو ناگەمە ئاستی سەرابت

دەمی تینوم نادا لەجامی شەرابت

خۆشم ئەوێی گوڵی ونبوم

بیرت ئەکەم، بیرت ئەکەم لەو ساتەوە کە جێتهێشتوم!

دوەم:

من نەمئەزانی کە ڕۆژێ دادێ پێوانە تیایا ناوی ئەزرێ

شەوگاری هاوین بەبێ ئەستێرە، ئاسۆ لەتیشکی خۆر دائەبڕێ

من نەمئەزانی دوریی ئازیزم لەبۆتەی دڵا ئەبێ بەئاگر

لەناو دەماری پاکی جەستەما کۆتەرەو پشکۆو ژیلەی ئەگرێ

من نەمئەزانی (کەوانە)ی تاسەت بەپێچەوانەی بۆشایی نێوان

تا کراوەبێ تیری کوشندەی کاریگەرترەو زیاتر ئەبڕێ

من نەمئەزانی بازی جگەرم لەپێکراویشا بەبێ پەڕو باڵ

بەئاسمانەوە، بێ پسانەوە، بەدوی ئازیزا باڵا ئەفڕێ

من نەمئەزانی کە هەر ترپەیەک، هەر ڕاچەنینێ لەبێتۆییدا

وەکو ئەتۆمێ دڵ ئەهەژێنێ، پەردەی هێمنیو ئارام ئەدڕێ

من نەمئەزانی پەپولەی سۆزم لەخۆر بەگوڕتر ڕێگە تەیئەکا

هەزاران هەزار قۆناغو مەنزڵ بەهەناسەیەک ئەکاو ئەبڕێ

من نەمئەزانی ساباتی فەڕت لەنزیکەوە نامۆیە بەمن

کراسی خەمی ڕۆژانی دوریت بەشانو باڵای منا ئەبڕێ

من نەمئەزانی ڕۆژێ لەڕۆژان، نە هەر پێکەنین، یا نیگای گەشت

ئارەزو: شەڕو (مان)و توڕەییو ژانو لەرزینو (تا)شت ئەکرێ

من نەمئەزانی پەپو ناڕەوا بۆ وێرانکاریی دیواری ورەم

لەدوریی تۆدا بەبێ بەزەیی بەسەر کەلاوەی دڵا ئەچڕێ

من نەمئەزانی بەنادیاریت (ناتەبا) دیارو یاری نگینە

بەم کۆچوبارە نائاساییەت، یا خەنی ئەبێ، یا هەڵئەگڕێ

من نەمئەزانی دوریت وەهایە کە تەنیا سوسەی هەواڵێکی لێڵ

ئارامی ئەداو ئەسرینی چاوی جۆگە ئاساییم ساتێ ئەسڕێ

من نەمئەزانی وزەم بەژانی پارچەیەک هەناو وا هەرەس دێنێ

توانای بیستنو دوانم لاواز، ئامێری بینین: خەوی ئەزڕێ

من نەمئەزانی ئاگری جگەر واسوتێنەرە، ئازیزم چارێ!

دەسەو ئامێزو بای هەناسەیەک، خەریکە هێزو توانام ئەبڕێ

من نەمئەزانی وێنەت لەتاسەم بەهیچ شێوەیەک جیا نابێتەوە

ئای لەو چرکەیەی بینایی چاوم مژدەی دەرکەوتن ئەدا لەپڕێ!

١٠٤ بینین ٥٠ لێدوان لەوانە:


Zindani Ahmad سلاو وریز کاک کامل : دە ست بە نجە و هوش و زیرت خوش و لە م بە خشان ونووسینە جوان وبر مانایە دە یە ووشە ی رە سە نی کوردی و هە ست و نا خی خوشە ویستی بو هاوری ئازیز ە وونبوە کە ت کە براو برە لە وە فاو و داخ و حە سرە و بە هیوام دل و دە روونت ئارام بیت و تە ندروست وتە مە ندریز بیت دوو بارە دە ست خوش


Arif Kerim دەست خوش ماموستا گیان بو ئەو وشە ئاسکانەی ئەم هونراوەیەت پی ڕازاندوتەوە و تینوێتی خوتت پی شکاندوە و لەحلەوە بلوش دەگریتەوە بو دولبەرەکەت ، خوشەویستەکەت ، گولەکەت ، دەزانم دووری ئەوانە لەئاخی تودا خوی داکوتاوە و دل ئەهەژێنی و بیریان دەکەیت ، هەر تەمەن درێژبیت بو پەخشکردنی ئەو وشە زێرینانە .



**Awat Marouf** فەرهەنگێک لە ووشە،سەلیقەیەکی بێ وێنە، لەهەڵبژاردنی کێشی هۆنراوە(ریتم)،نموونەی ماناپەخش،شاکارێک،لاوانەوەیەک،بەسەرکردنەوەیەک بۆ ئازیزان،کەخەسڵەتی وەفایە،دەستەکانت خۆش،مامۆستای بەڕێز و خۆشەویست، هەربمێنیت،خامە ڕەنگین بیت،لەگەڵ ڕێزی بێ ئەندازەم بۆ بەڕێزتان

---

## بەهاری کوردستان

ساڵی ١٩٥٧ دورخراوەیەکی سیاسیبوم لە ئەبوغرێب، بەدزیی پۆلیسەوە چوم بۆ بەغدا. لەقیبلەی ئامالی کوردەکەی بەشیر موشیر، رۆژنامەیەکی ژینم کڕی. گرەوێکی تیابو بۆجوانترین هۆنراوە بەسەر بەهاری کوردستاندا. ئەوە بوە هەوێنی ئەم هۆنراوەیەی خوارەوە کە بەپۆستدا ناردم بۆ لیژنەی گرەوەکە. لیژنەکە پێکهاتبو لە ئەلائەدین سوجادی، رەشید ئارف، ئەنوەر سائیب و شەماڵ سائیب. هەر بە پۆستەدا وەڵامم بۆهاتەوە کە هۆنراوەکەم بەیەکەم هەڵبژێردراوەو وەرە بۆ وەگرتنی خەڵاتەکە. ئەو ئەنجامە لە ژینو هیوادا بڵاوکرایەوە. خەڵاتی دوەمیش بەخشرا بە مهەمەد رەسوڵ هاوار.

جوانیی بەهار...؟

بەهاری سەر وەرزی دیار

زەردەخەنەو گەشەی ژیان

بەهاری خاکی کوردستان؟

خاکێ بیگریو سەراپاسەر

پێک هاتبێ لەپیتوفەڕ

لەجێو نیگاری دڵڕفێن..

لەباو شەماڵی خەمڕەوێن

لەدۆڵی کپ، چەمو نزار

لەلوتکەی هەزاربەهەزار

لەتاڤگەو قەڵبەزەی زیوین

دەشتی فراوانی رەنگین

لەسەوزەو بێشەڵانی چڕ

لەچاوەو ڕوباری بەخوڕ

لەقەدپاڵی گەردن نەخشین

لەسەیرانگاو هاویننشین

کوردستانێ ئەمانەی بێ

بەچی باسی لەدوایی دێ؟

چۆن نوسینو پیاهەڵوتن

نابڕێنەوەو نایەن لەبن

یا چۆن قەڵەمو پەڕەو رو

کۆتایی نایە زوبەزو

چ داناو کامڵو ژیرێ

چ خاوەنی هۆشو بیرێ

بۆ هۆنینەوەو چنینی..

چنینی تارای زێڕینی:

رێچکەو زنجیرەکەی هەستی

نایەنە ئاڵۆزو سستی!؟؟

*

ئەمە کوردستانی ساکار

خۆ بپۆشێ بەرگی بەهار

ئەبێتە بوکی شازادە

کە بۆزەماوەند ئامادە

هەر لەپێوەی تا تەوقی سەر

بەرگی سروشت ئەکاتە بەر

لەهەر گوڵێکی بۆنخۆشی

جۆرێ ئەکاتە لەشپۆشی

دێنێو لە هەمیشەبەهار

کراسی نەرمی ورشەدار

ئەچنێو، بۆکەوای کوردی

لە (گوڵاڵە)ی سوری هەردی

ئەنەخشێنێو ئەیکاتەبەر

لەجێی گورونیی گوڵ بەسەر

لە لاولاوی ناوماڵی شار

چەفتەی مۆری گوڵنگەدار

هەڵئەبەستێ، وشکسورمەش

لەولاوە هەر بەسەری هەش

یا بۆ یەکخستنی دیمەن

سوخمەی سەوز لەگیای چیمەن

دوگمەو قەیتان ریهانەی رەش

ئەنێتە بانی سنگی گەش

بانی مەمانی خڕو قوت..

دوایی دێنێو لە مینای ڕوت

ئەکا بەدەسماڵی سەرشان

پولەکەی لەپۆی (ئەرخەوان)

یا لەجێگەی خشڵی بێگەرد

لە شەست پەڕو کۆی (گوڵی زەرد)

ئەکا بەپارچەی هەمو جۆر

وەک لاگیرە یا گوارەی شۆڕ

یاخود دێنێو بۆسەرپۆشی

لە (نێرگس)ی زۆر بۆن خۆشی

ئەچنێت بۆ شەرم، بۆ ناز

بۆ مەشخەڵی دڵی رێباز!

شەوبۆو نەسرینو دەمەشیر

لەجێی مورو و شیلانو زێڕ

ئەکا بەڕشتەی گەلێ تەرز

گوڵەباخیش بۆپانیبەرز

دیارە بۆسەر کەمەری تەنگ

کەمەری بوکێکی وا شەنگ

لەجێی پشتوێنی ڕەنگاوڕەنگ

پشتوێنی ئاوریشمی بەسەنگ

ئەبێ هەر پەلکە زێڕینە

پێچ بخوا لەم باخی ژینە

*

جا کوردستانێ کە بەرگی

بەرگی بەهاری بێ ئەرکی

ئا ئاوابێ!!.. ئیتر چۆن من!!

بەدو وشەی بێ سەروبن

ئەم بەهەشتی سەرزەمینە

ئەم نیشتمانە دێرینە..

بۆم ئەخرێتە چوارچێوەی هەست

هەستی پڕو زویرو پەست

زوێر بەڵێ زویرو پڕ

چونکە داڵو پەپو و سیخوڕ

لەم کۆڕو جەرگی جیهانە

لەم کانی فەڕو سامانە

بەسەربەستی هەڵئەپەڕن

ئەخۆن، ئەکەن، ئەبەن، ئەبڕن

مەلو پەڕندەش بەسەزمان
پتر لەبێبەشیو زیان:
راوو شکارو دەربەدەر
قەستی گیانو خوێن، لەشو سەر
دەرهێنانی مۆخو ریشە..
بەشیانبێو موچەی هەمیشە!؟
کەواتە با هەر بێدەنگبم
قوڕوقەپو کشو مەنگبم
تەنها ئەوەی بشێ بیڵێم
وتومەو ئەڵێم هەر ئەڵێم:
کەوی نیشتوی ناو هێلانە
دەنوک سوری خنجیلانە
خاوەنی خۆشترین ئاواز
شامەلی زۆر شۆخی بەناز
لەجێو رێگەی تەنگو باریک
لەناو لانەی پەستو تاریک
چاو هەڵبڕەو سەر بێنە دەر
ببینە تارای دەشتو دەر
بڕوانە دور، لەودیو سنور
ببینە کۆی گوڵاڵەی سور

لەگەڵ هێرۆی سپی نازدار

جوتە مژدەی گوڕی بەهار

چۆن هەڵچونو لێکئاڵاون!

بۆ هەڵپەڕین تێکچڕاون

زەماوەندیان وەها قاڵە:

ژێرپێنراو دڕکودالّە!!

دەتۆش هەڵسەو بەقونە قون

بەڕەوتی جوان، وردو هێمن

لەناو باخو دەشتو چیا

چاوبگێڕە، ژیرو وریا

چەن هاتە ڕێت باڵندەی جوان

شوێنخۆتیخە تاکو هەموان

گردئەبنەوە لەدەوری یەک

ئەوسا تێکڕا بەڕەشبەڵەک

زرمەی پێبێو چریکەی دەنگ

دەنگی بیریێ: قولّو زۆر مەنگ

لێی بێتە دەر ئاوازی خۆش

ئاوازێ گشت بێنێتە جۆش

زەماوەندێ وەها سازکەن

دالّەکەرخۆر پەڕەوازکەن

تاکو ئەوساکە کوردستان

بۆخۆمانبێو هەر بۆخۆمان

بەهار، نەورۆز، جەژن، شادی

بەبزەی لێو بە ئازادی

بەسەربەرین لەگەڵ ژیان

کەواتە دەی.. بۆ تێکۆشان

٢٠٦ بینین ٨٤ لێدوان لەوانە:


Nuri Karim شاکارە شاکار. هەر تەندروست بمێنیت مامۆستا گیان.

Zindani Ahmad ماموستا کامل دە ست وخامە ت خوش بە ریزت رولە ی رە سە نی
کوردو کوردستانیت هە میشە ماموستا بە هوش وبیری کودایە تی بە بخشان و بە نوسین
قوتابخانە یە ک بویت بو ناشتنی کیانی کوردایە تی و ئازادیخوازی رزکاری لە کیان و هە
ستی نە ئە وە کە ماندا بو سە ر بە خویی

Sherzad Mahmood خوشە ویستی نیشتمان و دلسوزیت بو خاك و گە ل هە وینی
دروستکردنی ئە و تابلو شیرینە ن کە تام و بونی هە نگوینی قە ندیل ی لی دیت
ماموستای پایە بلند دلنیام گەر لیت بپرسن دە لیی دە بوایە جوانترم بنوسیایە چونکە تو لە وە
سفی جوانی کوردستان هە رگیز دلت تیرناخوات
بمینیت و سوپاس بو ماندوو بونت
سوپاس بو ئە وە ی هە میشە خە ندە ی شادی دە خە یتە سە رلیوان و لە گە ل خویندنە وە ی
هە ر بە رهە میکتا دنییایە ك بە خنە وە ریمان دە دە یتی



**Arif Kerim** دەستخۆش ماموستا گیان ، عیشق بۆنیشتمان بۆ سروشتەکەی بۆ جوانیەکەی ، ئەو هۆنراوە قەشەنگ و جوانە بە دووی خۆیدا دێنێ کە لەگەڵ ئەهاردا دەست دەکەنە ملی یەک وتابلۆیەکی زێرین پێشکەش دەکەن ، دەست و خامەت ڕەنگینبێت ، هەر خاس و تەمەندرێژبیت.

**Awat Marouf** تابلوی بەهاری کوردستان،دارێژراو بەپیت و ووشەی هەمەرەنگ ،جوانی بەخش،سەرنج ڕاکێش،دەریایەکی بێ سنوور لەخۆشەویستی بۆ باوەشی نیشتمانی دایک،لێرەدا گەر بەراوردێک بکرێت لەگەڵ هۆنراوەکەی عبداللە گۆران/ گەشتێک بۆ هەورامان،ماموستا زۆر زۆر سەرکەوتوانە، دەوڵەمەند تر لە دەستەواژە کەخەیاڵی ڕازانەوەی کوردستان بە بووکێک کەسەرتاپا بەگوڵی جوان وهەمەرەنگ باڵاپۆشی کردووە،دەرئەنجام ئەو تابلۆ جوان وقەشەنگەی لێ پەیدابووە،جێگەی خۆیەتی کە نوسەرانی کورد یان وەزارەتی ڕۆشنبیری ئەم کەڵە شاعیر ونوسەر و کوردپەروەرە بەسەرکاتەوە،هەر بژی ماموستا گیان لەش ساغ و تەمەن درێژ بیت،جێگەی خۆشحاڵی وشانازیە بۆ من کەبەڕێزتانم ناسی و ئاشنای هەندێ لەبەرهەمەکانت،کە هەفتانە بەدیاری پێشکەشمانی دەکەیت

**Delair Rashid** هەزاران سڵاو ڕێزم بۆ ماموستاو هاوبیری خۆشەویست و بیر تیژوو خامە زێرین ،پارچەیەکی تر لە هۆنراوە ڕازاوەکانی کە ددرەوشێنە وەک مرواری دەچنە ناوبیرو هەستی خوێندەوارانیەوە ،بەهاری کوردستان هەست و بیرمی لەم دوور لە کوردستانەوە بردمیەوە بۆ باوەشی کوردستان لە بەهاری جوانیدا ،دەستت خۆش هەربژیت بەڕێزم.

---

## هەمو رەسەنێ

لەهەر مەوداو بوارێکا

بەری سروشت، بەری رەنجی هەمو گیانێ

هەیە زەبەن، هەیە دەگمەن
وەکو گوڵزاری بەهاران گەشو ئارا

کەچی جۆری لەپێشتریان

چڵێ گوڵی درێژتەمەن، توخم رەسەن

بەبازاڕی هەرە باوی وڵاتانا، گەلێ گەڕام

نەگونجامو وچانێکم نەدا بێخەم

هەمیشە وێڵو کارابوم، نەسرەوتو بەبێئارام

لەدوی سۆزی کەلاوەکەی وڵاتەکەم

مەلی تینوم  بەرەو دواوە لەباڵیدا، نەنیشتەوە

هەتا کەناری نیشتمان، رەوی یەکتەن

دەنوکی نایە کانیەکەی نزیک گوندی دەمی لاویم

وتی ئۆخەی بەهەشتی جوان، نەوای رەسەن

١٢٧ بینین ٤٨ لێدوان لەوانە:

**Kamal Muhamad** یەک بست خاکی کوردستان ناگۆڕمەوە بە هەموو نیشتمانەکانی ڕووی زەوی لە گەڵ ڕێزم بۆ هەموو نیشتمانەکانی ڕووی زەوی.

**Awat Marouf** گەڕانەوە بۆ خاکی خوا
گەڕانەوە بۆ باوەشی دایکی نیشتمان،خۆزگەیەکە،ئاواتێکە لەبن نایە، ئەگەرچی باڵی غوربەت،چنگی لەئەستەم توند گرتوە،سڵەمایزی ئەسەن بەهێواشی هەنگاو دەنێم،بەم هونراوە جوانەی بەڕێزتان مامۆستا کامیل ژیر،گەڕانەوەیەک،بیرەوەرییەک دەوروژێنی،کەئەشقی خاک ونیشتمان و نەتەوە لە ئامێز دەگرێ،هەر بژێیت بەخۆشی،گەڵێک ڕێز

**Mohammed Shaida** ده سته كانت نه رزي و هه رخوش بي ، منيش اليم : هه ر
جه ند بكه ري ناكه بته اوات---------------- له كوي ده بيني وه كو كوردستان ---------
------ وولاتي ايمه هه ر زيو و زيره ------------------ قه ت له بير ناكه ي او خيرو
بيره ------------- كه ر ره شو رووتبي له كوردستاندا--------------- سه د قات
جاكتر له هي بيكانه -------------- بكه ريره وه بو ناو كوردستان ----------------
هه واي هه لمزه له بري ده رمان -------------- سه يري داويني جياكان كه ---------
--------- سه وزو سور و ال دنيا ببينه --------- ماستي هه ولترو كترو جيلاخه -------
---------- ناني ته نورو به بكه و ته ماته --------------- زور زور جاكتره له هي
بيكانه------------ وه ره وه سه رمال به سه غه ريبي ------------- كه ر به قسه م
نه كه ي هه ر رسوا ده بي-------------- هه ر له دواييشدا به شيمان ده بي ---------

**Mustafa Husian** دەستەکانت ڕەنگین، ئنشاللە..
نیشتمانێک لە گوڵ سەراپا ڕەنگین ...
لەدووری نیشتمان تاڵە ژیین بەماتی ژین ...
ئەگەر بمکوژن ،ئەگەر بمبڕن شەرتە هەر لەئێودا بەسەری بەرم تەمەنی ژین ...

## بۆ کچە کوردێ

گوڵبژێرێکە لەو هۆنراوانەی لەژێر تیرۆری بەئسدا بڵاومکردونەتەوە

بەم گوارە شۆڕەوە، جوانی، نێرگزە جاڕی بەهارە

جاران لادێ، ئێستا گوارە مۆدەی پەریزادی شارە



بەم گوارە شۆڕەوە سەری ئەلەرزێنێو سەری بەرزە

خۆی لەتەل داوە، رازاوە، بوکی جەژنی سەری وەرزە

بەم گوارە شۆڕەوە بەرگی هەموی هەر پولەکە ڕێژە

ورشەی پولەکە تێکەڵی ورشەی ئەگریجەی درێژە



بەم گوارە شۆڕەوە لەشی پەرداغ، دەوری چاوی ڕشتو

بەکلی رەش، برۆ هەرڕەش، پڕو پەیوەست، هەڵنەگرتو

بەم گوارە شۆڕەوە دەستو پێی بەخەنە سورو نەخشە

پانیبەرزی پولەکەچن، بەسەرپێوەی پڕ لەورشە

بەم گوارە شۆڕەوە خشڵی داوە لەخۆی، بەڵام کەمێ

پاوانەی پێو مێخەکبەندو تاکێ بازن، سەرپەچەمێ

بەم گوارە شۆڕەوە ئەڵێ: واتایەکی گەلێ وردم

گوڵی گەشاوەی بەهارم، کچە کوردم، کچە کوردم

بەم گوارە شۆڕەوە ئەڵێ من جوانیەکەم هەرلەشنیە

مرۆڤ تەنیا بەبەرگەوە وێنەی گوڵێکی گەشنیە

بەم گوارە شۆڕەوە ئەڵێ من باوەڕم، من پیرۆزم

من پەیکەری کوردایەتیم، چرۆی داستانی نەورۆزم

بەم گوارە شۆڕە جوانەوە ئەکشێتەوە لەرەش بینی

بزەی دێتو پێئەکەنێ، چاوی پڕە لەگەش بینی



بەم گوارە شۆڕەوە ئەڵێ من ئەوینم بۆکوڕی کورد

بۆ پێشمەرگە هاوبیرەکەم، لاوی ئازای بەدەستوبرد

بەم گوارە شۆڕە جوانەوە ئەڕوا لەسەر نوکی پەنجەی

ئاهەنگێکە، چۆپیی نوێیە بزواندنی لەشو لەنجەی

بەم گوارە شۆڕەوە شایی بەشێوەی شەنگی شاکارە

پێشەوای کۆڕی هەڵپەرکێ، سەرچوپیکێشی ناودارە

بەم گوارە شۆڕەوە ئەڵێ من وەک جوانم نیازیشم پاک

سەرچاوەی بیرو فەلسەفەم خۆماڵیەو کردەوەم چاک

بەم گوارە شۆڕەوە ئەڵێ: لەجوانیدا تاکم نیە

من پەروانەم، بۆروناکی لەمردنیش باکم نیە

بەم گوارە شۆڕەوە نیگا بەچوار لادا ئەپرژێنێ

دڵی دژ دائەخورپێنێ، رەنگی دڵداری ئەڕژێنێ

بەم گوارە شۆڕەوە ئەڵێ: لەوەش زیاتر، خۆشم دیلم

بەڵام شادم چونکە بەهەست کچە کوردی وریاو ژیرم

بەم گوارە شۆڕەوە ئەڵێ هەرچەن لەسەر ڕوی ئەم ئەرزە

لەسەر خاکێک ئەژیم پێشێل، بێ دروشمەو بەبێ مەرزە

بەم گوارە شۆڕەوە ئەڵێ: کەمن هەستم هەبێو نەمرێ

ڕۆژێ ئەبێ داری ئێمەش بەری ڕەنجو گەنجی بگرێ

بەم گوارە شۆڕەوە ئەی جوان، ئەی کچەکورد، ئەی شۆخوشەنگ

بەقوربانی بەری پێتبێ هەزار سەری بۆشو دەبەنگ

*لەگۆڤاری نوسەری کورد ژمارە 3 و دیوانی جوانی ١٩٨٣ بڵاومکردەوە! *وێنەکان تازەن

١٠١ بینین ٣٦ لێدوان لەوانە :


Awat Marouf هونراوەیەک،وەک چەپکەگوڵێکی هەمەڕەنگ،بۆن خۆش،ئەشنەی ژیانێکی پڕ خۆشەویستی،دەوڵەمەند لە دەستەواژەی جوان،کەشیاوی ئەو نازیزە بێت،لەڕووی بەراوردکردن لەگەڵ ئەو هونراوە کلاسیکیەی گۆران
کلاولار، گوورجی کەو ڕەفتار، ئەزەر ناکەی ئەڕوی ئوغر
لەتیری ناهی ناکامیم حەزەرناکەی ئەڕوی ئوغر
ئەوەی سەرنج ڕاکێشە هونیار ڕووی دەمی دەکاتە یار ،بەم گوارەشورەوە دەست پێدەکات و ئەیێزوێنێ،دواتر جوانیەکەی بۆ دنیا ئاشکرا دەکا،سەلیقەیەکی بێ وێنە لەسەرەتای هونراوەکەدا بەیەک ڕستە دوو گروپ ئەدوێنێ،زۆر دەگمەن بەرچاوم کەوتوە،هیوای تەمەن درێژی وتەندروستێکی باشت بۆ دەخوازم،دەبێ ئەوانەی زمانی کوردی بەلاواز دەزانن، دەست ئەدانی بۆ خوێندن لەزانکۆدا،بابێن گووزەرێک بەناو بەرهەمەکانی بەڕێزتاندا بکا،ئەوسا بزانین چیان پێ یە،خامەڕەنگین بیت،گەلێک ڕێز
Arif Kerim دەستخۆش ماموستا گیان بۆ ئەو وصفە جوانەی هەست دەبزوێنێ و بە وشەی پڕلەماناا ڕازاندوتەتەوە.هەر لەش ساخ و تەمەندرێژ بیت بۆ دارشتنی ئەم هونراوانە .
Pshko Amin دەست خۆش هونراوەیەک جوان هیوا هێنەرو هاندەر بۆ کۆڵنەدان و خەبات تابەدیهێنانی ئامانج و لەپێناویدا خەبات دژی ژێر دەستی و نەترسان لە مردن تەندروست تەمەن درێژبیت

---

## مەتەڵۆک

پەیڤێک بۆنامەی ١٢٥ نوسەرە ئیراکچیە پێشکەوتنخوازە ئێکسپایەرەکان

دنیایەکی زۆر سەیرە

هەرچی باڵیبێ تەیرە !

گورگەو لە پێستی مەڕە

مەڕ ئارەزوی لەشەڕە !

زین لەپشتی  سەگایە

پاشای بێشەڵان: گایە !

شێر بەفێڵی پشیلە

ئاژەڵێکی زەلیلە

خەڵکانێ گوایە نوسەر

رەحمەت لەباپیری کەر!

بەناو جۆگەدا ئەڕۆن

لەهەردولاوە ئەخۆن

ئەسکوێی قازانو دیزەن

چەنجەمسەرو چەنچیزەن

قەڵەموەشێن خۆیانن

دۆنکیشۆتی مەیدانن

وائەزانن خامەیان

شمشێرەو تیروکەوان !

گەرچی ئیکسپایەرن

زڕە داری بێبەرن

ئەزانن گۆشتی سەرشان

لەکوێوە دێتە ژێر دان

دوگی چەوری کەمینە

بۆ پێخۆری زۆرینە

لایان راستو رەوانە

ماف بۆ بێ ماف تاوانە !

لێدەن هەلەو لەبارە

کێشکردنی دۆلارە !

پرۆلیتێری هەژار

بو بەخاوەنی تەلار

هاوڕێیانی چەوساوە!

سەرم لێیان سوڕماوە

جوتیان بەوەرزی باران

ئاشیان لەمەرزی شاران

باش هەڵکا، کۆستەکۆستە

هەرچی خاوەنی پۆستە

بۆیهەڵدێ تا گوندەڕەش

ئەو خەڵکەش بەسەری هەش

سەیرەو سەیرو سەمەرە

چ رۆژێکەو چ دەورە !

نوسەرانی دوامۆدێل

لایانوایە خەڵکی گێل

ئێستەش هەروائەزانن

گوڕنەتەڵەی جارانن

ئەلێن مرۆڤپەروەرین

نوێ بیرو تێکۆشەرین!

وەکو خەڵکی: نەزانن

ڕوەکی کام بێستانن

بێستانێکی بێبەرهەم

لەهیچ پڕو لەبەر کەم

وەک سەگی کونەماسی

لەجرتاوایە پاسی!

لێرە پڕو وڕو کاس

لەڕێی خوادا لەوێ پاس!

ئاوا ئەو پیاوچاکانە!

پەرۆشن بۆبێگانە

بۆ (داهات و بەراتیان

بۆ یەکێتیی وڵاتیان!)*

نەبا درزێ بهێنێ

بێ ماف مافی بسێنێ

وەکو نۆکەر ئاغابێ

ئاغاش کۆیلەو گەدابێ!

بەڵێ هەروەکو شاخێ

ژانگرتنی لەداخێ

بەهەزار هەیتوهاوار

مشکێکیان لێکەوتە خوار!

دەک دارِزێ خامەتان

بۆخۆتانو نامەتان

مەتەڵ مەتەڵ مەتیزە

کەرو بارو نەقیزە

مەتەڵ خەوشو دژوارە

ناوێکە بۆجلخوارە

مەتەڵ سوکە بۆ وردبین

یەک زاراوەی ناشیرین ؟

---

*یەکێتیی وڵاتی داگیرکەر!

فەرهەنگۆک:

ئەسکوێ: کەوچک.

قازان: مەنجەڵ.

گوڕنەتەڵە: لەسەرگورشتەدا ئەو منداڵەی دێویش ئەخەڵەتێنێ

کۆستەکۆستە: تێکدانەوەی یاری.

کونەماسیو جرتاوا: دو گوندبون لەپاریزگای سلیمانی. سەگێ لەکونەماسی بەڕۆژ ئەیخوارد، بەشەو لەجرتاوە پاسیئەکرد!

نەقیزە: ئەو دارەی بزمارێکی بەسەرەوەیەو ئەیچەقێنن بە سمتی کەردا.

جلخوار: کوردە بێگانەخوازەکان.

سەرنج: ئەو نوسەرە جلخوارانەی ئەمڕۆ کە خۆیان وا پیشانئەدەن پێشکەوتنخوازی ئەم سەردەمەنو ئیراکچێتییەکەیان داهێنانێکی تازەیە لەچەرخی بیستو یەکدا، با ئاوڕێک لەنوسەرە کوردەکانی رۆژنامەی روزەردی (ژیانەوە) بدەنەوە کە لەبیستەکانی سەدەیەک پێش ئەمڕۆ لەسلێمانی

بەکوردی دەرئەچو لەلایەن ئنگلیزەوە دژی شۆڕشەکانی شێخ مەحمودو دەهۆڵی بۆ ئیراکچێتی لێئەداو هەوڵی سڕینەوەی خواستی سەبەخۆیی کوردستانی ئەدا!. ئەو هەوڵەش وایکرد هۆنیارێکی وەک زێوەر کە ئەیوت: (خورمای خۆت بۆخۆت مێوژم بۆخۆم- لەکوم دینوکوم ولی دینی) دوایی بڵێ (ئەی عێراق ئەی عێراقم ئەی نوری چاوان- چەن جوانی لەئەرزدا بویتە گوڵشەنمان) هەروەها فایەق بێکەس لە (داری ئازادی بەخوێن ئاو نەدرێ قەت بەرناگرێ- سەربەخۆیی بێ فیداکاری ئەبەد سەرناگرێ)وە، بڵێ (دۆستیی کوردو عەرەب زۆر کۆنە تەئریخ شایەتە- ناحەزی روڕەش لەداخا با یەخەی خۆی دادڕێ). هەروەها کۆمەڵەی مارکسی لنینی و ئاڵای شۆڕش، کار لەسەر عێراقچێتی بکەن.

کەواتە ئێراکچێتییەکەی جلخوارانی ئەم چەرخە، هەمان ئەوەی جلخوارانی چەرخی پێشووەو ئەمڕۆ نوسەرە پێشکەوتنخوازە ئێکسپایەرەکان کاوێژی ئەکەنەوە، نەک فەلسەفەو داهێنانێکی تازە!.

وەرگێڕانی هۆنراوەکە بۆئنگلیزی:

Puzzle: A Word for the Letter of the Expired
1-Progressives

It’s a funny old world،

Anything with wings on is a bird

It’s a wolf in sheep’s clothing،

And the sheep is spoiling for a fight!

The saddle is bestride the dog،

The king of the jungle is the bull!

The lion adopting a cat’s tricks
Is a pathetic animal
،People supposedly writers
2-Jack ass’s grandpa rest in peace!
They wade along the stream so that
They can eat from both sides
They are ladles for both pots and pants
They have contacts in high places
Pen pushers claiming to be men of letters
Don Quixote in the arena
They think their pen is as mighty as
!arch and arrow ،Their Sword

Although they’ve expired as
،They are dud fruitless trees
3-they know where the shoulder meat ،Yet
Falls between the teeth
The rich fat of the minority to feed the majority
For them it’s right and proper
!But rights for the deprived are improper

!It’s like the gold rush in minting it in dollars

The poor proletariat now owns a villa

!As for the oppressed comrades

bewitched and bewildered about ،I am amazed them

Their ploughing is in the monsoon season

Their water mills are suburban

Spoil sports abandon play when the wind blows

4-Any holder of a post retreats to the black village

!who gives a damn ،As for these people

funny and absurd ،It’s strange

!what role reversals ،What times they’re

The latest cohorts of creative writers imagine

As if simple-minded people still don’t know them as charlatans

They say they respect human rights

!They say they are novae thinkers and activists

which side of the bread is ،As if people don’t know buttered

full of nothing and of little crop ،An orchard fruitless

،5 village-Like the one from Kunemasi
،Whose concerns are in Jirtawa village
They dine in the former and
!Do guard duty in the latter for charity
These reverend men are so much fond of foreigners
For their products and services
For the unity of their country lest it ruptures
And the deprived gain their rights
Like a servant becoming a lord
And the lord becoming a beggar
agonise ،you're like a cliff ،Yes
،With a lot of toil and labour pains
They delivered a mouse
!Shame on you! Damn your pen
!Damn you! Damn your letter
it's ،The puzzle is impure
payload and pointed stick ،Jackass
The puzzle is disgraceful and disgusting

It’s a name for a Kurdish Turkophile

The puzzle is easy for the pedantic

6-One unpleasant term?

:Notes

-1 A poem in the form of a satirical puzzle lampooning the letter titled The People Are Our Last Stronghold issued in Arabic on 27th November 2011 by 125 prominent Iraqi intellectuals، including ethnic Kurds and politicians.

-2 derisory use of idiom، which is translated in situ

-3 Idiom literally translated

Literal translation of black village، which is used as a euphemism for two villages near the Iranian-Iraqi border، one of them called Qasima Rash located near the Sulaimani-Iranian border and the other one called Shiwa Rash، located on Erbil-Iran border. During attacks by Iraqi army on Kurdistan the officials of KDP and PUK fled to those two villages and the Baghdad regime took retaliation on the civilian people in the cities.

-4 A local Suleimani regional saying literally meaning it’s the watchdog from Kunemasi keeping watch in Jirtawa. It’s a metaphor for someone، something who interferes in، which doesn’t concern him or her. The poet uses the

which is about the worst ،one(thing) instead of dog the critique is ،form of insult to Muslims. However which is ،clear in the use of other vocabulary acceptable in popular Kurdish culture. The use of social class terminology is also significant. The poet ،except for place names ،doesn’t name any names .which act as euphemisms for proper names

The intended answer to the puzzle is the -5 where chi is a Turkish ،portmanteau word Iraqchi which transforms nouns into occupations. ،suffix who prioritise ،Here it’s used to label those Kurds Iraq above Kurdistan. Kurdish Turkophile is a euphemism of its literal translation of

.crookedly clothed

Kurdish (Sorani) poem by Mr Kamil Zheer

Translated by M T Ali (MCIL) ١٢٣ بینین ٦٩ لێدوان لەوانە:



**Kamal Sharif** دە ستە کانت خوش ماموستا کامیل، من تە نها تە وە ندە تە ئیم بلَیّ ی تە و خامە فروش و ڕیسوا و نە زان و دواکە وتوی دە نگی دە هوَل و زورنا ی بیانی، ئیستا ها تینتە وە هوش خو یان، یا هە ر لە زە لکاوی گە ندە لی دا بو دە سکە و تی هە ل پە رستی وان لە تە پ و تل دا.

**Awat Marouf** لەگوشەنیگایەکی لنگەوقووچەوە ئەم کولکە نوسەر و جاش قەلەمانە دەروانتە ئەم دوخە،کەلە ڕاستیدا تووشی نیتەلای دەماخ بوون،پەڕە و کاغەز بەشیان ناکات،زۆر دەلێن،بەلام وەک ئەوە وایە هیچیان نەوتبێت،ترجیع بەندەکانی بەرێزتان نموونەی زۆری تێدا بەدی دەکرێت،هونراوەکەی گەلێک بەڕێزکردوە،ئەوەش ڕەنگدانەوەی بەرزی تێگەیشتن وشارەزایەکی پڕ ئەزموون دەخاتە بەر دەم خوێنەر،من بەش بەحالی خوم باوەڕم بە ئیراقچێتی نیە،ئەو برایەتیەی کە هەندێ بەرپرسی بالای هەرێم چ لەڕابردوو ئەگەر ئێستاشی لەگەلدا بێت،دەهولکوتینی بو دەکەن،لای من تەنها ئەو برایەتیە بەشێری قوتووە،هوکار چیە؟
ئەم وولاتە ڕۆژئاوایانە سەرەتا بەچەند قوناغی مێژوویدا تێپەڕیون،وەک گردبوونەوە و دواتر بەرەو قوناغی کومەلگەیەکی ئازاد هەنگاویان ناوە،دواتر بەرەو دەولەت بنیات نان،لەقەوارەی دامو دەزگا کە بەیاسا ڕێکخراوە،ئەم وولاتانەیان دروستکردوە،بەراورد بە ڕوژهەلاتی ناوەڕاست،کەوولاتانی داگیرکەر لەسەرەتای چەرخی بیست، لەم ناوچەیە،پێچەوانەکەیان پێرەو کرد،بەساتای هاتن وولاتێکیان دروستکرد وەک ئێراق،چەند تیرە و ئاینزایەکی جیاوازیان تێخست،کەهیچ بنەمایەکی یەکبوونی ئازادی لەخو گرتبێت،کەدان و ناویان پێکەوەناکولێت لەم قەوارەیەدا دانا ئابزانن چ دەرئەنجامێکی هەیەسروشتیە: قین، توندوتیژی،خوێن ڕشتن و گەندەلی لێدەکەوێتەوە،هەر بویە دەبێت کورد بەرەو کومەلگەیەکی ئازاد کەبەرژەوەندی و مافەکانیانی تێدا بەرجەستە ببێت وبەرەو دەولەت هەنگاو بنێت،لەگەل ڕێزی بی پایانم قبول بفەرموون

**Arif Kerim** دەست خوش ماموستا گیان ، ئێمە ئەو کاتە ڕزگارمان دەبێ لە جلخوار و قەلەم فروش و نووسەری مشەخور کە ئازادی و دیموکراتی و یەکسانی بالی کێشابێت بەسەر ئاسمانی کوردستاندا و ئەمەش ڕوونادات هەتا ئەقلی خێلەکی و کونەپەرستی و وابەستەیی دەسەلاتی لە دەستدا بێت ، تەمەندرێژ و سەرکەوتوو بیت ماموستا گیان .

---

## پێنوسو ویژدان

پورەهەنگێکی ناو دارستانێ بەباڵ ئەفڕین

بۆ مژینی گوڵ، بۆ تامی خۆشی خۆراکی شیرین

تیایاناهەبو بزرئەبونو سەریاندائەنا لەوپێناوەدا

بۆپاراستنی شانەو لانەیان، بەدژیانەوە، شێرانە ئەدا

نمونەی بەرزی کارامەیتیو یاساو رژێمو لەخۆبوردنبون

بۆهەرچی تامی شیرینی هەیە بەخەندەو بزەی لێوەوە ئەچون

کەچی مرۆڤێ کۆڵێ شیرینیی لەسەر کاغەزێ بڵاوکردەوە

پورەهەنگەکە نەچون بەلایا، بەکۆمەڵ خۆیان لێئەشاردەوە

ئەیانوت نەبا جێگەپێو دەسمان لەهاتوچۆدا بەسەر کاغەزا

بە بێچەوانە رەنگبداتەوە

وەکو پێنوسی هەندێ مرۆڤی ئەودیوی ویژدان، لەسەنگو نرخی

پورەهەنگیمان کەمبکاتەوە!

١٠٦ بینین ٤٩ لێدوان لەوانە:


کمال شیخ عبدالرحمن پاش رێزوسلاوی گە رم .......بێگومان هونراوە کانت ..پر لە هە ست و پە یامە .....بە وێنە ی هە نگو هە نگوین .....بە ری بیروکوشش و ....پاکی و راستی و ،سە نگینی خە باتی .......حە ق خوازانە....دووبارە دە ستوبەنجەت هە رخوش بی... هونراوە کانت.زورسە رنجم رادە کێشێ..چێژی زورلێ دەبینم .نامووزای گە ورە و رێزدارمان .رێزم هە یە لە خزمە تتدا مامۆستای ژیروبیرمەند کاک شیخ کامیل.

Kamal Muhamad پوورە هەنگ...کورد،هەنگی رۆیشتوو
بۆشیلە...پێشمەرگە،هەنگی بزربوو...پێشمەرگەی گیانبەخش،شیلە...سەربەخۆیی،ئەوانیتر پرخلەوات.ئایا لە مەبەست گەیشتووم؟

MamTaha Pasok سڵاو لەجوانی شیعر خوزگە هەندێ لەسانەی ئێمەش وەک ئەو هەنگانە کلتورو نەریتی کوردانەی کوردیان ئەپاراست نەئەبوونە کویلەی کلتورو نەریتی بێگانەی خواستراو
سڵاو لەمامۆستا لەکۆپلەیەک دا بیری نەتەوەیی کوردی پێمان بەخشیوە. خودا بۆمانی بهێڵێ

Awat Marouf هونراوەیەک،وەک ملوانەیەک لە هەڵالە گوڵی هەمەجۆر و رەنگاورەنگ،نموونەیەکی زۆر جوان،کە هەنگ خەسڵەتمەندیەکی تایبەتی هەیە کە لەزمانی ئەڵمانی پێیدەڵێن(Bienen-Volk,Bienen-Staat)بەمانای گەلەهەنگ،دەوڵەتە هەنگ،گەلە هەنگی مێ کە بەکرێکار دەست نیشان کراوە بەرپرسی کوکردنەوەی شیلەی گوڵ و هەڵالە و دروستکردنی خواردنی شاژنGELEE ROYALنێرەکانی هەنگ دوای جووت بوونی لەگەڵ شاژن دەردەکرێنە دەرەوە،دواتر شاژنQueenigen,پاپەتەکە رەنگە نەکرێت لەم پانتایەدا،جێگەی بێتەوە،دووبارە دەستخۆش،خامەرەنگین بێت مامۆستا ژیر

## ئامۆژگارییەک بۆپێنوسە چەواشەکارەکان

ئەی پێنوسەکان: ئێوە زوربەتان

ساڵەهای ساڵە لەدەرگای ماڵی ئەموئەو ئەدەن!

نەخێرەومەنێ دەرگای واڵاکرد

نەکەسێ پرسیی: لەسەر گۆی زەوی ئایا ئێوە هەن!؟

هەر لەبەربورە بیرێکی کۆنی بەچاووڕاوو بەزەبری ئاگر

سەپێندراوی ناو چوار دیواری هەندەرانی دور

لەئێمەتانکرد بەڕۆژی تازەی پاڵەو سەپانو لانەوازانو

بەچارەنوسی ئەنجامی مێژوی مرۆڤی ڕوسور!

لەهەردو وەردی بەبێ ژێرخانو بەبێ سەرخانی زەویی ئێمەدا

لەبتی نەبو، بەڕیزە بتی درۆتان چەقان!

بەخەیاڵی خاو، بۆڕوخاندنی ئەو بتخانەیە، لەتەمومژو

لەتاریکیدا، هەزاران تۆپی وشەتان تەقان!

لەبازاڕێکی بەبێ موغازەو بەبێ ئامێری بەرهەمی زۆرو

بێ بانکی پارەو بێ سکەو زێرو بەبێ سەرمایە

شەڕی دوچینی نەبوتان گڕدا!

لەو پێناوەدا، بێ پرسینەوە، بەشێکی زۆری هێزو وزەتان

لەکێشە گەورەی نابوتو دارا، لەبیرو لەشو بازوی خۆتانو

بازوی نەتەوە، داتاشیو بڕدا!

لەگڵی دورا چارەتان ئەدی! بەبێ بایەخی لەخاکی خۆتان
وردئەبونەوە!
جگەرگۆشەتان ئەکرد بەقوربان ئافەرینێکی باوەکوشتەتان
بێ پیاچونەوە!
ئەی پێنوسەکان: ئێوە ئەوانەی بونە کۆسپی ڕێ، هەڵتان لەکیسی
خاوەن کێشەدا
بەدوی کڵاوی بابردوتانا وێڵو بزربون، سەردەمێ ژیان
لەئەندێشەدا!
ئێوە ئەوانەی لەچاڵی بیری تەنگەبەرتانا، ئێستاکە تاسی
ڕەنجی بێوەریو نابەکامێتی ئەتانباتەوە..
دوای ڕەوینەوەی تەمومژ لەسەر کانیو سەرچاوەی ئەو ئاوە لێڵە
ئیتر با ویژدان، ئیتر با ئاوەز کۆتانکاتەوە.
ئەی پێنوسەکان: لێتان نەبێتە کوردەناموسی، وەرن پێکەوە
لەگەڵ ئێمەدا، ئەو تۆزە ڕەنگەی تیاتانا ماوە.
بیکەین بە نەخشەی کێشەی سەرەکیی ئەو خاکوخۆڵو
ئاووهەوایەی، بوەو نەبویان، لەپێشبڕکێدا، کەوتونەدواوە!
ئەی پێنوسەکان، زیان لەنیوەی، ئیتر بابەسبێ بێگانەویستن
تۆزێ شەرمکەن، وەرنەوە هۆشو لەو زڕەخەوە رابنوهەستن
گەردەلولی دژ، لەنێوان سورو مۆرو سەزو زەرد، جیاوازی ناکا
بوارێ نادا بە ریش درێژیش بۆ هێنانەوەی مێزەری راکا !

ئامانج لەلای ئەو، بەپاپێلانو بەنەخشەڕێگەو تەگبیری وردە

زەویی سوتاوو شاری کاولو قەلاچۆی هەمو رەگەزی کوردە !

١٠٠ بینین ٥٠ لێدوان لەوانە:


Delair Rashid هەربژیت بە سەربەرزی تەندروستی باش مامۆستای خاوەن بیری پاک و پێنوس زێرینی پاک کە بەردەوامی لەهوڵی راست ووتن دایە لە بۆ چاک کردنەوەی لادەرەکان وەکو ئێرەدا داوا لەو پێنوسانەدەکا کە کلپەی بیری نەتەوایەتیان لەبیر دەکەن لە پێناوی کاری تایبەتی و خاتری کەسانی تر بەداخەوە .جارێک و هەزاران جار دەست خوش بو مامۆستای خوشەویستم وبەڕێزم

Arif Kerim دەستخوش مامۆستای بەڕێزیو ئەو هونراوەیەی پەندو دەرس و عیبرەت دەبەخشێ وئەو جورە بووسەرانە دەتاسێنێ .

Kamal Muhamad ئەو پێنووسە چەواشەکارانە پەیوەندی بەخۆیەکەمزانینەوە هەیە کلپەی هەستی نەتەوایەتی ئەیانسڕێتەوە.

Kamal Sharif دە ست خوش مامۆستا ژیر،زۆر جار گە لە کە مان دە ستی براوە و خە لە تێنراوە لە لایە ن زلهێزانی جیهانە وە لە پێناوی پە رژە وە ندی خویان دا، نە تە وە کە شمان مایە پوچ دە رچوە. بە لام نە وە ی جێ ی داخی گە ورە پە دوژمنی ناو خۆیە، کە جارێک بە ناوی ئاین و جا رێک بە ناوی بیر و ڕای ئێو نە تە وە یی و بە کسانی وکە ڕە تێکیش بە ناوی نیشتمان پە روە ری پێشکە وتنخواز نە م گە لە یان چە واشە کردوە بە لام لە ڕاستی دا هە مو یان لە خالێک دا کو بون کە نە ویش نە زانی و پە ند وە رنە گرتن لە لایە ک،چڵکاو خوری و نوکە ری وهە لپە رستی لە لایە کی ترە وە،کە نە وانە ش لە سودی خاوە ن پە رژە وە ندیە جیهانیە کان و ڕژێمە کانی نە تە وە سە ر دە ستە کانی کوردستانیان بە سە ردا دابە شکراودایە. زۆر لە و خاوە ن پێنوسە سواوانە کە خویان بە خوێندە وارو نیشتمان پە روە ر نمایش نە کە ن ،نە ری ڕوژێک هاتن و لە خویان پرسی نە وە بوچی نە تە وە کە یان لە سە ر خاکی باپیرانی خوی بە ئازادی ئاژی وقە وارە یە کی سە ر بە خوی خوی نیە!!! بە کردە وە یاندا دیارە کە متش میوانیان نیە و تە نها نوقمی گە مژە یی و لە خە می گیرفانیان دان. بویە پێویستە نە وانە ی بە ڕاستی ڕوناکبیرن و لە خە می نە تە وە دان دە ستە نە ژنو دا نە نیشن،بگرە لە هە وڵیکی یە کگرتودا کاریان چرکە نە وە بە هە رشێوازێک بویان نە کری بێ گوێدانە جیاوازی بیرو ڕاو ناوچە و شوێن جا لە نێو وڵات یا لە هە ر جێ یە کی نیشتە جێ بون یا ئاراوگە و دە ر بە دە ربون .

## دۆزەخی ئەوین

بێ سزا، سۆزێ لەکێ من چاوەڕێکەم بۆ دڵم
بێ بڕینێ، نەونەمامی بێ بەرێکو بێ گوڵم
هەرچەنێ تۆ بمتەرێنی، نابەچارم دێمەوە
بۆ ئەوەی دوبارە دەستێکی خەفەتبی پێمەوە
بێ پەژارەی دۆزەخێکی تێشکانێ، یا دەسێ
بایەخی نابێ بەهەشتی ڕوکەشێکی ناکەسێ
تا پەتی گەردن لەدەستا ڕابکێشی بێ پشو
دێتە کۆتا ئەو بوارەی وا لەبەینا زوبەزو
ئەم ئەوینە تانەسوتێ، تانەبێتە خۆڵەمێش
جۆشی نایەت، خاوەکاری، خۆبەخۆ ناچێتە پێش
من ئەبێ پەندێ لەدۆزی دابڕانێ وەرگرم
واپەپولە خۆی ئەسوتێنێ بەئاهی پڕگڕم
بۆ گەیشتن، چونە ئاخۆ؟ یا نەچونو دابڕان؟
چونە، گەر یاخود نەچونە، چونە چاری لێبڕان
بۆبەرەو کورەی ئەوینی ئاگرینی ڕابەرم
بۆنەچم؟ با تیابچم، خۆمن مریدی باوەڕم
بێ هەبونی باوەڕێ بەو خاکە پاکەی دولبەرم
تیاڕوا، وەک لالەزارێ ، ئاژەڵێکی بێ سەرم

بابسوتێم، بۆنەسوتێم؟ چاوەڕێکەم تاکوکەی؟!

من نەسوتێم، کێ ببێتە مەشخەڵێکی ڕێگەکەی؟

دەی بەڕێزم مەرگەساتی ناوبڵێسەی ئاگرێ

تا بەدوایا ئاوڕێکو چاوی سۆزو خاترێ

دەستوبردێ، کوشتنو لێبوردنێکم تا زوە

کەی بەبێ دۆزەخ، بەهەشتێ، پێڕەوێکی خوابوە؟!

١٦٧ بینین ١٠٥ لێدوان لەوانە:

**Mohammed Shaida** ده سته كانت هه ر به رده وام بي بو نوسيني هه لبه ست بو عه شق و عاشق بو لاوه كلوله كان كه تامي عه شقيان نه كردوه به خه يال نه بيت ، شعري عه شق وعاشق روحه ده رونت او اداث ، هيزه به ره و بيشه وه ادبات ، جوانيه و ره ونه قه دلي عاشقان روناك اكات ، عه قل و هوشه ته مه نت بيي زياد اكات ، خوزكه مان به و زه مانه ي كه له درزي ده ركاوه دنيامان ده بيني و زيانمان له سه ر هه لده جني .

**Awat Marouf** ملوانكەيەك لە دوڕ و مرواری،شاکارێکی نایاب،کەهەڵقوڵاوی هەستی ناسکی هونیارێکە،کە گوزەرێک بە دۆزەخی ئەویندا دەکات،وەک پەروانەیەکی باڵ سووتاو بە دەوری مۆمدا، بۆ ئەم پرسیارە: ئەم وەڵامەم دەستکەوت (پرسیم لەرۆحی پاکی پەروانە
بۆ جەستەت هێندە تینووی سوتانە
پێی ووتم عاشقی قوربانی دەوێ
شایستەی ئاگر، لەخۆبەردانە)
پەیوەست بە ووتەی تۆلستۆی: بێ خۆشەویستی ژیان ئاسان و ساکارە، بەڵام بێ مانایە، دژ بەم بۆچوونە فەیلەسوف و بیرمەندی فەرەنسی ژان پۆڵ سارتەر لەم چوارچێوەیەدا دەڵێ:
عیشق عەبقەریەتی مرۆڤی هەژارە،هەرچۆنێک بێت،من وای دەبینم خۆشەویستی جگە لەبابەخداێکی بێبەرامبەر شتێکی دی نیە،ڕاستە تاڵە بەس دەینۆشم،ئەگەرچی نازاربەخش پشە

**Ali Ahmed Hamza** خواى گه وره بتپا ريزت دوور بيت له هه موو نا خو شيه ك من تير نابم له خويندنه وه ى ئه م ديا ريه به نرخه كه چاوم پر ئه كات له فرميسك ! ئه وه نده ده يخوينمه وه هه تا له به رى ئه كه م

---

## هەنجیر

لەم وەرزی گوڕو گوژمەی هەنجیرەدا، ئەبێ ئەم تەنیا دەنکە هەنجیرە کوردییەی نمونەی باخی بەهەشت، چ کاریگەرییەکی هەبێ لەسەر بەندەو هاوڕێیانی خۆشەویست!؟:

من وای ئەبینم، سوێندەکەی یەزدان، کە بەهەنجیرە

مەبەس لەتۆبێ، نەک لەدرەختێ

کەی هەنجیر وەکو، تۆی شۆخی شاکار، لەناسکێتیو

لەشیرینیدا، هێناویە بەختێ!؟

ئەی فریشتەکە، بەو سەروقژەی کە گەڵای هەنجیر

لەئاستی بەرزیا شەرمەزارێتی

نە داری هەنجیر، نە لقی زەیتون، نە کێوی سینین

ناگەنە ڕێژەی جوانیی تۆ نەختێ

بەڵێ شۆخەکە، بەو دەمولێوەی هەنگوینی شانە

تاڵە لەچاویا، تا تۆ وەستابی

درەختی دنیا، لەپێشبڕکێدا بۆ تاجی جوانی

پێیان ناخەنە بەرزایی تەختێ

بریا هەنجیری ئاوەها دەگمەن لەسای بەهاری

گوڕو هەڵچونا بەری بدایە

نەک لەپایزی دوایی تەمەنی منی دوچاری

کێشە ئاڵۆزو ڕۆژانی سەختێ

تۆبڵێی ئەمڕۆ لەبەهاتیمبێ واخۆم ئەبینم

لەگۆنای دەنکێ هەنجیری ئاڵا!؟

ئەشێ وەهابێ، وا بەختەکەی من، لەڕاگوزارا

بەدوای سەبردا، ئەهێنێ جەختێ!

ئەی پەریشێوە، سوێندم بەهەنجیر، نەک بەدارەکەی

یا گەڵاو چڵو گوڵو بەرهەمی

سەرنجی ئەوین بدەی لەهەرکەس، سەرەمەرگیبێ

ئەبێتە پیکی ئاسنو ڕەختێ!

سوێندم بەهەنجیر، خۆری نیگایەک بکەی بەهێڵی

پەلکەزێرینەی چلەی زستانم

کۆتایی دێنێت بەهەمو باری نائومێدیمو

سەهۆڵبەندانو تاوێری شەختێ.

کوردستانەکەم: سڵاو لەدیارت لەگوندو شارت

چیای سەرکەشت، لەزێڕی رەشت

لەهەنجیرەکەی باخی بەهەشتت، کوڕو کیژانی

جەنگاوەرانی زاڵو سەرسەختێ.

نیشتمانەکەم: گەشو باڵابی بۆئەو هەنجیرە

کێبێ تۆی نەوێ بەئاوەدانی

بەسەرفرازیو ئاڵای شەکاوەی سەربەخۆییمان؟

مەگەر بیژییەک، یاخود بەدبەختێ.

١١٦ بینین ٧٠ لێدوان لەوانە:

**A Qadr Shkak** کەلاوەی وەتەن هێندە شیرینە ژەهری دوپشکی عەربەت هەنگوینە .

( حەزرەتی پیرەمێرد )

2019 ئەیلوول 3, سێشەممە لە 8:59 د.ن

**Mohammad Barzy** کاکە گیان تۆی خۆشەویست ئەو درەختە سایە دار و چڕ و پڕ بەرهەمە زۆرەی ، کە ڕەگوڕیشەکان بە ناخی نیشتماندا ڕۆچووە و تا تەمەنتان هەڵبکشێت زیاتر هەنجیری شیرینتر دەگرێت . خوای گەورە تەمەندرێژتان کات ، نای کە ئاوەزرۆی وشە شیرەکانی بەرێزتان و هەنجیرە پڕ شیلەکەی نیشتمانم .

**Baba Ali Allaf** مامۆستای بەڕێز
هەمیشە جوانبێژوهەڵبێژ بێت بەدڵ گەنجیت کوورەی دڵت سپخناخە لەپشکۆ گەشەکانی ئاگرەکەی زەردەشتی کورد بۆیە تا هەناسەتی بەرگەوی سوورو پڕ تینە ، سەیرە هەندێ سەر لێشێواو بڕن با بەسەلا چووان بەرکەنارین ئاخر دڵی کام گەنج ئاوا پڕتین و گەرم و گوڕییە یاخوا لەتەمەنی خوفرۆشان هەڵبگرە و بیخە سەر تەمنی ژیرو ژیرەکانیتر ئازاری جەستە ی ماندوو و پڕئازاری ژیرەکان ببەخشە بەخاکفرۆشان
با بژی پیرەداری پڕ بەرو بەرهەمی کورد هەر گەش وروناک بێ چراکانی تاریکەڕێی کوردستان ژیرو ژیربێژانوپیرەمەندانی کورد

**Abdulqadir Rashan**
Kaaka shexi xoshawist, ba hendi aw hanjeeray xwa swendi pe xwardwa, u ba hendi aw sheereeniyay lewi aw yaaray baast krdwa, honrawakay barezeeshtan henda sheereena. xwa bt hele u baduur beet la hamuu naxoshyak u naaxoshyak.

---

## کوردستانی من

خۆشەویستی کوردستانو کوردایەتی، تەنیا سۆزی روت نیە، بەڵکو بەرەنجامی فەلسەفەی گۆڕانو پێویستی ژیانی کوردەواریشە. کوردستان خۆشەویستی نەتەوەی کوردە، چونکە نیشتمانیەتیو سەرچاوەی ژیانیەتی. کوردایەتیش بۆپاراستنی ئەم نیشتمانەو خۆشگوزەرانی نەتەوەکەیەتی. جا کوردێکی خاوەن بیروباوەڕی کوردایەتی کە ئامادەبێ گیانی خۆی لەم پێناوەدا بەختکا، واتا هۆگری هەمو کونجێکی کوردستانەو دڵسۆزی هەمو

ئەندامێکی کوردە، بۆیە لای وایە هەمو کوردێک چونیەک مافی ژیانی هەیەو نابێ کوردێ کوردێکیتر بچەوسێنێتەوە.

ژیان ئەمڕۆ بزەی تەڕە

بزەی لێوی تێکۆشەرە

بەتێکۆشان کوردستانم

ئازاد ئەکەم، سەرو گیانم

ئەکەم بەپێخۆری خەبات

خەبات بۆکوردو بۆوڵات

چەندە خۆشە بۆقەومو خوێش

بم بە ئاگر، بەخۆڵەمێش

کوردستانم فراوانە

بوکی رازاوەی جیهانە

پەیمانە دوا تنۆکی خوێن

لێرەبێ یاخود لەهەر شوێن

بەقوربانی ئەوی ئەکەم

بۆئەو ئەژیم، سامانەکەم

لەگەڵ گۆشتو ئێسکی لەشم

بۆئەوەو خۆم لێی بێ بەشم

برای کوردی خاوەنی هۆش

تۆ گوێ بگرە لەمژدەی خۆش!

ئەمڕۆ ئەبینم نیشتمان

وەک گوڵاڵەی بەهاری جوان

کوڵمی سورو چاوی گەشە

تومەز بیرێکی بێ خەشە

تیا بڵاوەو ئەڵێ: دەی زو

بۆکوردستانی یەکگرتو

*ساڵی ١٩٦٠ لەدیوانی (کوردایەتی بیروباوەڕمانە - ئامانجی نزیکو دورمانە) بڵاوکراوەتوە.

٩١ بینین ٥٣ لێدوان لە


Kamal Muhamad کورد سێ هەزار ساڵ لە شۆڕشابێ هێندەی دەریاکان خوێنی بەخشیبێ مەیدانی جەنگی بەشوێنی شایی زانیبێ ئاهەنگی گۆڕابێ بۆ ڕۆڵە گیانبەخشەکانی وورەی بەرزبێ بە بەرزی ئاسمان ڕووناکبێن بێ لە تاریکترین شەوەزەنگەکان تینووترین بۆنۆشینی ئاوی ئازادی چۆن ئاگات بە سەربەخۆیی لووتکەی ژیان پێشەنگی مرۆڤایەتی......

Awat Marouf نووسینی ئەم هۆنراوەیە شەست و یەک ساڵ لەمەوبەرە، کە ڕووداو و بۆنە مێژووییەکان کارلێک لە هۆنیار دەکەن،دەبنەبزوێنەری هەست و نەستیان ئەجۆرە هۆنراوانە لەدایک دەبن،کە گوزارشتن لە خۆشەویستی بۆ خاک و نیشتمان، ئەوەی جێگەی ئاماژەیە، مەرج نیە ئەوەی خاکی هەبوو، نیشتمان یشی هەبێت،ئەوەش لەبەرئەوەی کە ئەو دووانە واتە خاک و نیشتمان، دوو چەمکی جیاوازن،هەر یەکەیان مانایەکی تایبەتی بەخۆی هەیە،ئاماژەیەک نین بۆ شتێکی دیاریکراو.
نیشتمان و دایک: نیشتمان هەمیشە دایک نیە،بەڵام دایک هەمیشە نیشتمانە
هەندێک پێیان وایە: ئیستا ( میلش ) یەک لەمن نیشتمان دارتر و ماقدار ترە لەهەرێمی کوردستاندا
دوێنێ ڕۆژی ساڵیادی ٦ ی ئەیلوولی ١٩٣٠، شەڕی بەردەرکی سەرایە،کە ژمارەیەکی زۆر گەنجی شاری سلێمانی دژی دەسەڵاتدارانی ئەوسای عێراق ڕاپەڕین و وەڵامدانەوەیەکی دڕندانە،کە خوێنێکی زۆری تیا ڕژا،ڕەنگدانەوەی لەناخی شاعیرانی ئەو سەردەمە وەک گۆران و بێکەس وحەمدی وقانع و ئەحۆل وپیرەمێرد...هتد
گۆران:


Kamil Zheer سڵاو لەمامۆستای بەڕێز کاکە ئاوات. سوپاس بۆ بەراوردەکەی خاکو نیشتمان، سوپاس بۆ وەبیرهێنانەوەی هۆنراوەکانی ئەو هۆنیارانە. سەبارەت شەشی ئەیلول: بەڵێ منیش هۆنراوەم وتوە، ئەبوایە لەو ڕۆژەدا پێشکەشم بکردایە. بەڵام لەبەرئەوەی پێشتر ئەو هۆنراوەیەم چەنجاری بڵاوکردوتەوە ، ئەمویست جارێکیتر بڵاوی بکەمەوە. نوسینەکەی مامۆستا ئاوات ئەو ڕاستییە پیشانئەدا کە هەمیشە ئەوەی نوێ پێنەگاو پێویستە ئەوانیش ئاگادارکرێن لە بۆنە مێژووییەکان. بۆیە ئەو هۆنراوەیەو تۆژینەوەیەکیش بۆ ڕاپەڕینەکەی ٦/٩/١٩٣٠ ئەکەم بەدیاریی لە هەینیی داهاتودا. هەر شادبن.

## شەشی ئەیلول، یا ئەولە سیسەی قارەمان

ڕاپەڕینی شەشی ئەیلولی 1930 ڕوداوێکی کتوپڕنەبو. ریشەی ئەو ڕاپەڕینە ئەگەڕێتەوە بۆ هەندێ پێشینە. لەوانە:

1-شۆڕشەکانی شێخ مەحمود بۆسەربەخۆیی کوردستان.

2-لکاندنی باشوری کوردستان بەئیراکی ئەرەبییەوە بێ ڕەزامەندیی کورد.

3-بۆردومانی فڕۆکەکانی ئنگلیز بۆسەر کوردستان.

4-پەیمانی سیڤەر 1920/8/10 کەبەندەکانی 62،63،64 تایبەتبو بەسەربەخۆیی کوردستانو ئەتاتورکساڵی 1923 بەپەیمانی لۆزان هەڵیوەشانەوە بەرامبەر ئەوەی دەسبەرداری ولایەتی موسڵبێ بۆئیراک. لە ڕاستیشدا ئەو پەیمانی سیڤەرە تەنیا بۆ ترسانننی تورکبو کەئەگەر ڕازی نەبێ بەوەی ولایەتی موسڵ بخرێتە سەر ئیراک، ئەوا بەپێی پەیمانی سیڤەر، تورکیا هەمو باکوری کوردستان لەدەسئەدا! واتا ئەو پەیمانی سیڤەرە تەنیا مەرەکەبی سەر کاغەزبوەو مەبەستەکە چاوبڕینە نەوتی کەرکوکبوە لەلایەن ئنگلیزەوە.

5-بەڵێنە درۆکانی ئنگلیز سەبارەت ئۆتۆنۆمییەک بەکورد.

6-پەیمانی30/یۆنیۆ/ 1930 نێوان بەریتانیاو ئیراک بۆماوەی 25 ساڵ کە بەهۆیەوە بەریتانیا دەستیگرت بەسەر هەمو خێروبێرێکی ئیراکو باشوری کوردستانیشا بەسامانی نەوتیشەوە.

7-هەڵبژاردنی پەرلەمان بۆ ئیراک کە 1930 نیازبو لەسلێمانیشدا بکرێو سلێمانی رەتیکردەوە.

8-رازینەبونی کورد بەوەی ئەرەب فەرمانڕەوایبێ.

هەمو ئەو پێشینانە بەجۆرێ پەزمەندەیانبەستبو و پەنگییان خواردبوەوە کە ئەبوایە لەسلێمانیی مەڵبەندی کوردایەتیدا تەقینەوەیەک لەشێوەی راپەڕینێکی جەماوەریدا روبدا.

ئەو پێشینانە پاڵنەربون بۆئەو راپەڕینە کە بەشەڕی بەردەرکی سەراش ناوئەبرێ. پێشەکیش لەلایەن کۆمەڵەی لاوانەوەو لەلایەن ژمارەیەک رۆشنبیرانەوە، زەمینەسازیی بۆکرابو بەمەبەستی پیشاندانی رای گشتیی کە بەفەرمانڕەوایی ئەرەب رازینابن. تەنانەت یەکێ لەدروشمی راپەڕیوەکان کەخەڵکەکە ئەیانوتەوە، ئەوەبو: (ئێمە کوردین کوردمان ئەوێ، ئەرەب هینەو نامانەوێ). ئەمە مێژوەو ئەبێ بیڵێین.

ئەو راپەڕینە، ئەگەچی لەهەمو چینەکانی ئەوسای شاری سلێمانی پێکهاتبو، بەڵام زوربەی بەشداربوان لە کاسبکارانو پێشەسازانو هەژاران پێکهاتبو بەبەڵگەی ناوو پیشەی شەهیدەکان وەک: ئەزەی پینەچی، ئەلیی سویجگەر فرۆش، ئەزیزی کورتاندرو و چەن کاسبکارێکی وەک هەمە چاوشین، هەمەی خولە، ئەلە گون سوتاو، ئەهە رەش، هەمەی قاراغا، ئەولە سیسیش چایچیبو و زۆری کۆبونەوەکانی کۆمەڵەی لاوان لەچاخانەکەی ئەوا ئەکران.

ئەو راپەڕینە، لای من، بوە هەوێنی هۆنراوەی ئەولە سیسەی قارەمان. گۆرانیش هۆنراوەی شەهیدی هەیە بۆ ئەو راپەڕینەو هەڵۆ بەگ ناوێکی کردۆتە قارەمانی ئەو راپەڕینە کە هەڵۆبەگناو نە لەناو شەهیدەکاندا هەیە نە لەو رۆژەشدا کەسێکی ناسراوبوە!. رەوانشاد لەتیف قەرەداخی (ب. هەندرێن) بەراوردێکی جوانو بابەتیانەی لەنێوان ئەو دو هۆنراوەیەدا کردوە لەپەرتوکێکدا بەناوی کامیل ژیرو هۆنراوەی نەتەوەیی لەهەڵوێستو

رەخنەدا، دوایی لەپەرتوکێکی ئەلەکترۆنی لەسایتی ئەمڕۆ/ماڵپەڕی کامیل ژێر بڵاوکراوەتەوە بەناوی کوردایەتیو شاڵاوی دژە ناوخۆییەکانەوە.

شیاوی وتنە لەهۆنراوەی (ئەولە سیسەی قارەمان)دا کە ساڵی ١٩٥٨وتومەو لەدیوانی (کوردایەتی بیروباوەڕمانە- ئامانجی نزیکو دورمانە) ١٩٦٠ بڵاوکراوەتەوە، پێشبینیی ئەوەمکردوە کەپەیکەرێک بۆقارەمانی ئەو راپەڕینە لەبەردەرکی سەرا دائەنرێ. ئەوەبو ٢٠١٧/٩/٦ئەو پەیکەرە، لەگۆڕەپانی راپەڕینەکە دانرا:

بروانە شاری خرۆشاو!

دیمەنی دایکی کوڕکوژراو!

بروانە کوشتاری بێ هۆ

سۆزی زریکەی (کاکە رۆ!)

بروانە قوڵپی خوێنی گەش!

دیمەنی سوری جەستەو لەش!

گوێ شلکە بۆ زایەڵەی زەنگ

شریخەو جەزرەبەی تفەنگ!

گوێ شلکە بۆنەڕەی لاوان

بۆ داوای مافی کوردستان

هەرهێرشەو شەپۆلئەدا

بەرەو باخی دەرکی سەرا

نەڕەی بەرزی هێرشبەران

ئەگاتە لای هەوری ئاسمان!

ئەڵێن: ئێمەی کوردی بێکەس

نامانەوێ پەیمانو دەس

نامانەوێ هەڵبژاردن

پەڕلەمانی ملکەچکردن

ئێمە کوردین، بۆکورد ئەژین

کوردستانی جوانی بەرین

هی خۆمانەو بۆخۆمانە

بەدەربێ نێروی بێگانە

ئای لەم دیمەنە سامناکە!!

لەم کوردە ئازاو بێ باکە!!

لولەی شەستتیرو مەترەڵوز

کەوتە دروێنەی بەری هۆز!

هەر کەڵلەیەو گوڵلە ئەیبا!

هەر لاشەیەو دێبەلادا!

لەناو خلْتانی خوێناوا

تەپاوتلیەو، لەناکاوا

هوروژمی (پێ) بەسەریادێ

زامی گەرمی لێدێتە سوێ!

بەئاستەمێ نوزەتیاماو

ئەناڵێنێ بۆتۆزێ ئاو!!

لەم شوێنە پڕمەترسەدا
لەم کاتە توشو ترسەدا
سێ لاوی ئازای قارەمان
وەکو شێری نەڕی مەیدان
دەست بەخەنجەری روتەوە
بەدەم: (با بژی کورد)ەوە
بەرەو شەستتیر تەکان ئەدەن
درِ بەهێزی ئەوان ئەدەن
ئەی داخ!! ئەوا دوانیان کوژرا!
تەنیا ئەولە سیسە ئەڕوا
دەی قوربانی کوربم ئەول
ئەوەی تاوانی وا لەمل
ماوەی نەدەی نەکو دەرچێ
ئەم خوێنە زۆرەی تیابچێ!
بژی ئەول ئەوا گەیشت
دەستم شکێ ئەویشیان کوشت!
ئای بەسەزمان ئەولی کڵۆڵ
خوێنی گەش تێکەڵبو بەخۆڵ
نەخێر ئەول هەڵسایەوە
دیسان تەوژمی دایەوە!

نیشتە سەر مەترەڵۆزتەقێن
جەستەی کردە خڵتانی خوێن
وەی بەقوربانی دەستتبم
فیدای باوەڕو هەستتبم
مردن هەردو بەسەر یەکا!
تەقەو کوشتار، نەماو وەستا
ئەی شارەکەی ئەولە سیسە
بەڵێنبێ ئەو دەستە پیسە
کە هەروا بەدەستی ئانقەست
جۆگەڵەی خوێناوی هەڵبەست
ئەبێ ئێمەی دڵسۆزی تۆ
ئێمەی کوردی نەوەی ئەمرۆ
بۆ تۆڵەی خوێنی رژاوت
کوردستانی زەوتکراوت
پشتێنی تۆڵە ببەستین
نەیکەینەوەو رانەوەستین
تاتێکرا ئەم خاکە پاکە
خاکی ئەم کوردە چالاکە
ئەخەین بەدیار، یەك تەنوپۆ
بەدەوڵەتێکی سەربەخۆ

ئەوسا تۆزێ وچانئەدەین

پەیکەر بۆنەمرەکان ئەکەین

پەیکەرێکیش جوانتر لەگوڵ

ئەکەین بۆ یادی کاك ئەول

لەژێریا بەخامەی زێرین

ئەنوسین: وێنەی نەبەزین

بژی یادی کاکە ئەول

یادی رۆژی شەشی ئەیلول

١٢٦ بینین ٥٤ لێدوان لەوانە:

**Stare Arif** دەستتخۆش بێت، هەرچەندە من لەگەڵ قەدەغەکردنی ئەو پیتانە نیم، چونکە پیتی کوردین و تایبەت بە عەرەب نین.....

بەدڵمە · وەڵامدانەوە · ١٥ هەفتە

**Kamil Zheer** سوپاس ستارە خانی بەڕێز. ئەو پیتانە هی هەر نەتەوەیەکبن هی کورد نین وەک چۆن هی زمانە ئەوروپییەکانیش نین. ئەو پیتانە دوای داگیرکردنی کوردستان لەلایەن ئەرەبەوە سەپێنراون بەسەر کوردا. لە کاردانەوەی ئەو سەپاندنەدا، کورد هەر ئەوەی پێکراوە بە عمر بڵێ هومەر، بە عثمان بڵێ وسو یا ئوسە، بە محمود بڵێ خولە، بە خضربڵێ خلە، بە مصطفی بڵێ مچە. عائشە: ئایشێ. فاطمە: فاتە. صبریە: سەبری و..هتد. بەڵگەیتر زۆرە، جارێ هەر ئەمەندە بەسە.

بەدڵمە · وەڵامدانەوە · ١٥ هەفتە

**Mohammad Barzy** کاکە گیان دەستەکانت خۆشبێت و باوەڕناکەم نە لە ڕابوردوو ، نە لە داهاتووشدا کەسێک بتوانێت ئەو ڕوداوە خوێناوییە ئاوا زۆر بە جوانی بەرجەستە بکات .. ئەم هۆنراوە زۆر بەرزە و هۆنراوەکانی دیوانی کوردایەتی بوون ، کە بوون بە باوەشێنێک و پشکۆی کوردایەتی لە ناخماندا گەش ئەکردەوە .. چاوتان ماچ ئەکەم و هیوای تەمەنی درێژتان بۆ ئەخوازم .

**Barzan Barzan**
Awat Marouf مامۆستا گیان ئەوە قسەی من نییە مێژووی کورد شێوێنراوە شێخ سەعیدی پیران بەرگری لە دەوڵەتی عوسمانی ئەکرد خاوەنی ٤٤٢ دێبووە شێخ مەحمود لە باشورو ڕۆژهەڵات ئیستاش دێی هەیە براکەم کورد شێخ و سەیدی تیا نەبووە ئەمانە هەموی ئەوەی ئەو شێخە عەرەبانەن کە سەلاحەدینی ئەیوبی بردنی هەمویانی کوشت و شاخێکی لای تکریتەوە بە لاشەکانیان. دروست کرد بمبورە یەکێ لە کردەوە باشەکانی بارزانی بنەماڵەکەی ئەوەبوو پشتی قازی ئەسری بەرداو هەڵهات بۆ ڕوسیا مامۆستا گیان لەدوای داگیرکاری کوردستان لە لایەن. ئیسلامەوە کورد ڕابەری نەبووەو سیاسەتمەداری تیا نەبووە من زۆر دڵم بە ئەوشیروان. مستەفا خۆش بوو کە دیم. چوو بۆ لای شێخێکی جادوگەرو قورئانی ماچ کرد ئینجا بۆم. دەرکەوت باشور تا ئیستا نە حزبی تیابووە نە سیاسەتمەدار. کورد لەپێش ١٤٠٠ ساڵەوە یەك ڕابەر یەك سیاسەتمەداری بەخۆیەوە دیوە ئەویش (ڕێبەر ئاپۆیە) بمبورە ئەگەر دڵم. پەشانیی بەڵام. ئەوە ڕاستییەکی حاشا هەڵنەگرە

.....

بەریشی پان. و پرچی پڕ لە ئەسپێ
بناغەی ئیشی کوردان چۆن ئەچەسپێ
گەر مەلاو شێخ لە کوردستانا بمێنێ
ئومێدی زیندەگانیت قەت پێ ئەمێنێ



**Arif Kerim** دەستخۆش مامۆستا گیان ، تۆ بەو هۆنراوەیە جارێکیتر ڕۆژێ ڕەشی شەشی ئەیلولتان وەکوو داستانێک پێشکەشی خوێنەری کورد کردەوە و عەولە سیسیش سومبولی پاڵەوانی و ئازایەتی و قارامانێتی ئەو ڕۆژە ڕەشەیە لەگەڵ تێکۆشەرانی تردا ، بێگومان شێوازی دەربڕینەکە لەو هۆنراوەیەدا ناخی هەموو تاکێکی نەتەوەیی و نیشتمانپەروەر دەهەژێنی ، دەستوچاوت خۆشبێت مامۆستا گیان ، هەر تەمەن درێژبیت.



**Awat Marouf** دەستەکانت خۆش مامۆستا کامیل ژیری خۆشەویست،وەڵامێکی تێروتەسەلی ئەو پرسیارەی منی دایەوە،بەو شاکارە ئەدەبیە،کەهۆنراوەیەک وەک پانۆرامایەک بەبەرچاوتا گوزەردەکاتو ڕووداوەکان وهۆکار و پەنگخواردنەوەی کۆمەڵگەی کوردەواری دژی درۆ و دەلەسەی کۆلۆنیالیزمی ئینگلیز،بۆ بەدەست بەسەراگرتنی سامانی سرووشتی خاکی کوردستان،ناماژەکردن و ناوبردنی ئەو شەهیدانە جێگەی دەستخۆشیە،کە هاوزەمان تێداژیاویت،ئەرکی ئێمەشە ئاشنای ناوی ئەو تێکۆشەرانە،کەوەک سەربازی وون،گیانی خۆیان کردە قوربانی بۆ کوردستان،سەرکەوتووی هۆنراوەکە،جگە لەوەی ناخی خوێنەر دەهەژێنێت،داستانێک دەگێڕێتەوە،وەک ئەوەی خوێنەر لەناو ڕووداوەکەدا بێت،ئەمەش بەڵگەیەکی تری توانای هۆنیارە،بەو زمانە پاکوخاوێنە،دەوڵەمەند لە دەستەواژە،باکراوندی ئەم سەرهەڵدانە دەخاتە بەردەمی خوێنەران،دووبارە لەگەڵ ڕێزی بێ پایانم بۆ جەنابتان،لەش ساغ و ئاسوودەبن هەردەم

ئاوات مەعروف/ساربروکن/ئەلمانیا



**Mohammed Shaida** شه شي ره شي ايلول به كيكه له روزاني نه هامه تي كورد كه كومه ليك له دانشتواني شاري سليماني له به رده ركي سه را هه ستان به خونيشاندان دز به حوكمداريتي انكليز له شاري سليمانيدا ، جه ند كه نجيكي خوينده واري شاره كه هاتي خه لكيان ادا بو خوبيشاندان تا انكليز بزانيت دانشتواني شاري سليماني قابل نين به ده سه لاتداريتي انكليز له شاره كه ياندا وه لامي انكليزيش اوه بوو ره شاش و مه تره لوز له سه رباني سه را دامزرا ن و خه لكيان دايه به ر كوله و جه ند كه سيك شه هيد كران باش ام روداوه دلته زينه انكليز برياري دا كه خويني شه هيده كان بدات به خاوه نه كانيان ، هه ر او جه ند كه سه ي هاتي خه لكي دا بو خوبيشاندان هه ر اوانيش خوياكرد به خاوه ني شه هيده كان و خويني شه هيدانيان له انكليز وه ركرت هه ر ماله شه هيديك ده ديناريان بيدان و باقي باره ي شه هيدانه كه جوه كيرفاني او جه ند كه سه وه وه بييده وله سه ند بوون و خاوه ن شه هيديش نا اميد بوو له شه هيدانه ، بياوه به كه سه نه كان ام راستيه باش ده زانن وه اوانه ي خويني شه هيده كاني خوارد زور ناسراون له سليمانيدا .

بەدڵمە · وەڵامدانەوە · ١٥ هەفتە

بینینی ١ وەڵامدانەوەی تر



**Mohammed Shaida** به ريز كاك زير سلاو به داخ به زاره يه كي زوره وه او جوار كه سه كه سايه تي خوينده واري شاره كه بوون وه هه رجواريان له زياندا نه ماون ، او جه نديره ي نوسيبووم له خوا ليخوشبوو علي بابير ي شاعر كه ناسراو بوو به كه مالي وه رم كرتبو وه له وكاته شدا سالي ١٩٧٢ دوان له و كه سايه تيانه مابوو ن .

## پەرچدانەوەی عبدالباری عطوان

<u>قصيدة عبد الباری:</u>

الی الامة العربية

بعد الطز، الف تحية

اما اخبار فلسطين؟

شعب بلا وطن وطن بلا هوية

اما اخبار مصر؟

حاكمها تابع وفتاويها الذبح، شعبها ضحية

اما اخبار لبنان؟

ملهى ليلي كراسيه خشبية وطاولته طائفية

اما اخبار سوريا

مهرة اصيلة تكالبت عليها سكاكين الهمجية

اما اخبار العراق؟

بلد الموت اللذيذ والرحلة فيه مجانية

اما اخبار الاردن؟

لا صوت ولا صورة والاشارة فيه عشائرية

ام اخبار ليبيا؟

بلد تحول الى معسكر اسلحة وافكار قبلية

وهكذا يتطرق الى اخبار المغرب والصومال والسودان واليمن

وعمان والسعودية والامارات والكويت والبحرين والقطر الذى يسميه :

عرابة الثورات وخنجر الخيانات ومطبخ للامبريالية

ثم يقول:

الى الامة العربية

بعد الطز

لم يعد يليق بك التحية

لم يعد يليق بك سوى النعيق والنهيق

على احلامك الوردية

لم يعد يليق بك  شعار الثورة

حين صار ربيعك العربى مسرحية

لم يعد يليق بك الحرية

حين صارت صرخاتك كلها فى الساحة دموية

لم يعد يليق بك يا امة

مؤتمراتها  مؤامرات

وكلامها تفاهات

وقراراتها وهمية

لم يعد يليق بك التحية

يا امة دفنت كرامتها

وعروبتها تحت التراب

وهى حية

*

<u>تعليق كامل ژير</u>

يا عبد الباري عطوان:

بعد الطز، نصف تحية

قصيدتك اصابت الحقيقة العربية

اما انت فمنذ متى اصبحت نابغة حقلية!؟

الم تكن تسمى صداما رمز العروبية!؟

حين يقتل الاكراد بصورة جماعية؟

وانك تغرقه بالمديح والف تحية!

اليس الكرد شعب بلادولة ودائما هو الضحية!؟

ووطنه كوردستان بلاهوية!؟

اليس العراق فى عهد صدام قبور جماعية؟

وهو بلد الموت اللذيذ ورحلاتك اليه شهية ؟

لانك تتقاضى منه الملاين علنا وسرية!!

يا عبد البارى عطوان:

انك واحفاد صدام صنوان

فبأى الاء ربكما تكذبان!؟

٢٢٩ بينين ١٢٢ لێدوان


Taha Essa كامل ژير دماغ وعقل من جنوب كوردستان يخاطب مثقفى الاوصال العربية ويقول لهم كفاكم السكوت والخنوع امام السلاطين السلطة على اوصال من الطين احسنتم يا كبير المثقفين استاذ كامل ژير

**Mhamad Emam** وه ڵامدانه وه كه ت بۆ عطوان زۆر جوا نه دوای پیاهه ڵدان به حوكمڕانه عه ره به كان تازه له ماهیه تی عه ره ب گه یشتوه ئه م هێرشكردنه شی مه به ستێكی هه بوه تێدا سه ركه وتوبی مامۆ ستای نه ته وه یم كاكه ژیر ته مه ن درێژ و ساغبی بمێنی



**Kamal Muhamad** كورد ئەڵێ قسه بۆ كێ ئەكەی...... ئاخزانمان چۆن ئێمان ئەروانن نیازیان چییه بەرانبەرمان به درێژایی مێژوو چیان توانیوه كردوویانه بەرانبەرمان ئێمه هەر ماوین بێ ئاوڕدانەوه ڕێگا ئەبڕین بەرەو سەربەخۆیی بەرەو لوتكەی



**Muhamad Raschid Karwany** دەست و دەنگت هەمیشه زوڵاڵ بێت له مێژەوه بەڕێزتان دەناسم ڕۆژگار و پارەنەیان توانی گۆڕانكاری بەسەرتا بهێنن وه هەمیشه ووتومه :أمه عربیه قاتله وذاته رساله فاشله له باتی شیعارەكەی بەعس بوو چاوەكانت ماچ دەكەم



**Arif Kerim** دەستخۆش مامۆستا كامیل بۆ ئەو وەڵامەی عەبدولباری دەئەزێنی ، ئەم كابرایه ڕۆژنامه نووسێكی بازرگانه و لەوەڕ لەكوێ سەوزێیت ئەو لەوێیه ، لەزوبانتڕێژیی بەولاوه هەڵوێستێكی پیاوانەی ئەبوه و نییه بەرانبەر كێشەی ئێمەی كورد ، ئەوجۆرانه دوستی كورد نین .



**Awat Marouf** ئەوەنێت...
سەرەتا زۆر باوه كەهەندێك كەس دەڵێن چەند زمانی بێگانه دەزانین و ئاخاوتنی پێدەكەین،بەڵام ئەمه پێوەر نیه بۆ زانین وشارەزای لەو زمانانەدا،هەر كات توانیت بەزمانی بێگانه خوێنراوه بنوسیت كەگوزاشت له هەست وناخت بكات،ئەو دەم دەتوانین بڵێین شارەزای ئەو زمانەیه،لێرەدا مامۆستا كامیل ژیر لەسەر هەمان كێش وەڵامی ئەو جورنالیسته عەرەبه دەداتەوه، پێی دەڵێت ئەوه نیت،درو دەكەن درو دەكەن،لەگەڵ خوتان لەگەڵ عالەم درو دەكەن،تاسەر موخو تا سەر ئیسقان درو دەكەن،ئەم كرووزانەوه و قڕنینەوەیه بۆ دوخی ئێستای نەتەوەی عەرەب،دوو فاقی هەڵوێستانه،كاتێك كورد ئەنفال و كیمابارن كرا،بو تقه لەدەستانەوه نەدەهات،كوردانی ئاوارگه لەگۆڕەپانەكانی گەورەشارەكانی ئەوروپا لەسانگرتن و ناڕەزای دژی ئەو هەموو زوڵم و نادادپەروەیی ڕژێمی بەعس،زوربەی فلەستینیەكان سوود مەند بوون لەو ڕژێمه،ئێمه تەنها دەنگ بووین وەكو سەربازێكی وون دەنگی خنكاوی نەتەوەیەكی خێرنەدیوو،كه ڕووبەڕووی جینۆساید و قڕكردن بوكەوه،ئەوەی لەیادم مابێت دەرگا نەمابوو لێی نەدەین بۆ فریاكەوتنی گەلەكەمان،زوربەیان گوێچكەیان قورقوشمی تیابوو، نابینابوون،دەستان خوش مامۆستا كامیل ژیری خوشەویست و بەڕێز،لەم پانتاییەی فەیس بووك هەر ئەوەنده دەرفەت دەدا،وەگەرنا ئەم بابەته زور هەڵدەگرێ،دووباره لەگەڵ ڕێزم










---

## جاشپێنوسو بلوێری مرۆڤایەتی

زۆرن ئەو پێنوسە جلخوارانەی شینو شەپۆڕیانە بۆفەلەستین! لەئاستی مەرگەساتەکانی خۆشمانا دەمیان دراوە!

تاکەی لەسەر فەلەستینو لەسەر جۆلان

نیوەی گێتی بکەینە دوژمنی خۆمان

بەمەرجێ خاوەنی جۆلان، هی فەلەستین

بەئێمە ئەڵێن ئیسرائیلی دوهەمین

واتا کوردستانیش مڵکی دایکیانە

ئەشێ ئێمە گیانداریبین بێ لانە!

ئەی پێنوسە لەرزۆکەکان تۆزێ شەرمکەن

بەرتیلی قسە، ملتان رزگار ناکا لەبەن

ئێوە وەک کوردەکەی لەهەردو جەژنبون

لەهەردو بەر بەشتان سوکییەو ئابڕوچون!

فەلسەفەتان گوایە مرۆڤدۆستانەیە

نەخێر نەخێر، نۆکەری بۆبێگانەیە

ئەم بەندو باوەی ناویلێئەنێن مرۆڤایەتی

خەیاڵی خاوە، ناتەبایە، دژ، بەکوردایەتی

یا ئەشێ بلێین کوێرە پیاوێکە مرۆڤایەتی

یا لەڕێگەدا سوێرە ئاوێکە مرۆڤایەتی

زڕە ناوێکی بەبێ ناوکە مرۆڤایەتی

زۆڵە لاوێکی بەبێ باوکە مرۆڤایەتی

بوکی موغازەی بێ گیانو دەنگە مرۆڤایەتی

گوڵی کاغەزی بێ بۆنو رەنگە مرۆڤایەتی

شمشاڵی دەمی جادوگەرانە مرۆڤایەتی

ئاواتو خەمی بێ خەبەرانە مرۆڤایەتی

بەواتەی ئێوە: تاکو تەنیایە مرۆڤایەتی

کچی ئاسمانو بوکی دەریایە مرۆڤایەتی

نانا، کەی وایە؟ هەرخەڕۆیەکە مرۆڤایەتی

لەبۆسەنراو، یا درۆیەکە مرۆڤایەتی

چەکی دوفاقی دژی ئێمەیە مرۆڤایەتی

بەرو ئاکامی رقو کینەیە لەکوردایەتی
سەرم سوڕماوە لەو گێلە پیاوو هەرزەکارانە
بەبێ بینینی، بێ بۆنی خۆشی ئەو پەریخانە
دڵداریی گەشی کاکە مەمێکی لەگەڵدا ئەکەن
یا پەردەی رەشی تازەخەمێکی بەسەردا ئەدەن
وێنەی دەروێشی نەدیدە شێخی، هەیئەڵایانە
شێوەی سەرخۆشی کولاوە رێشێ، کفری خوایانە
ئەم تەپڵە بۆشە ئاوازی ڕۆژە یاهی شەوانە!؟
ئەم مژدە خۆشە! پاداشتی زۆرە؟ یاخەمو ژانە؟
گریمان ئەمبێ مرۆڤایەتی یا ئەوی تریان
هەتا ئێستاکە لەڕێکەوتیشا نەیدی کوردستان
نەیدی شۆخی وا، نیگای چاوێکی لێوە ببارێ
یا بزەی دەمی بەرەو روی ئێمە جارە ناجارێ
گێلە پیاوەکان، هەرزە باوەڕی وتاری پەتی
کی بە منو تۆ ئەبەخشێ فەڕی مرۆڤایەتی؟
هەتا ئێستاکەش لەناو تورکانا خۆ بەکورد زانین
سزای قەستی سەر لەناو زیندانا، یا پەتەو بۆبین
لای ئەرەب ئێمە: کاکەو کوڵمبۆو کلێبی ئاوین
نەوەی جنۆکەو خێوی تاریکیو کۆیلەی بێ ناوین
کە مافێ نەدەن ئاخوندەکانی سەرانی ئێران

بەڵێنی درۆی دوا ڕۆژی فانی، ناچێتە گیرفان
کام برایەتی لەگەڵ نەیارێ کە هەر دژم بێ
نیشتمانەکەم لەژێری پێیدا، باوان کوژم بێ
مافی نەتەوەم: نانی ژێردەستیو نۆکەری نیە
لەخاکو خوێشو هەرچی بەهایە بێبەری نیە
دەسکەوتنی ماف بەپای پیلانو راو تەگیر ئەبێ
بە چەتەی هیزبو دزو درۆزن، چی دەسگیرئەبێ!
پۆستو پایەی ژێر دەسڵاتی دژ، دەرزیی سڕکەرە
بوجەو موچەیان بۆگازەرەی پشت، رمو خەنجەرە
سەرچاوەی جۆگە، خاکی خۆتنەبێ، کە گرتیانەوە
بێ سودە هاوار بۆپیاڵەیەک ئاو، یا پاڕانەوە !
بۆ نانو خوانی مرۆڤایەتی سەر شۆڕو شلبی
بەکوردیی پەتی: ئەبێ چاوەڕێی جڕتێکی زلبی
نان ئەو نانەیە بەڕەنجی شانبێ نەک بەسواڵکردن
کەمو کەڵ بژی، بێ چەمانەوە، جارێکە مردن !
ئەی جاشپێنوسی داری دەهۆڵی شایی بێگانە
لەهەمو لاوە بەشت سوکێتیو ژانی ویژدانە!
١٤١بینین ٧٤ لێدوان لەوانە:

**Khalid Saleh** دەستەکانت خۆش مامۆستا کامیل بەراستی بەهەستێکی زۆر جوان
دارێژراوە چێژی خۆی هەیەو جێگای سەرنجە هیچ کەس نەیتوانیوە بەو جۆرە بیر بکاتەوە
و دەربڕینێکی راستوو درووستە هیوام تەندروستیتە لەژیان

**Zagros Kurdi** قوربانی بیرو هزرت بم کە سەرچاوەی مروڤایەتی و
کوردایەتییە،ئەگەر کەسێک لایەنگری چەوساوەبێ کەس لە کورد چەوساوەتر نییە،
ئەگەر کەسێک دژی زلم بێ کەس لە دژمنی کورد زالمتر نییە،
واتە کوردایەتی واجباتە
قوربانی تەک تەکی وشەکانت بن

**Kamal Muhamad** نەزان ...هەڵخەڵەتاو...خوێبەکەمزان...ترسنۆک ...بەکرێگیراو
بەرژەوەندیخواز...گومانلێکراو...لە ...ڕەسەنایەتی...هەرئەوەی...لێ...چاوەڕوان...ئەکرێ..
.بەڵام...لاقاوی...نوحی...ئەتەوایەتی...هەموو...جارێ...ئەو شێوە
جاتەوەرانەی...ڕامالیوە...ماتەوە...هەر...بۆ...پەیڕەواتی...ڕێگای ...کوردایەتییە.........

**Awat Marouf** سڵاو لە مامۆستای بیری نەتەوەیی،تەمەن درێژ بێت، سڵاو لەوانەی
بەگیان کوردن، نەک بەقسە،،کێشەی ئێمە لەگەڵ مروڤایەتی لەوەدانیە کە ئەوان چیان ووتوە،
چۆنیان ووتوە، بەڵکو لەوەدایە کە ئێمەی کورد باوەرمان پێکردوە،ڕوونوئاشکرایە کە
مرۆڤ و مروڤایەتی ( بەمرۆڤ بوون) دوو دەستەواژەی جیاوازە،مەرج نیە ئەوەی مرۆڤ
بێت،خەسڵەتی مروڤایەتی تێدابێت،ناکرێ هەر لەبەر ئەوەی مرۆڤ بێ،شایانی هەموو
شتێکی باش بێت،دەبێت بیسەلمێنی کە مروڤێکی باشیت،ئەوەی بەرچاو دەکەوێت مروڤایەتی
بەهەموو ماناکانی بەداخەوە تەنها درندەیی سەردەمیانەیەکی ڕێکخراوە،لەوە زیاتر هیچی تر
نیە،ئەم فەریکە نوسەرو و جاش قەڵەمو نوسین فرۆش و کاسەلێس زیاتر شتێکی دی
نین،،خامەتان رەنگین بێت،ئاواتەخوازم،لەهەفتەی ئاێندە هونراوەیەکی کلاسیکی، سەبارەت
بە ئەشق و ئەوین مان پێشکەش بکەیت

**Barzan Barzan** قوربانی بم دەستخۆش مامۆستا گیان دڵنیا ئەوەندەی ئەماوە نە
فەلەستین موحتەلە نە هی عەرەبیشە هەموو ئەبنەوە بەجولەکە چونکە بەس سعودییەو یەمەن
و دەورووپشتی عەرەب بوون هەموو بەعەرەب کراوان


Pshko Amin دەستەکانت هەرخۆشبێت هزرت روناکبێت بەداڵخەوە مامۆستا ئو وشە کاوێژکردنانە لە لای میلەتانێتر باوی نەماوە تەنها لای جلخوارەکانی ئێمەی بێهەست ماوە و دەوترێت بەداخەوە

Faiza Foad دەست خوش ( احمد یاسین و اسماعیل هنیە و ) هەمووي وەك سەگ بە کورد ئەوەرین , ئەوکاتە برادەر بوون کە باسي خەباتي رەواي ئەوان ئەکرا , بەلام کە کار ئەگەیشتە لاي ئیمە ,وحدە الامە العربیە ئەبووە عەساي دەستیان , یاسر عەرەفات یەکەم دەستخۆشیکەر بوو لە شالاوي ئەنفالەکان .احمد یاسیني عرابي حەماس ئەلي ( الکرد شوکە في خاصرە العرب - واتە کورد وەك درکیك وایە لە کەلەکەي عەرەب ).

---

## خۆسوتاندن لەپێناوی ئەوینێکا!

هۆنراوەیەکی کۆنمە، ئەیکەم بەدیاری لەسەر داوای مامۆستا ئاوات مەئروف بۆهاوڕێیانی خۆشەویست. دیارە لای بەڕێزیو هاوڕێیانی ئازیزیش ئەوە ئاشکرایە کە برەودان بە وێژەی کوردی لەئاستێکی بەرزدا، ئەویش هەر کوردایەتییە، چونکە وێژەش یەکێکە لەو پێوەرانەی ئاستی نەتەوەکانی پێئەپێورێ.

هەتاکەی ئەشکی خوێنینم، ئەوینی خەم بڕازێنێ!؟

ئەبێ خەم تا چەنێکیتر کەژاوەی دڵ بنازێنێ!؟

لەدڵ پرسن: بەچی کەوتۆتە ناو داوی پەریزادێ!؟

پەریزادان: لەلای ئێوەش، وەکو ئێمە، نیە دادێ!؟

بەپێی کام دادو یاسایەک بەخوێناوی منی پێکراو

ئەنەخشێنێ دەمو گۆناو دەسو پەنجەو مەمی وەستاو!؟

وەرن کۆڕی ئەویندارانن: ئەوا خوێناوی ئەم مەردە

لەکۆتایە: بەفریادێ، بڵێن بەو شۆخە دڵ بەردە

پەپولەی جوانی پێشەنگی بەهای جوانی، هەزاران جار

بەدەوریدا، پەڕی سوتا، دەبا بەسبێ پەریڕوخسار!
تەمەن کورەی بڵێسەی ئاگری ئەوبو، نەبو تۆزێ
لەروخساری ببارێ نێونیگایەک یا بزەو سۆزێ!
چ ئەفسونێکە ئەو شۆخە؟ نە بێ هیوام ئەکا جارێ
نە ئاواتی لەمێژینەم بەدی دێنێ وەکو چارێ!
وەرن یاران، ئەوا من خۆم ئەسوتێنم لەرێگەیدا
مەگەر ئاگر نەهێڵێ باری خەمساردی لەپێگەیدا
بەهەرجۆرێ هەنگی ئاوات بکا تامێ لەشیلەی گوڵ
لەدواچرکەی ژیانیشا، خەڵاتێکە بەلانەی دڵ
لەدوای مەرگیش بنۆشێ یەک دڵۆپی خوێنی سوتاوم
چراخانێکی روخساری، لەگۆڕیش دێتە بەرچاوم !
ئیتر دیسان مەلی تینوم ئەخوێنێ خۆشترین ئاواز
ژیانو مردنم چونیەک، سەراپا هەر ئەوینو راز !!

١١٨ بینین ٤٧ لێدوان لەوانە:


Jamal Abd دە ی نازیزم...شیعرە کە ت....هونە ری پاخیبوونە و دە ربی سە ر کێشی دە لێتە وە...چاوی دڵە و قوولایی رووحە ....ئاخر وێنە ی رووحمان بۆدە کێشیت کە چی خە باڵیکە هێنە بڵند و فراوان...نێوان عاشقان دە سرێتە وە .....



**Awat Marouf** دەستوخۆشت هەر ڕەنگین بێت،هونراوەیەکی تا بڵێیت نایاب،وەک گوڵی وەنەوشە لە جیهانی ئەدەب ووێژەی کوردیدا دەدرەوشێتەوە،زۆر سوپاسی جەنابتان دەکەم لە ناخی دڵەوە، داواکاریەکانمت بەوپەڕی ئیهاتووی پێشکەشکردووین،هەر بمێنیت بۆمان،بۆ ڕازانەوەی بابەتەکەتان ئەم چەند دێرە هونراوەیە

لە هێلانەی دڵی من، دڵی زۆر غەمگینی من، دەردو مەینەت و گریان بۆچی ڕەوایە
خونچەی سوری دڵی من، گوڵی باخی ژینی من، مردنم بۆچی ڕەوایە
لە هێلانەی دڵی من، دڵی زۆر غەمینی من، دەرد و مەینەت و گریان بۆچی ڕەوایە
بۆتە زاری قسەکەم ، ئێشی جەرگی لەت لەتم، خوێنی سارد لە لەشم دایە
بۆ دڵی من بوو بە دیل، دیلی خاڵ و پەرچەمی، لەت بەلەت بونی دلم بۆچی ڕەوایە
بەحری عیشقم هەڵچوە، بمدەرێ ماچی دەمی،سووتاوم هەناسەم نایە
وەرن جەرگم هەڵدرن گشتی داخ و مەینەتە، یاری جوانم بێ دەلیل بۆچی تۆراوە
خوێنی خوێنەکەم وەرە، وەرە بەندی دڵ وەرە، وەرە تا تاقەتم ماوە



**Baxtyar Omer** دە ستە کانت خوش بیت بو هونراوە کە بە لام ماموستا گوریني پیتي (ع) بە پیتي (ئ) لە بلاوکراوە کانتدا چون ئە م بریارە تان داونا بە لیکولینە وە و راویژتان کردوە لە گە ل پسپوراني شارە زا لە وبارە یە وە یان هە رشتیکي عە فە وي بووە چونکە دە رکردني پیتیك لە زمانە کە تدا بە ئاساني هە رس ناکریت لا ي خوینە رکە چە ندین دە یە یە بە کاري دە هینیت وە شیوازە کە ت وە ك فارسي لیکردوە شتیکي تازە ت نە هیناوە تە ناو زماني کوردیە وە نە گە رروونکردنە وە ي زیاتربدە یت لە سە ر بابە تە کە چاکترە

بەحەزمە · وەڵامدانەوە · ١٢ هەفتە



**Kamil Zheer** سوپاس بۆ کاکە بەختیار. بەڕێزم: وەڵامدانەوەی پرسیارەکانت، کاتو جێگەی زۆری ئەوێ، ئەوەش بەکۆمێنتێکی کورتی فەیسبوک جێبەجێ نابێ. من توێژینەوەیەکی زانستیم لەوبارەیەوە هەیە، تکایە ئیمەیلەکەی خۆتم بۆبنێرە تاکو منیش ئەو توێژینەوەت بە ئیمێڵێک بۆبنێرم، لاموایە سودی زۆری لێئەبینی. هەر شادبن.

# کوردو ئەردۆگانو ترەمپە شێت ٢٠١٩/١٠/١١

کورد، ئەو کوردەی دانشکێن
بەقوربانیو دەریایەک خوێن
نابێتە کۆیلەی تیرەیەک پیشەی چەمان
یا کەسێکی وەک ئەردۆگان
یا ئەویشو ترەمپی شێتوکەی نامەرد
سەری خۆیان بدەن لەبەرد
بە بریاری گەوجانەیان
مینی مەرگیان بۆخۆیان چان
*
ئێمە کوردین
نەوەی دیاکۆی نەبەردین
چۆکدانادەین، خاوەن پەیامی زەردەشتین
پەروەردەی نیشتمانێکی وەک بەهەشتین
چەشنی چیامان سەربەرزین
جەنگاوەرینو نابەزین
هەر ئەجەنگین بەبێ وەستان
تا سەربەخۆیی کوردستان.

١٤٥ بینین ٧٣ لێدوان لەوانە:


Delair Rashid دەستو قەڵەمت و بیری زیرت ئەلمەیەکی جوانو پیرۆزە بۆ گشت کوردێکی خاوەن هەست دروێن تا دەگەینە سەربەخۆی..هێزێکی دەروونی هەژاندنە بۆ پێشمەرگەی کوردستان و فیشەکێکی بەهێزو جەرگ برە بۆ دوژمنانی نەتەوەکەم تەمەن درێژ بێت ما مۆستای بەڕێزوو وخۆشەویستم.


Arif Kerim دەستخۆش مامۆستا گیان ، نە کورد دەمرێ و نە خەبات و تێکۆشانی کۆتایی دێت و رۆژێک دێت کە ئاڵای رزگاری شەکاوەبێت لە هەموو سووچ و قوژبنێکی ئەم کوردستانە ، تێکۆشان بەردەوامەو درێژەی هەیە .

**Zagros Kurdi** سلاوێت لێ ماموستای ژیر
هەمیشە کوردستان لەبیر
کاملی رێنیشاندەرم
ئازیزم ئەی تاجی سەرم
گەردێ هەبا مە ئیتفاقەک
وێکرا بکرا مە ئینقلابەک
تورکی خویری و نامەرد
سەری دەدا لەشاخەکی رەق
بلام چبکەم کو کەسادە بازار
نینن ژ قوماشرا خەریدار
خاسما ل فی عەسری کو هەسیان
خودایان بوتە هەسیان

**Tahir Mustafa** ئەورەحمان بەگی بابان سالی 1955 دەفەرموێت
تورکیا باخوێن برێژێتە فورات و دیجلەوە
با قەتارەی شا لەکارابێ بە فەهرو جەهلەوە

با عیراق زیندانەکان پرکا بە زانا و ئەهلەوە
با سیاسەت ئەسپی ئاودا لە رێگای سەهلەوە

میللەتی کورد هەر بە ملیۆن جانفیدا و رۆلەی هەیە
رۆژی خۆی ئەم زولم و زۆرە یەک بە سەد تۆلەی هەیە

**Tahir Mustafa** نەفرەت لە ئەمریکاهاورێی نیوە رێ
نەفرەت لە عەرەب و تورک و فارس
نەفرەت لەنەتەوە سەکگرتووەکان
دەبوایە لەکاتی ریفراندۆمەکە هەموو کورد بمردایە لەپێناو سەربەخۆیی بونەوەی
دەولەتێکمان دروست کردایە تا ئەوەی داهاتوومان لەم بێ شەرەفیە بپاراستایە
باهەموومان پشتی رۆژئاوا بگرین بەکردەوە نەک بەقسە
خوایە ئاگات لەرۆژئاوابێت
نەفرەت لەدوژمنانی کوردی بێکەس



**Tahir Mustafa** ئێتە گوێم دەنگی بە سوز و شیوەن و گریانەوە
نالەیی دلمە لە حەسرەت خاکی کوردستانەوە
لانەواز و بێکەس و مەزلوومن ئێستە قەومی کورد
گا بەدەستی تورکەکان و گا بەدەس ئێرانەوە
هێندە حیزە بەختی کورد بو کوشتن و تالانیان
کومەلێ هاتوون بە سواریی وشتری پێیانەوە
حالی کورد ئێستا لە بەینی تورک و ئێران و عەرەب
بێجووە تەیرێکە کە کەوتە داوی منداڵانەوە



**Awat Sahebqran** دەستخۆش مامۆستا گیان، بۆ ئەو هەستە بەرزەت بەرامبەر خاک
و نیشتمان ونەتەوەت، لەکاتێکدا بەشێک لە کوردستانی دایک لە لایەن شۆفێنی تورک، کە
چاوی بە سەربەخۆی کوردا نایات و دەیەوێت قڕگەلیان کات وەک چۆن ئەرمەنیەکانیان
جینۆساید کرد و دەربەدەریان کردن، ئەگەرجی خۆپیشاندان و گردبوونەوەمان دوێنێ لە
شاری ساربروکن دژی ئەم پەلامارە بێ مانایە،لە لاپەرەکەی خۆم بلاومکردەوە، وەک
ئەرکێکی نیشتمانی،کەویژدانت ئازاردەدات کاتێک دەبینیت رۆلە مندالی کورد دەکوژن کە
هیچ گوناهێکیان نەکردوە تەنها ئەوە نەبێت کوردن. ئەوەی گرنگە لێرەدا ئەوەیە، کە
دەروازەسنووریەکان بە رووی تورکیادا داخرێت و کاڵاوکەلوپەل وبەروبوومی تورکی
نەکرن وەک تاکتیکی ڕەسەنی کورد و ئەرکی حکومەتی کوردستانە کە ئەو دەروازانە
دابخات، کردنەوەی ڕێڕەو بۆ یارمەتی و ناردنی هێز تا کار لەکار نەترازاوە،ئەبێ
بەرپرسانی بالای کورد لە هەرێم ئەوە بزانن، ئەوەی ئەمرۆ لە کوردستانی
رۆژئاوادەگوزەرێت، سبەی بێگومان لای ئێمەش روودەدات،وا نەزانن دەستگرتن
بەکلاوەکەمەوە تا با نەیبا یاخود وەکو نەعامە سەرت بکەیت بەناو لمدا وابزانیت کەس
ناتبینێ و ناتناسنەوە،لەپێش هەموویانەوە سەرەی ئەوانە،وەک بریارە سبەی گولبارانی
کۆنسولخانەی فەرەنسا بکرێت بۆ ئەو هەلوێستە جەوامێریانەیان، دەی با داخستنی
کۆنسولخانەی ئەمریکا و روسیاو کە تا دوێنێ خەریکی دیاری گۆرینەوە بوون ،لەگەل چین
و تورکیا لەهەولیر دەرکەن،جونکە دەنگیان نەدا لە ئەنجومەنی ئاسایش بۆ راگرتنی
پەلاماردانی رۆژئاوا.



**Kamil Zheer** دەسخوش بو ئەو سەرنجو ئاموژگارییە بەنرخانەی مامۆستا
ئاوات، بەهیوام پەیڕەوبکرێن. ئەوانە بەشێکی گرنگن لەچارەسەرییەکانمان.
سوپاسو ڕێز مامۆستا ئاوات گیان.



**Anwar Mahmud** دە ست خوشبیت ماموستاي بیري ئه ته وه یي ئه مه نت دریژبیت
کورد هه رگیز ناله وئي خه وني هه زاران ناکیر که رمان ناوه ته زیرگل




---

## ئاسۆی هیواو رازێکی بەپەلە!

هەمو رێبازەکانمان تاقیکردەوەو خوێنمان بۆدا: ئاینی، ئاینزایی، مرۆڤایەتی، دیموکراسی، برایەتی، مارکسێتی، لێبوردەیی، سۆزو بەزەیی، پێکەوەژیان، مافی گەلان، یاسا نێودەوڵەتییەکان، تەنانەت دەسگرتن بەکڵاوەوەو...هتد بێئەوەی هیچیان چارەسەربن بۆدۆزی نەتەوەکەمانو بۆسەربەخۆیی کوردستان، یا هیچنەبێ بمانپارێزن لەچەوسانەوەو کۆمەڵکوژی.

ئەوەی لە ئاسۆی هیوامانداو مابێ، کوردایەتییە. کوردایەتی وەک باوەڕ (عقیدە)، نەک وەک سۆز یا بۆ موزایەدە لەچەشنی ئەوەی کە هیزبە کوردییەکان خۆیانی پێوەبائەدەن، یا بەهەڵە پەیڕەویئەکەن، یا سەرکردەی نەزان رابەرایەتیی ئەکا!. ئیتر کاتی ئەوەیە جارێکیتر تاقیکراوەکان دوبارە تاقینەکەینەوە. تاکەی خوێنی رۆڵەکانمان بەفیڕۆبدەین بۆ گاڵتەجاڕییەکانی برایەتیو پێکەوە ژیانو خۆسەریو دیموکراتیکو خودموختاریو درۆی فیدراڵی! یا بۆئافەرینێکی دوژمنان! با ئیتر تەنیا کوردایەتی ببێتە بەرنامەی کارو خۆراکی بیروباوەڕمان:

بیرو رەوتی کوردایەتی رێبازمانە

ئێمە کوردین، مەردایەتی ئاوازمانە

کوردایەتی بۆئێمەی کورد چەکی دەستە

فەلسەفەیەو باوەڕی ورد، هۆشو هەستە
ئەوەی دوێنێ لەئەنکەرە ئەنجامدرا*
هەمان رەنجی فەرهادی پێ لەباربرا
بەرئەنجامە، هەروابوەو هەروەهایە
هاوبیرانم: رۆژان رۆژیکەی لەدوایە
کورد ئەمێنێ، دنیا هێشتا زۆریماوە
رێی تێکۆشان بۆئازادی نەتەنراوە
کاروانەکەی کوردی دلێر لەڕێگایە
لە پلانی داگیرکەران بەئاگایە
ئیتر شەڕ بۆئەوان ناکا وەک ئەیوبی
ئەنجام خۆیماڵوێرانێبێو دەستی سپی!!
شەڕ بۆنەیار ئەنجامی هەر ئاشبەتاڵە
هەنگوینیشبێ، هەنگوینێکی ترشوتاڵە
بەسە ئیتر بۆبێگانە خوێنی خۆمان
وەکو دیاری بخەینەسەر خوانی ئەوان
ئەمجارە رێی کوردایەتی ئەگرێنەبەر
هەتا تاجی سەربەخۆیی ئەنێینەسەر
ئەی وڵاتی کوردی ئازا، خۆری بەیان
ئەبێ هەر لەم ئاسۆیەدا هەڵبێ لێمان

ـ*ئاماژەیە بۆرێکەوتنەکەی ٢٠١٩/١٠/١٨ی ترەمپ و ئەردۆگان

١٢٩ بینین ٦٥ لێدوان لەوانە:

**Arif Kerim** مامۆستا گیان ئەم پرسیارە زۆر کورتە وزۆریش قورس و گرانە وەڵامەکەی نووسینو قسەوباسی زۆر هەڵدەگرێ مەگەر خوایاربێت کە چاومان بەیەک کەوتەوە بەدوورودرێژی قسەی لەسەربکەین ، بەڵام بەکورتیەکەی دەڵێم :
کورد لە باشوری کوردستان نوخبەیەکی دز ، ،جەردە . مافیا ، بێویژدان ، بێوەفا و بێبەزەیی بۆ میللەت ، وابەستە بە وڵاتانی ئیقلیمی دوژمن بە کورد ، بازرگان ، قۆنتەراتچی. سازشکەر ......بەڕێوەی دەبات و دەسەڵاتی لە دەستدایە و بەئارەزوی خۆی بانگەشەی شەڕو ئاشتی دەکات و کورد دەفرۆشێ.....هەتا کورد خاوەنی ئەم نوخبەیەبێت مەحاڵە بە ئامانجەکانی خۆی بگات ، خۆ ئەگەر ڕۆژێک لەڕۆائنیش بە هاوکاری ویارمەتی زلهێزێک شتێک بۆ کورد ببچڕن ئەوا هەر هەمان نوخبە ئەبن و زیاتر خراپتر دەبن بەرانبەر بە میللەت ، شتەکان هەر هەمووی سەقەتن ، تێکچوون ........تاقە ڕێگا تەنها شۆڕشێکی کولتوری و ڕەوشەنبیرییە لە ناخی تاکی کوردا بۆ ئەوەی شتەکان گۆڕانکاری بەسەردابێت ......بمبەخشە مامۆستا قسە تاواو نابێت ، بابمێنێ بۆ کاتی خۆی ، لەگەڵ ڕێزم .
شۆڕشی کولتوری و ڕەوشەنبیری تەنها دوو فاکتەرن ، هەڵبەتە فاکتەری تریش هەیە کە قسەی لەسەر بکەین و ئێرە شوێنی ئەوە نیە .

**Kamal Muhamad** پاڵەپەستۆ هەرچەند بەهێزترین تەقینەوەی گەورەتری لێ نەکەوێتەوە دوژمنانمان با چاوەڕوانی تەقینەوەکەمانین کاتێشیان نابێ بۆ پەشیمانبوونەوە چارەشمان تەنها کوردایەتییەو ڕۆیشتن بەرەو سەربەخۆیی کوردستانی گەورە مافی ڕۆشنبیری و خۆبەڕێوەبردن وفیدرالی و زۆرتر بە پوولێک نموونە ئیسرائیل ئەگەر کەمتر لە سەربەخۆیی بخواستایە هەرگیز نەئەگەیشتە ئامانج ووزەی هێزی نەتەوایەتی ڕێگاکان دیاری ئەکات بۆ گەیشتن بە لووتکە.......

**MamTaha Pasok** سڵاوی ئازادی بۆمامۆستا کامیل تەواوەهەرئەوەیە دەبێ بانگەوازی سەربەخۆیی و ئازادی تەواوی کوردستان بدرێ بەگوێ ی جیهان دا

**Awat Marouf** هونراوەیەک، وەک ملوانکەیەک لەمرواری بۆ گەردنی کوردستانی ئازیز،نایاب،بابەتیانەیە،خامە ڕەنگین بێت مامۆستاگیان،تەمەن درێژ وبەساغوسەلامەتی،چارەسەر بۆمان تەنها گیانی کوردایەتیە،کەمانپارێزێت،هەموو ئەو دەستەواژانەی کەبەڕێزتان ئاماژەی پێکردوە،بەرپرسانی کورد لەرابووردوو ئەمێستاشی لەگەڵدابێت،نەتەوەی کوردیان چاوبەست کردوە،کەلە ڕواڵەتدا تەنها قسەی سەوزسور بوە،هیچی تر،جارێکیتر سوپاس و ڕێز

## پێشبینیمان بۆئاییندەی گورگەسورو گورگەبۆر ٢٠١٩/١٠/٢٥

وەها ئەزانرا، ئەو جرجە، دێوە

باوکی جنۆکەو سەرۆکی خێوە!

کەچی بەنوچێ لەپەوڕو گلا

وەک باڵشکاوێ کەوتە واوەیلا

دەرکەوت سمشێری جەستەماکەرە

لەپێشبڕکێدا، گای ئابڕوبەرە

ترەمپە کەچەڵ، زلی بێ هونەر

کەللە بۆشێکی هەتابڵێی کەر

ئابڕوی ئەمریکای بەجارێ تکان

شکۆو شورەییو شەوکەتی شکان

لەهاوڕێیەکی، بێ هۆ، کشیکرد

بۆگورگە بۆرێ، کەوتو فشیکرد

ئەنجام: دو رسوا لەگۆڕەپانا

دو دۆڕاوئەبن لەپەرلەمانا

ئیتر تاماون دوشەش ناهێنن

کاڵەک بەئەژنۆ ئەبێ بشکێنن

ئەبێ هەر تەپڵی نابوتی لێدەن

لەجیاتی شایی، بیکەن بەشیوەن

ئێمەش هەر ئەژین، سەربڵندو کەش

گەرچی لەمافیش بێبەریو بێبەش

هەڵبەت داستانی دیاکۆ دیسان

ئەمانکاتەوە بەمیری میران

کوردستانەکەی سەردەمی مادم

دێتەوە ئارا، وا دێتە یادم

دنیا هەروایە، دەوران دەورانە

ڕۆژێ لەئێمەو ڕۆژێ لەوانە

بە ورەی بەرزو باوەڕی پتەو

ئێمە ئەبینە براوەی گرەو .

١٦٢ بینین ٦٤ لێدوان لەوانە:



Arif Kerim دەستخۆش مامۆستا گیان ، من بڕوام وایە کورد خاوەنی گوتارێکی سیاسی یەکگرتوو نەبوە هەروەها خاوەنی ستراتیژیکی ڕوون و ئاشکراش نەبوە و هەرجارەی دروشمێکی بەرز کردۆتەوە ، نەیزانیوە لەپێناوی چیدا خەبات و تێکۆشان دەکات ، ئەوەندەی سەرقاڵی خۆی بوەو دەستی لەخوێنی خۆیدا بوە ، ئەوەندە سەرقاڵی دوژمنەکەی نەبوە ، بەرژەوەندی تاک و حزب و خێلیش لەولاوە بوەستێ کە ڕێگر بوە لەوەی خاوەنی نوخبەیەکی لێوەشاوەو ڕۆشنبیرو وشۆڕشگێر بێت کە سەرکردایەتی لە ئەستۆ بگرێت و درێژە بە خەبات و تێکۆشان بدات ، لەبەرئەوانە دەبینین کورد شەڕی کردوە لەپێناوی شەڕدا و شەڕیش بۆ قاتوقڕکردنی یەکتر ، پەرشوبڵاوی کوردیش هەر لەوێوە سەرچاوەی گرتووە .
لەگەڵ ڕێزم .



Awat Marouf لەدۆخێکی وا دژواردا، کەبەسەر نەتەوەکەماندا تێدەپەڕێت،بەدەست گەلەگورگێکی ئێنوو،بەدڕندانەترین شێوە پەلاماردەدرێین،خوێنی مرۆڤی کورد دەڕێژن،تەنها تاوان کەهەیان بێت کوردبوونیانە،لێرەدا هونیارێکی کوردپەروەر،بەو پەڕی باوەڕەوە،هونراوەیەکی ئەنزئامێز،کەپڕ بەپێستی ئەم گورکانەیە،شیکارێکی ووردی خستۆتە بەردەم خوێنەر،لەهەمان کاتدا کەسێک زەردەخەنە دەخاتە سەر ڕوویان،چارەنووسی ئەم دڕندانەی بۆ زبڵخانەی مێژوو دەست نیشانکردوە،هەربژی مامۆستای بیری نەتەوەی،خۆشەویست کامیل ژیر

## چەک

بەڵگەنەویستە، چەک، هۆکاری هێزە بۆسەروەریی نەتەوەکان بەگشتیو نەتەوەی کورد بەتایبەتی. داگیرکەرانی کوردستان بۆیە زاڵن بەسەر کوردا، چونکە چەکیان زیاترە. ئەوەی هەندێ دەوڵەتی کردوە بەزلهێز، چەکە. پاراستنی نەتەوەکانو سەرکەوتنیان لەجەنگەکاندا، هەر چەکە. ئەگەر چەک یەکجار پێویستبێ بۆگەلان، بۆکورد دوجار پێویستە، چونکە کورد هەرچوارپەلی بەستراوەتەوەو چەک هۆکاری کردنەوەو رزگاربونیەتی. هەمو زاراوەکانی ئاشتیو برایەتیو دیموکراتیو مافی مرۆڤو دەستورو یاسا نێو دەوڵەتییەکانو دانوستانو کوڕوزانەوەو...هتد درۆو چەواشەکاریو بێسودن. کورد ئەگەر خۆی سەروەریی خۆی دابین نەکا، کەس بەتەنگییەوە نایەت. هەمو کورد یەکگرتوشبێ، بەبێ چەکی کاریگەر، هیچی پێناکرێ. چەک پارێزەری بیرە، بیریش ئاراستەکەری چەکە، بیرو چەک تەواوکەری یەکدین.

ئەگەر لەڕابوردودا هەلی پەیداکردنی چەکی کاریگەرمان بۆنەڕەخسابێ، لەئێستای قەوارەکەی هەرێمی کوردستاندا ئەو هەلە لەبەردەستە. لەپێشترین (ئەولەویەت)مان، پەیداکردنی چەکی ئەوتۆیە کە بمانپارێزێ لەئۆپراسیۆنەکانی داگیرکەران کە هەمو کاتێ چاوەڕوانکراوە لەلایەن ئیراکو تورکیاو ئێرانو سوریاوە. با وانەیەک لە رۆژئاوا وەرگرین. با کڕینی چەک پێش هەمو پرۆژەکان بخەین. لەپێشترینی جەکیش بۆئەمڕۆمان: چەکی دژە ئاسمانییە. ئەگەر پارەی کاشیش نەبێ، بەقەرزی نەوتو گاز چەک دابینئەکرێ. کە دەوڵەتی ئیسرائیل دامەزرا، کاری لەپێشینەیان دەستەبەرکردنی چەکبو کە بوە هۆی زاڵبون بەسەر هەمو ئەرەبدا. چەکی هاوپەیمانان هەرەسی بەدەوڵتی ئوسمانی هێنا. بۆمبای ئەتۆمی پشتی ئەڵمانی شکاند! فڕۆکەکانی ئنگلیز پاشانشینەکەی شێخ مەهمودی لەناوبردو چەندین نمونەیتر. پارەی کڕینی ژمارەیەک فڕۆکەی جەنگیش، کەمترە لەپارەی ساڵێکی گەندەڵی. با جارێ هۆکارەکانی راگەیاندنو زانکۆکانو پرۆژەکانی تونێلو شەقامی زۆرو شانۆی رۆمانیو هاوردەی فەنتازیاو هاوشێوەکانیان کەمکەینەوەو دەستگرتنەوە (تقشف) لەهەمو بوارەکاندا تا ئاسایشی نەتەوەییمان دابینئەکەین. وەستا رەجەب

بەتەنیا تۆپی جەنگیی دروستکرد بۆ میرنشینیی رەواندز. کەچی لەماوەی ۲۸ ساڵی رابوردوماندا نەتوانرا فیشەکێک دروستکرێ!. بەسە ئیتر بودەڵەییو گەندەڵی.

لەهۆنراوەی (بۆ بێ دەوڵەتین، کوا قارەمان؟) بابەتی دیوان/۲۳، رومانکردە قارەمانو وتمان:

لەیەک کاتا، بەچوارلادا، یەکەمین دەسوەشێنەربە

ئاشتی لەلولەی چەکدایە، چەکی گران پەیاکەربە

لێرەدا ئەم مەڵۆیەش ئەخەینە سەر خەرمانی هەمان بیرۆکەو هەمان گرنگیی چەک:

خۆشەویستەکەم

شێری هەمو دەم

خاوەنی دڵی بێبەزەییو رەق

ئەی ئاوەڵی شەق

دۆستی دێرینی دارو تێڵاو لیس

هێزی سەربازو پێمیمو پۆلیس

ئاشتیپارێزی دورە رێو ناوەند

مایەی ئارامیی نیشتەجێو رەوەند

تۆ بەرهەمێکی بەردەوام باوی

بەدکار لێگەڕێ، بیلبیلەی چاوی

تاوان تۆ نایکەی، تاوانکار هۆیە

ئەو دڵی ڕەشو پاڵنەری تۆیە

تۆ بۆخاوەن ماف دەستی فریادی

جێبەجێکاری بریاری دادی

زلهێز بەتۆوە دەنگی دلێرە

فەرمانی وەکو فەرمانی شێرە

ئەی پارێزەری پشتوێنی سنور

قەڵغانی یاساو سەروەریی دەستور

ئامێری پارسەنگ

بۆئاسایشو رونەدانی جەنگ

هۆکاری ڕەواو گێڕانەوەی ماف

بێ لافو گەزاف

ئێمەی بەشخوراو

ماڵ دابەشکراو

هەروەکو خۆراک

هەندەی پیرۆزیی نیشتمانو خاک

لامان مەبەستی

بۆ سەربەخۆیی، ئامڕازی دەستی

هۆ هاوڕێی کوتەک:

گیانەکەم ئەی چەک

گوێ نەگری لەڕای پیاوی ترسنۆک

فەلسەفەی نەزۆک

گوایە لەمڕۆدا باوت نەماوە!

فەرمایشتی وا، بیانوی دۆڕاوە

بانگی کەسانی پڕبوی دۆلارە

خاوەنی سەری سەرنەویو لارە

مەرد ئەو کەسەیە هەڵوێستی هەبێ

ملکەچی دەستی سەردەستی نەبێ

ئەی چەک: تا هەتا هەرتۆ پێشەنگی

سوارچاکی مەیدان، براوەی جەنگی

گفتو پەیمانە

مەرجی مەردانە

دوای رزگاریمان، بۆ تاوێ وچان

ئەیکەین بە شاییو ئاهەنگی شەوان

وێنەی ئینجانەی سەرمێزی پڕ گوڵ

ئەتنێینە شوشەی کریستاڵی دڵ.

١٣٧ بینین ٦٧ لێدوان لەوانە:


Shex Jamal به راستي وايه جه ك مايه يي ئاشتيه هه ج وولاتي جه كي هه بيت ئه وولاته دووره له شه ر و هه موو وولاتانه به جاوي گه وره و سه روه رييه وه سه يرى ده كه ن

**MamTaha Pasok** بەڵێ زۆر ڕاستە
ماموستا کاتی خویشی ئەم پێشنیارەی دابە مەسعود بەرزانی لەشاری سلێمانی

١

**Kamal Muhamad** ڕاسترین بۆچوون یا ئەم تێبینیانەی منیشی لەسەربێت ناحەزانمان ئەوەیان خستووەتە بیر و هزری کوردانەوە کەوا چەک دوژمنە بۆئەوەی کورد لە چەک بترسێ وخوی لێ بەدوور بگری بۆ هەمیشە بێ هێز بێت منالێک سەیری چەک بکات یان دەستی لێدات پەلی ڕادەکێشن و پێی ئەڵێن دوورکەوە لێی چەک دوژمنە بەلای مناوە پێویستە هەموو کوردێک لە تەمەنی سێ ساڵیەوە هەموو چەکێک بناسێ وبزانێ بەکاری بێنێ وەکوو ناحەزانمان هەزارەها ساڵە ئەوەکانیان ڕادەهێنن لەسەر هونەرەکانی لەش بەهێز کردن ناسین و بەکارهێنانی چەک و چۆنیەتی خوئامادەکردن بۆ جەنگ بۆ ئەوەی پارێزراوین لە داگیرکردن و کویلایەتی ئەبێ ئێمەش بۆ ئەوەی بمێنین ئەبێ وەها بین......،،

**Hewa Ali** دەست خوش ماموستای بەڕێز، بەڵێ هەموو ووشە بریق و باقەکانی جیهان درۆ دەرچوون، وە بان بۆ هەڵخەڵەتاندنی نەتەوە سادەکان.کەواتە وەك جەنابتان فەرمووتان هێز و بازوو لە بوونی چەکی باشدایە، کە چەکی پێشکەوتوومان هەبوو پێویستمان بە هێز و بازوو نییە خوی لە خویدا یەکێتی نەتەوەییە و هێز و بازووە. دەست خوش

**Meriwan Dewlet** دەستخوش کاکە کامیل گیان هەر تەمەندرێژتربن ..هەمیشە هەرخاوەن هزری کوردایەتی بوون ...زورڕاستە بەدەستهێنانی چەکی کاریگەری بوواری سەربازیی ، لەپاڵ یەکێتیی نەتەوەییمان ئەرکێکی هەنووکەیی حکوومەتی هەرێمە ، بەڵام بەداخەوە دەسەڵاتەکەمان هەموسەرو ترێکی لەژێردەستی دەزگا هەواڵگرییەکانی داگیرکەرانە و دەسیکە ئیرادەی سەربەخومان لەدەستداوە ..هیوادارم وا نەبێت .

**Awat Marouf** سڵاو ماموستا ژیر،بابەتێکی گرنگت وروروژاندوە،لەرووی مێژووییەوە،هێز تەنها فاکتەری یەکلاکەرەوە بوە لەجەنگەکاندا،لە پەرەسەندنی دەسەڵاتدا، ڕاستە چەک وەک ئامرازێک پێویستیەکی هەنووکەییە بۆ نەتەوەکەمان،بۆ خوپاراستن،لەشاڵاوی درندانەی دوژمنانی،لێرەدا ئەوەی جێگەی ئاماژەپێدانە چەکی کاریگەرو پێشکەوتوو،نەک تەنها تفەنگ و دەمانچە،بڵاوبوونەوەی لەماڵاندا،کە چەندها کارەساتی لێکەوتوتەوە،شان بەشانی هێز وچەک،پەروەردەی نەتەوەیی وەک هەوێنێک بۆ گەشەکردنی تاکی کورد،لەگەڵ ڕێزم بۆ بەڕێزتان،هەر شاد وبەختەوەربن


Pshko Amin دستەکانت خوش بێ چەک هوی سەرکەوتن و داینەکەری ئاشتی و بەدیهێنەری ئاسایش و سەربەخوییە نەزان و ترسنوکەکان ئامادەن بونەوەی پنارێزگاری لەسەروەت و سامان و پلە و جێگەکانیان کەن دەیانەوێت لە کاریگەری چەک کەمکەنەوە تورکیا کە ئەمرو لە رۆژئاوادا زاڵە تنها هو چەکەکانیەتی فروکەکانیەتی سەداتجار شەرڤانان رایەنگەیاند تەنها رێگەمەدەن بەتورکیا فروکەکانی بەکاربهێنێت هەرە زوری شەهیدو بریندارانمان بەهوی فروکەوە بوە دەستخوش باشت دەستێشان کردوە

---

## هەنێ راستی

گوڵ لەدورەوە ئەوینی ئەبی بەجوانیی شێوەی، رەنگی سەرپۆشی

لەنزیکەوە ئەوین ئەگۆڕێ بەتامی شیلەی، بەبۆنی خۆشی

شەرابی خەستی گەڕاوەی دێرین بەهای زیاترە گەر لەکوپەوە

بکرێتە پیاڵە، ئنجا بەدەستی پڕ لەخرۆشی یارێ بینۆشی.

خۆشەویستەکەت چەنێ شیرینبێ، لێت ئەبێ بەژار، بەخەمو ئازار

بەبێ ئەنجامی بەیەکگەیشتن، یا بەبێ جوشی باوەشو کۆشی

بەرهەمی رەنجت: دراوی لێشاو، بەدەمتا نەچێ، نەشیدەیتە کەس

لەبەرچی ئاوا تا دوا هەناسە بۆی تێئەکۆشی، بۆی بەپەرۆشی؟

لەڕێو بوارا کە جارێکو دو دەستت کەوتەڕو، بەجەزبەی درۆ

بەئاوی پەتی، کێ بڕوا ئەکا کۆنە دەروێشی، یا تۆ سەرخۆشی؟

بڕوانامەکەت هەرچەنێ باڵا رێژەی زانیاریت ڕادە بەدەربێ

ئەگەر نەنوسیت بۆهاوزمانت، ترسنۆک تۆشی، یاخود نەخۆشی

دیوی ناوەوەت بەبێ ناوەرۆک، چەنێ فشوفۆڵ، ئاڵوالابی

یا لاریت هەبێ لەڕۆژانێکی بێوەژن کۆشی، دەهۆڵی بۆشی
فەیلەسوفێبی، یا پاڵەوانی یەکەمی جیهان، کە بۆخۆت نەبی
بۆکەسیتربی، لای منو ئەویش تۆخۆفرۆشی، بێ هەستو هۆشی
ئەشێ نەزانی بۆچی لەپێشا نەڕە شێرێ بوی، ئێستاکە رێوی؟
ئەوسا تۆ بۆخۆت، ئێستا بۆخەڵکی تۆ تێئەکوشی، داماوو دۆشی
باوەڕو ویژدان، خاکی نیشتمان، نەتەوایەتی، مرۆڤایەتی
کاتێ لێتڕازین، جێگەی شانازین، کە بیانپۆشی، نەیانفرۆشی
١٠٤ بینین ٤٣ لێدوان لەوانە:


Awat Marouf خامە ڕەنگین بێت،ئەی هونیاری هەست ناسکوجوان،پیرۆزکرنی ئەو جوانیانە لەچواچێوەی هونراوەیەکی نایاب،خەیاڵ و هەستت دەبا لەگەڵ خۆی،جێگەی شانازیمانی،هەردەم لەتەندروستیەکی باشدا بتبینم،جلەوی ئەم هونراوەیەتان،بردیمەوە بۆ هونیاری بەناوبانگ میسباحوالدیوانی ئەدەب:
سوبح دەم هەنگامی گوڵ، سوزەی نەسیمی عەنبەرین
چەندە خۆشە بادە وەرگرتن لە یاری نازەنین
چەندە خۆشە عیشرەتی پەنهان،نیگارت ڕوو بەڕوو
موتریبوساقی لەلایەک،خونچەلەم یەک مەه جەبین


Mhamad Emam ده سخوشبی ماموستای ڕێزدار و نه ته وه ییم کاکه ژیر په ند و ئاموژگارییه کی جوانه ته مه ن دریژ و ساغیی بمێنی

## لەمەزادێکی ئاشکرادا :

ملپێچێکی دادڕاوی پۆپەشمینی مو وەریوی ماندێلایان
بەدەملیۆن لیرەی جاران، لەمەزادا هەڵسەنگانو نرخیان بڕی
کاشانێکی تازەباوی ئاوریشمینی دەسچنیوی باڵانرخی عەرەفاتی

تیرەی خۆمان بەبڕێکی کەم نرخانو کەس نەیکڕی!

١٣٥ بینین ٣٥ لێدوان لەوانە:







---

## سۆزێ بۆ سێ هاوبیرمان:

هەکیم کاکە وەیس[1] و فەرهاد پاڵەوان[2] و فریاد هەسەن[3] و ئەوهاوبیرو هاوڕێ تێکۆشەرو کۆڵنەدەرو خۆشەویستانەی لەم بازاڕی خاکو گەلفرۆشتنانەی ئەم سەردەمەمانا ئەرکی نەتەوەییان ئەنجامئەدەنو بەمەردی ئەژینو بە ئەستۆپاکی جێماندێڵن:

ئەوا دیسان

خەمی پایز، گەڵارێزان

هەکیمم رۆ

وەکو فەرهادی پاڵەوان

وەکو فریادی نەوجوان

سێ هاوبیری سەنگینم رۆ

*

چ فریادێ!

چ فەرهادێ!

برەوکارانی زەردەشتی رەگی کوردبون

هەکیمێکی وەکو سوکراتو ئەفلاتون

لەناکاتا بەجارێ چون

*

بەڵی سێ شێر لەمەیدانا

لەناو کۆڕی تێکۆشانا

لەدو جەنگی درێژخایەن، مرۆڤکوژدا

لەئاستی دو بەرەی دژدا:-

بەرەی دژکاری کوردستان

بەرەی دژوار بەجەستەوگیان

چ مەردێبون!

نەبەردێبون!

وەکو سێ شەڕکەری چالاک

بەئەستۆی پاک

ژیانو بون

مەخابن زو لەدەسمان چون

*

بنون ئەی سیمبولی مەردان

نمونەی جوان

لەبازاڕی کەسی دەگمەن

کە ئەمڕۆ هەن

لەناو ژینگەی سەرانێکی فرۆشیاری گەلو ویژدان

بنون بێ خەم، کەمن وێنەی بزورگیتان

*

ئەزیزانم

بەڕێزانم

منیش ئێستا وەکو ئێوە

لە دو جەنگدام هەمان شێوە

بەهیوایەک بگا دەستم بەشکۆتان

بە گڵکۆتان

وەکو هاوسێ، نەکو میوان

بنون بێ خەم

بزورگانی براوەی دو جەنگی سەردەم.

---

١-حەکیم کاکە وەیس ١٩٤٩-٢٠١٨/١١/١٨ هاوبیری کوردایەتیو پاسۆک، پێشمەرگەی دێرین، نوسەرو وەرگێڕو رۆماننوس، خاوەنی ٢٧ پەرتوکی چاپکراو.

٢-فەرهاد ئەبدولهەمید پاڵەوان: ١٩٤٥-٢٠١٨/١٠/٣١ هاوبیری کوردایەتیو کاژیکو پاسۆک، پێشمەرگەی دێرین، لەدامەزرێنەرانو

سەرۆکی ئەنجومەنی باڵای ناوەندی زەردەشتیان، چەندین نوسینو وەرگێڕانی سەبارەت کوردو ئاینی زەردەشتی هەیە.

٣-فریاد حەسەن مەئروف ١٩٥٧-٢٠١٨/١١/٢١ هاوبیری کوردایەتیو پاسۆک، پێشمەرگەی دێرین، ئەندامی ئەنجومەنی باڵای ناوەندی زەدەشتیان، چەندین نوسینو لێدوانو کورتە وتاری نەتەوەییانەی لەفەیسبوک هەیە.

٨٨ بینین ٢٣ لێدوان لەوانە:


Salam Kurdee ئەوە چ کارەساتێکە ئەی هاوار یەزدانی مەزن تەنانەت تۆش پشت دەکەیتە ئەم نەتەوە زۆرلێکراوە خاك داگیرکراوەی کوردستان
(پێرێکە) هاوبیر فەرهاد پاڵەوان و (دوێنێکە) هاوبیر حەکیم کاکەوەیس و (ئەمڕۆش) هاوبیر فریاد حەسەن ....
ئەی ئاهورامەزدای مەزن ئەی (یەزدان)-(خودایە)-(خدا)-(الله)-(رب)-(God)-(Lord) بە گشت ناوە پیرۆزەکانت لێت دەپاڕێینەوە تۆزێك بەبەزەیی بە لەگەڵ ئەم کوردە ستەملێکراو و خاك داگیرکراوەماندا
بیهێڵە بۆ جارێکیش تۆزێك فرمێسکەکانمان ووشك ببنەوە و ئەم زستانە وەشوومەمان بۆ بکە بەهار و خۆری ئازادیمان بۆ وەدەرخە
ڕەوانتان شاد و جێگەتان پڕ گوڵ و گوڵزار بێت هاوبیرەکەم کاکە فریاد
🙏🌼🌻🌼🙏
بەدڵمە · وەڵامدانەوە · ١ ساڵ

Salam Kadir ⑧دەستخۆش ... ڕەوانیان شاد ...گرنگ ئەوەیە سەربەرزانە نەتەوەکەیان جێهێشت ... لەم بارو دۆخەی ئێستادا کەم کەس ئەو شەرەفەی پێدەبەخشرێ ... ئەمانە سەربازی وونی نەتەوەکەیان بوون ... ئێمەش سەر بەرزین کە ڕۆژانێک هاوبیر و هاوڕێ یان بووین

Mohammad Barzy کاکە گیان دەستەکانت خۆشبێت و هاوبەشی خەمتان ئەکەم و ڕوحی پاکی ئەو هاوبیرانە شاد بێت و جێگایان بەهەشت بێت و هەزاران چرا و چەپکە گوڵ بۆ سەر گڵکۆیان .

Hallo Barzinjeyie دەستتان خۆش مامۆستا بۆ ئەم پەیامە جوانە
بەدڵمە · وەڵامدانەوە · ١ ساڵ

Aladdin Mohammad هاوبەشی خەمتانین مامۆستا هەواڵێکی دڵتەزێن بوو تووشی شۆک بووم ڕوحی شادبێت گۆڕی چراخان بێت




---

## ساڵیادی کۆچی دوایی پۆلێ هاوبیران

فریاد گیان:

وا رۆژ بەپەنجە ئەژمێرم بۆگەیشتن بەساڵیادی کۆچی لەناکاوت ١١/٢١. نامەوێ لەم ساڵیادەدا کۆڕی شێوەن بگێڕم بۆتۆو بۆپۆلێ هاوبیریترم، چونکە، گەرچی ئێوە ساڵێکە بە جەستە بەجێتان هێشتوم، بەڵام بەگیان هەر زیندونو لەگەڵمدان.

فریاد گیان: شەهید نامرێ، تۆ شەهیدیت. تۆ هەر لەتەمەنی منداڵیتەوە خولیای ئەوەتبو لەڕیزەکانی کاژیکدا هەڵسوڕێیت. تەنانەت باوکی رەحمەتیی کوردپەروەرتو دۆستی کاژیکیش رویئەوەی لێنام کە ئاواتەکەت بێنمەدی. بەڵام دەستوری ئێمە ئەوەبو کە دەرگامان بۆلاوان دوای تەمەنی هەژدەساڵییان ئەکرایەوە. کاتێکیش گەیشتیتە ئەو تەمەنە، پاسۆک باوەشی بۆکردیتەوەو تۆش بە ئەوپەڕی بوێریو دڵسۆزییەوە ئەرکەکانی سەرشانت رائەپەڕان لەناو پاسۆکدا بێئەوەی سڵ لەڕژێمی بەئسی دڕندەو جاشەکانی بکەیتەوە. ئەوە تۆبوی لەشەوە ترسناکەکانی ئەو سەردەمەدا دیوارەکانی شارت ئەڕازاندەوە بە دروشمی (ئەوەی وتی نەورۆزی کورد ئەبێ نەبێ- مۆخو مێشکی ئەهاڕین ورد چەن گەورەبێ). ئەوە تۆبوی لەدەرگای ماڵانت ئەدا بۆکۆکردنەوەی یارمەتی بۆپاسۆک. ئەوە تۆبوی ئاواتی گەورەت سەربەخۆیی کوردستانبو و خەباتی ژێرزەمینیو شاخت بۆئەکرد. بەڵام ئاخ لەناپاکیو خیانەت! زۆڵە کوردێکی ناڕەسەن کە کەسێکی دورنەبو لێتەوە، لەژێرەوە ئەیویست بەگرتنو بەکوشتنت بدا، بەڵام نە خۆیو نە دەسەڵاتی بەئسیش بەڵگەیەکیان بەدەستەوەنەبو بۆگرتنت، بۆیە بەبیانوی راژەی سەربازییەوە راپێچی سەنگەرێکی پێشەوەی جەنگی ئیراک-ئیرانیان کردی، بێئەوەی مەشقێکی سەربازیت پێکرابێ! بۆئەوەی بەکوشتت بدەن. ئەوەبو هەر بەگەیشتنت،

بەر بۆمبایەکی لەشکری ئێران کەوتیو چەند پارچەیەکی بۆمباکە کاسەی سەرتیان بڕیو توشی جۆرێک لە شەلەل بویتو شێوەی کوڕە جوانەکەی شاری سلێمانی شێوا!.

هەر زەبرو کاریگەریی ئەو بۆمبایەشبو، دوایی بوە هۆی کۆچی لەناکاوت لەتافی لاویدا!. ئەوە تۆبوی بەو جەستە شێوێنراوەشتەوە، هەر بەردەوامبوی لەسەر خەباتی کوردایەتیت لەڕیزەکانی پاسۆکداو پەیوەندیت بە ڕێزەکانی شۆڕشەوە کردو لەبارەگای پاسۆکدا بە سکی برسییەوە چەکی خەباتی سەربەخۆییت کردبوە شان. تۆ شەهیدی، تۆ نەمریت هاوبیرە خۆشەویستەکەم.

فریاد گیان: بیری روە خۆشەکەتو قسە خۆشەکانت ئەکەم، سەرسامبوم بە دەستو دڵە فراوانەکەتەوە لەئاستی هەژارانو لێقەوماواندا کە بەهانایانەوە ئەچوی، ڕێزی زۆرم هەیە بۆ ئەو هەمو دڵسۆزییەت بۆ نەتەوەکەت بەجۆرێ کە لەهەر جێیەک بوارێ هەبوایە بۆ ڕاژەی کوردو کوردایەتی، تۆ لەو جێیەدا ئامادەبوی. ئەوە تۆبوی لە هەر بۆنەیەکی نیشتمانیدا ئاڵای کوردستان بەدەستەوە ئەشەکایەوە.

هەر ئەو گیانەشبو کە لەم دوایی ژیانەتدا خۆت لەناوەندی زەردەشتیاندا بینییەوە وەک ئەندامی ئەنجومەنی باڵای ئەو ناوەندە بۆراژەی نەتەوەکەت.

بنو ئارام ، ئاهورات لەگەڵ. ئێمەش پەیڕەوکارو تەواوکاری وشە زێڕینەکانی سەر کێلی گڵکۆکەت ئەبین:

ئەزیزانم لەسەر گڵکۆم مەکەن شیوەن

تەواوکاری سەری سەوداسەرم : ئێوەن

بژین بۆکوردو کوردستان بەوێنەی من

نەبەردێبن لەئاستی لەشکری دوژمن

وەکومن خەمبەکۆڵێبن لەڕێگەی خاک

ژیانێکی کەمی خاوێن ، دەسێکی پاک

وەها ژینێ ، ژیانی شادو ئاوایە

بەهەشتێکی بەرینەو شوێنی فریایە.

فریاد گیان:

هەرتۆ نەبوی لەپایزی پاردا بەجێتهێشتین.

کۆچی دوایی یەکلەدوای یەکی پۆلێ هاوبیریتریشمان: (فەرهاد پاڵەوان، هەکیم کاکە وەیس، نەجم مەهمود، هیوا نیزامەدین)یش، کسپەیان لەدڵم هەستان:

بڵێسەی ئاگرێکی چڕ لەناو کورەی دڵمدایە

سوتانە، ئازار

لەڕێبازی نشێویدام، وەکو هەورازەڕێ وایە

هاوارە هاوار

نە هێزی پێ، نە پشتیکو نە هەستێکو نە بینایی!

تاریکە ڕێگام

نە هاوکارێ، نە دۆستێکو نە دەستێکو بەتەنیایی

ئاوارە ئاسام

*

ئای چ پایزێکی خەمبو بۆ کۆچی دوایی پۆلێ هاوبیرم:

فەرهاد پاڵەوانێبو

پیری زەردەشتی، ئاخ لەدەسمانچو!

هەکیم کاکە وەیس، بیرمەندی گەورە

وێنەی دەگمەنە لەم رۆژو دەورە

نەجم ئەستێرەی خەباتی شاخبو

چونی ناوادەی جێی ئاخو داخبو!

هیوای جێ هیوا، برا جوانەکەم
ئەندازیارەکەی کوردستانەکەم
هاوبیری کاژیک، پێشمەرگەی دێرین
دوچاری ئازار، خێرنەدیو لەژین
من بەو کۆستانە دڵم ئەیناڵان
مەرگی نەبەزیش سەرباری هەموان
کاکە نەبەز گیان  ئەی هاوبیرەکەم
گەرچی ئەم کۆچەت بۆمن بو بەخەم
بەڵام کوردستان تۆی لە ئامێزو باوەش گرتەوە
ئەرخەوانەکەی گردەکەی سەیوان، گوڵی گرتەوە
لەناو ئاپۆرەی خۆشەویستانا بویتەوە میوان
بۆتۆ چونیەکە هەر بستە خاکێ لەکۆی کوردستان
نەچوی بەتەنیا گردێ پاوانکەی
خۆڵی دوڕویی لەنێو چاوانکەی
وەک چۆن ژیانت سادەو خاکیبو
کۆچی دواییشت هەر بێ باکیبو
بۆیە نەبەزمان وەکو هاوبیران
بەمەردی مردن، بەمەردی ژیان
خەرمانی وشەو پەرتوکەکانی
ئەژین تا هەتا وێنەی ژیانی

ئەی هاوبیرانم: ئێوە ئەمێنن

ئێوە براوەی گرەوی ژینن

بنون بەبێ خەم خۆشەویستانم

منیش بەڕێوەم ، لاتان میوانم



Hama Xan ئەم پەیامەم پێگەیشتوە بۆ بڵاوکردنەوە: ~Hama Xaen
بۆڕای گشتی: تکایە کاتی ئەوە هاتوە دەربخرێت کێ بەرپرس بوو لە مەحروم کردنی
د.نەبەز لە گەڕانەوەی بۆ کوردستان و وە هۆکارەکانی چی بوو؟ هاوبیران و دڵسۆزانی
نەبەز، جەماوەرەی بەشەرەفی کوردستان: تکایە بڵاوی بکەنەوە: نەبەز بە پلانێکی وردو و
موئامەرەی ئەوشیروان ئیشی لەسەرکرا! نەبەز بە ئەمری ئەوشیروان کۆمەڵێک گۆڕانی
لینزیکرایەوە کە ڕۆژانە ئیشی لەسەربکەن و هەڵیبخەڵەتێنن! بۆشتان ڕوون ئەکەم بۆ ئەمە
ڕاست بوو! ١- هاتنەوەی نەبەز بۆ کوردستان تەنها و تەنها لە جەماوەری حزبەکانی
سلێمانی کەم دەکردەوە، دیارە یەکێتی کە ئەوشیراون بەرپرسی ئەو ڕوەی بوو وە دوایش
گۆڕان ترسی ئەویان لێنیشتبوو، هەروەک چۆن سیاسەتی چەواشەکاری ئەمانە سنوری نیە
لەپێناو مانەوەی خۆیاندا، هەر بۆیە بە پلان کۆمەڵێک گەنجیان لینزیک کردەوە کە گوایە
ئەمانە دڵسۆزین هەتا مێشکی پڕ بکەن بەدرۆیەک کە ئەوشیراون ئەمری بە کردنی کردبوو
کە گوایەپلان هەیە بۆ کوشتنی ئەگەر بێتەوە، هەرجارێک بیویستایە بێتەوە، خێرا ئەوشیراون
جوابی بۆ ئەنارد کە نەیەتەوە چونکە ئەکوژرێت! بەڵگەی ١ لە قسەکانی خولە بووک
دەرئەکەوێت بۆ دەنگی ئەمریکا، کە وتی چەند جار نەبەز جانتاشی کۆکردوەتەوە کە
بگەڕێتەوە بۆ کوردستان، بەلام پەشمان کراوەتەوە پێ وتراوە ئەکوژرێت، ئایا پاسن خولە
بووک چۆن ئاگاداری ئەمە بووە ئەگەر خۆی بەشدارنەبووبێ لە پلانەکەی ئەوشیراوانی
زوڵ! ٢- لەگەڵ هێنانەوەی تەرمەکەی هیچ یەکێک لەوپەناو دڵسۆزانەی بەدەم هێچیان
نەهێشتوتەوە نەهاتنەوە لەگەڵی، کەدیارە ئەمە بەڵگەی ٢ کە ئەمانە نەفس پیس و پانگیر
بوون ڕیزی نەبەزیان لانەبووە هەر بەشێک بوون لەپلان، نەک هەرخۆیان نەهاتنەوە، بەڵکو
هەتا ڕوورەشی بۆخۆیان ئەسیناتەوە، هەر بە موئامەرە کەوتنە بنکلیشەوی ماڵی نەبەز هەتا

ریگری بکەن لە ریزلینان و هاتنەوەی دلاسۆزانی نەبەز و بەشداریکردن لە مەراسیمی ریزلینانی! ٣- بەلگەیی ٣: نە بەرپرسانی گۆران، نە جەماوەرەکەی هیچ ریزلینانیکی شایستەیان بۆ نەکرد، ئەمە سەد لەسەد بەلگەی ئەوەیە کە چەند ناخپیسبوون لەگەل نەبەز و چۆن هەلیانخەلەتان، پرسەکەی ئەگەر هابیریکی نزیکی خۆی نەکردایە بە پرسەی خۆی ئەوە وەك یەکەم رۆژی پرسەکەی ٢٠ کەسی لینەئەبوو! هەروەك چۆن ئەمرۆ لە ریورەسمی هینانەوەکەی نە جامەوەر و نەبەرپسەکانی گۆران ئامادە نەبوون لەوێین، تەنها هاوبیر و دلسۆزە رستاقینەکانی نەبەز لەویبوون، وە خوا هەلناگریتیش، کە پارتی تەنها حزبی کوردی بوو کە ریزی پیوسیتی لیگرت، کە ئەمەش تەواوی بەلگەکانی پشتراست ئەکاتەوە کە سەرەرای ئەوەی کە نەبەز وای لیکرا دژیان بیت، هەر ئەوان ریزیان لیگرت کە ئەسەدەری ئەخات گوایە پارتی پلانی کوشتنی هەیە سەد لەسەد درۆیەکی شاخداری بە پلانی نەوشیروان بوو بۆ هەلخەلەتاندی نەبەز و دوورخستنەوەی! شەرمەزری بۆ هەلویستی بنەمالەکەی بەرامبەر هاوبیرەکانی کە هەلخەلیتران لبۆ دوا جوار و لەکاتی مەراسەمەکەدا هەر لایەن ئەو کەسانەی بەشیك بوون لە پلانە دریژخایەنەکی نەوشیروان، روورەشیش بۆ نەوشیروان و جیبەجیکارانی پلانەکەی کە ناوی بەشیکیان بریتەیە لە: یاسین خولە بووك، د.سەروەر، فەرهاد فەرەج، ناوی ئەوانەی کەش بەم زووانە را ئەگەین و بە بلگەی تەواوی دەنگی وینە کە چۆن ئیش لەسەر هەلخەلەتاندنی نەبەز کراوە! نزای بەهەشتیش بۆ رۆحی پاکی نەبەز

---

# سۆزێ بۆ هیوا

*بۆهیوای برای خۆشەویستم، هاوبیری کاژیکو پێشمەرگەی دێرین، کە بەدوای کۆچی یەکلەدوای یەکی پێنج هاوبیریتری کوردایەتیمان، لەم پایزە شومەدا گیانی پاکی سپارد:
دیسان پایزەو گەڵارێزانی درەختی ژیان
دوێنێ پێنج هاوبیر، ئەمڕۆکوستێکی وەکئەوان گران
فەرهادو هەکیم، فریادو نەجم، هیواو نەبەز رۆ
گەردونی نادان، لەگەڵ ئێمەی کورد ئەم تاوانە بۆ!؟
ماڵ ئاوا ئەی هاوبیرانی کوردایەتی. منیش هاودەنگم لەگەڵ هاوبیرمان د. هۆگر مەهمود کە ئەڵێ:
پێدەچێ ئەمساڵ وەرزی وەرینی گیانە باڵاکانی کوردەواری بێت، دوێنێ پێنج هاوبیرمان، ئەمڕۆش وا گیانە بەفرینەکەی نەبەزی کەڵەمێرد، بۆجاویدانی، بۆئاسمانەکەی کوردستان، بۆسایەی میهری ئاهورا مەزدا، بۆ پەنای گیانی ئەشۆ زەردەشتو گەشموردانمان باڵیگرتەوە.
ماڵئاواییتان چ کسپەیەکە وامەرگی کاکی هەمیشە پێشمەرگەمم لەلا کاڵدەکاتەوە؟!.نەخێر نەخێر ، هەرگیز هەرگیز نەتەوەی کورد، ڕۆڵە بەئەمەکەکانی فەرامۆش ناکا، لەسەر پەڕەی دڵ، بەرەنگی ئەمەک ناویان تۆمارو یادیان بۆ هەمیشە بەپیرۆزی ئەکاتەوە. ئەی گیانە پیرۆزەکان بەئارامیو ئاسودەییتان ئەسپێرین.

بڵێسەی ئاگرێکی چڕ، لەناو کورەی دڵمدایە

سوتانە، ئازار

لەڕێبازی نشێویدام، وەکو هەورازەڕێ وایە

هاوارە هاوار

نە هێزی پێ، نە پشتێکو نە هەستێکو نە بینایی!

تاریکە ڕێگام

نە هاوکارێ، نە دۆستێکو نە دەستێکو بەتەنیایی

ئاوارە ئاسام

بە دو چاوی گەشی هیواوە تا ئێستاکە واهاتوم

سانایە کارم

کە خۆری دیدەکەی گیرا، بژیمو نا، لەڕێدا چوم

شێواوە بارم

ژیانی چی کە هیوا چو!؟، جیهانێکی وەها رسوا

زیندانە زیندان

بەهەشتو دۆزەخو دنیا، نەبونو بون، بەبێ هیوا

یەکسانە یەکسان

لەهیواوە وزەو توانا، بناغەی کار، بەهاری ژین

ڕوناکە دەم کەل

بەهیواوە هەمو گیانێ ورەی بەرزو بزەی شیرین

ئامادە بۆ هەڵ

هەتا ئێستا لەئاگردا کە ماوم چاوەڕوانێکی

هیوامە، هیوام

لەئاسۆوە وەکو تیشکێ بدا مژدەی ژیانێکی

بێ ژانو ئارام

بەدوای گیانی ئەوا ئێستا کەوا وێڵێکی سەیوانم

فرمێسکی سورم

ئەدا ئاوی درەختی ئەرخەوانی خەم بەچاوانم

گەرچیش بەدورم

ئەزیزانم: بەبێ بۆنو بەرامەی گوڵ، بەبێ هیوا

قەیرانە قەیران !

بەهەشتی جاویدانیشبێ، وەکو دۆزەخ، بمێنی تیا

وێرانە وێران !

لەگەڵ هیوا بەهیوابوم ببینین خۆری سەربەستی

تاوێ وچانێ

بەڵام پایز وەرانی گوڵ لەجیاتی تەوقی ژێردەستی

وەک لێنەزانێ

دەسا بابێ هەناسەی فێنکی بۆناخی کورەی دڵ

بۆ چارەسازی

دەبا ساتێ هەمو دنیا بەهیواوە بپۆشێ گوڵ

پڕبێ لەنازی ٢٠١٩/١٢/١٠





**Paka Maruf** هەزار درووود بۆ گیانی پاکتان و ئارامگای پیرۆزتان یادتان بەخێر. . براشیرینەکەم ڕۆحی پاکت شادو ئاسودەبێت زۆرت بیر ئەکەم بەردەوام لەناخ و دڵ و دەروونما ئەژیتقربان گیان !!. . هەزار درووود بۆ گیانی پاکت وهەواری پیرۆزت یادت بەخێر.

١٢٦ بینین ٤٠ لێدوان لەوانە:

**Sirwan Kawsi** هاوبیری بەڕێز مامۆستا کامیل بەراستی پایزێکی شوومە، لەدەستدانی هاوبیران کاک فەرهاد و کاک حەکیم و مامۆستا بەختیار لەماوەی دوومانگ، ئەوا کۆستێکیتریشی هاتەسەر. پرسەوسەرخۆشیم ئاراستەی بەڕێزت و بنەماڵەی سەربەرزتان و هەموو هاوبیران دەکەم. هیوای تەمەندرێژی و سەبووریتان بۆ دەخوازم. کوردستانیش بە باوەڕ و تێکۆشینی ئەو هاوبیرە کۆچکردووانە و هاوبیران و ڕۆڵەکانی دڵسۆزی هەر سەردەکەوێ و بەسەربەخۆیی شاد دەبێت.

**Hasiba Amen** زۆر بە داخەوە مامۆستا ، گیانی شادو ئارام بێت ، هاوبەشی خەمتانم خوا بکات ئەمە دوا کارەساتی کۆست کەوتنی گەلەکەمان بێت، لافاوە، لافاوی مەرگ بۆ کەسانی کورد پەروەر، هیوادارم ئەمە کۆتایی بێت، جێگای بەهەشت بێت

**Mohammad Barzy** هاوبەشی پرسە و خەم و پەژارەتان ئەکەم ، مەرگی کاک هیوای بۆ من ئازاری زۆرە ، چونکە زیاتر لە ٥٥ ساڵ هاورێین یەکی گیانی بە گیانی یەک بووین و لە ژێر سایەی یەک بیروباوەڕی بەرز و پیرۆزدا هەنگاومان دەنا .. خوای گەورە ڕۆحی پاکی کاک هیوا و هەموو ئەو هاوبیرانە شاد بکات و جێگایان بەهەشت بێت و بەڕێزیشتان تەمەن درێژبن .

**Mohammed Shaida** ده سته كانت هه ر له كارا بيت بو نوسين و ده ربرين له ازاري ميله تيك كه تا ايستا تامي شيريني و خوشه ويستي و ازادي نه كردوه ، امرو غونچه كاني ژيان زوو زوو هه لده وه رين بيش اوه ي بكرينه وه بيش اوه ي تامي هيواكاني بجيژي ،بيش اوه ي جاو هه لبيني ، الين قه ده ر واي كردوه نه خير خومان خومان ده خه له تينين تا له بر مه رك غونچه ي هيوامان هه لده وه ريني و سه بوري خومان به وه اده ينه وه كه هيشتا كاتي ماوه بكريينه وه و جاو هه لبينين تا ام دونيايه ببينين . هه ر ته مه ن دريز بن .

**Hallo Barzinjeyie** دەستتانخۆش مامۆستا، کۆستەکانمان گەورەن ئیدی بە هیممەتی ورە و بوونی ئێوە هەموو درێژە بەو ڕێبازە دەدەین کەئەوانی بەجێیان هێشتووی چراکەیان داگیرساند
ئاهورا سەبووریمان بداتەوە و ڕەوانی ئەوانیش شاد

٢٤٠بينين ٧٤ لێدوان لەوانە:

**Aladdin Mohammad** بەدەم خوێندنەوەی نوسینەکانت بۆ ئەم ساڵیادەی هاوبیرانمان تک تک فرمیسکی چاوم دەسڕی بۆئەوەی جوان وشەکانی ماڵئاوایی ئەو خۆشەویستانە بەڕەوانی بخوێنمەوە کۆچی کاکە فریاد تووشی شۆکی کردم لەو دوایی ی ئۆغرکردنەی یەکمان زیاتر ناسی ئامەزرۆی دیداری دەبوم بەڵام لەناکاو ئەو کۆسپەی خستە دڵی هەوومان جێگای سەربەرزی وشانازی یە کورد ڕۆڵەی بوێری وەک هاوبیر فریاد وفرهاد پاڵەوان وئەو پۆلە جوامێرانە ڕیگای خەبات وکوردایەتی پاک وبیگەرد هەبێت درووود بۆ روحی بەرزەفڕی سەرجەم شەهیدانی ڕیگای سەربەخۆی و وسەرفرازی کورد وکوردستان هیوای تندروستی وتەمەن درێژی بۆ جەنابتان دەخوازم بۆ بەردەوامیت لە پەیامی کوردایەتی مامۆستای بەرز وبەڕیز

**Awat Marouf** دەستخۆش مامۆستا ژیر بۆ ئەم یادکردنەوەیەت، بۆ ئەو پۆلە کوردپەروەرانە،کەگیانیان لەرێی کوردایەتیدا بەختکرد،درووود بۆ گیانی پاکیان،بەتایبەت کاک فریاد کوڕی گەرمک،شەرەفی ئەوەم هەبوو ئەم کوڕە قوزە لێهاتووە پێکەوە لەسالی ١٩٧٤پێکەوە بچینە دەرەوە و پەیوەندی بە شۆڕشەوە بکەین،چەند ڕۆژێکمان پێکەوە لە شەدەڵەوەهەڵەدن و سەرگەڵوو بەسەربرد،بەئدە بەرەو شاروچکەی قەڵادزێ کەبەر قەسفو شاڵاوی فرۆکەجەنگیەکانی ڕژێمی بەئس کەوتین،گەنجێک کەژیانی بۆ خاکونەتەوەکەی دانا،یادت بەخێر

## مەیدە بەڕوما تاکی دەروازە

هاوڕێیانی خۆشەویست: کارەساتەکانی ئەم دواییەی رۆژئاوای کوردستان، بونە هۆی داخی زۆرو گوشرانی دەمارەکانی سەرمان لەخەمی مەترسیی جینۆسایدێکیتر، بەڵام گیانی شەهیدانو وەستانی خوشکو برا شەڕڤانە قارەمانەکانمان بەڕوی تورکی داگیرکەردا، جیهانێکیان هێنایە سەرخەتو ئەمریکاشیان گێرایەوە بۆرۆژئاوای کوردستانو بڕێک لەخەمو مەترسییەکانمانیان رەوانەوە.

جێێ خۆیەتی، ئێمەش بەبۆنەی ئەو بەرگرییە قارەمانانەوە، لێرەدا ئارامییەکی زیاتر بدەین بەدەرونمان، ئەویش بەئاوڕدانەوەیەک لەڕۆژانی هەرزەکاریمان کە لەدرزی دەرگاو درزی پەچەوە سەرەتاتکێیەکمان لەگەڵ پەریشێوەکانمان ئەکرد. وا ئێستە خانمان کە ئەوسا دیلی نەرێتی کۆنپەرستیبونو تەنیا لەدرزی پەچەو درزی دەرگاوە ئەبینران، ئێستا ئازادانەو شانبەشانی پیاوان، بەبەرگی جەنگەوە، شکست بەسوپای داگیرکەران ئەهێنن. ئەوە هۆکارێکی گرنگە بۆ بارگەی ورەی بەرزمانو هیوای سەرکەوتنمانو مایەی گەشبینیمانە. با هەمیشە هەر ورەبەرزو دڵخۆشو گەشبینو دوربینبین لەژیانماندا.

بەو بۆنەیەوەو وەک یادێک بۆسەردەمی هەرزەکاریمانو وەبیرکەوتنەوەی ئەو دیوارەی نەرێتی کۆنەپەرستیو مەلا موچەخۆرەکانی داگیرکەران، عەبای رەشو لەچکی دیلییان ئەسەپان بەسەر خانمانی کورداو لەدرزی دەرگاوە نەبوایە نەئەبینران! کە ئەوەش دوربو لەنەرێتی کوردەواریمانەوەو ستەمێبو بەرامبەر خانمانی شارنشین. بۆئەو یادە، دەرکی دەروازە ئەکەین بەدیاریی ئەم هەینییەمان بۆهاوڕێیانی خۆشەویست بەمەبەستی بەراوردێکی ئەوساو ئێستە:

لەبیرتە نازە

ئەتدا بەڕوما تاکی دەروازە!؟

ئەمپرسی: پەشمە؟ یا هەوای نازە؟

هەرچیبێ لەتۆ هەندە ناوازە

لەچاوی مندا بۆتە خاڵێکی پێوەری تازە

بۆ ئەوینێکی بێ لەئەندازە!؟

لەبیرتە نازە

لەڕوتا وتم: دڵم دڵخوازە

با بەئازادی بێمە دەروازە

بەستەیەک بڵێم، شەرمەزاریکەم هەرچی ئاوازە!؟

لەبیرتە نازە

وتم لێدانی تاکی دەرگەتان گەرچی ناسازە

لای من خۆشترین ئاهەنگو سازە!

هەرچەن بۆمەردێ تازەداخوازە

نارەواکارە، بێتە دەروازە!

بەڵام لێگەرێ، با چیی رێگرو هەرچی هەورازە

بێتە کۆتایی لەڕێگەوبانی ئەو نیگابازە

گیانەکەم نازە:

ئاخۆ ئێستاکەش ئەیدەی بەڕوما تاکی دەروازە!؟

دەرگەتان هێشتا خڕداخراوو دەنگی ناسازە!؟

مەگەر نازانی ئەمڕۆ جیاوازە!؟

هەندە بەدەریای جوانیت مەنازە

پێوانەی جوانی، جوانیی رێبازە

سەیری ئەو شێرە کچە سەربازە

چۆن وا خەریکی راوە بەرازە!

بەڕاودونانی گورگە بۆرەکان، شادو شانازە!

لەمردن بێباک، بەهەڵمەت هەڵۆی هەڵپەو ئامبازە

جوانی، لەلای ئەو جوانیی شێوازە



دە تۆش بشکێنە بەم بەردەبازە:

هەرچی لەڕێدا بیری ژەنگاویو دارو پوازە

ئیتر بابەسبێ ئەم رازوخوازە

سەردەم سەردەمی ئەتۆمو گازە

دەستی بێ ئاگر لەڕو لاوازە

رابە: تۆش نازە

بەس بەڕوی خۆتا دایخە دەروازە!

هاتە دەنگ لەدوای ئەم هەمو رازە

وتی: مژدەبێ، ناخی دەرونی منیش بەنیازە

وتم: کەواتە ئاسۆمان رونە، پیرۆزە نازە.

١٨٣ بینین ٨٠ لێدوان لەوانە:




---

## داستانی ئەوینی کوردستان

وەک هۆنراوەیەکی رەمزی، ساڵی ١٩٧٦ بڵاومکردۆتەوە بەمەبەستی بەرزکردنەوەی ورەی تێکۆشەران دوای نسکۆی شۆڕشی ئەیلول، بێ سڵکردنەوە لەڕژێم. لەلایەکیتریشەوە بۆبەدرۆخستنەوەی ئەو چەپانەی کە روسیایان بەپشتوپەنای گەلانی چەوساوە پیشانئەداو نیو سەدە بەدەرزیی سڕکەری خەباتی چینایەتی، خەباتی نەتەوەیی کوردیان لەکوردستاندا سڕکرد! لەکاتێکدا ستالین بۆ ڕازیکردنی ئەتاتورک، کوردەکانی کۆماری کوردستانی سوری تەفروتوناکرد، دەستبەرداری کۆماری کوردستان لەمهابادبو و بەگورگانخواردویدا. لەم سەردەمەشدا، پۆتین ئفرینی بەخشی بەئەردۆگان، ئێستەش لەهەوڵی ئەوەدایە رۆژئاوای کوردستان بکاتەوە بەکۆیلەی ئەسەد!. سەبارەت بە (چین)یش لەکوردستاندا لەوسەردەمەدا، تەنیا یەک چین هەبو، ئەویش هەمو نەتەوەی کوردبو کە داگیرکەرانی کوردستان ئەیانچەوسانەوەو سامانی سەرزەویو ژێرزەویی کوردستانیشیان تاڵانئەکرد. بەڵام چەپی کورد هەر بلوێری برایەتیی چەوسێنەرو چەوساوەی لێئەداو کوردی نەتەوەییشیان بەبەکرێگیراوی رۆژئاوا وێنائەکرد!.

خۆشەویستەکەم لەم دەوروبەرەیدا

لەسەر ڕەوابو کە لافی لێئەدا

ئەیوت من گەورە کچی رۆژی ئارام

ئەستێرەکان تێر نابن لەتەماشام

لەروی مندا: پەری باوی ئەسینێ

ڤینۆسی جوان قژی خۆی دائەهێنێ

سەرسام وەستاوە گەلاوێژی شەرمن

بەرامبەر شێوەی روخساری رونی من

من ئاورنگی رومەتم هەندە پەرشە

هەمو ڕۆژێ گوڵاوپرژێنی ورشە

ئەپرژێنێ بەسەر مێرگو باخمدا

بەسەر بەرگی سپیی لوتکەی شاخمدا

بەم وشانە چەن بەختیاربو! چەن شاناز!

خۆی ئەبینی ئاسودەیەو سەرفراز

زیاتر بەوهۆیەوە بەخۆی ئەنازی

وایئەزانی دەوروبەری لێیڕازی

بەڵێ وابو، گوڵەکانی هەمەڕەنگ

لەخۆشیدا هاتبونە قسەو دەنگ

بەڵام چیبکەم هەزار ئاخو هەزار داخ

لەکاتێکدا کەوتبونە سەر دەماخ

بەو ورشەیەو بارانی زۆری پەڵە

لەو کاتەدا تێیان ئاڵا (گیاکەڵە!)
ئنجا خۆشی، دەزگیرانم، کەوتە دەس
سێو چوار دێوو جنۆکەو خێوی ناکەس
هۆ، هەستێکی ناسکۆڵەبو، دڵی پاک:
هەمو کاتێ نادا ئەنجامێکی چاک
ئیتر ئەو گەورە کچی ڕۆژە: بێ ناز
گوڵەکانی پێشێل، گەروی بێ ئاواز
ئێستا ئەو ناکۆکو دژانە: یەکن!
لەئاستی دەزگیرانە جوانەکەی من!
یەکەم: پیائەنوسێ وەکو شێتو هار
دوەم: ئەیداتە بەرجوێنو لیسو دار
سێهەمیشیان: بەقەپاڵی دێوانە
ئەیڕەتێنێ، بێ بەزەییو پێوانە
بەجوکەجوکی جنۆکانە، چوارەم:
ئەڵێ ئەبێ ببی بەمن ئیستەرەم!
ئنجا هەمو: گوڵی باخی ئەڕنن
نەمامەکانی ساوایە، ئەیبڕن!
ئاگر لەماڵی باوانی بەرئەدەن
دەس لەکلتورو سامانی وەرئەدەن
ئیتر دەمیان وا ژەندۆتە خوێنەکەی

مەبەستیانە کوێریکەن جێو شوێنەکەی
ئای لەم بارە ناهەموارەی منو ئەو!
نەخواردنمان خواردنە، نەخەومان خەو
ئەو بەو جۆرەو منیش وێڵو دەربەدەر
دڕندەکان لەمنیشیان ئەوێ سەر!
ئەی خەڵکوخوا مرۆڤەکان، لەلاتان:
ئاشکرایە دەستی درێژی تاوان!!
دەری بێنن دەفتەری رەش کراوە
بەو وشانەی گوایە هی ئێوەی پیاوە!
کوا مافی مرۆڤی چەرخی ئەستێرە؟
کوا چارەنوسی ئەو خەڵکەی لەژێرە؟
خۆشەویستەکەم، ئەو شاگوڵە شەنگە
ناوهێنانی لەلای ئێوەش بۆ نەنگە!؟
چونکە بەناوهێنانی ئەو، دڵی دێو
دائەخورپێو ئەڕەنجێ جنۆکەو خێو؟!
ئەی ئافەرین پشتو پەنای لاوازان!
بۆ قسەی روتی بێ کردار کە ئازان!!
نەخێر ئێوەش دێوو خێوێکن تەواو
گورگە بۆرەن، بەپێستی مەڕ داپۆشراو!
منی رەجاڵ خەڕۆ نابم بەئێوە

ڕێڕەوێکتان هەیە ئێوەش هی دێوە
لەلای من داربێ یا پەردو: یەکسانە
دۆستایەتی لەلای ئێوەش: سامانە
پێڕەوی ئێوە خەڕەکی سواوە
بەپینەی ئاگرو ئاسن وەستاوە
ناوی ئەنێن زانستی زانستەکان
خەڕەکێکە، ناوی زلو دێی وێران
زانستی چی! ئامێرێکی ناسازە
سەرەتای لەگەڵ ئەنجامدا جیاوازە
ئەو خەڕەکە شکاوە بۆچی بێنم؟
زەڕ بدەمو بەندایەتی بسێنم!!
من ناتسرم لەدەلەسەی هەڵبەسراو
ڕێ ناگۆڕم بەبریسکەی چاوو ڕاو
من ئەنجامی کارم لەلا مەبەستە
وشەی بریقەدار، درۆو هەڵبەستە!
دەزگیرانم لەسەربەستی بێبەشبێ
بەمن چی (دێو) سور یا سپی یا رەشبێ؟
دێوم ناوێ، خۆشەویستم، روی سورە
بەرگە گرتوی سزادانێکی دورە
ئێستا دڵی بریندارم وا تۆزێ

ئەکرێتەوەو لێوم بزەی تێئەزێ

تۆوی گوڵزاری باخی دەزگیرانم

سەوز بۆتەوەو ئەمجارە بەگیانم

ئەو گوڵانە ئەپارێزم لەچقڵ

لەپێشێلی جنۆکەکان، کرمی گڵ

من بیرۆکەیەک بۆخۆم ئەڕەخسێنم

لەسایەیدا تۆوی هیوام بچێنم

بەرهەمێکم باتێ، خۆشەویستەکەم

جارێکیتر نەخاتەوە دەریای خەم

من ئاوازێ ئەڵێم لەئاواز بچێ

لەگرمەی دێو، جوکەی جنۆکە، نەچێ

ئاوازێکی پڕ بەگوێی کوردەواری

شیاو بۆخۆشەویستەکەم بۆدیاری

بەو ئاوازەوە گۆرانیی سەرکەوتن

بەنۆرە، جارێ ئەو بیڵێو جارێ من

ئەمجارە کاری خۆشەویستم کۆکە

هەڵناخەڵەتێ بەخێو، بەجنۆکە

ئێستا وریایە، چاوی کراوەیە

بەبیری رەسەنی خۆی براوەیە

ئیتر بەزوڕنای خەڵکی هەڵناپەڕێ

جارێکیتر بەدەستی کەس ناگەڕێ

ئیتر دوژمنی دوژمن شکێن ناکا

بەهەڵدانێ، چاکی بۆبەلادا کا!!

دەرسی دادا تێهەڵدانی زەمانە

رو ناکاتە دۆستایەتیی گورگانە

ئیتر ماری شێخ هۆمەر هەڵناگرێ

گەرمیکاتەوەو دوایی قاپی گرێ!

گیاکەڵەکان بژار ئەکا لەباخا

جەستە ئەسوتێنێ لەتۆڵەی داخا

هەرچی ناوی جنۆکەو دێوو خێوە

هەڵنەیەن، ئەخرێنە ژێر دەستو پێوە

ئاکامی ئەم ئەوینە خاوێنەمان

ڕۆشنە وەک ڕۆژی دایکی دەزگیران

ئەمڕۆ بیری رەسەن لەپشتی هێزە

هێز بەفەلسەفەیەکەوە بەپێزە

کە من خاوەنی بیری خۆمبم ناچم

دەس بدەمە دارو پێمەڕەو پاچم

شانازییەکانی خۆم هەروا بشکێنم

باوەکوشتەم بەپێکەنین بهێنم!!

کەمن فەلسەفەیک بو بەڕێنمام

ڕێش تاریکبێ، بێباکم، دەس بەچرام
ئەبمە خاوەنی پێوانەو ترازو
هەڵناخەڵەتێم وەک جاری جاران زو
هەمو دیاردەکانی کۆمەڵو ژیان
بۆ خۆشەویستم دێنە کێشو پێوان
رەشو سپی لەیەک جیا ئەکرێنەوە
وەڵامەکان بەراستی ئەدرێنەوە
ئیتر خۆشەویستم بەبەزەییو سۆز
لەدەستی نادا هەلومەرجی پیرۆز
لەسەر بنچینەیەک بڕیارەکانی
ئەنەخشێنێ: چارەنوسی ژیانی
کە من فەلسەفەی خۆمو باوەڕم بو
ئەیدۆزمەوە هەڵەکانی رابوردو
هەر بەو فەلسەفەو بیروباوەڕەوە
بەتەنێکی لاوازتریشو لەڕەوە
گرەو لەشەیتانەکان ئەبەمەوە
نەورۆزێکی باڵاتر ئەکەمەوە
درەفشی کاویان ئەدەمە دەستی
دەزگیرانم، بۆنیشانەی مەبەستی
بۆ چارشێوی روی نازپۆشین لەیاری

بۆ تارای بوکی ئەنجامی دڵداری

سلێمانی: ١٩٧٦

٧٣لێدوان   ١١٨بینین







---

## شانۆی ژیان

ئەم ژیانە لەسەر پەنجەی کۆمەڵێ دەستی پەنهانی

وەکو بوکی دەسی منداڵ ئەبزوێنرێ بەئاسانی

سەماو یاریی بێ پێوانەو بەسەرهاتی بێ سەروپێ

سەر گروشتەی دوێنێیەتی، داستانی کۆن، چیرۆکی نوێ

کاری گێڕو نالەباریی، نەرێتی چەوتو دیارێتی

دەمێ شادی، دەمێ پەستی، هاوسەرو دۆستو یارێتی

ئێمەی مرۆڤ هەمو چونیەک پێکهێنراوین لەخۆشیو ژان

هەمو ئەکتەر بەبێ ئاگا لەسەر شانۆی پانی ژیان

رەشو سپی، کورتو درێژ، پیرو مناڵ، دەبەنگو ژیر

گاڵتەجاڕی پەنهانێکین جێی پلارو توانجو تیر

کە دەروازەی باوو برەو ئەکرێتەوە بۆلەگامێک

خوشی نازانێ لەبەرچی پێی ئەڵێن خاوەن پەیامێک

کە هاتیبو، جنێو فرۆش، ناوی ئەبرێ بەقسەخۆش

واتەکانی، وتاری بۆش، فەرمایشتی زانای بەهۆش!

لەهەر ژیرێ، هەر توانایە، ئەو دەرگایە کلیل بدرێ

ئەشکێتەوە، تێی ناهێنێ، ئەگەرچی شێر بەگوێ بگرێ

بەڵای زۆرو گرێی کوێرو کۆستی گران رویتێئەکەن

لێی ئەگۆڕێ: ڕۆژی بەشەو، فریشتەکەی بەئەهریمەن

مرۆڤە چاوچنۆکەکان بەچاوی تیلو ئاوەژو

سەیریئەکەن، ئامادەن بۆ هەزار بەڵگەی درۆو دوڕو

تەنیا رێگەو تروسکەیەک کە بەرهەڵستی پێبکرێ

ورەی بەرزو کۆڵنەدانە، ئەشێ کەڵکێ، سودێ بگرێ

من ئێستاکە لەو کەسانەم پەیژەی بەختم وەرچەرخاوە

بۆ پێشەوە هەنگاو ئەنێم، هەنگاو هەنگاو دێمە دواوە!

دەستی کورتم، هیچ ناگرێ، دۆستەکانم بونە دوژمن

روخسارێ نابینم بزەی ئاراستەکا بەرامبەر من

پاچی دەستی نائومێدی کۆشکی شادیم ئەڕوخێنێ

چیای بەرزی هیواکانم لەخۆیەوە هەرەسدێنێ

پشتەکانم، پشتی گاڵتەو پشتی تۆرانم تێئەکەن

بۆبیانوی ئەم هەڵوێستەیان، ئەچن کایکۆن بەبائەدەن

منیش، وەک بوم، ئەگەر پشتم بشکێو پشتم دولەتببێ

سەری بەرزم نەوی ناکەم، پشتی کۆمم با هەر نەبێ

سلێمانی: 1988

١٠٤بینئن ٥٤ لێدوان لەوانە:

کمال شيخ عبدالرحمن مامۆستای ژیر و کورد پە روە ر و خوشە ویست.... هە ست بیرو...نایدیا.. لە پیت و وشە و نیکا ..پێکهاتە ی پە یامە کان... بانگی حە ق خوازی دە کە ی ...بۆمافی رە وای کوردان ....هە ر دە رو پە بیینی .... رێی خە بات نیشانە دە ی .... بە وێنە ی مۆم و چرا ....شە وق و رووناکیت بینرا...کە مە ن وژیانت بە خشیا....لای دوست و نە یار بینرا...هە وڵ و کۆشش و خە بات ....رێی سە ختی هات و نە هات ....لە تاریکی و رووناکی ......لە گشت سات و دە میکی ...رووناکیت بودە ورووبە ر ...لە بۆ رێگە ی ئازادیی ....بۆسە ربە خۆیی کوردان ..... مافی رە وای میللە تان....تاکو وێنە ی گشت گە لان ....خاوە ن ماف بێ لە جیهان ... سە ربە خۆ لەنێو گە لان.....

Othman S Kareem سوپاس بۆ خودا هێشتا ڕۆژبەڕۆژ ڕێبوارانی ڕێگەی کوردایەتی گەشەئەکەن،چیای کوردایەتی ڕەگ دائەکوتێ و ڕەشەبای داگیرکەران نایلەرزێنێ،ئەستێرەگەشەی ئاسمانی کوردایەتی(کاژیک) تاقیامەت ڕێبازێکی ڕۆشن و ئاوەدانە

## دو ئاهەنگی جەژنی لەدایکبونم

یەکەم:

گوڵی سورم بۆمەهێنن، دیاریم ناوێ بۆئەم جەژنەم

جەژنی خەزانی لاویمە جەژنی پەنجا، پایزی خەم!

چارەنوسم چارەی رەشە، گەردون دژە، بەختم نەیار

بۆ ئەم دەردەم زەویو ئاسمان دەستەوستان، دەردی بێ چار!

ئەشێ بۆجەژنی پەنجا ساڵ شیوەنو کۆتەڵ بگێڕم

سکاڵاو ڕازی دەرونم بەکوڵ بۆکۆمەڵ بنێرم

ئەی برایانی هاودەردم، وەکو من دوچاری بارێ

وەرن با روی ژاکاوی مۆن بکەینە بازاڕی شارێ

تەمەن تیایا باوی نەبێ، کەمترنەبێ لەپەنجا ساڵ

تا برینمان نەکولێتەوە، بیرەوەریش نەخەینە چاڵ!

ئەی دولبەرو دڵخوازەکان: ئێوەش ئەم جەژنە لای منبن

جەژنی پەنجامە، نۆجەژنە، دەستە ئەژنۆبن، هێمنبن

وەرن ئەمشەو شەوی شینە، پێشەوای کاروانی ئێوە

دوا وشەی شادی ئەنێژێ، ئەڕواو ئیتر نایەتەوە!

وەرن بیکەن بەڕۆڕۆیە بەبای هەنسکی گریانتان

پەنجا مۆمی ژیانی من بکوژێننەوەو تاریکسان

بەتاریکی لەگەڵ شینا بیرەوەری پەنجا ساڵەم

بکەن بەبەیتی هۆنراوەی پرسەی شۆڕی تەمەنی کەم

بڵێن هەیڕۆ، لاوێتی رۆ، کاروانی داستانی جوانی

کۆستی کەوێ، کێ بەرێیکا بەهۆنراوەو بەگۆرانی

بڵێن تەمەن بەلاوێتی نەبێ، نەبێ، نەبا پیری

بەسەر چاوا بدا رەشی، ئاوی سپی، باری کوێری

دەسەو داوێنی لاوێتی رابوەستن بەتکاوە

بڵێن توبی ئاوەڵێتی چیە تاوانی ئەم لاوە؟!

لێی مەتۆرێ، بەسزاوە ئەم مرۆڤە جێمەهێڵە

کەبەبێ نازی ئامێزت رێ توشو بینایی لێڵە

ئەی لاوێتی، بایەخی ژین، بەهای سەرمایەو سامانم

هەرچیم هەبو لەم ژیانە، لەگەڵ تۆدا وا دۆڕانم!!

دوەم:

کوژاننەوەی مۆمی هەشتاو چوار ساڵەی تەمەنم

شەوی یەڵدایە[1] ئەم جەژنەم

شەوی لێڵو تاریکیو تەم!

بەخەرمانێ مۆمی کافور

دڵی دەیجور[2]

ترووسکەی تاوێ تێنازێ

بەهیچ سازێکو ئاوازێ

هەمو ساڵانی رابوردوم

لەژێر باری خەمێکابوم

خەمی گەورەی نیشتمانم

پارچەکانی کوردستانم

بەبێ پاساو

دیلو تاساو

دیاریم ناوێ بۆئەم جەژنەم

جەژنی خەزانی تەمەنمە، پایزی خەم

چارەنوسم چارەی تاڵە

گەردون لاڵە

زەویو ئاسمان

بۆتیمارم: دەستەوستان!

بەهیوابوم لەم جەژنەما ئاڵای پیرۆزی نەتەوەم

لەسەرتاپای نیشتمانا شنەیبێتو لابەرێ خەم

سەربەخۆیی کوردستانم

بێتە بەر دیدی چاوانم

وڵاتەکەم ئاوەدانو گەلم بەختیار

لەناو فەرهەنگی کوردیدا نەمێنێ زاراوەی:(هەژار)

ئەی هاوخەمان، وەکومن دوچاری بارێ

با هەمومان روکەینە بازاڕی شارێ

تەمەن تیایا بەپێوانەی راژەی گەلبێ، نەوەک بەکات

بایەخ: بەپێی لەخۆبوردن بۆسەروەریو سایەی وڵات

ئەی دولبەرو دڵخوازەکان: ئێوەش ئەمشەو لەلایمنبن

پرسەی خەزانی تەمەنمە، وەرن چەن ساتێ هێمنبن

شەوی یەڵدایە وائەمشەم، پێشەوای کاروانی ئێوە

دوا وشەی شادی ئەبێژێ، بەرەو ونبون وابەڕێوە

بڵێن ئیتر کاروانی داستانی جوانی

کێ بەڕێیکا بەهۆنراوەو بەگۆرانی!؟

مۆمەکانی شەوی تەمەن، بەهەنسکی پەنگخواردوتان

بکوژێننەوەو تێکەڵ بە یادی پڕ ژانی رابوردوتان

بیرەوەریی ئەو چەند ساڵەم

ئەو هەمو زوخاوە تاڵەم

بکەن بەبەیتی هۆنراوەی شینی وەلی بۆباڵای شەم

یا داستانی خاتو زینێ بۆچارەنوسی کاکە مەم

بۆفەرهادێ: سەری بەخشی بەشیرێنێ

وەک نمونەی قوربانیدان بۆئەوینێ!

ئەوینی من بۆکوردستان

هەمو ئەوانەی تێپەڕان

شێوەی تیشکی رۆژی زێڕین، زەویو ئاسمانیشی پڕکرد

گەیشتە ئاهورای ئەڤین لەناو هزری زەردەشتی کورد!

با ئەژماری تەمەن ئیتر بەڕۆژانی بەختی یاربێ

نەک ژیانی وەکو ئاژەڵ، یاترازوی لەنگو لاربێ!!

بڵێن تەمەن بەلاوێتی نەبێ، نەبێ، نەبا پیری

بەسەرچاوا بدا رەشی، پەڵەی سپی، ئاوی کوێری

بڵێن ئیتر نۆرەی کوڕی جەوامێرو کچی جوانە

کوردایەتی، وەکو باوەڕ، لەئەستۆی پاکی ئەوانە

ئێمە لەناو دڕکودالو زەویی دێما: تۆومان وەشان

شادمانین، واخەریکە دێتەبەرهەم، گەشوپەخشان

شەوی یەڵدایە وا ئەمشەو

مەچێژن خەو

بکەن کۆڕبەندی تەگبیرێ

بە یاوەری لەگەڵ پیرێ

دامەنیشن دەستەوستان

تا لەشکرێ دێتەسەرتان!

ئەبێ ئێوە دەسپێشخەربن

هەڵۆو بازی هێرشبەربن

بەردەوامبن تا سەرکەوتن

هەتا شەبەیخونی دوژمن

بێ بەزەیی، بسوتێنن پەڕو باڵیان وەکو پوشو

شەڕ بەرنە ناو گۆڕەپانو ژوری دوژمن بەبێ پشو

هەڵیانکەنن لەسەر زەویی کیشوەری ماد

لەگەڵمانە: مافو مێژو، ویژدانو داد

خەڕۆ نەبن بەدانوستان

لەگەڵ شەیتان

بەئاگابن لەپیلانو فێڵو گەڕی

بوارنەدەن هەستێتەوە، بۆز بەلەڕی

دورکەونەوە لەپارتێنە

ڤایرۆسی شێرپەنجەهێنە

تەمەڵخانەی مشەخۆرو بێبەرهەمو بێکارانە

بازاڕی هەرزانفرۆشی هێڵی لاری نەیارانە

مشاره بۆ بڕینەوەی یەکێتیی گەل

هۆکاره بۆ لەدەسدانی بوارو هەل !

بەلەشکرو چەکو ئاگر ئەیبەینەوە

گرێکوێرەی هەزاران ساڵ ئەکەینەوە

لەسەرگڵکۆی رەوانشادان، نەکەن بگرین

دوای سەرکەوتن، بیکەن بەشاییو هەڵپەڕین

بڵێن ئێستا بەئاڵای سەربەخۆییمان: خۆئەپۆشین

بە یەکسانیو کامەرانی: بادەی ئازادی ئەنۆشین

شەوی یەڵدایە دواگورزی ئەهریمەنی تاریکییە

لەئاسۆوە شەبەنگی رۆژی خواوەندی روناکییە.

١-شەوی یەڵدا: ٢١/٢٠ی مانگی١٢-درێژترین، یا تاریکترین شەوی ساڵە. وشەی یەڵدا، لەسریانییەوە وەرگیراوە، واتا: لەدایکبون. مەبەست لەوەیە: رۆژی دوای ئەو شەوە، سەرەتای درێژبونی رۆژە، واتا رۆژێکی نوێ لەدایکئەبێ کە سەرەتای وەرزی زستانیشە. بەپێی باوەڕی زەردەشتیانیش، تاریکیی شەو: هێما(رەمز)ی ئەهریمەنە (شەیتان یا خوای شەڕ) تیشکی رۆژیش: هێمای سەرکەوتنی روناکییە بەسەر تاریکیا. واتایەکیتری ئەم کێشمەکێشی شەوو رۆژە، ئەوەیە: هەرچەنە بەدرێژایی وەرزی پایز، تادێ، تاریکی زاڵترئەبێ بەسەر روناکیا، بەڵام لەئەنجاما روناکی هەڵئەسێتەوەو زاڵئەبێ بەسەر تاریکییا کە ئەمەش واتای بەرگریو گەشبینیو باوەڕبەخۆکردنە.

٢-دەیجور: تاریک

ناليش لەشەوی یەڵدادا لەخۆشەویستەکەی ئەپرسێ:

شەوی یەڵدایە یا دەیجورە ئەمشەو-کەدیدەم دورلەتۆ بێنورە ئەمشەو

لەخەو هەڵساوە یا ئاڵۆزە چاوت-هەمیشە وایە یا مەخمورە ئەمشەو!؟

پێشەکی سوپاسی زۆرم بۆ هەمو ئەو بەڕێزانەی دەسخۆشیو پیرۆزباییان لێکردوم بۆئەو دو جەژنە. لەکانی دڵمەوە ئاواتەخوازم شادو بەختیاربن: ئازاد سماقولی، ئازاد سیوەیلی، ئارش فازیل، ئالان ئەحمەد، ئالان کەمال ، ئاوات ئالیار، ئاوات ساحێبقران. ،ئەبدولقادر شوکاک، ئەلائەدین مهەمەد، ئیبراهیم محەمەد، ئیسماعیل حەسەن، باقی سەعید، بەختیار باراوی، بورهان فایەق، بەرزان عومەر دەوڵەت، بەهادین نوری، پشکۆ ئەمین، تاهیر قادر محەمەد، تاهێر مستەفا، تەها هسێن، جەزا چنگیانی، چرا کامیل ژیر، حەسەن مەلا، ، حەمە هێمن ئەمین، روناس دەباغ، زام زامیمحەمەد، سانا کوردی، سەروەر ئەحمەد، جەبار قادر، جەمال نەبەز، چیا سەمەد، جیهان عومەر، دوکتۆر ئومەر تۆفیق، دوکتور دلێر ئەتار، دوکتۆر حسێن عەزیز د.سەمەد زەنگەنە، دەریا عیرفان، سەلام حەمە، سەلام خوارەحم، سیروان عەلی، شاخەوان خالید، شآهۆ عەبدوڵا، شێخ جەمیل شێخ محەمەد، شێخ رەوف، شیلان نیزامەدین، عوسمان عەبدولرەحمان، عوسمان ئەحمەد، عەدنان ئازاد، عەلائەدین محەمەد،،عەلی ئیلینجاخی، عەلی شاپەسەن، غاندی سینۆ، فەوزی ماجید، قەیس قەرەداخی، کاردۆ فەرەج، کاروان رەوف هەمە، کەساس جەباری، لەتیف عەبدوڵا، لەنجە ئەمجەد، مام تەهای پاسۆک، مام هەژار، مهەمەد بازرگان، محەمەد بەرزی، محمەد شێخ حەسەن، محەمەد رەشید کاروانی، مەلا شوان، کەریم رۆژ، کەژاوە عومەر، نازدار ئەدهەم، ناز عومەر، نزار مستەفا، نەمام حەسەن مەعروف، نەورۆز عومەر، نەوزاد عەبدولرەحمان، نەوشیروان ئازاد،، هونەر خەفاف، هێمن مەحمود، هیوا سالح، هیوا مورادی،، یوسف محەمەد.

١٨٠ بەدڵبون ٧٠ لێدوان لەوانە:

**Rebwar Tofik** دەستەکانت خۆشبێت کاک کامیل گیان ئابڵێیت جوانە پڕە لە هەست و ئەستێکی زۆر پاک بۆ نیشتمان و کوردستان هەرگەشاوەبێت ئاڵاکەی بەو هیوایەی لەم ساڵی تازەدا هەرهەموو ئاواتەکانمان بێنە دی
دەست و ماندوو نەبێت لەش ساغ و سەلامەت بیت. .
سەری ساڵی نوێشت پیرۆز بێت بەدڵی خۆش



**Shara Kamil Zheer** هەر ئەمەندرێژ و لەشساغبیت بابە گیان، جێگای شانازی و سەربەرزی ئەوەکانتیت. زۆر سوپاس کە هەموو ئەمەنت تەرخانکرد بۆ وەشاندنی تۆوی کوردایەتی و هوشیارکردنەوەی میللەت، زۆر سوپاس کەفێرت کردین خزمەتکردن و خۆشەویستی کوردستان لەسەروو هەمووشتێکەوەیە! هەر بمێنی بۆ ئێمەو بۆ کورد



**Abdulqadir Rashan**
bray barez u lay hamwan xoshawist, peeroz bayeetan le akam bm bona xoshawa. dasttan xosh bet, la haynyakawa bo haynyk ba dl chawarey wusha barza jwanakant akayn taa kamek breenakany dlman sarezh kat.

**Kamal Muhamad** ئەمەن درێژیی و کامەران گەشبینین بەبینینی سەربەخۆی کوردستان کەمتر لە سەربەخۆی خۆخەڵەتاندنە و ڕەنجەڕۆی......

**Delair Rashid** دەست و پەنجەی زێرینت خۆش و بیری زێرت هەر پرشنگدار بێت گشت خەونەکانت کەخەونی گشت کوردێکە بێتەدی خودایە وتەندرووستی ماموستا کامل ژیرمان بو باش کەیت و لە ووتەی زێرین و بەنرخی بێ بەشمان نەکەی ،



**Mohammad Barzy** کاکە گیان دەستەکانت خۆشبێت بۆ ئەو دەقە زۆر جوان و ناوازەیە و بە دڵ چاوتان ماچ ئەکەم و هیوای تەمەنی درێژ و شادی بۆ بەڕێزتان ئەخوازم .

**Mohammed Shaida** پیروز بي جه ژني له دايك بونت كه جه ژني به خشي روناكيه داكيرساندني مومي ازا ديه هيوا دارم روژي له دايك بونت ببيته روژي سه رفرازي و خوشي و ده ست له ناو ده ست ، ببيته الايه كي به ر هه مو دلسوزيك و نشتمان به روه ريك به روژي خوي بزاني ، ته مه ن دريژو سه ر فراز و له ش ساغ بي

**Kamal Faraj** شەوی یەڵدات باش مامۆستای بەڕێزو خۆشەویست تەمەن بەختەوەر بێو ساغوسەلامەت ئینشائەڵڵا، خەرمانی داهێنانت بەرەکەت دەستو دەست خۆش ڕێزو سڵاووم بۆت چرای ڕوناك کەرەوەی تاریکی شەوی یەڵدا.



**Zagros Kurdi** بە دیتنی وشەکانت دەبم بە گڕ
فرمسک لە چاوم دێتە خوار بە هوڕو گڕ
ڕوناکەری شەوە زەنگم
فیغانی دەنگی بێ دەنگم
ڕێبواری ئەحمەدی خانی
تۆ سەرکێشی بۆ کاروانی
ڕامەوەستە قوناخت بڕیوە
ئازادیت بە وشە کڕیوە
هەر وشەیێک تیرێکە جەرگی دژمنت بڕیوە

**Koerd Moerdijk** دەستان خۆشبێت خۆتان نوور و وشەتان هەم نوورە . پڕ لە ئەدەبیاتی شیعرو جوانی و خەوم و ژانی نیشتمان و نەتەوە

**Taha Husain** دەست خۆش هیوای هەمیشە تەندروستی باشت بۆ ئەخوازم وە دڵخۆش بیب

**Arif Kerim** ڕۆژی لەدایکبوونت پیرۆزدەکەم مامۆستا گیان ، هەر تەندروست و تەمەن درێژبیت بۆ خزمەتکردنی بیری کوردایەتی و ئەدەبی کوردی و هەڵڕشتنی وشەی جوان و بەنرخ .

**Mhamad Emam** زۆر دە ست و پنجە کانت خۆش ماموستای نە تە وە یم کاکە
ژیری ڕێزدار و بە هە ڵوێست زۆر بە دڵمە هۆنراوە کە ت ماموستا گیان دڵم تاریکە وە
ک شە وی یە ڵدا چی لە یاڵداکە م دڵم ئالودە ی عە شقی نیشتمانە کە مە کوردستانی پیرو
ز ئە م خاکە مان زۆر پیروزە چۆن نوح پێغە مە ر تکای لە خوای گە ورە کرد کاتی
لافاوە مە زنە کە پاڕایە وە و فە رموی.... ربي انزلني منزلا مباركا وانت خير
المنزلين.... ئە وە فە رمودە ی خوای گە وریە خوای گە ورە نزاکە ی قە بوڵکرد وخاکی
پیروزی کوردستانی بۆ هە ڵبژارد ماموستا ڕێزدارە کە م پێمخۆشبو ئە م بە سە رهاتە
بگیرمە وە دە زانم زۆر بە باشی ئە و بە سە رهاتە دە زانی بە ڵام ماموستای مە زنم
گۆرانکاری گە ورە بە ڕێوە یە ئە وە ی دڵمان دە یخوازی دڵی کوردی بە نام س وە کو
ڕێبە رمان ....ئۆجە لانی مە زن دە فە رموێ باچاوە ڕوانبین هە ردو چاوت ماچدە کە م
لە کاتم گرتی دوای لێبوردن دە کە م هە ر شاد و تە مە ن درێژبی

**Fausy Ramsy** تەمەنی درێژی پڕ لە تەندروستی .... وشەی جوان و بیرەی جوان
بە هێندەی زاڵبوونی ڕووناکی بەسەر تاریکیدا.... لە یەزدانی مەزن و میهرەبان دەخوازم
کە خامەتان بەردەوام سۆمای چاوانمان ڕۆشنتر و پڕ بیناتر کات.

**Pshko Amin** دیاریەکی جوان پڕ بە شەوی یەلدا دەست و بیرو هزرت هەرجوانبێت
ئاموژگاریەکان هەر هەموی راستە خوشەویستی خاک و نەتەوە لای روڵەکانی ماد لە
... مەم و فەرهادی تێپەراند ، دەبێت روڵەکانمان بو ئەوەی سەرکەون واز لەپارتایەتی
وئەم پارت و ئەو پارت بهێنین دەبێت چاوەرێی پەلاماری دوژمن نەکەن ئەمان هێرش
بەرنە سەر دوژمن و لەناو ماڵی خویدا ئارو ماری کەن و لەناوی بەرین ، توش ئەی
پیرو رابەری کوردایەتی تەمەن درێژو تەندروست هەر گەشبیت

**Chawi Slimane** هیواي زیانیکي بر ئارام و خوشبە ختي بو ماموستامان کاك کامل
زیر دە خوازین بیروزباي روزي لە دایك بونتان بیروزە هە ر بژین بو کورد

**Star Muhammad** سڵاو و ڕێزی دوبارە
بۆ مامۆستای ئەوچەروەر ..
بۆ سەرمەشقی هزری کوردایەتی ...
بۆ هۆنیاری خامە خاراوی پەڕاو پاراو ..
بۆو بیرمەندەی کە دڵنەوایی ئاسۆی ڕونمان پێئەبەخشێت لە یەڵدای شەوگاری بەختی
کورد ...
ئەی ڕابەرە شەکەتەکەی کاروانە ماندوەکەی کوردایەتی
ئەی سەرمەشقی ئاکاری پەسندی کوردەواری...
بەئارامی دوارۆژەکانی تەمەنت بەڕێکە دڵنیابە ئێمە واهەین و بەئاگا .. بەردەوام ئەبین لە
ڕێگا...
بەقورئان و هەموو بەها پیرۆزەکان سوێند ئەخۆین تۆ ڕاستگۆترین و جوامێرترین
ماموستاو شاعیرو بیرنمامان بویت

**Kak Mamosta** گەلێ قەشەنگە شاکارە
بۆ میلەتێ بریندارە
خامەکەت قالی خەباتە
بۆ کوردێ کە هۆش هەژارە

**Kak Mamosta** بۆمن لەشوێنی پیری
شکۆداری کەژیری
خامەکەت قەت نەچەمێ
لای بەهۆشنا لەبیری

**Kak Mamosta**
**Star Muhammad**
زۆر بەهێزە ڕای جوانی تۆ
شازە کوردی ڕەوانی تۆ
ئەرکی هەموانە تێگەشتن
یەزدان کەسکا خەسانی تۆ

**Shekh Fatah** یاخوا ئه مه ندریژ بن به له شی ساغ بی به ش نه بین له ئیشکی ئه م چرایه

**Karux Bashur** تەمەن درێژی بۆ جەنابتان وسەرفرازی بۆکورد وسەربەخۆیی بۆکوردستان

**Hallo Barzinjeyie** مامۆستا گیان تێر تەمەن بە لەشێکی ساخو ژیانێکی دوور لە کۆسپ بەسەر بەرن.
هەر بمێنن بۆ خزمەتی کوردبوون
چەپکێ سڵاو وخۆشەویستی و ڕێزی هاوبیرانە و برایانەتان پێشکەش بێت...



**Emad Belal** سڵاو مامۆستا گیان، هیوای تەمەن درێژی و لەشساغی بۆتۆی بەڕێز دەخوازم بەڕاستی بەڕێزتان سەرمایەیەکی گرنگی ئەم کوردستانەن

**Jemal Nebez**
Tement dreej bee kake Kamil gyan be tendrusti yewe

**Mariwan Halabjayi** 84 گوڵی گەشاوە، 84 هەناسەی بەختەوەریت پێشکەش بێت، سوپاس بۆ شەونخونیت بەڕێزەکەم



**Arif Kerim** مامۆستا گیان جەژنی لەدایکبوونت پیرۆزبێت کە ڕێکەوتی شەوی یەڵدا دەکات ، دەستوپەنجەکانیشت خۆشبێت بۆ ئەو وشە ناسک و جوانانە ، هیوادارم تەمەنتان هەر درێژبێت و تەندروستیش دەستی لەملی ئێوەدابێت و دەیان مۆمی تر لەگەڵ ئێوەدا بکوژێنینەوە.هەر بژین و سەرکەوتوو بن .

**Paka Maruf** دە ست وبە نجە ت خوش بیت وپیروز بیت روزی لە دایك بونت مومی 100 سالە ت بکوژینیتە وە لە کە ل نجات کیان و خوشکە زا خوشە ویستە کانم انشاللە



**Hasiba Amen** مامۆستا بەڕێزم کاکل زێر ، ڕۆژی لە دایک بوونت لە خۆت و بنەماڵەکەت و هاوڕێیان و هاوڕێیانت لە نێوانیاندا خۆم پیرۆز ئەکەم، هیوادارم مۆمی 100ساڵەی تەمەنت لە گەڵ خۆشەویستان و کەس و کارا بە خۆشی و لەش ساغی بکوژێنیتەوە






**Baba Ali Allaf** ژیانت بەردەوام بێ ، ساڵ پیری نەکا
زمانی شیعرت هەرتیژ بێ وخەم کوڵی نەکا
دەستی گوڵبەر هەست خۆش بێ

**Lezma Barzan** ده ستتان خوش بیت و به هیوای چه ندین به لدای تر هه ر له لامان بیت.
بر سر آنم که گر ز دست برآید

دست به کاری زنم که غصه سر آید

خلوت دل نیست جای صحبت اضداد

دیو چو بیرون رود فرشته درآید

صحبت حکام ظلمت شب یلداست

نور ز خورشید جوی بو که برآید

بر در ارباب بی‌مروت دنیا

چند نشینی که خواجه کی به درآید

ترک گدایی مکن که گنج بیابی

از نظر ره روی که در گذر آید

صالح و طالح متاع خویش نمودند

تا که قبول افتد و که در نظر آید

بلبل عاشق تو عمر خواه که آخر

باغ شود سبز و شاخ گل به بر آید

غفلت حافظ در این سراچه عجب نیست

هر که به میخانه رفت بی‌خبر
ئه م غه زه له ی حافظ شیرازی م بیر که وته وه و پیشکه شتان بیت.

**Kawe Emin** ماموستا گیان، تەمەندرێژ و هەمیشە لەش ساخ بیت و هەربژیت بۆ کورد و کوردستان.

**Abdulwahab M. Talabani** چاوو ده ست وهزری شاعیرانه ت خوش بی ماموستای به ریزم.. ئه مه ن دریژو سه رو سیحه ت و ئه ندروستیت هه میشه باش .. سلاو و ریزی زورم قبول بفه رموون .


Fuad Saeed Brusk ڕۆژباش....ئەوا تەمەن بەرەولێژیە..شیعرەکانت دوبارە گوڕوگڕ ئەکاتەوە بە ناخی شەکەتمان...هەرخۆشبی باشێخ

---

## بۆفریوی ئاشقان

یەکێکە *لەهۆنراوە* تەڕو پاراوەکانی هۆنیاری گەورە: مستەفا بەگی کوردی کەچەند هونەرمەندێ بەئاوازێکی بەسۆزەوە ئەیچڕێنن. کاری مامۆستا ئاوات مەئروف ساهێب قران راستبێ کە یەکەم بەیتی ئەو هۆنراوەیەی بۆناردم تا بیکەم بەپێنجخشتەکی. ئەوەبو ئاواتەکەیم هێنایەدیو بۆمناردەوەو ئەوێش لەفەیسبوک بڵاویکردەوە، بەڵام هەر ئەو یەکەم بەیتە**!**. دوایئەوە کەوتمە سۆراخی هەمو هۆنراوەکە، تا لەگوگڵ دۆزیمەوە. بەڵام سەرنجمدا هەندێ هەڵەی تێکەوتبو لەڕوی کێشو لەڕوی چاپیشەوە**!**. دوای راستکردنەوەی هەڵەکان، بەپێنجکردنی هەمو هۆنراوەکەم تەواوکرد. داواش لەهونەرمەندان ئەکەم ئەوانیش لایخۆیانەوە درێژە بەئاوازەکەیبدەن وەک راژەیەک بۆ بەرزنرخاندنی وێژەو هونەری کوردی کە نیشانەی زیندوێتیی نەتەوەکەمانە:

تۆ لەبەفری کێوی جودی**!** یا پریشکی ئاگری**!؟**

جارێ شەختەو جارێ پشکۆ**!** خۆ نگینو ئاغری**!!**

مەمکوژە بەو تیغی چاوەت، تۆ لەگوڵ ناسکتری

بۆ فریوی ئاشقانو جەزبی دڵ وا ماهیری

رەنگە شاگردیت بکەم من، دەرنەسیمو سامیری

هەرزەگۆ وانەزانی وەک مناڵێ وای لە ریزی

میللەتێ ئێستا بەجارێ وان لە رازو گفتوگۆ

تابزانن ئەم بەهایە کێی لەدوایەو بۆتە هۆ!

سەد کەی و دارا بەسەگوانی دەرت نابن کە تۆ

خاتەمی دەستی سولەیمانیتو توحفەی زاهری

ئەم هەمو بەهرەو کەماڵە، چی لەپێشو دویەتی!؟

وا بەسانا خەڵکی شارێ خاکی رێو بەرپێیەتی

دەستو کاری کردگارە؟ یا تەلیسمێ هۆیەتی!؟

بەختی ئەو ئوستادە سوتێ دەرسی سیحری پێوتی

وا کەتۆی بەردایە گژ عالەم بەمەکرو ساحیری

تۆبزانە ئەم گەدایەت سوجدە هەر بۆتۆ ئەبا!

تۆش نەبیستو بێخەمێکی وای لەواری خەڵوەتا!

دڵڕەقێکی بێ نەزیریو کافرێکی بێ وەفا!!

کافریش رەحمێ بەیەخسیرو زەلیلی خۆی ئەکا

سا وەرە رحمێ بەجەستەی منکە گەرچی کافری

تۆ ئەزانی من لەبازاڕی برەوتا چەندە هۆم !؟

خۆم ئەسوتێنم لەرێتا وەک پەپولەی دەوری مۆم

چیئەبێ تۆش ئاگرێ بەردەیتە گیانو تانوپۆم!؟

من کەپەروانەو کەمەنکێشی کەماڵو حوسنی تۆم

کەعبە کەچنابێ ئەگەر بۆشەمعی روتم راگری

تۆ ئەشێ هێشتا نەزانی دۆستو دوژمن کێنوکێن!

دژبەرانت واخەریکن داوی راوم دابنێن

ئەو پلانە دژ بەتۆیە، من لەجێگەت دائەنێن

گەر بەخەنجەر پارەپارەمکەن لەسەر رێ دامبنێن

دەس لەتۆ هەڵناگرم هەر تۆم لەخەڵکی چاتری

گەرچی بونت بۆمنێکی شێتو شبرت هەرخەمە

کوشتنیشم وەک خەڵاتە، شادمانم ئەو دەمە

بەختیکەم بۆسەروەریی تۆ: گیانو ماڵو چی هەمە

چونکە هەمچەشنت لەئقلیمی مەلاحەتدا کەمە

سا وەکو خوسرەو هەمیشە لێدە تەپڵی نادری

تۆهەمیشە وای لەبەر دیدو سەرنجم چون مەلێ

گەرچی دوری وەک شەبەنگی خۆرەتاوی دەم کەلێ

وام لەبۆسەو داوی راوت ، چاوەڕوانم بۆ هەلێ

هەر وەکو رۆحو دڵی دوری لەپێش چاوم وەلێ

لەم دڵەی پڕ دەردو میحنەتما بەدایم حازری

ژیرم و کۆڵم سەبارەت فەلسەفەی ئەو نوتفەیە!

وا بەزوویی هاتە بەرهەم بۆخەمی ئەم بەندەیە

کاتی من بۆ ئەوپەرستن: شەممە تا ئەو شەممەیە

کوردی ئامانەت ئەمانەت وا کە ئەمشەو جومعەیە

تا سبەینێ قەت نەبی غافڵ لە زیکری قادری!

١٥٠ بینین ٧٥ لێدوان لەوانە:



**Ali Ahmed Hamza**



١

پەسەندکردن · وەڵامدانەوە · ٥ ڕۆژ

**Kamal Muhamad** هونیارەکان ڕۆژی ڕێگای کوردایەتین نەتەوایەتی تاکەهۆی بەختەوەری مرۆڤە بەدیهێنەری ئەمری هەمیشەییە......

**Ali Ahmed Hamza** خوای گە ورە بت پا ریزیت
ئیمە ڤە رزاری بە خشندە یو دلسوزی بە ریزتین ، هـە رگیز ناتوانین پا داشي بە ریز ت بدە ینە وە

**Hallo Barzinjeyie** دەستخۆش مامۆستا گیان




**Baba Ali Allaf** وەڵا ئەوەندە جوانت تەخمیس کردووە گەر لەسەردەمی کوردی بوایە لەخۆشیا شاگەشکە دەبوو ، یاخوا هەربمێنی ئەوەندە بەتام وچێژە لێی تێرنابم مامۆستالێزیر سەرفراز بیت

**Awat Marouf** سڵاوێکی گەرم بۆ مامۆستای خۆشەویستم بەڕێز کاک کامیل ژیر،ئومێدەوارم هەردەم لە تەندروستیەکی باشدا بیت، چ نامەیەک، چ خامەیەک، چ دیاریەک،کەبۆ من جێگەی شانازیە،هۆنیارێکی بەرزی نەتەوەکەمان، ئەو ئاواتەت بهێنێتە دی، بۆ ئاتی بەیانی بوو، دەستیەکەم داگیرساند،هەروەک جاران بۆ بیستنی هەواڵی ئازیزان و نیشتمان،بینیم کە چ دیاریەک، چ هۆنراوەیەک وەک مرواری خۆی تێدا حەشارداوە بە پەنهانی،کەمامۆستا ژیر چوار خولەک لەمەوپێش وشاندوویەتی،بەپەلە بۆ چاوێلکەکەمگەڕی تا ووشە بە ووشەی نۆش کەم،ئەگەرچی پێویستم بە خوێندنەوەی تری هەیە، تابەپەلە سوپاسی هەستی بەرزی بکەم بۆ رەخساندنی کات،چونکە دانانی هۆنراوە پەیوەستە بەهەست وسۆز و یادەوەری،ئەوەش سەخت پێنجینەکردنی هۆنراوەیەکی کلاسیکی وەکو کوردی،دەڵێیت وەک دوێنێک دوو کەڵەشاتیر بەرامبەر یەک هۆنراوە بۆ یەکتر دەڵێن لەسەر هەمان کێش،گرانتر بۆ ئەو هۆنیارەیە کەدەبێ وەڵامی یەکەم بداتەوە،مامۆستا ژیر نیشانی دا لەوبوارەشدا پێشڕەوە،ڕاستە منیش کە گوێبیستی ئەم هۆنراوەیە بووم کەچەند هونەرمەندێک وەک مقام دەیچڕن،بەلامەوە زۆر جوان بوو،ئەگەرچی کەسێک قریحەی نوسینی هۆنراوەم هەیە وەک خەسڵەتێکی بۆ ماوە لەدایکمەوە،بەڵام لەتوانای مندا نەبوو کە قەرەی هۆنراوەیەکی واکەوم،بەتام بردە بەر کاک کامیل گەر بتوانی پێنجینەیەک برازێنێتەوە،چونکە پێشتر هۆنراوەیەکی تری ئەم هۆنیارە پێنجینەکردوە،منیش لەو ڕووەوە ئەو داوایەم پێشکەشکرد،کەبەسوپاسەوە بەجێی هێنا،دەستەکانت ئەگوشم مامۆستاگیان،تەمەن درێژبیت،بە وەرچەرخانێکی باش بۆ ساڵی داینده،هەربژیت

## لەبیرەوەرییەکانی ساڵانی دێرین

جاران سوێندی ناچاریمان بەڕێشی مەردانەی جوبو

سوێندخۆری ئەو ناچارییەش دەرونی نیوە مردوبو

لەلای پیاوێکی پیاوانە

نە بیانوبو نە بەهانە

بۆ پێخزان

لەڕێگەوبان

بۆچونە پاڵ

رەگەزی تاڵ

لەبیرم دێ بۆئیمزایەک بۆ(پاکانە) گەلێ گەلێ سزادرام

لەوەڵاما نەکو سزا، یاخو بەندی، خنکاندنیش چاتربو لام

تێکۆشەرێک نینۆکی ریشەکێشکرا

پشکۆی ئاگر بەهەردو دەستیدا نرا

نە وتی ئاخ، نە ڕاچەنی نە دانەوی، نە ناوی وت

نە جێگەیدا بەدەستەوە

لەئاستی ئەو بەرگەیەدا دیلەوانان ئەلەرزینو

پەنجەی خۆیان ئەگەستەوە!

بارەگای دژ

بەهەڕەشە، بەترساندن بەسامانو پایەو پیلان

تەقەلایدا

کاربکاتە هەستی پاکی هەژارێکی بێ دەرەتان

هەر بۆئەوەی جاربەجارێ

بەنهێنی لەکەنارێ

هەواڵێکی ئەو مەردمە بەسەرپێوە بەرێ بۆیان

ئەو هەژارە جەوامێرە، توفی کردە پایەو سامان

وتی مردن بەخاوێنی بۆنەتەوە لەبرسانا

نەکو ژیان بەناپاکی بۆسامان یا لەترسانا!

گرانیبو، دەوڵەمەندێکی ئەم شارە، هەرچی هەبو

کردی بەنان

نانی بەخشی بەهەژارو بەلانەواز، هەتا توانی

خەڵکی ژیان

کاتێ ئاگر ئەبارێنرا بەسەر هێرشبەری هۆزا

کەسێ ورەی بەرنەئەدا لەبەرامبەر مەترەلۆزا

بەبەردو دار، یا بەخەنجەر، تاوانکاری ئاگرتەقێن

هەر لەوێدا ئەگلێنرا ئەیانکردە خەڵتانی خوێن

بەدوازدە سوار لەمەریوان

لەشکرێکی زلیان شکان

لەنەغەدە کچۆڵەیەک هەردوچاوی بەخشی بەکورد

لەئاستی داگیرکەرانا سەری بەرزی نەوی نەکرد!

وێنە زۆرە، وێنە دیارە

مشتێ نمونەی خەروارە

ئێستاکە.. ئێی!!

ئێستاکە.. هێی!!

کەر لەکوێیەو کونە لەکوێ

لای کەسانی ئەڵقە لەگوێ

لەلای ئەوەی یا لەترسا

یا بێ شەرم لەپێناوی پایەو سامانی ناپاکی

ئەکەوێتە پێشی دوژمن

بۆ تێکدانی لانەی خۆیو باپیرانو لانەی کاکی

ئەشێ کەسی وا نەزانێ ئەم ژیانە هەرچۆنێبێ ئەبڕێتەوە

لەئەنجاما ئەم خەڵکە بۆ ژێری گڵو گۆڕیچەیەک ئەبڕێتەوە

پلەو پایەو زێڕو ماڵو باییبونو چاوچنۆکی ناگرێتە خۆی

ئەی تاوانکار:گۆڕەوشاری ویژدانی گەل ئەیگەیێنێ کەدۆڕاو تۆی

ئێستە ئەگەر تۆ ناتوانی ببیتە گوڵ لەباخی شار

خۆ ئەتوانی خۆت نەکەیتە چاڵی رێگەو گیاکەڵەو خار

تۆ ئەزانی؟ باپیرانی جەوامێرو قارەمانت

لەمەیدانی نەتەوەدا چ مەردێ بون

تۆ ئەزانی دراوی ئەم سەرزەمینە، پلەو پایە

نابن بەپارسەنگێ تۆزێ لەئابڕوچون!؟

لەگۆڤاری بەیان ژمارە ١٥٢ ساڵی ١٩٨٩ بڵاومکردەوە

٦٢ بینین ١٤ لێدوان لەوانە:


**Pshko Amin** دەستەکانت خۆشبێت کاک کامیل بەداخەوە ئێستا لە پێناوی هیچدا درودەکەین سوێندێکی دروشی بو دەخوین . بەداخەوە ئێستا بی سزاو لێداتیش یەکسەر پاکتە دەکەین ناوی دارو بەردو دایک و خوشکەکانیشمان نەبەین کابرا لێینەدرا تەنها پێیان وت راستی بڵێ و نامەیەک بنوسە بو سەروک اللە پەحقەزها تابشت کاتە ئەفسەر قاتی جلی ئەفسەریان لەبەرکرد بەمە ناوی زیاتر لە ٦٠٠ کەسێکی وت کە نزیکەی هەشت کەسێکی تێدا لەدار دراو ئەوانیتر بە ١٠ و ١٥ساڵ و تا ٢٠ ساڵیش سزا دران .

بەدڵمە · وەڵامدانەوە · ٢ رۆژ


**Kamil Zheer** ئەوە ئەنجامی پەروەردەی خراپی حزبییە، کەسێک ئەگەر پەروەردەیەکی باشی نەتەوەیی هەبێ، نە ترس لەدڵیدا نابێ نە بو پارەو نە بو پۆست خیانەت لەنەتەوەی خوی ناکا. ئێوەش هەر شادو ئەوروستین کاک پشکو گیان.


**Karux Bashur** دەستەکانت خوش بن....
حەیف ئێستا بورەکوردو زوڵ و ناپاکەکان بەروژی روون خویان بەسەر مەردو پاک و حەڵاڵ زادەکاندا بادەدەن


**Awat Marouf** جوانە دەستخوش ماموستا گیان،دڵسوزی بو گەلونیشتمان سەردەمانێک بوو،شەهید حەمەدەمە تەنها سوکایەتی بەسەرکردەی شورشی کورد نەکرد، گولەبارانکرا ،پەروەردەیەکی راست، خوشەویستی بو نیشتمان دەبێ لەسەروو هەموو شتێکەوەبێت،گەر تەماشای مێژووی نەتەوەکانی جیهان بکەین،دەبینین لەکاتێکدا فەرەنسیەکان خاکەکەیان داگیرکرابوو،کە باس هاتە سەر دانووستان لەگەڵ دوژمن و نەیارەکانیان ، ووتیان ئێمە دانوستان لەسەر خاک ناکەین،بابەتی تر ئامادەین گفتوگۆبکەین،ئەمە نموونەی گەلێکی زیندوە، جوانترین شیعار لەکوردستانی رۆژهەڵاتەوە بوو کە دەیان ووت ئێمە خاک دەخوین لەبرسا،بەس خاک نافروشین،لەکوتایدا ئەوە ماوەتەوە بڵێین: ئەگەر گوڵیش نیت درک مەبە


**Kamil Zheer** سوپاس ماموستا گیان. بامنیش ئەم سەرگروشتەیە بگێرمەوە:
دوای راپەرین ، نەوشیروان مستەفا لە وتێل سلیمانی پالاس، لەکوڕێکدا وتی:
کێشەکانی ئێمە هەموی لەسەر کەرکوکەوە، با واز لەکەرکوکبێنین، ئەگەر لەبەر نەوتەکەیەتی ، هەمو کوردستان لەسەر دەریایەک نەوتە. کەس نقەی لێوەنەهات، تەنیا منو نزار مهەمەد وەڵاممداینەوەو وتمان : مەسەلەی کەرکوک مەسەلەی خاکە نەک نەوت، خاکیش وازیلێناهێنری.




## شایی تەڕەماش

لاپەڕەیەکە لەیادەوەرییەکانم بۆ وەبیرهێنانەوەی هەنێ کەلەپورمانو ناوە لەبیرچوەکان:

لەزەماوەندا، دەهۆڵو زوڕنا، شایی جۆشئەدەن

دارو دیواریش دێنه هەڵپەڕکێ، مەگەر بەدەگمەن

ئای بۆرۆژانی هەرزەکاریمان!

بۆساکارێتی شەڕو یاریمان!

ئای بۆرەشبەڵەک لەگەڵ کچی جوان!

کاتی تێڕامان لەنێوانی دوان!

ئای بۆگەڕگەڕو بۆهسه شایەر/١

بۆچوارشەممانی بەر مامەیارە/٢

ئای لەتیپەکەی ئەبەی سەیزادە/٣

وای لەخرۆشی پوستوئیدارە/٤

ئای بۆکوڕێنیی سەر گوێسەبانە!

رانکوچۆغەی شاڵ، پێچی جامانە!

ئێستاکەش بیرم لای رمبازێنی

ڕۆژی جەژنانی هۆمەرمەندانە/٥

تۆماری یادم پڕ لەدیمەنی

جۆشو هەڵچونی کوڕو کاڵانە!

ئەوەی لەگوێما ئەمێنێو ماوە

بەستەو ئاوازی مناڵو لاوە:

(لیمۆ هەی لیمۆ، لیمۆ داخمکە

خۆت کلیل بەدەس شەو لەباخمکە

بەلار هەی بەلار، هەی بەلارەوە

توسەری باوکت، وەرە ماڵەوە

ئامان لەرزانە، ئامان لەرزانە

خوایە ئاوابێ ئەم کوردستانە) /٦

لەکورسیکورسیو چەرخوفەلەکا، لەتریشقەدا/٧

بەسەر کەژاوەی ئەرەبانەوە.

جگەر گۆشەکان لەبەرگی جەژنا بۆسروشتی جوان

پێئەکەنینو ئەشنانەوە!

ساقی دەروێشان، بەستەی هەوری لار/٨

ئاوازی باوی دڵدارانی شار!

ئیتر بەو جۆرە، ئەو دەشتو دەری هۆمەرمەندانە

لەڕۆژی جەژنا ئەتوت بەهەشتی خۆشی ژیانە

جەژنە پیرۆزە، گەردن ئازادی، یاریو هەڵپەرکێ

سەرەتای ئەوین، ئاڵوگۆڕی دڵ، نیگاو چاوبڕکێ!

ئای لەدیمەنی کەوای گورونی، لەسوخمەی سورمە/٩

کراسی خامەک، لەپێی خەناویی پڕی پانیبەرز/١٠

بۆنی مێخەکبەن، هاڕەی هەیاسە، ورشەی لاگیرە،

لەلارولەنجەو لەهەڵپەڕینی شۆخی باڵا بەرز!

خۆزگە بەو ڕۆژەی دایکی کاکەسور بەکەوگیرەوە

سەرچۆپیی کێشا

خەتەنەسوران ئەبێ وەهابێ، خوانی شارێکی

ڕاخست لەپێشا!/١١

کەی شایی ئێستا وەکو جارانە!

شایی ئەمڕۆ بۆ راوی ویژدانە!

کۆمەڵێ ناکەس هەندە سەرخۆشن

بۆ ئافەرینێ، شارێ ئەفرۆشن!

نوسەرێ ئەچێ پێنوسی دەستی

ئەکا بەزوڕنا، بەداری دەهۆڵ

زوڕنا جوکەجوک، دەهۆڵ تەپەیدێ

کەس هەڵناپەڕێ، شایی چۆڵوهۆڵ!

ئەو هەر لێئەدا تەنیا بۆشاباش

شایی بەئەو چی! شایی تەڕەماش!!

-------------

فەرهەنگۆکێ بۆنەوەی ئێستە:

١-گەڕگەڕو هسە شایەر: دو شایەری بەناوبانگبون لەسلێمانی کە بەدەنگە خۆشو بەستە بەجۆشەکانیان، خەڵکیان لەشاییەکاندا هەڵئەپەڕان.

٢-مەبەست لەگردی مامە یارەیە کە جێگەی سەیرانی ڕۆژانی چوار شەممانبو.

٣-ئەبەی سەیزادە: ئەمیش گۆرانیبێژێکی میللیی بەناوبانگبو، تیپێکی مۆزیکی خۆی هەبو.

٤-پۆستوئیدارە: دو ئامێری مۆزیک.

٥-هۆمەرمەندان: ناوی گۆڕەپانێکی گەورەبو لەدامێنی شاری سلێمانی کە لەڕۆژانی جەژندا یاریو هەڵپەڕکێو ڕمبازێنی تیائەکرا. ئەباس ئەبو شوارب یەکێکبو لەسوارچاکەکانی ئەوسا.

٦-ناوی سێ گۆرانیی میللین.

٧-تریشقە: ناوی جۆرە ئەرەبانەیەکی زۆر خیرابو.

٨-دو گۆرانیی میللین.

٩-گورونیو سورمە: ناوی دو جۆر قوماقشی گرانبەهابو بۆبەرگی ژنان. گورونیی گوڵباتمانو وشکسورمەش هەبو، لەوان گرانتر!.

١٠-پانیبەرز: ناوی پێڵاوێکی ئافرەتانە، جۆرێکیان بە پولەکە ئەڕازێنرایەوە. ئێستەش لەخوار هەوزە وشکەکەوە ریزەدوکانێ پێیئەوترێ گوزەری پانیبەرزدروەکان. ریزەدوکانێکیتر پێیئەوترێ گوزەری کەوشدروەکان. ریزێکیتر پێیئەوترێ گوزەری هەلاجەکان. چەند گوزەرێکی پێشەسازانیتریش لەونزیکانە هەبون وەک: مزگەران، ئاسنگەران، دارتاشەکان، لێفەدروان، زەڕنگەران...هتد.

١١-خەتەنەسوران:ئەو شاییو هەڵپەڕکێو خوانڕاخستنەیە کە بەبۆنەی خەتەنەکردنی منداڵەوە سازئەکرێ. بەبیرەوەریی من گەورەترین خەتەنەسورانێ لەسلێمانی ئەوەبو کە دایکی کاکەسور رێکیخست بۆکورە تاقانەکەیو جارجار بەکەوگیرەکەی دەستییەوە سەرچۆپیی هەڵپەڕکێکەی ئەگرتو ئەبو بەچەپڵەڕێزانو تیلیلیو هەیتوهاوارێکی زۆر!.

١٣٩بینین   ٨١ لێدوان لەوانە:


Jawad Mella دەستتان خۆش بێت هاوبیر و برای گەورەی هەموو هاوبیرانی کوردایەتی ماموستا کامیل گیان، خوا تەمەندرێژتان بکات و تەندروست بن ماموستا هێژا و دەلال.

Abdulqadir Rashan
waku homarmandanyak zor supasy bray gawra kaaka kamil akam bo am yaada warya wurd u jwaanay ka henayawa yadman. hiway tamany drezh u tandrusty baashtan bo axwazm. dasta zereenakantan xosh.

Jabar Kadir دە خۆ ش ما مۆ ستا بۆ بە یا د هێنا نە وە جوا نە کە کاتی لا و یما ن بە هیوا تە مندر زی بۆ بە ریزتان

Delair Rashid دەستو پێنووسو بیری ژیرت گشت کات پرشنگدار بێت لەو کوردستانە جوان و خۆشەویستەمان کە خاوەنی بیرتیژی وەکو بەرێزتە پارچەیەک لە کلتوری رابووروی پر لە خۆشەویستی و ریزوو وەفاداری، بەرێزت نوسینو هونراوەکانت دەستێنەوە وە تومارت کردوون وەکو مێژوویەکی پر لە خۆشویستی بە پێنووسی ماموستای خۆشەویست و ژیری ئەتە وەکەم ئەتەمەن درێژبیت و بەتندرووستی باش ،

Shirwan Zendany خوا بی وەیت کات هاوبیری زۆر بە ڕێز زۆر جوانە دەست و خامەت پیروز نوسیین واجوانە بە دڵی سەردەمی کون و تازەیە شتێکی زور باش زوریشی بیر خستەوەیە

**Raoof Sidiq** دەست خۆش بۆگێڕانەوەی ئەویادگارییەجوانانە.ئەوکاتە تاک لەناو کەلتوروکۆمەڵدا تێکەڵ ئەبوو ئێستا تاک تەنها خۆخۆیی ئەکات.

بەڵمە · وەڵامدانەوە · ٦ ڕۆژ

**Kamil Zheer** نەک هەر ئەوە، ئێستا تاک بێگانە پەرستیش ئەکا!

**Bakhtyar Taha** لەگەڵ خوێندنەوەی ئەم بەسەرکردنەوەیەی بەڕێزت خاوەن عەرەبانە جووت ئەسپ و تریشقەی تاک ئەسپ و گوێرێژی مام تۆفیقی نەوت فرۆش و باخی حەوێرا و ئەحەی حاکم ئاوازی عود و جریوەی پاساری باخی شێخ لەتیف و دەهۆڵ و زوڕنای عەلی بلبل و موشلین و مزراحینی کاتی دۆمان و ترسی خێوەکانی ژێر چوخمەکەی سەرشەقام و خانوەکەی خاڵە عەبدە و ترسی لافاوی شیوی قازی و سامی پەرۆی سەوزی شەخسەکان و یەکویستی و خۆشەویستی گەرمک و دراوسێیەتی و ڕێز و حورمەتی مامۆستاو مەلا و پیاوماقوڵان و شەڕە گەڕەک و شایی سەمەنی و هەرەوەزی ساوەر کوتان ووووووو .. ت وەبیر هێنامەوە .

بەڵمە · وەڵامدانەوە · ٦ ڕۆژ

**Kamil Zheer** کاکە بەختیار، با ئەسانەشی بچێتەسەر: ڕەمەزانی ماسیگرو خونچەڵەی کڵێنانەوەو هەڵوکێنو کڵاوکڵاوێنو چەرخوفەلەکو کورسیکورسێو هەیجوهەیجوو چاوشارکێو شێتە خۆشەکانی وەک سالە شێتو ئەپە شەکەتەوەو خوله بوزو ئەحە کەرێو ...هتد

**Taha Ahmad Eimam** دە ستە کانت خوش بی ئامە زروی ئە وساتانە ین بە داخە وە روی

**Awat Sahebqran** دوای سڵاوێکی گەرم، لە مامۆستای بەڕێز و خۆشەویست کامیل ژیر، ڕۆژانی هەینی چاوەڕوانی دیاری و بڵاوکراوەی نوێ دەکەین،گەلێک موشتاقین.بیرەوەری و یادگارییەکانت تا بڵێیت جوان ڕازاندوتەوە کەئە کەلەپووری کوردەوارییەوە سەرچاوەی گرتوە،دیارە لەگەڵ ڕۆژگاردا،شتەکان گۆڕاون،ئێمەش دەبێ لەگەڵ ئەو گۆڕانەدا هەڵسوکەوت بکەین،بەڵام ساغ و تەندروست بیت مامۆستاگیان

**عثمان ساوجی** دەستەکانت خۆش.
بە هۆنراوەکردنی ئەوسەردەمانە مرۆڤ دەخاتە حاڵەتێکی ناوازەوە.

**Mohammad Barzy** کاکە گیان دەستەکانت خۆشبێت بۆ ئەو تابلۆ جوانەی یادگارەکانی جاران ، کە هەرگیز ناگەڕێنەوە .. هیوای تەمەنی درێژ و شادیتان بۆ ئەخوازم

**Fausy Ramsy** یەخوا مامۆستا گیان تەمەن درێژ و پڕ تەندرووتی بیت ، ئەو یادەوەرییە خۆشانە هەمووان دەگێڕێتەوە بۆ لاویی و ئەو سەردەمە

**Arif Kerim** دەستخۆش مامۆستا گیان ، ڕاپۆرددووت لەبەرگێکی ڕازاوە و قەشەنگا پێشکەش بە ئەدەب دۆست و هونەردۆست و ڕۆشنبیرانی ئەمڕۆ کردوە و فۆلکلۆر و کەلەپوور و هونەری دوێنێت بەبیری هەموان هێنایەتەوە ، دەست و پەنجەکانت خۆشبێت و هەر تەمەن درێژبیت .

**Latif Abdulla** دەستەکانت خۆش کاک کامیل بۆئەو هەمویادگاریەجوانانە هەر بژیت تەمەن درێژو لەش ساغیت ئاواتمە

**Abdulla Rashed** دە ستە کانت خوش بو بە بیر هێنانە وە و زیندو ڕاگرتنی جوانیە کانی مێژوو کلتوری کوردی

**Shwan Saeed** دە ست خۆش کاکە ژیر ، زور دلشاد بووم کە هۆمە ر مە ندانم دي لە شیعرە کە دا ، چونکە ماوە یە ك مالمان لە وێ بوو ل سالاني ٥٠ دا

**Salam Kadir** هزرت هەر ڕوشن بێت . هەلگرتنی ئەم هەموویادگاری یە هەر وا ئاسان نی یە دوای دارشتنی لە قاڵبی هونراوەدا دوو ئەون دژوارترە دەستخوش

**Pshko Amin** بیرێکی تیژو هزرێکی جوان هەولێک سەرانپا پڕ لە خۆشەویستی و جوانیەکانی ئەوسای شارمان بیردەهێنێتەوە پێمان دەڵێت ئێمەش ڕۆژانێک ژیانمان پڕلەجوش و خرۆش و جوانی بوو .وەک ئێستا هەرئەهلەشەی میوانمان نەبوو . بەڵێ ئەوسا ژیان ڕازاوەترو جوانترو بەجوش و خرۆشتربوو . کولتوری کوردی و گیانی یەکتر قبوڵکردن و خۆشەویستی لە ناوماندا زیاتربو بۆیە منیش لە گەڵ شێخ ڕەزادا دەڵێم درێغ بو ئەو زەمانە ئەو عەسرە ئەو ڕوژە . بەداخەوە ڕۆیشت . تەمەنی درێژ تەندروستیکی باش و بەختەوەریت بو دەخوازم مامۆستا گیان

**Fayroz Ahmad** دەست خۆش مامۆستا ژیر...هۆنراوەیەک پڕن لە نەریت و فۆلکلۆرو جوانی جارانی شار...دەستو خامەت ڕەنگینتر و هە ریمێنێ.



بەدڵمە · وەڵامدانەوە · ١ هەفتە




---

## تاسەی گەبینی

ئەو دەستوپەنجە بلورینە لادە لەژێرچەنەی خەفەت

کەی تۆ هی خەمی!؟

ئەو تێڕوانینە تاریکە بۆتۆ ناشێ، تۆنمونەی

باوی سەردەمی

وامەزانە بێ نگینی، دڵنیابە ئەستێرەکەت

گەشە لە ئاسۆ

چی نەیارە، با دژیشبێ، لەناخیدا سەرسامە بە

بەهرەمەندیی تۆ

بێرە ئارا،  تۆ هەمیشە گوڵی گەشی، بێ بونی تۆ

مەل بێ ئاوازە

خۆشەویستم: کە تۆ نەبی، سروشت وشکە، ئاو لیخنە

چیا بێ نازە.

بە بێ ئومێد، پێوانەکان ئەئاڵۆزێن، هەرچی سوکە

ئەبێتە گران

هەتاو ئەیبەستێ بەهاوین، بەفر گەرماو گڕە دێنێ

بەچلەی زستان

ئەستێرەکان بێ جریوە، مانگ روزەردو دەریا ئارام

ماتو کشومەنگ

باخ بە بێ گوڵ، مەل بێ ئاواز، شارخامۆشو روبار بێ ئاو

نە هاژەو نە دەنگ

ئەو بەرگە ڕەشە داماڵە، تاسەی چەفتەی شانو کەواو

سوخمەی سورمەتم

بە پۆشاکی ئاڵو واڵا، زیاتر سەرسامو تامەزرۆم

تینوی شێوەتم

بەگەردانەو ئاشقبەندو لولەو زنجیرو هەیاسە

وەرەوە ناو کۆڕ

لەگەڵ هەوری ڕەش بەجەنگبێ بەورشەی لاگیرەو کرمەک

جوڵەی گوارەی شۆڕ

سەرپەرچەمو دوگمەودۆلاب، ملەشیلان، لوتەوانە

چرای ڕێوبانن

دژکاران لەترسا هەڵدێن، شەبەیخونەو راکردنی

چنگلەسەر شانن

بۆنی خۆشی هێلو مێخەک: وزەی زیاتر ئەدا بەتۆ

بۆ هێرشبردن

تیشکی بەڕاق: شەوی تاریک ئەکا بەڕۆژ بۆڕاونانی

لەشکری دوژمن

بە ڕەوتی رێو زڕەی بازنگ، خڕەی پاوانەکانی پێت

شەقەی پانیبەرز

وەکو چەکوچۆڵی شەڕ دژ بە دوژمنانو ناپاکان

بلەرزێنە ئەرز

بەئەلقەو موستیلەی زێڕو یاقوتەوە چەک ئاڕاستەی

نەیارت بکە

تۆ، هەموجار هێرشبەربە، ماوە نەدەی دەسکاتەوە

وا کارت بکە

نەکەی ناوماڵی ئاواکەی، بابگەوزێ کەر لەخۆڵا

با هەر زەڕەیبێ

بەرامبەر روخساری رونو گەشو پاکی وەکو مانگت

سەگ با وەڕەیبێ

دامەنیشە دەستەوستان تا ئەو ئەبێ بەپاڵەوان

گەل چاوەڕوانە

لەدەسمەدە هەلی گونجاو، وتراوە دۆم بەدانیشتن

ماڵی وێرانە

ئاگر بەردەرە ژێرخانی، سەرخانی با پەرشو بڵاو

تا لەیەکبەربن

با دوکەوتەی کۆنە بڕوا، دورلەزانست، شارستانی

هەر گێلو کەربن

خۆت ببەستە، بە پشتوێنو ملەلیرە، بە گۆبەرۆک

جۆری بیستوچوار

ئەمە جەنگەو یەختەئەگرێ، ئەگەر نەیکەی خوا ئەتگرێ

رسواو کۆڵەوار!

جەنگ دوجۆرە، ساردو گەرم، نەخشەی ئەوێ، بەپایپیلان

رابەرێکی کەڵ

باوانی تۆ بەدوازدە سوار لەشکرێکی زلیان شکان!

بیرو هێز تێکەڵ

کە مردن هەر چارەنوسبێ، ژیان بەسەرشۆڕیو کەچی!؟

مەمێنەو مەژی

تۆ نەوەی کاوەو دیاکۆو ئەردەشێری، وێنەی ئەوان

کەمو کەڵ بژی

خەڕۆنەبی بەزاراوەی مرۆڤدۆستی، یا برایەتیو

لەگەڵ یەک ژیان!

ئەوە بیانوی ترسنۆکو نۆکەرانە، لەگەڵ دژوار:

شەڕ بەبێ کۆڵدان

دەی راپەڕە، من تاسەی گەشبینیو بزەو پێکەنینی

شەوانت ئەکەم

تۆ فریشتەی سەرکەوتنو ورەی بەرزی کاروانی رێی

ئەی نازدارەکەم

تۆ نامەی مژدەهێنانی، گوڵی هیوای، ڕەوێنەری

تاریکیو تەمی

ئەو دەستو پەنجەبلورینە لادە لەژێرچەنەی خەفەت

کەی تۆ هی خەمی!؟

٨٣ بینین ٢٨ لێدوان لەوانە:

**Awat Sahebqran** ویژدانوژیان، هیواوئومێد،گەشبینی هونیار بەرجەستەدەکات،وەک
ئاموژگاریەک بو ئازیزەکەی لە دنیای تاریکوروندا،هێزی باوەڕبەخۆبوونی
پێدەبەخشێت،ڕازانەوەی جوانی بە ملوانکەیەک لەزمرووت و گەوهەر و مرواری و ئاڵتون
، کە ماموستا ژیر زور بەرهەمی زەڕەنگەرەکانی جوان هەڵبژاردوە،ڕەنگە بو هەندێ
ئاموین،ماموستا حەزمدەکرد ئاماژەت بە بەرواری نوسینی ئەم هونراوەیەت بدایە، تا خوێنەر
بزانێت کەبەرێزتان لەدنیای ویژەی کوردیدا، چۆن هەنگاوت ناوە،دووبارە دەستخوشیت
لێدەکەم ،چونکە کوردستان پێویستی بە ڕوڵەی دڵسوز و نیشتمان پەروەر هەیە وەک
بەرێزتان،تا نیشتمان بپارێزیت و بەرەو پێشەوەی بەرێت

بەدڵمە · وەڵامدانەوە · ١٤ کاتژمێر · دەستکاریکرا

**Kamil Zheer** سوپاس ماموستا ئاواتی بەرێز.. بەرواری ئەم هونراوەیەم ساڵی
١٩٨٩یە، بیرمنایە لە کوێ بڵاومکردۆتەوە. دوایی لەلاپەرە ٩٩ی دیوانی
کوردایەتیو جوانیدا ، چاپی ٢٠١٠، جارێکیتر بڵاومکردەوە. پێش دە ڕوژێک چاوم
پیاخشاندەوەو نوژەنمکردەوە، واتا دەسکاریمکرد. دوێنێش لەفەیسبوک بڵاومکردەوە.
ئەوەش مافی خومە وەکچون خاوەن ماڵێک بوی‌هەیە ماڵەکەی نوژەن بکاتەوە.
ئێوەش هەر شادبن.

**عثمان ساوجی** لەیەکدانی کومەڵیک دژو پێکەوە گرێدانی دەستەواژەی عاشقانەو جوانی
سروشت و مەبەستی سیاسی،هەرلەنوسینەکانی جەنابت جوانە ماموستا.
پایەداروساغ و سەلامەت بیت.

بەدڵمە · وەڵامدانەوە · ١٥ کاتژمێر

**Baba Ali Allaf** هەرچی هونەرکاری زێرینگەری خشڵ و زێری ژنانی کوردە
هەمووی لەم شیعرەناسك و نایابەدا تومارتکردووە کە زێرنگەرێکی بەساڵاچوو ئەستەمە
هەموویانی بەبیردا بێ بڵێی لەنێو زێرو وجورکانیدا ژیر گەورە بوو بێ ، ئافەرین جاری نا
هەزار بو ئەو بیر تیژییەکە دەکرێ ببێتە سەرچاوەیەکی باش بو ئینسکلوپیدیا کورد گەرلە
داهاتوودا بنەمای دارێژن وکورد بە دنیا وەك خوی بناسرێ بەجیهان . هەربژیت
ماموستاژیر بوونت پێویستە بو کورد

**Fayroz Ahmad**



بەدڵمە · وەڵامدانەوە · ١٦ کاتژمێر ١

**Kamil Zheer** زۆر سوپاس فەیرۆز خان. فەیرۆز وشەیەکی کوردیە، لە پیرۆزەوە هاتوە. ئەرەب پیتی p نیە، کردویانە بە f . پیروز ناوی یەکێکە لە پاشاکانی دەوڵەتی ساسانیی کوردی. ئەویشیانکردوە بە فیروز.

**Pshko Amin** هەر تەندروست و تەمەن درێژ و بەختەوەربیت کاک کامیل گیان هێنانەوەی ئاموژگاری و رێنمای کوردانەو نەتەوەیانە لە بەر ورشەو درەوشانەوەی پەندی کوردی لە چوار چێوەی ئەم گەردانە پر لە یاقوتەدا و هزری پیروز و گەشاوەی نەتەوەیانەت زیاتر بەدەر دەخات و پێمان دەڵێت بیری راست و پاک و خەنجەری کوردانە بەدیهێنەری هیواو ئاواتن دەست لەناو دەستتین روو لەدوژمن هەڵمەتبەرن سەرکەوتن لەدەستو بازوی ئێوەدایە ئێوە روڵەی هەڵمەتن نەک دوشدامان و چوکدادان .

**Tarza Baran** دەست خۆش مامۆستا بێ نگینی مانای چیە؟
ئایا وشەی ئارا واتای ئێرەیە؟

بەدڵمە · وەڵامدانەوە · ٢٢ کاتژمێر

**Kamil Zheer** بێ نگین: بێ بەخت ئارا: بون ، وجود. ئەوتری ئەم باسە لەئارادا نیە، واتا بونی نیە. ئارا واتایتریشی هەیە وەک: جوان ، رازاوە. بەڵێ واتای ئێرەش ئەگەیەنێ. فڵان کەس لەئارادا نەبو، واتە لێرە نەبو. ئەم بەهارە هیچ دنگویەکی تەرزەباران لە ئارادا نەبو . ئێوەش هەر شادبن.




## بێبازاڕیو داشکانن

داشکانن!

کاڵایەکی فرە مەزن

فرە ئەرکو فرە کارە

وەکو زێڕی بیستوچوارە

جاریش هەیە بەرەڵایە

مەیمونێکی گۆریلایە!
بەدەس خۆتە، چۆن بخوازی
چۆن رایبێنی، ئەو پێترازی
چونکە ئەمڕۆ بێبازاڕە
نرخی شکا، دایە هاڕە!
لەجیهانا
جیهانی باوی زانستو سەردەمی جەنگی ئەستێرە
لەژیانا
ژیانی ئەم ڕۆژە توشەی مافو رەوا تیا لەژێرە
گەلێ شت هەن بەفیزەوە سەرئەکەون
وەکو هاڵاو، وەکو دوکەڵ
هەیشە بەدەم رەشەباوە، رو لەژورە
وەکو تەنی سوکو پوچەڵ
هەنێ شتی بێبایەخیش لەبەرەوەن
وەکو خارو، وەکو پوشو، وەکو دەوەن
شتیش هەیە، خێراتر لە گولەی توفەنگ
سەرئەکەوێ، وەکو نرخی بازاڕی جەنگ
کەچی ئەوەی ئەبێ جێگەی پێشکەوتنبێ هەموکاتێ
چاوی رێزو دڵی نەرمو دەرونی پاکی بگاتێ
نە هەر تەنیا ڕاوەستاوە، یا بێنازە

رو لەنشێو، پشتی باوی لەهەورازە!

وەک نەمامی چۆڵەوانیی بێئاوی سیس

هەتا ئەبێ، ئەداتە باریکو بنیس

بەڕسوایی دائەبەزێ، ئەبێ بەپەنگ

بێبەرگری، بێداکۆکی، بێباسو دەنگ

ئەویش نرخی کاڵایەکی فرە رەنگە

جاری وایە: بەرهەمێکی پورەهەنگە

جاریش هەیە: وەکو مەگەز، لەدەوری گو

پێشبڕکێیە، کێ پێیئەگاو لێیئەخوا زو!؟

بە زیکەزیک هاوارئەکەن: وەرن هەڵەو داشکانە

فلیمی نوێی کۆیلەکانی دەوری سنوقی دەنگدانە

بۆگاڵتەجاڕی نوێنەران: چستو پەرۆش

بەپێکێ مەی: ویژدانێکی هەرزان فرۆش!

کەی وەهایە؟ گوایە مرۆڤ چاکترێنێکی بەهایە!

ئەی نابینن جاری وایە، وەک ڤایرۆسی کۆرۆنایە؟

توف لەخۆمو توف لەمرۆڤ ئەگەر وا سوکورسوابین

ژیان جارێکەو بەمەردی، ئەبێ رابین، نابێ دابین.

١١٤ بینین ٥٧ لێدوان لەوانە:


Fuad Saeed Brusk سەدان لەوان...قوربانی نوکی قەلەمەکەت...ئاکە چرا...ئاکە ڕێ نیشاندەری ڕاستی...بڵندگۆی حەقیقەت...

**Jabar Kadir** ما مۆ ستا ی مه زن و که و ره ی فه لسفه ده ست خوش زۆر له جێ خۆ
یه تي بۆ کۆمه لکه ی یمرۆیو امرۆزکاره هه ر بژیت به سه ر به رزی

**Awat Sahebqran** ناوداری بێناوک
زۆرن لەم کاپەدا، هاوارنەکەن نەنەرێنن پڕ گەرویان
لەبازاروەمزاتخانەی ئەم شارەدا،ڕۆژئاتێواری هاوارنەکەن
درۆنەکەن،لەگەڵ خۆیان،لەگەڵ عالەم درۆنەکەن،بەقەد پێتی داخلەدڵی ڕۆژنامەکانی
ئەوساوئەمڕۆ درۆنەکەن
بیگەرێ ئەسا،هەر ئەمڕۆیە،داشکانە نرخی خاکونیشتمانە
هەرچەندێکمان پێیدەی قازانجمانە

بەدڵمە · وەڵامدانەوە · ٥ ڕۆژ · دەستکاریکرا

**Kamil Zheer** زۆر بەقوەتە: (ناوداری بێناوک) ، (هەرچەنێکمان پێیدەی قازانجمانە) دەستو هزرتان خۆش. ئای کە ئەم دنیایە پڕە لەناوداری بێناوکو لەفرۆشیاری خاکو نەتەوە بەهەرزانترین نرخ، جونکە هیچیاتێپنەداوە!.

**Nuri Karim** مامۆستا گیان وتت. ئەمجارەش قسەی دڵی دڵسۆزان و بەشخوراوان و پشتگوێخراوانت وتەوە :(هەیشە بەدەم ڕەشەباوە, ڕو لەژوورە
وەکو ئەنی سوکو پوچەڵ
هەنێ شتی بێبایەخیش لەبەرەوەن
وەکو خارو، وەکو پوشو، وەکو دەوەن) هەر شادو سەرفراز بژین، بەو وشەسادانە ئابلوی کەربازاڕ و گاڵتەجاری یەکانی باشورت نەخشاند ،
سەرنجێکی گچکەلەشم لە وشەی(پوش) هەیە. ئەگەر بەشێوەی ( پوشو) بینوسین. ئەی چۆن لە وشەی ( پوشو) جیادەکرێتەوە کە لە واتادا لە (پوش) سوکترە؟

بەدڵمە · وەڵامدانەوە · ٦ ڕۆژ · دەستکاریکرا

**Kamil Zheer** بێگومان قسەی دڵی هاوبیران وەکیەکە، ئەوەیە یەکتێبی بیروباوەڕ. سەبارەت سەرنجەکەتان: ئەو وشانەی کوتاییەکانیان پیتی واوە، وەک: مازو، توردو، پوشو.. کاتێ ئەیلکێنین بەوشەیەکیترەوە بە واوی لکێن (عطف) کوتایی وشەکە ئەبێ بە ٢ واو. مازو و گوێز، نانی توردو و کولێرەبڕون، پوشو و ئاگر. ئنجا بەسەیەستی کورتکردنەوە، دەستەوازەکان وابالێدێ: مازوو گوێز، توردوو کولێرە، پوشوو ئاگر. بەوجۆرە (پوش، پوشوو) لەیەک جیانەکرێنەوە.
لەتوێژینەوەکەی هەینیی رابوردوما زیاتر لەوبارەیەوە دواوم.



**Pshko Amin** دەست و هزرت هەر رووناکبێت بەڵێ دارمانە و داتەپین لەوڵاتێکدا هەموو شتێک پڕ بایەخبێت جگەلە خاک و مرۆڤەکانی ، هەموو شتێکیی جوانی تێدا هەراجکرێت، ئیتر چۆن لەدەوری گو کۆ نابنەوەو لێی نالێشن و تێی ناترۆکێن ، ئیتر ئاوهایە لەو وڵاتەدا نوێنەری گەندەڵ و دز نیشانەی سەرکەوتن بەسەر پێشمەرگەداو بەسەر هەژاراندا بەرز دەکەنەوە وەک ئەوەی خاک و نەتەوەیان ئازادکردبێت ، تا ساڵانی کۆتای حەفتاکان لە کارگەی جگەرە لە بەشی کارەبا کارم دەکرد هەموو کاتێک کە ئاهەنگێک یان خۆشیەک دەهاتە پێش رەوان شاد کاک ئەحمەد ناسراو بە ئەحە تەرەزان دەچوو بە دیوی دەرەوەی کارگەدا دوو گڵۆپی هەڵدەواسی گڵۆپەکان گڵۆپی درێژبوون لە شێوەی فیدا بوون کەهەڵی دەواسین وەک نیشارەتی سەرکەوتن ، کاک ئەحمەد پیاوێکی جوان و قسە خۆش و قۆشمەچی بوو کە داوای جگەرەی دەکرد لە سەرکۆ دەستی بەهەمان شێوە دەگرت و سەرکۆش جگەرەیەکی دەخستە بەینی دوو پەنجەکەی ، رۆژێکیان سەرکۆ وتی شەهاب دەزانی دەسەوێت جگەرەیەک دروستکەم بیخەمە بەینی گڵۆپەکان کە دات ناون ، ئەمانەی ئێمەش دەبێت دولار بخەینە بەینی پەنجەکانیان و بڵێین باشتان بردەوە سەرکەوتن ئەفەرمیانە

بەڵێنە · وەڵامدانەوە · ١ هەفتە · دەستکاریکرا

**Kamil Zheer** بەداخەوە کە ئەوانە مرۆڤیان بەوجورە سوکو رسواکردوە.
نازانن کە ئەشی رۆژێ دۆلارەکانی بەینی پەنجەکانیان گڕبگرێو بینە فەقەس.

**Hallo Barzinjeyie** دەستخۆش مامۆستا گیان
تابلۆیەک پڕ لە بیرۆکە جوان و باش و خۆشەویستی مرۆ... کە بریتییە لە گەوهەری ژیان و جیهان

**Kak Mamosta** چامەیەکی پڕ ماتایە......
نوسەرەکەی زۆر زانایە....
دەستی هە میشە باڵایە.....
نوسین بەپێزو ساتایە....

---

## کێشەی کورد لەگۆشەنیگای یەزدانەوە.

ئەمشەو یەزدان هاتە خەوم

وتم هەوی؟ وتی هەوم

وتم تورەو پڕگلەییم

نوێنەری گەلێکی برسیم

بێدەوڵەتو مافخوراوم

چەنجارێ ئەنفالکراوم

بۆبێدەنگی؟ کوانێ رەوا !؟

کوا گەورەییو بەزەیی خوا !؟

وتی دەوڵەت، کاری مرۆڤو گەلانە

بێدەوڵەتی، پشکی کارگێڕی نەزانە

ماف ئەسەنرێ، من نایبەخشم

بە من مەڵێن : بێنە بەشم !

ئەی خۆ ئێوەش وەکو گەلان

گیانو بیرو دەستو چاون

بۆ لەمڕۆدا لەدوایدواوە

دەستەوستان، دۆشداماون!؟

ئەتانەوێ نانەکەشتان بۆتەڕبکەم

ئنجا بیخۆن!؟

بەسە ئیتر: پاڕانەوەو لاڵانەوە

کە خۆتان هۆن!

بۆ من گوناهبار ببەخشم لەتاوانی

بەنزاو نوێژ!؟

دۆزەخ بۆبیرمەندو زانا، بەهەشت بدەم

بەگێژو وێژ!؟

بەڵێ رێگەم بەکردەوەی ئەنفالداوە[1]

ئەنفال بەش و سزای گەلانی دۆڕاوە

دنیام وەها هەستانوە

کێ ئازابێ، سەرکەوتوە

هەروابوەو هەروەهایە

هەرواشئەبێ ئەم دنیایە

جەنگ کێبڕکێیەو ئەزمونە

ژیانەوە ، یا تیاچونە

ئێوەش کە سەرکەوتن وابن

رابن، شابن، ئەوان دابن !

نەک دوبارە ئێوە پیادە، ئەوان هەرسوار

دەسلەملانی باوەکوشتەو رەگەزی هار !!

مەڵێن ئێمە ئەمڕۆ شەکەتو هەژارین

دەسبەتاڵو بێسەرمایەو کۆڵەوارین !

مێژو پڕە لەداستانی شەڕو ئاشتی

نەڕەشێرێ، رێوی بەفێڵ، گرتیو ناشتی

ئێوەنەبون بەدوازدە سوار لەمەریوان

وەک دیاکۆ، لەشکرێکی زلتان شکان؟

ئەسکەندەری مەکدۆنیتان پڕزەرەرکرد

بەناخێرتان خاچپەرستان دەربەدەرکرد!؟

ئەوسا باوەڕتان بەخۆبو

مامزتان پڵنگی کۆبو*

کەچی ئێستە بۆئەنفالی یەکدی شێرن!

چاوبرسییەکان بەژێرخانی خۆیان فێرن!

وتم گەورەم: زۆنی خواروش[2] هەروەهایە!

وتی تاوان: پەرەسێنە، وەک پەتایە !

جاران گەورە ئاوی ئەڕشت، بچوک ئەکەوت

ئەوانیش وا بەبۆنکەوتن بەغازو نەوت!.

بەشەرمەوە، وتم یەزدان:

تو زەردەشتو تو بزورگیت، چارێ بۆکورد

وتی چارە لایخۆتانە:

رابەرێکی داناو بێگەرد، چالاکو گورد[3]!

---

١-یسالونک عن الانفال، قل الانفال لله والرسول- سورة الانفال/٤١٨

٢-خوارو: جنوب

٣-گورد: ئازا، قارەمان

*-لەمبارەیەوە هاوبیری هێژامان د.جەواد مەلا، دوێنێ، لەدوا نوسینی لاپەڕەی خۆیا، باس لەگرنگیی باوەڕبەخۆکردن ئەکا. شیاوی بینینو دەسخۆشییە

١٠٢ بینین ٣٣ لێدوان لەوانە:


Barsan Slemany قوربانی دەست و پەنجەکانت بم مامۆستا گیان دەستخۆش بڵاویشم کردەوە داواشم کرد هاورێکانم بڵاوی بکەنەوە

بەدڵمە · وەڵامدانەوە · ٦ ڕۆژ

Awat Sahebqran دەستوخامەی ڕەنگینت خۆش،هیوای لەش ساغیوتەمەندرێژیت بۆ دەخوازم،پێناسەت لەو چوارچێوەیەدا خۆی دەبینێتەوە[ بژی سەرم، کە ئازاد و سەربەخۆیە] دەروازەی بیرکردنەوەت فراوانوکراوەتر دەکات، ئێمە دەبێت لەخۆمانەوە دەست پێبکەین کەخاوەنی ئەقڵ،چاو،زمانین بۆ جیاکردنەوەی بابەتو ڕووداوەکان،نەگەڕێین بۆ بوهتان بەخشینەوەکەبای ئاوەڵی کورد گرنگە،ڕاستە هۆکاری دەرەکی دەوروبەر کاریگەری هەیە، جا کەم یا زۆر ئەویش لەسەرخۆمان وەستاوە،وەک پێشنیاری بەڕێزتان ئەم بەرهەمەتانم شێرکرد تا بازنەی خوێنەرانی کورد فراوانتربێت و ئاشنای نوسینەکانت بن مامۆستاگیان،هەر بژیت

**Delair Rashed** دەست و خامەی پیرۆزت بەرەکەت و هەمیشە پرشنگدار بێت و خێوندە واران لە بەر تیشکو رووناکداری دا سوود بەخشبن . هەر بژیت بەتەمەنی درێژ مامۆستای خۆشەویستم ـ دلێر



بەدڵمە · وەڵامدانەوە · ١ هەفتە

**Star Muhammad** عاش اشعارك واقوالك وافكارك .. يا حامل رايه التحرر والشموخ لموتن الابتال ومهدى الاجيال نحو المستقبل المشرق الافزل

**Pshko Amin** دەستەکانت خۆش کاک کامیل بەڵێ بۆ ئەوەی ئەتال نەکرێین بۆ ئەوەی ئازاد بین و ئەوقی کویلایەت بپسێنین دەبێت راپەرین و لەگەڵ راپەرینی ئێمەدا دیالکوی مەزن هەستێتەوە و لەگور بێتە دەر تا بە بیری پیرۆز و بە هێزی بازوو پێشرەوایەتیمان کات بۆ ئازادی و سەرفرازی ئێمە ئەمرو پێویستمان بە روحە مەزنەکان روحە پیرۆزەکان هەیە تا لەم ساتە وەختە دژوارەدا دژ بە داگیرکەران و گەندەڵکاران و خاک فرۆشان بوەستێتەوە و سەرزەمینی پیرۆز کەبە دڵۆپە خوێنی ئەوان پیرۆز کراون پاکرێتەوە ئەمەیان کاری خۆمانە نەک خوداوەند . هونراوەیەکی جوان و پرمانا دەست و هزرت رووناک

---

## هەلی لەدەسچو

هەلێ بو زو

لەدەستم چو

لەخۆڕا کەوتە ژێر باڵم

وتی ئاسمانی ساماڵم

سورە سێوێکی گەییوم

دەمی هیچ کامێ نەدییوم

بەری دارێکی بەهەشتم

لەخواوە دیاریمو بەشتم

گەلێ ترسام لەوەی (ئادەم!)١

کلیلمدا لەلێوو دەم

بەجۆرێ واقی وڕماوم

تەمی خستە بەری چاوم

نەهۆشیاری هەبونی بوم

نەگوێبیستێکی چونی بوم

ئیتر لەوساوە ئەو سوارو منیش پیادەم

دەسم ناگاتە هێڵی ئەو پەریزادەم !!

لەدەسدانی هەلی زێڕین، دەرەنجامی هەڵەی ژینە

مەگەر دوایی، بەبێ هودە، بچێژی سوێی ئەو برینە

ئەوە دەستوری دنیایە

وەکو هەردی ئەڵێ وایە:

((بەدەستی خۆت، کە جامت خستە سەر لێوت غەشیمانە

ئەگەر زەهریشی تێدابێ، گوناهی خۆتە بیزانە

هەڵە، یاخود گوناهتکرد، لەکاتێکا کە بێهۆشی

سزاو تاڵاوی هەرچبێ، ئەبێ وەک بادە، بینۆشی))٢

١: گوایە ئادەم لەسەر خواردنی سێوێ لەبەهەشت دەرکراوە!

٢: لەدیوانی رازی تەنیایی هەردییەوە

١٤٨ بەدڵبون ٨٠ لێدوان لەوانە:





**Awat Sahebqran** گەلێک سوپاس بۆ بەڕێزتان مامۆستا کامیل ژیر، بەڕاستی ژیریت،هیوای تەمەندرێژی و لەشساغیت بۆ دەخوازم، دیارمیەکەی ئەم هەفتەیەک زۆر بەپێز و سودبەخشبو، ڕەنگە بۆ هەندێ لە هاوڕێیان نامۆبێت،یاخود شارەزایان لەو بوارەدا کەمبێت، هەر چۆنێک بێت بەلای منەوە زۆر بەسودە،چونکە خەسڵەتی هۆنراوە، کەلە پەخشانودارشتن،یاخود هەر دەقێکی زانستی و مێژویی جیادەکاتەوە،لەوەدا ڕەنگدەداتەوە،کە هۆنراوە،کێشوسەرواى هەیە،تا بەزیندوى بمێنێتەوە،لێرەدا لێهاتوى هۆنیار ڕۆلێکی گرنگ دەبینێت،لە دارشتنی هۆنراوەکەیدا،وەک هەمو وەستایەکی دەستڕەنگین،کە لە یەکێکەوە بۆ کەسێکی تر جیاوازە، بەلای منەوە ئەوانەی کە ئەو توانایەیان نیە،خۆلادانە لەم ڕێچەیە ،بەزۆر شانیان کردوە بەناو ئەم جیهانەی هۆنراوەدا،بەناوی ئازادی نوسینوسەربەخۆی بەکەیفی خۆیان وەک فیلێک لەناو دوکانی فەخفوری فرۆشێکدا،بزانە دەرئەنجامەکەی بۆ کوێ ئەڕوات،زۆرن ئەوانەی ئێنتەلای دەماخیان توشبوە،قەڵەموکاغەز بەرگەیان ناگرێت،بگرە خۆشی نوسینەکانی خۆی لەبەر نیە،جارجاریش حونجەی دەکات،من تەنها ڕادەی هزرولێهاتویی ئەمجۆرە کۆلکە بەناو نوسەرانە،بگرەلەوەی ئیزعاجم دەکەن،هیچ جۆرە تێگەیشتنم بۆی نیە بگرە ئەساکێ گەر پێی بلێیت: مزگەریو قونبادانیان نەوتوە،بەکوردیوبەکورتی(
ئەوە نیت،کە خۆتی پێ پۆلیندەکەیت) جوان بۆی چویت سەروا دەکرێت گۆڕانکاری تیابێت هەموی لەیەک فۆرمدا نەبێت،وەکو بەڕێزتان ئاماژەتان پێکردوە،هۆنراوەش لەخۆیدا ریتمێکی مۆسیقی لەخۆ دەگرێت،خوێنەر یاخود بیسەران چاوەڕوانی ئەو جۆرە شەپۆلانە دەکەن کە بیروهزریان لەگەڵ خۆیدا بەرێت،بۆ قوڵبونەوەی مانای هۆنراوەکەیان هۆنیار جارجار پەنادەباتە بەر ترجیع بەند،بۆ سەلماندنی بۆچونەکانی،دوبارە لەگەڵ ڕێزی بێ سنورم بۆ جەنابتان

**Kamil Zheer** مامۆستای بەڕێز کاکە ئاوات، لێدوانەکانتان ئەواوکەری بابەتەکەیە، نیشانەی شارەزاییتانە لەوبوارەدا. منیش ئەزانم ئەم بابەتە بابەتێکی گشتی نیە، ئاییەتە بۆ هونبارانو دۆستانی هونراوە. دەستان خۆشو سوپاس بۆ سەرنجە وردەکانتان. لەگەڵ ڕێزی زۆرم.

١

بەدڵمە · وەڵامدانەوە · ٢ ڕۆژ

**Awat Sahebqran**
Kamil Zheer سوپاس مامۆستا گیان بۆ ماندوبونتان،لەپێناوی وێژەی کوردی و پاراستنی زمان،کەکوڵەکەی بونی نەتەوەمانە،ئەوەی ئێستا بەبیرماهات هونراوەی ئازاد سەنگی نیە،وەک زەرکەفتی ئاڵتونە،وەگەرنا ئاڵتونی ساغ نیە،هەردەم شاڵویەختەوەربێت

بەدڵمە · وەڵامدانەوە · ٢ ڕۆژ

**Kamil Zheer**
Awat Sahebqran کێشەکە ئەوەیە ئێمە تا ئێستا، بەدەگمەن نەبێ، ڕەخنەسازمان نیە. بۆیە هەرکەس بەکەیفی خۆی وشە ڕیزئەکاو ناوی هونراوەی لێئەنێ! . لەوەش کوێرەوەریتر ئەوەیە هێزبابەتی وەک ڤایرۆسێک داوییەتە ئەم بوارەشو دەهۆڵ بۆ شاێەرەکانی خۆی ئەکوتێو بەرزیانئەکاتەوەو ناوی گەورەیان لێئەنێو خەڵکی نەزانیش باوەڕیان پێئەکەن

١

بەدڵمە · وەڵامدانەوە · ٢ ڕۆژ

**Awat Sahebqran**
Kamil Zheer کوا لەناو قەومی بەسیتدا،نرخی سینعەتکار وەکو عەکسی قەسەر وایە لەنێو حەوزێکی لیخندا، ڕاستە مامۆستاگیان،جاش قەڵەمو، پێنوس فرۆشی زۆرمان هەیە،کەخۆیان داڕوتاتوە لەهەمو خەسڵەتی نوسەرو ڕەخنەگر ،کوڵکە شاعیریش لەولا بوەستێ،کەتژان دەیگرێ،بۆ لەدایکبونی ڕستەیەک،یەک قەڕابە مەشروبودوکەڵ،هیچی لێ بەرهەم نایەت،خوا تۆمان بۆ بهێڵێت مامۆستاگیان

## هەنگوینی تاڵ

هەنگوینی تاڵ، لەهۆنراوەکانی سەردەمی هەرزەکاریم

لەگێژاوی تەمومژدا بەجارێ کاسو راماوم

بەجۆرێ خوم لەلام شێواوە نابینم بەری چاوم

هەمو چونو نەچونێکت، نە وەک هاتن، نە وەک چونە

نە بۆنازە، نە بۆکوشتن، نە کۆرپەی دڵ لەبارچونە!

ئەڕۆمو رێگەنادەی پێم

ئەپرسم، بێ وەڵامی لێم

لەدوای زەردەو بزەو خەندەی هەموجارێکی پڕسۆزت

ئەبارێنی بەسەر روما سەرنجی گرژو ئاڵۆزت!

دەسا تاکەی

هەنگی تاسەی

دەمی ئێستەی گوڕو تینم نەچێژێ تامی خۆشی گوڵ!؟

لەبەرچی هەر هەنگوینی تاڵ ئەڕێژیتە دەمارو دڵ!؟

وەرە گیانە

بەسە تانە

نە دژکارم

نە زۆردارم

گەدایەکی نەکردەی سادەکردارم

بەتیرێکی کەوانی تۆ گرفتارم !!

١١٠ بەدڵبون ٥٢ لێدوان لەوانە:




---

## گورگانە شەوێ

ئەم هۆنراوەیە لەسێیەم میهرەجانی هۆنراوەی کوردیا ڕۆژی 1986/9/10 لەهۆڵی میدیای هەولێر، بەرامبەر ژمارەیەک ئەندامانی ئەنجومەنی تەشریعیو تەنفیزیو پیاوانی ڕژێمو سیخوڕو جاشو ئەمنو ئامادەبوانیتر خوێنمەوە. لەڕۆژی دوابیا فەرمانی گرتنی منو دو

هۆنیاریتر دەرئەچێ، بەڵام سەرۆکی ئەدیبانی ئەوسا، د.نافیع ئاکرەیی، پەیوەنی بەوەزیری ئیرشادەوە ئەکاو ئەڵێ ئەگەر ئەو هۆنیارانە بگیرێن، ئیتر کەس بەشداریی چالاکییەکانمان ناکا. . ئەنجام: فەرمانی گرتنەکەمان هەڵوەشێنرایەوە بەبێ ئاگاداریی ئێمە لەو کەینوبەینە!. شیاوی وتنە: چەپڵەڕێزانی ئامادەبوانی بەڕێز، ئەوەنەیتر گۆمەکەی شڵەقانبو!. ئێستا پرسیارەکە ئەوەیە: ئایا ئەمڕۆش لەدوێنێ ناچێ بەشێوازێکیتر!؟.

گورگانە شەوێ، گورگانە شەوێ

گورگە بۆرەکە لەتۆ دورکەوێ

بەئارامەوە خەوت لێکەوێ

تۆ وریاو ژیری

تۆ بڕواو بیری

گورگە بۆرەکە بچێتە ماڵی کەری گوێدرێژ

دێزی گێژو وێژ

بڵێ لەپایچی تۆ وا ئەزەڕی؟

خۆ نەبوی بەسەگ بەمانگ بوەڕی!

تۆ دیارە شینی مەرگی خۆت ئەکەی

بۆ ئەوەی زیان لەخێوت بدەی!

کەری کەللە بۆش

گەلۆری بێ هۆش

ئێستا بۆ پەندی ڕۆژو زەمانە

ئەتکەمە شێوی شەوی گورگانە!

گورگانە شەوێ، گورگانە شەوێ

گورگە بۆرەکە لەتۆ دورکەوێ

شەوگار درەنگە، ساتێ بسرەوێ

تۆ بەخەبەری، تۆ شەو بێداری

تۆ تانەی دژی، ئاواتی یاری

گورگە بۆرەکە بچێتە ماڵی کەروێشکی نوستو

بڵێ بۆوا زو

خەو چۆتە چاوت

ناترسی لەوەی هاتۆتە ڕاوت!؟

کەروێشک لەخەوی نەگبەتی هەستێ

مەترسی هەبێ، بێخەم نەوەستێ

گورگانە شەوێ، گورگانە شەوێ

گورگە بۆرەکە لەتۆ دورکەوێ

تێبیزێ چاوی کراوەت خەوێ

تۆ نیازی چاکی

فریشتەی پاکی

گورگە بۆرەکە بچێتە ماڵی ڕێویی فێڵاوی

پێی بڵێ رێوی: تۆ ناتەواوی

لەپرسەی مەڕا فرمێسک ئەڕێژی

لەشایی شێرا سەرچۆپیکێشی

تێیسرەوێنی بەلەپی دەستی

سنورێ دانێ بۆهەڵپەرستی!

گورگانە شەوێ، گورگانە شەوێ

گورگە بۆرەکە لەتۆ دورکەوێ

تۆ پاکو جوانی، کێ بێ تۆی نەوێ

تۆ وەفاداری

تۆ پارێزگاری

گورگە بۆرەکە بچێتە ماڵی سەگی پێ سوتاو

پێیبڵێ سەگی خوم لەلا شێواو

تۆ بەڕۆژ ئەخۆی لە (کونە ماسی)

شەو لە (جرتاوا) شپرزەی پاسی!

سەگ بەوەفاوە ناوی دەرچوە

تۆ بۆنەرێتی خۆت ونکردوە؟

بگرە شەپازلەی ئامۆژگاریی من

ئیتر وازبێنە لەپاسی دوژمن

گورگانە شەوێ، گورگانە شەوێ

گورگە بۆرەکە لەتۆ دورکەوێ

خەوی خێرتبێ، تێر بنوی شەوێ

تۆ پشتو پەنای

رێنمای رێگای

گورگە بۆرەکە بچێ هێلانەی کەو بشێوێنێ

کەو بۆ قەڵاچۆی هۆزی ئەخوێنێ

کەو بەخوێناوی گەلی پێی سورە

پێسور لەبەرەی نەتەوەی دورە!

گورگانە شەوێ، گورگانە شەوێ

گورگە بۆرەکە لەتۆ دورکەوێ

دەردو بەڵای تۆ لەوانە کەوێ

نازانن ژیان ئەوە ناهێنێ

مرۆڤ بایەخی خۆی بدۆڕێنێ

ئەوانە رسواو سوکو ناپیاون

شێر بەگوێ بگرن، هەر گێلە پیاون

کەسێ گێل نەبێ ئەبێ بزانێ

لەوە زیاترە بۆکورسیو نانێ

ببێ بەپواز، بەدێز، بەسیخوڕ

یا تەنیا بژی بۆ ورگێکی پڕ

یا لەسەر دو پەت دیلانێ بکا

کوڕنوش بۆئەمو بۆئەویش ببا

گێلە پیاوەکان

بێگانەی دژو باوەکوشتەکان

نابێ بە پەنا، بەجێگەی باوەڕ

چاوتان نابینا، هەردو گوێتان کەڕ

پەنای چی؟! مەگەر کاتێ بتەزێ

ببوژێتەوە، ئێوەش ئەگەزێ

نەتانبیستوە ماری شێخ هۆمەر

ئەئاڵێتە پێی گێلەپیاوی کەر؟

گێلە پیاوەکان

منداڵەکانتان

پاکو خاوێنن

مەیانژاکێنن

گەر لەشانازی بێبەشیان ئەکەن

گرێی دەرونیان لەگەردن مەدەن!

سبەی کەچونە قوتابخانەوە

مناڵانیتر ئەیانناسنەوە

پەنجەی گومانیان بۆدرێژئەکەن

لەگۆڕەپانا کەناریان ئەخەن

ئەڵێن ئەوانیش نەبا وەک ئێوە

لەپێشبڕکێدا بچەمێنەوە!

گێلەپیاوەکان

لای ئێوە ژیان

چۆن بەسەرئەبرێ، ژیان واتای چی؟

ئەگەر نەمامی تەمەنی کورتتان

گوڵی گەش نەگرێ، ئەم دڕکە بۆچی!؟

بۆ ئەبێ کەسێ ناوی لەناوان بەچاکی نەبرێ

لەپاشی کۆچی؟

سەرکز سەلامەت بژیت گریمان

لەسەرت بدرێ، سەرکزیت لەچی!؟

گێلە پیاوەکان

شۆڕە چاوەکان

ئەوەنە دەستی رسوایی مەگرن بەکڵاوەوە

کڵاو ناهێنێ پەڵەی بۆبنێی بەناو چاوەوە!

با گوڵیش نەبی، هیچ نەبێ مەبە بەدڕکو بەخار

کەسێ لەڕێدا نەبێتە گرێ، ئەوە دۆستەو یار

من تێناگەم کەی

ڕاکردن لەوەی

ئەمانپارێزێ لەمێردەزمەی

ئەنجامی مەرگی ئەمڕۆ یا سبەی؟

من بەبڕواوە

من بەهیواوە

بۆ نەتەوەکەم نەبەخشم ژینم

ئەبێ کەفتەکار

ئەبێ گرفتار

بەدەم دەردەوە مەرگم ببینم!!

گورگانە شەوێ، گورگانە شەوێ

چاولەیەکنانێ، تەنیا سەرخەوێ

وا ئەستێرەکان هەمو سرەوتن

لەشەونخونیو جریوە کەوتن

روناکی، مژدە ئەدا بەئاسۆ

بەبیری بەرزو نەوەستاوی تۆ

تۆ نانوی ژیری، تۆ شەو بێداری

تۆ ئێشکگری سەراپای شاری

تۆ ملوانکەیەک ئەهۆنیتەوە لەدانەی گەوهەر

لەپسان نەیەت بەڕاکێشانی گێلە پیاوی کەر!

تۆ بنچینەیەک دائەمەزرێنی لەپۆڵاو ئاسن

کە جارێکیتر نەلەرێتەوە بەهێزی دوژمن

گورگانە شەوێ، گورگانە شەوێ

گورگان خواردوبێ ئەوەی لێتکەوێ.

بەدڵبون ١٣٩ - لێدوان ٧٠ لەوانە:


Jamal Abd دە ستو چاوت هە میشە نە رزێت ماموستای گە ورە..نە مە شە پولی هە رە گە ورە ی زە ریایە....نە وکات ویستوتە هزری تاکی کورد....سە ر لە نوێ دارێژێتە وە .........

عثمان ساوجی دەستت خۆش بێت ڕێگای خەباتمان بەرەوسەوکەوتنە.
هیوادارم بەکارهێنانی کەر لە هۆنراوەکەدا بەمانای گێل و گەمژەکان بێت،لەبەرئەوەی کەر وەک مەخلوقێکی بایۆلۆژی زۆر دورە لەوسیفەتە ناشیرینانەی کەسانی ناپاک و خۆفرۆش هەیانە.

**Kamil Zheer** بەڵێ هەر بەو مانایە بەکار هاتوە. ئەگینا کەر گیانلەبەرێکی بەخزمەتە بۆمرۆڤ. من لەهونراوەیەکدا وتومە: کۆشکێکی بەرزیان دروستکرد بەکوڵی کەری بەسەزمان - تەواوبو پاداشتی چاکە درا بەئێزیکی چاوزەق !!

**Karwan Raouf Hama** دەستە کانت خۆش مامۆستا تەمەن درێژبێت ئێستا ئەمانەی خۆمان گورگانە شەوییان دەوێت بەڵام بە شێ وەیەکی تر

**Jabar Kadir** دە ستە کا نت خۆش بێت ما مۆ ستا ی کە و رە ی کو ر د ا یە تی بە لا م بە داخە کورە بۆزە کا ن نە هە ر خە و یشیا ن لێ نا کە وی بە لکو لە زیاد بوندان 🙄

**Jamal Hama Aziz** دەستەکانت خۆش بێت کاک کامیل هەڵگری پەیام و ناواخنێکی جوانە لەهەردوو سەردەمەکەدا

**Abdulqadir Rashan**
zor barez mamostay xoshawist, dasttan xosh. am honraawaya pewista bxwenret la bashi zmani kurdi la zanko u qutabyan labary kan u bxreta bar lekoleenawa u raxnay wezhayee (naqdi adabi).

**Awat Sahebqran** ئەم چیرۆکەش ئێرە لەژێرناوی کڵاوسور هەیە بۆ
منداڵان،کەدایکی ئەو منداڵە ئامۆژگاری کچەکەی دەکات کە کەمێک خواردن وکێک بەری
بۆ ماڵی نەنکی،چونکە دەزانێت کەمێک ناساغە،ئاگاداری خۆت بە لەرێگا،کچەش لەوەڵامدا،
دایە رێگەشارەزام کەچۆن بچم بۆ ماڵی نەنکم،لەرێگادا بینی گوڵی رەنگاورەنگ هەیە
بیریکردەوە،چەپکێک گوڵ لەگەڵ دەستیابەرێت،لەکاتێ نزیک دارستانەکە کەلەسەر رێی بۆ
گورگێکی لێپەیدادەبێت،نازانی کە چەند دڕندە و ترسناکە، مام گورگ: رۆژباش بەم
بەیانیەزوە بۆ کوێدەچیت،کڵاورسور بۆ ماڵی نەنکم کەمێک خواردنی بۆ دەبەم، باشە نەنکت
لەکوێ دەژی،لەوەڵامدا،لەپشت ئەو ریزە داری بندوقانە،مام گورگ من دەرۆم کەمێک
پەلەمە و هەواڵ بە نەنکت دەگەێنم، کەتۆ بە رێگاوەیت بۆ لای.لەدڵی خۆیدا دەیوت با جاری
نەنکی بخۆم، دواتر کڵاولاریش بە دویدا،لەدەرگای ماڵی پیرێژنی داو وتی بیکەرەوە من
کڵاوسورم،پیرێژن ووتی دەسکی دەرگاکەبادە دەکرێتەوە،هەر بە یەکەم قەلەمباز پیرێژنی
قوتدا،رۆب و کڵاو جەینەکی پیرێژنی لەبەرکرد و لەچاوەروانی کچەکەدابو کە بگات،کاتێک
کڵاوسور گەیشت لای سەیربو دەرگا لەسەر گازی پشتە،پرخەی نەنکی گەرمەکەماڵێک
دەروا،روالەتی نەنکی لەبەرچاو گۆرابو،نەنە ئەو جەینەکە چیە لەچاوتا،بۆ ئەوەی باشتر
بتبینم،باشە بۆ نەنە ئەو دەمولموزەت وا گەورەیە ،لەوەڵامدا،بۆ ئەوەی باشتر تۆی پێ
بخۆم،بەیەک قەپاڵ قوتیدا،مام گورگ مورتاح لێپاڵ کەوتوە پرخەپرخی دێت،لەو کاتەدا
راوچیەک تێدەپەرێت وبەلایەوە سەیردەبێت،کە دەرگای ئەوماڵە لەسەرپشتە،ووتی دەبێ بچم
بزانم چیە! وابزانی پرخەی پیرێژنە،بەڵام کەبینی گورگە،ووتی رەنگە ئەو ژنەی بەساغی
قوتدابێت،لەگیرفانی چەقۆیەکی دەرهێناو ورگی مام گورگی هەڵدڕی کەبینی
کڵاوسورونەنکی حەپەلوشکردوە،هەردووکیانی لە ورگی مام گورگ دەرهێنا، کڵاوسور
چەند بەردێکی قورسی هێناو خستیانە ناو ورگی مام گورگ،پیرێژن بە دەرزی و دەزو
ورگیان دوریەوە،کە هەڵسا زۆری تێنو بو لە بیرێک وویستی ئاو بخواتەوە کەوتە ناو
بیرەئاوەکە و خنکا،جەماعەتیش دەستیان کرد بە خواردن و خواردنەوە و دواتر ئەو کێکەی
کە کڵاوسور هێنابوی،چەپکێک گوڵ و چەپکێک نێرگز،سەرگتان نەبینم هەرگیزاو هەرگیز
خامەرەنگین بیت مامۆستاژیر،لەگەڵ رێزی بێ ئەندازەم بۆ بەرێزتان

**Latif Abdulla** دەستەکانت خۆش کاک کامیل ئەم هۆنراوانش گەر ئێستاش بەرداوام
بێ ئەم دزو جەکالەی ئێستاش بەحێان نابێ بەهیوای لەش ساغیت

**Mohammed Shaida** دە ستە کانت خوشبیت و هە ر لە کاردا بیت بو اشکرا کردنی
راست و درو ، حە ق و نا حە ق ، هە ر ئە مە ن دریز و لە شساغ بي .

**Arif Kerim** دەستەکانت خۆش مامۆستا گیان ، گورگەکان دووبارەکەوتنەوە و باوەریشم نیە
گورگ و مەر قەت پێکەوە یاو بخۆنەوە .

**Pshko Amin** دەستەکانت خۆشبێت کاک کامیل هونراوەیەکی جوانی کوردانەو
نەتەوەیانە پرلە وشەی ئاڵتونی و ئامۆژگاری بەهیوای دورکەوتنەوەی گورگەکان لە دەورو
بەری ماڵی ئێمە تا کەمێک کوریەکانی ئێمەش بێترس و دڵە راوکێ ئاوێک خەوی خۆریان
لێبکەوێت و بەدیهاتنی هیواو ئاوەتەکانمان نەغرەت لە کڵاوسورو ترسنوکەکان کە راوی
کوردەکەن بۆ گورگەکان

**Shwan Saeed** دە ست خۆش گولە ئالە کە ي نيو چە پکە گولاني شاعيران و بيرمە
ندان . وە کو خۆت لە پيشە کييە کە دا فە رموتە ،بۆ ئە مرۆ و سبە يش هە ر لايە قە چونکە
ئە وانە ي ئە مرۆمان ترسناك ترن لە وانە ي ئە وسا چونکە نازانم پێيان بليم لە خۆمانن ؟؟؟
وە يە زدان مە گە ر بۆ خۆي بزاني پاشە رۆژ شمولي كێ ئە كا 🌹🌹🌹🌹🌹🌹


Hawre Osman دستەکانت گوڵبگرن...نەزیەت نەبێت ئەو (کونەماسی و جرتاوا)یە لەچیەوە هاتووە و سەرگروشتەکەی چونە؟لەجێگای تریشدا بەر چاو گوێم کەوتووە.

Kamil Zheer کونە ماسیو جرتاوا، ناوی دو گوندی بەرامبەر بەیەکبون لەناوچەی شارباژێری سلێمانی، سەگێک بەڕۆژ لەکونەماسی خواردنی ئەخوارد، کە شەو دائەهات، تابەیانی لەجرتاوا پاسینەکرد، ئیتر ئەوە بو بە مەسەل بو خەڵکی بێ وەفاو نمەکبەحەرام.

---

## لەشاری شاران بۆگوڵی بابان

سلێمانی کە دارلمڵکی بابانە

هەتا ئێستا لەپێشو شاری شارانە!

ئەزانی بۆ؟

بەچاوی تۆ

بەبێ رەفتاری پیاهەڵدان

وەکو رازێکی رەوانی دڵو ویژدان

ئەوەی هۆیە

بەری شیرینی نەژادو سەنگی تۆیە

بەڵێ قوربان

گوڵی بابان

ئەڵێم هۆکاری ئەم کارە

پەرۆشیی خەڵکی ئەم شارە

خەمی تۆیە

بەرامەو بۆنی خۆشی تۆو گوڵەستێرەی دەمی تۆیە

بەڵێ قوربان

دڵی بابان

خەوێکی چڕ لەژێر سایەی چڵی تۆدا

دەمێکی کڕ لەناو خانەی دڵی خۆتا

بەروبومی لەیەکدانی رەگی تۆو خاکی پیرۆزە

کەوا ئێستاکە مەڵبەندی ئەوینی پاکژو سۆزە

ئەوینی یار

ئەوینی تۆو ئەوینی شار

بەڵێ قوربان

گڵی بابان

ئەوینی من ئەوینی تۆو بەری تۆیە

چ دڵدارێ ئەوینی دوی لەئەستۆیە!؟

گوڵستانی

سلێمانی:

هەتا ناوت بریسکەی بێ

هەتا چاوت تروسکەی بێ

هەتا هەوری هەناسەی تۆ لەئاسمانا گڕی تردا

هەتا تۆوت لەناو وەردی پەریستانا بڕی تردا

هەتا ئامێز کراوەی بۆ گوشینی تۆو بەری تۆبێ

هەتا هەرچی کوڕی شارە گزنگی تۆی لەئاسۆبێ

ئەشێ شاری سلێمانی سەکۆی جێ ڕازی یاران بێ

ئەبێ شانۆی شەنگی جوانی لەپێشو شاری شاران بێ

دەتۆش قوربان

گوڵی بابان

وەکو رازێ بدرکێنە بەگوێی مندا بەپەنهانی

پەری وەک تۆیە یا تۆ وەک پەری شاکاری شارانی**!؟**

بەدوربن تۆو هەمو کوردێ، هەمو مەردێ، لەکۆرۆنا

هەمیشە هەر گوڵی گەشبن لەسەرتاپای وڵاتانا

٩٥ بەدڵبون ٣٨ لێدوان لەوانە:


Delair Rashed دەست وبیری جوانت هەر لەگەشەدابێ هونراوەیەک لەخۆشەویستی خاکو دانشتوانی کەچەند پیروزن لات خودا بەرێزت و خۆشەویستانت و گشت کوردێک بپارێزێ ـ تەمەنی درێژ بۆ بەرێزت مامۆستای خۆشەویستم

Awat Sahebqran دەستوخامەت ڕەنگین هەردەم،هونراوەکەت گەلێک دڵسۆزجوانە، وەک دەنگی مرواری، زەمروتوگەوهەر ،سێوانکەیەکی فرە جوانوڕازاوەی بەگەردنی شاری شارانا کردوە،بەرجەلوکردنی کێشوسەروای جوراوجور،خوێنەر لەگەڵ خوێندا دەبات،ئەگەرچی ئەم ڤیرنەگوڵە نەبینراوە، چ درندە و سامناکە بەرامبەر مرۆڤ،دەستەوسان وەستاوە، یەزدانی پاک هەمولایەک بپارێزێت

**Pshko Amin** دەستەکانت هەر خۆشبێت شارو هەموو نیشتیمانو نەتەوەکەم بەدوربێت لە ناقالو لەبەڵای کوروناو لەچاوی پیس و لە دەستی ناحەزان و جەژنی نەورۆزی کوردتان پیرۆزبێت هەمیشە لەجەژن و خۆشیدابن

**Arif Kerim** دەستخۆش مامۆستا گیان بۆ ئەو بەرگە قەشەنگەی شاری سلێمانیت پێ رازاندۆتەوە ، هەر تەندروست و بەختەوەربین .



**كمال شێخ عبدالرحمن** پیروهزرت هه ربۆتداربی ..ده ست و په نجه ت خۆش بی ،.زۆرجوانه...رێزمان هه یه بۆ جه نابتان

---

## خڕەی تەلار

(خڕە)ی خاوەن تەلاری بەرز

سەری هەور، بنی لەئەرز

وایئەزانی سەرەتایە گەشتی تەمەن

مرۆڤەکان لەچاوئەوا وەک مێرولەن

هەم دەسبڕو هەم دەسنوقاو

بۆڕاژەی گەل، داخستوی چاو

هەتا لەپڕ

تەمێکی چڕ

خەیاڵی برد

لە ڕۆزی کرد

لەدوا نهۆم پێی هەڵخزا

کەوتەخوارێ دەم بەنزا

پاڕانەوەو تۆبەکردن

دەسلەناپاکی هەڵگرتن

بەکاری زۆری خێرخوازی

مەزدا لەخۆی بکا رازی

هەرچی خزمو کەسوکارە

لەو دەڤەرە، چی هەژارە

لەپەنایا ئاسودەبن

ئەگەر بەدوربێ لەمردن!

مێشکی پژا

خوێنی رژا

کەسوکاری، خۆشیخۆشی

بەرگی درۆی رەشیان پۆشی

ئەنجام: نەبون بەبراو پشت

لەسەرمیرات، یەکدیان کوشت!!

تەلارێبو کێشەی خڕە

بوبەو پەندە گورچکبڕە

وەی لەخاوەن ژێرزەمینێ زێڕو دراوی ناڕەوا !!

چ ڤایرۆسێ جێئەهێڵێ!؟چ پاساوێ لای ئاهورا!؟

١١٢ بەدڵبون ٨٢ لێدوان لەوانە:




**Pshko Amin** دەستەکانت خۆشبێت کاک کامیل گیان بیریکی جوان هۆنراوەیەکی جوانی پی رازاندراوەتەوە خرمکان دەرۆن جابەکوردۆنابیت یان بە هەرچ دەردیکیتربیتو دەستیان لەبنی هەسانەکەوە دیەتدەر ئەوەی دەسیلینەوە تەنهاکاری چاکو کردەوەی چاک ووتەی چاکە ، ئەسکەندەر وتی دەستم لە تابوتەکەوە دەربهینین تاهەموان بزانین کەهیچ لەگەل خۆمدا نابەمە گور،ئەوەی دەمێنێت ناو ناوبانگی چاک وخۆشەویستیە و یادگاریەکانی بەجیدەمینیت ،لەگەل ریزو خۆشەویستیمدا تەندروستی باش وتەمەنی دریژت بۆ دەخوازم

**Awat Sahebqran** خاسەر خۆش بێت مامۆستاگیان،هۆنراوەیەکی بەپێز، گوزارشت لە تۆقانی خرەی بەرتوپەکەو گۆری سەردەم، کە لوتیان لە ئاسمانبو، چونکە کونەوە لە ترساندەوە نەبون، تۆقیو لە دوژمنێکی فیرنەگولەبچوکی هەمویانی شکاندەتوبەیانیش، توبەی مەرگە، بۆ کوێی دەچن نەگبەتینە، ئەوەی کە ئەمێنێتەوە بۆ مرۆڤ تەنها کاروڕەفتاری جوان،وەک مێژویەک بۆت،هیوای تەندروستیەکی باشت بۆ دەخوازم،دوربیت لەم پەتایە

**Kamil Zheer** بەرێزتانو هەمو خۆشەویستانمان دوربن لەم پەتایە. بەهیوام گۆرانکارییەک لە هزری مرۆڤو لەسیستمی جیهانیدا دروستبێ و ئەم پەتایە ببێتە وانەیەک بۆ چاوچنۆکو ستەمکاران. هەر شادو بێوەیو بەختەوەربن

**Anwar Qaradaghi**
Zor barz u pr manay abenm hawrey derinm, har bmenit ba xoshy.

**Jawad Mella** دەستتان خۆش بێت هاوبیر و برای گەورەی هەموو هاوبیرانی کوردایەتی مامۆستا هێژا و دەلال کامیل گیان، خوا تەمەندرێژتان بکات و تەندروست بن.

---

## لایلایەی دایکی کۆرۆنا

ڕۆڵە لایلایە، کۆرپەم لایلایە

چەن هەزارت کوشت، خەوت هەرنایە!

خۆ من ئەزانم چستوچالاکی

دنیات تەنیوە، بێترسوباکی

خاوەنی بۆمبای ئەتۆم زەلیلە

لەکون خزاوە، جرجێکی دیلە

نمونەکانی وەکو ئەردۆگان

لەبەردەم تۆدا: فسفسپاڵەوان

ئەسەد رێوییە، ئاخوندیش گوایە

لەسەر گۆی زەوی وەکیلی خوایە!

دەسی کەوتەڕو

درۆزن دەرچو

بە جبەو مێزەر

مرۆڤگەوجێنەر

رۆڵە لایلایە، کۆرپەم لایلایە

شەوگار درەنگە، بۆخەوتنایە؟

دە توبی گۆڕی گشت باپیرانت

تو گۆڕستانی گردی گولانت*

تو کۆکەڕەشەی باپیرە گەورەت

تو رشانەوەو تائونی نەفرەت

تو گەڕیو سیلی جاری جارانت

تو ئەنفلۆنزاو دەردەکۆپانت

تو ئەو ئاوڵەیەی جیهانی شێوان

دەنوکی ئەدا لەروخساری جوان

ئەم کوردستانە ئیتر جێبێڵە

کورد بپارێزە، خاکی مەکێڵە

گەلێکەداماو

چەنپارچەکراو

هەزارانساڵە ئەیچەوسێننەوە

دەمنراوەتە گۆشتو خوێنییەوە

تۆش مەبە سەربار

باری داگیرکار !

دایکە ئەمبینی من شەلوکوێرم

دەسناپارێزم، کەسنابوێرم

با خۆیان لادەن لەسەر رێگەما

ئەشێ نەمێنم لەکەشی گەرما

جیهانی ئەمڕۆ سەرتاپاسەری

زۆرو ستەمو نادادپەروەری

بەنیازم تێکڕا هەموی بکێلم

پێشئەوەی بمرم، زاڵم نەهێڵم

بیانخەمە سواڵ

ئەم ماڵو ئەو ماڵ

کۆتایی بێنم بەداگیرکاری

دزیو ناپاکیو درۆو بێباری

سیستمی دنیا جۆرێ بگۆڕم

بباریێ درود بۆگیانو گۆڕم

باکوردیش ئیتر هەرکوردپەروەربێ

لەخاکی خۆیا زاڵو سەروەربێ

خۆی بپارێزێ لەپارتپارتێنە

که لە من زیاتر کەمەرشکێنە!

بەڕابەرێتیی بیرمەندەکوردێ

قارەمانێکی مەردو نەبەردێ

گورجو کارامە، هەل لەدەس نەدا

جاڕی دەوڵەتی سەربەخۆ بدا

رەقبێ وەکو بەرد

بەرامبەر نامەرد

رۆڵە لایلایە، هەرچی پەتایە

لەوانەکەوێ چاویان هەڵنایە:

بەچارەنوسو بەمافی گەلان

*گردی گولان: گردێکە لەرۆژهەڵاتی سلێمانی، کاتی خۆی توشبوەکانی پەتای گولی، لەسەر ئەو گردە کەرەنتینکرابون.

١٢٥ بەدڵبون ٨٤ لێدوان لەوانە:

**Fwad Lhony** بەهیوای ئەو قارەمانە مەردو نەبەردە،دەستەکانت خۆش مامۆستای کوردایەتی.

**Aladdin Mohammad** بەهیوای تەندروستی باش لەئاومان بمینیت کورد پەروەر ودلیر هەر لەخوت دیت دارشتن کوردستانی سەربەخو ببینیت سەرفرابیت وکوردستان دووربیت لەم پەتایە

**Awat Sahebqran** دەسباش مامۆستا کامیل ژیر،
بەراستی هۆنراوەیەکی جوانوبەپێزت پێشکەش بە هاورێیان کردوە،تو تەماشاکە، ئەم فیرنەگولەیە، چ گولەمژێکی ناوەتەوە،دەڵێت: بەگەورەیی نیە، بیبنە من چەند بچکولانەم،بەڵام چەند درم، هی وام کردۆتە کونەوە،کە تیوە بە خەویش نەتان نەبینی، ملوێنەری وام نەگبەتکردوە کەنازانی چی لەو سامانەی بکات دادەرمی لەبەرچاوی رێگای دەربازبوونم لیگرتوە،ئەوەشی لە دەرەوە دیناوە، سەرناوم خستوە، لەعلی خۆیاندا دەڵێن: بەجاری ماڵی وێرانم ئەمیشم چو ئەویشم چو، کاتێکیش بیم بە مێژوو، لەبیرەوەریانا ئەم دێرەی هونیاری کوردیان شێخ رەزا بیردەخەمەوە:
کاری کە دەردی فیراقت، بەمنی کرد
سەرما بە هەتیو، یا بەدەواری شری ناکا
دەستوخامەت رەنگین،بە دور بیت لەم پەتایە، وەک خوت ئاماژەت پێکردوە،شەلم کویرم ناپارێزم،بەرەنگە بە مرداربونەوەی سیستمی سەرمایەداری کۆتایی بێت، گەر درێژە بخایێنێت،چارەسەری بۆ نەدۆزرێتەوە،هەر بژیت

**Kamil Zheer** با کوردیش وانەیەک لەم فیرنەگولەیە وەرگری، دڕ نەبین دڕندە نەسانخوا، دەولەتو سامان هەمو شتێکنیە، هەر شێخ رەزا نەڵێ مامەکەم قەحبەژنە دەولەتی شەدادی هەیە، خۆی بەهەرجا رقی زۆرم لەرەشیدی کوری گەوادی هەیە. تێوەش هەر دوربن لەم پەتا نەگریسە، منیش وەک لەهۆنراوەکەدا وتومە چاوەڕوانی ئەوەنەکەم کە گەلێ شت لەجیهاندا بگۆری. لەگەڵ رێزم.

**Paka Maruf** دەست خۆش زۆرجوانە تەمەندرێژبی بمێنی بومان کاک کامل گیان

**Azad Miran** هەی ئافەرین زۆ خوت و دەست و قەلەمت، بەراستی فرمسکمت لەچاو هێنا. هەربژی مامۆستای مەزن


Pshko Amin دەست خۆش کاک کامیل هۆنراوەیەکی جوان دەبێت هەموان بەهەرچی پیمان دەکرێت جەرمەنگاری ئەم ڤیرنەگولەیە ببینەوە کە تا ئێستا هەموودنیای هێناوەتە سەرچۆک ولەبەردەمیدا هاواریەتی ، ئەمڕۆ کوردو مرۆڤایەتیش لەبەردەم کارەساتێکی گەورەدا دەناڵێنێت بەدەم هەندێک شتی کارەسات بارەوە کە یەک بەدوای یەکدا شانو دل وگیانی مرۆڤایەتی رادەچلەکێنێت وریگەیان پێدەگرێت ،هەرلەگەرم بونی زەویەوە وتوانەوەی بەستەڵەکەکان وگۆڕانی ئاوهەواو وشک بوون هاتن وهێنانی برسیەتی ومەرگ لەگەڵ خۆیدا کە زۆرلەکورۆنا خراپتردەبێت کەدەکرێت بڵێم گەر کورۆنا لەپێشدا بەرۆکی ولاتانی زلهێزی گرتوە هەتا ئەمڕۆ زیاتر ئەوانی دەستەوستان کردوە و لەبەردەمیدا هیچیان پێناکرێت و فشۆلی رێکخستنی سیاسەتی تەندروستی ئەو ولاتانە پیشان دەدات کە دەکرێت بلێم تیایاندا هەبوو کەسردوی زیندودەکردەوە بەلام چونکە خۆیان بۆئەم میکرۆیە ئامادە نەکردبوو ئە ئاوهای بەسەر هێنان شارێکی گەورەی وەک نیورک و بایەری ئەلمانی وفلانی چینی وفیساری ئیتالی بەچۆکدا دین لەبەردەمیدا جاوەرە ئەم کورۆنایە لە ولاتەهەژارەکانی ئەفریکادا روویدات یان بەدەردی دایکم دەبوت گوێی شەیتان کەربێت لە ولاتی ئیمەدا بلاوبیتەوە بەوهەموو گەندەلی وبیموبالاتی و شەپرەویەوە کەهەین وخاوەنی هیچ دام ودەستگایەکی تەندروستینین ونەخۆشخانەی باشمان نیە ، وەک دوینی لەشوینیکدا نوسیم و وتم کە دەتوانم بڵێم ،هەموو کوردستانی خواروو بە قەدەر خەستەخانەی شاریتیی ئەلمانیدا نە جیهازی هەیە نە دکتور و جیگری دکتورو برینپیچ ، دە وەرە کورۆنا لای ئیمە بلاوبیتەوە یان لە ئەفریکادا ،بەوشیوەیەی لە نیورک یان لەناوچەی بایروئەوشارانەی تردا بلاوبیتەوە ، هیوادارم کورد سەلامەت لەم ڤایرۆسە دەرچیت و مرۆڤایەتیش بەهەمان شیوە زیانی زۆری پینەگات ، کۆرۆنا ئابوریەکی زۆری بۆسەرف کراو لەگەڵ خۆیدا بردی ئابوری جیهانی داروخاند کەدەکرا ئەوپارە زۆرە ملشتی ترداوپیش هاتنی مئم ڤایرۆسە سەرف بکرایە بەلام دەلیم ، ئابوری لە ناوچوو دێتەوە شوینی خۆی وبەرزدەبیتەوە ، بەلام گیانی ئازیزانی لە دەست چوومان ناگەرینەوە پاش لەدەست دانیان ، بۆیە هەموان دەبیت هەتابۆمان دەکریت لەماڵەکانماندا بمینینەوە ، دەست خۆش بۆئەم شاکارە جوانەت وەک هەمووجار گەردانەیەکی یاقوتیمان پیشکەش دەەکیت هەرتەندروست و تەمەن دریژبیت

Baban Bahram دەست خۆش بۆ ئەو هۆنراوە نازدار و جوان و پڕ مانایە ،، هەزاران سڵاوت لێ بێ و سەلامەت بی مامۆستای هێژا .

## پایز:

بۆ وەبیرهێنانەوەی کیمیابارانەکەی ١٩٨٨ کە نەیتوانی کاروانی خەباتی نەتەوەییمان راگرێو ژیلەمۆی شۆڕش سەرلەنوێ کڵپەیسەنەوە وەک پێشبینییەکەی ئێمە لەم هۆنراوەیەدا. هەر بەوجۆرە، ئەم کۆرۆنایەش، پەپویەکی شەڕیترەو ناتوانێ کاروانی خەباتی مرۆیی راگرێ. مرۆڤایەتی

زاڵەبێ بەسەریاو ئەگەڕێتەوە بۆ جوتو تۆو وەشاندنی ژیانێکی نوێ. با ئێمەی کورد کاری ئێستەمان لە دو بواردا چڕکەینەوە:

١-خۆپاراستنو بەهێزکردنی بەرگریمانو ورەی بەرز.

٢-خۆئامادەکردن بۆئەو گۆڕانکاریانەی دوای کۆرۆنا روئەدەن لەجیهان بەگشتیو لەدەوڵەتە داگیرکەرەکانی کوردستان بەتایبەتی کە بەلاوازیو گیرفانبەتاڵیو ئەژنۆشکاوی ئەمێننەوەو هەل ئەڕەخسێ بۆچالاکییەکی کردەییمان لەپێناوی کۆتاییهێنان بەو زۆرو ستەمو کۆمەڵکوژیو داگیرکارییەی لەسەرمانە، با ئەو هەلەش لەدەسنەدەینو لەئێستاوە نەخشەی بۆداڕێژینو کاریبۆبکەین. ئەگینا کەس بەتەنگمانەوەنایەتو ئەو هەلەش لەدەسئەچێ. هەر قارەمانێکیش، رابەرایەتیی ئەو نەخشە پیرۆزە بکا، ئەبێتە جێی شانازیی نەتەوەکەمان تاهەتایەو دروستە ناویبنێین باوکی کورد. خۆزگە تەمەن جاربەجارێ تازەو نۆژەن ئەکرایەوە – لەو رێیەدا گرەوی ژین وەک شەهیدێ ئەبرایەوە.

خۆراوابو، پایزی خەم سەرپۆشێکی زەردی پۆشی

خۆراوابو، کوڕوکاڵان بادەی خەفەتیان ئەنۆشی

هەوڵدانی بەردەوامی ئەو ڕۆژەیان وەکو ڕۆژان

نەیگرتەخۆی باوەشی فەڕ، نەیگرتەخۆی کۆشی وچان.

کوڕوکاڵان کە هاتنەوە، ئەستێرەکان بێجریوە

خۆراوابو، هێلانەکان داڕوخاوو بێقریوە

ئەو شەوەیان هەتا بەیان بەبێ ئارام، بەبێ وەنەوز

چاوی خەمیان لەدرەختو لەبێستانو لەباخی سەوز

که بەیانی سپێدەیەک بەهێمنی دایلەکەژان

کوڕوکاڵان رەویان کردو گەلاوێژی گەشیان هەژان

ئەو ئەستێرە خانومانەی بوکی ئاسۆ لەوبەرزەوە

دڵی رەنجا، دویانکەوتو بەو هەژینو بەو لەرزەوە

لەگەڵ رەوی کوڕوکاڵان، ونبولەچاو، بەری ئاسمان

رەش داگیرسا، هەورێکیچڕ، دایەناڵە، دایەگریان

بەزریانی بارینی خەم، گەڵا وەری، سەوزی نەما

پەپو بەستەی مەرگەساتی تێچریکان، کەوتە سەما

کوڕو کاڵان، بەو داخەوە گەڕانەوە، دژ پەپوی شەڕ

بۆ جوتو بۆ تۆو وەشاندن بەڕۆژانی پایزی تەڕ.

*مەبەست لە کوڕوکاڵان: پێشمەرگەبو. هۆنراوەکە سۆزێبو بۆکیمیابارانەکەو پێشبینیمانکرد کە کوڕوکاڵان دوای ئەو کیمیابارانەش ئەگەڕێنەوەو دژ پەپوی شەڕ ئەوەستنەوەو سەرلەنوێ تۆوی خەبات ئەچێننەوە، هۆنراوەکەشم لەگۆڤاری بەیانا ١٩٨٩ بڵاوکردەوە.

٧٦ بەدڵبون ٣٨ لێدوان لەوانە:



**Jawad Mella** دەستتان خۆش بێت هاوبیر و برای گەورەی هەموو هاوبیرانی کوردایەتی مامۆستا هێژا و دەلال کامیل گیان، خوا تەمەندرێژتان بکات و تەندروستی بۆ گەلەکەمان ولە هەموو ناخۆشی دووربن.

**Kamil Zheer** ئێوەش لەهەمو ناخۆشییەک بەدوربن هاوبیرو بیرمەندو تێکۆشەری گەورەمان کاکە جەوادی هێژاو دەلال.

**Awat Sahebqran** چ بیرەوەرییەک، چ تاڵاوێک، چ غەدرێک کرا، لەشاری خوێن، لاشەی خنکاوی ئەم شارە، لەسەر ئاوازی مردن هەڵپەڕکێیانەسڕینەوەی ژیان لەشارێکی بێ تاوان،خنکاندنی دەنگی گەلێکی ستەمدیدە،خێر لە خۆ نەدیو،تەنها چەند دەنگێکی کەم وەک سەربازێکی وون،لەگۆڕەپانەکانی دنیای ئازادی و مافی مرۆڤدا،لەجیهاندا ئەو دەنگە کپکراوەیان بە دنیا گەیاند،لەم سۆمگەیەوە ئەم هۆکارە ئازاریەخشە بۆ جەستەی گەلێکی زوڵملێکراو،هەستی هۆنیارێکی نیشتمانپەروەر دەجوڵێنێ،هۆنراوەیەکی وا لە دایک دەبێ،خامە ڕەنگین بێت مامۆستا ژێر،تەمەن درێژ و لەش ساغبێت.سەبارەت بە سڕینەوەی کۆمێنتەکە لای من هەیە

**Kamil Zheer** یەکێک لەو دەنگە کەسانەی وەک سەربازێکی ون ئەو کارەساتە کپکراوەی بەجیهان گەیان، بەڕێزتانیو، هەر بمێنی بەلەشی ساغەوە بۆ ڕاژەی نەتەوە ستەمدیدەکەمان.

**Jamal Abdulrahman** دەست خۆش مامۆستای بەڕێز و نیشتمان پەروەر
د جمال سالح

**Kamil Zheer** چاوی جوانی دوکتۆری گەورەمان خۆش، بەڕێزەوە ئەڕوانینە پەرۆشیو هەوڵەکانی بەردەوامتان بۆ خزمەتی نەتەوەکەمان بەگشتیو بۆ بەرەنگاربونەوەی پەتای ئەگریسی کورۆنا بەتایبەتی. هەر شادو سەرکەوتوبن.

**Pshko Amin** دەستەکانت خۆش کاک کامیل بابەتێکی جوانە بەهیوای بەخۆش هاتنەوەی نەتەوەکەمان بۆ هەلی دوای کورۆنا گەرچی ئەوەی دەبینرێت لە گۆڕەپانی سیاسی کوردیدا پێم دەلێت جاری چاوەڕوانبە, تا ئەسانەی هەن بە بەرد و بەدار راودەنرێن ئەوسا بیرلەشتی باش بەکرێتەوە ،چوونکە ئەسانە لە گۆڕەپانی سیاسی کوردیدا هەبن وشتێن هیچیان نە ئەوەی ئیمە کە سەربەخۆی و دەوڵەتی کوردیە و نەتەوەی کورد دەیەوێت کەهەمان خواستی ئێمەیە ئەم دوو خیزبی بنەماڵەیە نایانەوێت وەک هەمووکاتێکیش کارە باشەکان تێکدەدەن ودژ بەهەمووکەسێکی کوردپەروەر دەوەستنەوە ، کورد دەلێت مانگاشەو سەر لە ئیوارە دیارە ،ئەسانەی ئیمە سەرلە ئیوارە نیە نزیکە نیوسەدەیە دەیانبینین چ قارەمانێکن لە خزمەتکردن بە داگیرکەران چ ئازاو جەربەزەیەکن بۆ گیانی کوردپەروەران

**Kamil Zheer** ڕێزو سوپاس بۆ ئەو هەمو پەرۆشییەتان بۆ ڕاژەی نەتەوە ستەمدیدەکەمان، دڵنیابە کە پەتی درۆ کورتە قرچۆکەو هەر ئەپچڕێ. بەهیوای جێگرەوەیەکی خۆتانناسایی. هەر شادو بژوین



**Delair Rashed** دەست و پێوست خۆش بێت مامۆستای بێهاوتا و خۆشەویست بۆ ئەو
رێنما پانە و ئەو هەڵبەستە جوانە کەگشت کات بیرخەرەوەیەکی مێژوویە کە هەرگیز لە بیر
نابێ بچێ و کاروانمان هەرگیز چۆک نادات لە بۆ خزمەت و بەرگری لەمافی نەتەوایەتیمان
دووبارە دەست خۆش و تەمەن درێژ بێت مامۆستای بەرێزو خۆشەویستم

**Kamil Zheer** بەڵێ کاروانمان هەرگیز چۆکدانادا و بەردەوام ئەبین لەسەر
خزمەتی نەتەوە ستەمدیدەکەمان . ئێوەش هەر شادو بژوەبین.

**Tarza Baran** دەست خۆش بۆ ئەو پێشنیارە بەجێیەی دوای کورۆنا بە هیوای بەخۆش
هاتنەوەی گەڵەکەمان

---

## كڵاوسور:



كڵاوسورەی كراسزەردەی كەواسەوزەی كەمەربەفرين

چ وەستايەک نيگاری تۆی وەها كێشا، شەنگو شيرين!

ئەشی وەک كل لەسەر چاوم پلانێكی وەها رەنگين

ببێتە جێ سەرنجی پاكی دڵخوازانی بێپەرژين !

بەڵێ ئەی جوان: منی پێکراو بەتیری تۆ گرفتارم
بەجۆرێ بومە دوکەوتەی سەرابی دوری دڵدارم
هەمو دنیا بەرەنگارم بوەستێ، من کە هوشیارم
ئەبێ خۆڕاگرێیم وەک چیاو گوندو گەلو شارم
چ جوانە دیمەنی جوڵەو لەرەی چۆپیت بەباهۆزم
شنەو لەنجەی سەری بەرزت وەکو ئاواتی پیرۆزم
هەموساڵێ گوڕوتینیت بەچەرخی جەژنی نەورۆزم
بەکلچێوکی قەدو باڵات ئەڕێژم چاوی پڕسۆزم
چ ئەشقێکە! منی شەیدا لە دنیادا دوچارییوم
چ شیرێنێ! دەیان ساڵە وەکو فەرهاد بەدوایا چوم
ئەوەندەم تێ روانیوە، روا وێنەی لەچاو و روم
ئەوا ئێستا کەنەفتێکم کەچی هەرلاوەکەی پێشوم!
بەهیوایەک ئەژیم هێشتا، بەزەبری مەشخەڵی گورزمان
لەیەکیاندەین سەراپاسەر سنوری دابەشی ئەرزمان
لەژێر سایەی سەری تۆدا بڵندتربێ سەری بەرزمان
بچێژم ماچی ئەولێوەت لەسەر دواهەم بەشی مەرزمان.
١٣٧بەدڵبوم ٨٠ لێدوان لەوانە:



**Hallo Barzinjeyie** هەر بمێنی مامۆستا گیان بۆ ئەو بلوێرە بەرز و هەستە پڕ جۆشەی کوردایەتی و ئاسکانەی شاعیرێتی
زۆر جوانە دەستتان خۆش

**Awat Sahebqran** هەروەکو هەمو هەینیەکانیتر،چاوەڕوانی دیاریە ڕازاوەکەتان دەکەین،چەند موشتاقین،بەهۆنراوە جوانەکانت،کەلەسەر کێشوسەروا خۆیمان پێپیشاندەدا،بەتامەزرۆیەکی زۆرەوە دەخوێنینەوە،دەبێتە بزوێنەرێک بۆ هەستوبیرکەوتنەوەمان،لەرەدا هۆنیار گرفتاری دەردی ئەوینە،چ ئەوینێک،ئەوینی شۆخوشەنگێک لەلایەک،خۆشەویستی نیشتمانیش لەلایەکی تر،ئەم کێشمەکێشەی نێوان دل ،هزرداتەواو تەنیشەی هۆنیاریان داگیرکردوە،ئەگەرچی لەپایزی تەمەندا هەنگاو دەنێ،بەڵام بەو ئاواتەوەیە کە: هیوا دوا شتە کە بمرێت،بۆ ڕازانەوەی ئەم هۆنراوەیەت بەشێوازێکیتر،باشتربڵێم بەزمانێکی تر دوو دێڕ هۆنراوەیەکت پێشکەشکەم،کە لەبیرەوەریمدا ماوە،کە بەعەدە نوسیویەتی
سلام لمن غاب لأيام و في ظهورها أمل
و يا لصعوبة في الانتظار ولتحملها جدل
ماكنت اعرف في قلبي لقياس نظرة
في عينها شوق وجمال وسحر و عمل
بەهیوای ڕۆژێکی خۆش بۆ بەڕێزتان مامۆستا کامیل ژیری خۆشەویست،هەر بمێنیت بۆمان،بژی کورد، بژی کوردستان

**Kamil Zheer** سوپاس بۆئەو لێکدانەوە وردەی مامۆستا ئاواتی خۆشەویستمان. دەسخۆش بۆ هۆنراوە جوانە پڕ هیواکەتان. بەڵێ هیوا گەشەی ژیانە ، سەرچاوەی داهێنانە. بە هیوای گەیشتن بە ئامانجی پیرۆزمان. لەگەڵ ڕێزو سوپاسم.

**Fausy Ramsy** باڵایە باڵا..... دەستەکانت خۆش .... بەو هیوایەی کە ئەو ئاڵایە لە کوردستانێکی ئازاد و سەربەخۆدا بە شنەی شاماڵی دەشت و دۆڵ و چیای کوردستانەکەم هەر لە شەکاندنەوەدا بێت.

**Parezar Ahmad Qadr Saead** دەستتان خۆش کا کامل..بڵی تۆ هەمیشە وەک شلکەئەمامی بەهار تەڕبووە.هیوادارم ..تەڕتر وئاوێزاتی دیمەنەجوانەکان بی..

**Kwestan Abdulkarem** بە راستي مە ستیکردم، من خۆم عاشقي نە و کلاو سورە
کە وا سە وزە کە مە ر بە فریلە م،
رە بي دە ستو فکرو قە لە مت هە ر ئالا و رە نگین بیت

**Bakhtiyar Schaban** دەست خۆش مامۆستا گیان پیرۆزبو سەربەرزی بۆ بیری کوردایەتی

**Arif Kerim** دەستەکانت خۆش مامۆستا گیان ، ئاڵا پیرۆزە ، پیرۆزیی ئەو کۆتایی نایەت
، چەندی بۆ بکەی کەسەو لە دڵ دەرنایەت .

**Burhan Faiq** بەڕاستی شاکارە مامۆستای ژیر.

**Star Muhammad** بە ئومێدی ئەو ڕۆژە

**Pshko Amin** دەستەکانت خۆشبێت کاک کامیل ،هۆنراوەیەکی جوان لە تێکەڵی بیریی
جوانی ئەتەوەیانە کراوە ، ئەشنەی و شنەی ئاڵاو جوانی ئاڵا لەدڵی کوردا پیرۆزترو جوانتر
دەبێت کاتێک گوێی لەم هۆنراوە جوانە دەبێت ، هەربژیت وتەندروست وتەمەن درێژبیت

**Hasiba Amen** دەستەکانت خۆش بێت ، مامۆستا گیان ، یا خوا هەر بمێنی بۆ نوسینی
شیعری ئاوا بە پێز کە
پڕ پڕە لە ئیشتمان پەروەری و هەستی کوردایەتی

**Barsan Slemany** قوربانت بم بم مامۆستا گیان دەستخۆش موچوڕکم پیا ئەهات کە
ئەمخوێندەوە قوربانی

**Raoof Sidiq** مامۆستای بەڕێز هەر لە خۆشیدا بیت .دڵنیام بەڕێزتانو ئەوانەی وەک تۆ
ئەو ئاڵا ڕەنگاوڕەنگە جوانە لەدڵیاندا ئەشەکێتەوەهەر بە سەربەرزی ئەژین

**Shara Kamil Zheer**
Her berz w shekawe be Alla pirozekeman 🙏 her bmeni boman

**Hemn Mahmod** دەستخۆش خوایگەورە تەمەندرێژو تەندروستتکا بەختی ساغی
بەرێزتەوەسەربەخۆیی کوردستان ببینین و نیتر هیچ لایەنێکی کورد نەبینین شیروتیر لەیەک
بسوون و لەسەر مووەریکوکوکێن لەژێریشەوە بۆملشکانی یەکتر خەریکین.

**Abdulla Rashed** دە ستە کانت خۆش زۆر جوانە هە ربژین دە ستو هزرو ئاخت هە
ر لە گە شە و جوانیابێت خوزگە بە و ماچە بگە شتینایە

**Kamil Zheer** ئەو خوزگەیەی بەڕێزتانە کە گەشە ئەکاو ئەبێتە پاڵنەرێکی خێرا
بۆ گەیشتن بەئاواتەکانمان، هەر شادو سەرکەوتوبن.

**Abdulqadir Rashan**
darrshtnaka, waku honraawa, shan ba shani baabataka, yak la yak barztrn. bgra honraawaka la awazeki muzik achet. aw dasta barezaanat xosh bet.

## دو ئەوین

لەم رۆژگارە پڕ لەبیمو ترسەی جەنگی کۆرۆناداو لەسەنگەرەکانی بەرگرییەوە، ئاوڕێکیش لەبەهای خۆشەویستی، بەواتا فراوانەکەی، کە رایەڵێکە لەنێوان مرۆڤێکو مرۆڤێکا وەک: وەچەو باوان، خوشکو برایان، دۆستو برادەران، دڵخوازو دڵداران، هەروەها مرۆڤو نەتەوەو نیشتمان، مەلو ئاژەڵان. نەک ئەوینی نارەوای سامان، دیاریی ئەم هەینییەمانە بۆ هاوڕێیانی خۆشویست، بەمەبەستی ئارامییەک بەبیرمان، هەناسەیەکیش بەدەرونمان:

ئەم ئەوینە تاکو کەی بڕژێتە جۆگەی نادیار!؟

پێکەنینو توڕەبونت، دو نیشانەی دژبەیەک
وا تەمەن ئەڕوا بەخێرایی کەچی تۆ دەرکەنار

وەک نەبیستێ، یا نەدویە، بێ وتارو چرپەیەک!

هەر کە ئەگرم رێگەیە بۆچۆڵی بێخەم، دورەشار

رێگە ئەگری، نایەڵی دەرچم بژیم بێ دەردی سەر

دێمەوە دەرگای بەڕێزت، وەک گەدایەک کەفتەکار

پێمئەڵێی: جارێ لەکوێتە، من گوڵێکم تازەبەر!

چاوەکەم با تۆ گوڵێبی، شا گوڵاڵەی نەوبەهار

چەن گوڵی بۆنخۆشو دەگمەن، نابەکاوێ هەڵوەرین؟

ئەو دڵانەی ئەبنە لانەی خۆشەویستی، کۆڵەوار

شەو بەئاهو ژانو تاوە، سەر ئەنینە سەر سەرین!

تاڵەمویە وا لەبەینا، رایئەکیشین جاروبار
تاڵیچی! شیلەی هەنگوینە، بەردەوامبێ تاڵی وا
پەلکەزێڕینەی بەهارە، گەوهەرە بۆ یادگار
بەو موە تائێستە ماوم، مژدەبەخشو جێ هیوا
گیانەکەم ئەم رەوتو رێیە، تیری نازە، یا گوشار؟
خۆشەویستیی شەرمنە؟ یا دەرفەتە بۆزاموئێش؟
با ئیتر بەسبێ تەمومژ، کورتە ژینی لێوبەبار
چەن مەموزین، بێ گەیشتن، بونە خاکوخۆڵەمێش!؟.
کاری من هەرچەن گرانو دورە بەختو چارەبێ
دو ئەوینم وا لەئەستۆ : نیشتمانو دولبەرم
سور بزانم رێگە سەختو ئەستەمو پەتیارەبێ
رێگە ئەگرم، سەرکەوم یا تیابچم هەر سەروەرم
بێ هەوێنی خۆشەویستی، ئەم ژیانە دۆزەخە
من کە ئێستا خاوەنی دو لالەزارم ، شادمان
لام وەهایە، بێ ئەوینێ، رێگە یەکدو فرسەخە
دێتو دەڕوا، وەک نەبویەک، نادیارو بێ نیشان.
نیشتمانم: وانەزانی رۆڵەکانت بێ بەرن !
شەو نیە تاوێ بەبێ خەم، سەربنێنە سەرسەرین

خوێنەخوێی بێگانە هەرجا، باوەکوشتەو دژبەرن

مشتەکانی ناوهەمانە: رێگرێکو سەرسەرین

ئەی وڵاتم: بۆ مژاری سەربەخۆییت، مژدەبێ

دەستی ناپاکو دژانت، چونکە وا کەوتۆتە رو

وەرزی دروێنەی نزیکە، هەرچەنێ ژێر پەردەبێ

با منو تۆو نازەنینم، خۆ تەباکەین، زوبەزو

مەرجە ئاهەنگێ بگێڕین، مەل بەشادی سەرکەوێ

هەرچی تیرەی ئاژەڵیشە، دەس لەملکەن یەکبەیەک

پاکی ئەستێرەی هەسارەش، شەو بەجارێ دەرکەوێ

تا بەیانی، تێکەڵی خۆر، هەڵپەڕینی رەشبەڵەک !

٥٩ بەدڵبون ١٩ لێدوان لەوانە:



Awat Sahebqran چ ئارامبەخش بەبیرو، چ کورتە پشویەک بە دەرونمان ئەم هۆنراوە ڕازاوەیە،وەک ملوانکەیەکی مرواری،کە دیاری ئەم هەفتەییەی بەڕێزتان بوو،گەلێک جێگەی دەستخۆشیە،مامۆستا ژیری خۆشەویست،کەچەند لێهاتو،ئەو وێنە شیعرییەسان بۆ دەردەخەیت،لەپاتۆراماییەکی هەمەڕەنگدا،سەرسامم بە توانای بۆچونەکانت،کەچەند ورد، هەڵتانبژاردوە،چەند وائابەخشە لەهەمان کاتدا،پاش خوێندنەوەی دووجار،یەکەم وەک دەقی نوسراو،کە چۆن نوسیوتانە،بەو جۆرە کێشوسەروایە،جارێکیش وەک بەندە،کەشەیدای هۆنراوەی ئەدەبی کلاسیکی کوردیە دێری یەکەمو سێهەم،دواتر دوهەمو چوارهەم،دیارە ئەم جۆرە لە نوسینی هۆنراوە،زیاتر لەئەدەبی رۆژئاوادا هەیە،گەر هەڵەنەبم،هەربژیت و ساغوسەلامەت بیت کاکە ژیر،بەڕێزتان وەک کانیاوێکی هەڵقوڵاوی ئەدەبی کوردی،بەو شیرین زمانیە،تینوی هزرمان دەشکێنی



Kamil Zheer سوپاس بۆ سەرنجە جوانەکانتان مامۆستا ئاوات. شادمانم کە توانیومە ئارامییەک ببەخشم بەدەرونی هاوڕێیان. من پێشتریش وتومە: گەشەدانو گۆڕان ئەوەنیە واز لە تایبەتییەکانی هۆنراوە بهێنرێ، بەڵکو ئەوەیە ئەو تایبەتییانە جوانترو دەوڵەمەندتربکرێ. بۆیە وازم لەکێشو سەروا نەهێنا کە دو تایبەتمەندیی هۆنراوەن. ، بەڵکو گەشەم پێدان. لەگەڵ رێزم،



Pshko Amin دەستەکانت خۆش بۆ هۆنینەوەی ئەم ملوانکە ئاڵتونیە جوانە ، تێکەڵ لە بیرێکی وردی جوان وهەنگو دەنێت و ڕێگە دەبڕێت و دەڕوات تادەگات بەئاوات خۆگەرنەگەشت ئەوا کاری خۆی کردوە سەرفرازە ، هەربژیت مامۆستا کامیل هیوای تەندروستی باش وتەمەنی درێژت بۆدەخوازم

Pshko Amin هەمووکوردیک کەخۆی بەکورد بزانیت دەبیت ئاوهابیربکاتەوە لەهەوڵ وخەبات پەشیمان نەبیتەوەو بەردەوامبیت کوردو کوردستان ئەمرۆ لەگشت کاتیک زیاتر پیویستی پیمان هەیە دەستەکانت خۆش وهەرتەمەن دریژوتەندروستبیت

Arif Kerim دەستخۆش مامۆستا بۆ ئو هۆنراوە ناسکەی جوانیی لێدەباری .

Kamil Zheer دیارە چاوی جوان، زیاتر جوانی ئەبینێ. ڕێزو سوپاس.

Jawad Mella دەستتان خۆش بێت هاوبیر و برای گەورەی هەموو هاوبیرانی کوردایەتی مامۆستا هێژا و دەلال کامیل گیان، خوا تەمەندرێژتان بکات و تەندروستی بۆ گەلەکەمان ولە هەموو ناخۆشی دووربن.

Kamil Zheer زۆر سوپاسو ڕێز بۆ بیرمەندو تێکۆشەری گەورە مامۆستا جەوادی خۆشەویستمان

---

## بۆجوانێکی هەنگاری

بەبۆنەی جەژنی سەری ساڵی ١٩٨٣/١٩٨٢ەوە، ڕێمکەوتە هۆڵی ئەستۆریا لەشاری بۆدابستی پایتەختی هەنگاریاو لەگەڵ ئەدید ناوێکا یەکترماننناسی. خاڵی هاوبەشی وتووێژمان: (نیشتمانی داگیرکراوی هەدوکمانبو).

لەدیسکۆکانی[٧] بۆدابست[٨]، کۆڕی ئاهەنگ، گەرمو گوڕە

سەرشانۆی جوانی رازاوە، پڕ لە کچە، پڕ لە کوڕە

هەمو شەوێ ئەستێرەکان بەڕێئەکرێن بەچاوبڕکێ

پێشوازی لە شەفەق ئەکرێ بە گۆرانیو بە هەڵپەڕکێ

تا بەیانی ئاوازو ساز، زڕەی پیاڵە، چریکەی دەنگ

رازو ژوان، ماچی ناودەم، گوشینی دەست، کەمەری تەنگ

شەوێک جەژنی سەری ساڵبو لەناو ئەو هەمو جوانەدا

(ئەدید)[٩] جوانێبو بێ وێنە، ئەدید زیاتر روی بەمندا.

وتم فەرمو بۆسەمایەک، بەبێ وەستان، وتی (ئیگان)[١٠]

لەدوای جۆپیو یەکترناسین، بۆخواردنەوە چوینەسەرخوان

وەک سەرەتای دڵدارییەک بەڕێزەوە قسەی ئەکرد

بۆ مەبەستێ باسوخواسی دانیشتنی شەوی ئەبرد

وتم ئەی جوان، ئەی پەریزاد، ئەی روناکیی شەویجەژنم

هەرچەن من ئێستا پێکراوی، قژی زەردو باڵاو بەژنم

بەڵام من دورم لەتۆوە، من ڕێبوارێکم، من کوردم

لانەوازم، کێشە ئاڵۆز، تۆ بۆ وازو دڵت بردم!؟

وتی منو تۆ نزیکین، تۆ دەربەدەر، من دەم بەسراو

دڵم بەجۆرێ لێئەدا، جۆرێکیتر ئەبینێ چاو

جگەلەوەش بەراستتبێ، یا ڕواڵەت، مەڵێ (وازو)

نایەتەوە هەر چرکەیەک، لەم ژیانە، کە لەدەسچو

وتم ئەدید ئەی کچۆڵە، فریشتەی ئەم راگوزارەم

وتی ئەی لاوی ئاوارە، هەڵبژاردەی ئەم دیدارەم

وتم بابێ پەرداخی مەی بەچاوی گەشی تۆوە نۆش

وتی ئەگێش[١١] ئنجا سەمای زۆر،کۆسەنەم[١٢]جەژنێکیخۆش

لەدوای بیرۆسترویکاو رزگاربونی هەنگاریا لەدەس ئیمپریالیزمی سۆڤێت، ئەم هۆنراوەیەتریش هاتە بەرهەم:

نامەیەک بۆئەدید

ئەدید فریشتەی بۆدابستی خۆش، مەجەڕی هەستاو بەروی ستەما

ئەدید نمونەی ڕۆشنبیری هۆش، دەڤەری وەستاو لەڕۆژی تەما

ئەدید ئاوازی ڕۆژانی پەنای ژانەسەریمو ناوادەچونم

ئەدید شابازی هۆزانی تەمای رو لەدەریمو بێچارەبونم

ئەدیدی هاوناز، پەیکەری جوانی

ئەدیدی هاوڕاز، ئایە ئەزانی؟

منیش ژیلەمۆی ناو ئاگردانی تەمەنی لاویم وەکو جارانی، هێشتا بەتینە

منیش چڵوپۆی بن تاوێرانی رەوەزی کێویم لەکۆسارانی، ئێستاکە شینە

لەو کاتانەدا ئاواتی دورو بیرۆکەی پەتیم بەبێ بونی خەش پێشێل ئەکرا

لەوساتانەدا ئافاتی سورو پەپولەی سپیم بەپێنوسی رەش ئەکرانە برا!

ئەمامی بڕوام ملی کەچنەکرد

لەشانازیدام کە ئەبومە پرد

بۆپەرینەوەی ئاوێرەکانی باخی وڵاتم

بۆتەقینەوەی تاوێرەکانی شاخی بەهاتم

ئەدیدی وریا تۆ لای خۆتەوە

ئەدیدی فریا من لای خۆمەوە

با ڕازێ بدەین بەو گوێچکانەدا کە هێشتا کەڕن

با سازێ بدەین بەو ڕێچکانەدا نمونەی فەڕن

شکا کەناری مەتریالیستان لەهەنگارستان بەکاری بەرزی نەتەوایەتی

رما دیواری لەدەوری ویژدان بەدەستی ئینسان دیواری مەرزی مرۆڤایەتی**

بەڵێ دیوارێ کە ژێری بۆشبێ چەن خاکەساربێ ئەکەوێ ئەنجام

بەڵێ نەیارێ خراپەگۆشبێ چەن پایەداربێ ئەنەوێ ناکام

ئەی هاوبیرانی ڕۆژانی بەرگەی دەنگی مانەوەی تاکە چارەکەی باوەڕی رەسەن

ئەی لاوژیرانی زۆرانی جەرگەی جەنگی نانەوەی گاڵتەجاڕەکەی (ئێوەنینو هەن)[1] !

ئەم پەندە ئیتر بابڕێ چاتر وەکو نیازی پاک ئەو وانەیامان بەبیرخاتەوە

هەرچەندە پتر باوەڕێ لاتر لەپیرۆزیی خاک لەو سایەیەمان بەدورخاتەوە

ئەنجامی هەرەس، لەماوەیەکی کەمترا رمان

ئەی باڵی هەوەس لەچامەیەکی زیاترا زمان

بفڕێنەرە لای ئەدیدی کۆشش

بۆ ناو کودەتای مەجەڕی[2] شۆڕش

نەمامی بەژنی بگرە لەوشەی ئەندێشەی ئاڵۆز

لەیادی جەژنی ئەو شەوە توشەی دو کێشەی پیرۆز

بونە شەوچەرەی نۆشینی بادەی دیسکۆی ئەستۆریای[3] ئاوازی مەستان

رێ بەسەربەرەی کۆڵانو جادەی بەر ساردیو سەرمای دانوبی[4] زستان

پێی بڵێ ئەی شۆخ: ئەوانەی کەبون بەداری دەستی مۆتەکەو هاڵی

باڵی سەربەستی بەبێ بەهانە بۆنیوە چەرخێ

ئێستە کێشەی دۆخ سەبارەت دەرون لەباری پەستی

ساڵەهای ساڵی چاڵی بەردەستی لەلای ئەوانە چۆنی ئەچەرخێ!؟

بەڵێ ئەوانەی ئازادییان کوشت بێ ئەوەی گەدەی چەوساوە پڕکەن

بەڵێ ئەوانەی ئەکرانە پاڵپشت بۆئەوەی نەوەی ئەو ناوە سڕکەن

ئەوانەی بونە ڕێبەری رەشی دەبابەکانی[5] حەفتا هەزار خوێن،

ساڵی پەنجاو شەش

ئەوانەی چونە سێبەری خەشی بەر پاسەوانی چەوساوە ترسێن،

بونە پەردەی رەش

بونە پێشکەوتەی پاشکەوتن خوازی

بونە ئاشکەوتەی بەرئەنجام وازی

ئەوانەی ژەنگیان لەبیر هەڵئەسو، فەریان ڕانەخست

ئەوانەی دەنگیان بەتیر بەرنەبو، سەریان دائەخست

ئێستا لەکام بەر سەرچۆپی کێشن!؟

هێشتا ئەوان سەر! فرمێسکەڕێژن!؟

ئای لەئازاری رەنجی بێوەری!

وای لەهاواری گەنجی بێسەری!

هاتەدی ئەوەی پێشبینی ئێمەی ڕۆشنەچاوی خاوەنی رێیە

بائیتر نەوەی ئەم ڕۆژە رونەی هەڵخەڵەتاوی ئەڵقە لەگوێیە

بێنەوە هۆشو ژیانو مردن بۆخاکی ئەژداد، ئنجا بۆجیهان

ئا بەوە گۆشو پراوەکردن، خۆراکی فریاد، تێکڕا بۆگەلان

ئەدید رەشەبای ژێری شاراوەی بیرۆسترویکا

رێگا بەهەرای خێوی ئاژاوەی ناچیزە نادا

دەسمان ببڕێ

یا بمانکڕێ

ئەدید سەرکەوتن بۆبەرەی گەلە

ئەدید بەرکەوتن چاوەڕێی هەلە

یەخەو گەردنی هەمو جیهانە

ئەدید کەوتنی ستەمکەرانە

ئەدید ئەمبارەش بۆڕێگەو کاری بازوجوڵاندن: گوڕدانە بەهۆش

ئەدید ئەمجارەش بۆکونیڤتاری٦ بیروبزواندن، ئەگێش،واتە نۆش

فەرهەنگۆک:

١-ئێوە نینو هەن: ئاماژەیە بۆ وتەی کۆمۆنستەکان کە ئەیانوت کورد هەیە بەڵام نەتەوەنیە ٢-مەجەر: هەنگاریا ٣-ئەستۆریا: هۆڵێکە لەبۆدابست ٤-دانوب ئەو روبارەیە کە بۆدابست ئەکا بە دو کەرتەوە ٥-دەبابەکان: ئاماژەیە بۆدەبابەکانی سۆڤیێت کە ٧٠ هەزاریان لە هەنگاریا کەلەپاچەکرد بەکوشتنو بریندارکردنو لەسێدارەدان لەئەنجامی راپەڕینەکەیانا ساڵی ١٩٥٦، ٦-کۆنیفتار: سەربەستی ٧-دیسکۆ: هۆڵی سەما ٨-بۆدابست: پایتەختی هەنگاریا ٩-ئەدید: کچێکی هەنگاری ١٠-ئیگان: بەڵێ ١١-ئەگێش: نۆش ١٢-کۆسەنەم: سوپاس.

*بیرۆسترویکا: وشەیەکی روسیە، واتا: (دروستکردنەوە). ئەم وشەیە کاتێ بەجیهانا بڵاوبوەوەو ناوبانگی سەن کە میخائیل گۆربەشۆف، سەرۆکایەتیی یەکێتی سۆڤێتی کەوتەدەست ١٩٨٨ تا ١٩٩١و هەوڵیدا ئابوریو سیاسەت نوێبکاتەوە، ئەوەش بوە هۆی کۆتاییهاتنی کۆمۆنستیو گۆڕینی بە سیستمی سەرمایەداری لەروسیا.

**ئاماژەیە بۆ دیوارەکەی بەرلین.

٦٧ بەدڵبون ٣٧ لێدوان لەوانە:



**Kamil Zheer** سوپاس بۆ ئەو هەمو دڵسۆزییەو پەرۆشییەتان کاکە دلێر گیان، بەڕاستی گەلی هەنگاریا مەردانە بەرامبەر سۆڤێتی داگیرکەر وەستانو شێیلوی ئەوەن نیشتمانەکەیان بوکی رازاوەی ئەورووپاییی.

**Pshko Amin** دەست خۆش کاک کامیل هۆنراوەیەکی جوانە بێگومان دوارۆژ هەر بۆ خەباتکارانە بۆ هەڵگرانی بیری رەسەنە هەربژیت و تەندروستبیت وتەمەن درێژ

**Awat Sahebqran** کاتێک دو رووبار بەیەک دەگەن رووبارێکی گەورەتر لەدایک دەبێ،دەبێتە سەرچاوەی ژیانێکی تر ،دەوڵەمەندتر بۆ گیانلەبەرو دەوروبەری،لەنەتەوەی نەدید و نەتەوەی ژێر ئەشارێکی جوانی رازاوەپاکی وەکو بودابێست، کە رووباری دانوب( Donau)بەناوەڕاستی ئەو شارەدا دەڕواتو تێکەڵ بە دەریای رەش دەبێت،ئەو رەشیەش هەر سەرچاوەکەی رووباری دانوبە،ئەو شارەی کەمن چەند رۆژێک وەک گەشتیار تێدا ماومەتەوە،لەساڵی ١٩٧٩دەتوانم بڵێم مامۆستا ژێر لەدایکبونی ئەم هۆنراوەیە،لەم ڕووەوە بنەمای گرتوە،دو نەتەوەی ژێردەست،کەبیروبۆچونیان یەکدەگرنەوە،ڕازی دڵیان بۆیەک کردوە،بەس ئەوان لەکۆتادا سەربەخۆی مەجەرستان(هەنگاریا)ی لێکەوتەوە ڕزگاربونیان لەژێر کتلەی سۆڤیەت،ئێستا دەوڵەتێکی پێشکەوتوی ئەوروپان،ماوەتەوە سەرخۆمان،ئەوەی کەبەخۆمان نەکرا،ئەلهێزێک ئەم جەمەروتەی ڕوخاند(زالم زەواڵی بۆ دەبێت)،کەسێک هەوای ئازادی دەکێشین،بەرەو سەربەخۆی،بەس ئەخسوس،ئەوە بەرپرسانی کوردن ماری سڕبووی عێراق گەرمدەکەنەوە،سێدارەی شکاو دوبارە دروستدەکەنەوە،بەرەو بغداد هەنگاو دەتێن،کۆیلایەتی هەڵدەبژێرن،بازانین کە سۆڤیەت ڕوخا،کەم نەتەوە هەوڵی زیندوکردنەوەیدا،هەر نەتەوەو وڵاتێکی سەربەخۆی ڕاگەیاند،ئەوە بەس تەنها بەرپرسانی کورد بون،بە گێری بەگ بەخێرای بۆ دواوە گەڕانەدواوە،چارەنوسی ئەم میللەتە ستەمدیدەیان واڵیکرد،کەئێستا دەیبینین،بەڵام هیوا دوانەتە کەبمرێت،ئەمەش ڕەونەقو هەوێنی ئەم هۆنراوە جوانەی بەڕێزتانە،

**Kamil Zheer** بەڵێ زۆر راستە، بەڕێکەوتو لەئەنجامی هەرسی رژێمی بەعسدا، دەسەڵاتی هەرێمی کوردستان کەوتە دەس هەندێ لایەن کە هەرگیز رزگاربونو سەربەخۆیی کوردستان لە خەیاڵو پرۆگرامیاندا نەبوە، بەڵکو خەمیان هەر عێراقی یەکگرتوبوە، لەبەرئەوە سروشتییە بۆئەوانە کە هەر ماری سڕبوی عێراق گەرمکەنەوە، سێدارەی شکاو چاکبکەنەوەو هەر بەرەو بەغدا هەنگاو بنێن. ئەوەتا ئێستا بەغدا بە گەلێ شێواز دەسبەرویانەوە ئەنێ، کەچی ئەمان هەر کورنوشیان بۆئەبەن. دەسخۆش مامۆستا ئاوات هیوا دوا شتە کە بمرێ. چارەنوسی کۆیلەش هەر رسوایە.

## چەپکێ گوڵ لەئینجانەی دڵ

ئازیزانم: وا ئەڵقەکانی (دیوان) لەژمارە ١٠٠ نزیکئەبنەوە. دوای ئەو ژمارەیە، زنجیرەی دیوان ئەوەستێنمو ئەگەڕێمەوە بۆ تەواوکردنی ئەڵقەکانی (کورتە وەڵام، یا ئەکرێ بەوانەکانی کوردایەتی)ش ناویبەرین کە لەماوەی ٦/٢٩ / ٢٠١٦ تا ٨/ ١٠/ ٢٠١٨ سیو دو ئەڵقەم پێشکەشکردوە. ئەو سەد ئەڵقەیەی دیوانیش، تێکەڵ بەهەڵبژاردەیەک لەلێدوانەکانی هاوڕێیان، ئەکەم بەپەرتوکێ کە تائێستا نزیکەی ٥٠٠ لاپەڕەی پڕکردۆتەوە بەقەبارەی (ئەی فۆر).

ئەم ئەڵقەیەی دیوان، بریتییە لەهەنێ هۆنراوە لەهۆنراوەکانی سەردەمی لاویم سەبارەت خواستەکانی دڵ کە ناکرێ لەم سەد ئەڵقەیەی دیوانا جێیەک بۆبەشێ لەو هۆنراوانە تەرخاننەکرێ. بەتایبەتی: ئەوینو خۆشەویستیو بەهاکانی جوانیو پەیوەندیی هەردو رەگەزی مرۆڤ، بەشێکی گرنگن لەژیانمان:

**جوانی**

لەجوانیدا جوانیی ئافرەت هەندە مەودای فراوانە

ئەگەر ژیربن، هەمو جوانن، هەر ئافرەتە جۆرێ جوانە

گوڵی جوانی، لەگوڵدانی ئاوەزابێ، گەشاوەیە

بەبێ ئاوەز، لالەزارێ، چارەنوسی: کەلاوەیە

**هێزی راکێشان**

ئەم هێزی راکێشانە، بەخشینێکی یەزدانە؟

رێکەوتێکی سروشتە؟ یا کاری باخەوانە!؟

هەرچی ئەندامی تۆیە، سورە گوڵی پڕبۆیە

هێزێکی ڕاکێشانە، بۆپێکانی دڵ هۆیە

شانۆی بەژنت سەیرانە، ئەزمونی شای جوانانە

بۆ هەرئەندامەوجۆرێ، ئەبمە سۆفیو دێوانە

وانەزانی شێواوم، ڕاوکەرێکی تەواوم

تەنیا دڵی بزێوت، ماوە بۆدانەی داوم!

تاکەی فرمێسکی خامە، ئاودا گوڵزاری چامە

بۆبۆی جوتێ شەمامە، دڵ بێ سەبروئارامە

**کامیان؟ زمان یا لێو؟**

زمانێکی دالەلێوێ، گوڵاوێکی لێوە باری

گەشایەوە خونچەکەی دەم، بەنازەوە کەوتە یاری

ئەوەندەیتر سور هەڵگەڕا، کرایەوە نەونیگاری

بەکوێرایی چاوی بەدو بۆپێکانی تازەیاری

مەلی خواستم بۆی هەڵفڕی

بەستەیەکی خۆشی چڕی

وەکو وێڵێ نەیئەزانی لەناو باخی لالەزاری

زمانو لێو، کامەیانە یەکەم نەخشی کردگاری!؟

بەنجیکردم، هۆشییبردم

لەئاستیخۆم ڕۆچومەخوار، هەتادەنگێ کەوتەزاری

وتی تۆبۆ وا ڕاماوی!؟ ئەگەر وەستاو پیشەکاری

زمانو لێو، نۆرە نۆرە، مەزەو پێکن بۆدڵداری

ئەشێ هەردوش پێکەوانێ بەشێوازی هەرزەکاری

**بەڵێنو گەشبینی**

پایزم وەرزی بەهارە، گەر بەڵێنی دابێ پێم

ئەم بەهارەم نەوبەهارە، وا لەرێدا دێتە رێم!!

شەو تریفەی مانگی چواردەی چاوی ئەنگێزکاریە

پێکەنینی ئاهەنگێکە، گەر لەهەرجێ بێتەگوێم

نەوشکۆفەی لێوەکانی خۆری سوری زەردەپەڕ

سێوی سینەی هی بەهەشتە، دەی خودا نەیسێنیلێم

ترپەترپی رەوتی رێگەی، هەڵپەڕینی شاییە

بای هەناسەی بۆی گوڵاوە، کاتێ دێتە شوێنوجێم

هەرچی بێتە بەر سەرنجم، لالەزاری رویەتی

پەلکەزێرینەی سروشتە، گەر بڵێ وا دێمو دێم

هەندە گەشبینم بەگفتی، مەستی بێبادەو مەیم

نیوە هۆشو بێوەڵامم، لێم مەپرسن کێمو کێم!

**تەلیسمی چاو**

ئەی چاوگەشەی تەلیسماوی، بەنیگایە چاوەکانت

رامئەکێشی بۆجیهانی پڕئەندێشەی فراوانت

بەچاوی گەش ئەمبزوێنی، بەروانینی وردە تیلە

دڵی گەرمم ئەسوتێنی، وەک ئاگرو تۆزی ژیلە

هەستوهۆشم لانامێنێ، لەسەرسەمتی تروکەی ئەو

وەکو جازێکی هەژێنراو، دڵ لێئەداو ئەدابرەو

بەسەرسامیم بەجوانیی تۆ، بەپەیمانی خۆشەویتسی

ئەشکێمەوە بەلای تۆدا، وەکو نوێژی تۆپەرستی

جاربەجارێ وەک بتەوێ ڕۆژیش وەک من بخەیتەداو

ئەڕوانیتە ئاسمانی ڕون بەدەزڕێژی تروکەی چاو

ئەشێ ئەمیش هەربۆنازبێ بەسەرمنا، بۆناوهەستم

لەگەڵ ڕۆژتە، منئەپێکی، ئەوەندەیتر کاسئەوەستم

ئەمکەیتە بەندەی چاویگەش،چاومئەبێ بەگۆمیچاو

هەرچیئەبینم هەرچاوە، هەزارچاوی تیا قەتیسماو.

**نیگا**

لەوساتەوە کەبروسکەی هەوری نیگایە لێیداوم

ئەتلێمەوە، نیوەسوتم، جەستەیەکی بەجێماوم

کەوتومەتە گیروبەندی ئاڵۆزەڕێی تەلی داوی

یا مردنێکی لەجێدا، یا چاوەڕێی تیغی راوم

چ پەیکانی نێونیگایەک دای لەهەستم!؟

چ تەیمانی ناتەبایەک دەوری بەستم!؟

نیە کارێ، رێگەچارێ

مەگەر تەنیا بزەی لێوێکی ئەو رێبوارە راوکارە

دەرمبێنێ لەتاڵاوی هەمو ئەم ئێشو ئازارە

دەسا بابێ نیگای چاوی کەمێ کاڵی

بزەی روخساری رونی شێوە منداڵێ

بەهەشتێکی سەرزەمینی تاهەتایە

ژیانی سەرلەنوێ ژینی بێ کۆتایە

ئەی تەوژمی نیگای چاوی ئەفسوناوی، ئەی ڕاگوزار

بێهەوێنی بزەی لێوێ، ناڕەوایە سەرنجی هار!

**شۆڕشی پێکەنین**

سۆزی ئاوازی سازی پێکەنین+ئەندامی لەشتی خستۆتە لەرین

خونچەی لێوی تەڕ دەمئەکاتەوە+دانی مرواریت تیشکەداتەوە

کوڵمو گۆنای ئاڵ سورهەڵگەڕاوە+فرمێسکی شادیی چاو قەتیسماوە

شەپۆلی قژت وەک ئاوی بەخوڕ+ئەکشێ لەسەر سای سنگی بەرزوپڕ

ختوکەی مەمکی ماتو مەنگ ئەدا+رای ئەپەڕێنێو دێنێتیە سەما

ئاوازو جوانی، یەک لای ئەویتر+خۆی وا ئەنوێنێ بەرزەو باڵاتر

ئەو لەدژی ئەم، ئەم لەدژی ئەو+بازاڕی باویان ئەهێننە برەو

بژی شۆڕشی پێکەنینی خۆش+هەربەردەوامبێ وێنەی ئاهەنگپۆش

**ڕوخساری تۆراو**

کە ئەتۆرێی، ڕوی گەشی مەنگ+خۆی ئەپۆشێ بەگەڵێ رەنگ

سور، شەرابی، ئاڵ، پەمەیی+ناوبەناو تێکەڵ بەسپی

ئای لەوجوانیو لەودیمەنە+چەن بێ هاوتاو چەن دەگمەنە

هەزار دەریای بەر زەردەپەڕ+ناگەن بەوێنەی وەها تەڕ

هەر خواخوامە بەردەوامبی+لەم شێوەشتا تێر لەلامبی

هەر چاوێکم ئەکەم بەچوار+سەرنج ئەبارێنم بەبار

بەسەر روی وێنە تۆراوتا+بەناو نیگای تیلەی چاوتا

خوایە بۆتام، هەر ڕۆژێ دوان+لێمبتۆرێ روخساریجوان.

**کێ تاوانبارە!؟**

لێم زویر مەبە، تازەخونچەکەی باخی ژیانم، من بێتاوانم

من نێچیرێکی باڵ بریندای تیغی دەبانم، دەستەوستانم

بروسکەی چاوی خوماری تۆبو دڵی لێکرِیم، چریکەی بڕیم

بەدەم زامەوە روەو هەوارت، بەبێ باڵ فڕیم، گریامو چڕیم

لێم زویر مەبە، ئەگەر تاوانم خۆشەویستیە، تۆپەرستیە

تاوانی مەزن لای نێچیرەکەت: تۆنەویستیە، باری پەستیە

ئەی فریشتەکەم، خونچەکەیسەردەم، نابێ بێ تەگبیر، راوکەرو نێچیر

ئەم لەبری ئەو، بێ پرسینەوە، بێ پێوەری بیر، بدرێتە بەر تیر

لێم زویرمەبە، کێ تاوانبارە؟ بەندەی بریندار؟یا چاوی خومار؟

وا بەسانایی، دای لەناو دڵی، مەڵبەندی ئازار، خەڵکینە هاوار !!.

**بەستەی ئاشتبونەوە**

وەرە ئەی نازەنینم، وەرە گیانی شیرینم

لەبەرچی لێمزویری؟ من یارەکەی دێرینم!

وەرە ئەی سروەی ڕەوان، خۆشەویستی دڵوگیان

وەرە پێکەوە هەردو، روبکەینەوە گوڵزاران

لەدوای رازی بەنهانی، بەخۆشیو کامەرانی

بیکەینەوە بەئاهەنگ، تۆ سەماو من گۆرانی

وەرە با بەهەشتی ژین، بەشادی بەسەربەرین

بەئاوازو بەچڕین، بەیاریو بەپێکەنین.

٦١ بەدڵبون ٣٢ لێدوان لەوانە:

**Aladdin Mohammad** سڵاو لە ماموستای کوردایەتی وکورد بون




**Kamil Zheer** سوپاس بۆ دوکتوری خەمخۆری نەتەوەکامان. هەر شادو بەختیارین.

**Arif Kerim** دەستخۆش مامۆستا ، هونراوەیەکی قەشەنگ و ناسکە تێکەڵ لە جوانیی و ڕازی دڵ و خۆشەویستی ، هەر سەرکەوتوو و تەمەندرێژبیت .

**Awat Sahebqran** پۆلێنکردنی جوانی ئافرەت،بەهەموو چەسکەکانیەوە،مامۆستا ژیر لەم چەپکە هونراوەیەدا زۆر سەرکەوتوانە دایڕشتوە،ئەمەش پێوەرێکە بۆ دڵی هونیار لە دنیای بێ سنووری ئەویندا، کەبزوێنەری هەستونەستێتی،دڵنیام لەوەی دڵی مامۆستا هەر سەوزە لەبەهاری ئەویندا،سەرکەوتوبیتو خامەڕەنگین بیت مامۆستاگیان،گەلەک ڕێز

**Kamil Zheer** ڕێزی زۆرم بۆ مامۆستا ئاواتی وردبینو جوانیبینو خامەڕەنگینو وەجاخڕونکەرەوەی بنەماڵەی ساهێبقڕانی تێکوشەرو رابەری وێژەی کوردی. هەر شادمانبن.

**Delair Rashed** دەست و پێنووسی ژیریێت خۆش بێت وتەمەن درێژبیت بەو هەستە جوانە وهۆنینەوانە دەبێ لە بیرێکی جوان وتیژو ژیرەوە بێت ئەویش مامۆستا ژیرەکەی کوردە هەربژیت وە بەتەندروستی باش مامۆستای بەریزو خۆشەویستم

**Kamil Zheer** تا نەتەوەکەسان خاوەنی ڕۆڵەی دڵسۆزو روناکبیرو تێکوشەری وەک کاکە دڵێربێ، کاروانی خەباتی کوردایەتیمان هەر پێشڕەوئەبێ.

**Pshko Amin** هەستێکی جوان و هۆنراوەیەکی جوان دەرخستنی هەمووجوانیەکی ژن ، دوورینی کۆمەڵێک یاقوت وگەوهەر بەبەژن وبالای ژندا ،ئەمەش وەستایەکی جوان وکارامەی دەوێت لە دەرخستنی جوانیەکاندا ورازاندنەوەی هەربژێیتو دەستەکانت خۆش بەهیوات تەندروستیکی باشم بۆتان

**Kamil Zheer** سەرسامم بە بەرهەمەکانی بیرو پێنوسەکەی کاکە پشکۆی تێکۆشەرو کۆڵنەدەری ڕێبازی پیرۆزی کوردایەتی. خوازیاری تەندروستییەکی باشم بۆی.

**Kamal Muhamad** هەموو خۆشەویستیەکانمان جوانیەکانمان شادیەکانمان ڕەگی تاڵی تیایە چونکە کوردستانمان داگیرکراوە........

**Kamil Zheer** هەر بۆیە دروشمی سەرەکیی کاژێک (کوردستان بۆ کورد، یەکسانی بۆ گەل)ە.

**Star Muhammad** دەست و پەنجەکانتان خۆش ..مامۆستا گیان هەڵبەستەکانتان ئەوەندە تەڕو ناسک و ئەوبەهاری بوون ...! ئەوەندە سرک و سڵ و بزێو بوون ..! تەنیا جارێک بە نیگایەک ڕومانێکی خوێندنەوەم کردن .. دوبارەم نەکردنەوە وتم نەبادا تەرە بین ! یا لەبەر تەڕو نازاویان بژاکێن و بشەمزێن ! یا لەبەر شیرنییان لە خوێنما بتوێنەوە ! یا لەبەر ڕۆح سوکیان لە بەر دەمی هەناسەما مەحف ببنەوە !!
دەست و پەنجەکانتان خۆش و پێنوستان هەر درەوشاوە بێت ..شازادەی هەڵبەستی جوان
• • • • • • • •

شاجوانی ساڵ
• - - - •- - - - •
هەموساڵێ .. کە شاجوانی

**Kamil Zheer** زۆر سوپاس کاکە ستار بۆ وشە جوانو ناسکو تەڕو پاراوەکانتان کە نیشانەی زەوقێکی وێژەیی بەرزن. دانانی هۆنراوەی شاجوانی ساڵ لەژێر لێدوانەکەتانا، جێی خۆییەتی. دەستان خۆشو هەر خاوەنی پێنوسێکی بەبڕشتبن.

---

## چەپکێ گوڵ، لەشوێنەوارەکانی چاوەڕوانی:

**چرکەکانی چاوەڕوانی**

ڕۆژی چەن جارێ خەریکی ڕێگەپێوانم لەبەرتۆ

جارەناجارێ بتێکی بێ سەرو گیانم لەبەرتۆ

هەندە وەستامو نەهاتی، شاڕەگی داچو بەری پێم

من نەگریاوم لەژینا، جۆشی گریانم لەبەر تۆ

شینوشۆڕی چاوەڕوانی، چاوەکانم دادەهێنێ

دور لەروخسارت، لەریزی نابینایانم لەبەرتۆ

ناسرەوتو بێ خەوو خۆراکو بێ جێگەو پەشێوم

بومە جێ رازو پلاری ناتەبایانم لەبەرتۆ

پێمئەڵێن ئەم شێتە شەیداو وێڵی کام ئامانجوڕێیە؟

کێ ئەزانێ چاوەڕوانێکی پەرێشانم لەبەرتۆ؟

ئاوی چاوم لالەزاری سینەتی هێنایە بەرهەم

پاسەوانی دو شەمامەی باخو بێستانم لەبەرتۆ

خۆزگە یاسای ئەم زەمینە، وائەبو، بێ پەردەبوایە

تا کو روخسارت هەمیشە ئەبوە میوانم لەبەرتۆ

**لەچاوەڕوانیا**

ئەوە سێ ڕۆژە، بگرە وا ئەوە سێ هەزار ساڵە

چاوەڕوانێکی ئەو کۆچوبارەم

بۆگەڕانەوەی، لەپێشوازیدام، دەرگاوانێکی

ڕۆژو شەوانی هاتوی ئەم شارەم

تۆ بڵێی یاران کات راوەستابێ؟ ساتێ بەساڵێ

لەبەرمن بڕوا! یاخود پەتیارەم!؟

نا، ئەوە خەندەی لێوەکانێتی بۆتە زەردەپەڕ

هێشتا بەئاگام، هەرئەو هۆشیارەم

کەی لەڕۆژئاوای ئەم رێبازەدا خۆری روی هەڵدێ؟

خۆ نەئەو یاخی، نەمن ئاوارەم!

سەرابی شێوەی لێم بزر نابێ، چاوەڕوانێکی

ئەو پەری زادەی باڵا چنارەم!

**وەستان لەرێگەی**

بۆ نەوەستم لەسەر رێگەی خەرامانێکی شاچوانێ

رائەوەستم بەبێ وەستان، هەمو تاکی بەیانیانێ

رانەوەستان ئەشێ بۆمن وەکو کرداری شێتێبێ

خۆئەگەرچی ئەڵێن شێتێکی بۆدیدەی پەریخانێ

بومە وەستا لەوەستانا، ئەڵێن هێشتاکە منداڵە!

نەوشکۆفەی نەمامی نەوبەهارێکەو بەری کاڵە

چاوەڕوانیی، بەهەرجا کارە بۆیارێ، ئەوەی بارە

جێگە تانەی دژانێکم، هەنگوینم لا ژەکی تاڵە

جاروبارێ خەیاڵێکی وەکو شێوەی سەرابو خەو

دێتە رێگەی منی وێنەی بتێکی چاوەڕوانی لەو

رێگە تاسەر، وەکو تەرزە، ماچی لێوی ئەبارێنێ

داخە کاتێ بەئاگادێم، نە ئەندێشەو نە شێوەی ئەو

تافی لاویم لەڕێو ئێستاکە پیریشم بەڕێگاوە

بۆ دیداری پەریزادێ، هەمو گیانو لەشم چاوە

خۆشەویستان: لەپێناوی ئەوینێکا بەبێ وەستان

رێگە ئەگرم، بەوەستانێ، ئەگەر گیانم لەدەسداوە

**ئەندێشەی چاوەڕوانی**

ئەبێ هۆ چیبێ نازەنینەکەم، نمونەی بەرزی بەڵێن پەروەری

ئەمجارە نەهات!؟

لەبەڵا بەدور، چ کارەساتێ! ئەشێ رویدابێ لەدەوروبەری

بێ چارە نەهات!؟

وەها ئەبارێ رەهێڵەی نیگام لەسەر کاژمێر، شوشەکەی وەری

ساکارە نەهات

تەلەفۆنەکەم ئەوەندە بادا، شکا تانو پۆی سەرتاپا سەری

نازدارە نەهات

تۆماری وێنەو دەنگم ئاڵۆزان بۆهەناسەیەک لەبەرامبەری

بۆچارە نەهات

لەجامی هەستا مەی و دوکەڵم ئاوێتەی یەککرد بەسەوداسەری

هاوارە نەهات

هەرچی ئەبینم سەرنجی ئەدەم لەپەنجەی پێوە تا تەوقی سەری

ئەو یارە نەهات

لەڕێگەی ئەوا بومە ڕێگری کۆڵانەوکۆڵان وەکو بێبەری،

ئاوارە، نەهات

پەتیارە ئاسا، پەنا بۆهەمو روخسارێ ئەبەم، بۆقوڕبەسەری

روخسارە نەهات

نیە شێوەیەک لەشێوەی ئەوا، وچانێ بدەم، تاوێ لەبەری

شاکارە نەهات

جارە ناجارێ لەخۆم ئەپرسم: مرۆڤ بەوێڵی، بەدەربەدەری

واهارە!؟ نەهات

ئای لەناکامی، لەنائومێدی، پەیمان شکێنی، رەنجی بێوەری

بەدکارە نەهات!

نا نا هەڵەم کرد، ئەو شکۆدارە، وێڵە بۆپایەو تەختی سەروەری

ناچارە نەهات

نەهات، سبەی دێ، وەکو شازادە، تاجی جوانکاری لەسەر سای سەری

بێدارە نەهات

ئەمجارە کە هات وەها دێ، ڤینۆس، بەرزەپێ هەڵسێ بۆڕێز لەبەری

هوشیارە نەهات.

**ژوانو چاوەڕوانی**

هەر بەڵێنێ کە ئەیدا پێم، ئەشێوێنێ هەزار سەر لێم

وەک منالْ لەشەوی جەژنا، نە خەو، نە ئارام، نە سوکنا

دەوروپشتم سەراپاسەر، ئەبن بە روخساری دولبەر

سەرنجی گێژ، واقی وڕماو، پەشێوی هۆش، ئەبڵەقیی چاو

هەرجار بەجۆرێ بۆیئەڕۆم، گیڤهەڵئەدەم شەپیلکی خۆم

لەناو دەریای پڕئەندێشەی، بیرم ئاڵۆزاوی کێشەی

جاربەجارێ مەلی خەیاڵ، دەنوک ئەدا لەدانەی خاڵ

تاپێیئەگەم، هەزارجار دەم، ئەچێژێ تامی شیلەی مەم

**دوا تیر**

بەبێژوانێ، لەپڕ هاتو دەنگێبو دای لەژێی هەستم

وەکو سۆزێکی یەزدانی، رژایە ناو سەرو نەستم

لەگەڵ زەردەی گەشی لێوا، دەسی پیرۆزی بۆهێنام

وەهامزانی دەسی دنیا هەموی کەوتۆتە ناو دەستم

بەسەر بێهۆش، بەدڵ ئاگا، زمانم لاڵ، نیگام شێواو!

هەنگوێنێبو رژایە ناو سەری کاسو وڕو پەستم

وتی هاتومە دەرباری دڵی چەنجارە رەنجاوت

بەچۆکادێمو بمبەخشە، پەشیمانێکی پەیوەستم

تومەز دواتیری نازیبو، بزربو، رۆی، بەجێیهێشتم

چ تیرێبو! بەبێ بادەی دەمولێوی، وەها مەستم!؟

٥٠ بەدڵبون ١٦ لێدوان لەوانە:

**Fayroz Ahmad** دەستەکانتان خۆش بێت و تەمەن درێژو ئاسودە بن مامۆستای نازیزمان...



**Awat Sahebqran** دەستوخامەی ڕەنگینت خۆش،پێم بڵێ مامۆستاگیان،ئەم هۆنراوە جوانوڕازاوانەت لە کوێ شاردۆتەوە لێمان،لە چرکەی چاوەڕوانیدا، لە دوانیردا،شاکارێکی وەستایانە لەدارشتنو کێشو سەرواو،زۆر کەم بەرچاوم کەوتوە،لووتکە لەداهێنانا،ئەوینی لێدەبارێت،چاوەڕوانی گەلێک سەختە،وەک بەرێزتان نامازەتان پێداوە لەهێناوی گوڵەباخێکدا،تەنها وەک دیارێەکی بچکۆلانە لەگۆشەنیگای چاوەڕوانی ئەم دیاریە وەک ملوانکەیەک دەکەم بەگەردنی هۆنراوەکانت،ئەگەرچی بەزمانی عەرەبی نوسیومە،هیوادارم بەدڵتان بێت

سلام لمن غاب لأيام و في ظهورها أمل

و يا لصعوبة الانتظار وفي تحملها جدل

ماكنت اعرف في قلبي لقياس نظرة

في عينها شوق وجمال وسحر وعمل

**Kamil Zheer** ئەوە کاردانەوەو کاریگەریی چاوەڕوانیی پەرییەکانە کە ناخی هەستی منو هەستی بەڕێزتانیشی هەژاندوەو ئەو هۆنراوە بەرزەی ئێوەو هۆنراوە ساکارەکانی منی وەبەرهەم هێناوە. ناخ رۆژگارە سەختەکانی نەتەوە ستەمدیدەکەمان کە وایکردوە ئەو جۆرە هۆنراوانە بشارینەوەو زیاتر بەرهەمەکانی بیرمان تەرخانکەین بۆ کێشە گەورەکەی نەتەوەکەمان. ئەگینا ئەبوایە هەمیشە خونچەکانی بیرمان لە گوڵدانی ئەوینو خۆشەویستیدا بگەشایەتەوە. هەر شادبن مامۆستای خۆشەویست

**Jabar Kadir** دە ستی ما مۆ ستا ی کە ورە بە ریز خۆش بیت بە هیوا تە ندروستی با شین هە ر د ە م

**Mhamad Emam** دە ست و پە نجە و خامە ی زێرینت هە روا گە نجانە و شیعر بو عە شق و جوانی لە ناخی دڵە پڕلە سۆزە کە ت بۆ نیشتمان،، بۆ جوانی خانمی ناسکۆڵە بمێنێ ،، و تە مە ندرێژبی مامۆستای نە تە وە یم و پارێزە ری بە توانا کاکە ژیر

**Fausy Ramsy** دەستەکانت خۆش.... خامەتان هەر زێڕین بێت....هەر وشەیەکی بۆخۆی هەزاران بۆن و بەرامەیەکی تایبەتی هەیە و ناخ بزوێنە......جاریەجاری مەلی خەیاڵ، دەنوک ئەدا لەعانەی خاڵ...... تایبینەگەم، هەزارجار دەم، ئەچێژێ تامی شیلەی مەم

**Emad Ali** دەست و پەنجەت هەمیشە گوڵ ئاسا بۆنی جوانی لێ بێت بە ڕاستی جوانە بەڕاستی مەلحەمەیە و دەبێت بە زێڕ بنوسرێت و زۆر جیاوازە لە شیعرەکانی دیکەت .. هەر تەمەن درێژ بێت مامۆستای بەڕێزم .

**Mohammad Barzy** کاکە گیان دەستەکانت خۆشبێ بۆ ئەو هۆنراوە زۆر جوانانە ، کە بلوشێنی ڕۆح ئەکەن .. بە دڵ هیوای تەمەنی درێژ و شادیتان بۆ ئەخوازم و خوای گەورە بتانپارێزێت .

**Pshko Amin** هەست و هزری شاعیرانەو دەست پەنجەت خۆش کاک کامیل هۆنراوەیەکی زۆر جوان وزۆرناسک ،کەدیخوێنیتەوە ناسکۆلەیەک بەتەنجەو لار دێت دەروالو سەسادەکات وەک چۆن وشە ئاڵتونیەکانی تۆش لەگەل هاتو چۆی ئەودا سەسادەکات ،هیوای تەن دوست و تەمەنی درێژت بۆدەخوازم

**Kamil Zheer** زۆر سوپاس کاکە پشکۆ گیان، ئەوە هەستی بەرزو ناسکی بەڕێزتانە کە بەوجۆرە ڕاستییەکان ئەبینێ وەکچۆن پێنوسە بەبڕشتەکەتان ئامانجە نەتەوەییەکان بەڕاستی ئەپێکێ. تەندروستیی باشو تەمەنی درێژ بۆبەڕێزیشتان.

**Arif Kerim** دەستخۆش مامۆستا گیان بۆ ئەو وشە قەشەنگ و ناسکانە کە جوانیان لێدەباری و ئەم ملوانکەیەی لێ دروست بوە ، هەر باش و تەندروست بێت .



Delair Rashed دەست و بیری تیژی پڕ لەهەستی جوانی و خۆشەویستی و چاوەڕوانی جوانیگ کە دەت خانە بیرێکی جوانی پڕ لە خۆشەویستی ت هەر لە ژیاندا بمێنن و تەمەن درێژ بیت بۆ رازاندنەوەو هۆنینەوەی مرواری خۆشەویستی هەربژیت مامۆستای بیهاوتا مامۆستا ژیری بەرێزو خۆشەویستم

Kamil Zheer ژیانی پڕ لەشادی بۆکاکە دلێر گیان. بەهیوام چاوە جوانەکانی هەمیشە بەهۆنراوەی جوان بگەشێتەوە، ئامانجە نەتەوەییەکانی بێتەدی، لەگەڵ رێزو سوپاسم.

Kamal Muhamad جوانە هەموو جوانییەکان لە جوانی کوردستانەوەن...

Kamil Zheer هۆکارێکی دروستو بەجێیە.

---

## چەپکێ چقڵ لەڕێگەی دڵ

**دڵێکی شکاو**

دڵشکاوم! ئەمڕۆ جوانێ وەک پێمبڵێ بەهارت چو

تەلی هەستی ئاڵۆزانم، هەناسەم سوار، گەروم پڕبو

رومتێکردو رویلێنەنام، تێگەیشتم کە ئەهریمەن

دەرگای بەختم لێدائەخا، سەرئەکەوێ پلەی تەمەن

ئەی یادگار کوا ڕۆژانی بەختەوەریم، من لاوێبوم

بەنیگایە رومبنایە لەڤینۆسێ، ئەکەوتە دوم

بەهەشتێبو جیهانی من، فراوانو بەبێ سنور

پڕ فریشتەی قژی خاوو بەژنی رێکو لەشی بلور

پیاڵەی مەیم بۆ هەرجارە: چاوی مەستی نازدارێبو
مەزەی خۆشم: بزەی لێوو ماچی تەڕی ناو زارێبو
ئەی روخساری گەشو رونی فریشتەکان: بریسکەتان
ئەی ئەستێرەی کوڵمو گۆنا، رێم تاریکە: تروسکەتان
بۆ شەوانی پڕئاهەنگی شانۆکانی ڤیەنای خۆش
قژزەردەکان، چۆپیو ئاواز، مژینی لێو، شەرابو نۆش
بەبێ هودە، مەگەر هەر ئاخ هەڵبکێشم، نەما رۆژم
نایبینمەوە بەهاری ژین، ئیتر ئەشکی تاڵ ئەرێژم
خۆزگە کەسێ بۆیئەپرسیم جوانەکانی شاری بەرلین
وەکو جاران، هەر دڵنەرمن، یا سوڕاوە لەوێش زەمین؟
گەر بەسەردان رێمکەوتەوە دەریاچەکەی جنێڤی خۆش
لەپلاژی لەشی روتا دەرئەکەوێ برینی هۆش
جارێکیتر ئەگەر بینرام لەئەستەموڵ، ئەبێ لەوێ
گەنمرەنگان بە چ جۆرێ زامی هەستم بێننەوە سوێ!؟
ئاخۆ ئێستەش کەناراوی رۆمانیا وەکو بولگار
هاوشێوەی گوێ ئاوی دانوب، پەلکەزێڕینەکەی هەنگار
تا چاوبڕکا، مەلەی جەستەی روتی بەرخۆری ئاسمانە؟
راکشانی بەرهەتاوەو جۆرێکی خۆشی سەیرانە!؟

که لەرۆژی ژیاننەوەی گیاندارانا چومەوە شام

لەتاو تانەی سیاچاوان، چۆن بتوانم بگرم ئارام

بیرەوەریم گەلێ زۆرە لەبەغدادا، باسی ناکەم

نەوەک لەوێش لای دولبەران، واشکابێ نرخی سکەم

من لاوێبوم، ئەستێرەم گەش لەئاسمانی سلێمانی

ئەستێرەی بەختی کراوەم، شەوی ئەکرد بەبەیانی

ئێستا کزەو بێ جریوە، بەرپێی رەوتی خۆم نابینم

نائومێدی رێم پێئەگرێ، زرنگەی گوێم، ئەکا شینم

لەشەقڵاوەو سەلاهەدین یادگارم پڕ هەولێرە

وەک سەرسەنگو سۆلاف رێگەم ئێستاکە لێژو هەڵدێرە

ڕۆژانی ناو گۆمی ورمێ، شەوانی شۆخی کرماشان

بەیانیانی قەسری شیرین، ئێوارەی جوانی تاقبوستان

وەک نەغەدەو خانەو شنۆ، سنەو سەرپێل، وەکو بێستون

خەوێبون، یادگارێبون، نایەنەوە، هاتنو چون !!

گەلێ گەڕام، لەزۆر باخا بۆنی خۆشی گوڵانمکرد

سەوزو زەردی بەری تازەی نەونەمامو چڵانمبرد

ئاوی سەرنجم ئەرشتە ناو شەقامو باخی شاران

بەچاوی بایەخ ئەمڕوانی بۆگوڵزارو بۆگوڵی جوان

پشکنینم گەیانە ناو گەورەشارانی ئەمریکا

ئنگلستان، فەرەنسا، هۆڵەندو سوید، تابەلچیکا

راستە ئەمدیی پەریزادان، بەڵام لەباخێکا گوڵێ

لەبەرامبەر هۆزارێکا، کە بۆیەچڕی لەسەر چڵێ

کاتێ رێمکەوتە مهاباد، چی ببینم؟ هەموی پەری!!

بریا لەوێ خونچەی دڵم بکرایەوە، گەڵای وەری!!

هەر ئاوابی مهابادی بوکی شۆخی کوردستام

شاری قازی، مەڵبەندی وێژەو هونەرو پەریستانم

بەهارم چو، ئازیزانم: دوێنێم یادکەن، مەپرسن کێم

نازدارەکان: نیگای چاوێ، شەوم زەنگە! بۆدواوە دێم!!

**چەن دڵێکی شکاو**

سەردەمێ، سەر،خۆی لەبورجێکائەبینی، چەن دڵو ڕوی تێکشکان

ئێستە ئاهی ئەودڵانە، ئەمهەژێنێ، بۆتە ئاوێزانی زامو داخوژان

ئازیزانم: ناڕەوا کەس نەیشکێنێ جامی بادەی دولبەران

پڕ سزای ویژدانە تۆڵەی گەورەتاوانی لەباخا گوڵوەران

ئەی فریشتەی راگری تۆماری سۆزو رازو خەم

تۆبڵێی خواوەندی جوانی، لێم ببورێ، تۆبەکەم؟

سەرلەنوێ مێژو بڕەخسێنێ کەشێ، لاوانەبێ

سەرلەپێناوی سەری ئەو سەرجەمی جوانانەبێ!؟

یەکبەیەک دەرباری هەر شۆخێ بناڵم تابەیان

بەڵکو بمبەخشن لەتاوانی بزورگی دڵشکان!.

**دەسی چارێ بۆدڵێکی شکاو!**

گەڵارێزانی پایزمەو بەبێ ئەنجام+بەجێدێڵم درەختی بێبەری هیوام

هەمو ژینم بەئاوێنەی دڵێ بەخشی+لەدیدەمدا ئەبینن وێنەیونەخشی

مەلی سرکو دڵارامێکی کارامە+نە دژوارە، نە نێچیرێکی ئارامە

دەمێ خەندە، دەمێ روگرژوشێواوە+دەمێ ئاگر،دەمێ تەرزەو سەهۆڵاوە

بەئاراوی خەموخۆشی درەختیدڵ+بەبەرهەمدێ، بەشێخارو بەشێکیگوڵ

ئەبێ ئەمجوانە، بونێکی، رەگەزجیابێ+پەریبێ یالەجۆری جادوئاسابێ؟

لەکورەیدا ئەسوتێمو لەلەرزێکام+پەشۆکاوم! لەگێژاوی چ وەرزێکام!؟

وەکو کێوێ لەرێگەمدا هەرەسبێنێ+بەجارێ خۆڵوخاشاکو رەوەزبێنێ

بەسەرجەستەی کەنەفتو کفتولاوازم+نە نوزەی ماوە هاوارم، نە ئاوازم

کەچی ئەوشۆخە زیاتر والەبەرچاوم+لەدڵدا بۆتە بوکی تازەرازاوم

هەمو،بونێ، لەکۆتادێ، تریفەی ئەو+ئەمێنێ بۆچرای ئاهەنگوکۆڕیشەو

ئەترسم من بڕۆمو ئەو بەبێ نازێ+نە پشتێکو نە یارو گوێگری رازێ

بەبێمن کێ دوڕوگەوهەر وەبەردێنێ+زەڕنگەرهەر ئەزانێ زێڕبنرخێنێ!

ئەچم،چونم جەهەنم، بانەپرسێکێ+لەدوایچونم، ئەبێ کێبێتە پردیرێ؟

بەسەریا راگوزەرکاتو بڕێژێ ناز+لەترپەی هەر هەنگاوێ: کۆمەڵێ ئاواز

خەمیخۆمو خەمیئەو **بۆ**تەسەرباریێ+پزیشکانو ئەزیزانم: دەسی چاریێ!.

**چەن دڵێکی شکان!**

بەجوانیەکەی، بەباڵاکەی، بەقژی خاو، بەچاوی گەش

بەپێستی کاڵ، لێوی پاراو، بەبەژنی رێک، گەردنی کەش

زۆر ئەنازی، وای ئەزانی مرۆڤ نیە، پەریزادە

ئەستێرەی ئەشێ ڤینۆسبێ، یا فریشتەی خۆرنەژادە

ئاوەڵێبو لافی بەرزیی، باییبونو لەخۆگۆڕان

دڵی هەزار دڵی گەرمی داواکارو لاوی شکان

هەتا کاتێ ڕۆژگاری ڕانەوەستاو دای لەباڵی

پەشیمانی فریای نەکەوت، ژاکا پێستو گۆنای ئاڵی

هەرچەن شێوەی جوانییەکی زۆر هێشتا هەر لەرویا ماوە

بەڵام رەنگی بەتەوژمی پیری تەواو بزڕکاوە

ئەم ژیانە هەلەو ئەڕوا، کە لەدەسچو نایەتەوە

کەس نەنازێ بەئەستێرەی بەختو باوی، ئەکوژێتەوە!

**ساڵیادی دڵێکی شکاو**

شاپەریی شێوەی مناڵیم، وەی نمونەی شۆخی کوردی

پەیکەرێکی خامەڕێژی هەستەکانم بۆنەکردی!؟

ئەی لەئەنجاما بەسەر دەستی منا بۆڕانەبوردی!؟

تا بڵێم ئۆخەی ئەشێلێ پەنجەکانم وابەوردی

ڕەنجی فەرهادم بەباچو، ناڕەوا بەدکارێ بردی

ڕەنجی فەرهادم بەباچو، هەی دڵی گێل بۆنەمردی!؟

من بەساڵانێ لەمەوبەر بۆیەکەمجار تۆم کە بینی

تێگەیشتم گەوهەرێکی شەوچرای ڕوگەی زەمینی

دەسبەجێ دڵ هاوسەرێتی خۆی لەباخی ئێوە بینی

لەو دەمەو لەو ساتەوانێ، تابێ زیاتر نازەنینی

خۆشەویستیی، بۆیەکەمجار، هەر ئەمێنێ، تۆ ئەوینی

خۆشەویستیی، بۆیەکەمجار، نازەنینەو تۆ نگینی

دڵ کە ساڵانێ لەمەوبەر ناڵە ناڵی لێوە هەستا

چاوەکانی ئێوە لێیدا، دوکەڵی ئاهێ لەهەستا

ئالەمێکی تێگەیانو دەرکەنارێ هەل لەدەستا

ڕاپەڕی بۆئەو وشانەی خەم لەناویدا ئەوەستا

بەو خەمو ناڵینە ماوم، لێمگەڕێن وا بومە وەستا

بەو خەمو ناڵینە ماوم، گەشکەدارم تاکو ئێستا!

ئەودەمەی تۆمکردە وێنەی پەیکەری خواوەندی جوانی

هەرزەکارو بێ خەبەربوم، تازە لاوێ، نەمئەزانی

کۆنە دڕکی داستانی خاتو زینی خاڵە خانی

ماڵەکەی تۆشی تەنیوە، بۆتە چاوی کوێرەکانی!

تۆ کە ئێستا شاژنێکی، بەم گەدایەت بۆ نەزانی!؟

تۆ کە ئێستا شاژنێکی، خاوەنی دو دیوەخانی!!

ئێستە ئەمشەو جەژنی تۆیە، بۆبریی مۆمی مەبەستم

ئاگرێکی کورەجوشی پڕ بلێسەی ناخی هەستم

هەڵئەواسم، سەد هەزاران یادگاری پێئەبەستم

بەو تەمایەی بەڵکو دەستی چارێ بەیتە هەردودەستم

سەدئەوەندە یادەکانت زامە سوێین، ڕائەوەستم

سەدئەوەندە یادەکانت تاڵەڕێین، ئەتپەرستم

نازەنینم بێرە ماڵم، کۆڕە بۆیادی ئەوینم

نابەکامو چاوەڕوانی مەرگەساتی ئاگرینم

وا پەپولەش خۆی ئەسوتێنێ بەتینی نوێبرینم

ئەم بەسەرهاتەم شەوێکی ڕاستە یا من خەو ئەبینم!؟

سا بەقوربانی دەمتبم، تا دەمی کۆتا بەژینم

سا بەقوربانی دەمتبم، ئەی چراکەی باوەڕینم.

**ئەبێ وابێ دڵی پێشەنگ**

لەتاڵی پەلکەزێڕینەی قژی خاوی، ئەباری ڕەنگ

بەرۆژی روی، وزەی جوانیی ئەدایە بەژنی شۆخوشەنگ

سەرنجێکی، دڵارامیی ئەبەخشی بێ شەرابو بەنگ

وەکو شاژن، بەنازو رێزو رامانێ، ئەهاتە دەنگ

بەبێ بونی، زەوی چۆڵو تەڵا خۆڵو ترازو لەنگ

لەشێوەی گۆمی بەر زەردەی هەتاوێکا، سەلارو مەنگ

هەمو وەرزی بەهاری نایە ئامێزی، کشو بێدەنگ

هەتا تانەی دژانێکی، درەنگکاتی شەوی ئاهەنگ

لە هەستیدا، هەژانی بۆ وەڵامو دای لەتەپڵو زەنگ

لەسەرچۆپیی سەمایەکدا، بەسێپێیی، وەکو سەرهەنگ

زەویی لەرزان، هەور گریا، دڵی ئەستێرە تارو تەنگ

ورەی بەخشی بەیارانی، نەیاری کردە پوشو پەنگ

ئیتر دۆستان، لەرازەیدا، هەنگی وردو ئەویش شاهەنگ

وەهایە بوکی ئەندێشەم، ئەبێ وابێ دڵی پێشەنگ

٦٠بەدڵبون ٣٨ لێدوان لەوانە:






---

# چەپکێ گوڵ لەباخچەی سرودەکانم

**سرودی لاوان**

ئێمە ڕۆڵەی بیری تازەی ڕابەرین

ئێمه کوردی جەربەزەی تێکۆشەرین

بۆ وڵاتو سەربەخۆییو ژینی شاد

خوێن ئەڕێژین

لەش ئەنێژین

ئەفسەرین

کوردستان.. کوردستان

ئێمه بۆتۆ سوپەرین

تەقەلای بێ وچان

سامانو سەرو گیان

بۆ تۆیەو بۆژیان

ژیانیش بەمەرجێ

بەرهەمی دەسبەجێ

تۆی پێبی ئاوەدان

ئاشتیخواز.. ئاشتیخواز

ئێمه دوژمنی شەڕین

ئێمەی کورد، ئێمەی گورد

گەلێکین بێ زیان

دۆستی گشت میللەتان

بۆ ئاشتیو ئاسایش

گۆرانیو ستایش

ئەبێژین هەمومان

بۆکوشتار، بۆکوشتار

ئێمە ڕۆڵەی پێشڕەوین

پەیڕەوی رێگەمان

خەباتەو تێکۆشان

نەبەزین، کۆڵنەدان

نابەزین، ئەجەنگین

تاکو ماف ئەسەنین

بۆ هەمو کوردستان

**سرودی سلێمانی**

شاری سلێمانی، لەناوچاوانی

نوسراوە شاری: هەڵمەت، قوربانی

ئەم شارە نوێیە وەک بەتایبەتی

سەرچاوەیەکیێ بۆکوردایەتی

تیشکی باوەڕو ڕۆڵەی ئازادی

ئەبەخشێ لەپای نەتەوەی مادی

لەلای نەنگە کورد لەدوای کاروانبێ

نیشتمان بەبێ ناوو نیشانبێ

ئەم شارە شاری پێشبڕکێی نوێیە

نامەی زانستو هونەری پێیە

ئەوەی کردوێتی، سەرەتایەتی

تازە نەتەوە بەهیوایەتی

ئەی شاری ڕوگەی کوردستانەکەم

ئەمڕۆ سەراپا نیشتمانەکەم

هاوبیری رێتن، لەگۆڕەپانان

هەریەک بەجۆرێ لەتێکۆشانان

ئەم یەکگرتنی رێگەو بڕوایە

هێڵێکی راستی بونو هیوایە

بۆ سەربەخۆیی نیشتمانی ماد

ئاڵای شەکاوەی گەلێکی ئازاد

**سرودی ئاشتی**

ئاشتی پەروەرین   دوژمنی شەڕین

بۆ کوردایەتی     گونجاوە ئاشتی

ئاشتیمان ئەوێ   کە کورد بسرەوێ

ئاشتی لای ئێمە ژێردەستینیە

ژیانی دیلی،    سەربەستینیە

کاتێ کوردستان گەیی بەهیوا

سەربەخۆ تیایا هەڵکرا ئاڵا

ئەوساکە ئاشتی پێمان رەوایە

بۆ کوردایەتی:  کاڵای باڵایە

ئاشتی گەر هاتو   قسەی بەبابو

خۆرەی دوژمنان   لەسەر لاشەمان

لاشەی کوردستان،  ژیان، لەوەڕان

هەر بڵێین ئێمە   زۆر بێ زیانین

ئاشتی پەروەرین،  دۆستی گەلانین!

ئەمە: یا سستیو   ترسنۆکییە

یاخود نۆکەریو   دەرون سوکییە

ئەو جێیە خۆشە  کە دڵ لێیخۆشە

ئاشتی بە دیلی،   مردنی هۆشە

چەنخۆشە ژیان   لەگەڵ میللەتان

بەبێهەراو دەنگ   بێکوشتارو جەنگ

سامانی گەلان     نەبرێ بەتاڵان

ئەبێ بەهێزبین   بۆئەوەی ئاشتی

ببێ بەکاڵا        بۆکوردایەتی

ئەبێ تەقەلای   بێوچان بدەین

ئاشتی خەڵاتی  کوردستان بکەین

کاتێ میللەتان  ئەژین وەک برا

هەریەک بەهیواو ئامانجی بگا

**سرودی گەشمردان**

سڵاوی خاکی کوردستان  لەگیانی پاکی گەشمردان

لەدایکانی جگەر سوتاو    لەخوشکی کۆڕی تێکۆشان

لە پیری ژیری باوەڕدار   لە شەڕڤانی کوڕوکاڵان

مەڵێن ئەوجوانە بۆچیمرد، نەمربونە مردن کورد

بە هیوایە هەمو دایکێ    براو باوکێ، درشتو ورد

بەئامانجی سەربەخۆیی   هەوڵدانێکی دەستوبرد

سەرتاسەری وڵاتی ماد    بکاتە بەردەبازو پرد

کە ئاسۆمان درەخشانە   بەری خوێنی گەشمردانە

کوڕانی هەڵمەتو هێرش  کچانی ئەم خاکە جوانە

لەپێناوی هەمان رێدا    نیشتمان چاویلێمانە

**سرودی کوردایەتی**

ئێمە هاوبیری کوردایەتینو ئەڤینی ئەوین

لەوپێناوەدا، بۆبەخشینی سەر، سەری پێشڕەوین

کوردایەتیمان ریشەی بەمێژوی دێرینا چوە

داستانی کوردی لەکوردستانا، هەمیشە بوە

چیرۆکی مادو رابونی ڕۆڵەی وەکو کاوەیە

گڕی نەورۆزو ژیلەی شۆڕشی نەکوژاوەیە

کارو خەباتو سێبەرو سایەی یەکێتیی کوردە

بۆکوردستانی یاساو یەکگرتو، مەشخەڵو پردە

کوردایەتیمان چرای زانستە، هونەرەو ئاکار

دادە بۆکۆمەڵ، نانە بۆهەژار، کارە بۆبێکار

نە داگیرکارین، نە مل درێژین بۆداگیرکردن

نە ستەمکارین، نەماڵی خەڵکی بەتاڵانبردن

مرۆڤایەتیو کوردایەتیمان، هاو واتای یەکن

بۆپاراستنو بەرگری نەبێ، نامۆ بەچەکن

ئەوی لەبەرگی کوردایەتیدا، کەسی ناپاکە

پیاوی بێگانە، جەردەی سامانی میللەتو خاکە

لەئێمە نیە، خۆرەو ڤایرۆسی کوردایەتییە

لەرەگوڕیشە دەرهاوردنی، مەردایەتییە

کوردایەتیمان کوردستانی پێ گەشو ئاوەدان

بەم بڕوایەوە سەربەخۆییمان دێتە ئەنجامدان

کوردین، بەمەردی ئەژینو ئەمرین، هاوبیری یەکین

هەمو پێشمەرگەی خاوەن باوەڕو هەڵگری چەکین

کوردستانێکی ئازاد بۆکوردو گەلێکی یەکسان

ئامانجی دورو بیرو رژێمو دەستورو یاسان

**سرودی بەرەو سەربەخۆیی**

کوردمو مەردو نەبەردو قارەمان

شەرمە بۆمن، ژێردەسەی داگیرکەران

مژدە مژدە ، مژدەیە بۆ شارو دێ

وا کەژاوەی سەربەخۆیی کەوتە ڕێ

بچنە رێگەی ئەو فریشتەی نەوگوڵە

فەرشی سوری بۆهەوادەن، جێی دڵە

سەربەخۆیی چارەمە

دواهەلی ئەمجارەمە

سەربەخۆیی هێزو بیرو باوەڕە

رەوتی رێگەی شێرە کوردانی نەڕە

سەربەخۆیی نەوشکۆفەی سەردەمە

بێ هەبونی، کامەرانی ئەستەمە

داری ئازادی بەبونی دێتە بەر

مەشخەڵانی ئاوەدانی، تاجی سەر

سەربەخۆیی چارەیە

دواهەلی ئەمجارەیە

کوردمو کانی بەپیتی گەوهەرم

وا لەئاسۆدایە خۆرم، سەروەرم

کێوی جودیش بۆبزورگیم بەڵگەیە

پشتو باڵو راگرم: پێشمەرگەیە

من نەوەی مادم، نمونەی پاکژیم

وەک نەرێتی باپیرانم، کەڵ ئەژیم

سەربەخۆیی چارەیە

دواهەلی ئەمجارەیە

ئەو قەڵایە، پایەیە بۆنیشتمان

بەردەبازی چارەسازی کێشەکان

بچنە رێگەی ئەو فریشتەی نەوگوڵە

فەرشی سوری بۆهەوادەن، جێی دڵە

کوردە تۆ کانی بەپیتی گەوهەری

وا لەئاسۆدایە خۆرت، سەروەری

سەربەخۆیی چارەتە

دواهەلی ئەمجارەتە

٧٦ بەدڵبون ٤٧ لێدوان لەوانە:






**Dara Yara** ده ستتان خوش ماموستای کوردایه تی
به رده وام بن و یه زدان و دلسوزانی کوردایه تی پالپشتانن
سه رکه تو و بن
ریز سلاوم

**Pshko Amin** دەستەکانت خۆش کاک کامیل گیان تەمەن درێژوتەندروستبیت
خزمەتێکی گەورەیە ، هیوادارم سەرکەوتوبیت کارێکی زۆر چاکە، کۆکردنەوەو
چاپکردنەوەیان گەریکریت هونراوەکان لەیەک بەرگداین رەنگبێت باشتربێت ، ئەوانیتریش
لەبەرگێکدا ، خۆشت باشتری دەزانیت ، هیوادارم ئادیمەوە تەواوبووبن

**Kamil Zheer** چاوەکانی کاکە پشکۆی هاوبیری کۆڵنەدەرمان خۆش.
بەهاتنەوەتان شار روناک ئەبێتەوە.

**Taha Majeed** دەستەکانت خۆش بیت ماموستا گیان هەر سەرکەوتو بیت بەهیوای
تەمەن دریژیو لەشی ساغ

**Awat Sahebqran** گەڕانەوە بۆ خاکی خوا، گەڕانەوە بۆ نیشتمانی دایک،سەرچاوەی
ئەو خۆشەویستییە کە کەڵە هۆنیارێکی هزری نەتەوایەتی،ڕەنگدانەوەی لەچوارچێوەی
سرودی نیشتمانی،وەک بزوێنەرێک لەخەباتدا،بۆ دوا بواری ئارامی،کە سەربەخۆی
لەخۆدەگرێت،خامەی پڕبرشتت،گەواهی ئەوە دەدەن،چەند دلسۆزوکارامەوبێوچان
پێکۆڵدان،بەردەوام بوبیت،گەیاندی ئەو بەرهەمە دەوڵەمەندە بەچاپ بگەیێنیت،لوتکەی
لەخۆبردوویی،وەک پێشەنگ،جوانترین ئەستێرەی گەشاوەی ئەدەبووێژەی
کوردیە،تەمەندرێژ لەتەندروستێکی باشدابیت هەردەم،گەلێک رێز بۆ مامۆستا ژیری
خۆشەویست

**Jehan Omer** دەستخۆش هەمووی هەڵقوڵوی کوردایەتیە

**Delair Rashed** تەمەن درێژبیت و خودا هێزوو تواناتت پێ ببخشێت وبەتەندروستی
باش نتوکردنەوەی بەرهەمە رازاوەکان و چاپ کردنیان دەست و بیری پاکی نەتەوایەتیت
هەر بەهێزوو بە بەرهەمی بەسوود بەخش بن و سەر سوڕماوم کە تا ئێستا ئەو هەڵبەستە پڕ
لە ئاوازەی لاوان نەکراوە بە سروود هەربژیت مامۆستای خۆشەویست و بێهاوتام

**Kamil Zheer** رێزو سوپاس بۆ کاکە دلێری خۆشەویستمان. سەبارەت سرودی
لاوان، بەڵی کراوە بەسرود بەدەنگەوە، جارجار لەتەلەفیزیۆنەکانەوە ئەبیسترێ.
دانەری ئاوازەکەی هونەرمەند رەفیق چالاکە.

**Jabar Kadir** به هیوا ی ته مه ن دری ژبن هه ر د ه م له ش سا خ بن ما مۆ ستا کا
میلی ژیر ی به ریز ده ستو خا مه ت خۆ شبیت

**Kamil Zheer** بەهیوام بەو رۆژە بگەین، یا ئەوەکانمان پێی شادبن. سوپاس بۆبەڕێزتان.

**Fayroz Ahmad** سڵاو لە مامۆستا کامل ژیری ئازیزمان...هاوڕێ ی دێرینی دادگا م... دراوسێی ئازیز ی گردی سەرچنارم...سڵاو لە شیعری جوان و هە ڵوێستی جوانتان...هە ربمێنن.

**Kamil Zheer** لێرەوە تا ئەڵمانیا سڵاوو رێز بۆ فەیروز خانی هاوبیرو هاوسێو ئازیزمان. بەهیوای گەڕانەوەتان بۆ کوردستانێکی سەربەخۆ. تێگەرانم لەو ناهەقییەی لێتانکرا کە نەیانگێرایتەوە بۆ وەزیفەکەت لەدادگاو بەناچاری روتکردە هەندەران، تۆ کادرێک بەتواناى دادگابوی، کەچی هەزارانێکی کەشپوتو بێبەرهەم موچەی بندیوار وەرنەگرن!!.

**Hemn Mahmod** تەمەندرێژوتەندروست بیت تاکولەئاهەنگی سەربەخویی کوردستاندا خوێنەری ئەم سرودانەبیت بەپشتی خوا




**Bakhtiyar Schaban** دەست خۆش کاک کامیل تەندروستیکی باشتان بۆ دەخوازم

**Jawad Mella** دەستەکانتان خۆش بێت هاوبیر و برای گەورەی هەموو هاوبیرانی کوردایەتی مامۆستا هێژا و دەلال کامیل گیان، وخوا تەمەندرێژتان بکات وبەتەندروستی باش بێت.

**Aladdin Mohammad** دەستەکانت خۆش بیت وتەمەن درێژبیت بۆ خزمەتی ئەدەبی کوردی وئاشنا بونی خوێنەری کورد سەرکەوتوو سەرفرازبیت مامۆستای خوشەویست

هاوڕێیانی خۆشەویست: لێرەدا زنجیرەی دیوان ئەوەستێنم. دوای پشویەک، هەوڵئەدەم لەلایەک ئەڵقەکانی کورتە وەڵام تەواوبکەم وەک لە دیوان/٩٥دا ئاماژەم بۆکردوە، لەلایەکیترەوە گەڵاڵەی پەرتوکەکانم تەواوبکەمو ئامادەیانکەم بۆچاپ کە بریتین لە:

١-باخچەی هۆنراوەکانم بەشی دوەم

٢-یادەکانم تا ٢٠٢٠

٣-حوار مع الذات

٤-فەلسەفەی بەشیری

٥-کورتە وەڵام

٦-ئەگەر تەمەن بەبەرییەوەما، چاپی دوەمی پەرتوکەکانی پێشوم دوای پیاچونەوەیان: ا)سەرجەم هۆنراوەکانم، ب)کوردایەتیو دەوڵەت، پ)افکار، ت)کوردایەتیو سەربەخۆیی، ج)کوردایەتی بیرو بزاڤە، خ)کوردایەتیو دژە ناوخۆییەکان، د)شانۆنامەو چیرۆکەکانم، ر)بەشی دوەمی یادەکانم. هەر بەرهەمێکی تازەیتر.

تەواو